MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

دانا ئادەم شمیدت

# سەفەرێك بۆ ناو پیاوە ئازاكان لە كوردستان

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:

ئەبوبەكر ساڵح ئیسماعیل

هەولێر - 2008

دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریانی

- **سەفەرێك بۆ ناو پیاوە ئازاكان لە كوردستان**
- نووسینی: دانا ئادەم شمیدت
- وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: جەرجیس فەتحوڵلا
- وەرگێڕانی بۆ كوردی: ئەبوبەكر ساڵح ئیسماعیل
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- پیتچنین: محەمەد مەمەند
- بەرگ: موراد بەهرامیان
- ژمارەی سپاردن: (2690) ساڵی 2008
- نرخ: (6000) دینار
- چاپی یەكەم : 2008
- تیراژ: 1000 دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی كتێب** (341)

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# پێرست

پێرست.......... 3
وتەیەك بۆ چاپی دووەمی.......... 5
بەرایی دانەر .......... 11
پێشکەشکردن .......... 13
بەشی یەکەم: تەلەفونێك لە کەسێکی نەناسراوەوە .......... 21
بەشی دووەم: لە نێو چیا کەس پێنەزانیوەکانی کوردستان.......... 35
بەشی سێیەم: دواجار کوردستان .......... 57
بەشی چوارەم: ڕیشەکانی گەل.......... 81
بەشی پێنجەم: سوپای کوردی و دوژمنەکانی.......... 117
بەشی شەشەم: خەبات لە پێناوی ئوتۆنۆمی.......... 139
بەشی حەوتەم: داستانی بارزانی.......... 177
بەشی هەشتەم: پارتی دیموکراتی کورد.......... 221
بەشی نۆیەم: ((روح))ی گەل .......... 249
بەشی دەیەم: پێشرەویی کاك فەرزۆ .......... 291
بەشی یازدەیەم: لە گوندێکی کوردی دا .......... 313
بەشی دوازدەیەم: گوتوبێژ لەگەڵ بارزانی ((ئابی 1962)).......... 351
بەشی سێزدەیەم: رۆژانی دوایی لەگەڵ کورد .......... 379
بەشی چواردەیەم: گوت و بێژ لەگەڵ بارزانی (شوباتی 1963) .......... 413
بەشی پازدەیەم: رووداوی گەورە.......... 435
بەشی شازدەیەم: هەڵسەنگاندن.......... 479
کۆتایی .......... 509
قۆناغە مێژووییە گرنگەکانی ژیانی گەلی کورد .......... 526

# وتەیەک بۆ چاپی دووەمی

## ((سەفەرێک بۆ ناو پیاوە ئازاکان))

ئەم کتێبە تاکە کتێبە کە لەپەی ئەوەدا نەبووم پێشەکی بۆ بنووسم. پێموایە ئەو پێشەکییە نایابەی کە قازیی دادگای بەرزی فیدراڵی (ولیەم دوگلاس) بۆ ئەم کتێبەی نوسیوە و ئەویشم لەگەڵیدا وەرگێڕاوە هیچی تێدا نەهێشتۆتەوە تا من بیخەمە سەری، یان لەوانەیە لەبەر ئەو پەلەکردنەشم بووبێ کە دەمویست بە خێرایی وەرگێڕدراوەکە بە چاپخانە بسپێرم. ئەم پەلەکردنەشم بەهۆی هەلومەرجێکەوە بوو کە ئێستا دێمە سەر شرۆڤەکردنی.

هەروەها لێرە شتێکی ئەوتۆ بۆ پێشەکییەکی نوێ لەوە زیاتر نابینم کە بە بۆنەی دەرچوونی چاپی دووەمی کتێبەکە بە زمانی عەرەبی، ئەو پەڕی ڕێزم بۆ ڕێزدار (نێچیرڤان بارزانی) پێشکەش بکەم بە بۆنەی ئەو دەست پێشکەرییە بەنرخەیەوە بۆ دووبارە چاپکردنەوەی ئەم کتێبە و کتێبەکانی تریش کە لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا دەرمکردووە. هەروەها ناتوانم ناوی مامۆستا (بەدران ئەحمەد) لەیاد بکەم کە لە بنەڕەتدا بیرۆکەکە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە و لە لایەن منەوە ئەو پەڕی جێگای سوپاسە. ئەرکی زەمانەتی گەیشتنی چاپەکانی یەکەمی کتێبەکان لەگەڵ پێشەکی نوێ کە بڕیار بوو چاپ بکرێن، و بە دکتور شەوکەت بامەڕنی سپێردرابوون، بە چاکترین شێوە ئەنجامدراو هەروەها بڵاوکەرەوەکانیش بۆ سودوەرگرتن لە دەرفەت و هەلومەرجەکان بۆ ئەم کارە، ئەرکێکی باشیان کێشاوە و من سوپاسی هەموویان دەکەم ئەگەر سوپاسی من بایەخێکی هەبێ.

چاپی یەکەمی وەرگێڕانەکەم بە زمانی عەرەبی گەمارۆی خرایە سەر، پەرژینێکی قایمی نزیك بە نەفەس بڕی لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی زماندا خرایە سەر، ئەگەر لوبنان نەبوایە ئەم کتێبە چانسی چاپکردنی، گەرچی چانسێکی



کەمیش بوو، بۆ نەدەڕەخسا. لوبنان مێرگێك بوو کە رژێمگەلی دورەدەست لە دیموکراسی چواردەوریان دابوو.

خودی کتێبە ئەسڵییەکە، بە پێچەوانەی ئەم وەرگێڕانە، بڵاوبوونەوەیەکی بەربەرینی بەخۆیەوە بینی و دەسمایەیەکی رۆژنامەوانیی گەورەی بۆ دانەرەکەی پێکهێنا، کە لە رێگایەوە لە لایەن دامەزراوەیەکی جیهانییەوە کە ناوەکەیم لە بیرنەماوە، خەڵاتی باشترین کتێبی رۆژنامەوانیی ئەو ساڵەی پێبەخشرا، هەروەها ئەو بەشانەی کە رۆژنامەی ((نیویورك تایمز))، کە یەکەمین رۆژنامەیە لە هەردوو ئەمریکا و لەوانەشە بە ناوبانگترین رۆژنامە و لە هەر هەمووان بەربڵاوتر بێ لە جیهان، لە کتێبەکەی بڵاوکردەوە، بۆ یەکەمین جار بایەخدانی رای گشتی جیهانی و دەوڵەتان و حکوومەتەکانی بۆ تێکۆشانی گەلی کورد لە پێناوی سەلماندنی ناسنامەی خۆی و مافەکانی، راکێشا.

دەزگا دەسەڵاتدارەکانی سانسۆر لە دەوڵەتانی عەرەبی زماندا ئەڵقەی گەمارۆی لەسەر وەرگێڕدراوەکە توند کرد و لە پێشەوەی هەموویان عێراق خۆی کە لە کاتی دەرچوونی وەرگێڕدراوەکە ((لە خۆشی و ئاهەنگەکانی یازدەی ئازاردا دەژیا)) هەروەکو کە ئەوسا بانگەشەی بۆ دەکرا و دروشمی برایەتی عەرەب و کورد لە هەموو جێیەك بەرزکرابۆوە. ئەو کاتەش مەرام و خەمی ئێمە ئەوەبوو کە راڤەی دۆزی کوردی بۆ رای گشتی عەرەبی بکەین و بە جۆرێکی تایبەتیش بۆ رۆشنبیرانی عەرەب. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەپێی زانیاری من، هەروەکو کە بڵاوکەرەوەی کتێبەکە پێی راگەیاندم، مۆڵەتی نەدرایە کە بێتە ناو عێراق سەرەڕای سوریا و ئەردەنیش. کەچی کۆمەڵە دانەیەکی زۆری کتێبەکە دزەی کردە ناو ئەو وڵاتانە و کەوتە بەردەستی کەسانێکی ئەوەندە زۆر کە دەیان جار لەو ژمارەیە زیاتر بوو کە لە پەرژینی گەمارۆکە دەربازیان بوو.

ئەوەی لەمبارەیەوە دێتەوە بیرم و پاش ئەوەی لە ساڵی 1973 لەسەر خاکی کوردستان بنەجێ بووم، داوام لە بڵاوکەرەوەی کتێبەکە کرد کە بەپێی رێکەوتنەکەمان پشکی خۆم لە کتێبەکانم بۆ بنێرێ. ئەوە بوو لە رێگەی ئێرانەوە

بیست دانەی لێ گەیشت، بەڵام یەك تاکە دانەشی بەشێوەی ئاشکرا نەگەیشتە ناو خاکی عیراقەوە.

ئەنجامەکەی چی بوو؟ سەرەڕای بەیاننامەی یازدەی ئازار کتێبەکە ئەو پەڕی تووڕەیی نەیارانی خۆی، بۆ وەرگێر هێنا و تاوانێکی تریان بۆ خستە سەر باری (تاوانەکانی!) تری. لە حاڵێکدا کە بڵاوکەرەوە هەرگیز لەو کارە پەشیمان نەبوو و قازانجێکی دارایی باشی لێ بە دەستکەوت و ئەوەش ئەو رووداوەم دێنێتەوە بیر کە لە کاتی پێشکەشکردنی کتێبەکەمدا لە نێوانماندا هاتە پێش: ناونیشانی ئەسڵیی کتێبەکە تەنیا ((سەفەرێك بۆ ناو پیاوە ئازاکان)) بوو، منیش هەروام دانابوو، بەڵام بڵاوکەرەوە پێداگریی لەسەر ئەوە کرد کە ((لە کوردستان)) بۆ ناونیشانی کتێبەکە زیادبکرێ.

ئەم کارە بەلای منەوە لە کارە حەرام کراوەکان بوو. ئەویش بە هۆی پابەندبوونم بە دەستپاکی تەواو و وردییەکی پتەولەکاری وەرگێڕاندا، کە چی ئێستا دەبینم داوام لێدەکا کە لەسەر نامۆترین و سەختترین پێشنیار کە پەسەندیشە، لەهەمبەر پەیوەستبوونی توندم بەدەستپاکی لە کاری گواستنەوە و لە دیارترین لایەنی وەرگێڕاندا: کە ئەویش ناونیشانە؟ رازی ببم.

ئەو دەستی کرد بە شرۆڤەکردن و گوتی:

((لەوانەیە ناونیشانی ئەسڵیی ئەگەر ئەو زیاد کردنەی لەگەڵدا نەبێ لە لای خوێنەرانی رۆژئاوا بە زمانی ئینگلیزی زۆر پەسەند بێ، بەڵام لای ئێمە ئەمە شتێکی زۆر ناگەیەنێ. هەموو مرۆڤەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لە وڵاتانی ئێمەدا ئازان. بۆیە پێویستە لەسەرمان دیاری بکەین کە دانەر مەبەستی لە کام دەستەیە لە ئازایانە. هەروەها بە هۆی ئەوەش کە ئەمڕۆ (کوردستان) پێگەی خۆی لە نێو ناوەندەکانی راگەیاندندا هەیە، ئەوا دەبێ ئەمە بۆ بەرژەوەندی ئێوە و منیش بقۆزینەوە)). پاش ئەم رانانە پڕبەجێ و شیرین بێژییە ئیدی مافی خۆی بوو کە چۆنی پێ باش بوو بیکا.



رێزدار (یحیی خلیل) بڵاوکەرەوەی کتێبەکەم خاوەنی (دار الحیاة للنشر) یەکێکە لەو پیاوە ناسکانە کە هیچ بۆنەیەکی بەسەردا تێناپەڕێ کە گەپ و نوکتەی تێدا نەڵێ.

ئێستا من لەباری کات و شوێنەوە لە کوردستانی عیراقەوە زۆر دوورم. ناتوانم مەزندەی ئەوە بکەم: ئایا ئەو ناونیشانەی لە وەرگێڕدراوەکەدا خراوەتە سەر کتێبەکە هێشتا پێویستە، یان لە چاپی دووەمدا گەڕانەوە بۆ ناونیشانی ئەسڵیی کتێبەکە! بڵاوکەرەوەی نوێی کتێبەکە لەمەدا ئازادە!

بۆ ئاشنابوون و یەکترناسین لەگەڵ دانەری کتێبەکە نەمتوانی دەرفەت بە دەست بهێنم. لەکاتی سەردانی یەکەمی بۆ کوردستان من لە بەغدا بووم و بەشداریم لە ئامادەکردنی رۆژنامەی نهێنی (خەبات)دا دەکرد و هەواڵەکانی شۆڕشم بۆ ناوەندە دیپلۆماسیەکانی دەرەوە ئەوانەی بایەخیان بە مەسەلەکە دەدا، دەگوازتەوە. لە کاتی سەردانی دووەمیدا بۆ کوردستان من لە بەندیخانە بووم. ئەو کاتەش کە من لە بەیروت بووم ئەو لەوێ نەمابوو. ئەو زەمەنێك بوو گواستبوویەوە بۆ ناو ویلایەتە یەکگرتووەکان. بەڵام ژنەکەی پێشووم پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ خێزانەکەیدا هەبوو و دۆستایەتی بەهێزی لەگەڵ ژنەکەی دانەر (تانیا)دا هەبوو کە زیاتر لەوانەیە بە هۆی ئەوەوە بووبێ کە لە رەچەڵەکی روسە سپییەکان بوون لەوانەی لە دەرەوەی روسیا لە دایك بوون، یان لەوانەشە بە حوکمی وەزیفەکەی بووبێ لە باڵوێزخانەی ڤەنزەویلا لە لوبنان. یەکێك لەو چیرۆکانەی کە بۆی گێڕامەوە —ئەمەش لەو کاتەدا بوو کە کارم لە وەرگێڕانەکەدا دەکرد- دەتوانم تەئکید لەوە بکەمەوە کە ئەوەی دانەر لە بەشی یەکەمدا لەبارەی دزەکردنی بۆ کوردستانی ئازاد، گێڕاویەتیەوە، راستەقینەیە و بگرە زۆر لەوە کەمترە کە ئەو لە بارەیەوە تۆماری کردووە.

ئەو بۆی گێڕامەوە کە ئەو زانیاری لەسەر ئەو رۆیشتنە لە ناکاوەی مێردی هاوڕێکەی هەبوو. ئەو لەو کاتەدا مەزندەی ئەوەی دەکرد کە مێردەکەی خەریکی لێکۆڵینەوەیەکی رۆژنامەوانیی نهێنییە لە سوریا کە پەیوەستە بە کاروباری

سۆڤێتی یان شەڕی ساردەوە کە پاش سەرکەوتنی جولانەوەی جیابوونەوەی سوریا لە میسر هات. هاورێکەی کە ئاراستەی مێردەکەی دەزانی —نهێنی ئەم کارەی لەو شاردبۆوە و پێی دەگوتم کە شتێك لە بارەی غیابی ئەوەوە نازانم. شەوێکیان کاتژمێر یەکی پاش نیوەشەو بوو، زەنگی دەرگای ماڵەکەمان بە توندی و بەردەوامی لێی دەدا، خۆم کۆکردەوە و بە پەلە خۆم گەیاندە دەرگاکە و بینیم (تانیا) لە هەل و مەرجێکی هیستیری ناسروشتی دایە و هەر هێندە گەیشتە سەر کورسیەك و بەسەریدا کەوتە خواریێ بەهەڵچوونێکی گەرمەوە لە گریانیدا. هەوڵمدا ئارامی بکەمەوە. و لە قسە پچڕپچڕەکانی بەدەم هەنسك بردنەوەوە تێگەیشتم کە مێردەکەی بەڵێنی داوەتێ کە لە دواییدا، لە ماوەیەك کە بە لای زۆرەوە بیست و چوار کاتژمێری داهاتوو دەبێ، لەبارەی حاڵ و شوێنی خۆیەوە ئاگاداری دەکا و دڵنیای دەکاتەوە. بەڵام واپێنج رۆژ تێدەپەڕی بێ ئەوەی هیچی لەبارەوە بزانێ و ئێستا ئەو لەوە دەترسێ کە توشی ناخۆشییەك هاتبێ یان بووبێتە نێچیری کەڵەکبازییەك چونکە لەم رۆژانەی دواییدا لەگەڵ کەسانی (گومان لێکراو)دا کۆدەبۆوە.

هەروەها گێرایەوە کە (تانیا) بە درێژایی ئەو ماوەیە لەگەڵ بارەگای رۆژنامەکە لە نیویورك لە پەیوەندی دابووە بەڵام ئەوانیش شتێکیان لەبارەوە نەدەزانی.

ئەو گیانبازییەی شمیدت کە لە بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا دەیگێڕێتەوە، واهاتە بەرچاوم و، پێم وایە لەبەرچاوی خوێنەرانیش هەروا دەردەکەوێ —شتێکە لە بابەتی گیانبازییەکانی داستانی هەزار و یەك شەو یان یەکێکە لە چیرۆکەکانی ئارسەر کونان دوبل، یا چیرۆکە جاسوسییەکانی گراهام گرین. ئەم چیرۆکە بەڵگەیە لەسەر ئەو گەمارۆ مەزنەی کە هێزەکانی دژە شۆڕش سەرەڕای دەمارگیری کوێرانەی نەتەوەیی دەیان خستە سەری. ئەو، تابلۆیەك دەکێشێ کە ئەو پەڕی روونی و رەوانی لە گوازرشت کردن تێدایە، تابلۆیەك نەك بۆ هیمەت و دەست پێشکەری پیاوانی رۆژنامەوانی لە هەوڵدان بە دوای هەواڵ و دەنگوباسی گەورەدا بەڵکو بۆ ئەوترس و مەترسییە گەورەیەی کە رۆڵەکانی ئەو نەتەوە



زوڵملێکراوە خۆیانی تێ فڕێ دەدەن و بۆ ئەو دڵسۆزییە و لە خۆبورانەیان لە هەوڵی بێهەدادانیان بۆ گەیاندنی ئەمانە بە ناوچەکانی شۆڕش و دووبارە هێنانە دەرەوەیان،دەیدەن.

ئێمەش دەڵێین (دانا ئادامز شمیدت) بەم شێوەیە بە هەوڵ و تەقەللای ئەو سەربازە ونانە کەسنگیان بە هالاوی هەموو مەترسیەکەوە نا تا بە ساغ و سەلامەتی بیگەیەنن و دەربازی بکەن، گەیشتە جێگای خۆی و خەڵاتی خۆی بە دەرکردنی یەکەمین کتێب لەبارەی شۆڕشی کورد بە بەربلاوترین و زیندووترین زمان، بردەوە تا جێگە و پێگەی خۆی لە نێو چاکترین لێکۆڵینەوەی رۆژنامەوانیی خاوەن سیمایەکی جیهانی وەربگرێ.

بە دوای ئەودا کتێب و راپۆرتگەلی تر کە لە لایەن رۆژنامەوانانی تر کە هەندێکیان بێ گیانبازی و هەندێکی دیکەیان وەکو ئەو گیانبازییان کرد، نووسران و بلاوبوونەوە، هەمووشیان بە جۆرێك هاتنە دەرەوە کە بە خەباتی ئەم گەلە سەرسام بوون. خەباتی گەلێکی نیوە نەخوێنەدەوار و نیوە شارستانی، لە پێناوی بەدەست هێنانی ئازادیی خۆی، تەییار بە حزبێکی خاوەن رێکخستنی هاوچەرخ، هاوچەرخ لە ئامانجەکانیدا کە رۆشبیرانی شارستانی پرەنسیپەکانیان دارشتوە و بە سەکردایەتی پێشەوایەکی (عەشیرەتیی غەیرە رۆشنبیر!! هەروەکو کە دوژمنانی شۆڕش حەز دەکەن ناوی بەرن) کە هیچ کام لەو سەردانیکەرانە لە چاوپێکەوتنیان لەگەڵیدا نەهاتنە دەرەوە کە سەرسام بوون و بە شکۆمەند بینین بەرامبەری ئەو، نێودڵیان دانەگرێ.

ئیتر لێرە من رادەوەستم تاخوێنەر و دانەر بە یەکەوە بەجێبهێڵم.

**جەرجیس فەتحوڵا**

1998/8/18

## بەرایی دانەر

حەز دەکەم سوپاسی تایبەتی خۆم لە بەرامبەر ئەو یارمەتیدانە دەرببڕم کە بۆ نووسینی ئەم کتێبە لە لایەن هەر کام لە ئەحمەد توفیق کە دەستپێشکەری ئەم کارە، ڕێکخەری گەشتەکەم بۆ کوردستان، و ڕێبەر و یاوەرم بوو تا بارەگای مەلا مستەفا بارزانی، بۆ (ئاپو جومرد)[1] کە وەرگێر و یاوەر و ڕێبەرم بوو بۆ یەکەمین زانیاری لەسەر مێژووی کورد، بۆ باوکە (تومابوا) کاهینی بەناوبانگی دومینیکانی کە ژیانی خۆی بۆ توێژینەوەی کورد تەرخان کردووە و سامانێکی گەورەی لە زانیاری لە بارەی مێژووی کورد و کەلەپوری میللی کوردەوە دامێ و چەند بەشێکی گەورەشی لە ڕەشنوسی کتێبەکە خوێندەوە. من زۆرم لە بەرهەمەکانی ئەو بەکارهێناوە. لەوانەش کتێبی ((کورد))، مێژوو، کۆمەڵایەتی، ئەدەب، فوکلور)).

هەروەها بۆ (شەوکەوت عەقراوی)[2] کە یەکێك بوو لە نوێنەرەکانی مەلا مستەفا لە دان و سەندنەکان لەگەڵ حکومەتی عیراق. لە پاشاندا بوو بە یەکێك لە نوێنەرانی بارزانی لە دەرەوە. ئەو کۆششێکی بە نرخی لە دانانی بەشە سیاسیەکانی کتێبەکە خستەکار. هەروەها بۆ جەلال تاڵەبانی کە هەردوو خەسڵەتی سەرکردەی سەربازی و نوێنەری دیپلوماسی دۆزی کوردی لە خۆیدا کۆکردبۆوە و کۆمەڵێك ڕێنوێنی بەنرخی دامێ.

لەو سەرچاوە بە نرخانەی کە بەشێوەیەکی تایبەتی لەبارەی مێژووی دێرینی کوردەوە پشتم پێ بەستوون ئەمانەن:

(1) دانەر وشەی ((ئاپو))ی بە (Apo) نووسیوەتەوە کە وشەیەکی کوردییە و مانای (مام) دەگەیەنێ نەك ناوی یەکەمی یاوەرەکەی. لە لاپەرەکانی داهاتوودا ناسنامەی ناوبراو روون دەکەینەوە. (ج. ف)

(2) شەوکەت عەقراوی ئێستا فەرمانبەرە لە وەزارەتی شارەوانییەکان لە بەغدا. (ج. ف)



((کورد و کوردستان Kurd and Kurdistan)) نووسینی ئرشاك سفرستیان. لەندەن چاپخانەی هارڤل Harvill Press 1948 وە کتێبی سەرچاوەیی (جێ متمانە)ی ڕێزدار ئیدمۆندز Kurds Turks and Arab[3] چاپخانەی زانکۆی ئوکسفورد 1957. کتێبی ویلیام ئیگلتون William Eagleton کۆماری کورد 1946) چ. لەندەن. چاپخانەی زانکۆی ئوکسفورد 1963 کە تارادەیەك ماوەیەکی تاریك و نەزانراو لە مێژووی کورد روناك دەکاتەوە[4].

(3) وەرگێری عەرەبی ئەم کتێبەی وەرگێڕاوەتەسەر زمانی عەرەبی و لە ساڵی 1971 لە بەغدا چاپی کردووە. (ج. ف)

(4) ئەم کتێبە لە لایەن ئێمەوە کراوە بە عەرەبی و لە چاپخانەی (دار الطليعة) لە بەیروت لە ساڵی 1972 چاپکراوە. (ج. ف)

# پێشکەشکردن

مادەکان[5] و فارسەکان لە جیهانی رۆژئاوادا ناسراون. بەڵام ژمارەیەکی کەم هەن کە مادەکان لەگەڵ ئاگری ئەو شەڕە گرێ بدەن کە ئێستا لە باکووری عیراق نێڵەی دێ. ئەمە لە کاتێکدایە ئەو مادانە باپیرانی ئەو کوردانەن کە لە ساڵی 1961وە جەنگیان لەگەڵ حکومەتی بەغدا بەرپاکردووە، لە بەرامبەر ئەو جەنگەش خۆیان راگرتووە. بگرە لەوەش زیاتر کە خۆیان راگرتووە، زیاتریان بەدەست هێناوە.

سەرکردە و پێشەوای کورد، مستەفا بارزانییە کە وەکو هاورێیەك ناسیومە. مێژووی کوردیش کە (دانا ئادەم شمیدت) گێڕاویەتەوە هەمان ئەو مێژووەیە کە من لە زمانی بارزانییەوە گوێم لێبووە. هەر ئەوەشم لە کوردەکانی باکووری ئێران و رۆژهەڵاتی تورکیا و ئەو کوردانەشەوە گوێ لێبووە کە بە نهێنییەوە دزەیان دەکردە نێو فەرمانگەکەم پاش ئەوەی کە بە پەنابەری و چەوساوەیی گەیشتبوونە ئەم وڵاتانە.

وردەکاریی ئەو مێژووەی پێش ساڵی 1961 لە لای ئەوانەی کە داستان دەگێڕنەوە، جیاوازە. بەڵام بنەماکەی، هەروەکو کە من گوێم لێبووە ئەوا شمیدت لە گێڕانەوەیدا وردەکار بووە. لە ساڵی 1941 حکومەتی عیراق بارزانی بە کەسێکی خاوەن تموح دەزانی، بە جۆرێك تاوانباری دەکرد کە نزیك بوو لە خیانەت. ئەمەش هەر لەبەر ئەوەی کە هەڵساوە بە رۆڵی ناوبژیوانی لە نێوان دوو

[5] کۆمەڵە هۆزێکی ئارین و لە زەمەنێکی نادیارەوە لە باکوورە هاتوونەتە ناو ئێرانەوە و لە کۆتاییەکانی سەدەی حەوتەمی پێش زایین گەیشتوونەتە لوتکەی مەزنایەتی. کاتێك پاشای ئەوان کەیخوسرەو لەگەڵ پاشای بابلییەکاندا هاوپەیمان بوون بۆ لەنێوبردنی دەوڵەتی ئاشوورییەکان و وێران کردنی پایتەختەکەیان لە ساڵی 613 پ.ز پاشان بە ئیمپراتۆریەتی ئەخمینییەوە پەیوەستبوون و ناوبانگیان سڕایەوە. شتێکی ئەوتۆ لە بارەی زمانی ئەوانەوە نازانرێ و هەروەها لەبارەی شارستانێی ئەوانەوە شتێکی زۆرکەم دەزانرێ. (ج. ف)



هۆزی کوردی بەشەڕهاتوو، دەزگای هەواڵگریی سەربازیی عیراق لەو زەمەنەدا، رۆڵی ناوبژیوانی بە بەمەرامێکی پیلانگێڕانە دەزانی. بارزانی هەروەکو شمیدت دەیگێڕێتەوە لەگەڵ سێ و پێنج هەزار کەس لە پیاو و ژن و منداڵ وڵاتی بەجێهێشت و رووی کردە ئێران، یان پەنجا هەزار کەس هەروەکو بارزانی بەخۆمی گوت. لە ئێران چووە پاڵ ئەو حکوومەتەی کە لە باکووری ئێران—ئەو ناوچەیەی کە سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانی روس داگیری کردبوو- جیابۆوە. قازی محەمەد کە زانایەکی ئاینی (مەلا) بوو، سەرۆکی ئەو حکوومەتەی مهاباد بوو. ئەو، پاش ئەوەی کە حکوومەتی تاران لە سێدارەیدا، ئێستا کە لە گۆڕێکی بێ کێل و لە گۆرستانێکی چۆڵ و ترسناك لە مەهاباد، لە ژێر کۆمەڵە چینێك لە خاکدا نێژراوە. ئەم پیاوە زۆرجار بە کۆمۆنیست وەسف دەکرێ بەڵام من گومانم لەوە هەیە گەرچی کە ناشیناسم. سەرەڕای ئەوەی سۆڤێت پشتیوانییان لێکرد بەڵام رێباز و سیاسەتی ئەو هیچ شوێنەوارێکی تێدا نەبووە کە ئاماژە بەوە بکا مەیلی کۆمۆنیستانەی هەبووبێ. سەرەڕای ئەوەش من ژمارەیەك لەو پیاوانە دەناسم کە هاوکارییان کردووە، نەتەوە خوازی کورد بوون و کۆمۆنیست نەبوون. یەکێك لەوانە وەزیری جەنگ ئەمیر خانی شەرەفی بوو، ئەو پیاوە کوردە شێخێکی خاوەن پایەیەکی مەزن بوو کە لە ساڵی 1959 کۆچی دوایی کردووە. دووەمیشیان سەرکردە سەربازییەکەی، بوو بارزانی.

کاتێك سوپای ئێرانی بە ئاراستەی باکوور بەرەو مهاباد دەستی بەجوڵانەوەکرد، بارزانی لەگەڵ سوپا سوارەکەی[6] کە هەزار کەس بوون، پاشەکشەی کردوو بە شەڕی بچووك دەستی کرد بە لێکدان لەگەڵ دوژمن و ئنیجا بەرەو دواوە سوڕایەوە تا بەرەو عیراق بگەڕێتەوە. بارزانی پێی گوتم کە ئەو رەتی کردۆتەوە خۆی تەسلیمی بەغدا بکا لە ترسی ئەوەی کە نەوەکو تەسلیم بە پەتی سێدارەی بکەن. ئەم هەڵوێستەشی لەوانەیە حیکمەتی تێدا بووبێ چونکە هەندێك

[6] هێزەکانی بارزانییان سوپای سوارەیان نەبوو بەڵکو هەموویان پیادە بوون. (ج. ف)

لە هاوڕێکانی کە گەڕانەوە تووشی ئەو چارەنووسە هاتن. بارزانی لە جیاتی ئەوە داوای پەنابەرێتی لە روسیا کرد. ئەمەش تاکە هەڵبژاردنێکی راست بوو چونکە هیچ رێگایەکی دیکەی لە بەردەمدا نەبوو. ئێران و تورکیا بە چاوی دۆستایەتی سەیری ئەویان نەدەکرد. روسەکانیش لە جاری یەکەمدا داواکەیان رەتکردەوە. هەڵوێستی شیزوفرینیی خۆیان بەرامبەر کورد دەرخست کە جار لە دوای جار لە مێژووی ئەواندا دیاربووە. ئەوەبوو پاشان رای خۆیان گۆڕی و قبوڵیان کرد.

بارزانی پێی گوتم کە ئەو هەزار پیاوی کوردی لەگەڵ خۆی بردە روسیا. ئەو ژمارەیەی کە (شمیدت) باسی دەکا لەمە کەمترە. بارزانی ماوەی دوازدە ساڵ لە روسیا مایەوە و وەکو پەنابەرێك مامەڵەیەکی باشی لەگەڵدا کرا. ئەو لە روسیا ژنی نەهێنا، و ژن و منداڵەکانی خۆی لە عیراق بەجێهێشت. بەڵام ژمارەیەکی گەورە لە پیاوەکانی لەوێ ژنیان هێنا.

کاتێك عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی 1958 گەیشتە دەسەڵات، بارزانی گەڕایەوە بۆ عیراق و من لەوێ ناسیم. لە یەکەمین چاوپێکەوتنمدا پێم گوت:

- بیستوومە کە بیروباوەڕت کۆمۆنستییە.

دەسبەجێ لە جێی خۆی راست بۆوە و گوتی:

بەڵگەیەکم پیشاندە! بەڵگەی خۆتم پیشان دە؟

بە ئەنقەست ویستم بیوروژێنم و گوتم؟

- دوازدە ساڵ میوانی روس بووی.

- ئەوە بۆ ئەوەی ملی خۆم لە پەتی سێدارە رزگار بکەم.

کاتێك بۆی دەرکەوت کە گاڵتە دەکەم گرژبوونەکەی نەما. ئەم سەرەتا رەق و وشکە دەسپێکی دۆستایەتییەکی گەرم بوو. من هەمان ئەو پشکۆ گەشاوە و سووربۆوانەی نیشتیمان پەروەری و رزگاریخوازییەم لە بارزانیدا بینی کە لە هەر ئەمریکییەکدا هەیە کە ساڵی 1776ی دێتەوە بیر[7].

[7] ساڵی شۆڕش لە پێناوی سەربەخۆیی ئەمریکا. (ج. ف)



پاش ئەوەی ئێوارە وەختێکی تەواوم لەگەڵیدا بردەسەر گوێم لە کۆمەڵە بارێك لە گازندە و سکاڵا بوو کە لەدەمی بارزانییەوە هەڵ دەڕژا. ئینجا دیدەنی (عەبدولکەریم قاسم)م کرد و لە بارەی پرسی ئەو کەمینە نەتەوەییە گوتوبێژم لەگەڵدا کرد کە لە ئارامی و سەقامگیریی بێبەشن و ئێستا لە تورکیا و روسیا و سوریا و عیراق و ئێران بڵاوبوونەتەوە. من بە هیچ شێوەیەك لە شێوەکان ناوبژیوان نەبووم. بەڵکو گرنگیدانی من بە کورد، وەکو گەلێك، چڕببۆوە. من لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ژمارەیەکی گەورەم لەوان دی بوو تاوای لێهات وام هەست دەکرد کە لە حاڵی لە یەکتر گەیشتن دام لەگەڵیاندا.

رێزی من بۆ کورد بە ئاشنابوونم بە کۆڵ هەڵگرەکانی بەیروت، دەستی پێکرد، ئەوانە زۆربەیان کوردن. ئەوانە کۆڵی وا گران بەسەرشانیانەوە هەڵدەگرن کە مرۆڤ باوەڕی نایە، هەروەکو کە لە تەوریز دەیکەن. لە دیمەشق شتێکم لە بارەی (صلاح الدین)ەوە زانی. (صلاح الدین) ئەو سەرکردە کوردەی سەرکردەی سوپاکانی عەرەب بوو کە (قودس)ی لە ئێمەی مەسیحی ستاندەوە. کاتێك ئێمە دەستمان بەسەر (قودس)دا گرت سەری هەزارانمان پەڕاند چونکە (کافر) بوون. کاتێك (صلاح الدین) (قودس)ی وەرگرتەوە بە رای من لە مەسیحییەکان زیاتر مەسیحیی بوو چونکە لەسەری کەسی نەدا. بەم شێوەیە (صلاح الدین) بوو بە پاڵەوان و گۆڕەکەشی بۆتە مەزارگە و خەڵکی زیارەتی دەکەن. هەروەها زانیم کە لە تورکیا ئاخاوتن بە زمانی کوردی یان چاپکردنی هەر شتێك بەپیتی کوردی بە تاوان دادەنرێ[8]. بینیم کورد ئازاری دابڕانێکی رەگەزپەرستی بەرنامەرێژکراو دەچێژن و ئەوان لە بەشی رۆژهەڵاتدا گەمارۆدراون. لە ئێران کوردێکی کەم هەن کە دەگەنە ئاستی پایەیەکی بەرز لە حکوومەتدا. بەڵام لە باکووری وڵات گومان کردن لە کورد دەگاتە ئاستێکی ئەوتۆ بە دەگمەن وارێك دەکەوێ کە یەکێکیان لە وەزیفەیەکدا دابنرێ هەرچەندە پلەی ئەو وەزیفەیە نزمیش بێ. هەروەها زانیم

[8] ئەمە زێدەڕەوییەکی تێدایە، هەر نەبێ لە حاڵی ئێستادا. (ج. ف)

که لێکهەڵاواردنێکی هاوشێوەی ئەمە لە عیراقیشدا هەیە. لەبارەی ئەمەوە پرسیارم لە (قاسم) کرد، وەڵامیدایەوە: (بەشێوەیەکی کە تەئکید لە قسەکە بکاتەوە)، گوتی: یاساکان بۆ کورد توند و تیژترن وەکو بۆ عەرەب، ئینجا گوتی: ئەگەر کوردێك و عەرەبێك بانکێکیان بدزیبایە، کوردەکە لە سێدارە دەدرا بەڵام عەرەبەکە تەنیا بەند دەکرا) بۆم دەرکەوت کە قاسم دەربارەی ئەو شتەی بۆی گێڕامەوە، لەسەر هەق بوو. ئەو یاسایانە کاتی خۆی بەریتانییەکان دایان رشتبوو کاتێك لە لایەن کۆمەڵی گەلانەوە بەسەر عیراقەوە ئینتداب کرابوون و دەوڵەتەکەیان بەم یاسایانە فەرمانڕەواییان دەکرد و زۆرجار لە نێوان هۆزەکان، لە مامەڵەکردندا، هەڵاواردنیان دەکرد. چونکە هەر حاکمێك وای دەبینی کە ئەوانە پشێوی و ئاڵۆزی دەنێنەوە. (قاسم) ئەم یاسایانەی هەڵوەشاندەوە و لەبارەی ئەو یەکسانییەوە قسەی بۆ کردم کە لە چوارچێوەی کۆماری عیراقیدا بەدی هاتووە.

من نازانم ئایا سیاسەتی (قاسم) بە حوکمی فاکتەری بیرۆکراتی لە رێگای خۆی ترازا یان ئەو خۆی بیروڕای خۆی گۆڕی؟ لەوانەشە هۆکارەکە ئەوەی یەکەم بوو بێت، چونکە فاکتەرەکانی کینە خواردنەوە و گومان ئەنگێزی و تۆڵە خوازی لەم بەشەی جیهاندا بەنێو ناخەکانی ئەوان قووڵ بۆتەوە.

گوتوبێژەکانم لەگەڵ بارزانی لە بەغدا، هیچ بەڵگەیەکی بۆ من نەهێشتەوە تا باوەڕم وابێ ئەو کار بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی کوردی دەکا. ئەو، ئەوساش هەروەکو ئێستاکە، داوای ئۆتۆنۆمی دەکرد. بە جۆرێکی گشتی مەبەست لە ئۆتۆنۆمی — ئەوەیە کە ئێمە پێی دەڵێین هەڵسوڕاندنی حوکمێکی خۆجێیی لە ژێر سێبەری سیستەمێکی فیدراڵی. زمانی کوردی، مێژووی کورد، شیعری کوردی شتگەلێکی بە نرخن لە لای بارزانی، بۆ پاراستنی ئەمە کارێکی پێویست بوو کە یاساگەلێك دابڕێژرێ و رژێمگەلێك دابمەزرێ کە بایەخ بە کەلەپوری کوردی بدا، هەر ئەمە بوو پاڵی بە کوردەوە نا لە عیراقدا حزبێکی سیاسی دابمەزرێنن کە بارزانی سەرۆك و پارێزەری بوو. ئەم حیزبە لە سەرەتاکانی حوکمدا شەرعی و چاك و ئوپۆزیسیۆن بوو و کۆمۆنیست نەبوو.



دیارە بە سروشتی حاڵ کۆمۆنیستی کوردیش هەن. دەشیان گوت کوردێکی خەڵکی سوریا کە ئێستاکە لە روسیا وەك پەنابەر دەژی، پێشەوای حیزبی شیوعی سورییە[9] لەوانەیە ئەمە راست بێت. بەڵام ئەوەی راستی بێت کورد، لە زۆربەی هەرە زۆری ئێمە زیاتر کۆمۆنیستی سۆڤێتی دەناسن. ئەوان دەزانن کە نەتەوەی کورد لە روسیا هەروەکو نەتەوەی تورك و فارس و ئوزبەك و کازاخ بە هەموو توانایەکەوە ریشەکێشکراوە. ئەوان شوێنەواری قوڵی بە سۆڤێتکردن دەزانن[10] کە ناتوانرێ بسڕدرێتەوە. بەڵام سەرباری ئەمانە روسیا ئێستا پەناگەی ئەوانەیە کە لە نێو ئاڵوزییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژین. هەروەکو کە بۆ ماوەی چەندین سەدە وابوو. هەر چۆنێك بێت کەمینەکان لە ژێر سێبەری ئەم رژێمەدا گەشە و بوژانەوەیەکی زیاتر ناکەن وەك لەو دەرفەتەی کە لە تورکیا یان عیراق یان ئێراندا دەرەخسێت. لەوانەیە لەوێ موعاناتی پتر هەبێ وەك لە وڵاتانی تردا، چونکە کادیرانی کۆمۆنیستی تا ئەو پەڕی سنورێك کە بتوانرێ وێنابکرێن، لێهاتوون و لە سانسۆر و دیسپلینی سەربازیدا توندوتیژن. لەوانەشە رۆژێك بێت و نەتەوەی کورد خۆی لە ژێر سەرپەرشتی سۆڤێتیدا ببینێتەوە، ئەگەرهاتوو قەدەر وای هێنایە پێشەوە کە کورد بەو قۆناغەدا تێپەڕێ، ئەوا ئۆتۆنۆمی کوردی دەچێتە نێو قۆناغێکی مەترسی دارەوە[11].

ئێستا ئاواتەکانی کورد بەو پرەنسیپانەوە بەستراوەتەوە کە بارزانی نەخشەی بۆ کێشاوە، ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی دەوڵەتێك یان چەند دەوڵەتێکی غەیرە کۆمۆنیستی. ئەم دۆزە بنەماکانی جێگیر بووە و بیری ئەم دۆزەش بە پتەوییەوە گەڵاڵە بووە. ئەم کتێبە وەسفێکی وردی ئەم هێزانە دەکا کە پاڵ بەم دۆزەوە دەنێن.

[9] هەڵبەتە مەبەستی ((خالد بەگداش))ە. (ج. ف).

[10] لەو باوەڕەداین کە ئەمە زێدەرەوییەکی تێدایە، ژمارەی کورد لە یەکێتی سۆڤێت بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تر کەمە و ئەوان لە مافەکانی کولتوری بەهرەمەندن و بەڵگەی ئەمەش لەو هەموو چاپەمەنییە زۆرەدا بە دەردەکەوێ کە چاپخانەکان دەری دەکەن. (ج. ف).

[11] هەڵبەتە ئەمە رای نوسەر خۆیەتی و کەسانی تریش هەن، رای جیاوازیان هەیە. (ج. ف)

سەرەڕای ئەوەش ئەم کتێبە بۆ یەکەمین جار کورد بە ئەمریکا دەناسێنێ. پێش ئەوە کورد نەیانتوانی خۆیان بگەیەننە ویژدانی ئەمریکا و نفوزی تێدا بکەن و بە باوەڕی من ئەوان سەرکەوتوو دەبن، و بە جۆرێکی حەتمی ئەوان سەرکەوتوو دەبن ئەگەر ئەو ئەمریکییانەی کە ئەم ڕووداوانە دەخوێننەوە بۆ براندی واین، یورك تاون و ڤالی فورج-ی Brandy wine, [12]York town, Valley Forge بخوێننەوە.

18ی **کانونی یەکەمی** 1964

**ویلیام .و. دوگلاس**[13]

[12] هەموو ئەمانە شار و شوێنن و لە ویلایەتە دورەکانن. (ج. ف)

[13] دادوەر ویلیام دوگلاس ئێستا ئەندامی دادگای بەرزی فیدرالیە لە واشنگتۆن، یەکێکە لە کەسایەتیە دیارەکان کە گرنگی بە کاروباری کوردی دەدا. یەکەمین گەشتی ئەو بۆ کوردستان لە چوارچێوەی گەشتێکی بەرفراوان دابوو بۆ باشووری ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە ساڵی 1947-1948 پێی هەستا. لەبەرهەمەکانی کتێبەکەیەتی کە چەند بەشێکی لەسەر کوردە لەو ناوچانەدا کە سەردانی کردووە. لە ساڵی 1959 گەشتی دووەمی بۆ عیراق کرد. من لەگەڵ ژمارەیەك لە برایان لەو سەردانە کورتەیدا بۆ بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵیدا کۆبومەوە. (ج. ف)

# بەشی یەکەم

## تەلەفونێک لە کەسێکی نەناسراوەوە

دەمە و ئێوارەی ڕۆژێکی فێنك و خۆش لە ڕۆژەکانی مانگی ئایاری 1962، لەگەڵ ((تانیا ))ی خێزانم، خەریك بوو لە ماڵەکەی خۆمان لە بەیروت ((لوبنان)) بۆ ئامادەبوون لە داوەتێکی نانی ئێوارە دەچووینە دەرەوە، کاتێك کە زەنگی تەلەفونەکەمان لێیدا، دەنگی پیاوێك بەپێداگرییەوە دەیگوت نامەیەکم لە ژەنراڵ مستەفا بارزانی سەرکردەی هێزە شۆرشگێڕەکانی کوردی عیراق پێیە، هەروەها دەیگوت دەمەوێ بتبینم.

کورد لە ڕابردووش و ئێستاشدا، بابەتی پرسێکی تەمومژاوی، خەملاندن و خەیاڵ لێکردنەوە بوون. کورد دانیشتوانی چیا سەختەکانی باکووری عیراق و ڕۆژهەڵاتی تورکیا و ڕۆژئاوای ئێرانن. ئێستا پتر لە شەش مانگ تێپەڕیووە کە ژەنراڵ بارزانی سەرکردایەتی شۆرشێکی کوردی لە دژی حکوومەتی عیراقی دەکا. من خۆشم، وەك هەر پەیامنێرێکی تر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەسەر شۆڕشی کورد نووسیبووم. بەڵام گەیشتن بەڕاستییەکان کارێکی سەخت بوو. هیچ پەیامنێرێك هێزەکانی کوردی نەدی بوو. هیچ کامیان لەو جەنگەدا سەردانی کوردی نەکردبوو. کەس ژەنراڵ بارزانی نەدیتبوو. هەستێکی کتوپڕ و بە هەلەکە سەما کەوتن بە سەرم داهات. بەڵام منیش لە گوماندا بووم. بەیروت پڕە لە ساختەچێتی و لە بەکرێگیراوان، لەبەکرێگیراوانی هاندەر.

لێم پرسی:

- تۆ کێی؟

وەڵامیدایەوە:

- من لە بارەگای مستەفا بارزانی یەوە هاتووم.

لە وەڵامی ڕاستەوخۆی پرسیارەکەم خۆی بوارد. ئەو بە فەرەنسییەکی قورسەوە قسەی دەکرد. بەڵام بە ڕوون و ڕەوانییەوە قسەی دەکرد، ئەوەش گومانی منی زیاتر کرد. زمانی فەرەنسی بەسەر زمانی خەڵکی لوبنانی و سورییەوە زمانێکی بەربڵاوە، ڕۆژگارێك فەرەنسیەکان حوکمی ئەوانیان کردووە.



بەڵام ئینگلیزی، پیاو چاوەڕێی ئەوە دەکا لە کوردەکانی عیراقەوە گوێی لێ بێت چونکە نفوزی بەریتانیا ماوەیەکی درێژ بەسەر ئەواندا زاڵ بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وادەیەکم لە جێگایەکی بەرچاو —لە چێشتخانەی هوتیلی سان جورج دیاری کرد. من نەمدەویست لە گۆشەیەکی تاریکدا لە ناخافڵ ڕووبەڕووی کەڵەکێك ببمەوە. دەمویست بزانم ئەگەر ڕاست دەکا باخۆی ئاشکرا بکا. نوێنەری بارزانی هەوەڵجار دوو دڵ بوو، بەڵام پاشان ڕازی بوو.

ئەوە سەرەتای ئۆدیسەی[1] من بوو کە پاشماوەی هەرە زۆری ئەو هاوینەمی گرتە خۆی. زیاتر لە دە جار چاوم بەو پیاوە، و دوو یان سێ و هەندێك جاریش چوار لە هەڤاڵەکانی ئەو پیاوە کەوت، بەڵام نەك لە یانەی هوتێلەکان. من بە زوویی قەناعەتم بە ڕاستگۆیی و پێویستی خۆحەشاردانی ئەوان هات[2].

هەوەڵ جار بە بەرچاوی خەڵکێکی جۆربەجۆرەوە لە یانەی ((سان جورج)) چاوم پێیانکەوت، لەبەر ئەوەی ئەوان زۆر بەحەسرەتەوە بوون بۆ پەیوەندی کردن. پاش ئەوە ئیدی پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە کۆبوونەوەکانمان بەنهێنی بن. ئەوان لە بە کرێگیراوانی سەرۆك وەزیران ((قاسم)) دەترسان کە هەرگیز لە کاروکردەوەی فڕاندن و کوشتن، بە ئامانجی پەکخستنی ئەو ئەرکەی کە مستەفا بارزانی ڕای لەسەر بوو، سڵی نەدەکردەوە.

لەبەر ئەوە من سەرکێشم لەوە نەدەکرد کە بە بەڵگەی تەواوەوە، ناسنامەی تەواوی هاوڕێ کوردەکانم بزانم. سەرۆکەکەیان ڕێگەی پێدام کە ناوی ((مراد)) بەکاربێنم. لەسەر زەرفێك کە پارچە ڕۆژنامەی تێدابوو، لەسەرم نووسی و لە فەرمانگەی هوتیلەکە بەجێم هێشت. ناوی ئەوانەی ترم نەزانی و هەروەها پرسیاری

---

(1) داستانی بەناوبانگی شیعری هومیروس کە لەوێدا ئەدیسیوس گەشتی گەڕانەوەی خۆی لە جەنگەکانی تەروادەوە بۆ وڵاتی خۆی دەگێڕێتەوە و باسی ئەو مەترسی و سەختییانە دەکا کە توشی هاتووە. لێرەدا وێکچوواندنە کە شتێکی دیار و ئاشکرایە. (ج. ف)

(2) ئێستاش زۆر لەو کەسانە کە دانەر چاوی پێیان کەوتووە لە ژیاندان و بەباشی ئەویان لەبیرە و وردەکاری ئەو کۆبوونەوە و دیدارانەشیان لە بیرە کە لەگەڵیدا کردوویانە. (ج. ف)

لاپرسەنانەشم دەربارەی ناسنامەی ئەوان، لە کوێ و چۆن هاتوون.. نەکرد. من دەمویست متمانەی ئەوان بەدەست بێنم و ئەوانیش هەمان شتیان دەویست.

جیدی بوونێکی گەورە بەسەر روخساری ئەو لاوانە کە بەهەتاو رەش داگەڕابوون، دیار بوو. هەرکامیان سمێڵێکی کورتی قەڵەم کراوی هەبوو، قاتی رەشی سادەیان لەبەردا بوو کە لە یەك نەدەهاتن. ئەوان لەو پەڕی حاڵەتی دەمارگرژیدا بوون. جاری وابوو لە ناوەڕاستی گوتوبێژدا، دەیانویست لە چایخانەیەکەوە بگوازینەوە بۆ چایخانەیەکی تر، یاخود لە گەراجێکەوە بچین بۆ گەراجێکی تر. ئەوان ماڵی نهێنییان بەلاوە پەسند بوو.

لە نامەکەی بارزانیدا هاتبوو کە ئارەزوو دەکا دەعوەتی رۆژنامەوانی رۆژئاوا بکا کە سەردانی خۆی و هێزەکانی لە چیاکانی کوردستانی عیراقدا بکەن. هەروەها پەیمانیدا بوو کە چەند رێبەر، پاسەوان و وەرگێڕ هەروەها ئامێری گواستنەوە دابین بکا —هەموو شتێك روون بوو. بارزانی زۆر بایەخی بەوەدەدا کە دۆزی خۆی بخاتە بەرچاوی جیهانی رۆژئاوا. ئەو ئاخرین ئومێدی ئەوە بوو کە یارمەتی ئەمریکا لەو جەنگەدا، کە لە پێناوی مافی بڕیاردانی چارەنووسی سیاسی بۆ کورد، دەیکرد، بەدەست بهێنێ.

نامەکەی بارزانی، بەشێوەیەکی گشتی ئاراستەی هەموو رۆژنامەوانیی رۆژئاوا کرابوو. ژمارەیەك پەیامنێر بە تایبەتی ((جیمس وایڵد James Wilde)) پەیامێنری گۆڤاری ((تایم))، بیرۆکەکەیان قبوڵ کرد. هاوڕێ کوردەکانمان دەیانویست سەفەرەکە زۆر ئاسان بکەن. ئەوان دەیانگوت سەفەرەکە حەوت رۆژ دەخایەنێ. بەڵام پاش قوڵبوونەوە لە وردەکارییەکان بۆمان دەرکەوت کە ئەوان نازانن بارزانی لە کوێیە، لەوانەیە سەفەرەکە حەوت رۆژ یان بیست و حەوت رۆژ یاخود زیاتریش بخایەنێ[3] هەروەها دەیانگوت کە ئێمە رۆژانە پێنج یا شەش

(3) دواجار گەشتەکە لە چواری تەمووز تا رۆژی گەڕانەوەم لە یەکی ئەیلول، پەنجا و نۆ رۆژی خایاند. لە بەیروتەوە تا گەیشتمە سنورەکانی عیراق و ئینجا لە سنورەکانی عیراقەوە تا=



کاتژمێر یان زیاتریش سواری ئەسپ یا ئێستر دەبین. لەوانەیە توشی ئاگری دۆشکە و بوردومانی فرۆکەکانی هێزی ئاسمانی عیراقی ببینەوە. سەفەرەکە مەترسی پێوەیە. پەیامێنرەکان، جگە لە رۆژنامەنووسی سویسری ریچارد ئەندریگ[4] Richard Anderegg کارمەندی رادیۆی سویسری، و هانس فیرا ((Hans Ferra)) فەرمانبەری تەلەفزیونی ئەڵمانیای رۆژئاوا، هەروەها خۆشم، ئەوانی تر یەك بە دوای یەکدا هەڵدەستان و رۆیشتن. من هەر لە هەوەڵجاردا ((ئەندریگ))م بۆ هاوڕێیەتی خۆم بانگ هێشت کردبوو، من لەسەر ئەو رایە بووم کە لە مەهامێکی ئاوادا هاوڕێیەتی کردنێکی بێ رکابەری، گونجاوترە و پتر جێگای قبوڵ کردنە. بەڵام ((ئەندریگ)) نووسینی رەخنەگرتنی تەلەفزیونی بە هاوکاری لەگەڵ ((فیرا)) قبوڵ کرد بوو، بۆیە وای بەلاوە پەسەندتر بوو سەربەخۆ بۆ خۆی کار بکا. لەوێ لێك جیابووینەوە و ئەوان لە وڵاتێکی ترەوە و لە رێگایەکی کورتتر و خێراتر لە رێگاکەی من روویان کردە کوردستان و پاش گەیشتنی من بە هەفتەیەك بارزانییان بەجێهێشت.

=دەگاتەوە بەیروت سێزدە رۆژم پێچوو. سی و شەش رۆژ بەسەر پشتی ئێستر و ئەسپەوە بە هەموو کوردستاندا هاتم و چووم دە رۆژ لە بارەگای بارزانی بووم. بە هۆی ئەو ماوە درێژەوە کە لە بەیروت ون بووم، بە هۆی ئەو هەواڵانەش کە لە رۆژنامەکاندا دەرباری ((ون بوونم لە کوردستان)) بڵاوببونەوە، رۆژنامەی ((نیویورك تایمز)) بەرێز ((ریچارد هنت)) کە پێش من پەیامنێری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، ناردبوو تا بە دوامدا بگەرێ. ئەو یەك هەفتە پێش ئەوەی کە من سەر بەدەربێنمەوە گەیشتبووە ((بەیروت)) و دەیویست بۆ زانینی چارەنووسی من سەفەر بۆ بەغدا و دیمەشق و تاران بکا.

(4) ریچارد ئەندریگ: ئەفسەری پێشوی سوپای سویسرا. ئەو لەگەڵ هانس فیرا، پێش دانەر گەیشتنە کوردستان. ریچارد راپۆرتێکی رۆژنامەوانی نایابی نووسی و لە رۆژنامەکانی سویسرا و ئاژانسەکانی هەواڵدا بڵاوبۆوە. وەرگێڕی ئەم کتێبە راپۆرتەکەی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و لە رۆژنامەی حیزب ((خەبات))دا، بڵاوکرایەوە کە ئەوسا رۆژنامەکە لە ئاکامی ئەوەی کە عەبدولکەریم قاسم لە ئایاری 1961 دایخست و هەموو کەل و پەلەکان و چاپخانەکەشی زەوت کرد، بەشێوەیەکی نهێنی دەردەچوو. (ج. ف)

هەر کە بڕیارم لەسەر ئەو سەفەرە ساخ بۆوە، گیروگرفتی ئەوەم بۆ هاتە پێش کە بێ ئەوەی هاوڕێکانم ئاگادار بکەمەوە، یان ئاگاداری دەزگا هەواڵگرییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوانەی کە رەنگە ئارەزوو بکا موداخەلە لە کارەکەدا بکا، بکەمەوە، بڕیارمدا بە شێوەیەکی نهێنی راوێژ لەگەڵ فەرمانگەی سەرەکی خۆم لە نیویورك بکەم.

ئەم کارەم لە رێگای نامەیەکەوە ئەنجامدا، بەشێوەیەکی نهێنی نامەیەکم بۆ ((نات جیرستانزانگ Nat Gerstanzang)) یاریدەری سەرنووسەری بەشی دەرەوە لە رۆژنامەی نیوریوك تایمز نارد کە ئەو کاتە لە جێگای ((ئیمانویل فریدمان Emanuel Freedman)) سەرنووسەری بەشی دەرەوەی رۆژنامە کە لە نیویورك، کاری دەکرد. لە نامەکەمدا نووسیبووم ((کەسیان سڵ لەوە ناکاتەوە ئەم پێشنیارە قبوڵ نەکا، ئەی من بۆ نەیکەم))؟ بەرێز ((جیرستانزانگ)) رەزامەندی دەربڕی و ئەم هوشیارکردنەوەیەشیدا ((من دەزانم کە تۆ خۆت ناخەیتە ناو مەترسییەکی زیاد لە پێویستەوە کە بەرامبەر نرخی ئەو چیرۆکە نەبێ کە تۆ بەدوایدا دەگەڕێی. پاش ماوەیەکی کەم رەزامەندی ((ئیمانویل فریدمان)) خۆشیم وەرگرت. من لە ئەستەمبوڵ چاوم پێ کەوت کە لەو کاتەدا بەهۆی خولێکەوە کە بۆ ناوەندەکانی ئێمە لە وڵاتانی ئەودیو دەریاکان، کرد بوویەوە و ماوەیەك لەوێ بوو.

نێردراوانی بارزانی لاوانی خوێن گەرم و دڵسۆز بوون، هەگبەکانیان پڕاوپڕ لە چیرۆك بوو کەوێڕا بە کرچ و کاڵییەکی زمانەوانیەوە لێیان هەڵدەڕژا. لەنێو خۆیاندا بە کوردی قسەیان دەکرد. زۆربەی کات بەیاریدەی وەرگێرێکی عەرەبییەوە تێگەیشتنی بابەتەکان ئاڵوگۆڕ دەکرا. گەرچی عەرەبیەکەشیان سنوردار بوو بەڵام لە ئینگلیزی و فەرەنسیەکەشیان باشتر بوو.

ئەوان چیرۆکەکانی خۆیان بە جۆش و خرۆشێکی لە رادە بەدەرەوە بۆ ئێمە دەگێڕایەوە. شۆڕشی کورد چۆن دەستی پێکرد، لە پێناوی چیدا دەجەنگن و چۆن. ئەوان لەبارەی ئەو داخوازییانەوە قسەیان دەکرد کە پێشکەش بە حکوومەتی عیراقی کراوە،و رەتکراوەتەوە. لەبارەی مافە کولتورییەکانەوە کە وەدی



نەهاتوون، قوتابخانە کوردییەکان کە داخراون. لەبارەی فەرمانبەر و پۆلیس و سەربازانی کورد کە بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان گوازراونەوە و لە جێگای ئەوان عەرەبی باشوور هاتوون و قسەیان لەسەر دەستێوەردان لە لایەکەوە و پشت گوێ خستن لە لایەکی دیکەوە دەکرد. هەروەها قسەیان لەسەر ئەوەدەکرد کە چۆن حکوومەت هەستاوە بە هاندان و بەگژداکردنی هەندێك کورد بەگژهەندێکی تردا، چۆن فرۆکەکانی هێزی ئاسمانی عیراقی گوندەکانی کوردی بۆردومان کردووە، چۆن سوپای عیراقی سوتاندونی. هەروەها بەشانازی و بەخۆنازینەوە باوەڕی خۆیان لەبارەی نەژادی ((هیند و ئەوروپی)) خۆیانەوە دەردەبڕی کە لە نەژادی سامی عەرەبی جیایە کە ئەوان لە حاڵی جەنگدان لەگەڵیدا. هەر چەندە ئەم جەنگاوەرە پارتیزانە لاوانە نەگەیشتبوونە قۆناغی زانای رۆشنبیر، بەڵام بە شانازییەوە باسیان لە میرە کوردەکان و شاعیرانی کورد و ناوبانگی دێرین و رەسەنی کورد لە جەنگدا دەکرد. مەرام لە هەموو ئەو شتانە کە باسیان دەکرد، سەرمەست کردن و راکێشانی رۆژنامەوانانی رۆژئاوا بوو تابێنە کوردستان و بە چاوی خۆیان هەموو کاروبارەکان ببینن.

نیشتیمانپەروەری کوردی بەرەوتێکی لەسەرخۆ گەشەی کردووە چونکە کورد لەباری جوگرافییەوە دوورە دەستن، بەندەری دەریاییان نییە و ئەوان دابەش و بەش بەش بوون و بەزنجیرە چیای بەرز و دۆڵی تەنگەبەر، بە هۆکاری بەند و باوی خۆ خوازییانەی هۆزگەرایی و پابەندبوونی توندی عەشایەرییەوە، لە یەکتری دابڕاون. ئەم لێك دابڕانە جوگرافییە و نەبوونی رێگا و بانی ناوخۆیی، وەپاشیخستوون و بۆتە هۆی جیاوازییەکی گەورە لە زارەکانی زمان و بەشێنەیی گەشەکردنی ژیری و شارستانێتی ئەوان. سەرەڕای ئەمانەش دوورە دەستی جوگرافی نەبوونی ناوەندێکی گەورەی پرشنگدانەوەی شارستانێتی ((کۆمەڵگای شار)) و مانەوەیان بۆ ماوەی چەندین سەدە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی لە ژێر پەردەی کۆمەڵگای ئیسلامیدا و ئینجا سەرکوتکردن و تیرۆری بەرنامەرێژکراو.

سەرەڕای هەموو ئەمانە نەتەوایەتی کورد خۆی دەرخستووە و واش خۆی خستۆتە روو کە ناتوانرێ سەرکوت بکرێ و تێك بشکێنرێ. هەر لە چوار چێوەی هەر دوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و فارسی بیست و هەشت دەوڵەتی بچووکی کوردی، ((کە دوا بە دوای ئەو میرنشینە کۆنانە هاتن کە کاشییەکان و گۆتییەکان دایانمەزراندووە)) دامەزراوە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا سەربەخۆیی خۆیان بەڕێوە بردووە. هەندێکیان گەرچی ژمارەیان کەم بوو، تا سەدەی رابردوو مانەوە.

نەتەوە پەروەری کوردی بە تەرزێکی نوێ پاش شۆڕشی ((جون تورك)) لە ساڵی 1908 لە شێوەی یانەی سیاسی و رۆژنامە لە ئەستەمبوڵ سەری هەڵدا. هیواکانی کورد بۆ بوژانەوەیەکی نەتەوایەتی بە هۆی پەیماننامەی سیڤەری ساڵی 1920 گەیشتە لوتکەی خۆی. پاشان بە هۆی پەیماننامەی لۆزانەوە لە ساڵی 1923 پوکایەوە و کۆماری تورکیا لە ژێر پێی خۆیدا پلیشاندیەوە. کۆماری تورکیا هەر لە ساڵی 1925 تا ساڵی 1937 بەشێوەیەکی نەخشە بۆ کێشراو بۆ نەهێشتنی قەوارەی نەتەوەیی کورد دەست بەکار بوو، و دەستی کرد بە بەند کردن و راگواستن و خنکاندنی توێژی هەڵبژاردەی کوردی و دابڕدابڕکردنی قەوارەی گەلی کورد. ئەو مامەڵەیەی لەسەر دەستی تورك لەو ماوەیەدا لەگەڵیاندا کرا، بۆ ئەوان مەینەتییەکی نیشتیمانی بوو کە ناکرێ لە بایەخی کەم بکرێتەوە.

بەڵام کورد هەر بەسەر بڵندی مانەوە، کورد هەمیشە بەردەوام بوون لە جەنگ. لە ساڵی 1930 سەرکردەیەکی جەنگاوەری نوێ هاتە ئارا کە مەلا مستەفا بارزانییە. کە لەوانەیە بە هەڵکەوتوترین سەرکردەی نیشتیمانی کورد بژمێردرێ. لە سالانی سییەکان و چلەکاندا لەگەڵ حکوومەتی عیراقی و بەریتانی جەنگاوە و لە ساڵی 1946دا[5] لە بەردەم سوپای ئێرانیدا بەرگری لە کۆماری

[5] بڕوانە وەرگێردراوی عەرەبی کتێبی کۆماری کورد لە 1946. دانراوی ویلیەم ئیگلتون. کە لە لایەن ئێمەوە کراوە بە عەرەبی، ئەم کتێبە تاکە سەرچاوەیە دەربارەی رووداوەکانی ئەو ماوەیە. (ج. ف)



مهاباد کرد. پاش ئەوەی بۆ ماوەی دوازدە ساڵ[6] پەنای بۆ یەکێتی سۆڤێت برد ئینجا گەڕایەوە بۆ عیراق. لە ئەیلولی 1961ەوە ئەو سەرکردایەتی گەلەکەی دەکا لە خەباتدا کە رەنگە بیگەیەنێتە لوتکە.

خەبات لە پێناوی چی؟ خەبات لە پێناوی مافی ژیانیان وەکو کورد. بە زمانی خۆیان بخوێنن، قوتابخانەی تایبەتی خۆیان هەبێ. جل و بەرگی نیشتیمانی خۆیان لەبەر بکەن. کولتوری نیشتیمانی خۆیان گەشە پێبدەن. ئەوە ئامانجی بنەڕەتی ئەوانە. بارزانی داوای سەربەخۆیی ناکا. هەر چەندە جاروبار لە شێوەی توڕەبووندا وشەی ((سەربەخۆیی)) بەکاردەهێنا و هەڕەشەی جیابوونەوەی لە کۆماری عیراق دەکرد. بەڵام لە هەل و مەرجی ئاسایدا ئیقراری بەوە دەکرد کە کوردستانی عیراق ناتوانێ بە تەنیا بژی و پێویستە کوردی عیراق لەگەڵ عەرەبی عیراقدا بە یەکەوە بژین ئەگەر بیانەوێ لە مەیدانی گەشەکردن و خۆشگوزەرانیدا پێش بکەون. بارزانی تەنیا داوای ئۆتۆنۆمی دەکا، واتە مافە سیاسیەکان لە چوار چێوەی حوکمێکی ناوخۆییدا و وەکو پاژێکی لە جیانەکراوەی کۆماری عیراق.

وێرای ئەوەی کە بارزانی کوردەکانی تورکیا و ئێرانی هەروەکو کوردەکانی عیراق لە دڵەوە خۆشدەوێ بەڵام بە زمانی ئەوانەوە قسە ناکا و بۆ دۆزەکەی خۆی ئەوە بە پەسەند دەزانێ و واشی بەلاوە باشترە کە ئەوان ئارام بگرن. بارزانی باوەڕی وایە کە ئەگەر لە هێنانەدی مافەکانی کوردی عیراق سەرکەوتنی بە دەست هێنا، ئەوا کوردەکانی تورکیا و ئێران دەتوانن داخوازییەکانی خۆیان بە شێوازی سیاسی ئاشتییانە بەدەستبهێنن.

من گومانم لەوە نەبوو کە پیاوانی بارزانی دەتوانن گرنگی بەهەر کەسێك بدەن کە سەردانی کوردستان دەکا. بەڵام لە بواری چارەسەرکردنی گیروگرفتی گەیاندن بۆ وڵاتەکەی خۆیان نەیاندەتوانی شتێکی زۆر ئەنجام بدەن. عەرەب و تورك و فارس پەردەیان بەسەر کورددا کێشاوە و تەم و مژێکی تەواو بەسەر

[6] بە دروستی یازدە ساڵ و چوار مانگ. (ج. ف)

کوردەوە هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەو پەردەیەشدا ئەوان توانیان چەندین کەس بپەڕێنەوە ناو وڵاتی خۆیان.

بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم گرفتە دەستم کرد بەتاوتوێ کردنی دەنگوباس و زانیاری لە هەر چوار وڵاتەکەوە کە دەرەتانی ئەوە هەیە پیاو بچێتە ناو کوردستانی عیراقەوە: تورکیا، سوریا، ئێران، دەوڵەتی عیراق خۆشی. تەنانەت بۆ سەردانی پیاوێك چوومە رۆما کەوام بیردەکردەوە دەتوانێ لە بڕینی ئەو لەمپەرەدا یارمەتیم بدا.

ئەو تاوتوێ کردنە، خەملاندنێکی کردەوەیی، لەمەڕ ئەو گۆشەگیرییەی کە کورد بە دەستییەوە دەناڵێنێ، دایە دەستم، گۆشەگیری کوردستان ئێستا لە بیروڕای مندا تەنیا ئەوە نییە کە کوردستان بەندەری دەریایی نییە و فڕۆکەخانەی نییە، بەڵکو رێگاکانی کوردستان لە لایەن سوپای عیراق و پاسەوانانی لەسەر هەست و ئامادەی سنورەکانی سوری و ئێرانی و تورکییەوە، گیراون. کەوابێ هەر بەسروشتی حاڵ چاوەڕوانی کردنی یارمەتی و کۆمەك لەو وڵاتەدا تەنیا لە کوردەکان خۆیانەوە دەکرێ. کورد تۆڕێك رێکخراوی نهێنی و هات و چۆیان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا کە من چەند کەسێکم بینی کە بە گەلی کورد سەرسام بوون و هەستی خۆشەویستییان بۆ کورد دەردەبڕی، بەڵام فەرمانێکی حکومەتم نەبینی ئارەزووی ئەوە بکا یارمەتی کورد یان هاوکاری من بکا تابگەمە لای ئەوان. وادێتە بەرچاوم کە کورد لەناو هەموو حکوومەتەکانی ناوچەکە تاکە دۆستێکیان نییە.

تورکیا و ئێران ئەوانەی چەندین نەوە لەگەڵ کورد جەنگاون، لەوە دەترسن شۆڕشی کوردستانی عیراق بەناو کۆمەڵگا کوردییەکانی ئەوانیشدا بڵاوبێتەوە کە لە وڵاتانی ئەواندا بەربەرین تریشە. من، ژمارەی کورد لە عیراق بە زیاتر لە دوو ملیون، لە ئێران بە سێ تا چوار ملیون، لە تورکیا پتر لە پێنج ملیون، لە سوریا بە زیاتر لە سێ سەد هەزار کەس دەخەملێنم کە بە درێژایی سنورەکانی باکوور و باکووری رۆژهەڵاتدا بڵاوبوونەتەوە. هەروەها کۆمەڵگا کوردییەکانی سۆڤێت



ژمارەیان دەگاتە سەد و پەنجا هەزار تا سەد و حەفتا هەزار کەس. سەرجەمی هەمووی دەبێتە زیاتر لە دە ملیون کەس[7].

ئارەزووی ئەمریکییەکان و بەریتانییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ یارمەتیدانم لە ئارەزووی فەرمانبەرە هەرێمییەکان زیاتر نەبوو. ئەوان لە سۆنگایی ئەوەی لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە پێکەوە لە پەیمانی ((سەنتۆ)) دان، وایان بیردەکردەوە کە دەبێ خۆیان لە تووڕەکردنی تورکیا و ئێران بە دوور بگرن.

لەو کاتەدا کە چەند گەشتێکم وەکو خۆ ئامادەکردن دەکرد، وەك راوێژی تایبەتی راوێژم بە ژمارەیەك فەرمانبەری وەزارەتی دەرەوە دەربارەی گشتەکەم بۆ کوردستان، کرد. ئامۆژگاری رەسمی ئەوان ئەوە بوو:

**مەچۆ، چونکە ئەگەر کەوتیتە تەنگانەوە حکوومەتی ئەمریکا ئیحراج دەکەی. ئەگەر بێ کێشەش گەیشتیتە ئەوێ ئەوا حکوومەتی ئەمریکا ئیحراج دەکەی. ئەگەر کەوتیتە بەر دەستی عیراقییەکانیش ناتوانین شتێکت بۆ بکەین. هەر چۆنێك بێ ئەم چیرۆکە ئەم هەموو خۆماندووکردنەی ناوێ.**

لەمەوە تێگەیشتم کە راوێژی من لەگەڵ فەرمانبەران دادم نادا چونکە ئەوان نوێنەرایەتی حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکەن. هەروەها ئیقراریان بەوەش کرد کە وڵاتە یەکگرتووەکان هەندێك نیگەرانی لە بەرامبەر شۆڕشی کورد هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەمریکییەکان چێژ لەوە دەکەن کەوا دابنرێت وڵاتەکەیان بەرگری لە پرەنسیپەکانی مرۆڤایەتی، دیموکراسی و مافی بڕیاردانی چارەنووس دەکا، لەگەڵ ئەوەشدا کورد نە هەر تەنیا لە عیراق، بەڵکو لە تورکیا و ئێران و سوریا هەیە و بە شێوەیەکی ئاشکرا و بێ نکوڵی لە زۆربەی هەر زۆری مافە

[7] کورد بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ژمارەیان دوازدە ملیونە. ویلیام ئیگلتون لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە کتێبەکەیدا کە لەم دواییانە دەرچووە ((کۆماری کورد لە 1946)) بە جۆرێکی تر ژمارەی کورد دەخەملێنێ و من ئەو ژمارەیە بە خەملاندنێکی نزم دادەنێم، ئەو دەڵێ ژمارەی کورد 6.5 ملیونە، لە تورکیا (2-3). لە عیراق (1.200.000). لە ئێران (1.500.000). لە سوریا (200.000) یەکێتی سۆڤێت (100.000) کەسە. (دانەر)

ئینسانی و رۆشنبیری و سیاسییەکان بێبەشن، کەچی دیپلوماتکارانی ئەمریکا واهەست دەکەن کە بەپێی ئەو پابەند بوونە گرێبەستییانەی ئەمریکا لەگەڵ تورکیا و ئێران بۆ یارمەتیدانی ئەوان، ڕێگای ئەوەیان لێ دەبەستێ هیچ شتێك بکەن، یان تەنانەت لە پێناوی یارمەتی دانی کورددا هیچ شتێك بڵێن یا تەنانەت هاوسۆزی خۆیان لەگەڵ کورددا دەربڕن.

لەگەڵ هەموو ئەو شتانەدا، هەستی من لەوەدا بە هەڵە نەچوو کە هاورێکانم لە وەزارەتی دەرەوە (وەك کەسایەتی خۆیان) گوێ بە نیگەرانی و گرنگی پێدانی وەزارەتی دەرەوە بەو پرسی ((ئیحراج)) کردنە نادەن. خۆشحاڵم بڵێم کە هەندێکیان مەسەلەکەی وا گرتبوو کە دەرەتانی ئەم جۆرە گەشتانە بۆ وڵاتێك کە بوونیان نییە، لە ئارادا هەیە و ئەگەرێکی گەورەش هەیە کە خۆشیان سەردانیان بکەن.

فەرمانگەی رۆژنامەکەشم لە نیویورك، هەروەکو خۆشم پێشبینیم کرد بوو، راوێژی بە وەزارەتی دەرەوە کرد بوو. ئەوانیش وەڵامێکی هاوچوونی وەڵامەکەی خۆمیان وەرگرتبوو و هەروەها دەرەنجامێکی دەقاودەقی ئەو دەرەنجامەشیان هەڵێنجابوو کە خۆشم پێی گەیشتبووم.

هەر بۆیە ئەو وریاکردنەوە رەسمییەم بە وەڵامێکی ناپێویست دانا. بۆ دڵنیایی خۆشم کە رۆژنامەکەم رەزامەندی لەسەر پرۆژەکەم هەیە لە هەنگاو نان لەسەر نەخشەکەی خۆم **لە پێناوی ئەوەی چیرۆکێك ببەمەوە کە پێموایە مەزنترین چیرۆکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چیرۆکی توندوتیژی و قارەمانێتی و دەسیسەنانەوە و پیلانگێری کە پیاوانی ئازا بە چانسێکی زۆر کەمی سەرکەوتنەوە پێی هەڵ دەستن، بەردەوام بووم. چیرۆکێك کە شوێنەوارێکی گەورەی لە کێشە و ملانێی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا هەیە.**

جگە لە هاوڕێ کوردەکان و ((تانیا)) دوو کەسی ترم لە نەخشەکەی خۆم ئاگادار کرد کە ئەوانیش یەکەمیان یارمەتیدەری خۆجێیم ((ئیحسان حیجازی)) کە لە کاتی دەرچوونم لە بەیروت، شوێنی کارکردنی من دەگرێتەوە. دووەمیان ئەمریکییەك بۆ ئەوەی بە دروستی جێگاکەم بزانێ و بە لای کەمەوە ئەگەر هاتوو کەوتمە ناو



((تەنگژە))وە بە وردی زانیاری هەبێ. هەروەها ((تانیا و حیجازی))م راسپارد کە هەر کەسێك پرسیاری منی کرد لە وەڵامدا بڵێن کە بۆ نووسینی چەند بابەتێکی زنجیرەیی چووەتە لیبیا. ((تانیا)) بە ئامادە نەبوونی من بۆ ماوەی دوورودرێژ راهاتبوو بەڵام بەپێی باوەڕی خۆم کەمێك دەترسا. هەروەها کوڕەکەشم ((دانا)) کە تەمەنی دە ساڵانە هەستی کرد بوو شتێکی نائاسایی لە ئارادایە. لە کاتی خواحافیزییدا بە نیگەرانییەوە پێمەوە نوسابوو، گوتی:

- باوکە دیارییەکم بۆ بێنە.

بە کەمێك دوو دڵییەوە وەڵامیمدایەوە کە هەوڵ دەدەم.

# بەشی دووەم

## لە نێو چیا کەس پێنەزانیوەکانی کوردستان

ئێوارەیەکی گەرم لە ئێوارەکانی مانگی تەمموز، لە شارۆکەیەك، لە وڵاتێکی دیاریکراو لە بەردەم پەنجەرەیەکی رووناك و بەرچاو کە لە هاتوچۆکەرانی سەرشەقامەوە دیاربوو، راوەستابووم. چاکەتەکەمم لەبەر کرد بوو، کە ئەوە نیشانەی ئامادەبوون بۆچوونە دەرەوە بوو، پاشان هاتمە خوارەوە بۆ سەرپێچی شەقامەکە و چاوڕێی پیاوێکم دەکرد بە پەلەپەل دەهات و رۆژنامەیەکیشی لەناو دەستی چەپیدا بوو، گوتی:

- بون جور

پاش ئەوە گەڕامەوە بۆ هوتیل و کەلوپەلەکانم کە بریتی بوون لە جانتایەك جل و بەرگی سوك و ئەسپابی سەفەری چیایی ((ئەلپ))[1]یانە، کۆکردەوە. لەبەردەم هوتیلەکە لە سیما و رواڵەتی کەسێکی بێباك و سەرگەردان دانیشتم و هەر بە دەمەوانەی شوشەکەوە دەستم کرد بە بیرە خواردنەوە. چاودێری ئوتومبیلێکم دەکرد کە هەمان پیاو خۆی لێی دەخوڕی. پاش چەند دەقیقەیەك ئوتومبیلەکە بە لێواری شۆشتەکەوە راوەستا، دەسبەجێ چوومە ناوییەوە و دەرچووین.

پاش ئەوە کەش و هەوای ((عەبا و خەنجەر))[2] رووی لە ئاڵۆزی کرد. ئەمە سەرەتای زنجیرەك هەڵەی پێکەنینهێنەر بوو کە لە کات و ساتی خۆیدا جێگەی گاڵتە و پێکەنین نەبوو.

سەرەتا رومان کردە ماڵێك کەس لە خەڵکی ماڵەکە لەوێ نەبوون، دووجار بە دەوری گەڕەکەکەدا سوڕاینەوە. من هەستم بە دەمارگرژیی شوفێرەکە کرد کە لەو کاتەدا سەیری ماڵەکەی دەکرد و چاوی لە ژوورەوە دەبڕی بەڵکو رووناکییەکی تێدا بەدی بکا. هیچ قسەی نەکرد و رووی کردە ماڵێکی تر کە یەکجار کۆن بوو و لەسەر

(1) ئەو کەرەسانەی کە شاخەوانانی چیایی (ئەلپ) بۆچوونە سەر چیا لەگەڵ خۆیاندا دەبیبەن (ج. ف)

(2) گوزارەی ((عەبا و جەنجەر)) ئاماژەیەکە پیلانگێران و تیرۆرکردن دەگرێتە خۆی، مانای کاروبارێکی نهێنی کە مەترسی پێوەیە. (ج. ف)



شێوازی (عەگادە)ی عەرەبی لە یەکێك لە کۆنترین گەڕەکەکانی شار بنیات نرابوو، منیش بەدوای کەوتم و چووینە ژوورێکەوە روناکییەکی کزی تێدابوو، کۆمەڵێك کتێب لەسەر رەفەکانی ژوورەکە تا بنمیچی بەرزی خانووەکە هەڵچنرابوون، رێبەرەکەم ئاورێکی لێدامەوە و بۆ یەکەمین جار بە ئینگلیزی هاتە قسەکردن:

- لێرە بمێنەرەوە.

پاشان بە خێرایی چووە دەرەوە، کوڕێژگەیەك هاتە ژورەوە تەمەنی چوار تا پێنج ساڵان دەبوو، دەستی کرد بە تەماشا کردنم، پیاوێکی پیر بە بێدەنگی هاتە ژوورەوە پیاڵەیەك قاوەی تورکی بۆ هێنام. پاشان سویچی رادیوکەی کردەوە تا بە زمانی روسی گوێ لە دەنگوباس بگرێ. ماوەی نیو کاتژمێرێك لە پشتەوەی ژوورێك لەسەر سەکۆیەك دانیشتم، سات بە سات زیاتر ترسم لێدەنیشت.

پاشان رێبەرەکەم گەڕایەوە و ئاماژەیەکی بۆ کردم کە دوای کەوم. چووینە ناو ئوتومبیلێکی دیکەوە و بە دەنگێکی سرتەوە گوتی:

- سەرت نزم کە، وابکە هیچ شوێنێکت بەدەر نەکەوێ. نابێ کەس من لەگەڵ تۆدا ببینێ.

پاشان بۆی روونکردمەوە کە ئەوە ماڵی باوکی بوو، بە سروشتی حاڵ دراوسێکان دەیناسن و لەوانەیە دەربارەی تۆ پرسیار بکەن. ئەو نەخشەی دانابوو بۆ چەواشەکردنی هەر کەسێك کە سەرنج بداتە دەرچوونم، ئوتومبیلەکە بگۆڕێ، بەڵام ئوتومبیلەکەی دووەم نەکەوتە ئیش.

پاش چەند کاتژمێرێك لەبەر هەیوانی ماڵێکی لادێیی، بۆ نانخواردنی ئێوارە، لاماندا. سفرە لەناو باخچەکەدا کە خانووی ماڵەکەی لە جادەکە نەدیو کردبوو، ئامادەکرا. دە یان دوازدە کەس لە دەوری سفرەکە کۆبوونەوە و بە دەنگێکی هێواش قسەیان دەکرد. منیان پێشکەشی خانەخوێکەم کرد. ئەو پیاوێکی گەورەی بەڕێز، پێشەوایەکی دیاری کوردەکانی ناوچەکە بوو، لە واقیعدا ئەو بەڕێزە لە کاتی بەڕێکردنمدا، بە بانگهێشت کردنی پیاو ماقوڵانی کوردی ناوچەکە، بەو شێوەیەی بە گونجاویان دانا، وەکو سەرەتای مەهامێکی مەزنی

وەکو ئەو مەهامە، خۆشی و ئێمەشی خستە بەردەم مەترسییەوە، ئەوان یەك بەدوای یەك بە گەرمییەوە تەوقەیان لەگەڵدا کردم و بە چەند قسەیەکی کورت تەئکیدیان بۆ دەکردم کە ئەوان و گەلەکەی ئەوان، بۆ هەتاهەتایە منەتبار و سوپاسگوزاری من و ڕۆژنامەکەم و وڵاتەکەمن لە بەرامبەر ئەو سەفەرە و ئەو کۆششە کە دەیکەم و ئەو مەترسییەش کە دێتە ڕێگام لە پێناوی ئەوەی ڕاستییەکان دەربارەی کورد بزانم. هەوڵمدا بە وەڵامێکی شایان بەو مەقامە وەڵام بدەمەوە، گوتم: ((بە پێچەوانەوە من خۆم بە بەختەوەر و شەرەفمەند دەزانم بەرامبەر بەو زەحمەت و ناڕەحەتیەی بەهۆی منەوە لە پێناوی ڕۆژنامەی ((نیویورك تایمز))دا هاتە ڕێگاتان)).

هەمووان دەماریان گرژبوو، هەر کاتێك دەنگی ئوتومبیلێك یان هەستی پێیەك دەهاتە بەرگوێمان بێدەنگ دەبووین. جاریك گوێم لە وشەی ((پولیس)) بوو، وادیارە ئەم وشەیە لەناو کۆمەڵێك زماندا باوە. هاوڕێ کوردەکانیشم گوێیان لێبوو. منیان بردە شوێنێکی تاریك تری ژوورەکە دوور لە دەرگای سەرەکی ماڵەکە. بەڵام وریاکردنەوەکە شتێکی خۆڕایی بوو و ئوتومبیلەکە دوورکەوتەوە. من هەرگیز لەوە نەگەیشتم بۆچی وشەی پۆلیس بەسەر زمانی ئەواندا هات.

هەرچەندە من زۆر لەوە گرژتر و سەرقاڵ تر بووم کە تامی خواردن بکەم یاخود هەقی خۆی بدەمێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵمدا ڕێزی ئەو خوانە بگرم کە بە خواردنی فرەجۆر و ڕەنگا و ڕەنگەوە ڕازابۆوە کە کورد زۆر بۆی سەودا سەرن. سەرنجمدا ئەوانی دیکەش وەکو من بە حەماسەت و ئارەزووەوە ناخۆن. خانە خوێکەم چرایەکی نەوتی کزی داگیرساند تا لەبەر ڕوناکییەکەی بتوانین دەست بگەیەنینە هەموو خواردەمەنییەکان. مریشك، گۆشتی مەڕ و برنج و باینجان و ترێ و هەنجیر و شیر و ماست و پەنیر و شیرنەمەنییەکی شەکرلەمەی زۆر. خوانێکی شاکار بە مەرامێکی پاك و بێگەردەوە پێشکەشکرا –بەڵام نەك بۆ ئێمەمانان.

کوڕێژگەیەکی بچووك هاتە ژوورەوە تا ئاگادارمان بکا کە ((پیکاب)) ئامادەیە. منیش ئامادەبووم چونکە وا باشتر بوو کە بڕۆین. لەو دەمەدا کە



خەریکی ئامادەکردنی شتەکانم بووم، هەستم کرد کامیراکەم ون بووە. لەناو ئوتومبیلەکەی پێی هاتبووم بۆی گەڕاین بەڵام بێهودە بوو، وادیاربوو لەناو ئوتومبیلی یەکەم کە شەوی ڕابردوو پێی هاتبووم، بەجێم هێشتبوو هاوڕێ کوردەکانم زۆر لە من پەشۆکاوتر بوون. یەکێکیان هاواری لێ هەستا و گوتی:

- کامیرا لە هەموو شتەکانی دیکە گرنگ ترە.

ئەو هەستێکی دەربڕی کە زۆر جاری تر لە کورد گوێم لێبوە، ئەویش ئەوەیە کە بەڵگەی فۆتۆگرافی ڕاستگوترین بەڵگەیە لەسەر بوونی ئەوان و داستان و شاکارەکانیان و تەرزی ژیانی ئەوان. هاوڕێ کوردەکانم لە کاتێکدا پەژارە دایگرتبوون، لەسەر ئەوە ڕێککەوتن هەوڵبدەن بیدۆزنەوە و لە پاشاندا ئەگەر دەرەتانێك بوو بۆم ڕەوانە بکەن، ئەگەرنا ئەوان کامیرایەك لەو جۆرانەی کە فلیمی زۆردەگرێتە خۆی لە جۆری (120) فیلمی، مانای هەر لەو جۆرەی کە خۆم هەڵم گرتبوو بۆم بکڕن.

پاشان لەگەڵ دوو لاوی کورد سواری ئوتومبیل بووم. لەسەر کورسی پیکابێکی خراپبووی کشتوکاڵی دانیشتم و لە تاریکایی شەودا بەرەو کوردستانی عیراق کەوتینەڕێ. مەکینەی ئوتومبیلەکە دەستی کرد بە سوڕانەوە و کەوتە ئیش. بە ئاراستەی ڕاست و بەدەستی باکوور دەهاتین و دەچووین. لەناوەڕاست دانیشتم و هەوڵمدەدا بەپێی توانا نەبینرێم و خۆم لەناو گوشینەکەدا نقوم کردبوو. هەرچەندە هەندێك کورد درێژی باڵایان دەگاتە درێژی باڵای من کە دەگاتە دوو مەتر و سێ ئینج، چاویان وەکو چاوی من شینە، بەڵام هێشتاش لەو ڕووەوە کە ریش و سمێڵی خۆم بە تەواوی تاشیوە، بە ئاسانی لەوان جیا دەکرێمەوە، چونکە ڕوخساری هیچ کوردێك نییە بێ سمێڵ بێت. ئەمە سەرەڕای ئەوە کە قاتێکی خەت خەتی ئەمریکم لەبەرکردووە و ئەوانیش تێکەڵێکیان لە جل و بەرگی ڕۆژئاوایی لەبەرە کە پێکەوە لێك نایەن. هەر لە چاکەتی چەرمییەوە بۆ هیلەگ و بۆ چاکەت و پانتۆڵی ڕەنگ تاریك لەوانەی پیاوانی

خاوەنکار لەبەری دەکەن. ئەوان وەکو ڕێسایەك بە هۆی قورسی زۆری قوماشی لە خوری چنراو و هاوینی گەرمی ئەوێوە جلی کوردی لەبەر ناکەن. هەروەها لە لایەکی ترەوە هەر کوردێك لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا ئەگەر بیەوێ ناسنامەی کوردێتی خۆی بسەلمێنێ مانای وایە بەدوا دەردەسەریدا دەگەڕێ. ئێمە لەمەڕ جل و بەرگەوە خراپ لە یەکتری حاڵی بووبووین، لە گوتوبێژی ئەو کۆمەڵەی کە لە بەیروت پەیوەندییان پێوەکردم واتێگەیشتم کە ڕێبەرەکانم لەوێ بەر لەوەی بگەینە سەر سنور دەستێك جلی نیشتیمانی کوردیم دەدەنێ. کاتێك لەبارەی ئەو پرسەوە هاوڕێکانم دواند پێیان گوتم کە ئەوان دەستێك جلی وایان نییە کە پڕ بە باڵای من بێ.

ئینجا لەبارەی ئەوەوە قسەمان کرد کە پێویستە وەڵامان چی بێ ئەگەر هات و پۆلیس رایگرتین یاخود لە خاڵێکی پشکنیندا راوەستاین. من بە هەموو پاکییەکەوە پێشنیارم کرد کە بڵێین من دەچمە سەردانی هاوڕێ کوردەکانم تابزانم چۆن دەژین. بەلام ئەوان بیرۆکەی ئەوەیان وەلانا کە ئاماژە بۆ کورد بوونی ئەوان بکا. ئەوان پێشنیاریان کرد کە بڵێین من هاتوومەتە ئەو دەوروبەرانە تا لە بارەی چیرۆکی لافاوێك کە لە جێگایەك لە نزیکی سنور روویداوە توێژینەوە بکەم. بەڵام ئەی بۆ بەو شەوە درەنگە سەفەر دەکەین؟

ئێمە کە خەریك بووین بیرمان لەو کێشەیە دەکردەوە سەیرم کرد شوفێرەکە لە ژێر زمانییەوە بڵمەبڵمێکی کرد منیش قیژاندم:

- گوتت چی؟

به هاوارێکەوە وەڵامیدایەوە کە ژاوەژاوی مەکینەی ئوتومبیلەکە دەنگەکەی شاردەوە:

- ئاه، هیچ نییە.

پاشان بە پەژارەوە درێژەی بە قسەکانیدا:

- پاش ئەوەی کە تۆ دەڕۆی، هەروەکو دەزانی ئێمە رووبەڕووی پۆلیس دەبینەوە. بەڵام ئێمە پێش ئەوەش گیراوین و لێمان دراوە ئەمەش سزای هەر کەسێکە کە کورد بێ.



ئەو تێبینیەم بۆیە گێرایەوە چونکە لەناو کوردا شتێکی نامۆ و نائاساییە. سکاڵاکردن و ترسان لە لای کورد شتێکی دەگمەنە و من هەستم بە کاردانەوەی هاتنەکەی خۆم بۆ لای ئەوان کرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کوردانە منیان دەویست. ئەوان ئەو پەڕی پێویستی، پێویستیان بە رۆژنامەوانێك بوو کە بێتە لایان و بیان بینێ. تەکانێکی توندی ئوتومبیلەکە رشتەی لێڕامانەکانمی پساند. هەستم کرد کە ئێمە لە جادەی سەرەکی لاماندا و چووینە سەر ڕێگایەکی خاکی پڕ لە کەندولەند. خێرایی خۆمان هێواش کردەوە و وەك تێگەیشتم هاوڕێ کوردەکانم دەربارەی ڕێگاکە، بە زمانی کوردی دەستیان بە گوتوبێژ کرد. تێگەیشتم ڕێگامان ون کردووە، ماوەیەکی کەم بەرەو پێشەوە چووین. پاشان لەبەردەم کۆڵیتێکی قوڕی لادێیدا راوەستاین. یەکێك لە دوو پیاوەکان دابەزی و دەستی بە لە دەرگادان کرد. شوفێرەکە کە تاڕادەیەکی باش ئینگلیزی دەزانی لێم پرسی ئایا لە خەو هەستاندنی خەڵکانێك بەو شەوە درەنگە کە نایان ناسین کارێکی هەڵە نییە؟ قسەکەی خۆم بەوە پاساودایەوە کە ئەو کارە گومانیان لا دروست دەکا. شوفێرەکە تەئکیدی بۆ کردم کە شتێك لە ئارادانییە جێگای ترس بێت ((.... ئەمانە هەموو کوردن و هەڤاڵی ئێمەن)) ئینجا لەسەری رۆیشت و گوتی: پێویستە ئارام دابنیشم چونکە وا پەسەندترە جوتیارەکە بەوە نەزانێ کە پیاوێکی بیانی لە نێو ئوتومبیلەکەدایە کە من لێی دەخوڕم. دووبارە دەستمان کردەوە بە رۆیشتن. بەڵام ئەو شەوە بۆ دڵنیابوون لە ئاراستەی خۆمان دوو جاری تریش راوەستاین جاری دووەم جوتیارێك بەدەم لەبەرکردنەوەی جلەکانییەوە بە جارزیەوە لە ماڵەکەی هاتەدەرێ و سەرکەوتە دواوەی ئوتومبیلەکە بۆ ئەوەی بەناو دەریایەکی بەردەڵاندا بەرەو کۆتایی مزڵگەکەمان رێ بەدێیمان بکا —بەڵام چۆن؟ ناتوانم پەی بەوە ببەم چونکە هیچ ڕێگایەکم لە پێش خۆمانەوە نەدەدی. هەر چۆنێك بوو دوای کاتژمێرێك گەیشتینە گوندی دیاریکراو. پیاوێکمان بینی بە چرایەکەوە لەبەر دەرگا راوەستابوو، پێدەکەنی. بەڵام بۆ بڕینی سنور ئەو شەوە وەخت یەکجار درەنگ بوو. ((ئێستا دووبارە رۆیشتن سودی نەماوە، شەو بەشی هەرە زۆری تێپەڕیوە)). ئەوە بڕیاری هەردوو هاوڕێکەم بوو. تەزوویەکی شادی بە

ناخمدا هات، چونکە زۆر شەکەت بووم. هەر ئەوەندە پاڵکەوتم بە هەموو جل و بەرگەکانمەوە لەسەر ئەو رایەخەکە لە دەرەوە لەسەر زەوییە خولاوییەکە بۆیان راخستم، خەوم لێکەوت.

لە بێدەنگیی شەودا دەبوایە چارەسەری کێشەیەك بکەم کە پاشان بۆم دەرکەوت مایەی ئیحراجێکی هەمیشەیی ئەو سەفەرە دەبێ کە ئەویش کێشەی چوونە سەر ئاوە. چوونە دەرەوەی شەوانەی من تەنانەت لەبەر روناکیشدا کارێکی قەدەغە بوو، لەو شوێنانەی کە دەکەومە بەرچاوی کەسانێك کەشتێك دەربارەی کارەکەم نازانن یاخود هەر خۆیان خەڵکانی جێگای متمانە نین یان بکەومە بەرهێرشی ئەو سەگە گەورانەی کە بۆ پاسەوانی راگیرابوون و شوێنیش نەبوو لێی نەبێ، دەبوایە یەکێك پێشم بکەوێ تاجێگایەکی زامنم بۆ دەدۆزێتەوە. کاتێك هەڵێکی گونجاوم بۆ دەهاتە پێشەوە دەمتوانیێ بۆ کاری پێویست واتە بۆچوونە سەر ئاو بچمەدەرەوە. پاسەوانەکانم دوور لەمنەوە رادەوەستان و پشتیان تێدەکردم. ((لە کوردستانی عیراق پاسەوانەکانم هەمیشە تفەنگیان هەڵدەگرت)).

بەماوەیەکی کەم پێش ئەوەی بەیان دابێت —خانە خوێکەمان هەڵی ستاندین، ئەو پیاوێکی دەم بە پێکەنین بوو. ئەو لەبەر دەرگا پێشوازی کردین بەڵام ئێمەی بردە ماڵێکی تر کە بە باوەڕی خۆی زیاتر جێگای دڵنیایی بوو. هاوڕێکانم وا دەهاتنە پێش چاو کە کەوتوونەتە نێو کۆمەڵە شەپۆلێکی جیا جیا لە دەمارگرژی، خاوبوونەوە و خەم ساردییەوە. هەر ئەوەندە چووینە ناو ماڵی خانە خوێ تازەکەمانەوە، داوایان لێکردم لەبەر پەنجەرەکە دوور بکەومەوە، ئەوان پەردەی پەنجەرەکەیان دادایەوە و دەرگاکەشیان داخست، بەڵام نیو کاتژمێری پێنەچوو دووبارە دڵخۆش بوونەوە بێ ئەوەی لە هۆیەکەی تێبگەم. دەرگاکەیان کردەوە و بەکراوەیی لەسەر گازی پشت مایەوە تا منداڵان بێنە ژوورەوە و بە تەواوی لە دەم چاوی ئەو بێگانە نامۆیە ورد ببنەوە.

دانیشتنەکەمان لەو ژوورەدا، هەروەکو دەیان هەزاری تر لەو ژوورانە کە لە وڵاتی کوردستان هەیە، ژوورێکی لاکێشەیی و بنمیچی نزم، زەوی ژوورەکە لە



خۆڵێکی کوتراوە بوو، سەربانی خانووەکە بە چینێك پلێت و خۆڵ کەبەسەر چەند دارکارییتەیەکەوە بوو داپۆشرا بوو. پەنجەرەی بچووك لە دوولاوە لەناو ئەو دیوارە گڵینانەدا هەبوون کە ئەستورییان یاردێك یان نزیك بە یاردێك دەبوو کە هەمیشە بە گەچی سپی سواخ دەدرێ، پەنجەرەکان بە شیشی ئاسن گیراون و هێڵەگیان لێدراوە بۆ ئەوەی مێش نەیەتە ژوورەوە.

دیوارەکان هەندێك کون و تاقیان تێدایە کە بۆ هەڵگرتنی کاغەز و کتێب و سینی یان شتی نوکتیژ وەکو چەقۆ و شتی تر بەکاردێ. پارچە قوماشی نەخشێنراو زۆر بەریکوپێکی بەسەر ئەو تاق و کونانەدا هاتۆتە خوارەوە. وێنەی لاوێك بە جلی سەربازییەوە لەسەر دیوارەکە هەڵواسراوە.

بە تێپەڕبوونی چەند هەفتەیەك نە تەنیا لەگەڵ ئەوە راهاتم بەڵکو وام لێهات هەمیشە بۆ وێنەی لاوێك کە لە جل و بەرگی سەربازیدا بی، دەگەڕام. کەجاریش واهەبوو نائومید ببم. لاوانی کورد لە خزمەتی سەربازیی تورکی یا ئێرانی یا عیراقی یا سوری بێ، ئەوا دەبینی کەس و کاریان هەمیشە بە شانازی و خۆنازینەوە، وێنەکانیان هەڵدەگرن. لەو ژوورەدا و لە زۆرانی دیکەش بەڵگە نامەیەکم دەبینی کە نیشانەی ئەوە بوو بە لای کەمەوە یەکێك لە ئەندامانی ئەو خێزانە پلەیەك لە پلەکانی رۆشنبیری بریوە کە شایانی ئەوەیە وەکو بەڵگەنامەیەکی رەسمی دانی پێدابنرێ.

هەرچەندە ژوورەکە لەو پەڕی و خاوێنیدا بوو، مشکێکم بینی لە کونەکەیەوە دەهاتە دەرەوە و دەچۆوە ژوورەوە. مریشکێك ناوە ناوە دەهاتە پێشەوە و کورکە کورکی دەکرد و بەدەوری ماڵەکەدا دەسوڕایەوە و دەهاتە نێو دەرگا کراوەکە، یەکێکیان هەڵدەستا دەری دەکرد. جارێکیان بزنێك هاتە ژوورەوە.

ژوورەکە جگە لە هەندێك رایەخ و سەرین، هیچ جۆرە کەل و پەلێکی ناوماڵی تێدا نەبوو. هەمووان چوار مەشقی لەسەر زەوی دادەنیشتن، ئەم جۆرە دانیشتنەم بە شەکەتکەر و وەڕزکەر دەهاتە بەرچاو. کوڕێك تەمەنی لە دەوری دوازدە ساڵان بوو هاتە ژوورەوە، مەسینەیەك ئاوی پێ بوو نێوان رایەخەکانی ئاوڕشێنکرد،

پیاوەکان ئاغزە جگەرەکانیان فڕێ دەدایە سەر زەوییەکە و یەکێکیان تفیشی لەوێ ڕۆکرد. بە هەرحاڵ خۆڵی زەوییەکە ئاوکێش بوو و ئاوی دەخواردەوە. کوڕەکە چووە دەرەوە. پاشان دووبارە بە سینییەکی گەورە هاتەوە ژوورەوە. پڕی سەر سینیەکە نانی ڕەق و پەنیر، قاپێك ماست و دۆلکەیەك ماستی ژەنراو کە بە کوردی پێی دەڵێن ((دۆ)) داناو بە هەمان پەرداخ بە ژوورەکەدا سوڕایەوە و بۆ هەر کەسێك پەرداخێکی تێ دەکرد. لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا هەڵم لە ((سەماوەر))ێکەوە بەرزدەبۆوە. یەکێك لە پیاوەکان لە پیاڵەی شوشەی بچووکدا چای تێدەکرد. ئەو بۆ هەر پیاڵەیەك سێ یان چوار کەوچك شەکری تێ دەکرد. چایەکە بەرادەیەك شیرین دەبوو دەتگوت شەربەتە.

هاوڕێکانم پاش ئەوەی تێر و پڕیان خوارد بە ئاسووردەیی لەسەر زەوی پاڵکەوتن. ئەوان لە ((کۆبوونەوەی خۆیان)) لە ئەڵقەیەکی پیاوانەی بێگەرددا کە یەك ئامانجی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، سەرگەرم بوون و هەستێکی هاوڕێیەتی و هاوسۆزییان هەبوو. منداڵە بچووکەکان لەبەر دەرگا ڕاوەستابوون و نە دەڕۆیشتن و زاتی ئەوەشیان نەدەکرد بێنە ناو کوڕی پیاوانەوە. ئافرەتەکان کە لە ئیش و کاردا شەکەت بووبوون بە چواردەوری ماڵەکەدا دەهاتن و دەچوون، ئەوان ڕووخۆش، دەم بە پێکەنین و ڕووخساریان بە دەرەوە بوو.

دەنگی ئوتومبیلێکی نەناسراو هاتە ناو گوندەکە و شەپۆلێك لە دەمارگرژی بەسەر کۆڕەکەدا هات. پەردە گوڵ گوڵیەکەیان بە تەواوی دادایەوە و دووبارە دەرگایان داخستەوە. بە خامۆشییەکەوە قیرەقیرِی مریشك و مراوی و جیکە جیکی چۆلەکان دەهاتە بەرگوێم. لە میانی پەردەکەوە لە کێلگەیەکی دووری گەنم بەو لاوە نەمدەتوانی هیچ شتێکی دیکە ببینم و چاو لە ئافرەتێك بڕوانم کە بە هێمنییەوە لەناو جل و بەرگی ڕەنگاوڕەنگی خۆیەوە، بە کراسێکی دامێن شۆڕی خەت خەت و پشتێنێکی سور و زەرد و شین و سەوزەوە بە هێمنییەوە دەڕۆیشت.

یەکێك لە پیاوەکان بڕیاریدا ئەگەر لە دەرەوەی گوندەکە بمێنێنەوە، سەلامەت ترە. بە ئوتومبیلێکی ((جیب)) چووینە سەر لێواری کۆمەڵێك دار ئەسپیندار کە



ماوەی سەد یاردەیەك لە ئاوێکی ڕێژەنەوە دوور بوو. لە ژێر سێبەری ساردی دەرختەکاندا، پاش گەرمی ناو کۆڵیتەکە هەستمان بە فێنك بوونەوەکرد. بەتانییەکانمان ڕاخست و بۆ مەلەکردن چووینە ناو ئاوەکەوە. لەو کاتەدا کە بازمدایە ناو ئاوەکە خەریك بوو پاژنەی پێم جەمان ببێ. زانیم لەو لێوارە قوڕاوییە زەحمەتە بتوانم سەربکەومە سەر لقە بەرزەکان.

من ئەوەم بە کارێکی لاملی و سەرکێشانە دەهاتە بەرچاو پیاوێك کە تووشی ترازانی ستونی بڕبڕەی پشت بووبێ و تازەش کەمەربەندی پشتی بەستبێ، بە سەفەرێکی ئاوا سەخت هەڵبستێ. من کە بە دکتورەکەمم گوت ناتوانم ماوەی دوو هەفتە لەناو جێگا و لەسەر گازی پشت پاڵبکەوم، فەرمانی پێدام کەمەربەندی پزیشکی لە پشتم ببەستم.

منداڵەکان چەند سەبەتەیەك مریشکی کوڵاو و برژاو و نانی تیری و ترێ و هەڵوژەیان هێنا. لەو کەش و هەوا لادێیەدا هەستم کرد زەحمەتە بتوانم ئەو بیرۆکەیە قبوڵ بکەم ((کە ئێمە لە یاسا دەرچوو)) بین، ئەویش نە بەو هۆیەی کە کارێکی هەڵەمان کردووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی خۆمان ئامادە دەکرد لە سنور بپەڕینەوە.

لە کاتێکدا لەناو پەڵەگەنمەکەدا دەستم بە ئاو دەگەیاند، یەکێك لە کوردەکان خۆی گەیاندە لام و پێی ڕاگەیاندم کە پێویستە لە جێگای خۆم بمێنمەوە. پیاوێکی نەناسراو لە دارستانەکەوە بەرەو ئێرە دێت و واباشترە کەنەت بینێ.

ئەو بە ئامۆژگارییەوە پێی گوتم:

- سەرت بۆ لایەکی تر وەرسوڕێنە. تۆ وەکو بێگانەیەکی بێگەرد دێیە بەرچاو. من وام پێم خۆشە سمێڵ دابنێی.

وەڵامیمدایەوە:

- ئەگەر ئەو کارە سودی هەبێ، خۆشحاڵم ئەو کارە بکەم.

کۆمەڵێك ئافرەت، لەو گردەی پشتمانەوە کە بەسەر ئێمەدا دەیڕوانی، شۆڕدەبوونەوە. دووبارە داوایان لێکردمەوە سەرم بۆ لایەکی تر وەرسوڕێنم. لەناو

مێشکی خۆمدا تێبینیەکم لەباری دەروونی خۆم کرد کە ئەویش ئەوەبوو هەستم بە ترسێکی زۆر نەکرد.

هاوڕێکانم لە ریزی پیاوانێك بوون کە جێگای متمانە بوون. ئەوان پیاوانێکی بەهێز و خاوەن توانایەکی مەزنی دان بەخۆداگرتن بوون و دەماریان لەو پەڕی بەهێزی دابوو و تاڕادەیەکی گەورە دڵیان باش بوو. لەو ماوەیەدا کە لە حاڵی چاوەڕێدا بووم هەستم بەترس دەکرد بەتایبەتی پێش دەست پێکردنی گەشتەکەم بە چەند هەفتەیەك. ئێستا کە هاتووینە ناو گەشتەکەمانەوە دڵەخورپە و دڕدۆنگی زۆر بە کەمی نەبێ جگە لە کاتی بێدەنگی شەو، بەلامدا نەهاتۆتەوە.

ڕەشەبایەك لە چیاکانەوە لە دووری مەودایەك لێمانەوە، کە وەك هەورێکی گەورە لە تۆزوگەرد دەبینرا، هەڵی کرد و بەرەو رووومان هات و چەند شەپۆلێکی گەورە لە ڕەشەبا هات و گەڵای درەختەکانی راماڵی، بەڵام چەند دڵۆپ بارانێکی کەممان بەرکەوت.

بڕیار وابوو ئەو شەوە لە سنور بپەڕینەوە بەڵام بە هۆی ئەوە کە رێگامان هەڵە کرد بوو، رۆژێکی تەواومان لە دەست چوو. لەبەر ئەوە ناچاربووین چەند کاتژمێرێکی تر چاوەڕێ بکەین. وامان چاوەڕێ دەکرد هەندێك داو و دەرمان و ئامێری کامیراکەم و هەروەها پیاوێك کە ئەگەر بهاتایە دەبوو بە وەرگێرم، پێمان بگا. داوایان لە من کرد لە ژوورەکەی تەنیشتەوە پاڵ بکەوم بەڵکو چەند کاتژمێرێك خەوم لێ بکەوێ، تا ئەو کاتەش ئەوان لە ئامادەکردنی هەموو شتێك بۆ بەرێکەوتن لە وەختێکی پێش بەرەبەیان، لێدەبنەوە.

کاتێك لەخەو هەستام دەمی بەرەبەیان بوو، گوێم لە دەنگی هیچ جوڵانەوەیەك نەبوو، ڕەشەباکە شکا بوو. جگە لە دەنگی هەناسە و پرخەی خەوی قووڵ هێمنییەکی تەواو بوو.

هەستێکی لەناکاو دایگرتم کە من بە تەنیام، هەموویان بەجێیانهێشتووم. تۆ بڵێی هەموویان رۆیشتبن و دوای ئەوە کە بۆیان دەرکەوتووە بارێکی گرانم بەسەر شانیانەوە و ناتوانن لە عۆدەی ئەو لێپرساوێتییەوە بێن، بەجێیان هێشتبم؟



دانیشتم و گوێم شل کرد. دەمارەکانم پەشۆکاو بوون. ((جۆرج پولك George Polk))م هاتەوە بیر ((ئەو پەیامنێری هەیئەی تەلەفزیونی کولومبیا بوو، لە هەل و مەرجێکی نادیاردا لە ساڵی 1947 لە کاتێکدا هەوڵی دەدا لە سلانیك لە یونانەوە بۆ سەردانی (مارکوس) پێشەوای پارتیزانە کۆمۆنیستەکانی یونان، بچێتە چیاکانی یۆنان کوژرا. بیرم هاتەوە کە من بەر لە ماوەیەکی کەم ((پولك))م بینی بوو پێش ئەوەی بۆ ئەو گەشتەی بەڕێ بکەوێ)).

ختووکەی ئەوەم بە بیرداهات ئەگەر هات و پۆلیس دەوری ئەو خێزانەی گرت و پێویست بێ لە نێوان پاراستنی من و سەلامەتی خۆیان سەر پشك بن، ئەو خەڵکانە لە نزیك سنور دەژین و پێشتر تووشی گیروگرفت هاتوون، ئەوانە مانای گرتن و دەستگیر کردنیان لە حاڵی ئەنجامدانی تاوانی دالدەدانی پیاوێکی بێگانە کە هەموو بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دەیەوێ بەشێوەیەکی نایاسایی لە سنور بپەڕێتەوە، تێ دەگەن.

جارێکی تر لە دوورەوە گوێم لە دەنگی ئوتومبیلێك بوو لێمان نزیك دەبۆوە. پاشان راوەستاو دەرگاکەی کرایەوە، پیاوەکان بە دەنگی نزمەوە قسەیان دەکرد. لە ژووری تاریکەکەوە چوومە دالانەکە و یەکێکیان ئاوڕی لێدامەوە و بە لێبوردنەوە گوتی:

- دووبارە وادەکەمان تێپەڕی.

تێگەیشتم زیاتر لەوەی کە خۆی پێش بینی کردبوو، کاتیان بۆ پەیداکردنی وەرگێر بەفیڕۆدرابوو.

- لە واقیعدا دەبێ بە خێرایی لێرە برۆین و پێش بەرەبەیان لە ئەڵقەی مەترسی بتبەینە دەرەوە.

بەو شێوەیە دەبوو دوور لە چاوی خەڵك رۆژێکی دیکەش بەڕێ بکەین، ئەوە هەموومانی بێزارکرد بوو. دەبوو جێگایەکی دیکە بۆ خۆمان بدۆزینەوە. جێگایەکی دڵنیاتر بێ و لە گوندەکەشەوە دوور بێ.

له دواییدا رایان لەسەر پەڵەیەکی دوورەدەستی کێڵگە گەنمەکە، کە بە دەگمەن ڕێکدەکەوێ کەسێك بە لایدا تێپەڕێ، ساخ بۆوە. یەکێکیان گوتی:

- تۆ دەبێ چەند کاتژمێرێکی کەم لەبەر گەرما بەسەر بەری، بەم شێوەیە لە سەرنجی خەڵك بەدوور دەبی.

دووبارە بە ((جیب))ێك بەسەر زەوییەکی سەخت و پڕ لە چاڵ و کەند کە بەردی زۆر بەسەر ڕێگاکەیەوە بڵاوببوونەوە، کەوتینە ڕێ. چەند کێڵگەیەکی بەرین و بەربڵاومان لە گەنم بڕی، گوڵە گەنمە پڕ و قەڵەوەکانی بەدەم باوە کەروێشکەیان کردبوو.

ئێستا ((ئاپو جومرد))ی پیر، کە بڕیاروایە ببێتە وەرگێڕی من، گەیشتۆتە لامان، لەوەی کە زمانی لەناو دەمیدا ڕانەدەوەستا ببووە مایەی بێزاری ئەوان. ئینگلیزییەکی کەمی دەزانی، بەڵام بە فەرەنسییەکی باش و بە زاراوەیەکی ئەستەمبوڵی بەهێزەوە قسەی دەکرد. ئەو بەبێزارییەوە دەستی کرد بە درکاندنی گومانی خۆی - کە زەحمەتە بتوانێ لەگەڵ ئەو قاچە درێژانەی مندا ڕێ بکا. ((ئاپو جومرد)) یاری بە تەسبیحە دەنك زەردەکەی دەکرد. یەکێکیان ئاگاداری کردەوە کە دەنگی خۆی نزم بکاتەوە. ئاپو جومرد هەوڵیدا بە دەنگێکەوە کە نزم و هێواش بێت قسە بکا. ئەو دەستی کرد بە گێڕانەوەی چیرۆکی درێژی ئەو ماوەیەی کە ژەنراڵ بارزانی لە یەکێتی سۆڤێت بەسەری بردووە و مێژووی کورد و تاقیکردنەوەی تایبەتی خۆی لە نەبەرد لەگەڵ تورکاندا دەگێڕایەوە. گوتوبێژەکانی ئەو، منی گەیاندە ئەو باوەڕە کە تێبگەم ئەم شۆڕشەش ڕووداوێکی دیکەیە لە پرۆسەی گەشەکردنی جوڵانەوەی نەتەوایەتی کورد. ئاپو جومرد حەزی دەکرد ئەو هۆشیارییە نەتەوەییەی کە لە کۆتایی سەدەکانی ڕابردوو، گەشەی کردووە و بەخۆ داهاتووە، بەو دەوڵەتە بچووکە کوردییانەوە کە لە سەدەکانی ناوەڕاست و پاش ئەوانیشەوە هەبوون و نیمچە ئۆتۆنۆمییەکیان هەبووە گرێبداتەوە. بنەماڵەی ئاپو جومرد و هاوڕێکانی پەیوەندی خزمایەتییان لەگەڵ ئەو بنەماڵانەدا هەیە کە فەرمانڕەوای ئەو هەرێمە کوردییە نیمچە سەربەخۆییەیان کردووە کە لە



چوارچێوەی ئیمپراتۆری عوسمانی دابوون. ئەو بۆ خۆی لە دەوروبەری ساڵی 1910دا بەشداری لە دامەزراندنی کۆمەڵە سیاسییە کوردییەکان کردووە هەموو شتێك لەو پیاوەدا تێکەڵ بە نەتەوایەتی کورد و مێژوو دەبۆوە.

وام لێهات ئەو پیاوە پیرەمێردەم خۆش بوێ. ئەو لە قسەکردن نەدەبۆوە. بەڵام گوتوبێژی ئەو زانیاری دەوڵەمەندیان تێدابوو و پڕاوپڕ لە شادی بوون، قاقای پێکەنین بەنێو قسەکانیدا دەهات و نوکتەی خۆش و بەتامی بە دوادا دەهات. گوێ گرتنم لەو پیاوە هەستی نامۆبوونی، کە لەو ماوەیەدا بە هۆی دواکەوتنی ڕۆیشتنەکەمان دایگرتبووم، لەسەر سەرم سوك کردبوو. بەڵام هەستم بە لاوازی و سستی دەکرد. شەکەت بوون و گەرما، خواردنی نامۆ کە مێشاویش بووبوون، کاریان لە ریخۆڵەکانم کرد بوو. سندوقی دەرمانەکانم هێنایە دەرەوە و یەکەمین قومم لە زنجیرەیەکی درێژ لە دەرمانی ((سلفا گوانیدین)) دەست پێکرد.

هەر کە خۆر لە ئاسمان بەرزبۆوە هاوڕێ کوردەکانم لە ناوەڕاستی کێڵگە گەنمە بەرینەکەدا سێبەرێکیان لە قوماش بۆ هەڵدام. هەندێکمان لەسەر بەتانیەکان لە ژێر خێوەتەکە پاڵکەوتین و لەگەڵ ئەو مێرووانەدا کە وازیان نەدەهێنا کەوتینە جەنگێکی بێهودەوە. هاوڕێکانی دیکە بۆ لێکردنەوەی تەماتە و خەیار دەستیان بە گەڕان و سوڕان کرد. ئەو بەروبوومانە هیچیان پێ نەگەیشتبوون. بەڵام من گوێم نەدایە و خواردم. ئێستا ڕقم لەوە دەبێتەوە کە بڵێم نەخۆشم.

کە لە ژێر خێوەتەکەدا پاڵکەوتبووم هەستم دەکرد سات لە دوای سات وەزعم خراپتر دەبێ. تەنیا ئەوەندەم لە دەستدەهات بیر لەوە بکەمەوە باشە بە ڕاست، ئەگەر تەواو نەخۆش کەوتم چیم بەسەر دێ. کورد دەتوانن چیم بۆ بکەن؟ ئەگەر ئێستا بمبەنەوە بۆ ئەو جێگایەی لێوەی هاتووم ئەوا هەموو نەخشەکە ئاشکرا دەبێ و هەموو ئەوانەی بەشدارییان تێداکردووە دەکەونە مەترسییەوە. ئەگەر درێژەشمان بە سەفەرەکەماندا ئایا دەزگا تەندروستییەکانی ژەنراڵ بارزانی دەتوانن چارەسەم بکەن؟ ئاخۆ بە هەرحاڵێکەوە بێ دەتوانم سەفەر بکەم؟

وەرگێڕە نوێیەکەم منی لەو لێڕامانە ڕەشانە هێنایە دەرێ. ئەو پیاوێکی[3] ئەوەندە شاکار بوو کە بوونی وی لەگەڵ مندا جێگای باوەڕ نەبوو و تەمەنی دەگاتە حەفتا و دوو ساڵ و لە ((لوقمان حەکیم ترە))، لە هەموومان پتەوتر و خۆراگرترە. ئەو ئەوەندە چیرۆکی بۆ دەگێڕامەوە کە بڕانەوەیان بۆ نەبوو و منیش ئازارم دەچێشت. ئەو شیعرێکی هەژار[4]ی شاعیری بۆ خوێندمەوە کە تێیدا ئافرەتێکی کورد منداڵەکەی دەلاوێنێتەوە کە بە قۆنداغەیەکی توند شەتەك دراوە:

**ڕۆڵە! ڕووناکی گلێنەی چاوم　　بەندی جەرگ و دڵ، هێزی هەناوم**
**ڕیحانەی بۆنخۆش سوورە گوڵەکەم　　ئاو پڕشکێنی کوڵی دڵەکەم**
**چۆڵەمەی ئەستۆم ڕەگی حەیاتم　　هەنگوین و قەندم نوقڵ و نەباتم**
**خەوی خێرت بێ بنوە درەنگە　　تاکەڵەبابی بەیان بێدەنگە**
**هەی لای لایە ڕۆڵە لای لایە　　ئەمشە و بەزەیت بە مندا نایە**
**ژیر بەوە ڕۆڵەی ژیر و جوانم　　لە داخی لانک دەگری دەزانم**
**دەڵێی بۆ حەپسم بۆ دەستە بەستەم؟　　بەو بەند و حەپسە من جەستە خەستەم!**
**لە نێو کورد نەبێ دەسرازە نییە　　ئەم بەند و قفڵ و قەرازە چییە؟**
**کوڕم من بیرم لە تۆ زیاترە　　دەسرازە و لانک بتبێ چاترە**

**هەی لای لایە ڕۆڵە لای لایە**
**گوێگرە پێت بڵێم لەبەرچی وایە**

---

[3] ئاپۆ جومرد ئێستاش ماوە. ناوی ڕاستەقینەی ئەو ئەکرەم بەگ کوڕی جەمیل پاشای دیاربەکرییە و ئێستا لە سوریا دەژی. (ج. ف)

[4] شیعرەکانی هەژار بە ئازایەتی و بیروڕایەکی گەورەی ئازادانەوە دەناسرێتەوە. ئەم پارچەیە لە هۆنراوەکانی سەردەمی خوێن گەرمی لاوێتی ئەوە. ئێستا لە عیراق دەژی. ئەو لە کۆنترین ئەندامانی کۆمەڵەی (ژێکاف)ە لە مهاباد کە پاشان بوو بە حیزبی دیموکراتی کوردستان. بڕوانە وەرگێڕدراوەکەی ئێمە بۆ کتێبی (جمهوریە مهاباد. بیروت 1970). (ج. ف)



**ڕاستە تۆ نەوەی شێری ژیانی　　نەتەوەی پاکی گەلی کوردانی**
**بەڵام چونکە کورد ئەمڕۆ بێکەسە　　بەشیان لە دنیا کۆت و مەحبەسە**
**بۆیە دەتپێچم تاخووی پێبگرێ　　نەك تا من ماوم لە بەندا بمری**
**بۆ چارە ڕەشیت نەماوە تینم　　هەر پێم خۆش نییە مەرگت ببینم**

**هەی لای لایە ڕۆڵە لای لایە**
**هەزار تێبینی دوا ڕۆژم لایە[5]**

یەکێك لەو کوردانەی خەڵکی ناوچەکە کە لەگەڵماندا بوو ڕادیویەکی ترانزیستۆری پێبوو، ئیستگەی بەغدای کردبۆوە. ئەو لەگەڵ کوردێکی دیکە کە لە پەڕینەوەی سنور هاوڕێمان بوو، دەربارەی بەهای مۆسیقای کوردی کە حکوومەتی بەغدا بڵاوی دەکاتەوە گوتوبێژیان بوو. هەندێکی تریش کە ناسنامەیانم نەدەزانی لەوێ خەوتن. یەکێکی دیکەی لێ بوو کە بە زیپك و شەوقی هونەرمەندێکەوە لە کاغەزەکانی ناسنامەکەی دەکۆڵییەوە. گەرما بە ڕادەیەك بوو تەحەمول نەدەکرا، خێوەتەکەش سودی نەبوو. دەنگە دەنگی منداڵەکان بێزاریان کرد بووین، بەڵام زۆری نەبرد لەوێ نەمان.

((ئەحمەد توفیق)) سەرۆکی ئەو کوردانە بوو کە لەگەڵماندا بوون. ئەو لاوێکی خاوەن خەسڵەتی جوان و شاکارانە، پێشەنگکار و بەدەست و برد، بە هەڵمەت، دڵ پاك و لە سەرووی هەر شتێکیشەوە زیرەك بوو. ئەگەر کەسێکی نەناسیاو دەهاتە ناو گەنمەکەوە داوای لێدەکردم خۆم بشارمەوە رووی خۆم بەرەو لایەکی دیکە وەربگێڕم. پاشان دەچووە لای و بەلێزانی و فێڵبازی خۆی، کە من زۆر پێی سەرسام بووم، کابرای نەناسراوی چەواشە دەکرد و بەلایەکدا بەڕێی دەکرد و کابرا دەڕۆیشت. ئافرەتێکی قەڵەوی ناسك و ڕووخۆش کە خۆشەویستی دایکایەتی تێدا

---

[5] لای لایێ: شیعری هەژاری موکریانی کە لە ساڵی 1944 لە بۆکان نوسراوە و ساڵی 1945 لە ((ئاڵەکۆك))دا چاپکراوە. بڕوانە: (هەژار بۆ کوردستان). (و. ك)

بەدی دەکرا، لەسەر وەختی عەسردا دەهاتە لامان و خواردنی بـۆ دەهێنـاین، مـن چێژم لە هاتنەکەی دەکرد و زۆر حۆشحاڵ دەبووم. ژنەکە منداڵێکی تەمـەن حـەوت سالآنەی لەگەڵدا بوو. ئەحمەد کە هۆگری منداڵان بوو دەیهێنایە لای خۆی و قسە و باسی لەگەڵدا دەکرد و بە هەموو ساکارییەوە لێی دەپرسی:

تۆ کوردی؟

- بەڵی من کوردم.

ئەحمەد لێی دەپرسی:

- کێ پێشەوای کوردە؟

منداڵەکە دیسان بە وەڵامێکی راست دەیگوت:

- مستەفا بارزانی.

ئەحمەد باوەشی بە کوڕەکەدا دەکرد و ماچی دەکـرد. منداڵەکـەش بـە مـاچ کردنی دەستی ((ئەحمەد)) وەڵامی دەدایەوە. ئینجا لێی پرسی:

- دەتوانی گۆرانییەکی کوردیمان بۆ بڵێی؟

کوڕێژگەکە دەستی کرد بە گۆرانییەك کەوا بەخەیاڵـدا هـات ئـەوە سـرودە و چەندین جار ناوی بارزانی تێدا دووبارە بـۆوە. ((ئـاپو جـومرد)) سـرودەکەی بـۆ خوێندمەوە و پاشان داوام لێکرد کە بۆم وەربگێڕێ کە ئەمەی خوارەوەیە:

مزگێن.. مزگێن گەلێ کوردان
رۆژی کوردستانێ هەلآت
بەرزانی هاتە نیشتیمان
شێر هات وەلات، شێر هات وەلات
چیای زاگروس بێدەنگ مابوو
باخچە و باخ بێ رەنگ مابوو
ئەو مەیدانان بێ جەنگ مابوو
ئازادبوویە سلێمانی
سبەی دەڕوا موش و وانی



مەهاباد و سنە و بانی
لناڤ باغان رەیحان و گوڵ
ل سەر شاخان شالوول، بولبول
بکەن، بخوین، غەم چوو ژ دل
روژا کوردستانی هەلآت
مزگێن ل وە بارزانی هات

هەر کە خۆر بەرە و ئاوابوون لار بۆوە هەستم کـرد باشـتر دەبم. ئـاپوجومرد دەسـتی کـرد بـە سـەرکۆنەکردنم چـونکە بـە نیـوە رووتـی لـە بـن خێوەتەکـە پاڵکەوتبووم. گوتی تۆ توشی ((سەرمابردوویی)) دەبـی. مـن لام وایـە دەیزانـی وەزعم باش نییە. کوردەکان لە هەندێك کاروباردا زۆر خۆ دادەپۆشن. نەریت لای ئەوان ئاوایە و ئەمەش یەکێکە لـە تایبەتمەندییـەکانی کـورد، ئـەوان لـە کـاتی میزکردندا بەسەر چیچکانەوە دادەنیشن و بەپێوە راناوەستن. ئەگەر یەکێکیان لـە رووبارێکی ناوچیاشدا مەلە بکا، کە لەوێ ئەگەری بەرچاوکەوتن هەیـە، دەبینـی هەمیشە دەستی چەپی بەنێو رانییەوە گرتووە.

کاتێك خۆرمان لێئاوابوو لەناو گیلگە گەنمەکە هاتینە دەرەوە و بەرەو لێواری رووبارەکە شۆڕبووینەوە و لەوێ بە ئـاوی سـاردی رووبارەکـە قاچـەکانمان فێنـك کردەوە. پاشان بە رێگایەکی پێچاوپێچدا لەبـەر بـولێڵی ئێـوارە گەڕاینـەوە نـاو گوندەکە و چاوەڕێی ئەو ئوتومبیلانە بووین بەرەو رێگای خۆمان بمان گوازێتەوە.

لەبەر ماڵەکانی گوندەکەدا ((ئەحمەد)) لـەناکاو خـەیاڵێکی بـەبیرداهات لـە چوونە ناو دێ پەشیمان بۆوە ئێمە لە ماڵەکان دوورکەوتینەوە و روومان کردە ناو کێلگەیەك و لە پشت دەغڵەکە خۆمان نەدیوکرد، ئەحمەد گوتی:

- واباشترە ئەلێرە چاوەڕێ بین.

پاشان لەگەڵ چەند کوردێکی دیکەدا بـە پەلـە رۆیـشت، وادیـارە شـتێکی جاڕزکەر روویداوە. ئەوان هەمیشە هـەموو شـتێك بـە مـن نـاڵێن ((ئەحمـەد))

گەڕایەوە لای مـن و ((ئـاپوجومرد )). ئێمـە کـە خۆمـان لـە پـشتی دەغڵەکـە شاردبۆوە، ئەحمەد بەزاراوەیەك کە فـەرمانمان پـێ بکـا داوای لێکـردین هێمنـی خۆمان بپارێزین. پاش ئەوە چەند دەنگێکی گەورەمان لە ئاقاری گوندەکە هاتـە بەر گوێ (ئەحمەد ) و یەکێکی تر بە هەڵـەداوان چـوونە پـێش ئەوانـە کـە بـەرەو روومان دەهاتن. گوێم لە دەمە تەقێ یەك بوو چەند جارێـك وشـەی ((شمیـدت)) پاشان ((مستەر دانا ))ی تێدا دووبارە دەبۆوە. وادەردەکەوت یەکێکیان توڕە بووە پاشان هەڵچوونەکە نیشتەوە و ((ئەحمەد )) گەڕایەوە لامان و گوتی: بابڕۆین.

چەند دەم و چاوێکی دیکەی نوێ لـە گـەڵمان هـاتن. دەم و چـاوی دوور لـە زەردەخەنە و رووخۆش نەك لە بابەتی ئەوانی تر کە لەگەڵمان بوون. ئێستا بـەبێ دەنگی بەڕێدا دەڕۆین. گەیشتینە جێگایەك چـەند ئوتـومبیلێکی ((جیـب)) لـە کۆتایی گوندەکە راوەستابوون. ئێمە سوار بووین و کەوتنیە رێ. مانگ پرشـنگی دەدایەوە، شەوێکی جوان بوو. ئێمە لـە دووری چـەند میلێکـەوە دەشـبینراین و دەشمان بینی، لە دڵی خۆمدا پرسیم، بۆ چی چـاوەڕێیان نـەکرد تـا مـانگ ئـاوا دەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆشحاڵ بووم پاش ئەو چاوەڕێ کردنە سەفەرەکەمان دەستی پێکرد. دەربارەی چۆنیەتی چوونمان و ئەو رێگایەی کە پێیدا رۆیشتین هیچ نالێم و هیچ ناگێڕمەوە، نەوەکو شتێك بدرکێنم و رێگاکە ئاشکرا بکەم[6].

---

[6] ئێستاش ئەوە لەبەر چاوەگرین کە هێشتا ناوی رێگاکە نهێنییە هەر بۆیە ئێمەش نهێنییەکە وەکو خۆی دەهێڵینەوە و ئاشکرای ناکەین. (ج. ف)

# بەشی سێیەم

# دواجار کوردستان

پاش چەند کاتژمێرێك، چەندین کاتژمێری زۆر و زەوەندە هەروەکو بەلای منەوە وادەردەکەوت، لەسەر بەرزایی گردێکی گەورە لە بەردی وردوخاش بوو، لە حالێکدا کە هەناسە بڕکێمان بوو و لە تینوان زمانمان هاتبووە دەرێ، لە ژێر رووناکی مانگ پاڵکەوتین. ئێستا تەنیا ئەحمەد توفیق و ئاپو جومرد و دوو پاسەوان و من ماوینەوە. ئەوانی تر لە بن گردەکە بەجێیان هێشتین و بە رێگای خۆیاندا گەڕانەوە ((ئەحمەد)) هەر لەسەر گردەکەوە یەکێك لە پاسەوانەکانی لە پێش ئێمەدا ناردە رەشماڵێکی کورد تا ئێستر پەیدا بکا. ((ئاپو جومرد)) لەگەڵ ئەوەشدا بە دەست پیری و دەرەنجامەکانییەوە سکاڵای دەکرد، بەڵام بەهەمان چاپوکی منەوە سەرکەوتە سەر گردەکە. ئەحمەد بە سوکییەوە دەستی کرد بە کردنەوەی سەری مەتارەی ئاوەکەی من کە پێشتر پڕی کرد بوو لە ئاو و لەوێسکی وایت لیبلی ئسکوجی. رۆژی پێشوو کە لە ژێر سێبەری چەترە قوماشییەکەدا خۆمان شاردبۆوە، ئەحمەد سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بنێرێ چوار پاکەتی پێنج دانەیی لە وێسکی سکۆتلەندی بکڕێ. ئەوە بوو ئەندامانی دڵسۆزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی راسپاردوو ئەوان گەڕابونەوە بۆ نزیکترین شارۆکە و لەگەڵ هەندێك پێویستی تردا کڕیبوویان.

پاش ئەوەی خۆمان بە ((وایت لیبل)) ئاسودە کرد، من و ئەحمەد پاڵکەوتین و چاومان لە ئەستێرانەوە بڕی، دەستمان کرد بە جۆرە پرسیاری ئەو تۆ کە تەنیا لەو بار و وەزعانەدا بە بیراندا دێن:

((یەکەم جار کە منت دی رات بەرامبەر من چۆن بوو))؟

((بۆچی بڕیارتدا لەگەڵمان بێی))؟

((ئاپۆ جومرد)) ئاخ و ئۆفی دەخواردەوە و گوێی لە ئێمە راگرتبوو، ئەو نزیکی وێسکی نەدەکەوتەوە. ئەو، هەروەکو زۆربەی کورد مەی ناخواتەوە نەك وەکو ئەحمەد کە شەڕابییە. بە باشترین شێوە کە لە توانام دابوو، وەڵامی پرسیارەکانی ئەحمەدم دایەوە.



مرۆڤ لەو جۆرە هەلومەرجانەدا پترخوازیاری دڵنیاییە لەوەی کە خوازیاری راستی بێ. بەڵام من دەمتوانی راستییەکان بەو بڵێم کە ئەویش ئەوە بوو من هەر لە هەوەڵڕا بە دەسپێشکەری و دڵسۆزی وی سەرسام بووم. بەڵام دەربارەی هۆیەکانی هەستانم بەو ئەرکە گەورە، بیرم کردەوە کە هۆیەکانی تێکەڵن. پێم گوت کە پاڵنەرێکی رەسمی هەبوو کە ئەویش ((نیویوریك تایمز)) بوو، سەرەڕای بوونی پاڵنەرێکی تایبەتی. یەکەمیان ئەوەیە کە رۆژنامەی ((نیویورك تایمز)) باوەڕی بەم جۆرە شتە هەیە. لە کاتی خۆیدا کەسێکمان بۆ بە دواداچوونی ((کاسترۆ)) کاتێك لە چیاکانی کوبا لە جەنگدا بوو ناردە ئەوێ. هەروەها پیاوێکمان ناردە ناو پارتیزانە جەزائیرییەکان لە کاتێکدا فەرەنسییەکان بە چەتە و رێگر ناویان دەبردن. ئێمە باوەڕمان بەوە هێنا کە دەبێ تیشك بخەینە سەر گۆشە تاریکەکانی جیهان. بەمەش جەماوەر دەتوانێ لە راستیەکان رامێنێ. ئەو راستییانەی کە بەرپرسانی هەندێك لە دەوڵەتان وایان بەلاوە پەسند ترە بیشارنەوە پەردەی بەسەردا بدەن.

دەربارەی پاڵنەری خودی خۆشم ئەوا بەسادە ترین دەربڕین: ئەمەیان شتێك بوو کەوام هەستکرد ((واجب)) دەیخاتە سەر شانم کە ئەنجامی بدەم. پڕاو پڕی دەم یان بەشایەت هێنانەوە ئەوەم نەدرکاند بەڵکو دوو وشەی فەڕەنسیم لە خەیاڵی خۆم دانا ((Je dois)) ((هەردەبێ من)).

خەریك بوو لە ئارەقدا شەڵاڵ دەبووین، کاتێك ئارەق بەسەر پێستمەوە وشك دەبۆوە، لە کاتەکانی بەرەبەیاندا کە پلەی گەرما دەهاتە خوارەوە، هەستم دەکرد لەرز دەهاتە ناو جومگەکانمەوە. ئەحمەد بە پەلە جانتا ئەلپییەکەمی کردەوە چاکەتەکەم بۆ دەربێنێ. لەگەڵ نزیکبوونەوی بەیان بڕیارماندا، واباشترە بکەوینەرێ بێ ئەوەی چاوەڕێی هاتنی ئێستر بکەین، کە چی هەر ئەوەندە دەستمان بە جوڵان کرد، دوو پیاو هاتنە پێشمانەوە دوو ولاخیان سەردەختەسەر لوتکەکە. سەرۆکەکەیان پیاوێکی جوان بوو، لە پێش ئەودا کەسم نەدی بوو وەکو ئەو بێ ((هەر دەتگوت تازە لە فلیمێکی سینەمایی هاتۆتە دەرێ)). ئەو بەجل و

بەرگ و قەڵافەتێکی تەواوی کوردی و لەو پەڕی ڕێك و پێکیدا لە ڕەنگێکی سپی و خۆڵەمێشیدا بوو و لەو بولیلەدا پاك و خاوێن و قیت و قنج دەهاتە بەرچاو بەتایبەتی ئەگەر لەگەڵ ئێمەدا بەراورد کرابا، مێزەری تایبەتی سەری، کڵاوێکی پەشمینی هەبوو گوڵنگەی پێوە هەڵواسرابوو کە بە دواوەیدا هاتبووە خوارێ. ئەو لە ویقارِ و سەنگینییەکی وادا خۆی پشاندەدا کە دەتگوت دەیەوێ بۆ هەموو جیهانی ڕابگەیەنێ کە لێخوڕینی جووتێك ئێستر بۆ میوانەکانی ژەنڕاڵ بارزانی لە ڕاستیدا لە ترسناکترین و گرنگترین ئەو کارانەیە کە پیاو پێی هەڵدەستێ.

ئەو بەدەم زەردەخەنەوە، بە لێزانییەوە بەبێ ئاوزنگی منی خستەسەر پشتی ئێسترەکە. زینەکە بە ڕادەیەك پان بوو کە هەردوو قاچمی وەها لێك دوورخستنەوە کە لە خۆمم دەپرسی باشە ئەو بڕبڕەیەی پشتم کە دەرچووە چی، بە هەورازدا چوون ئاسانە بەڵام شۆڕبوونەوە لە لێژاییەکی رك کۆششکی گەورەی دەوێ تاخۆم بەسەر زینەکەوە دەگرم و نەهێڵم لەسەر پشتی وڵاخەکەوە بەر ببمەوە خوارێ.

لە هەمانکاتدا کە لە لاکەی تری گردەکەوە ئۆتۆمبیلێکی ((جیب))م دی لە دەشتەکە دەسوڕایەوە و بەرەو لای ئێمە دەهات، هەستم بە شادی و سەرسامی کرد. کەواتە کورد ئامێری گوازتنەوەی میکانیکیان لەناوچەکانی خۆیاندا هەیە. بەڵام ئەم تێبینیەم بەهەڵەچوون بوو. ئیتر دوای ئەمە من ئۆتۆمبیلی کوردیم نەبینییەوە تەنیا جاریك لە بۆنەیەکدا نەبێ. ئێمە یا بەسەر پشتی ئەسپ و هێستروە بووین یان بەسەر پێی خۆمانەوە دەڕۆیشتین. ڕێگا و شێوەکەشی ئەوە بوو کە هەر کاتێك ئەسپ یان هێستر وەدەستکەوتبایە بە زۆر دەمان هێنا، چەند ڕۆژێکی کەم بە کارمان دەهێنا پاشان هەر کەشتێکی گونجاوترمان دەدۆزییەوە دەمان گێڕایەوە بۆ خاوەنەکەی.

ئەو ئوتومبیلە ((جیب)) کە موختاری یەکێك لە گوندەکان لێی دەخوڕێ، هاتە لامان، ئەمە وەڵامی ئەو نامەیە بوو کە بە پیاوێکدا لە پێش خۆمانەوە ناردبوومان. ماوەی کاتژمێرێك بە ڕێگایەکی شاخاویدا ڕۆیشتین تاگەیشتینە



یەکەمین سەنگەری چاودێریی بارەگایەکی کوردی. لەوێ ئەفسەرێکی ڕوخۆش بە ئاراستەی ماڵێك کە بەسەر ڕووبارەکەدا دەیڕوانی پێشمانکەوت. ئێمەی بردە ژورێکی درێژ، بن میچی خانووەکەی نزم بوو و مێش لەوێدا تێکیانەوە داویشت، گەرما گیانی پیاوی دەنگاوت. زەوی ژوورەکە بەڕایەخ ڕاخرابوو. فەرمووی کردین لە ژوورەکە بحەوین. جێگاکە بە ڕادەیەك ناخۆش بوو تەحەموول نەدەکرا، تەنانەت بە حسابی ئێمەش کە لەو پەڕی هیلاکیدا بووین. پرسیم:

- ئەی ناکرێ لە دەرەوە لە نزیکی ڕووبارەکە جێگامان بۆ چاك بکەن بەڵکو بتوانین لەوێ سەر خەوێك بشکێنین؟

وەڵامیاندایەوە کە دەکرێ و بۆیان کردین.

ئەمە پاش ئەوەی کە پێشوازیم لە خەڵك کرد بەو شێوەیە کە ئیدی وای لێهات خووم پێوەگرت. لەوێ هەندێك ڕێ و ڕەسم و داب و نەریت هەیە کە دەبێ هەمیشە لە بەرچاوبگیرێ. لەوانە پیاوماقوڵانی ناوچەکە کە دەبێ لەگەڵیاندا ئاشنابیم و لەگەڵیان دابنیشم و گوتوبێژیان لەگەڵدا بکەم. هەروەها چاوەڕێ بوون تا چاش بخۆمەوە. کە هەموو ئەمانە بە وێنە گرتنیشیانەوە تەواو بوو ئەوا شادی ئەوانیش تەواو دەبێ.

خۆشبەختانە کامیراکەم کە لە جۆری ((رولیفلیکس)) بوو دۆزیبوویانەوە و ئەو دەمەی لەناو گەنمەکە لە ژێر خێوەتەکەدا بووین بۆیان هێنابوومەوە.

لەو کاتەدا ئەفسەرە ڕووخۆش و هێمنەکە فەرمانی کرد لە ژێر درەختەکان و لەسەر لێواری ڕووبارەکە جێگامان بۆ چاك بکەن.

ئەو ئەفسەرە وەکو زۆر لە پیاوانی تری بارزانی ڕادیویەکی ترانزیستوری بە قایشێکەوە بە شانیەوە کردبوو. ڕادیۆکەی ئارێلێکی درێژی هەبوو. ئەو گرنگیدانە بە ڕادیۆ، ئاخۆ قەرەبووکردنەوەیەکی سایکۆلۆجییە لە نەبوونی دەزگایەکی هەواڵگری ڕاستەقینەی سەربازی؟ یان ڕادیۆ ئازاری ئەو گۆشەگیرییە وەحشەتناکە کە پارتیزانان تێیدا دەژین سوك دەکات و ژیان والێ دەکا کە پتر

قبوولْ بكریْ؟ یاخود هۆگربوونی كورد بە مۆسیقا، تائەو رادەیە رادیوی لە لای ئەوان گرنگ كردووە؟ لەوانەشە هەموو ئەو هۆكارانە پێكەوە كۆ بووبنەوە!

لەسەر لێواری رووبارەكەش هەوا هەر گەرم بوو. كاتێك دنیا بولیلْ بوو، مەلەمان لە ئاوەكەدا كردوو ئاسودە بووین. ئاوەكە هەرچەندە لێلْ بوو بەلاّم تاپلەیەكی سەیر سارد بوو. لەسەر لێواری رووبارەكە نزیكەی سەد پیاو و مندالْ گوێیان لە ((ئەحمەد توفیق)) راگرتبوو گوتاری بۆ دەدان. من ئەو ژمارەیەم بە دەگمەن دی بوو. بەلاّم لە كاتی مەلەكردندا خۆم بینیم.

جگە لە خەوتن تاسەی هیچی دیكەم نەدەكرد. بەلاّم ئاخاوتن لەگەلْ ئەوانەدا ئەركی سەرشان بوو. یەكەمیان ئاخاوتن لەگەلْ ئەوانەی كە زیاتر لە كەسانی دیكە خوازیاری زانیاری بوون دەربارەی مەبەست و گرنگی پێدانی من. پاشان لەگەلْ كەسانێكدا كە باوەڕیان وایە دەبێ من قسەیان بۆ بكەم. لە دوایشدا قسەكردن لەگەلْ ئەوانەی كە ((ئەحمەد)) پێی وایە كە لە قسە و باس لەگەلْیاندا سوود وەردەگرم.

یەكێك لە جەنگاوەران شانازی بەوەوە دەكرد كە ئەو دوازدە مانگ خەوتووە بێ ئەوەی پێلاّوەكانی دابنێ یان خەریتەی فیشەك دانەكانی لە خۆی بكاتەوە. لێم پرسی:

- بۆچی بە بارزانییەوە پەیوەست بووی؟

وەلاّمی ئەو، ئەو پرسەی ئاشكرا كرد ((ئەگەر كەسێك گومانی لیْ بكا)) كە هۆیەكانی چوونە ناو خزمەتی سەربازی تەنانەت لە سوپای شۆڕشێگڕی كوردستانیشدا، جۆراوجۆرن ئەو گوتی:

- من پیاوێكی نەخوێندەوارم، بەلاّم سەرۆك دەزانیْ. ئەو دەلْیْ ئێمەی كورد چەوساوەین.

من خۆم پیاوێكی چیانشینم. پارچە زەوییەكم هەیە كە لەیەك هیكتار كەمترە. دەیكەم بە توتن. ئەو زەوییە لە نزیك زاخۆیە و من لەسەر ئەو دەژیم. خێزانەكەم بەجێهێشتووە بڕیاری ئەوەم داوە وا باشترە بمرم نەك لەو حالْەدا بژیم.



لێم پرسی:

- ئێستا دەتوانی بۆ سەردانی خێزانەكەت بچیتە ئەویْ؟

وەلاّمیدایەوە:

- بەلْیْ! دەتوانم بچم. بەلاّم ئەوە ناكەم.

ئەلێرە چاوپێكەوتنەكە كۆتایی هات.

پیاوێك كەوام بە خەیالْدا دەهات لە ئەفسەرە بچووكەكانە هەولێدا پانوڕامای شەڕێكم بۆ وەسف بكا كە لە نزیك زاخۆ روویداوە. ئەو لە وێنە نیشاندانی ئەو پانوراما پەشێو و ترسناكەی سەربازانی توند و بەزەبردا سەركەتوو بوو. ئەو باسی بە كرێگراوانی كوردی دەكرد كە سوپای عیراقی وەكو یەدەگ بەكاریان دەهێنیْ. ئەو باسی دەكرد كە چۆن دەچنە ناو گوندەكان و كیلْگەكان و پاشان دەیان سوتێنن. لە كاتێكدا ملیۆنان نیشتیمانپەروەرانی كورد بە چاوی قێزونەفرەتەوە تەماشایان دەكەن و ئەوان لە نێو پەناگا چیاییەكانی خۆیاندا چاوەڕێی ساتی هێرش هێنانی ئەوانن.

هەروەها ئەو باسی دوو كۆمەلْەی لەو بە كرێگیراوانە كرد (ئەوانە پێیان دەگوتریْ جاش، ئەم وشەیە سوك كردنەوەیەكی وشەی (جحش)ە كە بە زمانی عەرەبی مانای كەری بچووك دیْ) كە چوونەتە ناو گوندێكەوە بە ناوی ((ئاسی)) و ژمارەیەكی گەورە لە خانووەكان دەسوتێنن. پاش ئەوەی بەجێی دەهێلْن فرۆكەكان دێن و بۆردومانی دەكەن، لە هەموو ئەو سەد و هەشتا خانووەی گوندەكە تەنیا دوازدە خانووی بەپێوە مابوو. ئینجا گوتی:

لەو دەوروبەرە (30) گوندی تر هەیە، جاری واهەیە مالْێك یان كەسێك كە لەویْ نیشتەجیْ بیْ، نابینی. دانیشتوەكانیان ناچاربوون بەرەو چیاكان هەلْبێن.

ئەو لە قسەكانی خۆی بەردەوام بوو تا پێم بلْیْ كە چەند سەد (جاش)ێك لە فەوجەكانی سەر بە سوپای عیراقی لە كاتی تێپەڕبوونیان بە گەروویەكی تەسكی شاخاوی لە نزیك زاخۆ دەكەونە ناو بۆسەیەكەوە و پارتیزانانی كورد شڕووڕیان دەكەن. ئەوان لە مەودایەكی زۆر نزیكەوە لە هەردوو شیوەكەوە ئاگربارانیان

دەکەن. لەوەڕا تێگەیشتم قەسابخانەیان بۆ داناون، چونکە چەند کەسێکی کەم نەبێ، ئەوانی تر کەسیان بەساغی دەرنەچووبوون.

لە کاتێکدا دانشتبووین و قسەمان دەکرد، سەرکردەی ناوچەکە سەرنجیدا بوو گۆرەوییەکانم کون کون بووە، دەسبەجێ فەرمانی بە پیاوەکانی کرد لە ئەمباری خۆیان جوتێك گۆرەوی تازەیان بۆ هێنام. هەروەها دیقەتی گرتبوو قایشی سەعاتەکەم پچڕاوە دەسبەجێ ناردی قایشێکی نوێیان هێنا. بەو سەرنجدانە سادەیە، توانای سەرسامهێنەری هێزەکانی کوردیم لە دابین کردنی ئەو کەرەسانەی پێویستیان پێدەبێ، بۆ روون بۆوە.

دە پیاو کە بەناو ئاپۆڕای خەڵکەکەدا رێگەی خۆیان کردەوە، هاتنە پێشەوە. ئەوانە چەکی تەاویان بەستبوو. رواڵەتی سەختی بەدەنیی ئەوان هەروەکو ئەوانە بوو کە لە هەموو شوێنەکانی دیکە بینیمن. سەرکردەی ناوچەکە یەك بە دوای یەکدا ئەوانی بە من ناساند و گوتی: ئەوانە بەشێکن لەو پەنجا پاسەوانەی کە بۆ پێشوازیمان نێردرابوونە سەر سنور. ئەم پەلە پێنج رۆژ چاوەڕێ دەکەن پاشان لە هاتنمان نائومێد دەبن. بەڵام ئەم دە کەسە دەمێننەوە و ئێستا ئامادەن بمانبەن بۆ بارەگای سەرکردایەتی ناوچەی زاخۆ.

زۆر ئارەزووی خەوتنم دەکرد بەڵام گوتوبێژ نەدەبڕایەوە. ((ئەحمەد)) کە نەیدەزانی مانای ماندوو بوون چییە، بەعادەتی خۆی دەستی کرد بە پێشکەش کردنی گوتارێکی سیاسی بۆ ئەوانەی کە لەسەر لێواری رووبارەکە کۆببوونەوە و باسی کارە مەزنەکانی ژەنڕاڵ بارزانی دەکرد و باسی ئەوەی دەکرد کە پاشە رۆژی کورد چۆن دەبێ ئەگەر دوای بکەون و ئەو لەمبارەیەوە بۆیان دەدوا. من نەمتوانی وای لێبکەم وەرگێڕانێکی دەقاودەقی ئەو گوتارەم بداتێ کە پێشکەشی پارتیزانەکانی کرد. لەو بارەوەڕەدام شەرم ئەحمەدی بەرنەدەدا پاش ئەو گاڵتە و گەپە کە دەربارەی گوتاردانی بەردەوامی، لەگەڵمدا کرد و نازناوی ((وەزیری راگەیاندمان))م پێگوت و ئیدی لەو ساتە بەدواوە بە زۆری بەناوی ((جەنابی وەزیر))ەوە بانگمان دەکرد. ئەحمەد دەیوست تۆوی خۆشەویستی لە سنور بەدەر بۆ نیشتیمانی کورد لە نێو دڵی گوێگرەکانیدا بچێنێ. ئەوە خەون و ئاینی ئەو بوو.



چەند کاتژمێرێکی کەم بوو خەومان لێکەوتبوو کە بەرەبەیانی رۆژی دواترمان لێداهات –ئێمە لەسەر پشت لەسەر لێواری رووبارەکە پاڵ کەوتبووین. ئەحمەد پەلەی لێ دەکردین و بە پێداگرییەوە دەیگوت:

- سەربازەکان ئامادەن.

بە تاریکاییدا بەڕێ کەوتین و بەدەوری سنوری گوندەکەدا سوڕاینەوە. پاشان بەرپرسانی کۆمەڵێکی تر لە جەنگاوەران لە نێو ئۆتۆمبیلێکدا پێشوازییان لێکردین ئەوە دووەم و ئاخرین ئۆتۆمبیل بوو لە کوردستان. من و ((ئاپو جومرد)) لە پێشەوە دانیشتین، ئەو پیاوەی لە دواوە دانیشبتوو پیاڵەیەك چای رەش و قورس و تاڵی پێشکەش کردین، خەریك بوو چی لە هەناومدا بوو بیهێنمەوە.

لە بناری چیاکان، کە ئیدی بەرەبەرە جادەکە دەگاتە کۆتایی خۆی. ئوتومبیلەکە راوەستاو بەپێ دەستمان بە پێداهەڵگەڕان کرد. ئێستا بە نێوان دوو دیواری بەردەڵاندا دەڕۆین. جووتیارەکان کە نەوە بە دوای نەوەدا لە زەمانێکەوە کە سەرەتا و دەسپێکی دیار نییە، بەردیان لە نێو مەزراکانیان هەڵگرتووە و لەوێیان داناوە.

ناوە ناوە جووتیارێکمان دەبینی لە تاریکیدا شەنەی دەکرد و گێرەی دەکرد. یەکێکیان گوتی ئەو بەدرێژایی شەو کاری کردووە و وای بەلاوە پەسەند تر بووە کە شەوانە کاری خۆی بکا، ئەو پاش ئەوەی فرۆکەکانی ((قاسم)) هەر سێ وڵاخەکەیان بەشەستیرەکانیان کوشتووە. ئێستاکە پەکی کەوتووە.

لەگەڵ کازیوەی بەیاندا گەیشتینە گوندێکی جوان لە جێیەکی بەرز لەناو چیاکان خانووەکانی لە بەرد هەڵچنرابوون. بەڵام بۆ بەدبەختی هەواکەی سارد نەبوو واپێ دەچوو ئەو هەموو گەرووە بەرداویانەمان بڕی بوو تابچینە ناو گەرما نەك بۆ ئەوەی لێی دەربازبین.

لە سەربانی خانوویەك بەو ئومێدەی شنە بایەکمان لێبدا پاڵمان لێدایەوە. لە نزیك ئێمەوە بێشکەیەکی لێبوو منداڵێك لەناویدا بە قوماش داپۆشرابوو.

هەروەها پیاوێك لەسەربانی خانووەکەی تەنیشتمانەوە نوێژی دەکرد. موختاری گوندەکە هاتە لامان. وام دانا کە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانە. ئەو بڵاوکراوەیەکی ((شیوعی)) دایە دەست ئەحمەد. ئەو خوێندییەوە و ئینجا جارێکی تریش خوێندییەوە دیار بوو ناوەڕۆکەکەی بە دڵی نەبوو و وەکو نیگەرانی بکا، ئینجا گوتی کە پاشان لەمبارەیەوە قسەم لەگەڵدا دەکا.

شیوعییەکان لە بڵاوکراوەکەیاندا لافی ئەوەیان لێدابوو کە پشتگیری شۆڕشی کورد دەکەن. لە مەودوا ئەمە ڕێبازی نوێی ئەوان دەبێ. پاش ئەوە کە ماوەیەکی درێژ بوو بەربەرەکانی ئەو جوڵانەوە شورشگێرییەیان دەکرد.

بە موختاری گوندەکەم گوت کە خانووەکانی گوندەکەی ئەو لە زۆربەی خانووەکانی گوندەکانی دەشتەکە باشترە. گوتی: لێرە زۆربەی جوتیاران لەناو چیاکان زەوی و زاری خۆیان هەیە... هەر بۆیە پتر ڕەنج دەدەن و کاردەکەن، و خانووی باشتر ئاوادەکەن.

تاسەی هەندێك لە لاوانی خوێن گەرمی کورد بۆ ئەوەی ڕووداوە سەربازییەکانی خۆیانم بۆ ڕوون بکەنەوە وای لێکردم سەر بکەومە سەر لوتکەیەکی بەرز تا دەگاتە خاڵێك لەوێ دیمەنێکی دڵفڕێن لە پێشمانەوە وەدەرکەوت. کاتێك گەیشتینە سەر لوتکە، بە وردی هەوڵم دەدا جێگایەکی بەر سێبەر بدۆزمەوە لێی دابنیشم. یەکێکیان هەستا و دەستی کرد بە پێدا هەڵگەڕان بە قەد پاڵی چیایەکی زۆر هەوراز و ڕکدا تا شاخەوانیی کوردم بۆ ڕوون بکاتەوە. لەو کاتەدا چەند وێنەیەکیم گرت. لە هەندێك شوێن کە تیشە شاخی تیژ هەبوون بە ڕاکردن بەسەر دەکەوت ئەو بەراکردن بەسەر ئەو بەردە تیژانەدا هەڵدەگەڕا و پەنجەکانی پێی لە کاتێکی دیاریکراو و بەهاوسەنگییەکی سەیرەوە لە کونێکی ترسناکەوە بۆ سەر کونێکی دیکە دەگوازتەوە. ئەو پیاوانە لە باری کەرەسەکانی شاخەوانی وەکو گوریس و سنگی ئاسن کە شاخەوانەکان بەکاریدەهێنن شتێك نازانن. هەورەها وێنەی هەندێك ئەمباری دانە وێڵەم گرت کە بە لق و گەڵای درەخت لە بن لێواری تیشە شاخەکانەوە بە درێژایی



گەرووەکان، داپۆشرابوو. ئەوە ئەو جوتیارانە شاردبوویانەوە کە لە گوندە بۆردومان کراو و سوتێنراوەکانەوە. هەڵاتبوون.

ئەم کارە شتێکی نوێ ناگێڕێتەوە لەمەڕ توانای کورد بۆ ئەوەی چیاکان بکا بە هاوپەیمانی خۆی. هەروەها شتێکی نوێی لەبارەی ئەمباری هەژارانەی دانەوێڵەوە تێدا نییە کە بە درێژایی تەنگە و گەرووە شاخاوییەکان هەن. چیاکانی کورد نەوە بە دوای نەوەدا بەو پەڕی سەرکەوتوییەوە سوپاکانی تورك و فارس و عەرەبی کە چواردەوری ئەوانیان گرتووە، تێك دەشکاند و ترس و تۆقانی دەخستە نێو دڵیانەوە. بەڵام سەربازانی سوپا نیزامییەکان بەردەوام گەڕاونەتەوە تا دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەو چیا نشینانە کە یەك ڕیزویەك قسە نەبوون، بسەپێنن و وێرانکاری بەسەر گوندەکانیان بهێنن.

دەمی گەرمای نیوەڕۆ لە ژێر دیوارێکی گڵێنی ئەستوری خانوویەکی گوندەکەدا خۆمان حەساندەوە. هەمووان بۆ ڕێزلێنان و خزمەتکردنمان پێشبڕکێیان بوو. هەوای ژوورەوە گەرم بوو بەڵام قبوڵدەکرا. بەڵام شەپۆلی مێش کە لە دەرگا کراوەکە و پەنجەرەی بێ هێلەگەوە دەهاتن ئیدی ژورەوە تەحەمول نەدەکرا. خانەخوێ کوردەکەم کاتێك کە ((ئیروسول))م لە نێو جانتاکەم هێنایە دەرەوە و دەستم کرد بە ڕشاندنی ژوورەکە، سەری سوڕما، پاشان پەنجەرەکانم بۆ چەند خولەکێك داخست تا بۆ ماوەیەکی کورت لەو ژوورەدا بحەسێمەوە کەتاڕادەیەك مێشی تێدا نەمابوو.

ئەم گوندە خێر و بەرەکەتێکی بە جۆرێکی تایبەتی لە گۆڕینەوەی ترێ بە بەروبوومی شیوەکە لە گەنم و گۆشت و شتی دیکە وەدەست کەوتبوو. ئەوان پێیان گوتم لێرە هیچ جۆرە شەڕابێك دروست ناکەن. بەڵام گوشراوێکیان لێوەردەگرت کە زۆر چڕ و خەست بوو کە بەپێی عادەت بۆ کاتی زستان هەڵیان دەگرت. لە قاپێکی گچکەدا هەندێکیان بۆ هێنام بەلامەوە تامی خۆش بوو و ئێستاش تامەکەی لە بن زمانمدا هەرماوە[1].

[1] ئەم گوشراوە کە لە ترێی ڕەش وەردەگیرێ و بە زۆری لە کاتی ڕۆژانی سەرمای زستاندا دەخورێ ((دۆشاو))ە. (و. ك)

ماقولأنی گوندەکە پێیان گوتم هەموو بە ساڵداچوانی گوندەکە نەخوێندەوارن. بەلأم هەندێك لەوانەی بە تەمەن لەوان بچووکترن چوونە قوتابخانەی دوورە دەست و فێری خوێندەواری بوون. ئەوان گوتیان:

- ئێمە لەم گوندەی خۆمان قوتابخانەمان بنیات نا بەلأم نەمانتوانی مامۆستایەك پەیدا بکەین. پێیان گوتین ئەگەر ئێوە قوتابخانەیەك بنیات بنێن، مامۆستاتان بۆ دەنێرن، بەلأم هەرگیز مامۆستا نەهات. ئەوان لەمەڕ نەزانی خۆیان لە رۆژگاری دوێنێ، رووی سەرزەنشتی خۆیان لە حوکمی تورکەکان دەکرد و رووی سەر زەنشتی ئەمڕۆشیان دەخستە سەر عەرەب. یەکێك لە گەورەکان دەیگوت: ((ئەگەر حکوومەتی تایبەتی خۆمان دەبوو...)) ئەلێرە (ئەحمەد) قسەکەی بڕی و بۆی راست کردەوە ((کاتێك حکوومەتی خۆمان دامەزرا ئەوا قوتابخانە لەگەڵ نەخۆشخانە، پڕۆژەی ئاوی خواردنەوە و رێگامان دەبێ)).

هیچ کام لە پیاوانی بەساڵداچوو سەرکۆنەی ئەحمەدیان نەکرد و هەستی ئەویان بریندار نەکرد و هەندێکیان لەم پیناوەدا بەکردەوە جەنگاوە، هەمووشیان ساڵأنێکی زۆر خەونیان پێوە دیوە. ئەوان پێیان بە زەویدا دادا و بە زەردەخەنەوە گوتیان:

- بەڵێ ئەو کاتەی حکوومەتی خۆمان دەبێ.

ئەحمەد لە ریزی زانایانی توێژەر نەبوو. پیاوانی بەساڵداچووش رۆشنبیرییەکی ئەوتۆیان نەبوو شایانی باس بێ. بەلأم درکیان بەوە کرد کە تروسکاییەك لە سەربەخۆیی کورد یان شتێکی نزیك لەسەربەخۆیی لە رابردووییەکی دوردا هەبووە سەرەڕای رابردوویەکی نزیك.

ئەو ئێوارەیە رێبەرەکانم ئەسپێکی رەش و سپی بچووکیان بۆ ئامادە کردم. ئەو ئەسپەیان لە یەکێك لە گوندەکان بۆ ماوەی چەند رۆژێکی کەم خواستبوو. عەسری ئەو رۆژە کە بەسەر پشتی ئەو ئەسپەوە بووم، هەستم دەکرد، هێزی من چەند بەرامبەر زیاد دەبێ کە هەروا بەرەو سەرەوە سەردەکەوین و دەڕۆینە سەرەوە.



پاش ئەوەی گەیشتینە سەر لوتکەی ترسناکی چیایەك کە هەناسەی لە نێو سینەدا دەبڕی، تیشکی خۆر کە بەرەو ئاوابوون بوو، لێمان وەدەرکەوت. ئێمە چووینە ناو گەرووی شاخێکەوە کوردی چەکداری تێدابوون. بەلانی کەمەوە ژمارەیان سەد کەس دەبوو. هەمووان زەردەخەنە بەسەر لێویانەوە بوو. دەستیان بۆ درێژدەکردم تەوقەیان لەگەڵدا بکەم. ئەوانە جەنگاوەرانی بارزانی بوون کە بۆ بەخێرهاتنم دەهاتنە دەرەوە. من خۆم زۆر دڵشاد بووم کە لە پەنای منەوەن. دیمەنێکی شکۆمەندی هەبوو هەر چەندە هەموویان ناسك و میهرەبان بوون. هەمووان ماسولکەیان داهێزرابوو بەلأم بەدەنیان پتەو و داڕژاو بوو و هەتاو بردبوونی. تفەنگ و چەکی ئوتوماتیکیان پێبوو. یەك یان دوو ریز فیشەك دان بە بەرکەمەریان یان بەسەر سنگیاندا راست و چەپ هاتبوونە خوارەوە. هەموویان شەڕواڵی کوردی خەت خەتیان لەبەردابوو. بەلأم رەنگەکانیان جیاوازبوو، قاوەیی، خۆڵەمێشی، پرتەقاڵی و هەندێکیان سادە بوو هەندێکی تریان خەت خەتی پانی ستونی بە رەنگی ئاڵ. ئەو جلانەی ئەوان، بە مێزەری رەش و سپی، یاخود سوروسپی یان هەندێکجار شینی تۆخ کە وەك رەنگێکی سروشتی بۆ لە چاوشاردنەوە، وابوو. ئەوانە رەنگی کۆتایی هاوین بوون بۆ ئەو چیایانە کە وەکو رەنگی لم دەچوون و تیشکی هەتاو سوتاندبوونی. لە ئەسپەکەم هاتمە خوارەوە و دەستم کرد بە تەوقەکردن لەگەڵ ئەوانەدا کە دەستیان بۆ درێژ کردبووم. وەرگێڕەکەم دەستی کرد بە بەرچڤەی ئەو بەخێرهاتنە کورتانە:

- ئێمە مەمنونی ئێوەین.....
- ئێمە سوپاسی گەلی ئەمریکا دەکەین....
- بەخێرهاتنی ئێوەدەکەین کە لە جێگایەکی دوورەوە هاتوون بۆ لای ئێمە....

منیش بە گوزارشتی جۆربەجۆر هەرچۆن کە بەسەر زمانمدا دەهات وەلأمم دەدانەوە:

- سوپاس بۆ ئێوە. هەر بژین. هەلۆو، بونجور هەندێکجار وشەی تریشم دەخستە سەری کە وەك لوتف پیشاندان و میهرەبانی نواندن بوو وەکو ((زەحمەتتان کێشاوە کە هاتوون بۆ بەخێرهاتنم)) یاخود ((چەند بەبینینتان شادم)). لەسەر قسەی ((ئەحمەد)) هەموویان سەرکەوتنەسەر رەبیەیەکی بەرداوی تا

وێنەکیان بگرم. هەروەها پەلێکی تر لە سەربازانی بارزانی لەسەر رووبەکی نشێوەکە بەرامبەرمان بوون. لەوێ دە کەس، لەو لا سی کەس، پەنجا کەسی تر لە جێیەکی دیکە و هەمووشیان بە تاسەوە بوون وێنەیەکیان بۆ بگرم.

لەوێ پێیان گوتم ئەو پیاوانەی کە بینیتن ئەوانە ئەو هێزە جەنگاوەرە بوون کە پێشگرتن بە هێرشی سەربازی حکوومەت کە لە زاخۆوە بەرەو سنورەکانی تورکیا پێشڕەوی دەکا، بەوان سپێردراوە. هەروەها دەیانگوت کە هەرکاتێك ئارەزوو بکەین دەتوانین دەست بەسەر زاخۆدا بگرین. بەڵام ئێمە بە فەرمانی ژەنراڵ نەبێ دەست بەسەر هیچ شارێکدا ناگرین. ئەو وەکو رێسایەك حیکمەت لەوەدا نابینێ دەست بە سەر هیچ شارێکدا بگرین)).

لەوەی کە رادەی بەخێرهێنانی من گەیشتە رادەیەکی گەورە هەستم بە نیگەرانی کرد، بە ((ئەحمەد))م گوت:

- پێویستە ئەم پرسە بۆ ئەو خەڵکە روون بکەیەوە کە من رۆژنامەوانم و هەرگیز نوێنەرایەتی هیچ لایەنێکی رەسمی ناکەم. من تەنیا نوێنەرایەتی رۆژنامەی ((نیورك تایمز)) دەکەم.

بەڵام ئەمە هیچ سودی نەبوو. من ئەمریکیم، بەلای ئەوانەوە نوێنەرایەتی لایەنێکی رەسمی بکەم یاخود بە سیفەتی شەخسی خۆم هاتبم، وەکویەك وایە. جگە لەوەش من یەکەمین کەسم کە سەردانی ئەوان دەکەم و ئەوان سورن لەسەر ئەوەی زۆرترین کەڵك لەوە وەربگرن. بەلای ئەوانەوە من نوێنەرایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەم.

لە دەمێکدا کە تاریکی پەردەی بەسەر شیوەکەدا دەکێشا، ئاگری خێوەتەکان لێرە و لەوێ هەر دووبەری شیوەکەی رووناك دەکردەوە. لەبەردەمی ئەشکەوتەکانی هەردوو رووبارەکە لە ژێر درەختەکانەوە، هەزاران خێزانی پەنابەر کە لە گوندە بۆردومان کراو و سوتاوەکانەوە هەڵاتبوون، بە خۆیان و ئاژەڵەکانیان و هەرچی کە توانی بوویان لە کەل و پەلی ناوماڵ و شمەکەکانیان رزگاری بکەن، لەوێ کۆببوونەوە.



هەندێك لەوانە کە ماڵەکانیان وێران ببوو، پەنایان بۆ ئەشکەوتەکان یان سێبەری چڕی درەختەکان بردبوو. هەندێکی تریان بەر لەوەی گوندەکەی وێران ببێ، هەڵاتبوو. هەندێکی تریان هێشتا لە گوندەکان دەژیان، بەڵام پێش خۆرهەڵات بەجێیان دەهێشت و بەرەو ئەشکەوتەکانی چیا لێڕەوارەکان کە زیاتر جێگای ئارامی بوون، سەردەکەوتن.

لەبەر رووناکی کزی چرایەکی نەوتییداکە بە لقی درەختێکەوە شۆڕببۆوە، دانیشتین. لەگەڵ فەرماندەی سەربازی ناوچەکە و سەکردەیەك لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەستمان بە گوتوبێژ کرد. لەوێ نزیکەی پەنجا پیاوی تر لە ئەڵقەی شان بە شانی یەکتر لە پشت ئەو دوو سەرکردەیەوە ریزیان بەستبوو تارادەیەك لە شێوەی ((مەجلیسێکی عەرەبی)) دانیشتبووین. لەو شێوەیەدا ((من و ئاپو جومرد)) لەسەری سەرەوە بووین. دوای ئێمە خانەخوێکانمان و ئەوانی تریش بەپێی پلە و پایە بڵاوببوونەوە و کەمترین پلە لە هەموویان زیاتر لە ئێمەوە دوور بوو.

سەرکردە حیزبییەکە کوڕێکی خۆی لەگەڵدا بوو تەمەنی حەوتساڵان بوو. ئەو کوڕە دوو چاوی گەورەی هەبوون و سەرنجی زۆر بەهێز بوو. قاتێکی خەت خەتی سور و سپی لە بەردابوو کە تاسەر گوێزینگەکانی دەهات. باوکەکەی گوتی کوڕەکەم چوار رۆژ لەلام دەمێنێتەوە. ئەو یەکەمین کوڕ بوو کە لەگەڵ باوکیدا لەناو هێزەکانی کورددا بینیم. لەوێ زۆر واهەیە باوك و کوڕە لاوەکانیان پێکەوە دەچنە مەیدانی شەڕەوە.

بینینی ئەو پیاوانە کە پێبکەنن و دڵشاد بن لەم جۆرە هەلومەرجەدا جێگای باوەڕنەبوو. لە یەکەمین نیگادا ئەوانم بە پیاوانی ترسناك و توقێنەر هاتنە بەرچاو. بەڵام کە لە نزیکەوە بینیمن و گوێم لێ راگرتن، بۆم دەرکەوت چ خەڵکێکی نەرم و نیان و ناسکن و هەرگیز هیچ جۆرە سەختی و رەقییەك یاخود ترسناکی لە سروشتی ئەواندا بوونی نییە.

لاوێك بە حاڵەتێکی دڕدۆنگییەوە هاتە پێشەوە تا قسەم لەگەڵدا بکا. ئەو مامۆستای قوتابخانە بوو. بە زمانی ئینگلیزی قسەی دەکرد و سەرقاڵی

نووسینەوەی مێژووی جەنگ بوو. داوام لێکرد ئەوەی خۆی بە گرنگی دەزانێ لە مێژووەکەیدا بۆم کۆپی بکاتەوە. پاشان ئەوەی کە دایمێ من هەستام بە بەرچڤەکردنی. بەڵام بەداخەوە تەماشام کرد بریتییە لە گوزارشتی رەنگاورەنگ و وشەی بریقەداری پروپاگەندەکارانە یان با بڵێم لە بەرچڤەی ئەو نوسراوە کە ئەو بە عەرەی نووسیبووی ئەوەم هاتە بەرچاو. پاشان ئەو لاوە لەگەڵ هاوڕێیەکی تریدا کە شتێکی لە ئینگلیزی دەزانی هاتنە لام و پرسیاری ئەوەیان لێکردم ئاخۆ رێوشوێنێك شك دەبەم بۆ یارمەتی دانیان تابچنە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئەوان مەبەستیان تەواوکردنی خوێندن بوو. پێویست بوو لەسەرم بە راشکاویی پێیان بڵێم کە تا جەنگ تەواو دەبێ و دەگەڕێنەوە سەر دۆخی هاونیشتیمانییەکی قانوونی، چانسی ئەوان لەو کارەدا یەکجار کەمە.

یەکێك لە دیاردە نامۆکانی کورد کە ئەویش پاژێکە لەو تراژیدیایە کە تێیدا دەژین ئەوەیەکە زۆربەی خوێندەوارەکانیان لەو ناوچانە تەنیا لە عەرەبی شارەزان جگە لە کەمینەیەك کە لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی و هەندێك جیگای کەمی دیکە، کەسی تر تەنیا زۆر بەکەمی نەبێ، ناتوانێ بە زمانی کوردی ناوچەیی بخوێنێتەوە و بنوسێتەوە.

شێوازی کولتوری کوردی بەهۆی لێکجیایی زارەکانی، پتر ئاڵۆز بووە. بۆ نموونە زۆربەی هەرە زۆری کوردەکانی تورکیا بەزارێك قسەدەکەن پێی دەڵێن زاری کرمانجی، زۆربەی هەرە زۆری کوردەکانی ئێران و هەندێکیش لە کوردەکانی عیراق بە زارێك قسەدەکەن پێی دەڵێن زاری ((سورانی)). سەرەڕای ئەوانەش ئەو زانایانەی لە باکووری رۆژهەڵاتی تورکیا دەژین بە زارێکی تایبەتی خۆیان قسە دەکەن.

هەروەها ((لوڕ)) لە باشووری ئێران کە تائێستاش رەچەڵەکی کوردێتی ئەوان جێگای مشت و مڕە، بەزاێکی تایبەت بە خۆیان قسە دەکەن. زۆرجار ئاخێوەرێکی سۆرانی بە گرانییەوە لە ئاخێوەرێکی کرمانجی دەگا. جیاوازییەکانیان بە هەمان ئەندازەی بابڵێن —ئەو جیاوازییەیە کە لە نێوان ئەڵمانی سویسری لەگەڵ ئەڵمانی زۆر پەتیدا هەیە. ئەو سۆرانییەی لە ناوچەی



سلێمانیدا باوە دەرفەتێکی گەورەتری بۆ دەربڕینیی ئەدەبی هەیە. کە چی هەندێك لە قوتابیانی زمانی کوردی دەبینی زاری کرمانجی بە فراوان تر و بیگەردتر و گەشەکردووتر دەزانن.

لەکاتێکدا رۆشنبیرانی کورد لە هەرێمەکانی تورکیا پێیان وایە بۆ نووسینی زمانەکەیان دوای کەمێك هەموارکردن، پیتەکانی لاتینی لە پیتەکانی عەرەبی گونجاوترە، دەبینی ئەوانەی کە لە بەشەکانی عیراق و ئێران لەسەر ئەلف و بێی عەرەبی راهاتوون، گوتوبێژێکی بێ کۆتایی و بێ پسانەوە لەسەر هەر وشەیەك دەکەن کە لە هەردوو زارەکەدا گونجاوتر بەکارهاتووە. یاخود کام شێوازی فونەتیکی ناوچەیی لە دەربڕیندا جوانترە و کامیان بۆ گوێگر مۆسیقی ترە؟

لەناو شیوێك کە لە سەربازانی بارزانی و پەنابەران ژاوەی دەهات، ((مەلا)) یەك سەرنجی راکێشام. ئەو بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە وازی لە ئیلتزام و دەرزگوتنەوە ئاینییەکانی هێناوە تا لە پێناوی بارزانیدا شەڕ بکا. ئەو پیاوێك بوو بە تەمەندا چوو و روخساری چرچ و لۆچ ببوو. تفەنگێکی پێبوو بوو لە شێوەی روخساری خۆی کۆنتر بوو. پیاوانی بارزانی زۆر گرنگییان پێنەدەدا و یەکێکیان بەوە تۆمەتباری دەکرد کە کۆمۆنیستە و خۆی دەمامك کردووە. هاوڕێ کوردەکانی خۆشم گومانی ئەوەیان لێدەکرد کە جاسوس بێ و راسپێڕییەکەشی ئەوەبێ کە راپۆرت دەربارەی جموجۆڵەکانی من بدات بە حکوومەتی عیراقی.

بۆ وریایی و دڵنیایی زیاتر، ئەو پیاوەیان پێنج رۆژ دەست بەسەرکرد تابەتەواوی لەو جێگایە دوور دەکەوینەوە. زۆرشت قسەی لێدەکراو باسی لێوەدەکرا. من نەمدەتوانی تەسلیمی خەو ببم هەرچەندە لەشم زۆریش پێویستی پێبوو. پیاوانی بارزانی دەربارەی شەڕەکانیان، ئاواتەکانیان، چەکەکانیان، جل و بەرگیان، خواردن و منداڵەکانیان قسەیان بۆ دەکردم تا ((ئەحمەد)) رایگەیاند و گوتی کاتی خەوتن هاتووە. هاورێکانم هەر چۆنێك بوو، دوو قەرەوێڵەی ئاسنیان بۆ من و ((ئاپو جومرد)) پەیدا کرد و لە ژێر درەختەکان بۆیان دانابن. لەو

دەمەدا سەرنجم لەوە نەدابوو کە بینینی قەرەوێڵەی رۆژئاوایی، لە کوردستان تا ئەو ڕادەیە نامۆیە. کاتێك لەسەر جێگاکەی خۆم پاڵ کەوتبووم، لە کەلێنی لقی درەختەکانەوە دەمتوانی چاودێری رەوتی ئەو ژیانە تاریکەی دەوروپشتم بکەم. پیرانی کە نەفت، سەربازانی لاو، ئافرەتان، منداڵان، بزن، مانگا، مەڕ، گوێدرێژ. مانگ وەدەرکەوت و رووناکی خۆی پەخش کرد. گوێ درێژێك بەزەڕینێکی شێتانە دەستی بەزەڕین کرد... خەوێکی قوڵ و شەکەت بردمیەوە.

بەیانی دانیشتنێکی دورودرێژمان کرد و گوتوبێژمان لەسەر ئەو چەکانە کرد کە لایەنگرانی بارزانی شەڕیان پێدەکرد. کۆمەڵە چەکێکیان پێکەوە کۆکردنەوە سەر یەکتری بۆ وێنەگرتن و بەکردەوە خاسیەتەکانی هەموو جۆرە چەکە ئۆتۆماتیکی و نیمچە ئۆتۆماتیکییەکانیان بۆ شیکردمەوە. هەروەها لێهاتوویی خۆیان لە نیشانە پێکان و تەقەکردندا بۆ دەرخستم. ئەوان قەوانە فیشەکی بەتاڵیان بە نیشانە لە دوورترین مەودای ئەوبەری شیوەکە دادەنا و بە تفەنگ دەیان پێکان.

کوردەکان زۆریان قسە لەو جل و بەرگانە دەکرد کە لەبەری دەکەن. ئەوان شانازییان بە جلی نیشتیمانی خۆیانەوە دەکرد و بە جۆرێکی پڕ لە سۆزدارییەوە پێیەوە پابەند بوون. بەلای ئەوانەوە جلی کوردی وەکو ((ئالا)) وابوو، بەلاشیانەوە لە هەر جلێکی سەربازی باشتر بوو.

جل و بەرگ و شێوەکانی لە نێوان هۆزێك و هۆزێکی تردا لە رێگای شێوازی پێچانەوەی مێزەر، هەلبژاردنی شێوەی قوماش و شێوازی پشتێن و پێچانەوەی بە دەوری کەمەردا جیادەکرایەوە. بەڵام زانیم کە شێوە سەرەکییەکانی بەم شێوەیەیە: سەرەتا لە مێزەری سەرەوە دەست پێدەکا کە لە یەك یان دوو پارچە قوماش پێکهاتووە کە هەروەکو پەڕۆی قاپ وشککردنەوەی لای خۆمان وایە. ئەو هۆزانەی کە لە بەشی رۆژئاوای کوردستانی عیراق دەژین جەمەدانی لە شێوەی سێ گۆشە بە توندی لول دەدەن و تاکۆتایی درێژییەکەی هەڵیدەکەنەوە پاشان بە دەوری کلاوێکدا بەسەر سەردا دەپێچرێتەوە.



هەندێکیان یەك جەمەدانی بەلاوە پەسەندترە. بەڵام هەندێکی تریان هەیە بە دوو جەمەدانی نەبێ قەناعەت ناکا. کەمێك بەلای رۆژهەڵاتدا بەرەو سنورەکانی ئێران عادەت وایە جەمەدانی بەشێوەیەکی شل دەپێچرێتەوە، بە زۆریش وایە لێوارە ریشوەدارەکانی دێتە خوارەوە (وەکو لێواری سەرچەفی کورسی و قەنەفە) تا بەسەر چاو و گوێدا شۆڕدەبێتەوە.

بەڵام هۆزی بارزان کە جەنگاوەرەکانی کاکڵەی شۆڕشگێڕانی کورد پێکدەهێنن، دروشمی جیاوازیان جەمەدانی سور و سپییە. و نەریت وایە ئەوەی سور و سپی لەسەر دەکا، پشت ناکاتە دوژمن و راناکا، هەرچەندە مەترسیەکی کوشندەش رووبەڕووی بێتەوە[2]. زۆرجار ئەوانەی ماوەیەکی درێژ لەگەڵ بارزانیدا بوون، یاخود وێرای بارزانییەکان بوون، مێزەری سور و سپی دەبەستن، کەس رێگری لەوە ناکا، بەڵام جگە لە بارزانییەکان کە خۆیان مێزەری خاڵ خاڵی سور و سپی دەبەستن، کەسانی تر کە مێزەری سور و سپی دەبەستن، بەشێوەیەکی گشتی واپێویست دەکا جەمەدانی خۆیان بە رووە بەراوەژووەکەیدا دەپێچنەوە و رووی پشتەکەی دەکەوێتە بەرچاوی بینەر.

زۆربەی هەر زۆری هۆزەکانی تر جەمەدانی خاڵ خاڵی شین و سپی، یان خۆڵەمێشی و رەش و سپی دەبەستن.

شەڕواڵ و کورتەك لە ریسێکی خوری زۆر درشت دەچنرێ. لەو باوەڕەدام زۆرجار لە خوری مەڕ و موی بزن تێکەڵکراوە و ژنانی گوندەکان دەیڕێسن[3]. لە زۆر کاتدا بۆیاغ بەکارناهێنن. هەر تەنیا رەنگی سروشتی خورییەکە بەکاردەهێنن. نموونەی جۆربەجۆر و بەربڵاویشی هەیە. هەیانە لەسەرەوە بۆ خوارەوە بەشریتێکی قاوەیی و سپی، یاخود خولەمێشی و سپی خەت خەت چنراوە یان خۆڵەمێشی بێ شریت یان

---

[2] بیگومان ئەمە کارێکی کردەنی نییە، لە ساتە وەختی مەترسییەکی کوشندەدا کشانەوە بۆ دواوە مانایەك لە ترسان نادا، ئەمە لە بە های جەنگاوەریی ئەم هۆزە کە چەندین جار تاڵاوی شکستیان چەشتوە، هەروەها سەرمەستی سەرکەوتنیش بوون کەم ناکاتەوە. (ج. ف)

[3] مەبەست لێرەدا چنینی ((رانك و چۆغە، شاڵ و شەپك))ە کە سەنعەتێکی درێرینی کوردییە و لە کوردستان بە بەربڵاوی هەیە. ((و. ك))

قاوەیی و لەم شتانە... پانی شەرواڵەکەیان نزیکەی هەژدە ئینج دەبێ، واهەیە داوێنی درێژەبێتەوە تا دەگاتە سەر گوێزینگی قاچ هەروەك کە جەنگاوەری بارزانی لەبەری دەکا، یان لە نزیك گوێزینگەوە دەخرێنەوە ناو گۆرەوییەوە یاخود راستەوخۆ لە ژێر ئەژنۆوە دەخرێتە ناو گۆرەوییەوە هەروەکو شەرواڵی کۆنی گوڵف.[4] چاکەتیان بێ دوگمەیە و کۆتاییەکەی لە ژێر کەلەکەوە دەخرێتە ناو شەرواڵەوە و هەردوو پارچەکە بە پشتێنێکی گوڵدار کە درێژییەکەی دەگاتە نێوان پازدە تا بیست پێ پێکەوە بە دەوری کەمەردا دەپێچرێتەوە.

ئەگەر کوردێك ویستی لە کوردستان سەفەرێکی درێژ بکا، لە ژێر ئەو کورتەکەوە کراسێکی درێژ لەبەر دەکا کە دوگمەی تایبەتی هەیە، و قۆڵێکی درێژی هەیە لە هەردوو دەستی تێدەپەڕێ و لەسەر مەچەك دەپێچرێتەوە. ئەگەر بکرێتەوە هەر لەو ئالا سێ گۆشانە دەچێ کە لەناو کۆلێژەکان بەکاردێ. زیادەی ئەو قۆڵی کراسانە دەکرێ بۆ دەست وشککردنەوەی ئارەقی روخسار یان لوتگرتن یا هەر کارێکی تر کە دەسەسڕ یان پەشتەماڵ دەیکا، کەڵکی لێ وەربگیرێ.

کورد پێڵاوی لە پەت و پەڕۆچنراوی بەلاوە پەسەند ترە، کەمیان هەیە پێڵاوی ((تینس)) یان لاستیکی لە پێ بکا، و پۆتینی مل درێژی چەرمین بە دەگمەن هەیە. پێڵاوی لە قوماش چنراو بۆ شاخەوانی گونجاوتر و سوك تر و نەرم و نیان ترە و لەهەمان کاتیشدا بۆ پاراستنی پێ لە لێواری بەردی تیژ، بەهێزە. کورد بۆ بە چیادا هەڵگەڕان پاتەیەکی تایبەتی دروست دەکەن کە پاژنەکەی لەگەڵ شێوەی پێدا رێك ناوەستێتەوە. گرنگ لەوەدا ئەمەیە کە رێ لە هەڵخلیسکان دەگرێ. کورد، دەبێ کاتی بە چیادا هەڵگەڕان بۆ یەدەگ تاکێکی زیادە لەگەڵ خۆی هەڵبگری تا ئەگەر یەکێکیان دڕا سود لەو یەدەگە وەربگرێ.

---

(4) ئەم جۆرە گۆرەوییەش کە لە خوار ئەژنۆوە شەرواڵی دەچێتە ناوەوە، ئەویش هەر سەنعەتێکی کوردییە و زۆر جۆری هەیە و هەمووشیان لە مووی بزن دروست دەکرێ و بەناوەکانی کاڵە، ساق، بە لەك پێچ دەناسرێ. (و. ك)



ئەو لێکوەشانەوە گونجاوەی جل و بەرگی کوردی یەکجار سەرسامی کردبووم. جا کە دەستێك جلی پڕ بە بالای منیان وەگێرنەکەوت من دڵشاد نەبووم. چەند رۆژێکی تریش هەر بەو چاکەت و پانتۆڵە شینە لۆکەییەی خۆمەوە مامەوە. بە رۆژ تەنیا کراسەکەم لە بەردا دەبوو کە شەویش دادەهات چاکەتێکم بەسەریدا لەبەر دەکرد. من نەمدەتوانی لەوە تێبگەم کورد چۆن دەتوانن تەحەمولی ئەو جل و بەرگانە بکەن کە لەبەری دەکەن کە تەنانەت لە گەرمترین مانگە گەرمەکانی ساڵدا بەو هەموو قوماشە درێژەوە کە بە دەوری کەمەریاندا دەیبەستن و کورتەك و شەرواڵیشیان لە ئەستورترین خوری دروست کراوە، بگرە هەندێکیان دەبینی پەستەکی ئەستوری خوری لە ژێر فیشەکدانەکانیانەوە دەبەستن سەرەڕای ئەوەش کلاوی خوری لە جیاتی مێزەری ئاسایی لەسەر دەکەن.

سەرەتای عەسر شیوەکەمان بە جێهێشت. ئێستا سێ رۆژ بوو لە کوردستان بەسەر هەورازێکی پلە پلە کراوی چیایەکی مەزندا سەردەکەوتین. شوێنەکە یەکجار دوور بووو بە رادەیەك کە چاوی پیاوی ئاسایی لە رەشەوە دەچوو. بەڵام نەك بۆ جەنگاوەرانی شۆڕشگێر، ئەوان ئەو رۆژە لەوێ کۆببوونەوە تا گوێ لە رێبەرەکەی ئێمە ((ئەحمەد توفیق)) رابگرن تاکو دەربارەی شورشەکەیان قسەیان بۆ بکا. ئەوانەی لەوێ کۆببوونەوە بە سێ سەد جەنگاوەرم خەمڵاند. ئەوان بە تاسە و هۆشیارییەوە گوێیان لە ئەحمەد راگرتبوو. ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە سەرچاوەکانی زانیاری و پشودانی ئەوان کەمە. هەستی لە خۆ بوردویی و دڵسۆزیی بەسەر ئەواندا زاڵبوو.

کاتێك لەو هەورازە پلە پلەکراوە دووردەکەوتینەوە و بەرەو شیوێکی درێژ و پێچاو پێچ شۆڕدەبووینەوە، گوێمان لە دەنگی لاوانەوە و ئاهوناڵێك بوو، لە ئەسپەکەم هاتمە خوارەوە و ((ئاپو ئەحمەد))یش لەگەڵمدا هاتنە خوارەوە، بەرەو سەرەوە بەناو بەردەکان گەڕێکمان خوارد تا بزانین مەسەلە چییە. بینیمان ئافرەتێکی پیر بۆ پێشەوە و بۆ دواوە هاتوو چۆیەتی. قژی پەرێشان بوو بسکە درێژەکانی بەسەر شانیدا هاتبوونە خوارەوە. زانیمان کە نابینایە. ئەو داد و هاواری دەکرد و بەم شێوەیە بۆیان بەرچڤە کردم:

((پیاوێکی ئەمریکی هاتووە، سەر بە ڕۆژنامەیەکی ئەمریکییە. ئێستا لەناو ئەو شیوەدایە. پێویستە بزانێ، پێویستە ببینێ کە قاسم چی پێ کردووین، ماڵەکەی سوتاندین، ماڵەکەی سوتاندین، بەو ئەمریکییە بڵێن قاسم ماڵەکەی سوتاندین)).

لەو ناوچەیەدا پەنابەرەکان ماوەیەکی درێژە لە ژیانێکی سەختدان. شەڕ نزیکەی ساڵێك بەر لە ئێستا ئەلیرەوە دەستی پێکرد. پرسیارم لە ژنێکی لەو بچووکتر کرد لەو باوەڕەدای ئەو و دایکانی تریش –تاکەی لە ترسی بۆردومانی ئاسمانی هەڵدێن و لەناو ئەشکەوتەکاندا دەژین لە کاتێکدا مەترسی هەمیشەیی لەسەر گیان و تەندروستی و خواردەمەنی و ساغی و سەلامەتی خێزانەکانیان هەیە. ئەو بە کورتی وەڵامی دامەوە:

- زستانێکمان لە ئەشکەوتەکان بردە سەر، لەبەر ئەوە دەزانین چۆن گوزەرانی خۆمان دابین دەکەین. منداڵەکان تووشی سەرمابردوویی دەبن و خۆشمان لە بارێکی نائاسوودەدا دەژین. بەڵام دەتوانین بەسەر هەموو ئەو شتانەدا زاڵ ببین. ئەمە ماوەیەکی دیاری نییە.

ئەو ژنەش هەورەکو ژنەکانی تر هەموو کەل و پەل و پێداویستیەکانی ناو ماڵەکەی وێڕای ئەوانەش هەمو پەلەوەر و ئاژەڵەکانی ماڵەکەشی هێنابووە نێو ئەم پەناگە سروشتییە. بەڵام کەل و پەلی هەرەگرانبەهاو بە نرخی لەگەڵ ئەو بڕە ئالیك و دانەوێڵەیەی هەیبوو لە نێو چاڵی سەرداپۆشراو کە بە درێژایی شیوەکە بوون، دانابوو. لە نێو قوڵایی شیوەکەدا زەوی ئەو خێزانە بە سەلامەتی مابۆوە. ئەندامانی خێزان، کێ توانای کارکردنی هەبوایە لە ئەشکەوت دەچووە دەرەوە هەروەکو چۆن کە لەناو گونددا بۆ کارکردن لەناو کێڵگەکان دەچووە دەرەوە.

ئێمە لە ڕۆیشتنی خۆمان بەردەوام بووین، لەناو شیوەکەدا منداڵێك بەلاماندا تێپەڕی. سەبەتەیەکی گەورەی پڕ لە هێشووە ترێ لەسەر سەری بوو. بە زەردەخەنەوە پێی گوتین:

- فەرموون کامەی ئارەزووی دەکەن بیخۆن. هەر چەندە مخابن لە جۆری چاکەکەش نییە. بەڵام بە لای منەوە تامی خۆش بوو.



لە کاتێکدا بەشیوەکەدا دەچووینە خوارێ چەند دانەیەکی کەمم تووترکی ڕەش کە لە نێو گیاو گۆڵدا دیتەوە، لێکردەوە. ئینجا بە نێو باخی دار هەنجیردا کە بەهەر دوو بەری ڕێگاکەوە بوون، ڕۆیشتین. هەروەها لەوێ بە هەردوو ئاقاری قەدپاڵەکەدا، زەوییەکە پلە پلە کرابوو و تا دەگاتە سەر لوتکەکە ڕەزی ترێ بوو. لە نێو قوڵایی شیوەکە، ڕەزی سەوزی مێو دەبریسکانەوە. لە تەنیشتی ئەوان توتن چێنرابوو و گوڵیان دەرکردبوو. دوور لەوانەوە لەوجێیە کە ئاوی چیاکان سەر بەرەوژێر دەبۆوە تا بڕژێنە ناو ئەو ڕووبارەوە کە لە دەشتەکە دەڕۆیشت، هەردوو لێواری ڕووبار بە گوڵی پشکوتوی ژاڵە دەدرەوشانەوە.

هاتمەوە سەرخۆم و بە پرسیارەوە گوتم:

- ئێرە چ وڵاتێکی دڵفڕێنە؟

زۆر بەردەڵان، یەکجار سەخت و عاسێ، بەڵام لە دەوڵەمەندی و بەرەکەتدا وەسف ناکرێ. زۆر بە پیت و هەمە جۆر کە بەشی ژیاندنی کورد و ئاژەڵەکانیان و دابینکردنی پەین بۆ ئەوەی لە شارەکانی باشووردا بفرۆشرێ، دەکا.

لە بەرزایی چیاکان بەسەر لوتکەکانەوە کە دوێنێ پێیدا تێپەڕبووین، مرۆڤ دەتوانێ سێوی کێوی، هەرمێ کێوی و ترێی کێوی ببینێ. قەدپاڵەکانیشیان بەلێڕەواری داربەڕوو ڕازاوەتەوە. هەزاران قەتێ و پۆڕ بە دوای هەزارانی دیکەدا بە نێو درەختەکاندا پێش بڕکێیانە و لە شەقەی باڵ دەدەن. دەڵێن: کاتێك کورد بیر لە کوردستان دەکاتەوە ئەوا بیر لە داری بەڕوو و قەتێ دەکاتەوە. ئەگەر ڕاوچی بێ ئەوا بیر لە ڕاوکردنی بەرازی کێوی و ورچ و گورگ و بزنە کێوی دەکاتەوە. ئەمەی دواییان سات بە دوای ساتدا لەو بەرزایی چیایانەدا لە نوختەیەکەوە بۆ نوختەیەکی دیکە لە بازبازێن دایە.

# بەشی چوارەم

# ریشەکانی گەل

ئەو رۆژە هەر لەگەڵ بەرزبوونەوەی خۆر بۆ تاقی ئەو ئاسمانە سافە، لە چیاکان هاتینە دەرەوە و پێمان نایە ناو دەشتێکی وشك و گەرم کە گەرماییەکەی تاقەت پڕوکێن بوو. ئێستا هەر لەگەڵ هاتنمان بۆ ناو دەشتێکی کە زەوییەکەی تەختانییە، بە هەموو وریاییەکەوە دەڕۆین و چاودێری هاتنی فرۆکەکانی هێزی ئاسمانی عیراقی دەکەین. لەوێ بەڵگەگەلێکی غەمبارانەی کەساسانە پیشانی دەدا کە هێزی ئاسمانی عیراقی چی بەو گوندانە کە ماڵەکانی تەنیا لە کۆڵێتی قوڕ پێکهاتوون و چی بەو مێرگ و مەزرایانە دەکا لە کاتێکدا دەبینێ جگە لە ئاگری تفەنگ و رەشاشەکان کە بێهودە و تەنیا بۆ ئارام کردنەوەی دەروون، بەهەوادا دەتەقێنرێن، هیچ بەربەستێکی تر لە بەردەمیدا نییە. ئەم بەڵگانە بە هەموو ئاقار و ئاراستەیەکی دەشتەکەی دەوروپشتمان و بناری چیاکانەوە دەبینران. نۆ گوند لە ئەسڵی دە گوندەکەی ئەوێ بوونەتە کەلاوە کە بە تەواوی لەسەر زەوی سڕاونەتەوە و زۆربەی کێڵگەکانی ئەو دەوروپشتە سوتابوون و وەکو خەڵوزیان لێهاتبوو. بەڵام زۆرترین و تەواوترینی ئەو خاپورکارییە وەکو تێبینیمان کرد بە دەستی سوپای عیراقی کرابوو نەك هێزی ئاسمانی، بە جۆرێکی تایبەتیش بەدەستی ((فەسیلەکانی))ی جاشە بە کرێگراوەکانی سەربەوان کرابوو.

خۆرئاوابوو، مانگ هەڵات و پاشان مانگیش ئاوا بوو ئێمە هەروا بە رێگاوە دەڕۆین. من بەسەر پشتی ئەسپە رەش و سپییەکەمەوە، بە ئاسودەیی و خۆشییەوە سوار بوومەو بە ئاراستەی خۆمان لێی دەخورم. مزڵگەمان گوندێك بوو کە بڕیار بوو لەوێ پشوویەك بدەین و نانێك بخوێن. لەوێ لەسەربانی ماڵێك کە خێزانێکی مەسیحی لێ دەژیا، جێگا ئامادە کرابوو. مەسیحییەکان، ئاسورییەکانن، هەندێکیان ئەرسەدۆکسن و هەندێکیان کاسولیك و ئەوانی تر هەیانە لەسەر مەزهەبی کلدانی یاخود نەستورییەکانە. ئەوانە پاشماوەی کۆنترین کۆمەڵگای مەسیحییەکانن. ئەوانە پێیان وایە پاشماوەی ئەو گەلەن کە ((نەینەوا))ی بنیات ناوە و بەشێکی گەورەی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست داگیرکردووە، تا رێگای



بۆ کۆمەڵێك میللەتانی تر ئاوەڵا کرد، دوایی دراوسێکانی ئەوان، وەکو زۆر لە میللەتەکانی دیکەی پێش خۆیان بەسەریاندا زاڵ بوون[1].

ئەوانە بەریتانیا لە سوپای ((لیڤی ئاسوری))دا بەکاری هێنان بۆ ئەوەی کورد لە باری ئارامیدا بمێنێتەوە بەڵام هەر کە حکومەتی عیراقی جڵەوی کاروباری گرتەدەست و سەربەخۆیی تەواوی وەرگرت، دەسبەجێ ئەم سوپای ((لیڤی))یەی هەڵوشاندەوە[2]. ئەمڕۆ ئاسورییەکان لەگەڵ کورد شان بە شانی یەك بۆ دۆزێکی هاوبەش دەجەنگن. ئەوانە زۆربەیان لە بنار و قەدپاڵی چیاکان دادەنیشن. شێوازەکانی ژیان و جل و بەرگی ئەوان بە شتێکی ئەوتۆ لە هی کورد جیاناکرێتەوە. ئەوانیش هەروەکو ئەو

(1) ئەلێرە بواری ئەوە نییە گوتوبێژ لەسەر ئەو باسە بکرێ. ئەم بابەتە توێژینەوەی زۆر و بیروڕای فرەی لەسەرە خوێنەر ئەگەر ئارەزوو بکا زانیاری پتری لەو بابەتە هەبێ، دەتوانێ سەیری ئەو کتێبە تایبەتیانە بکا کە لەمبارەیەوە هەیە. لە رووی ئاینییەوە کتێبی ((لانکەی مرۆڤایەتی – ژیان لە رۆژهەڵاتی کوردستان)) دانانی ویگرام Wigram، کە لە لایەن ئێمەوە کراوەتە عەرەبی و ((دار ئەل عروبە)) لە بەغداد لە ساڵی 1971 بڵاوی کردۆتەوە، لە کاملترین سەرچاوەکانە بەڵام لەباری نەژادییەوە تاکە سەرچاوەی بەردەست کتێبی مامۆستا Henry Field لە زانکۆی هارفرد، بە ناوی The Anthropology of Iraq (Kurdistan part II No. 2. the Northern Jazira) ئێمە ئەو بەشەمان لە زنجیرەی ئەنترۆپۆلۆجی وەرگێڕاوە و ئێستا ئەویش ئامادەیە بۆ چاپ. ((ج. ف)).

(2) لەسەرەتادا سوپای ((لیڤی)) ئاسوری نەبوو. هێزە داگیرکەرەکان و ئینتدابی بەریتانیا هەوڵیاندا سوپایەکی پاسەوانیی نێوخۆیی لە باشووری عیراق پێکبێنن. بەڵام لە پاشان بە تەواوی پشتی بەو ئاسورییانە بەست کە لە تورکیاوە بۆ عیراق کۆچیان کردبوو، هەروەکو پشتی بەو عیراقیانەش بەستبوو کە هەر لە بنەڕەتدا لە عیراق بوون. ئەم هێزە کە زۆر بە چاکی رێکخرابوو، وەکو پۆلیسی ناوخۆ و هەروەها بۆ سەرکوت کردنی جوڵانەوەکانی کوردیش بەکارهات. پاش ئەوە کە ئینتداب کۆتایی هات ژمارەیان بۆ چەند ((فەوج))ێك کەم کرایەوە و بۆ پاراستنی دامەزراوە سەربازییەکانی بەریتانیا و بنکە ئاسمانیەکان دانران. لە سەرەتای پەنجاکاندا کە بنکە سەربازییەکان و فرۆکەخانەکان بە حکوومەتی عیراقی سپێردران، دواین((فەوج))ی لیڤی هەڵوەشایەوە. لەوەڕا دەردەکەوێ کە حکوومەتەکانی عیراق هیچ پەیوەندییەکیان بە لیڤی ئاسورییەوە نەبووە. (ج. ف)

برایانەی خۆیان جەنگاوەری چیایی سەختگیرن. هەروەها هەروەکو کورد هەست بە چەوسانەوە و پشت گوێ خستن دەکەن.

لە کاتی ئێستادا ئیتر جیاوازی ئاینی ئەو کاریگەرییەکەی نەماوە کەمایەی نیگەرانی بۆ کورد یا بۆ ئاسوری پێك بهێنێ. بە دەگمەن واهەیە دەمارگیری ئاینی لەناو کورد هەست پێ بکەی. ئەمڕۆ هەستی نیشتیمانپەوەری بە تەواوی باڵی بەسەر هەستی ئاینیدا کێشاوە.

تەماشامان کرد هێشتا نانی ئێوارەمان بۆ ئامادە نەکراوە، هەرچەندە نامەی ئاگاداری لەمەڕ هاتنی ئێمە لە وەختێکی زوودا و لە پێش خۆمانەوە نێردرابوو. هەر بەو جل و بەرگانەوە کە لەبەرماندابوو لەسەربانی خانوویەکی گەرم پاڵکەوتین تا نەختێك بحەسێینەوە. لەوێ شتێك کە وەکو پەرژینێکی چوارگۆشەی تەختە کە یەکجار زەبەلاح بوو، هاتە بەرچاوم —کە لەسەر بانەکە دامەزرابوو، لەوێ سێ منداڵ لە قولایی خەودا بوون، یەکێکیان کوڕێکی هەرزەکار و دوانەکەی دیکە بچووك بوون. بە تەنیشت ئەو پەرژینەوە، بێشکەیەکی لێ بوو منداڵێکی تێدابوو بە قایم شەتەك درابوو. منداڵەکە دەستی کرد بە زەیرەیر. دایکی بە پەلە هات بەلایەوە و هەڵیگرت. تێبینیم کرد ((چوك))ی منداڵەکە لەناو قامێشێکدایە[3]، ئەمەش ئامرازێکی ناوچەیی بوو بۆ چارەسەری کێشەی قۆناغەی منداڵ.

کاتێك ((ئەحمەد)) هات خەبەرمان بکاتەوە، دووبارە وامزانی زیڕەی منداڵەکەیە. خەو، لەلام ببووە کالاَیەکی گرانبەهای دوورەدەست. مانگ هەڵاتبوو. بۆ ئەوەی لە کاتژمێرەکانی سەفەری رۆژمان کەم بکەینەوە، دەبوو کەڵك لە رووناکی مانگ وەربگرین، چونکە بە رۆژ رووبەڕووی دوو مەترسی دەبووینەوە —تیشکی رۆژ و هێزی ئاسمانی عیراقی. لەو دەشتە تەختەدا سەفەرکردن بە رۆژ جۆرێك مەترسی تایبەتی بوو. ئەوەندە بەس بوو کۆمەڵە

(3) مەبەست بلوێرە کە لە لانکی کوردیدا بەکاردێ. (و. ک)



چەکدارێك و کۆمەڵە هێسترێك بەرچاوکەوتبان، فرۆکەیەکی مێك دادەهاتە سەریان و ئاگری شەست تیرەکانی تێدەکردن. چەند مەمنون و سوپاس گوزار بووم بەوەی کە یەکێك لە خەڵکی ماڵەکە ئێمەی بردە سەر ئاوێکی سارد و بەنۆرە، بە دۆلکە ئاوی بە دەستماندا کرد. بەڵام خەو زۆر لەوە بەهێزتر سواری سەرم بوو بوو کە بتوانم دەست بۆ ئەو دەورییە پڕ لە برنج و ئەو ماستە بەرم کە لە شیری خۆجێیی بوو لە کاتی خەوتنمان بۆیان ئامادە کردبووین.

دەمی بەرەبەیان گەیشتینە گوندێکی دیکەی مەسیحی. لەوێ پیاوێك پێشوازی لێکردین شەپقەیەکی خوری بەسەرەوە بوو[4]. ئەو پیاوە تاکە کەس بوو کە لە هەموو کوردستاندا بە شەپقەوە بینیم. ئەو لەگەڵ ئێمە و بە تەنیشت وڵاخەکاندا دەڕۆیشت و بە دەنگی بەرز دەیگوت ((هەلو، هەلو)) هێندەی پێنەچوو زانیم کە ناوی ((توماس))ە. ئەو ماوەی زنجیرەیەکی درێژ لە فەرمانگەی پاشبەندی کارگوزارانی ئاسمانی ئەمریکی لە بەغداد ((خزمەتگوزار boy)) بووە. ئێستا توماس وەکو ((خزمەتکار)) نا، بەڵکو خانەخوێ، خانەخوێیەکی زۆر بە چاودێری و غەم خۆر، خزمەتمان دەکا. رایەخ و سەرین و خواردنی هێنا و هەرچی لە توانایدا بوو بۆ ئەوەی لە گەرمای سوتێنەر کە حەتمەن ئەو رۆژە گەیشتبووە سەد و بیست پلە! بۆی کردین. پاش ئەو گەرماوێکی ساردی لەناو حەوزێکی گەورە بۆ ئامادەکردین. حەوزەکە لەسەر زەوی ژوورێکی گەنجینە ئامادەکرابوو، لەسەر تەختەیەکی گچکە دانیشتم و چەند مەسینەیەکی گەورەم ئاوی سارد بە لەشی خۆمدا کرد. گەرماوێکی خۆش بوو. بەڵام ((ئاپو جومرد)) هەر سەری رادەوەشاند و پێشبینی ئەوەی بۆ دەکردم کە ناتوانم بەسەر بەژان هاتنی ریخۆڵەکانمدا زاڵ ببم و ئەگەر ئاوا بمێنمەوە بە گەرماوی سارد و خۆشۆرینی سارد کۆ ئەندامی هەرس کردنم ئازار دەدەم.

کاتێکی درەنگی ئەو رۆژە ((توماس)) رازی بوو لاوێك، کە پێشتر لە پەیمانگای کلدانی کاسولیکی دەیخوێند بۆ ئەوەی ببێتە کاهین و دوایش وازی

(4) کلاولباد. (و. ک)

هێنابوو، بێتە ناو کوڕەکەمانەوە. پاشان گواستمانەوە بۆ بەر هەیوانی نهۆمی دووەمی ماڵی ئەو کوڕە لاوە و بە کاڵەك خواردن خۆمان ئاسوودەکرد و خۆمان دابووە بەر شنەبای فێنك و هەروەها گوێمان بۆ دەنگە دەنگی ناسکی ئەو منداڵە بچووکانە هەڵخستبوو کە سرودی ((تەسبیحەی عەزرا)) (ئاڤی ماریا)یان دەخوێندەوە. لە لاوەکەم پرسی: ((بۆچی وازت لە کەهنوت هێنا))؟

شانەکانی هەڵتەکاندا و گوتی:

- واگومان دەکەم کڵیسای ئێمە لە گیانەڵادایە. ئەو رۆژە ناوە ناوە یەکێك لە یارمەتیدەرانی سەرکردەی ناوچەکە ((سلیمان حاجی بەدری))[5] سەری لێدەدام. ئەو سەرنجی دەدا وەزعم خراپە جا بە ئارامی و زۆربەی کات بە بێدەنگی دادەنیشت. کاتێك وام لێهات زیاتر ئامادەی گوتوبێژ ببم پێی گوتم کە ئەو یەکێکە لەو حەوت برایەی کە زەوی و زارێکی بەپیتیان لە یەکێك لەو شیوانەی دەم رووبار هەیە و لە ماڵەوە پێویستیان بەو نەبووە و ئەو بە لیڤی هێزی ئاسمانی بەریتانی (R.A.F)ەوە پەیوەست بووە و پلەکانی بڕیوە تاگەیشتووە بە پلەی ((مولازم)). ئێستا ئەو زانیارییەکان و شارەزایی سەربازیی خۆی لە خزمەت بارزانی داناوە.

ئەو شەوە کە دووبارە دەستمان بە چیادا هەڵگەڕان کردەوە، ((سلێمان)) پێش هەنگاوی هێسترەکەم دەکەوتەوە. —ئێستا بۆ بێبەختی ئەسپە رەش و سپییە جوانەکەیان گێڕابۆوە بۆ خاوەنەکەی. ((سلێمان)) هەوڵی دەدا لەو بەرزاییانەی کە پێیدا تێدەپەڕین، رەوتی شەڕەکانم بۆ بگێڕێتەوە، ئەو هەروا بەدەم ئاماژەکردن بۆ قەدپاڵە رەش داگەڕاوەکانی چیاکان، بەدەنگی بەرزەوە دەیگوت:

- سەیرکە، سەیرکە، سوتاوە! هەمووی سوتاوە. ئینجا ئاماژەی بۆ خوێن کرد کە بەسەر بەردێکەوە بوو، گوتی:

---

[5] ئێستا فەرماندەی فەوجێك لەو فەوجانەی ((حەرەس حدود))ە کە بەپێی رێکەوتنامەی 11ی ئازاری 1970 پێکهاتووە. (ج. ف).



- ئەمە شوێنەواری ئەو شەڕەیە کە دە رۆژ پێش ئەلێرە روویدا.

لە جێگای دیکە سەدان قاوانی بەتاڵی گوللە تۆپمان بینی کە تۆپخانەی عیراقی بەجێیان هێشتبوو. لە شوێنێکی تر تەماشای مەزرایەکی سوتاومان کرد، پاشماوەی ئاژەڵێکمان دی کە ببووە خەڵوز، ئاژەڵەکە دیار بوو بزن بوو.

شەو گەیشتینە زەوییەکی تەختایی شیناوەرد، مانگ گەیشتبووە ناوەڕاستی ئاسمان. لەوێ سەرکردەیەکی پایە بەرزتری ناوچەکە چاوەڕێی دەکردین. ئەو ناوی ((عیسا سوار))[6] بوو هەندێك جاریش بە ((پڵنگ)) دەناسرا. من ((عیسا))م بە وشك، زۆر رووگرژ، هاتە بەرچاو، تەنانەت لە یەکەمین جار لەوە دەترسام کە رازی نەبێ درێژە بە مەهامەکەم بدەم. کاتێك چوارمەشقی لەناو گیاکە لە ژێر پرشنگی مانگ دانیشتبووین بۆ روونکردنەوە و خۆناساندن وتارێکی کورتمدا و دەربارەی ((نیویورك تایمز)) و گرنگی پێدانەکانی لەبارەی تیشك هاویشتنە سەر گۆشە تاریکەکانی جیهان ئاگادارم کرد. قسەکانی خۆم لەوەدا چڕکردەوە کە کورد گەلێکی نەناسراون و جیهان دەربارەی ئەوان و بوونی ئەوان شتێکی ئەوتۆ نازانێ. هەروەها پێم گوت کە کورد ناگەنە هیچ قۆناغێك لە ئامانجەکانی خۆیان ئەگەر جیهان بە خۆیان نەناسێنن. ئەرکی من و گرنگی پێدانی من لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کورد لەم خاڵەدا یەك دەگرێتەوە.

((عیسا)) گوتی: ئەو حەزدەکا کە گەڕانێکم لە مەیدانەکانی شەڕەکانی ئەو ناوچەیە پێبکا کە لەم دواییانەدا شەڕی تێداکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆم وام پێپەسەند تر بوو ئەو شتانە لە خۆیەوە ببیستم و من لەو کاتەدا لە ژێر سێبەری تاریکی دار بەڕوویەکدا راوەستابووم. تەماشام کرد واباشترە دژ بە بەڕاکەی نەوەستم.

چەند کاتژمێرێك لەوێ بە ئاسوودەیی پاڵکەوتین ئێمە خۆمان لە بەتانییەوە پێچابوو. جارێکی تر دیسانەوە سەرکەوتینەوە سەر بەرزاییەکی گەورە. پاشان دووبارە پێش ئەوەی بەیان گزنگ بدا کەوتینەوە رێ. لە کاتێکدا کە تەماشای

---

[6] لە کاتی شۆڕشدا فەرماندەی هێزی زاخۆ بوو. (ج. ف)

چاڵی بۆمباکانمان دەکرد و بە قەدپاڵەکەدا سەردەکەوتین ((عیسا)) بۆی روون دەکردمەوە کە چۆن سوپای عیراقی و جاش هەوڵیاندا پێشڕەوی بکەن و بخزێنە ناو ئەو چیا سەختانەوە، باسی کرد کە چۆن ئەوان تێکیان شکاندوون و تا دەشتەکان بە پاشدا شکاندوویاننەوە و زیانی گەورەی ماڵی و گیانییان پێگەیاندوون.

لەگەڵ نزیک بوونەوەمان لە بارەگای سەرکردایەتی ناوچەیەک کە بەر لەماوەیەکی کەم بارەگای سوپای عیراقی و پۆلیس بوو، بە جەسارەت و بگرە، بەسەر کێشی و بێمنەتییەوە لەگەڵ خۆری چێشتەنگاو بە قەد پاڵی چیایەکی بەردەنی رووتەندا بەخێرایی دەڕۆیشتین چونکە دەمانزانی مەترسی هەیە و لەوانەیە بکەوینە بەرهێرشی هێزی ئاسمانی عیراقی، بەڵام بەخت یاوەرمان بوو. هەر کە گەیشتینە ناو باخچەیەکەوە و پیادە بووین فرۆکە میکەکان بەسەر سەرمانەوە ویزەویزیان هات. فرۆکەکان بۆ ئاستی نزمایییەکی کەم داهاتنە خوارەوە، واپێ دەچوو بەدوای کاروانێکی هێستری سەربازی لە بابەتی کاروانەکەی ئێمەدا دەگەڕان.

لەو گوندە کە بارەگاکەی لێبوو گۆماوێکی جوانی مەلەوانیم دۆزییەوە. گۆمەکە لە دوو حەوز پێکهاتبوو بە چیمەنتۆ دروستکرابوو و ئاوی کانییەکە دەڕژایە ناویانەوە. لە رۆژانی ئارام و هێمنیدا خەڵکی گوندەکە بۆ دەستنوێژ بەکاریان دێنا. دەست نوێژ ((واجیب))ێکی پێویستە کە ئاینی ئیسلام لە پێش نوێژکردندا ((فەرز))ی کردووە.

پاش ئەوە کە بەو ئاوە ساردە خۆم شوشت، دووبارە چالاکیم وەبەردا هاتەوە. پێشنیارم بەسەرکردەی رووگرژی خۆم ((عیسا سوار)) کرد کە هێرشێکی کوردم پێنیشان بدا تا ئەگەر کردەوەیەکی هێرش بردنی خەیاڵییان بەڕێوەبرد، منیش وێنەیان بگرم. بەو پێشنیارە یەکجار دڵخۆش بوو، ئەو نزیکەی سەد جەنگاوەری کۆکردەوە و بەڕاکردن لە هێرشێکی رامالدەر بەناو کێڵگەیەکی سوتاودا بەرەڵای کردن. من گومانم هەبوو لەوەی پارتیزانی کورد توانیبیان یان بتوانن بەم شێوە قوزاقییە هێرش ئەنجام بدەن. بەڵام من بە پەسندم زانی کە ئەمە شایانی وێنە



گرتنە. هەمووان بەو وەرزشە سەرحاڵ ببوون. بەڵێنم پێدان —وەک کاری هەمیشەیم- کە رۆژگارێک و بە رێگایەک لە رێگاکان، وێنەکانیان بۆ بنێرمەوە.

ئێستا ((عیسا)) لە رادەیەکی ئاسودەیی وادایە کە لەگەڵ وەرگێڕێک پێکەوە بچینە جێگایەکی تاریک تر و دەربارەی خۆی قسەم بۆ بکا. ئەو گوتی لە ساڵی 1943 تەمەنم بیست ساڵ بوو کە چوومە ناو ریزەکانی بارزانی...

- من ئەو کاتە تا رادەیەکی زۆر نەخوێندەوار و نەزان بووم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەمتوانی لە هەلومەرجی هەژاری گەلی کورد تێبگەم و دەمزانی کە چەوساوەین و لە مافەکانمان بێبەشین و دەمزانی گەلانی تر بە هەموو مافەکانی خۆیان سەرفراز بوون. بەڵام ئێمە رۆشنبیری و پەروەردەمان نییە و ئامراز و کەرەسەمان نییە شارستانێتی خۆمان گەشە پێبدەین. بیرم کردەوە کە پەیوەندی بە سەرکردەی مەزنی کورد بارزانییەوە بکەم.

ئەو هەر لە ساڵی 1932 کە تەمەنی نۆ ساڵان بووە زۆر شتی لەبارەی بارزانییەوە دەزانی. ئەوسا توانای ئەوەی نەبوو لە شەڕەکانی ئەو کاتەدا بەشداری بکا. بەڵام لە ساڵی 1943دا ئاواتی هاتەدی کاتێک کە بارزانی لەگەڵ حکوومەتی عیراقی، کە ئەو کاتە بۆ ((سلێمانی)) ((دوری خستبۆوە)) رووبەڕوو بۆوە و گەڕایەوە بۆ بارزان و ئاڵای شۆڕشی بەرزکردەوە.

لە کۆتایی ساڵی 1945دا کە بارزانی بۆ پاڵپشتی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی کورد چووە ئێران (عیسا سوار) لەگەڵیدا رۆیشت. بارزانییەکان ماوەی ساڵێک بۆ پارێزگاری کردن لە حکوومەتی خودموختاری کورد کە لەسەرەتای ساڵی 1946 لە مەهاباد، راگەیەنرابوو، مانەوە.

کاتێک لە سەرەتای ساڵی[7] 1947دا پەنای بۆ یەکێتی سۆڤێت برد ((عیسا سوار)) لەگەڵیدا بوو. ئەو بیری دەهاتەوە ئەو کوردانە کە چەندین ساڵ لەوێ

[7] رۆژی 1947/6/16 بەشێک لە هێزەکەی بارزانیان پەڕینەوە بۆ سنوری سۆڤێت و ئنیجا رۆژی 6/18 بارزانی لە ئاراس پەڕییەوە و گەیشتە ناو خاکی سۆڤێت. بڕوانە: (بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد. مەسعود بارزانی) (و. ک)

مانەوە وەکو سەرباز مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا، دەرفەتیان بۆ رەخسا بچنە قوتابخانە و زانست فێربن. ئەوان زمانی روسییان خوێند، هەریەکە بەپێی لێهاتوویی خۆی لەسەر پیشەی بازرگانی و تەکنیکی شارەزاییان پەیداکرد. ئەو لەوێ لە پیشەسازی چنین دەخوێنێ. بەڵام هێشتا ماوەی خوێندن تەواو ناکا کە دەرفەتی ئەوەی بۆ دێتە پێشەوە لە ساڵی 1958دا بگەڕێتەوە بۆ عیراق.

لێم پرسی: ئایا روسەکان هەوڵیان نەدا بەرەو باوەڕی کۆمۆنیستیان ببەن؟

وەڵامی دایەوە:

- ئاهـ، بەڵێ هەوڵیاندا تەئسیرمان تێ بکەن، بەڵام سەرەڕای هەموو هەوڵەکانیان نەیان توانی بمان کەن بە کۆمۆنیست.

((عیسا)) پێی گوتم کە بەرگری لە دۆزی نیشتیمانی کورد نەریتێکی خێزانەکەی ئەوانە. ئەو باوك و باپیری، لە کاتێکدا شەڕیان لەگەڵ تورکاندا دەکرد ژیانی خۆیان کردە قوربانی هەروەها مامی ((محەمەد)) و کوڕە مامەکەی ((خۆشەوی خەلیل)) لە لێکداندا لەگەڵ سوپای عیراقی کوژراون و سەریان بڕین و سەرەکانیان ناردە بەغداد(8).

((عیسا)) باسی کرد کە لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا ژنی هێناوە. یەکێك لەوان بەدوا قسەکەیدا بە گاڵتەوە گوتی کورد بەسەریدا (فەرز) کراوە کە هەر لە سەرەتای لاوییەوە ژن بهێنێ. رێژەی مردن لەناو لاوان و تازە لاواندا یەکجار بەرزە.

پەندێکی کوردیم وە بیرهاتەوە کە دەڵێ: ((بەرخی نێر بۆ سەربڕینە)).

هەروەها قسەی پیاوێکی پیرم لە یەکێك لە گوندەکان وەبیرهاتەوە کە پێی گوتم:

- کورد لە تواناییاندا هەیە لە پێناوی دۆزی نیشتیمانی خۆیان بۆ هەتاهەتایە درێژە بە خەبات بدەن، چونکە ئێمە گەلێکین دەتوانین قوربانی بە سەرجەمی بەرهەمی ساڵێك بدەین. ئێمە هیچ گومانمان نییە کە ژنەکانمان لە ساڵی ئایندەدا دەتوانن قەرەبووی ئەو زیانە بکەنەوە.

---

(8) بڕوانە بەشی یەکەم لە کتێبی ((بارزانی و جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد. مەسعود بارزانی)). (و. ك)



لە دەروونی خۆمدا درکم بەوەکرد کە ئەو کوردانە لەبارەی هۆکارەکانی ترس خاوەنی بیرکردنەوەی تایبەتی خۆیانن....

ئەو لێڕەوارانەی بناری چیاکانی دادەپۆشی تادەهات چڕتر دەبوو، هەرچەندەش زیاتر دەچووینە پێش هەوا ساردتر دەبوو. ئێستا خۆمان لە ناوچەیەك دەبینین کە چیای سەرکەشی لێیە. لەگەڵ ئەوەشدا کە گوندە دوورە دەستەکانی ناو چیاکان تا رادەیەکی گونجاو کۆمەڵگای تەندروستین، نیشانەی جیدی بوون و جوڵانەوەیان پێوە دەردەکەوێ، بەڵام نەخوێندەواری بەرەهایی باڵی بەسەریاندا کێشاوە. لە هەموو گوندێك هەمان ئەو چیرۆکەمان گوێ لێ دەبۆوە:

قوتابخانەی پێویست بنیات دەنرێ بەڵام حکومەت بەڵێنی خۆی بەجێ نایەنێ و مامۆستامان بۆ نانێرێ.

لەهەر گوندێك لەو گوندە هەژارانە خۆم بەناچار دەبینی لە ناوەڕاستی کۆمەڵێکی گەورە لە نێوان گوندنشینان و سەربازان و ئەفسەران کە تەمەنیان لە نێوان دە ساڵانەوە بیگرە تا حەفتا ساڵ بوو رۆڵی پاشایەکی بچووك بگێڕم. هەندێکجار نامەبەرێك پێشمان دەکەوتەوە تا پێداویستی خواردن و جێگای حەسانەوەمان بۆ ئامادە بکا. ئەگەر وابهاتبایە پێشەوە بێ چاوەڕێ کردن گەیشتباینە جێگایەك ئەوا بە پەلە رایەخیان بۆ دادەخستین. من و ئاپۆ جومرد لە باشترین جێگا دادەنراین و پاشان بۆ باقی کەسانی کۆمەڵەکە و پیاوماقوڵانی ناوچەکە حەسیر و رایەخ بە هەردووبەردا لەسەر شێوەی پیتێکی گەورەی ((U)) رادەخرا، ئەم کۆبوونەوەیە هەندێك جار لە حەوشێکی ناو ماڵ یا لەبەر هەیوانێکی سەرەوە یان لە دەوری کانییەك بەرێوە دەچوو، بەڵام بە زۆری لەسەربانی ماڵەکان دەبوو.

دوای چەندین کاتژمێر بەسەر پشتی هێسترەوە ئارەزووم نەدەکرد بۆ پاراستن و رەچاوکردنی داب و نەریتی دانیشتن، هەردوو قاچم لە شێوەی چوارمەشقی دابنێم، ((ئەحمەد و ئاپو جومرد)) کە زۆر چاودێریان دەکردم، چەند لە تواناییاندا بوایە هەوڵیان دەدا لەو رۆتینانە کە زۤر بێزاریان دەکردم، رزگارم بکەن.

تەنیا داخوازی لە من ئەوەبوو کە پێڵاوەکانم دانا لە جێگای شەرەف دابنیشم و تەنیا یەك پیاڵە چا بخۆمەوە و بەس. پاش ئەو کارە بە تەواوی ئازاد دەبم لەوەی لەسەر پشت پاڵ دەکەوم یا دەخەوم. ئەوانی تر بە کوردی سەرگەرمی قسە و باس دەبوون و جگەرەیان لە توتنی خۆیان دەکێشا کە هەر خۆشیان دەیانپێچایەوە و دەیانخستە نێو دەمی دارجگەرەی خۆ وڵاتییەوە. لەگەڵ درەنگانی شەو بەرە بەرە دانیشتووان بڵاوەیان لێدەکرد.

ئەگەر پرسیارێکم بە بیردا بهاتبایە، کە من هەر بە نەریتی خۆم وادەکەم، ئەوا گوتوبێژێکی گشتی بە دوا پرسیارەکەمدا دەهات. لەم جۆرە هەڵوێستانەدا رەنگە دەرەتانی قسەکردن لەگەڵ تاکەکەسدا ببێتە کارێکی مەحاڵ. هەموو گوێ دەگرن و هەمووش هەست بە ئازادی قسەکردن دەکەن.

لەو رێگایەوە زۆر شتم زانی، و لە دەفتەری تێبینییەکانمدا تۆمارم کردن. پێیان راگەیاندم کە زۆربەی ئەفسەران و ئەو سەرۆکانەی دیکەش کە چاوم پێیان کەوت، مافی ئەوەیان هەیە نازناوی ((ئاغا)) کە نازناوێکی میرایەتییە بەکاربهێنن. بەڵام ئێستا لەو ناوچانەی رۆژئاوای بەرامبەر سنورەکانی تورکیا ئەو نازناوە زۆر بەدەگمەن بەکاردێ، ئێستا ئەمە مۆدی نەماوە و بەسەرچووە، جگە لەوەش ژمارەیەکی زۆر گەورە لەوانەی پێیان دەگوترێ ((پیاو ماقوڵان))، ((بونە عەرەب)) و لە دژی جوڵانەوەی نیشتیمانی کوردی هاوکاری لەگەڵ حکوومەتدا دەکەن.

پاش ئەوەی بارزانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچە کوردییەکاندا بڵاوکردەوە، ((ئاغاوات)) رۆڵێکی نەما. هەروەها هەمان شت لەگەڵ زۆر لە مەلاکان ((زانایانی ئاین))، ئەوانەی کە هەمان ئارەزوویان بۆ هاوکاری لەگەڵ حکوومەتی عیراقی پیشاندا، روویدا.

جوڵانەوەی نیشتیمانی لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی هاوشان بە سنورەکانی ئێران، هەروەکو بە من راگەیەنرا کۆن تر و بەهێزترە، لەوێ ((ئاغاکان)) خۆیان سەرکردایەتی جوڵانەوە دەکەن، لەوەشەوە سەرکردە سەربازییە گەورەکان لە رۆژهەڵات هەموویان لە ((ئاغاوات)) بوون و ئەوان دوو دڵییەکیان لەوە نیشان نەدەدا کە لەو رواڵەتەوە خۆیان دەربخەن.



هەروەها زانیم کە بارزانی، تارادەیەك توانی بەسەر هەموو ئەو هۆزانەدا زاڵ بێ کە دوژمنی بوون، بەڵام هێشتا دەستەی تری دوژمن بە بارزانی ماون، وەکو باسدەکرا ناکرێ متمانە بە هەموو رێکانییەکان یان زێبارییەکان بکرێ (هەرچەندە خێزانی دووەمی بارزانی کە کچی سەرۆکی زێبارییەکان ((مەحمود ئاغا))یە نەبووە بەربەستی ئەوە کە زێبارییەکان پارەو چەکی حکوومەت قبوڵ نەکەن. بارزانی ناچار بوو هێرش بەرێتە سەر ناوچەی عەشیرەتەکەی و پیاوەکانی دەسگیر بکا و ماڵەکەشی بسوتێنێ.

یەکێك لە سەرۆك هۆزەکان لە کاتێکدا کە بیری لە هەڵەکانی ((قاسم))ی سەرۆك وەزیران دەکردەوە، سەری خۆی رادەوەشاند، کە چۆن هەوڵی دەدا کوردەکان لە ناو خۆیاندا بەگژی یەکتریدا بکا. ئەوە هەمان ئەو رێگایە بوو کە بۆ دوو لەتکردنی هەر حزبێکی سیاسی و هەر کۆمەڵەیەکی تری تایفی و نەژادی پەیڕەوی لێ دەکرد. یەکێك لە لاوەکان هەڵیدایە و گوتی:

- ئەو دەرهەقی ئێمە هەڵەیەکی گەورەی کرد، ئێمەی کورد باشترین پشتەوانی ئەو بووین. بەهیمەتی ئێمە بوو جوڵانەوەی ئاژاوەگێڕی و هەرانانەوە کە لە هاوینی 1960دا بەسەر کەرکوك هات، سەرکوت کرا، ئەگەر لە جیاتی ئەوە کە تەڵەمان بۆ بنێتەوە و پیلانمان لە دژ بگێڕێ، بە ویژدانەوە مامەڵەی لەگەڵماندا بکردایە، ئێمە هەر لایەنگیری ئەومان دەکرد.

چوومە شوێنێکەوە پێی دەگوترا ((نەخۆشخانە)) ئەمە لەناو شیوێکی بەرزی دیمەن جوان و هەروەها باش حەشاردراودا بوو. ئەگەر دڵشادی و گوشادی ئەو کەسانە نەبووایە کە لە هەمووواندا، بە برینداەرکانیشەوە هەبوو، ئەوا ئەو نەخۆشخانەیە نزیکترین شتێك بوو لە تراژیدیاوە. لەوێ دکتۆرێکی خاوەن بڕوانامە یان برین پێچێك نەبوو. کەرەسە و دەزگای پزیشکیش کەمترین بڕی لێ بەدەست دەکەوت. نۆزدە پیاوم بینی لەسەر رایەخ لە نزیکی شکونە شاخێکەوە، لە ژێر سێبەری لقی دەرختەکاندا درێژ کرابوون. کانیاوێکی زوڵاڵی رێژەنی لێبوو ئاوەکەی بەدرێژایی بن شکونە شاخەکەوە دەڕۆیشت. هەوای ئەوێ بە ساردی هاتە بەرهەستم و لەوانەیە جێگاکە لە رووی بۆردومانی ئاسمانیشەوە جێگایەکی ئەمین بوو بێ.

ئەو پیاوەی بەرپرسی ئەوێ بوو، پیاوێکی جوان و ناوی ((موشی)) بوو. هەندێك راهێنانی پزیشکی لە نەخۆشخانەکانی کۆمپانیای نەوتی عیراقی و هێزی ئاسمانی بەریتانی بینیبوو. بۆم دەرکەت کە سروشت پاکی و سنگ فراوانییەکی تێدایە، کە بە دڵنیاییەوە ناتوانن جێگای شارەزایی و لێهاتوویی پزیشکی بگرنەوە و قەرەبووی بکەنەوە. هەروەها شتێکم بۆ وەدەرکەوت کە دەرەتانی باوەڕپێکردنی سەخت بوو لەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە دابین کردن و ئامادەکردنی دکتوری پزیشکی بۆ ئەم خەباتەی خۆی دەستەوستان بێت. دەستم کرد بە بیرکردنەوە لەبارەی سروشت و بناغەی شۆڕش، رابردووی ئەو گەلە کە دەمبینی بە ئازایەتییەکی گەورەوە شەڕدەکا. لە هەفتەکانی داهاتوودا کە بە بڕینی رێگاکان بەناو چیاکانی کوردستاندا بەسەرمان برد، وەرگێڕەکەمی خۆم ((ئاپو جومرد))م وەك کتێبێکی مێژوویی پیادە یان سوار بەکار دەهێنا! زۆربەی کاتەکان بە دەنگێکی گەورە بە زمانی فەرەنسی قسەی دەکرد و راستەوخۆش بە سواری ولاخەکەیەوە لە پشتمەوە دەڕۆیشت. ناوناوەش لە ولاخەکەمیەوە دەژەنی تابڕوات. هەروەها هەندێك خاڵی دەربارەی مێژووی گەلەکەی بۆ شیکردمەوە کە خۆشی وای هەست دەکرد کە پاژێکە لێی و لەو جیانابێتەوە. ئەوەی ئەو بۆی باس کردووم، لەگەڵ ئەوەدا کە لەوەو پێش و لە پاش ئەویش خوێندوومەتەوە، تێکەڵم کردووە، والێرەدا بەم شێوەیە دەیخەمەڕوو:

کورد گرنگییەکی زۆر مەزن بەوە دەدەن کە ئەوان لە بنەڕەتدا ئەورووپین، بە پێچەوانەی تورك و عەرەب کە رۆژهەلاتین، و دان بەو خزمایەتییەی خۆیان لەگەڵ ئێرانییەکان دەنێن. ئەو ئێرانییانەی کە باوەڕ وایە لە ریشەی ((هیندوئەورووپی)) بن. زۆربەی ئسولۆجییەکان باوەڕیان وایە کە پێشینەکانی کورد لە چاخەکانی پێش مێژوودا، لە ئەورووپاوە لە رێگای قەفقاس بۆ باکووری عیراق هاتوونەتە خوارەوە و لەوێوە بەرەبەرە رووە و رۆژئاوا و بۆ چیاکانی زاگروس و بەرەو چیاکانی توروس و بۆ شیو و دەشتە بە پیتەکانی ئەمڕۆی باکووری عیراق و باشووری رۆژهەلاتی تورکیا بلاوبونەتەوە. ئەو گەلە بە ((ماد))ییەکان ناو



دەبرێن. بەشێوەیەکی گشتی لە لایەن رۆشنبیرانی کوردەوە کە پێشینەی ئەوان ((ماد))ییەکان بن شتێکی باو و قبوڵکراوە. هەرچەندە ناوی یەکەمی ئەوان ((گوتی Guti)) بووە.

کاتێك ئەسکەندەری گەورە مرد لە تەمەنی سی و دوو ساڵی دابوو، سەرکردەکانی دەسبەجێ ژنە کوردەکەی و کوڕەکەیان کوشت و ئیمپراتۆریەکەیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد[9]. لە سەدە شێواوییەکانی پاش ئەوە کە پڕاوپڕ لە ئاژاوە و شڵەژان بوون، کوردستان بە سەر زەوینی مادییەکان و مەمالیکی گوتیوم و قەسییەکان ((کاشییەکان))ەوە لەکا کە میللەتێکن هاوبەندییەکی بەهێزیان بە ((گوتی))یەکانی کە لە چیاکانی زاگروسەوە هاتوون، هەیە. کوردستان بە ئیمپراتۆریا گەلی سلوقییەکان (331-129)، و پارسییەکان (247 پ.ز-226 پ.ز)، ئینجا ساسانییە فارسەکان (226-636) دواجاریش ئیمپراتۆریەتی خەلیفەکانی عەرەب (638-1258 ز) کوردانی سەرسەخت، پارێزەری هەر کام لەو ئیمپراتۆریەتە بوون.

لە سەرەتای ساڵی 640 ز، عەرەب بە گیانی ئەو جۆش و خرۆشەوە کە ئاینی نوێ کردبوویە بەر گیانی ئەوان، لە بیابانەکانی باشوورەوە وەکو لافاو بەرەو چیاکانی کوردستان و فارس هاتن. کورد و ئاسوری و ئەرمەن، بێ پەروا پشتیوانیان لە فەرمانڕەوای فارسی خۆیان (پاشای پاشایان) لە دژی داگیرکەرانی عەرەب کرد. سوپاکانی خەلیفە مسوڵمانەکان، ئاینی ئیسلامیان بە شێوەی داسەپاندن لەسەر کورد و فارسە (وەسەنییەکان)دا سەپاند. بەڵام چاوپۆشی لە کۆمەڵگا نەسرانییە پێشکەوتووەکان کرا. بەڵام زۆری نەبرد میرانی کورد کە بە دێرەبی ناسرابوون، کەمانای گەورەی دۆڵ دەگەیەنێ لەو قەیرانە دەرچوون و دانیان بە خەلافەتدا دانا و دەسەلاتی کلاسیکی خۆیان گێڕایەوە.

[9] ئەسکەندەری مەکدونی لە شاری وێران بووی بابل (کە ئەمڕۆ کە لاوەکانی لە نزیك شاری حیللەیە) بە نەخۆشی مەلاریا مرد و ژنە کوردەکەی روکسانا، و کوڕەکەیان خنکاندن. (ج. ف)

وێرای ئەوە کە عەرەب لە زۆر پرسی جۆر بە جۆردا توندوتیژ بوون، بەڵام ئاینێکی یەکتا پەرستی مەزنیان بۆ میللەتە ((وەسەنی))یەکان هێنا. ئەوە سەرەڕای زمان و کولتوری خۆیان، لە رێگەی ئیسلام و زمانی عەرەبییەوە، ژمارەیەکی گەورە لە کورد لەو سەردەمانەدا وەك پیاوانی زانست و ئەدەب دەرکەوتن. کورد بەرزترین پایەی سەربازی و کارگێڕی لەناو ئیمپراتۆریەتی عەرەبیدا گرتە ئەستۆ.

سەلجوقییەکان، جۆرێك داگیرکەری تر بوون کە جیاوازییەکی تەواویان لەگەڵ ئەوانی تردا هەبوو. ئەوانە چەندین لەشکرگەلی هۆزە تورکمانەکان بوون کە لە ساڵی ((1160))ەوە بۆ ماوەی دوو سەدە دەستیان دایە داگیرکارییەکی وێرانکەر، ئەوان دەوڵەتی بێزانتییەکانیان لەناوبرد و سەردەمی عوسمانییەکان دەستی پێکرد. بەڵام بەر لەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەکان پایەگای خۆی لە مێژوودا دابکوتێ، داگیرکەرانی تر هاتن کە مەغۆلەکان بوون. خانی گەورە مانگو، براکەی هۆلاکۆ خان سەرکردایەتییان دەکردن. پاش مەغولەکان ئینجا تەتەر، کە هۆزە وێرانکەرەکانی تەیموری لەنگ بوون، لە سەدەی سێزدەو چواردەدا هاتن. لەو بوارەدا تۆمارێك لە مێژوو هەیە کە هەواڵ و باسی ئەو بەرهەڵستی و بەرگرییە توندو تیژەی ئەو شەپۆلە داگیرکردنانە، کە هۆزەکانی کورد و ئەوانی تریش پێی هەستاون، دەگێڕێتەوە.

کاتێك سەلجوقییەکان دەستیان بە هێرشەکانیان کرد، مەسیحییە خاچ پەرستەکانیش بڕیاریان دابوو سەر زەوینی پیرۆز رزگار بکەن کە تا نزیکترین خاڵ لە ئامانجەکانی خۆیان نزیك بوونەوە، یەکێك لە مەزنترین پیاوانی کورد کە لە هەموو کات و شوێنەکاندا تا سەرکردایەتی سوپا هاوپەیمانەکانی عەرەب بکا کە ئەویش ((یوسف سەلاحەدین)ە کە لە هەموو جیهان بە Saladin ناسراوە هاتە مەیدان. ئەو، لە ساڵی 1137 ز لە قەڵای تکریت لە باکووری عیراق کە باوکی لەوێ حاکم بووە لە دایکبووە. خەلیفەی فاتیمیەکان داوای لێکرد کە بێتە قاهیرە تا سەرکردایەتی سوپا بکا. ((سەلاحەدین) خەلافەتی گەورەکانی لابردو



خەلافەتی ئەیوبی بە ناوی باوکییەوە دامەزراند. سوریا و عیراق و میسری یەکخست، هەموو میرەکانی کورد و عەرەب و سەلجوقییەکانی هەر لە جەزیرەی عەرەبییەوە تا دەگاتە دیجلە خستەژێر رکێفی خۆیەوە. ئینجا بۆ بەرەنگار بوونەوەی خاچ پەرستەکان بانگەوازی بۆ هەموو رۆژهەڵات کرد و بەشێك لە سوپاکەی ئەو بەسەرکردایەتی سەرەك هۆزێکی کورد کە ناوی ((دەرباس)) بوو، توانییان پاشای فەرەنگ بە دیل بگرن.

لە رووخانی سەڵتەنەتی ساسانیان لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەمەوە لە ژێر تین و تاوی پەلاماردەران و هێرشبەرانی عەرەبدا تا دەگاتە شا ئیسماعیلی سەفەوی بۆ سەر عەرشی فارسی لە سەرەتای سەدەی شازدەیەمدا، ئیران و کوردستان، بگرە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نزیکەی نۆ سەد ساڵ لە کاولکاری و وێرانکارییەکی تەواودا تلایەوە. ئەنجام دانی هێرشی تاڵانکاری یەك بە دوای یەکدا هەموو جارێك شارستانێتی تێیدا دەبووە قوربانی. ئەو کاتە هەرەتی بڵاوبوونەوەی ئیسلام و شارستانێتی عەرەبی بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، سیمایەکی هەمیشەییان هەبوو. هەروەها هەمان ئەو کاتە بوو کە میرە جەنگاوەرەکانی کورد سەرقاڵی بنیات نانی قەڵا حەستەمەکان بوون لە نێو چیاکانی خۆیان و توانیان ماڵ و موڵك و مافە میراتییەکانی خۆیان بپارێزن.

مێژووی نوێی کورد لە مەیدانی شەڕێکەوە کە دەکەوێتە دەشتی چاڵدێران لە نزیك شاری ((قارس)) کە لە نێوان سوڵتان سەلیمی یەکەم و شا ئیسماعیلی سەفەوی فارسی لە ساڵی 1515 روویداوە، دەست پێدەکا. لەو جێگایە سوڵتان سەلیمی یەکەم سەرکەوتنێکی گەورەی یەکلاکەرەوەی بە دەستهێنا کە ئاکامەکەی بەوە شکایەوە تورکەکان، نەك فارسەکان، توانییان سەر زەوینی عەرەب و کوردستان و ئەرمینیا کە لە نێوان رووباری فوڕات و ئیمپراتۆریەتی فارسی درێژ دەبێتەوە، بخەنە ژێر چنچڕوکی خۆیانەوە. لە هۆکارەکانی ئەو سەرکەوتنەی سوڵتان سەلیم ئەوەبوو کە توانی هاوکاری ژمارەیەکی گەورە لە میرە کوردەکان مسۆگەر بکا. ئەمەش لە رێگای ئەوەی کە پلەی بەگلەربەگی

((دەرەبەگ))ی بەسەر هەر کام لەو میرە کوردانە، جا هەر یەکە و لە سنوری نفوزی خۆی، دابڕی بۆ ئەوەی مافەکان و ئیمتیازەکان و قەڵا و قوللەکان و زەوییەکانیان بۆ هەتا هەتایە بە میراتی بۆ بمێنێتەوە. هەروەها وەکو ((حکوومەت))ی کوردی کە هەر تەنیا ئەوەندە باجێکی رەمزی ساڵانە بدەن لەگەڵ پێشکەشکردنی ژمارەیەکی کەم لە سەربازانی سوارە و چەکدار لە کاتی جەنگدا، ئەو ((حکوومەتانە)) لە ژێر فەرمان و دەسەڵاتی سەرکردایەتی باڵای سەرکردەی گشتی عوسمانی لە ئاسیا بوون و ئەوان دەسەڵاتێك بوون لە نێو دەسەڵاتدا imperia in imperia. ئەمەش مانای وایە کە ئەوان —هەروەکو ئەغریق و ئەرمەن لە سەردەمی سوڵتانەکانی هەوەڵی ئالی عوسمان بوون. ئەم ((حکوومەتانە)) بڕێکی گەورەیان لە ئۆتۆنۆمی سیاسی و ئایینی بۆ خۆیان وەگیر کەوتبوو. لە ماوەی دوو سەدەی دوا بە دوای ئەوەدا قەوارە گەلی کوردی و هۆزگەلێکی دیکەش مافێکی هاوچەشنی ئەوانیان پێدرا.

بێگومان کورد، هەروەکو زۆر لە گەلانی تری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بە کردەوە کۆمەڵە سودێکیان لەو رێکخستنانە و لەو فەرمانڕەواییە ناو خۆییە ((ئۆتۆنۆمی)) چنییەوە کە سوڵتانەکان دانیان پێدا نابوو. هەروەها ژمارەیەك لە حکوومەتە کوردییەکانی کە پتر دوورە دەست بوون، بۆ ماوەی چەند نەوەیەك لە بەجێهێنانی هەموو ئەرکێکی سەرشانیان لە دانی ماڵ و سەرباز رزگاریان بوو. بەڵام بریکارەکان و کرێگرتەکانی سوڵتانەکان لە مەسەلەی پارە کۆکردنەوەدا لەو کاتەدا کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کەوتە ناوگێژاوی جەنگ بەدوای جەنگ لە ئەوروپا و هەروەها دژی روسیا و پاشان وڵاتی فارس، وایان لێهات کە وردەکاری و توندوتیژی زیاتریان بەکاردەهێنا.

ئیتر وای لێهات پەیوەندییە راستەوخۆکان لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بارێکی قورس و گران بوون. زۆر لە هۆزە کوردەکان کە لاوەکانیان ئارەزومەندانە و بە رەزامەندی دڵی خۆیان، چوونە خزمەتی سەربازی سوڵتانەوە، زیانی گەورەیان پێگەیشت. لەو دەمەدا کە باج گرەکانی سوڵتان بەو پەڕی پەیگیریی و



پێداگری و سوربوونەوە دەچوونە ناو قوڵایی قەڵا حەستەمەکانی کوردەوە، لەو دەمەدا کە سوڵتان زیاتر سوکایەتی و نکۆڵی لەمافەکانی ئۆتۆنۆمی کورد دەکرد کە لە رابردوودا رێکەوتنی لەسەرکرابوو، وای لێهات کە وەك رۆژی رووناك دەرکەوت کە هۆزە کوردەکان لە بەرامبەر ئەو هاوپەیمانێتییەی خۆیان لەگەڵ سوڵتانەکانی تورك، دەبێ نرخێکی گران بدەن. ئەو رژێمەی کە لە کاتی فەرمانڕەوایی سەلیمی یەکەم لە سەدەی شازدەیەمدا باو بوو، وردە وردە دەستی کرد بە لێکهەڵوەشان. جا بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارێتی کارگێری عوسمانی لە مەیدانی بەڕێوەبردندا ئاسان بێت و نفوزی هۆزە کوردەکان کەم بکرێتەوە، دەستیاندایە هەڵگرتنی سنورەکانی ((حکوومەت))ە کوردییەکان و هێنانە خوارەوەی پلەی میرەکانی کورد و ئنیجا پلەی بەسەردا بڕین بۆ ئەوەی بیانکا بە حاکمی سنجاقە عوسمانییەکان. دەسەڵاتی راستەقینەش لە دەستی ((پاشاوەت))ی بەغدا و دیاربەکر و ئەرزەڕۆمدا چڕکرایەوە. کاروبار، لە هەموو بوارێکی ژیان بەرەو خراپ بوون چوو. پاشاکانی بەغدا لەسەر شێوازی زیاد کردنی ئاشکرا ((موزایەدە)) کەوتنە فرۆشتنی مەقام و پلە کارگێڕییەکان، هەرگا، هەلیان بۆ دەرەخسا پشتی رژێمی هۆزایەتییان لە نێو ئۆتۆنۆمیدا دەشکاند. هەندێك لە هۆزەکان رەتیان کردەوە ((جزیە)) بدەن، دەسەڵاتدارێتیەکانی تورکیا بەزەبر و زۆر دەستیان کرد بە سەپاندنی ئیرادەی خۆیان و بەو هۆیەوە گوندەکان و شارۆکەکان بوونە وێرانە، لادێ وەك کاولگەی لێهات.

لەکاتی جەنگێك لەو جەنگە بەردەوامانەی کە لە نێوان عوسمانییەکان و ئیمپراتۆری فارسیدا هەڵایسا بوو، شاعەباسی دووەم ((کە لە نێوان 1585-1628 حوکمی کرد)) هەوڵیدا پشتەوانی هەندێك لە هۆزە کوردەکان لە رێگای بیرهێنانەوەی دۆستایەتی و پەیوەندی کۆنی ئەوان بە وڵاتی فارس و هەروەها وریاکردنەوەی جوامێری و مێرخاسی و هاروژاندنی مەزنایەتیخوازی میراتی ئەوانەوە بە دەستبهێنێ. (میر شەڕەفەدین)ی کە لە رەچەڵەکی بنەماڵەی فەرمانڕەوای شەرەف خان بوو، راسپارد تا مێژووی هۆزە کوردەکان بنوسێتەوە. ئەو بەڵگە مێژووییەی کە میر شەرەفەدین بە زمانی فارسی نووسییەوە یەکێکە

لە مەزنترین شاکارەکانی مێژووی کورد. تۆمارێکی بێهاوتایە لە ژیان و رووداوەکان و سەدەکانی بەرایی دەوڵەتە بچووکە سەربەخۆکانی کورد[10].

داستانێکی مەزنی میللی کوردی کە چیرۆکی بەرگری لە ((قەڵای دم دم)) دەگێڕێتەوە، بۆ ئەو ماوە مێژووییە دەگەڕێتەوە. لەو داستانە شیعرییەدا سەرۆکی رایەڵەی هۆزەکانی ((ئەرتوشی)) بە دەستەوەدانی قەڵای دم دم بۆ سوپای شا رەتدەکاتەوە، پیاوان و ژنان و منداڵان بەسەر شورەکانی قەڵاوە چاودێری و شەونخونییان دەکێشا و هێرشەیەك بە دوای یەکەکانی فارسەکان بۆ ماوەی چەند مانگ دەشکێنرانەوە و تێکدەشکێنران تا دەگاتە ئەو رادەیە کە خۆراکیان بە دەستەوە نامێنێ. ئینجا کۆمەڵێك پەیك هەوڵ دەدەن بەناو ئەڵقەی سوپای گەمارۆدەردا، بچنە دەرەوە بۆ هێنانی یارمەتی، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. فارسەکان دەست دەکەن بە دروستکردنی سەنگەری خۆڵ بە دەوری قەڵاکەدا بۆ خۆسازدان بەرەو هێرشی کۆتایی. بەڵام پیاوان و ژنان سەرەڕای ئەوە کە برسێتی و هیلاکی هێزی لەبەر بڕی بوون، تادوا هەناسە شەڕ دەکەن. کچانیش لە بەرزترین قوللەی قەڵاکەوە خۆیان فڕێدەدەنە خوارەوە تا خۆیان لەو نەنگی و شورەییە بپارێزن کە پاش داگیرکردنی قەڵا شەرەفیان لەکەدار دەکا. دواجار کە سوپای گەمارۆدەر دەچنە ناو قەڵاوە کەسیان بەزیندوویی تێدا نەدیتەوە.

کورد لە کاتی جەنگ لە دژی تورك و هەروەها لە دژی فارسیش لە سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا، بگرە لە بەشێك لە سەدەی نۆزدەیەمیشدا، هەمیشە لە هەڵوێستی بەرگریدا بوون. ئەوان لەگەڵ ئەو هەولانە بەرەنگار دەبوونەوە کە دەستەلاتداریێتی ناوەندی بۆ سەپاندنی دەسەلاتی خۆی بەسەر ئەو هۆزانە، کە پێشتر بە پلەی جیا جیا خاوەنی ئۆتۆنۆمی بوون، بەڕێوەی دەبرد. هۆزەکانی کورد

(10) ئەم کتێبە لە ساڵی 1596 دانراوە. دوو وەرگێڕدراوی بە زمانی عەرەبی هەیە، یەکێکیان ماموستا محمد علی عەونی میسرییە و ئەوی تر هی ماموستا جمیل رۆژبەیانییە کەبە یارمەتی کوڕی زانیاری عیراق لە 1956 لە بەغدا چاپکراوە. (ج. ف)



لە شێوەی تاك تاك، نەك بەشێوەیەکی یەکگرتوو، بەرهەڵستییان دەکرد. هەندێکجار ئەو بەرهەڵستییە، شێوەی هاوبەندی هۆزەکانی بەخۆوە دەگرت. بەڵام لەو ماوە مێژووییەدا نەیان توانی لە ژێریەك دروشمدا کە ئامانجە نیشتیمانییەکانی ئەوان بگرێتەوە خۆی، هاوبەندییەکی یەکگرتوو پێکبهێنن.

سەرەڕای ئەوە کە سوپای تورکی چەکەکانی خۆی دژی ئەو دوژمنانە بەکاردەهێنا، مامەڵەی خەڵکی هاولاتی کوردی بە وەحشیگەرییەکەوە دەکرد کە هەرگیز رواڵەتێکی ئینسانی پێوە نەبوو. گوندەکانیان ئاگرتێبەر دەدا بەڵام نەك بە حوکمی رێکەوت یاخود وەك سزادانێك لە پای کارێکی دیاریکراو، بەڵکو بە سیفەتی ئەوەی کە ئەم کارە بەلای ئەوانەوە سیاسەت و بەرنامەیەك بوو کە بەسەر سەرتاپای ناوچەکەدا پیادەکرا. هەزاران ژن و منداڵ گیانیان لە دەست دا. هەڵسوکەوتی سوپاکانی عوسمانی کاروکردەوەی مەغولە داگیرکەرەکانی سەدەکانی رابردووی دێنانە بیر.

((بابی عالی)) لە دە ساڵی دوایی سەدەی نۆزدەیەمدا، بۆ ئەوەی ژمارەیەکی گەورە لە لاوانی جەنگاوەری کورد بخەنە ژێر رکیفی خۆیانەوە و دواجاریش بە ئاسانی بۆ دژایەتی گەلەکەی خۆیان وەریان گێڕن، بڕیاریدا هۆزە کوردەکانی باکوور کە مێژوویەکی نوێ تر و پێکهاتەیەکی تازەتریان هەیە[11]، نەك لەو هۆزە دێرینانە کە زۆرینەیان لە باشوور بوون و لە مێژوودا مەملەکەتی گوتیوم و کاشییەکانیان دامەزراند بوو، ساز کرد.

(11) یان بەناوی سوارەی حەمیدیە ((بەناوی سولتان عەبدولحەمیدی دووەم)) ناودەبرا. لەو هۆکارانەی کە بووە هۆی ئەوەی ئەم یەکە سەربازییانە ساز بدرێن ئەوە بوو کە سوڵتان لە ئەفسەرانی سوپای عوسمانی دەترسا و خۆپارێزی دەکرد نەوەکو شۆڕشێکی لە رێگەی رێکخستنی سەربازیی رێکوپێکەوە لە دژی ئەنجام بدرێ. هەروەها لە هۆکارەکانی تری ئەم مەسەلەیە کێبەرکێی روسیای ترازی بوو کە پاش جەنگی تورکی –روسی لە ساڵی 1877-1878 کەوتەخۆ بۆ سود وەرگرتن لە کوردە تۆڵەخۆازەکان. ئەوەبوو سوڵتان سوپایەکی سوارەی نانیزامی لێپێك هێنان. سوڵتان عەبدولحەمید ئەم سوپایانەی لە سەرکەوتکردنی ئەرمەن و هەندێك شۆڕشی هۆزەکانی کورد بە کارهێنا. ئەم سوپایانە لە ساڵی 1885 سازکران. (ج. ف)

لەو رۆژگارەدا سولتان ژمارەیەکی گەورەی لە لاوانی هۆزەکانی باشور هەڵبژارد بۆ ئەوەی لە ئەستەمبوڵ بخوێنن. ئامانجیشی لەو کارە هەمان ئەو ئامانجە بوو کە بۆ پێکهێنانی سوارەی حەمیدییە هەیبوو. جگە لەوەش مەرامی ئەوە بوو دڵی لاوان بۆ خزمەتکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی رابکێشێ، لە هەمانکاتیشدا دۆزی نیشتیمانی کوردی بتوێنێتەوە و وردوخاشی بکا.

شۆڕشی جون تورك لە ساڵی 1908 هاندەرێکی پێویستی سیاسی و کولتوری بۆ بوژاندنەوی جوڵانەوەی نیشتیمانی کوردی ئامادەکرد. گەرچی پێش ئەوەی ئەو رۆژگارە کورد خۆشی لە باری سیاسییەوە کەتبووە جموجۆڵ و چالاکییەوە. هەندێك بنەماڵە گەرچی بە ژمارەکەم، لە سویسرا و فەرەنسا رۆشنبیرییان بەدەس هێنابوو و بە بیروباوەڕی نوێی نیشتیمانپەروەری گۆش بوبوون. یەکەم رۆژنامەی کوردی لە قاهیرە لە ساڵی ( 1892 )[12] دەرچوو. هەر ئەو زەمانە شیعرە نیشتیمانپەروەرییەکانی (حاجی قادر)[13] هەست و سۆزی کوردی دەخرۆشاند و ژیری ئەوانی ختوکە دەدا.

جون تورك[15] دروشمەکانی خۆیان لە ئازادی، برایەتی، یەکسانی راگەیاند. ئەوەش بەو هیوایەی کە گەندەڵی و هەڵوەشان و لەبەریەکچوون لە ئیمپراتۆریەتی

---

(13) یەکەم رۆژنامەی کوردی لە 22ی نیسانی 1898 لە شاری قاهیرە، لە لایەن میقداد مەدحەت بەدرخانەوە دەرچووە. (و. ك)

(14) لە گەورەترین شاعیرانی کوردە. مەزنترین شاعیری نیشتیمانییە. عوسمانییەکان زۆربەی شیعرەکانیان سوتاند. کورد پاشماوەی شیعرەکانی ئەویان لەبەرکردووە. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ژیاوە. (ج. ف)

(15) جون تورك یان (تورکیای لاو) لە سەرەتادا رێکخراوێکی نهێنی بوو کە ژمارەیەك نیشتیمانپەروەری تورك لە ساڵی 1889 لە سلانیك بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەرێکی پۆستە (تەلعەت) دامەزرا و لە ئەندامەکانی جەمال و ئەنوەر و مستەفا کەمال بوون. لە 1908 بە کودیتایەکی سەربازی سولتان عەبدول حەمیدیان لادا و دەستوریان بۆ گشت گەلانی عوسمانی (ئازادی، دادپەروەری، یەکسانی) راگەیاند. بەڵام بەلای دەمارگیریی تۆرانچێتی خۆیدا وەرگەڕاو ئەوەبوو میللەتەکانی دیکەش لێی هەڵگەڕانەوە. (ج. ف)



تورکی نەهێڵن و لە چوارچێوەی هاوکاری و پێکەوە گونجان لە ژێر ئاڵای تورکیدا میللەتەکان بەیەکەوە بلکێنن. پاش ئەوەی ئەمانە چوونە جێگای سولتان. یەکەمین قوتابخانەی نەتەوایەتی کوردی دامەزرا.

لاوانی کورد لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتەوە رێچکەیان بەست بۆ ئەوەی لەگەڵ عەرەب و ئەرمەن و بولگار و سرب و هەموو ئەو میللەتەنی تر کە ئیمپراتۆریەتەکەی لێ پێکهاتبوو، تێکەڵ بن، ئەوانە لە نێو خۆیاندا دەستیان کرد بە ئاڵوگۆڕکردنی خواستەکان و بیروباوەڕەکانی خۆیان. ساڵی 1912 دەسەڵاتداریێتی تورکی موڵەتی بەدامەزراندنی کۆمەڵەیەکی کوردی داو بەپێی یاسا ئەم کۆمەڵەیە تاساڵی 1920 مایەوە، هەزار و حەوت سەد ئەندام چووە ریزەکانییەوە، رۆژنامە و گۆڤاری هەفتانە و مانگانەشی دەرکرد کە کاریگەرییەکی مەزنی لە گەشەکردنی داهاتووی بیری نەتەوایەتی کوردیدا هەبوو.

راگەیاندنی جارنامەی چواردە بەندی سەرۆك ویلسن[16] هیوا نیشتیمانییەکانی کوردی زیاتر گەشاندەوە. لە ساڵی 1919 دا کە ئیمپراتۆریەتی تورکی تادەهات لە ژێر گورزی هاوپەیمانە رۆژئاواییەکاندا دوولا دەهاتەوە، پارتێکی سیاسی لە دیاربەکر دامەزرا لە ساڵی داهاتووشدا لقەکانی بە جێگاکانی تردا بڵاوبوونەوە.

بەڵام هەر لەو سەروبەندەدا هێزی تریش هەبوون کە کاریان دەکرد. جون تورك لە دەرونی خۆیاندا گومانیان لە هەردوو جوڵانەوەی نیشتیمانی کوردی و ئەرمەن پەیدا کرد. فەرمانڕەوایانی نوێ لە یەکەمین ساڵی هاتنە حوکمیان دەستیاندایە کۆمەڵە رێ و شێوێنێکی سەربازییانە لە دژی ئەو هۆزە کوردانە کە لە پێشاندا پایەیەکیان لە لای پێشوو هەبوو. بەجۆرێکی تایبەتی گورزی خۆیان ئاراستەی

---

(16) توماس ویلسون (1856-1924) دووجار سەرۆکی ئەمریکا بوو. ئەو مامۆستای زانکۆ و خاوەنی پرەنسیپی ((مافی بڕیاردانی گەلان لە چارەنوسی خۆیان))ە کە لە چواردە بەند پێکهاتووە و بەماوەیەکی کەم بەر لە کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی رایگەیاند. (ج. ف)

هۆزەکانی یەزیدی و میهرانی لە ناوچەی دیاربەکر و بارزانییەکان لە چیاکانی عیراق کرد. ئەو کاتە لە بارزان ئەو منداڵەی ناوی مەلا مستەفا بارزانی بوو تەمەنی گەیشتبووە نزیکی چوار ساڵ.

بە داخەوە (جون تورک) هەموویان باوەڕیان بە برایەتی و پێکەوە ژیانی نەتەوایەتی لەگەڵ کورد و ئەرمەندا نەبوو. هەروەها کوردەکانیش هەموویان لەوە تێنەدەگەیشتن کە ئەوان لە جێبەجێ بوون و هاتنەدی پرەنسیپەکانی جون تورك چ بەرژەوەندێکیان دەستدەکەوێ. هەر لەو دەمەشدا جون تورك، هەروەکو تورکەکانی دیکەی پێش خۆیان، ئاتاجی و چاولەدەستی ئیمپراتۆریەتەکەی خۆیان، لە بواری سەربازگیری و باج کۆکردنەوە لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵات بۆ دەرکەوت. هەندێك لە پێشەوایانی کوردیش رژێمی نوێیان دایەبەر پلار و ریسواکردن. پشێوی و رێگری لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵات بلاوبۆوە و ئەو گەشانەوەیەی کە هەر لە رووخانی رژێمی گەندەڵ بووی عەبدول حەمیدی دووەمەوە، باڵی بەسەر ئەو ناوچەیەدا کێشابوو، دەستی بەژاکان و هەڵوەرین کرد.

کورد لە ماوەی نێوان جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵانی 1914-1918 زەرەروزیانی گەورەیان پێکەوت. مردنی ژمارەیەکی یەکجار گەورە لە کورد لە نێو ریزەکانی سوپای تورکیدا، بەتایبەتی لە ریزی ئەو لەشکری سوارەیەی کە لە هۆزە کوردەکانی باکوور بەسەرباز گیرابوون، تەنیا بەشێکی بچووکی ئەو زیانە بوو. بەڵام زیانی قورس بە هۆی تەراتێن و ئەم دەست و ئەو دەستکردنی سوپا داگیرکەر و هێرشبەرەکان لە روس و تورك بەسەر ویلایەتەکانی رۆژهەڵات داو، لە دوایشدا داگیرکردنی بەشێك لەو ویلایەتانە لە لایەن بەریتانییەکانەوە، روویدا.

بەڵام لە هەموو ئەو مەینەتییانە رەش تر کە بەسەر کورد هات، پێشڕەوی کردنی سوپای راماڵ دەری روس و داخڵ بوونیان بۆ نێو قوڵایی ویلایەتەکانی وان و بتلیس و ئەرزەرۆم بوو لە ساڵی 1915 و 1916 کە لە ئاکامیدا زۆربەی هۆزە کوردەکان بە خواست و ویستی خۆیان یان لە ژێر گوشاری تورکاندا دەربەدەر بوون و هەڵاتن. کورد ناچار دەکران و دەربەدەر دەکران کە پێش گەڕانەوەی سوپای



تێکشکاوی تورك مەڵبەندەکانی خۆیان بەجێ بێڵن. لە کاتی بەفری زستان و قرچەی گەرمای هاویندا مێگەلەکان و کەل و پەلی خۆیان بە ئاراستەی باشور بەرەو دیاربەکر و موسڵ، بە ئاراستەی رۆژئاوا بەرەو دەشتە لمییەکانی ئەنادۆڵ کە بە دەست مەلاریاوە دەتلایەوە، پێش خۆیان بدەن. میر (سورەیا بەدرخان) وای دەخەملاند کە تورکەکان بەم شێوازەیان نزیکەی 700.000 هەزار کوردیان لە نێوان ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی راگواست، نزیکەی نیوەی ئەو ژمارەیە گیانیان لە دەستدا. ئەوەی کە بارستایی ئەو کاولکاریەشی زیاتر گەورەکرد، کاریگەری مەعنەویاتی سیاسی بوو کە لە ئاکامی سەربازگیری ژمارەیەکی گەورەی کورد بوو بۆ ناو هێزەکانی تورکیا. لەوێ بەشێوەیەك دەرسیان دەدات کە (ئەرمەن)ە کافرەکان یاخی بوونی خۆیان لە خەلیفەی موسڵمانان و ئیمپراتۆریەت راگەیاندووە. کە لە ئاکامی ئەوەدا ژمارەیەکی زۆر لە کورد لە قەسابخانەکانی ئەرمەن بەشداریان کرد. ئەوان لەو کاتەدا بەو هەوڵ و کۆششەیان نەدەزانی کە سەرکردە نیشتیمانپەروەرەکانی کورد، بۆ هاوکاری لەگەڵ ئەرمەن لە خەباتێکی هاوبەش لە پێناوی سەربەخۆیی دەست بەکارن.

لە کاتێکدا هەندێك کورد لەگەڵ حکومەتی تورکیا لە ئەستەمبول هاوکارییان دەکرد، هەندێکی تر لەگەڵ هاوپەیمانە رۆژئاواییەکان کاریان دەکرد. لە قاهیرە میر ((سورەیا بەدرخان)) و هەڤاڵەکانی لیژنەیەکیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان پێکهێناو ژەنراڵ ((شەریف پاشا)) کە پێشەوایەکی کوردی خەڵکی دەرسیم و باڵوێزی پێشووی تورکیا بوو لە سوید، راسپارد، تا دۆزی کورد لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس بخاتە روو. (شەریف پاشا) رێکەوتنێکی لەگەڵ نوێنەری ئەرمەن (بوغوس نوبار پاشا)دا بۆ رێکخستنی هاوکاری هاوبەش و بە دواداچوونی بەرژەندەکانی هەردوو میللەتەکە ئیمزاکرد.

لە 10ی ئابی 1920 هاوپەیمانان پەیماننامەی ((سیڤەر))یان ئیمزاکرد کە دەرەتانێکی وای هێنایە پێشەوە کوردە نیشتیمانپەروەرەکان بەرادەیەك هیوا پەیدا بکەن کە زۆر لەو سنورە تێپەڕی کە ئەوان وێنایان دەکرد.

ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆششەی ژەنراڵ ((شەریف پاشا)) لە لایەك و هەروەها بۆ سیاسەتی بەریتانیا کە هەوڵی دەدا ئیمپراتۆری کۆنی تورکیا بەش بەش بکا. هەروەها بۆ ئەو راپۆرتانەش دەگەڕێتەوە کە میجور (E. W. neol) کە ئەفسەرێکی بە توانای بەریتانی کە لە ساڵی 1919دا راپۆرتێکی هەمەگیری لە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی تورکیا بۆ حکوومەتی بەریتانی ناردبوو کە تێیدا باسی هەل و مەرج و ئاواتەکانی کورد دەکا.

هەروەها پێویستە لەسەرمان سیاسەتی بەریتانیا لە رۆژانی دوایی جەنگی یەکەمی جیهان و چەند مانگی دوای جەنگ لە بەرامبەر کورد، بە بەشێکی گەورەی هۆکارەکان و بنەمای ئەو پەیماننامەیە دابنێین. هەر لە سەرەتای ساڵی 1918 لە کاتێکدا کە بەریتانییەکان لە باکووری عێراق تورکەکانیان بۆ دواوە راودەنا —دانیان بە شێخ مەحمود بەرزنجی وەکو ((حوکمدار)) یان حاکمی ئەو هەرێمەی دەکەوێتە نێوان هەردوو روباری سیروان و زێی گەورە، نا. هێندەی پێنەچوو کە ئینگلیزەکان هەوڵیاندا نفوزی شێخ مەحمود لە ناوچەیەکی بچووکتردا کە ناوچەی سلێمانی بوو، کورت بکەنەوە بەڵام ئەم دان پێدانانەی جاری یەکەم شتێك نەبوو کە بتوانرێ لە بیر بچێتەوە. لە 23ی ئایاری 1919دا شێخ مەحمود شاری سلێمانی داگیرکرد و بەڕێوەبەرایەتی بەریتانی لەو شارە دەرکرد. بەریتانییەکان دەسبەجێ دەسەڵاتی خۆیان بۆ شارەکە گێڕایەوە و شێخ مەحمودیان بۆ هیندستان دوورخستەوە. بەڵام هێندەی نەبرد کە پێویستییان بە هێمایەك بوو، تا هەستی نیشتیمانی کوردی لە دەور کۆبکەنەوە و بە گژی تورکانی دابکەن، جابۆیە لە ساڵی 1922 رێگەیاندا کە بگەڕێتەوە. ماوەیەکی کەمی پێچوو شێخ مەحمود خۆی بە ((مەلیك))ی کوردستانی باشوور راگەیاند. بەڵام یاری کردنی ئینگلیز بە دۆزی نیشتیمانی کوردی و هەروەها بەکارهێنانی بۆ مەرامە تایبەتییەکانی خۆیان، بە زوویی بە قۆناغی کۆتایی گەیشت و دەسبەجێ شێخ مەحمودیان لە پایتەختەکەی خۆی وەدەرنا.



پەیماننامەکە دانی بە مافی کورد لە دامەزراندنی کوردستانێکی خاوەن ئۆتۆنۆمی و هەروەها بەسەر بەخۆیش ئەگەر ئارەزوویان لەوەبوو، داناوە، لە ئاستی دیپلوماسیدا ئەم پەیماننامەیە کە بەریتانییەکان و فەرەنسییەکان و ئیتالییەکان ئیمزایان کردووە دەکرێ بە خاڵی وەرچەرخان و نموونەی هەرە باڵای نیشتیمانی کوردی دابنرێ، گەرچی پەیماننامەکە وەکو کورپەیەکی ناو منداڵدان وابوو و چاوی بە ژیان هەڵنەهات بەڵام خەونی کوردستانی سەربەخۆی خستە ناو بەڵگەنامەیەکی نێو دەوڵەتییەوە.

((مستەفا کەمال)) کە بە ئاتاتورك دەناسرا ئەم پەیماننامەیەی قبوڵنەکرد، ئەو لە کۆکردنەوەی کەرت و پەرتەکانی ئیمپراتۆریەتی هەرەس هاتووی عوسمانی توانی سەرکەوتن بە دەستبهێنێ و هەروەها لە دەرکردنی هاوپەیمانان کە بە هۆی جەنگەوە لە دەرەوەی تورکیا هێز و پێزیان لێبڕا بوو، بەردەوام بوو. لە کاتێکدا هاوپەیمانان سەرگەرمی گوتوبێژ بوون لە نێو خۆیاندا، ئاتاتورك سەرقاڵی بەڕێوەبردنی رێوشوێنی ئەو تۆ بوو کە پەیماننامەکەی بە مەرەدێك برد کە قابیلی جێبەجێ کردن نەبێ. وەکیلەکانی ئاتاتورك بە پشتیوانی سوپای تورك کە تازە دووبارە بنیات نرابۆوە، بەرەو دیاربەکر و شوێنەکانی دیکە و وڵاتانی رۆژهەڵات کەوتنە جموجۆڵ، چالاکییەکانی ((کۆمەڵەی کوردی)) پاکتاوکراو بە بڵاوکردنەوەی ئەو پروپاگەندەیە کە گوایا هاوپەیمانان، خەلیفەیان دەستبەسەر کردووە، بەم رێگایە ئاتاتورك لە بەدەستهێنانی هاوسۆزی ژمارەیەکی گەورە لەو ئاغا و بەگ و دەرەبەگانەی کە رقیان لە چاکسازییەکنی (جون تورك) دەبۆوە، سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەوەش لە کاتێکدا کە درکیان بەوە نەدەکرد کە چاکسازییەکانی ئاتاتورك کە لەگەڵ روحی ئایندا ناکوك بوون بە چ ئاستێك دەگەن.

لە 23ی تەمووزی 1923 هاوپەیمانان پەیماننامەی ((لوزان))یان لەگەڵ حکوومەتێکدا کە مستەفا کەمال سەرۆکایەتی دەکرد، ئیمزا کرد. لە نێو ئەو پەیماننامەیەدا هیچ باسێك لە کوردستانی سەربەخۆ یاخود تەنانەت ئۆتۆنۆمی

نەهاتبوو، بەڵام چەند مادەیەکی راشکاوانەی تێداهاتبوو کە حکوومەتی تورکیا وادار دەکا کەمینە نەتەوایەتیەکانی بپارێزێ و رێزیان بگرێ.

پەیماننامەی لۆزان لە تاوتوێ کردنی پرسی کورد تەنیا لە پەیوەندی لەگەڵ کێشەی موسڵ نەبێ، ئەگینا لێی نزیك نەکەوتبۆوە. زۆربەی زۆری ئەم ویلایەتە کۆنەی عوسمانی کەوتبووە ژێر داگیرکاری بەریتانیاوە کە بانگەشەی ئەوەی بۆ دەکرد کە پاژێکە لە دەوڵەتی نوێی عیراق بەڵگەکەشیان لەمبارەیەوە بە هێز و مەعقول بوو. بەڵام هیچ گومانی تێدا نییە ئەو هۆکارەی کە پاڵی بەوانەوەنا بۆ ئەوەی دەست بەرداری ئەم ویلایەتە نەبن ئەوە بوو ئەم ویلایەتە کە هەر لە سنورەکانی سوریا لە زاخۆوە درێژ دەبێتەوە تا سنورەکانی ئیران لە رۆژهەڵاتی سلێمانی، گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی نەوت لە ژێر خاکەکەیدا بوو، بەڵام تورك بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ویلایەتی موسڵ پاژێکی لە جیابوونەوە نەهاتووی تورکیایە. ئەوەبوو کۆمەڵی گەلان لیژنەیەکی لە چەند ئەندامێکی بێ لایەن پێك هێنا کە کونت پاول تیلیکی[17] هەنگاری سەرۆکایەتی دەکرد، بۆ ئەوەی لە راستیەکان بکۆڵێتەوە و لەمبارەیەوە بڕیار لەسەر ئەم پرسە بدا.

لە 16ی کانونی یەکەمی 1925 لەبەر رۆشنایی راپۆرتی لیژنەکە کۆمەڵی نەتەوەکان بڕیارێدا کە پێویستە موسڵ ببێتە بەشێك لە عیراق و بۆ ماوەی بیست ساڵ لە ژێر ئینتدابی خۆیدا بێت. هەروەها راشیسپارد کە پێویستە گرنگی بە ئارەزووەکان و ئاواتەکانی کورد بدرێ پێویستە فەرمانبەرانی هاونەژادی خۆیان لە بەڕێوەبردنی ناوچەکانیان و هەڵسوڕاندنی کاروباری دادگەری و کاروباری پەروەردەدا، دیاری بکرێن و پێویستە زمانی کوردی لە ناو هەموو ئەو دەزگا رەسمییانەدا، زمانی رەسمی بێت.

نیشتیمانپەروەرانی کورد، لە نوشوستی هێنانی هاوپەیمانان لە پیادەکردنی پەیماننامەی ((سیڤەر))دا، هەستیان بە ئازارێکی قوڵ و نائومێدییەکی گەورە

[17] ئەو سەرۆك وەزیرانی هەنگاریا بوو. کاتێك لە ساڵی 1939 سوپای نازییەکان پێیان نایە ناو وڵاتەکەی بە گوللە خۆی کوشت. (ج. ف).



کرد. ئەوان هیچ گومانیان لەوە نەما کە سەروکاری پاراستنی کەمینە نەتەوایەتییەکان سەری بە کوێ دەگا و نەیاندەتوانی چاوەڕوانی شتێکی زۆر لە ئاکامەکانی پەیماننامەی لۆزان بکەن. کورد جگە لەوە کە پەنا بۆ توند و تیژی ببەن، رێگایەکی دیکەیان نەما. لە ساڵی 1924 سێ کەس لە دەرکەوتووترین پێشەواکانی ئەوان شۆرشێکیان بەرپاکرد کە زۆر لە سنورەکانی عیراقەوە نزیك بوو. ئەوان ((ئیحسان نوری پاشا و توفیق جەمیل و خورشید)) بوون. لەوانەشە هەر ئەو کارەی ئەوان بوبێتە هۆی جولاندنی تورك بۆ ئەوەی دەستەبەکاربن، ئەوە بوو بە خێرایی کەوتنە سەپاندنی سزادانێکی مەودا بەرین و بەربڵاو.

بەهەرحاڵ دوای ئەو راپەڕینە یەکسەر ئەفسەرانی ئەو کۆمەڵە کوردییە کە هەر بە چالاکی لە ئەرزەڕۆم مابوونەوە، بە تۆمەتی هاندان رەوانەی دادگاکران. تورکەکان ئەوەیان دەزانی کە ((شێخ سەعید)) یەکێکە لەوانەی کە لە رێکخراوەکەدا کاری کردووە. فەرمانیاندا وەکو شایەت ئامادەی بکەن. ئەو کارە ئاگری شۆڕشی 1925ی هەڵایساند. سەردەمێکی بێ پسانەوە لە شۆڕش لە بەرامبەر سەرکوتانەوەیەکی خوێناویدا دەستی پێکرد کە تا ساڵی 1938ی خایاند.

((شێخ سەعید)) لەو سەروبەندەدا لە گوندی ((خنس)) کە نزیکی ئەرزەڕۆم بوو، دادەنیشت. ئەو، لە وەڵامدانەوەی بۆ فەرمانی ئامادەبوون پۆزشی هێنایەوە. پاشان گوندەکەی بەجێهێشت و بە مەرامی زیارەت کردنەوە بەرەو مەزارگەی پێشینانی خۆی لە ((پالو)) کەوتە رێ. ژمارەیەکی گەورە لە خەڵکی کورد لەم کاروانەدا، هەروەکو لە هەل و مەرجی ئەم جۆرە زیارەتکردنانەدا باوە، لە کاتی رۆیشتنەکەدا، دەستیان بە کۆبوونەوە بە دەوری شێخدا کرد. بەڵام ئەم کۆبوونەوە کلاسیکییە لەم بۆنەیەدا زۆر لە حاڵی ئاسایی خۆی تێپەڕی کرد و زۆری نەخایاند ((شێخ سەعید)) سوپایەکی لە لایەنگران و هەوادارانی لە چواردەوری خۆی بینی. کاتێك ئەم کۆمەڵە هاروژاوە گەیشتنە شارۆکەی ((پیران)) دەسەڵاتدارێتی ناوچەیی تورك، بە تۆمەتی پڕوپووچ و هۆکاری سوك و بێ ناوەڕۆکەوە، ژمارەیەکی لێگرتن، لایەنگرانی شێخ بە کوشتنی ژمارەیەك لە

پیاوانی ((دەرەك)) رووبەڕووی ئەم كارە بوونەوە. بەم شێوەیە ئاگری شۆڕش لە بەرواری 7ی ئازاری 1925 بەرپابوو. واپێدەچێ كە ((شێخ سەعید)) ئاگاداری ئەوە نەبوو كە راپەڕینەكەی ئەو، بووە هۆی تێكدانی وادەیەكی نەخشە بۆ دانراو بۆ شۆڕشێكی كوردی كە لە لایەن تۆڕێكی گەورە لە پێشەوایانی كورد داڕێژرابوو كە لە لایەن ((عەقید خالید بەگ))ەوە سەركردایەتی دەكران. لەو پلانەدا رۆژی 26ی ئازار بۆ راپەڕین دیاری كرابوو. خالید بەگ دوای ئەوەی هەلی ساتیكی لەبەردەستدا نەما كە ئەفسەران و چەكی خۆی رێك بخا، نەشیتوانی شتێكی ئەوتۆ بۆ پشتەوانی شۆڕشی خۆبەخۆیی شێخ سەعید كە لەباری رێكخستنەوە، هەژار بوو، بكا.

ئەو ئاپۆڕایەی دەوری شێخ سەعیدی دابوو كرا بە سێ قۆڵ، قۆڵی یەكەم بەرەو ئەرزەڕۆم، قۆڵی دووەم بەرەو ((عەزیز)) و سێیەمیان بەرەو ((دیاربەكر)) خشا.

قۆڵی یەكەم غافڵگیرانە پەلاماری توركیاندا و سەركەوتنیان بەدەست هێنا. بەڵام هەر كە سوپای تورك كۆبۆوە و هێزەكانی گرد كردەوە، هێزەكانی سەعید بەیەكجار لێكبڵاوبوون و پەرتەیان لێكرد. لە ماوەی شەش مانگی داهاتوودا ژمارەیەكی گەورە لە پاشماوەی پارتیزانانی شۆڕشگێڕی كورد، دەستگیركران. شێخ سەعید و هەردو یارمەتیدەرە سەرەكییەكەی و حەفتا و پێنج كەس لە كوردە هەڵكەوتووەكان دەستگیركران، بە دوای ئەوەدا لە دادگای ناوبراو بە ((دادگاكانی سەربەخۆیی)) لە شاری دیاربەكر دادگایی كران و دادگایی ئەوان ماوەی سێ مانگ درێژەی كێشا. لە كاتی دادگاییەكە سەرۆكی دادگا لێدوانێكی راگەیاند كە بە وردی كێشەی نەتەوەیی كورد و شۆڕشی لەو هەل و مەرجەدا پوختەكردبوو، ئەو گوتی:

- هەندێكیان ئاكارخراپی بەڕێوەبەرایەتی حكومەتی كردبووە بیانوو بۆ شۆڕش، هەندێكی تریان بانگەشەی ئەوە دەكا كە بەرگری لە خەلافەت دەكا، بەڵام هەمووتان لەیەك خاڵدا یەكتردەگرنەوە: دامەزراندنی كوردستانی سەربەخۆ. ئێوە باجی ئەو ماڵانەی كە رووخان و ئەو خوێنەی كە رژاوە لەسەر پەتی سێدارەكانەوە دەدەن.



لە هەمان كاتدا هەڵمەتی سەركوتكاری تورك دەرهەقی پاشماوەی روناكبیران و پێشەوایانی كورد لە گرتن و بەندیخانە و سێدارە درێژەی هەبوو. یاخود كۆدەكرانەوە و بەرەو گوندە دورەدەستەكانی ناوچەكانی رۆژئاوای وڵات دوور دەخرانەوە بۆ ئەوەی شوێنەونیان بكا و پاشان لە نێو زۆرینەی غەیرە كوردیدا بتوێنەوە. لە هەندێك جێگای تر لەبەركردنی جلی كوردی و تەنانەت ئاخاوتن بە زمانی كوردی قەدەغەكرا.

لەو ئوپەراسیونە سەركوتكاریانەی توركیا كە لە نێوان ساڵانی 1925 و 1928 دژی كورد ئەنجام دران، 206 گوندی كورد سوتێنران كە ژمارەی خانوەكانی گەیشتە 8758، وە 15106 كەس كوژران[18]. هەروەها بەلای كەمەوە نیو ملیون پیاو و ژن و منداڵ، لە هەمان وەختدا لە ویلایەتەكانی رۆژهەڵاتەوە بەرەو ویلاتەكانی رۆژئاوا گوازرانەوە[19]. جگە لەوەش هەزاران كەس لەو رێگایانەی كە بەرەو رۆژئاوا دەچوون بەسەر بەفری زستان یان گەرمای هەڵپڕوكێنەری هاوین قاچیان بە دوای خۆیانەوە كێش دەكرد، گیانیان لە دەست دەدا.

لە بەهاری 1927 كونگرەیەكی نهێنی كوردی لە پێشەوایانی میللەت لە جێگایەك لە چیاكانی كوردستان، كە لەوێدا نوێنەرانی رێكخراوە نیشتیمانییەكان، هۆزەكان، دانیشتوانی شارەكان، پەنابەران ئامادەی بوون، بەڕێوەچوو، لەو كۆنگرەیەدا بڕیاریاندا هەموو ئەو رێكخراوانەی هەن هەڵبوەشێنەوە و یەكبگرن و لەسەر ئاستێكی بەرزتر تێبكۆشن. لە 5ی تشرینی یەكەمی 1927 كۆمەڵەی نیشتیمانی كوردیان دامەزراند و ناویان نا ((خۆیبوون — واتە سەربەخۆیی)) و ((ئیحسان نوری پاشا))ی بەتلیسییان بە سەرۆكی باڵای خۆیان دیاریكرد، بەڕێوەبەرایەتیەكی شارستانییان بە سەرۆكایەتی ((ئیبراهیم پاشا هسكی تیللو)) دامەزراند و لە 28ی تشرینی یەكەمی 1927 سەربەخۆیی

---

(18) دكتور بليچ شيركو ((المسألة الكردية)) القاهيرە. 193 (دانەر)

(19) L. Rambout. Les kurds et Le Droit Paris. 1947. (دانەر)

کوردستانیان وەك لە پەیماننامەی سیڤەردا هاتووە راگەیاند و ئالآی کوردستانیان لەسەر چیاکانی ((ئاگری داخ)) کە زنجیرەیەکە لە چیاکانی ئارارات و دەکەوێتە ناوچەی هۆزی جەلالی لە ویلایەتی وان، بەرز کردەوە[20].

لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا، ((ئیحسان نوری پاشا)) لەگەڵ پێشەوایەکی ئازای دیکەدا کە ناوی ((حەسۆ ئاغا)) بوو، لە بەرزاییەکانی چیا سەرکەشەکاندا، توانی لە بەرامبەر ئەو هێزانەی تورکاندا کە دەیانگوت خۆی لە سەد هەزار سەرباز لە سوپای تورکی، دەدا، خۆی رابگرێ.

یەکەمین کاردانەوەی حکوومەتی ناوەندی تورك لە بەرامبەر ئەو دەسپێشکەرییە یەکگرتووەی کورد ئەوە بوو کە پێشنیاری دان و سەندنی کرد. لە ئەیلولی 1928، چاوپێکەوتنێك لە ((شیخلی کوپرو)) کە ماوەی سی کیلومەتر لە ((بایەزید))ەوە دوورە لە نێوان نوێنەرانی حکوومەت و ((ئیحسان نوری پاشا))ەوە بەڕێوەچوو. نوێنەرانی حکوومەت پێشنیاری لێبوردنی گشتی و کۆمەڵێك بەرژەوەندی تایبەتییان بۆ سەکردەی گشتی، خستەڕوو، بەڵام کورد لەو ئاستەدا نەبوون رێکەوتنێك بە بەهایەکی ئاوا ناچیز و پڕوپوچ قبووڵ بکەن.

لە ناوچەیەکی دیکەدا پێشەوایەکی هۆز بە ناوی ((عەلی یونس)) لە ناوچەکانی ((سانسون)) لە نزیکی ((بوتان)) ماوەی دە ساڵی 1925-1935 ئالآی شۆڕشی بەرز راگرتوو. لە واقیعدا ئەو کردەوە سەربازییانەی کە لەو ماوەیەدا هەر بەپێی نەریت ناوی شۆڕشی لێدەنرا، زۆربەی کات بەرەنگاربوونەوەیەك بوو دژ بە راگواستنی ناوچە گوندنشینەکان و عەشیرەتەکان بوو.

لە 5ی ئایاری 1932، ئەم سیاسەتەی گواستنەوەی کورد بۆ ویلایەتەکانی رۆژئاوا تا لەوێ لە نێو زۆرایەتی زۆرینەی تورکیدا ئاوێتە بن، کرا بە گەڵاڵەیەکی قانوونی. بەپێی ئەم قانوونە، تورکیا بەسەر چوار ناوچەی نیشتەجێ بووندا، دابەشکرا. سێ لەو ناوچانە دەکەونە ناو هەرێمە کوردیەکان. بە حوکمی ئەو

(20) ئیحسان نوری پاشا ئێستا لە تاران دەژی و تەمەنی لە نەوەد ساڵ تێپەڕیوە. (دانەر)



قانونە، ناوچەیەکیان ((بە هۆکاری تەندروستی و مادی و کولتوری و سیاسی و ستراتیژی و ئاسایشەوە!))[21] دەبێ لە دانیشتوان چۆڵ بکرێ و لە خەڵك قەدەغە بکرێ. ئامانجی قانونەکە هەڵتەکاندنی بوونیاتی هۆزایەتی کلاسیکی کورد بوو ((ئەو قانونە دانی بە کەسایەتی مەعنەوی هۆزەکاندا نەنابوو))، هەروەها ئامانجی لە نێوبردنی هەموو مافەکان و ئەو دەسەڵاتانە بوو کە لەو ناوچانەدا هاتبوونەدی. هەروەها لە دەقی قانونەکەدا هەیە کە موڵك و دارایی شێخەکان و بەگەکان و ئاغاکان و پێشەواکان دەستی بەسەردا بگیرێ، بەپێی بڕیاریکیش کە لە ئەنجوومەنی وەزیران دەرچوو، وەزیری ناوخۆ دەسەڵاتی پێدراوە بۆ گواستنەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە پێشەوا، بەگ، ئاغا، شێخی هۆزەکان بوون، سەرەڕای ئەو کەسانەی ((کە گومانیان لێ دەکرێ لە نزیك سنورەکان جاسوس بن، یان خاوەنی پایەیەکی بەرزبن لە رۆژهەلآت)) بیانگوازێتەوە بۆ ئەو ناوچەیەی کە بە ناوچەی ژمارە (2) دیاریکراوە.

ئامانجی پەرت و بڵاوکردنی کورد وەکو گەلێك، بە هەموو روونییەکەوە لە قانونەکەدا دیارە ((ئەو کەسانەی بە زمانێکی نیشتیمانی تایبەتی جیا لە زمانی تورکی، قسە دەکەن، ئەوا قەدەغەیە هەر گوندێکی نوێ یا کۆمەڵگایەکی دانیشتوان دابمەزرێنن و کەڵك لە هیچ کام لەو گواندانە یان گەڕەکانە وەربگرن، یاخود هەر پیشەیەك یان لقێك لە لقەکانی کاروبار، بۆ خۆیان بپارێزن)).

دۆزینەوەی گونجانێك لە نێوان ئەو کارانە و ئەو یاسایانە لەگەڵ پەیماننامەی لوزاندا کارێکی دژوارە.

(21) هەمان ئەو سیاسەتە شۆڤێنێستییە رەگەزپەرستییە پاش رێکەوتننامەی بەدناوی جەزائیر لە 6ی مارتی 1975، لە لایەن حکوومەتی حیزبی بەعسی عەرەبییەوە کرا بە قەباڵەیەکی قانونی و جاری یەکەم وەك سەرەتاییەك بۆ بەرنامەیەکی کاولکاری و تواندنەوەی سەرتاسەری و گشتگیر، بە قولآیی سی کیلومەتر دەستیان کرد بە راگواستنی گوندە سنورییەکانی کوردستانی عیراق. هەموو ئەمانەش بە ناوی کۆمەڵگای هاوچەرخ و پرسی ئاسایش و بەڵگەی تری بێ بنەما بەڕێوەچوون و ئامانجیش وێران کردن و هەڵتەکانی بنەماکانی نەتەوەیی کوردستان و کورد بوون. (و. ك)

لە هاوینی ساڵی 1937 کردەوەیەکی هاوشێوەی ئەوە دژی دانیشتوانی ((دەرسیم)) کە ناوچەیەکی شاخاوی زۆر دوورە بەرێوە چوو. ئەم ناوچەیە ماوەیەکی دوورودرێژ لە گۆشەگیرییەك و وەتەق کەوتنی نیمچە تەواودا مایەوە. هێزێك کە لە ((2500)) کەس پێکهاتبوو چووە ناو چیاکان تا گەیشتە ناوەندی ناوچەکە (دەرسیم) و خەڵکەکەی پەرت و بڵاوکرد و پێشەواکانیشی لە سێدارەدا. هەموو ئەو شتانەی کە لەو گوندە شاخاوییە دورەدەستانەدا روویدا، هەرگیز کەس پێی نەزانی. کە بێگومان هەزاران کەس تێداچوو و هەزارانی تریش لە زێدی خۆیان دەربەردەر بوون و لە نیشتیمانی خۆیان تەرە بوون.

لەو دەمەدا کە کوردی تورکیا سەرگەرمی خەباتێکی ئاوا بێهودە بوون، نیشتیمانپەروەری سەردەمیانەی کورد لە عیراقدا دەستی کرد بە رسکان و گەشەکردن. لە ساڵانی بیستەکاندا شێخ مەحمود ماوەیەکی کورت لە سلێمانی خاوەن حوکم بوو. لە ساڵی 1930 مەلا مستەفا بارزانی دەستی کرد بە سەرکردایەتی کردنی هۆزی جەنگاوەری بارزان و هۆزە هاوپەیمانەکانی تر دژ بە حکوومەتی عیراقی و بەریتانییەکان. لەو ماوەیەی مێژووی کورددا لەو بەشەدا کە ناوم ناوە ((چیرۆکی بارزانی)) بە دورودرێژی زیاترەوە پەرەم بە باسەکە داوە.

# بەشی پێنجەم

# سوپای کوردی و دوژمنەکانی

دەربارەی چونمان بۆ ((بارەگای گشتی)) زۆرمان قسەکرد بوو، تا ئەو رادەیە وردە وردە وای لێهات کە من پێشبینی تەمومژوایم لە لای خۆمەوە بنیات نابوو. بێگومان دەبێ ((بارەگای گشتی)) جێگایەکی شکومەندی هەبێ و سەرکردەش کەسایەتییەکی نموونەیی بەرزە. بەڵام کە چووینە بارەگای سەرکردایەتی ناوچەیی دەڤەری رۆژئاوا کە کورد بەسەریدا زاڵن، بینیمان، پیاوێکی گەورەی رەوشت بەرز، بە ژن باریك، سەر و سیمایەکی هەڵۆیی هەبوو، لە سەرووی تاڤگە ئاوێکی چیایی، لە ژێر درەختێك لەسەر بەتانییەك دانیشتبوو، ئەو ((ئەسعەد خۆشەوی)) بوو سەرکردەی ناوچەی باکوری رۆژئاوا و نزیکەی سێیەکی هەموو هێزەکانی کورد. لە تەنیشتییەوە لاوێك ناوی ((مەلا حەمدی)) بوو دانیشتبوو، ئەو رەنگی سپی و چاوی شین و روخۆش بوو، کۆمەڵێك کاغەزی پێ بوو کە بە پیتی عەرەبی نووسرابوون. چەند پێیەکی کەم لەو لاترەوە چوار یان پێنج پیاوی دیکە دانیشتبوون، پێیان گوتم کە ئەوانە سەرکردەی پلە نزم ترن. هەموو تفەنگیان پێبوو لەگەڵ دەمانچەی نیمچە ئوتوماتیکی. تفەنگی سەرکردە لەسەر سەرییەوە بە لقێکەوە هەڵواسرابوو، جانتایەکی تورەگەیی لە خام کەوا دیاربوو کاغەزی تێدابوو، بە لقێکی ترەوە شۆڕ ببۆوە.

منداڵێکی تەمەن نزیکی شەش ساڵانە، کە برازای سەرکردە بوو لەناو پیاوەکاندا یاری دەکرد، نزیکەی دە پیاوی جەنگاوەر لە دووری ئەوان دانشتبوون. بەڵام ئەوانیش گوێ بیستی ئاخاوتنەکە دەبوون. ئەوە هەموو ئەو شتانە بوو کە لە بارەگای پلە دووەم یان پلە سێیەم لە گرنگیدا لەناو هەموو بارەگاکاندا بەرچاوم کەوت پاش بارەگای شەخسی ژەنراڵ بارزانی. لەوێ نە تەلەفون، نە دوسیە، نە فەرمانبەر، نە کەلوپەلی ناوماڵ، نە جل و بەرگی سەربازی و نە ئوتومبیلی لێبوو.

رواڵەتەکە ئاوابوو — نەدارییەکی تەواو نەدارا، جگە لە هەندێك لە پێداویستیەکان- کە هەر لە سروشتی سوپای پارتیزانی کوردە. لە هەفتەکانی دواتردا زانیاری زیاتر و زۆرترم لەم بارەیەوە بە دەستهێنا.



جەنگی پارتیزانی شتێکە تایبەتە بە سروشتی کورد. منداڵانی کورد بە هەڵگرتنی تفەنگ گەورە دەبن، بە هەموو ئەو خۆشەویستی و هۆگرییەی کە لە منداڵانی ئەمریکادا لە بەرامبەر ئوتومبیلەکانیان دەیبینی، ئەوان فێری بەکارهێنانی تفەنگ و چاودێری کردنی دەبن. وەکو چۆن باوکێك لە ئەمریکا دەیەوێ دەرسی کوڕەکەی بدا کە ریزی ئەو توانا و هێزە وێرانکەرە بگرێ کە لە نیو تەن مەعدەن پێکهاتووە و لە رێگای پەنجەیەکی دەستەوە یاری پێدەکرێ، باوکێکی کوردیش هەوڵدەدا هەستی رێزگرتن و وریایی لە تەقە و شەڕ، لە دڵی کوڕەکەیدا بچێنێ، کە دەتوانێ بە نوکی پەنجەی دەستی بە پەلەپیتکەی تفەنگەکەیدا بنێ و بیتەقێنێ.

ماوەی چەندین سەدەیە کاروبار بەم شێوەیە لە کوردستان تێپەڕیوە. کورد هەست بە پیاوەتی تەواو ناکا ئەگەر تفەنگ هەڵنەگرێ.

کاتێك سەرۆك هۆزێکی کورد پیاوانی هۆزەکەی کۆدەکاتەوە، ئەوا هێزێك لە پارتیزانانی ئاسایی لەبەر دەستدا کۆدەبێتەوە کە بەو مەشق و شارەزایی و کەرەسانەی لەبەردەستیانە —کە بۆ شەڕکردن لە نێو چیاکانی نیشتیمانی خۆیدا، هێزێکی گونجاو و بەکارە. سوپای ژەنراڵ بارزانی لە تێکەڵیەك لە هێزی ئەو هۆزانە پێکهاتووە. سەرەڕای هەندێك هۆزی تر کە بنەمایەکی هۆزایەتییان هەیە. ئەو، هەموو ئەو هێزانەی لە نێو یەك بۆتەدا تواندۆتەوە و سوپایەکی دڵسۆزی بۆ سەرکردایەتی و دیسپلینی خۆی لێ دەرهێناوە، دڵسۆزییەك کە لەو پەڕی زیپك و زاکون و سەختگیریدایە.

بەڵام بە یەکدا هەڵشاخان لە نێوان کەسانێك کە لە بنەمایەکی کلاسیکی هۆزەکانەوە هاتوون، لەگەڵ کەسانی تر کە ((پارتی)) بەشی زۆریانی لە نێو شارەکانەوە ساز و ئامادەکردووە، وەك کارێك کە دەرەتانی رێ لێگرتنی نییە هەر وامایەوە، بەڵام ئەو، تا رۆژگاری ئێستا توانیویەتی دانپێدانانی گشتی بە سەرکردایەتی ژەنراڵ بارزانی، و پێشکەوتنی پێشەواکانی هۆزەکان لەناو ئەو سەرکردانە کە ئەو دیاری کردوون، کۆنترۆڵ بکا. لەناو ئەوانەدا ژمارەیەکی گەورە

لەو پێشەوا بنەڕەتیانە هەیە کە لێهاتوویی سەرکردایەتیان تێدابوو لەوانە ((عەباس مامەند ئاغا))[1] سەرۆکی ((ئاکو)) کە پیاوێکی یەکجار زەلام و بالاّی دەگاتە دوو مەتر و پێنج ئینج. هۆزەکەی ئەو لە گەورەترین هۆزەکانی سەرکردایەتی ناوچەی ناوەڕاستە، وە هەروەها شێخ حسێنی بۆسکینی پێشەوای ((پشدەر)).

هەروەها ((مەحمود کاوانی)) هەیە کە پێشەوایەکی هۆزایەتییە لە ناوچەیەکی دەوروبەری ئاکرێ، ئەو تا ڕۆژی کوژرانی لە ئاکامی هێرشێکی هەوایی لە ئابی 1962 پاش ژەنراڵ بارزانی بە دیارترین سەرکردەی تاکتیکی دەژمێردرا هەر چەندە نیوە خوێندەواریش بوو. هەروەها سەرکردەیەکی گرنگی تر هەیە کە خاوەنی کەلەپورێکی سیاسی حزبییە کە ئەویش ((جەلال تالەبانییە کە تەمەنی بیست و نۆ ساڵە. ئەو سەرنووسەری پێشووی ڕۆژنامەی (کوردستان)) بوو کە لە بەغدا دەردەچوو. ئێستا سەرکردەی سێیەکی بەشی باشوورە لە ناوچەی کوردی و ئەو پیاوەیە کە بارزانی بۆ دان و سەندن لەگەڵ ڕژێمی نوێ، پاش کودەتای 8ی شوباتی 1963، دیاری کردووە.

ئەوەی کە من ئەنجام گیریم کرد ئەوەیە کە سەرکردایەتی باکوری ڕۆژئاوا لە ژێر سەرکردایەتیەکی هۆزایەتیدا بە ڕێکخستنی چالاکانەوە ڕێك خراوە، سەرکردایەتی بەشی باشور هەر لە ژێر سەرپەرشتی حیزبدا مایەوە و ناوچەی ناوەڕاست لە سەرپەرشتییەکی تێکەڵ پێکهاتووە بەسەکردایەتی شەخسی ژەنراڵ بارزانی خۆی.

بارزانی سیستەمێکی یەکگرتووی لە ڕێکخستن و کەرەسە و تەیار کردن داوە بە سوپا و تاکتیکی پارتیزانی بەرەو ستراتیژێکی گەورەی سەرتاپاگیری، گەشە پێداوە. ئەم تێکەڵەیە کردوویەتی بە مەزنترین هێزی شۆڕشگێڕی جەنگاوەر لەسەر ڕووی زەوی. ئەم هێزانە، لە توانای دایە دەسبەجێ خۆی بۆ مەهامی سوپانیزامییەکان بگونجێنێ، لەوانەیە چاکترین سەربازی جەنگاوەر بن لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەمە ئەو بابەتەیە کە ناتوانم لێرەدا باسی نەکەم. ئەگەر

---

(1) عەباس مامەند ئاغا لە ساڵی 1966دا بە نەخۆشییەکی سەخت بە ماوەیەکی کەم بەر لە ئیمزاکردنی سێیەم ڕێکەوتن کۆچی داویی کردووە. ((ج. ف))



بهاتبایە ڕووکاری جێگاکەی بەهەر ئاراستەیەکدا، ڕوو بە بەرەو پێشەوە هاتنی هەر هێرشێکی ئیحتیمال لێکراوی سۆڤێتی بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوایە، ئەوا لێهاتوویی سەربازیی و پێگەی سیاسی شۆڕش مەزنترین بایەخی بۆ هەر کام لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، و یەکێتی سۆڤێت دەبوو. ئەمە ئەو بابەتە بوو کە ژەنراڵ بارزانی بە هەموو ڕاشکاوییەکەوە سەرنجی منی بە لایدا ڕاکێشا.

لە هاوین و پایزی ساڵی 1962دا هێزەکانی کوردی عیراقم بە 15.000 تا 20.0000 پیاوی ئامادە لە جوڵانەوەی کردەوەییدا دانا. یان لە نێوان 30.000 تا 40.000 پیاو ئەگەر هێزە چەکدارە یەدەگەکانیش حسێب بکەین. هێزەکانی کورد لە چەند توخمێکی جۆربەجۆر پێکهاتووە:

یەکەمیان: ئەو هەڵبژاردە دانسقە سەختگیرەیە کە ژمارەیان لە نێوان 4.000 تا 5.000 کەسە، ئەوانە پارتیزانی هەمیشەیین و بە خۆیان دەڵێن ((پێشمەرگە)) واتە ((گیان فیدا)) یان ((ئامادەبووان بۆ قوربانیدان بە گیانی خۆیان)) ئێمە هەر بۆ گاڵتەوگەپێکی ئاسایی و دوور لە هەستی ڕێزگرتن ڕاهاتبووین بڵێین ((پیچ ملبا Peches melba))[2] زۆرایەتی ئەو پێشمەرگانە لە پیاوانی بارزانییەکان و هۆزە هاوپەیمانەکان پێکدێت کە لە شەڕەکانی بەرگری لە کۆماری تەمەن کورتی مهاباد لە 1946 و لە کاروانی پیادەڕەوی ژەنراڵ بارزانی بەرەو یەکێتی سۆڤێت لەگەڵیدا بوون و ژمارەیەکی کەم لەوانەش لەسەرەتای جەنگەکانی ساڵی 1961 شان بە شانی بارزانی شەڕیان کردبوو[3].

ساڵانی درێژی تاقیکردنەوە وای لەو پیاوانە کرد بوو کە بە گیانی متمانە بە خۆبوونێکی مەزنەوە شەڕ بکەن. لە کاتێکدا کە سەرکەوتنەکانی ئەوان لە سەر کەوتنەکانی هێزەکانی دیکە باڵاتر بوون و زەرەروزیانیشان کەمتر بوو. ئەوان

---

(2) جۆرە چێشتێکە لە خۆخ و شەربەت ئامادکراوە. (ج. ف)

(3) سەرەتای ساڵی 1964 هێزەکانی کورد ڕێکخراوتر بوون و زیاتر سەربازی بوون و کەمتر هۆزایەتی بوون. ئەم هێزانە لەگەڵ چەند هەزار کەسێکی تردا متوربە بوون، (لەناو ئەواندا ڕێژەیەکی بەرز ئەفسەران هەن) لەوانەن کە سوپای عیراقیان بەجێهشتووە. (ج. ف)

فێرببوون چۆن چاودێری خۆیان دەکەن، لە کاتی جەنگدا چۆن خۆیان دەشارنەوە، چۆن هێرش دەکەن بێ ئەوەی خۆیان بخەنە ناو مەترسییەکی نابەجێوە.

ئەو پارتیزانە هەمیشەییانە بە دەگمەن وایە مۆڵەت وەربگرن. سوپا ژیانی ئەوانە و ئەوان وا پێشبینی دەکەن کە لە خزمەتدا بەردەوام دەبن تا کۆتایی شۆڕش. ئەوان بە یەدەگێکی ئامادە پشت ئەستورن کە ژمارەیان 5.000 تا 15.000 پیاو دەبێ و ئەوانە هەر شەش مانگ جارێك سەرکردایەتی ناوەندی داوایان دەکا تا بە خزمەت پەیوەست بن، هەروەها لە نێوان 10.000 تا 20.000 هەزاری تر هەیە کە لە هەموو کوردستاندا وەکو یەدەگی جێگیر لە ناوچەکاندا هەن، کە سەرکردایەتی ناوچەیی لە کاتی پێویست و پەلەدا بۆ چەند رۆژێك، دەتوانێ داوایان بکا. ئەوانە دەکرێ بە پاسەوانانی سنور یا هێزی بەرگری میللی ناوببرێن.

لەگەڵ ئەوەشدا کە هێزەکانی کورد جل و بەرگی سەربازی ناپۆشن و تەنیا جل و بەرگی کوردی خۆیان لەبەردەکەن بێ هەڵگرتنی هیچ ((شارە و روتبەیەك))، بەڵام لە باری لێپرسراوی و ژمارەی ئەو جەنگاوەرانەی لە ژێر فەرماندەیی ((دەستە))یەك واتە دە پیاو، یان (پەل) واتە پەنجا پیاو، و (سەر پەل) سەد و پەنجا پیاو، (لق) سێ سەد و پەنجا پیاو، یان (سەر لق) واتە هەزار پیاو. لەناو ئەو پلە فەرماندەییانەدا دووبارە جیاوازی هەیە لە نێوان ئەفسەر و سەردەستە و سەربازەکان[4].

نەبوونی جلی سەربازی و تایبەتی جیاواز هەندێك جار قوربانی لێکەوتۆتەوە. هەندێك رووداوم کەوتە بەرگوێ، کۆمەڵە شۆڕشگێڕێك بە هەڵە کۆمەڵە شۆڕشگێڕێکی تر بە جاشە بە کرێگیراوەکان دادەنێن و رووداوێکی دڵتەزێنی لێدەکەوێتەوە.

هەندێك لە سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵیاندەدا جلێکی سەربازی خاکی لەگەڵ کڵاوێکی کاسکێت، بسەپێنن، قوماشەکەشی لە قوماشێکی لۆکەیی هەزران لە کۆماری چینی کۆمۆنیستییەوە بهێنن.

[4] جلی خاکی سەربازی و پلە و نیشانە سەربازییە تایبەتییەکان لە ساڵی 1964 وردە وردە هاتنە ناو رێکخستنی سەربازییەوە کە زۆربەی لە ئارەزوومەندانی شارەکانەوە هاتبوون. (ج. ف)



بە رای من، ئەگەر واشی دابنێین کە توانرا ئەو قوماشە لۆکەییە بە جۆرێکی هەمیشەیی دابین کرا، هەرچەندە ئەگەرێکی دوورە، ئەوا ئەو کەڵکەی کە لەو جلە سەربازییە ناشیرینە رەچاو دەکرێ، بە تەواوی لەگەڵ ئەو نرخە روحییەدا کە کورد لەسەر جل و بەرگی رەنگاورەنگی کلاسیکی خۆیانی بنیات دەنێن، بە تەواوی ناکۆك دەوەستێتەوە. پاشانیش خاڵێکی دیکە هەیە کە جلی کلاسیکی دەتوانرێ لە گوندەکان، بە دەستی ئەو ئافرەتانە کە مەڕ و بزن بەخێودەکەن و ریسەکەی دەکەنە قوماش و جل و بەرگی لێدروست دەکەن، دابین بکرێ[5].

کورد خۆیان تفەنگ و دەمانچەی نیوە ئوتوماتیکی هەڵدەگرن، دۆشکە و تۆپی هاوەنیشیان هەیە. بەڵام تۆپخانەی قورسی مەیدان و تانك و زرێ پۆش و فرۆکەیان نییە.

تفەنگی پەسندکراو بە لای کوردەوە، بە هۆی ئەوەی کە بە دیقەتەوە نیشان دەپێکی و مەودایەکی دوور دەڕوا، تفەنگی بڕنەوی ((7.98 ملم))ە. لەم جۆرە تفەنگە کورد نزیکەی دە هەزار تفەنگی هەیە. هەندێکیان دەڵێن ئەوە بەشێکە لەو دیارییە ((کە بە دە هەزار تفەنگ دەخەملێنرێ)) کە یەکێتی سۆڤێتی لە ساڵی 1946دا پێشکەشی کۆماری مهابادی کردووە. بەڵام بەشەکەی تری کە نیشانەی ((تاج))ێکی لەسەر کێشراوە، لە ئێرانەوە بە قاچاخییەوە ئاودیوکراوە بە تایبەتی پاش ئەوەی ئێران وازی لە تفەنگی ((بڕنەو)) هێنا و بە تفەنگی ئوتوماتیکی ئەمریکی گۆڕییەوە. هەروەها هەندێك لەمانە لە سنورەکانی تورکیاوە هاتووە، واپێدەچێ سەربازانی تورك پێیان فرۆشتبن. لەبەر ئەوەی سوپای عیراقی ئەم جۆرە تفەنگە بەکار ناهێنێ، بەو پێیەش کە سەرچاوەی ئاسایی تەقەمەنی بۆ کوردەکان تەنیا سوپای عیراقییە، ئەوا زەخیرەی تایبەت بەو

[5] لەمبارەیەوە نووسەر لەسەر هەقە، چونکە هەموو ئەو هەوڵانەی کە بۆ سەپاندنی جلی یەکگرتوو دران، شکستیان هێنا. ئامانجەکە تەنیا لەوەدا چڕبۆوە کە تەنیا رەنگ و قوماشەکە یەك بخرێ. دەوروبەری بەیانیامەی یازدەی ئازار پێشمەرگە هەموویان —زستان و هاوین- جلی نەتەوەیی کوردییان دەپۆشی بەڵام هەمووی خاکی. (ج. ف)

تفەنگە بە دەگمەن دەستدەکەوێ و هەر فیشەکێك نیو دیناری عیراقی (پتر لە چوار لیرەی لوبنانی) پارەی تێدەچێ.

هەروەها تفەنگی ئینگلیزی (لی ئنفیلد عەیار 303)یش پەسند دەکەن. ئەوان چەند هەزار دانەیەکیان لەو تفەنگە کەوتۆتە بەردەست. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵاتنی بەرفراوانی پۆلیس بۆ ناو ریزەکانی شۆڕش. هەورەها کورد نزیکەی سێ هەزار تفەنگی سۆڤێتی کە نیوە ئوتوماتیکییە لە سوپای عیراق و هێزە گەرۆکەکان بە دەسکەوت گرتووە.

هەروەها کورد پڕبەپڕی هەقی خۆی نرخی ((کلاشینکۆف)) دەزانن کە چەکێکی ئوتوماتیکی سۆڤێتی یەکجار سوکە لە نێوان رەشاش و رەشاشێکی سوك دایە. ((مەخزەنەکەی)) کە سی گوللەی دەگرێتە خۆی و درێژییەکی سی و چوار ئینج زیاتر نابێ و مەودای رۆیشتنی 400 یاردە زیاتر نابێ بەڵام کێشەکەی لە 7.7 پاوەند زیاتر نییە و بە کارهێنانی ئاسانە.

هەروەها ژمارەیەکی گەورە ((دیکتاریوف)) لە سوپا و پۆلیسی عیراقی گیراوە. ئەم جۆرە توپێکی شەست تیری سوکە و بە هەوا سارد دەبێتەوە و مەودای رۆیشتنی لە نێوان پێنج سەد تا هەزار مەتر دەڕوا.

سەرەڕای ئەمانە ((رەشاشی برنەو))، ((ستین)) و ((سترلنگ)) و ((ڤیکرز)) هەیە، نزیکەی پەنجا یان شەست تۆپی هاوەنی ((دوو عوقدە)) یان هەیە و نزیکەی دوازدە تۆپی هاوەنی ((سێ عوقدە)) هەیە، بەڵام گوللەی تۆپی ئەمەیان لادەست نەدەکەوت. هەروەها کورد ژمارەیەکی گەورە لە تفەنگی ماوزر، چەکی فەرەنسی، ئیسپانی و روسیی قەیسەرییان پێیە، بەڵام گرفتی ئەوانە دیسانەوە نەبوونی زەخیرەی پێویستە. لە ساڵانی 1963-1964وە بەکارهێنانی بازوکا زیادی کردووە.

هەروەها نزیکەی پەنجا تا شەست دەزگای بێ تەلیان هەیە. لەناو ئەوانەدا هەندێك دەزگای بروسکە ناردن هەیە کە لە پەیوەندییە پێویستەکان لە نێوان بارزانی و فەرمانداەیی سێ ناوچە سەرەکیەکەدا بەکاردێ. لەوانەیە نەبوونی لێهاتوویی و پسپۆڕانی تەکینکی هۆکاری ئەوە بێ کە کورد کۆشش بۆ ئەوە ناکا



بێ تەلی مەیدانی ((رادیۆ)) لە کاتی شەڕەکاندا بەکاربهێنێ، ئەوان نووسینی پارچە نامەی بچووکیان بەلاوە پەسندترە کە بە پیتی عەرەبی دەینووسن و زۆر قایم دەیپێچنەوە و پاشان بە تێپی نایلۆن مۆری دەکەن و لە رێگای تەتەرەوە بە هەموو لایەکیدا دەنێرن.

ئەو دەزگا بێتەلانەی کە بە دەسکەوت گرتوویانە، زۆر سودی بە کورد گەیاندووە، بە تایبەتی لە وەرگرتنی پەیوەندییەکانی حکوومەت و هەروەها کاری بروسکە ناردن ((مخابەرە)) لەناو سوپای عیراقیدا. ژمارەیەك لەو کەسانەی کە پێشتر لە پۆلەکانی بروسکەکاریدا بوون، توانیویانە هێماکانی ((چفرە))ی سەربازی و حکوومی شی بکەنەوە. لەو رێگایەوە زانیاری وردیان دەربارەی نەخشەکان و گیروگرفتەکانی دوژمن دەخستە بەرچاوی سەرکردایەتی کورد. ئەم کرداری گوێگرتن و هەواڵ دزییە، کوردی کردۆتە خاوەن سیستەمێکی بروسکەکاری تۆکمەی ئەو تۆ کە مرۆڤ باوەڕی نایە.

گیروگرفتی ژینەوەری ((الاعاشە)) وەك خۆی لە نزمترین ئاستی سادەیی و ساکاریدا ماوەتەوە. کەرەسەکانی تەواوکاری خواردەمەنی، لەو شتانەیە کە نابێت رێگەی پێ بدرێت بێتە ناو ریزەکانیانەوە. لەوێ ساردەمەنی و بەستەنی فێنك کەرەوە، حەڵوا، یان فلیمی سینەمایی یاخود دەزگای جل شۆردن و ئوتوکردن بوونی نییە.

لە واقیعدا لەوێ جگە لە پیاوان و تفەنگەکانیان شتێکی دیکە بوونی نییە.

بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا سوپا هەندێك ئازوخەی وەکو شەکر، پەنیر، گەنم و برنجی هەبوو کە لەناو ئەشکەوتەکاندا لە هەموو لایەکی وڵاتدا ئەمبارکرابوو. دانیشتوان پێویست بوو لە سەریان دە لە سەد لە بەربوومی خۆیان بۆ سوپای شورشگێڕ تەرخان بکەن. سوپاش بۆ خۆی هەڵدەستا بە ئامادەکردنی جل و بەرگ لەو دوکانانەی لە ئەشکەوتەکاندا یا لە دەورووبەری چیاکاندا، دایانمەزراند بوو. هەروەها دەستیان کرد بوو بە دامەزراندنی هەندێك ئەمباری تر بۆ چەك لە ئەشکەوتەکانی دیکەدا. لەوێ هەندێك تفەنگ و چەکی دیکە کە بە دەسکەوت لە سوپای عیراقی گیرابوون کەڵەکە دەکران. لەگەڵ ئەوەشدا کە سوپای شۆرشگێڕ

هەندێك کەلوپەلی دەدا بە جەنگاوەرەکانی، بەڵام بە پلەی یەکەم جەنگاوەر بۆ خۆی لە پێداویستی و کەلوپەلی چەکەکەی بەرپرسیار بوو. جەنگاوەر هەر ئەو جل و بەرگەی لەبەردایە کە پێوەی هاتووە، هەر ئەو چەکەش هەڵدەگرێ کە پێوەی هاتۆتە ناو ریزی شۆرشگێڕانەوە و جگە لەو فیشەکانەی کە تەقاندویەتی یاخود چەکەکەی کە لەکار کەوتبێ، چاوەڕێی شتێکی دیکە لە سوپاکەی خۆی ناکا.

سوپا زۆربەی کات لە جوڵانەوە و گەڕاندایە نرخی هەندێك لە خواردنەکانی خۆی دەدا، بەڵام زۆربەی خواردنی خۆی وەکو دیاری لە گوندەکانەوە وەردەگرێ.

زانیم کە سوپای بارزانی، کەمێکی زۆر کەم نەبێ، پارەی لەبەردەستدا نییە. زۆربەی کاتیش هەرگیز هیچیان پارە پێنەبوو. لەمبارەیەوە پرسیارم لە (سلیمان حاجی بەدری) یەکێك لەو ئەفسەرانەی یەکەم جار لە کوردستان بینیم، کرد.

- ئایا پارەی ئەو خواردنەی کە پیاوەکانتان دەیخۆن دەدەن؟

وەڵامیدایەوە ئەگەر پارە هەبێ بۆ هەقی خواردنەکە ((بەڵام گوندنشینان ئەوە قبووڵ ناکەن و ئەگەر بێت و شتی وایان لەگەڵدا باس بکەین هەست بە سوکایەتی دەکەن)).

ئەمە وەڵامێکی راست بوو بەڵام تا ئەو رادەیە کە جوتیارەکان دەتوانن بەربومەکانیان بگەیەنینە سلێمانی و کەرکوك و هەولێر و موسڵ. چونکە جوتیاری کوردستان لە بازاڕی خۆی و ئەو جێگایانەی کە دەرەتانی ئەوە هەیە بەروبوومەکەی لێ بکڕن، دابڕاوە لەبەر ئەوە واجوان ترە وەکو نیشتیمانپەوەر دەربکەوێ و رێگا بدا کە هێزەکانی شۆڕش چی خواردەمەنییان پێویست بێ ببەن.

لەوانەیە مرۆڤ لەو ناوچانەدا کە لە ژێر دەستی کورد دایە هەست بە ئابووری پارەی نەغدینە نەکا. کاتێك بۆ ماوەی سێزدە رۆژ لە گوندێكماینەوە، بە چەند دینارێك بەشداریمان کرد لە کڕینی ئاردی گەنم و گۆشتی زیادە تا لە گوندێکی تر بۆمان بکڕن. هەروەها بڕێکی تری کەمان پارە بۆ کڕینی پاتری ئەو تاکە رادیویەی کە لە گوندەکەدا هەبوو، دا، کە بۆ ماوەیەکی زۆربوو لەوێ مابووینەوە (لەوێ را رۆژە رێیەکی تەواو بۆ کڕینی پاتری پێویست بوو). لە بۆنەیەکی تردا



چەند فلسێکی کەمان بۆ کڕینی هێلکە دا. ئەو بڕە پارانە هەمیشە دەدرانە کەسی سێیەم، چونکە خانەخوێ کەمان پێویستیەکانی ئێمەی لە لای دابین نەبوو. لەوێ تاکە جوتیارێکیش نەبوو خەون بەوەوە ببینێ کە لە بەرامبەر هەر شتێك کە پێشکەشی دەکا پارە وەربگرێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من روونکردنەوەکانی (سلیمان)م بە کەمێك ترش و خوێوە قوتدا. سەرنجمدا سوپای بارزانی بەدەست نەدارییەکی ماڵی (درێژخایەن) دەناڵێنێ. ئەوان بە پلەیەکی سەرەکی پشت بەو یارمەتییە دەبەستن کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەو کوردانەی کۆدەکاتەوە کە لە ناوچەی عەرەب نشیندا لە باشوور دەژین. هەروەها بەشێکی دیکە لەو پیتاکانەوە کە لە خاوەن موڵك و ئەو کوردانەوە کە توانایان هەیە، دابین دەبێ جا ئەوانە لە هەر کوێیەك بژین. ناو ناوەش هێزەکانی بارزانی بەختیان دەیهێنێ دەست بەسەر بڕێك پارەدا دەگرن کە لە بنکەیەکی پۆلیسدا هەیە یاخود دەست بەسەر خەزێنەیەکدا دەگرن کە موچە بۆ سەربازە عیراقییەکان دەگوازێتەوە یان هەر شتێکی دیکەی لەو بابەتە.

جەنگاوەران مووچە وەرناگرن. بە هەقیقەت لە زۆربەی کاتدا شتێکی ئەوتۆ لە ئارادا نییە کە شایانی پارە خەرج کردن بێت. ئەگەر لە شارۆکەیەکی بچووکدا دەرفەتی پارە خەرجکردن بێتە پێشەوە کەمێك پارە بە یەکسانی بەسەر هەمووواندا دابەش دەکرێ.

لە هەندێك شوێندا چاودێری ژیانی جەنگاوەران، دەکرێ و حیزب بەسەر ئەو کارە رادەگا. بەو پێیە واچاوەڕان دەکرێ ئەو پیاوەی لە کەرکوك و بەغداوە هاتووە و لە چیاکان خەبات دەکا، حیزب هەڵبستێ بە ژیاندنی خێزانەکەی بەشێوەیەکی بە تێرایی ئەوەی کە بەشی بەردەوام بوونی ژیانی و بگرە کەمێك زیاتریش بێ.

منداڵان و ژنان لە گوندەکان، بە ئامادە نەبوونی پیاوی ماڵەکە ئەوەندە سەغڵەت نابن، وەك کە خەڵکانی دانیشتوانی شارەکان پێیانەوە دیارە. هەرچۆنێك بێ ئافرەتی لادێ نشین، تەنانەت لە رۆژگاری ئاشتیدا بە زۆربەی کاروباری کێڵگەکەیان رادەگا.

جەنگاوەر تاڕادەیەك خواردنێكی باش دەخوا —ئەمە بۆ مانەوە و پاراستنی مەعنەویات كارێكی خاوەن بایەخە لە حاڵێكدا كە بڕێكی كەم نەبێ لە كەرەسەكانی ژیانی لەبەردەستدا نییە. بارزانی بە توندی پشتیوانی لەو قسە بەناوبانگەی ناپلیون دەكرد: ((سوپا بەسەر گەدەی خۆیەوە دەڕوا)). لە حاڵێكدا كە ژەمی بچووك و سندویچ و شتی تر لە خواردەمەنی سوك و سەرپێی (جگە لە میوە كە بە درێژایی ڕێگا لەناو درەختەكاندا بەدی دەكرێ) لە ئارادا نییە، ئەوا هەر ژەمێكی خواردن، ژمارەیەكی گەورە لە دەوری پڕ لە برنج كە لە شیوە بەراوەكانی كوردستان بەرهەم دێ، جۆرێك لە گۆشت (مەڕ، بزن یان مریشك) دادەنرا و لەگەڵ ئەوەشدا دەبوایە پەنیری تیژی سوێركراو، شیری هەوێنكراو كە پێی دەڵێن (ماست)، نانی تەنكی ساج كە پێی دەڵێن (نان)، كە كورد بە زۆری لە جیاتی كەوچك پارووی پێ لە برنج و ماستەكەیان دەكەن، كە ئەمە بەشێكی سەرەكی ژەمی ئەوانە، ئاویش، كە زیاتر ئاوی سارد بە لایانەوە پەسەندە و بەشی خۆیان لە كانی دەهێنن. زۆرجار ((دۆ))ش دەخۆنەوە. دۆ ماستی ژەنراوە، پاش ئەوەی كە ڕۆنەكەی بەشێوازی خۆیان لێ دەگرن —واتا بە دانانی مەشكەیەك كە لە چەرمی بزن دروستكراوە بە هەردوو لادا دەیشڵەقێنن. هەروەها دۆ گەرم دەكەن تا وەكو چۆرەك رەق دەبێ[6] و بۆ زستان هەڵیدەگرن كاتێك لە ئاودا دەیتوێننەوە، وەكو هاڕاوەی شیری لێدێ یاخود لەناو تەنوردا گەرم دەكرێ و وەكو چۆرەكی رەق دەخورێ.

لەگەڵ ژەمی خواردندا ئەگەر بوو میوەش دادەنرێ (وەكو ترێ و هەنجیر، یاخود كاڵەكی سور) هەموو ئەو میوانە لە هەمو لایەكی كوردستان یەكجار زۆرە بەپێی وەرز و بەرزاییەكانی زەوی، هەندێك جاریش هەڵوژە یا خوخ یا هەرمێ یان سێو هەیە.

پاش ئەوانەش دیارە ((چا))ش هەیە كە پێش نان خواردن و پاش نان خواردنیش لە سەماوەر تێدەكرێ. دوای ئەوە تێبینیم كرد كە قاوە بە دەگمەن هەیە و لە بۆنەیەكی تایبەتیدا نەبێ پێشكەش ناكرێ، ئەم گەلە هۆگریی بەچاوە هەیە.

[6] مەبەستی دانەر ((كەشك)) بووە. (و. ك)



تاكتیكی جەنگی كورد پێویستی بە خێرایی و ئارام گرتن، فێڵ و جوڵانەوەی شەو و لێك بڵاوبوونەوە هەیە. ئەوان بۆ ئەوەی قەرەبووی نەبوونی چەكی قورس بكەنەوە. دەیانتوانی لەسەر زەوی سەختی هەڵدێردا زۆر خێرا و دەست و برد تر لە سەربازانی نیزامی بجوڵێنەوە. لە واقیعدا بەو قەد پاڵە پڕ لە پێچانەی چیاكان، سوپای عیراقی خەونیش بەوەوە نابینێ هەوڵی ئەوە بدات بەرەنگاریان ببێتەوە. كورد دەتوانن سەر بكەونە سەر بەردەكان و دوژمن بكەنە ئامانجی گوللە باران كردن یاخود بۆ زانیاری و وێنەگرتنیان.

توانای دان بەخۆداگرتنی جەنگاوەرانی كورد، زۆر جار مرۆڤ بەرەو سەرسامی دەبا. ڕێكردن بۆ ماوەی هەشت یا نۆ یا تەنانەت دوازدە كاتژمێر كارێكی ڕۆتینی ڕۆژانەیە. ڕێكردن، بەهەموو مانای وشە مانای ڕۆیشتن بەسەر پێیانەوە. ئێستا ئیتر سوارەی كوردی بۆتە چیرۆكی ڕۆژگارانی پێشوو. ئێستا ئەسپ بێ تواناترین شتە لەبەردەم چەكی نوێدا. هەروەها ئێستر كە هەر لە بنەمادا بۆ بار گواستنەوە بەكاردێ نەك بۆ سوار بوون. تەنیا لە حاڵەتی هاتنی میوانانی پلەیەكی وەكو ((ئاپو جومرد)) و من. لەگەڵ ئەوەشدا كە ژەنراڵ بارزانی هێسترێكی بێ هاوتای هەیە لە ناو هێسترەكاندا ((بەڵام هەندێك جار سواری ئەسپ دەبێ)) دەنا ئەو پێداگری دەكا هێندەی ئەوە كە پیاوەكانی بەپێ دەڕۆن ئەویش بەپێ بڕوا.

پیاوێكم دێتەو بیر دڵخۆش بوو بەوەی كە ناوی ((قاسم)) بوو، ڕۆژێك نزیكەی دە كاتژمێر لە گەرمایەكی پڕوكێنەردا ڕۆیشتبوو، ئەو پێڵاوێكی كۆنی لە پێدابوو، شڕی و دڕاوییەكەی سەرنجی راكێشام، دیتم بەو پەڕی بەرزی دەنگی خۆیەوە بەردەوام بوو لە گۆرانی گوتن و تا كۆتایی ڕۆیشتنەكە ئەوەندە لە چوست و چالاكیدا بوو وەكو یاریكەریك لە یاریكەرەكانی (سێركەكان) بەسەر پشتی هێسترێكەوە كە باری بەسەر پشتەوە بوو، بازی دەدا.

نیشان پێكان بەلای هەموو كوردێكەوە جێگای شانازییە. ئەم توانا و لەش سووكییەی ئەوان تاڕادەیەك هەموو كوردێكی خستۆتە هێڵەكانی پێشەوەی شەڕ.

لەوێ، نیشاندانانەوە بە دانانی قەوانە فیشەك یان دانانی پارچە کاغەز وەکو نیشانە و تفەنگ تێگرتنی لە لایەن هاوڕێکانمەوە، لە بڕانەوە نەدەهات. جارێکیان خوانێکی ((ماسی))مان پێکهێنا کە یەکێك لە پیاوەکانمان بە گوللەیەك راوی کرد. ئەمە پاش ئەوەی نیو کاتژمێر بەسەر درەختێکەوە لەسەر زێی گەورە دانیشتبوو بۆ ئەوەی ئەو هەلەی بۆ رێك بکەوێ.

بەڵام دەربارەی تاکتیکی فێڵ و شوێنەوونی، ئەوا رێسایەکی گشتی نییە، ئەو دەرفەتە بۆ خەیاڵ فراوانی و داهێنانی —خۆیی0 دەگەڕێتەوە. یەکێك لە ئەفسەرەکان فێڵێکی بۆ باس کردم کە شۆڕشگێڕان پەنای بۆ دەبەن و دەیگوت هەرگیز شکستی نەهێناوە:

- گەمارۆی دوژمن دەدەین و بە تەقەلێکردنی پچڕپچڕ هەراسانی دەکەین، بەڵام ئێمە دەریچەیەکی بۆ بەجێ دەهڵێین وەکو ئەوەی کە غەڵەتێکمان کردبێ بێگومان درەنگ یا زوو هەردەبێ بەرەو ئەو لایە بچێ. ئێمەش لێی دەگەڕێین تا لەوێوە دەردەچێ. هەر کە جوڵایەوە لە پشتەوەڕا لە نزیکترین مەودا کە دەرەتانی هەبێ، تەوقیان دەکەین. ئێمە ئەوەندە لێیان نزیك دەبینەوە کە ئیدی چەکە قورسەکانیان دادیان نادا.

پارتیزانان بە گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان لە چۆنیەتی هەڵخەڵەتاندنی پۆلیس و سەربازانی عیراقی سەرحاڵ دەبن. چاکترین نموونە لەمبارەیەوە مەسەلەی بنکەی پاسگایەکی سوپا بوو لە رایات کە دەکەوێتە سەر رێگای نێوان رەواندز-خانە. پارتیزانانی کورد خانوویەکی تەنیشت ئەو پاسگایەیان داگیرکرد بوو کە پیاوانی سوپای عیراقی پێشتر داگیریان کردبوو. ئەوان لەوێوە هەستابوون بە هەڵکەندنی تونێلێك تا دەگاتە ژێر خانووی سەربازگەکە. پاش چەند رۆژێکی کەم ئەوانیان ئاگادار کردبوو کە تونێڵەکە تەواو بووە و سەربازگەکە دەتەقێنرێتەوە و نوغرۆ دەکرێ، ئەوانیش خۆیان بەدەستەوە دەدەن.

پیاوێك کە پێشتر پۆلیس بوو دەیگوت تاچەند هەفتەیەك پێش ئێستا لە بنکەکەی خۆمەوە بە رێکوپێکی چەك و فیشەکم بۆ شۆرشگێڕان دەنارد. بۆی



گێڕامەوە چۆن لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەستیان بەسەر ((مەخفەر))ی پۆلیسی ((تەقەتەق))دا گرتووە. کاتێك ئەفسەرانی سوپا مکوڕ بوون لەسەر ئەوەی رێگا لە بەروژوورچوونی چەك بۆ ناو چیاکان بگرن، بڕیاریاندا چەکەکان لە ئەمباردا دابنرێن و دەرگاکەی قفڵ بکرێ، ئەو کوردانەی کە لە بنکەدا بوون بینیان ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بەکارێکی یەکلاکەرەوە هەڵبستن. هەندێك دەمانچەیان لە شارۆکەی ((تەق تەق)) لە هاوڕێکانی خۆیانەوە دەسکەوت و توانییان بەسەر بەرهەڵستی کەسانی ناو ((مەخفەرەکە))دا زاڵ بن و دەرگای ئەمباری جبەخانەیان شکاند و هەرچی تفەنگ و رەشاش و تفەنگی نیمچە ئۆتوماتیکی هەبوو خستیانە ناو لۆرییەکەوە و گەیاندیانە ناو چیاکان و لەوێ شوێنەواریان وون بوو.

کورد لە کاروکردەوەی تۆقاندن و هەراسان کردنی ((حامیە)) دوورە دەستەکانی سوپا و پۆلیس کە شەوانە بە تیشکێکی بە هێزی گەورە رووناك دەبۆوە، سڵیان نەدەکردەوە. تەقاندنی چەند گوللەیەکی کەم بە ئاسماندا بەرەو رووی ئەو تیشکانە، ئیدی ئەوە هەروەکو جڵەوی شتێك بەرەڵا بکەی، هەر لە خۆپێشاندانی یاریە ئاگربازییەکان دەچوو، ئەوان دەسبەجێ بە دۆشکاو تۆپ وەڵامی ئەو چەند گوللەیەیان دەدایەوە، هەوڵدانیان بۆ رووناك کردنەوەی تاریکایی شەوەزەنگ کارێکی خۆڕایی بوو. سودی ئەو کارە ئەوەبوو دوژمن بە دەمارگرژییەوە شەونخونی دەکێشا، خەویان لێحەرام دەبوو، زەخیرەیەکی زۆر تەقەمەنیشیان بەفیڕۆ دەچوو. پێشمەرگە زۆربەی کات لە لایەکەوە بۆ دوورکەوتنەوە لە گەرمای رۆژ، و خۆپاراستن لە بۆمبارانی ئاسمانی لە لایەکی ترەوە، بەشەو دەجوڵێتەوە و شەڕ دەکا. بە دەگمەن وارێکدەکەوێ سوپای عیراقی و پۆلیس بەشەو دەربچنە دەرەوە. لەوانەیە هۆکاری ئەو کارە ئەوەبێ کە دەزانن لەو کاتژمێرانەدا کورد جموجۆڵیان دەست پێ دەکەن.

لێك بڵاوبوونەوە پاژێکی لە جیانەهاتووی سروشتی جوڵانەوەی پارتیزانیە. پێویستی بەسەر پارتیزانانیدا دەسەپێنێ کە بە دەستەی ژمارەکەم و لە جێگای لە یەکتری دورەوە، کاربکەن.

سەرەڕای ئەوەی پیاوانی بارزانی هەمیشە سوورن لەسەر ئەوەی لێك دووری مەوداکانی نێوانیان رەچاو بکەن، بۆ ئەوەی نەبنە ئامانجی هێرشێکی ئاسمانی عیراقی، هەروەها نەبنە هۆی ئەوە کە سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆیان کێش بکەن. هەروەها ئەوان هەمیشە لەوە دوور دەکەونەوە لە ئوردوویەکدا کە نزیك بە جێگایەکی ئاوەدانی وەکو گوندەکان بێ، کۆببنەوە.... هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی (جگە لە حاڵەتی تایبەتی) کە پارتیزانان بە هۆی بۆمبارانی ئاسمانییەوە توشی زەرەرخواردن نەبن. بەڵام گوندنشینەکان، ئەوانن کە بە دەست بۆمبارانەوە دەناڵێنن.

پارتیزانان نەریتێکی دیکەیان هەیە کە توانیویانە تا ئاستی تاکتیکێکی جەنگی گەشەی پێبدەن، کە ئەویش پاراستنی نهێنییە، ئەوان بە پێچەوانەی سوپای نیزامی عیراقی کە پێش ئەوەی لە جێگای خۆی بجولێتەوە، لە رێگای ناردنی چفرەوە کە بە ئاسانی شیدەکرێتەوە، هەڵدەستن بە ناردنی نامە، هەر جولانەوەیەکیان پێشەکی ئاشکرا دەبێ. کە چی پارتیزانان پێش ئەوەی بە جولانەوەیەکی گەورە هەڵبستن، جموجۆڵی گوندنشینەکان لەو ناوچانەدا کە دەبێتە گۆڕەپانی شەڕ دەوەستێنن. چونکە ئەوان دەزانن کە دێهاتییەکان، تەنانەت هەرە دڵسۆزەکەیان، لەوەی کە خۆشیان نایانەوێ بیڵێن لە زمانیان دەردەچێ. لەوەش زیاتر ئەوان هەڵدەستن بە بڵاوکردنەوەی دەنگ و باسی ساختە دەربارەی ئەو کردەوەیەی کە دەیانەوێ ئەنجامی بدەن یان پێوەن کە ئەنجامی بدەن. بەڵام شەڕی دەستاودەست و سنگاوسنگ بە چەکی سپی کەم وایە رووبدا. بۆیە ئەمڕۆ هەموو پێشمەرگەیەکی کورد ئەو خەنجەرە کلاسیکانە ناخەنە بەر پشتێنەکانیانەوە کە بە دەوری کەمەریاندا دەبەسترێتەوە.

لەناوچەی باکووری رۆژئاوای نزیك بە سنورەکانی تورکیا، تاکە خەنجەرێکیشم نەبینی. ئەمە بە عادەت لە ناوچەکانی رۆژهەڵات و باشووردا هەیە. لە واقیعدا تەنیا یەك داستانم دێتەوە بیر کە پێشمەرگە بە خەنجەر شەڕیان کردبوو. شەڕەکە لە ((شیوەکەڵ)) لە ناوچەی بەرەی شەڕی رۆژهەڵات روویدا بوو، کوردەکان لە پەلاماردانێکی غافڵ گیرانەدا، بە هۆی ئەو بەفرمالانە کە زستانان بەفری پێ



پاك دەکەنەوە، بەسەر هەورازێکدا سەردەکەون، لەوێ لەسەر هەورازەکە چی لێ دەبێ بەخەنجەر سەریان دەبڕن.

بۆ ئەوەی لە سروشتی تاکتیکی شۆڕش تێبگەین پێویستە زانیارییەکانمان لەو سنورەدا رانەوەستێ کە شۆڕشگێڕان ئەنجامی دەدەن، بەڵکو لەسەر ئەو کارانەش کە ئەنجامی نادەن. بۆ نموونە شۆڕشگێڕان هەوڵنادەن رووبەرێکی گەورە لە زەوی ئازاد بکەن و هەروەها لەوە دوور دەکەونەوە کە دەست بەسەر شارەکاندا بگرن، بەلای ئەوانەوە زەوییەکان مانایەکیان نییە و شارۆکەکانیش دەبنە بارگرانی بەسەر سەریانەوە. شارۆکە کە ئازادکرا، دەبێ خواردنی بۆ دابین بکرێ و بەرگری لێ بکرێ. ئەمە دوو ئەرکن کە خەرجییەکی زۆری تێدەچێ. ئەوە زۆر باشترە کە شارۆکەکان بۆ سوپا و پۆلیس و بەرێوەبەرایەتی بەجێ بێڵن. لە هەمانکاتدا ئەوانە لە ترسێکی هەمیشەیی پەلاماردان و کردەوەی فڕاندندا دەژین. بۆیە ناچارن لەبەر پاراستنی شکۆ و پایەی حکوومەت، خۆراکی دانیشتوان دابین بکەن.

کورد هەمیشە رێگا بۆ تێپەڕبوونی کەل و پەل و کەرەسەی ژینەوەری دەکەنەوە. لە هەندێك کاتیشدا کەوا پێویست دەکا دەسەڵاتدارێتی سەربازی و شارستانی گوتوبێژ لەگەڵ شۆڕشگێڕاندا بکەن پێش ئەوەی هەوڵ بدەن کاروانەکانیان تێبپەرێ، ئەوا شکۆی شۆڕشگێڕان بەم کارە مەزنتر دەبێ. پاش ئەوە کورد دێنە ناو شارۆکەکان و پێویستییەکانی خۆیان دەکڕن. ئەگەر هەل و مەرجێکی گونجاو بێتە پێشەوە هەڵدەستن بە پەلامارێك و زەوت کردنی هەرچی پێویستییان بێت و لەگەڵ خۆیاندا دەیبەن بێ ئەوەی پارە بدەن. لە هەندێك لەو جێگایانەی کە بنکەکانی سوپا و پۆلیس بەتەواوی دابڕاون، سوپای عیراقی لە رێگای ئاسمانەوە هەڵدەستێ بە فڕێدانی ئازوخە و کەل و پەلی پێویست. ئەم کارە شۆڕشگێڕان زۆر دڵشاد دەکا چونکە دەزانن بەشێکی گەورە لەو زەخیرەیە ناکەوێتە ناو چوارچێوەی ئامانجی خۆیەوە و دوور دەکەوێتەوە.

هێزەکانی بارزانی کارێکیان نەکردووە کە ببێتە هۆی دووبارە یەك خستنەوەی پارچە کوردییەکان، ئەوان لەهەر جۆرە سوکایەتی کردنێکی راشکاوانە بە

سەروەری حکوومەتی عیراقی دوور دەکەونەوە. هەندێك لە سەرکردەکانی حیزب هەوڵیاندا پۆشینی جلێکی سەربازی یەکگرتوو تاقی بکەنەوە. بەڵام ئەو کارە نەهاتەدی. هەروەها شۆرشگێڕان هەوڵیان نەداوە خاڵی سەر سنوری دابمەزرێنن یا سەربەخۆیی خۆیان لەسەر سنوری دەوڵەتانی دراوسێ تەئکید بکەن، هەروەکو هەوڵیشیان نەداوە پەیوەندی بە حکوومەتە بیانییەکانەوە بکەن. بەڵام ژەنراڵ بارزانی هەوڵیدا پەیوەندی بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و رێکخراوە مرۆییە نێو دەوڵەتییەکانەوە، وەکو خاچی سوری نێو دەوڵەتی، بکا، بەو هیوایەی ئەم دوو لایەنە ((موداخەلە)) بکەن، و پێشگیری لە بۆردومان کردنی گوندە بێ دەسەڵاتەکانی کورد بکەن.

کورد بە رەنگاری سوپای عیراق بە جاشەکانیشیەوە، دەبنەوە. جاشەکان ئەو بەکرێ گیراوە ((غەیرە نیزامیانەن)) کە لەگەڵ پۆلیس و هێزی ئاسمانی عیراقین. سوپای عیراقی نزیکەی سی تا چل هەزار سەربازی لە باکووری عیراق لەگەڵ کورد لە شەڕدا بوو تا دەگاتە ئاگربەستی 1963، لە ماوەی دووەمی شەڕدا کە لە حوزەیرانی 1963 دەستی پێکردەوە، چوار بەش لە پێنج بەشی سەرجەمی ئەو هێزانەی کە سوپای عیراقی لێ پێکدێ لە باکوور کۆکردبۆوە، و لە پێنج ((فیرقە)) تەنیا سێیان میلاکی تەواویان هەیە. بەڵام فیرقەی چوارەم فیرقەیەکە زرێ پۆشە کە بەم شێوەیە دابەش بووە: نیوەی لە بنکەکەی خۆیەتی لە حەبانیە. نیوەکەی تریشی بۆ پشتەوانی بەسەر یەکە سەربازییەکاندا دابەش بووە. بەڵام فیرقەی پێنجەم زۆربەی هەرە زۆری تەنیا لەسەر کاغەز هەیە. لەم دوو لیوایەی کە هەیەتی، لیوای یەك لە بەغدا جێگیر بووە، دووەمیان لە کوردستان. فیرقەی پێنجەم زەمانێکی درێژ بوو ئوردویەکی جێگیری لە کوردستان دامەزراند بوو، بارەگای فەرماندەیی لە کەرکوك بوو. بەڵام دوانەکەی تر لە نێوان خزمەت کردن لە چیاکانی کوردستان، خزمەت لە جێگای حەساوەتر لە ناو حامیەکانی باشور دابەش کرابوو.

سوپای عیراقی لە ناوچەی کوردیدا بەسەر دوو کەرتدا دابەش بوو بوو، کەرتی باکوور کە لە سنورەکانی سوریاوە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە ئامێدی و



ئاکرێ، کەرتی رۆژهەڵات کە بەشێوەیەکی گشتی لە رەواندزەوە دەست پێدەکا تا دەگاتە سلێمانی.

بەڵام هێزە پاشکۆیەکانی دیکەی سوپا کە تا سەرەتای هاوینی 1962 بریتی بوو لە 10.000 دە هەزار پۆلیس و حەوت هەزار جاشی بەکرێگیراوی کوردی، هەروەکو لە کۆتایی بەشی داهاتووی کتێبەکەم ((خەبات لە پێناوی ئۆتۆنۆمی))دا بەدرێژی باسم کردووە. ئەم ژمارەیە بە هۆی زیانی گیانی و حاڵەتەکانی هەڵاتنەوە زۆر لە کەمی داوە. هەڵاتن لە ماوەی کۆتایی ساڵی 1962 و ساڵی 1963 بە ژمارەیەکی زۆر رووی لە زیادبوون کردووە، چونکە رێژەی کورد لە ناو ریزەکانی پۆلیس و سوپای عیراقیدا دەگاتە رێژەی سێیەك یان چواریەك. لەماوەی دووهەمی دەستپێکردنەوەی شەڕ، سوپا ژمارەیەکی گەورەی لە کورد بۆ ناوچەکانی باشور گواستنەوە و لە هەمانکاتدا هێزێکی بە کرێگیراوی کوردی دروستکردوو ناوی نا ((فرسانی سەڵاحەدین)).

سوپای عیراقی بەشێوەیەکی باش چەکدارکراوە. چەکی سۆڤێتی لەناویاندا هەیە. تۆپی پێنج ئینج، زرێ پۆش و تانك هەیە، ئەوە سەرەڕای چەکی کۆن کە چەکی سوکی بەریتانییە لە بابەتی رەشاشی برێن و ستێن و تۆپی عەیار 25 رەتڵ. بەڵام هەندێك لە ئەفسەرانی عیراقی سکاڵایان لەوە هەبوو کە ئەوان کاتی پێویستیان بۆ مەشقی تەواو لەسەر بەکارهێنانی چەکی روسی نەبووە، ئێستاش ئەوان بەکارهێنانی چەکە کۆنە بەریتانییەکانی خۆیان بەلاوە پەسند ترە.

هێزی ئاسمانی عیراقی نزیکەی چل فرۆکەی لە جۆری میك 15، 17 هەیە، بەڵام هەندێکیان لە کاتی کودەتای 8ی شوبات و 18ی تشرینی دووەمی 1963 تێکشکاوە یان پەکی کەوتووە. هەروەها نزیکەی دوازدە فرۆکەی لە جۆری ((ئەلیوشن))ی بۆمباهاوێژ هەیە. لە کۆتایی پایزی ساڵی 1962 دە فرۆکەی ((نفاث))ی بۆمباهاوێژی لە جۆری (تی یو 160) وەرگرت. سەرەڕای ئەمانەش فرۆکەی بەریتانی پێشکەوتووتری لە جۆری ((فیوری)) بۆمباهاوێژ و شەڕکەر هەیە کە هەموو بەسەر یەکەوە ژمارەیان دەبێتە نزیکەی سەد فرۆکە. لە ساڵی

1964 چاوەڕێ دەکرا هەندێك فرۆکەی تر لە جۆری هاوکرهنتەری (نفاث)ی بەریتانی پێبگا.

دەربارەی مێك واتێبینی دەکرێ کە لە بەرزاییەکی یەکجار بەرزەوە دەتوانێ بفڕێ و ئەو پەڕی خێرایی هەیە، بە رەنگێك کە دەتوانرێ لە پاڵپشتی کردنی ئوپەراسینونەکانی جەنگی پیادەدا، لە بەرزاییەکی نزم لە هێرش کردن بۆ سەر گوندەکانی ناو دۆڵ و گەلییەکانی چیا سەر کەشەکاندا ئەو پەڕی کەڵکی لێ وەربگیرێ. بەڵام فرۆکەی ئەلیوشن لە بەرزاییەکی بەرزدا کاردەکا و هەرگیز نیشانی خۆی ناپێکی. هەموو ئەو فرۆکە عیراقییانە پاش کودەتای 8ی شوباتی 1963 کە یەکێتی سۆڤێت تارادەیەکی زۆر زۆر بەرێ کردنی تەقەمەنی کەم کردبۆوە، هەموو جۆرەکانیان بەدەست نەبوونی تەقەمەنی و زەخیرە دەینالاند.

کاتی خۆی کە حکوومەتی عیراقی سوپای لیڤی ئاسوری[7] کە لە شەڕی چیادا دەیتوانی رکابەری کورد بکا، هەڵوەشاندبۆوە، ئاسورییەکان پاڵیاندایە پاڵ کورد و ناسنامەی کۆمەڵگای کوردییان هەڵگرت. لە یەکەیەك لە یەکەکانی کورد کە لە دوو سەد جەنگاوەر پێکهاتبوو نزیکەی سی جەنگاوەری مەسیحی تێدابوو. لە ئەنجامی ئەوەدا سوپای عیراقی جگە لە جاش، جەنگاوەری چوست و بەکاری چیایی لەبەردەستدا نەما.

لەبەر ئەوە سوپای عیراقی ناچاربوو لەناو شیوەکان و سەرە رێگاکان و ناو شارەکاندا بە تەواوی خۆی مەڵاس بدا و بە دەگمەن واهەبوو هەوڵ بدا بچێتە ناو قوڵایی چیاکانەوە. بارزانی بەشێوەیەکی گشتی رێژەی زیانەکانی عیراقی بەرامبەر بە زیانەکانی خۆی چل کەس بەرامبەر بە یەك کەس دەخەمڵاند.

---

[7] حکوومەتی عیراقی لیڤی ئاسوری هەڵنەوەشاندەوە، هۆیەکی زۆر سادەشی هەبوو، چونکە لیڤی پاژیك نەبوو لە هێزە چەکدارەکانی حکوومەتی عیراقی بەڵکو لەسەر میلاکی بنکەکانی سوپای بەریتانی بوو. ئنیگلیز خۆیان وردە وردە دەستیان کرد بە هەڵوەشاندنەوەی تاکو وای لێهات لە کاتی پەیماننامەی 1930 هیچی نەماو تەواو هەڵوەشایەوە و بنکەکانیان تەسلیم بە دەسەڵاتی عیراقی کرایەوە. ((ج. ف))

# بەشی شەشەم

# خەبات لە پێناوی ئۆتۆنۆمی

بەو سوپا بچووکەوە کە سەرسامی مرۆڤ دەهەژێنێ، (لە بەشی پێنجەمدا باسمان کرد) کوردی عیراقی لە نێوان 10ی ئەیلولی 1961 و 8ی شوباتی 1963 جەنگی خۆیان لە پێناوی ئۆتونۆمیدا دەست پێکرد. کەوابوو ستراتیژ و ئۆپەراسیونەکانی ئەم جەنگە چییە، لە گۆڕەپانی سەربازیدا چی وەدەست هێناوە؟

لەباری سیاسییەوە، خاڵی جیاوازی، دەبێ ماددەی سێیەم لە دەستوری کاتی ئەو کۆمارە بێ کە بەرهەمی (شۆڕشی 14ی تەموزی 1958)ە و عەبدولکەریم قاسم سەرکردایەتی دەکا. ماددەی سێیەم تەئکید دەکا کە: ((قەوارەی عیراقی لەسەر بنەمای هاوکاری نێوان هەموو هاوڵاتیان لە ڕێگای ڕێزگرتنی مافەکانیان و پاراستنی ئازادییەکانیان، دامەزراوە. کوردەکان لەم نیشتیمانەدا هاوبەشن. ئەم دەستورەش مافە نەتەوایەتیەکانیان لە چوارچێوەی یەکێتی عیراقیدا ئیقرار دەکا)) (27ی تەمووزی 1958 دەرچووە).

حکوومەتە یەك بە دواییەکەکانی نوری سەعید لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتیدا لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری هەندێك ئیمتیازاتی دابوو بە کورد. ژمارەیەکی کەم لە کورد پایەی بەرزیان لە دەوڵەت پێدرابوو، بەڵام پاشایەتی لەوە دوورتر بوو کە کێشەی کورد چارەسەر بکا.

ڕژێمی شۆڕشگێڕی کۆماری بەو ئەرکە هەستا کە کوردەکان بە براو هاوبەش و یەکسان دابنێ.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە بەهاری ساڵی 1961 و سەرەتای هاوینەکەیدا، زنجیرەیەك شاند، کە نوێنەرایەتی هۆزەکان و پارتی دیموکراتی کوردستانیان دەکرد، هات و چۆیان بوو، بەو بەڵگەیە کە ڕژێمی نوێ لە جیاتی ئەوەی بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ بکا، لە چەند لایەنێکەوە کوردی دەچەوساندەوە.

((مستەفا بارزانی)) لە سەرەتای ئەو ماوەیەدا لە بەغدا بوو، بەڵام ئەو لەو شاندانە بەشداری نەدەکرد. چونکە پەیوەندییەکانی ئەو لەو کاتەدا لەگەڵ ((عەبدولکەریم قاسم)) گەیشتبووە سەر لێواری قەیران و تەنگژەوە و وای هەست



دەکرد کە بەشداربوونی ئەو لەوانەیە هەر دەرفەتێکی ئەم جوڵانەیە بۆ سەرکەوتن لاواز بکا، بەڵام لە راستیدا بارزانی ئەو عەریزە بە ناوبانگەی ئیمزا کرد بوو کە تێدا هاتبوو: کورد ناچار دەبن هەمان ئەو ڕێگایە بگرنەبەر کە گەلی جەزائیر گرتییەبەر ئەگەر بێتو حکوومەتی عیراقی مەسئەلەی کورد چارەسەر نەکا، چەندین دانە لەو عەریزەیە لە هەموو گۆشەکانی بەغدادا بڵاوکرابۆوە.

هەروەها کورد لە ژمارەیەك یادنامەی[1] دوور و درێژدا، ڕوونیان کردبۆوە کە ئەوان لە باری ڕۆشنبیری و ئابووری و سیاسی و سەربازییەوە دەچەوسێنەوە.

لەوانەیە وابێتە بەرچاو لەباری ڕۆشنبیرییەوە زمانی کوردی مەزنترین ئەو کێشە هەستەوەر و وردانە بێ بەلای کوردەوە. پێشەوایانی کورد سکاڵایان لەوە دەکرد کە بەڵێنەکانی حکوومەت بەدانانی زمانی کوردی بە زمانی رەسمی لە فەرمانگە رەسمییەکانی ناوچە کوردییەکاندا بەکردەوە بەدی نەهاتووە، وێرای ئەوەش کە دەستوری عیراقی تەئکید لە مافەکانی کورد دەکا لە بەکارهێنانی زمانی خۆیان، بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەم لە قوتابیان لە قوتابخانە ناوەندییەکان، نەك لە هەموو قوتابخانە سەرەتاییەکان، بە زمانی کوردی زانستەکان دەخوێنێ. لە ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوك، کە پێشوازی لە قوتابخانە لە هەر جێگایەکی دیکە بەهێزترە، ڕژێم بە جۆرێك کاردەکا وەك بیەوێ خوێندن سنوردار بکا. لە لیوای ((پارێزگا)) موسڵ لە هەموو قوناغەکانی خوێندندا، پەروەردە و فێرکردن بە زمانی عەرەبی بوو. سەرەڕای ئەوەش کورد لەوە سکاڵایان دەکرد کە ژمارە و ئاستی قوتابخانەکان لە چیاکانی کوردستاندا بەشێوەیەك کەمەو لە ئاستێکی ئەوەندە نزمدایە کە مرۆڤ گریانی بۆ بکا.

هەروەها قسە لەوە دەکرا کە سەرۆك قاسم داوای کردوە چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری کوردی رابگیرێ، بەڕێوەبەرایەتیەکە بگۆڕی بۆ تەنیا فەرمانگەیەکی پەیوەندی لە نێوان وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی

[1] یادنامە: مذکرة

پەروەردەی سلێمانی و هەولێر. هەروەها قاسم لە ساڵی 1961 کۆبوونەوەی ساڵانەی مامۆستایانی کوردی لە شەقڵاوە لە نزیك هەولێر قەدەغە کرد. ئەو بڕیارانەشی خستە پشتگوێ کە کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە ساڵی 1961 لە بواری گەشە پێدانی رۆشنبیری کوردی وەریان گرتبوو.

هەروەها سکاڵایەکی دیکەی پەیوەست بە هەمان بابەتەوە هەبوو کە ئەویش ئەوەبوو رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان داخران و رێگایان نەدان چیتر دەربچن، لەوانە ((خەبات)) زمان حاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، کوردستان، رۆژی نوێ، ژین، روناهی، ئازادی، صوت الاکراد، راستی، هەتاو[2]. هەروەها پەخشی تایبەتی رادیۆی کوردی بەغدا راگیرا.

هەروەها هەندێك کاروباری دیکە هەبوون کە تورەیی و بێزارییان هەڵدەستاند، هەر چەندە بایەخیان لە شتەکانی دیکە کەمتر بوو، لە کوردستان ئەو تابلۆ تایبەتییانەی کە لەسەر شەقامەکان بە زمانی کوردی نوسرابوون لابران و لە جێگای ئەواندا تابلۆی عەرەبی دانران. هەڵمەتی دژی زمانی کوردی مەودایەکی بەربەرینی بەخۆیەوەگرت. تەنانەت وەزارەتی کشتۆکاڵ ناوی جۆرێك ((گەنم)) کە بە ((گەنمی کوردی)) دەناسرا گۆڕی بە ((گەنمی باکوور)).

---

(2) خەبات بە زمانی عەرەبی. خاوەن و سەرنوسەری (ئیبراهیم ئەحمەد). (کوردستان) خاوەنەکەی (ئیبراهیم ئەحمەد) بوو، ئەو بۆ خاتری حیزب دەستی لەناوەکەی هەڵگرت، لە ژێر ناوی ((خەبات))دا بە زمانی کوردی دەرچوو کە سەرنووسەرەکەی ((جەلال تاڵەبانی)) بوو. ((رۆژی نوێ)) بە زمانی کوردی و خاوەن و سەرنووسەرەکەی ((جەمال شاڵی)) بوو. ((ژین)) گۆڤارێکی هەفتانەی کوردی بوو و میراتی شاعیری کورد ((پیرەمێرد)) بوو، کە سەرنووسەرەکەی پارێزەر ((ئەحمەد زرنگ)) بوو. ((روناهی)) گۆڤارێکی مانگانە بوو خاوەن و سەرنوسەری ((حافر قازی)) بوو. ((ئازادی)) رۆژنامەی حیزبی شیوعی عیراقی لقی کوردستان بە زمانی کوردی دەردەچوو. ((صوت الاکراد)) بە زمانی عەرەبی بوو خاوەن و سەرنووسەرەکەی پارێزەر ((عومەر جەلال حەوێزی)) بوو. ((راستی)) بە زمانی عەرەبی و کوردی خاوەن و سەرنووسەرەکەی ((جەرجیس فەتحوڵای پارێزەر))ی وەرگێری ئەم کتێبە بوو. ((هەتاو)) گۆڤارێکی کوردی مانگانە بوو لە هەولێر دەردەچوو، خاوەن و سەرنووسەرەکەی ((گیو موکریانی)) بوو. (ج. ف)



هەروەها کۆمەڵێك سکاڵای دیکە هەبوون کە پەیوەندییان بە دامەزراندنی فەرمانبەرانەوە هەبوو. حکومەت رازی نەدەبوو فەرمانبەرانی کورد لە ناوچە کوردییەکان دابمەزرێنێ و ئەوانیش کە شایانی ئەوەبوون پلەیان بەرز بکاتەوە، بەتایبەتی لە ریزی ئەوانەدا کە پایەی هەستیاریان هەبوو، بەڵکو لەوەش تێپەڕی کردو سەدان فەرمانبەری کوردی دەرکرد. یاخود بەرەو ناوچەکانی باشوری وڵات دەیگواستنەوە.

هەندێك سکاڵای دیکە ئاماژەیان بە هەوڵدانێکی دیکە دەدا، کە حکوومەت لە رێگای گواستنەوەی ناوەندەکانی مەشقی سەربازی، بۆ ئەو کوردانەی کە بۆ خزمەتی سەربازی بانگ دەکران، بۆ باشووری عیراق، هەوڵی دەدا یەکپارچەیی کورد دابڕ دابڕ بکا.

جگە لەمانە لەسەر ئاستی ئابووری جیاوازی دەکرا. لە یادنامەکەدا هاتبوو کە ناوچە کوردییەکان پشکی عادیلانەی خۆی لە داهاتەکانی حکومەت وەرناگرێ لەوانە چەندین پرۆژەی دیاریکراو کە لەناو بەرنامەی بوژاندنەوەی ئابووری رژێمی کۆندا بڕیار درا بوو، وەکو کارگەی جگەرە کە بڕیار وابوو لە سلێمانی بکرێتەوە، کارگەی جل و بەرگی ئامادەکراو لە هەولێر کە بۆ جێگایەکی تر لە باشووری عیراق گوازرایەوە. هەروەها رێکەوتنی هاوکاری تەکنیکی سۆڤێتی-عیراقی لەمەڕ بنیات نانی ئیستگەی تەلەفزیون و رادیۆ لە گشت لاکانی عیراق، پشکی کوردستان لەوانەدا لە رادەی کەم کەمتر بوو.

شیری چەوساندنەوە بە رووی پارتی دیموکراتی کوردستانیشەوە هەڵکێشرا. رژێم ژمارەیەکی گەورەی لە ئەندامانی حیزب گرت. ئەوە سەرەڕای کوردەکانی تر بەتایبەتی مامۆستایان و لە ناوچە کوردییەکانیشی دوورخستنەوە.

دواجار، سەرۆك وەزیران پێشوازی کردنی شاندێکی کوردی خستە پشتگوێ و فەرمانی دایە فەرمانبەرانی وەزارەتی بەرگری کە عەریزە لە کوردەکان وەرنەگرن.

لەوەش زیاتر، فەرمان درا بە فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی پۆستە کە ئەو نامانەی بە ناونیشانی حکوومەتەوە دەنێردرێن قبوڵ نەکرێن[3].

ئەو پشت گوێ خستنانە کە رووبەڕووی شاندی کورد ببۆوە لە بەغدا بناغەیەکی سیاسی بۆ جەنگی کوردی لە پێناوی ئۆتۆنۆمی داڕشت و فاکتەرەکانی فەراهەم کرد.

هەندێك لەو کوردانەی کە لە نووسینگەی ((عەبدولکەریم قاسم)) کاریان دەکرد، پێشەوایانی کوردیان لەمەڕ ئەو ڕێوشوێنانە ئاگادار کردەوە کە بۆ گرتنی ئەوان ئامادەکراوە. هەندێك لەوانە لە بەغدا هەڵاتن. پاش ئەوەش فەرمان دەرچوو کە موڵکەکانی پێشەوایانی کورد، زەوتبکرێن، کۆمەڵە هەولێك ئەنجامدران کە لە لیواکانی کەرکوك و سلێمانی بیانگرن[4].

(3) ئەو داخوازیانەی نووسەر لێرەدا تۆماری کردوون، بریتییە لە پاشکۆییەکی چڕی یادنامەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەربارەی بارودۆخی مەترسیداری کوردستان، کە لە 20ی تەموزی 1961 بۆ سەرۆك قاسمی بەرزکردۆتەوە. مەبەستی نووسەر ئەوەیە کە فەرمانبەرانی تایبەتمەند وەرگرتنی بروسکەیان بۆ فەرمانگە و پیاوانی حکوومەت رەتدەکردەوە. (ج. ف)

(4) کاتی خۆی ڕێکەوتێکی سەیری بێ بەرنامە لە لایەن وەرگێری عەرەبی ئەم کتێبەوە بووە هۆی ئەوەی سکرتێری گشتی حیزب بەرێز ((ئیبراهیم ئەحمەد)) لە گرتن رزگاری بێت. بەرێز ئیبراهیم بەر لە چەند مانگێك ئەم رووداوەی بۆ گێڕامەوە، من بۆ خۆم روداوەکەم بە تەواوی لە بیرچوبۆوە، عەبدولکەریم قاسم رووداوی کوژرانی یەکێك لە پێشەوایانی عەشایەری لایەنگری خۆی لە ناوچەی شەقڵاوە ((محەمەد سدیق میران))ی قۆزتەوە بۆ ئەوەی هەموو لێپرسراوانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە تۆمەتی هاندانی کوشتن دەسگیر بکا. لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی سەربازی نارده هەولێر. لیژنەکە فەرمانێکی بە تۆمەتی کوشتن، بۆ سکرتێری گشتی دەرکرد و ناردیە بەغدا. فەرمانەکە پێشتر بڕابۆوە و ئامادەکرا بوو. ((قاسم)) ژمارەیەك پۆلیسی نهێنی لە دەورو پشتی بارەگای حیزب دانابوو، چاوەڕێی گەیشتنی فەرمانی گرتنەکەیان دەکرد. من بەرێکەوت لەوێوە دەمویست بە ئوتومبیلەکەم بچمە بارەگای حیزب. منداڵێکی بچووك رایگرتم و پێی گوتم: ((مامە پیاوانی قاسم چاودێرییان لە سەرتان داناوە)) بە پەلە چوومە ژوورەوە. ئیبراهیم لەوێ بوو. ئەوەی کە لە منداڵەکەوە گوێم لێ ببوو بۆم گێڕایەوە و بەدوای ئەو=



لە ئازاری 1961 مستەفا بارزانی هەستی کرد مانەوەی ئەو لە بەغدا کارێکی گونجاو نییە، بۆیە بۆ ئەوەی لە گرتن دووربکەوێتەوە، بەغدای بەرەو ماڵەکەی خۆی لە نزیك بارزان لەناو چیاکانی کورد، بەجێهێشت[5].

لەو کاتەدا قاسم پەنای بردە بەر تاکتیکێکی کۆن، مەبەستم چەکدارکردنی ((کورد لە دژی کورد))ە. بەڵکو دەیویست یەکێك لە بەهێزترین هۆزە بیابانییەکانی عەرەب کە هۆزی ((شەمەر)) بوو، بەکاربهێنێ. بەڵام ئەمانە کە بە وەرگرتنی چەك لە حکوومەت دڵخۆش و بەختەوەر بوون کەمتر گرنگیان بەوە دەدا کە شەڕی کورد بکەن.

هەڵسەنگاندنی حکوومەت لەوەی کە بارزان دەبێتە دڵی بەرەنگاربوونەوەی کوردی، زۆر راست بوو. بۆیە دەستی کرد بە هاروژاندنی هۆزەکانی باکووری رۆژئاوا لە دژی بارزانی. کە ئەوانیش ڕێکانییەکان و زێبارییەکان و بەرواریەکان بوون. ئەو لێکدانە عەشیرەتییانە پێش کاروکردەوەی دەست درێژیکارانەی سوپای عیراقی بوون و ڕێگاشیان بۆ خۆشکرد. بارزانی ئەو پەڕی توانای خۆی خستەکار، شەڕ و لێکدانەکان لە چوارچێوەی عەشایری رووت دەرنەچێ و رایگەیاند کە ئەو نایەوێ شەڕ لەگەڵ حکوومەتدا بکاو ئامۆژگاری حکوومەتی کرد کە سوپای نیزامی نەخاتە ناو کێشەیەکەوە کە دەکرێ لە نێو بازنەی عەشیرەتەکاندا گەمارۆ بدرێ.

=قسەیەشدا تێبینیەکی گشتیم خستەڕوو گوتم: ((رژێمێك جاسوسی بەسەر ئەو حیزبانەوە بکا کە خۆی مۆڵەتی داونەتێ، پاشە رۆژیان نییە)). (ئەمە ئیبراهیم ئاوا بۆی گێرامەوە) گوتی دەسبەجێ درکم کرد کە لە ژێر چاودێری دام)). دوای چەند دەقیقەیەك لە دەرگای پشتەوەڕا بارەگای حیزب بەجێدەهێڵێ و دەرباز دەبێ. دوای ئەو یەك کاتژمێری پێناچێ کە پۆلیس ئابلۆقەی بارەگای حیزب دەدەن بۆ ئەوەی بیگرن. (ج. ف)

(5) قاسم دەستی کرد بە ئەنجامدانی زنجیرەیەك کاروکردەوەی منداڵانە کە بەوە دەیویست لە کەسایەتی (مەلا مستەفا) کەمبکاتەوە. ئەوە بوو ئوتومبیلێکی رەسمی کە لە ژێر دەستی دابوو بە شێوازێکی ناشایان لێی سەندرایەوە و هەروەها ناچارکرا ئەو خانووەی دەوڵەت کە ئەو تێیدا دەژیا، بەجێبهێڵێ و هەروەها حیزب هەندێك زانیاری پێگەیشتبوو باس لەوە دەکا کە دەزگایەکی تایبەتی سەر بە ((قاسم)) خۆی بۆ تیرۆرکردنی ((مەلا مستەفا)) ئامادە دەکا، لەو سەروبەندەدا بارزانی بڕیاریدا بگەڕێتەوە بارزان. (ج. ف)

لە هاوینی ساڵی 1959 بە شێوەیەکی خۆبەخۆیی هەست بەو جەنگە دەکرا کە بەرێوەیە. کاتێك بارزانییەکان بەپێی ئەو هەواڵانەی کە لە بەغداوە هاتبوون —ڕێگایان بە چوار لۆری گرت کە بەرەو ((مەحمود ئاغا))ی سەرۆکی زێبار دەچوو. ئەم بارهەڵگرانە پڕ لە تفەنگ و چەکی ئۆتوماتیکی بوون، نامەیەکیشی لە لیوا عەبدی حاکمی گشتی سەربازی لەگەڵدا بوو، ((بارزانی)) سکاڵای ئەم کارەی لە لای ((قاسم)) کرد. ((قاسم)) نکوڵیی لەوە کرد هیچ زانیارییەکی دەربارەی ئەو چەکانە هەبێ.

یەکەمین پێکهەڵپژان لە نێوان بارزانییەکان و ڕێکانییەکان لە هاوینی 1961 ڕوویدا، بارزانی بڕیاریدا لە عۆدەی ئەو کارە بێت و نەهێڵێ هیچی تر درێژەی هەبێ، هەڵمەتی بردەسەر قەڵاکانی ڕێکانییەکان و تارومار کردن و نزیکەی پێنج سەد ڕێکانی تا ئەو دیوی سنورەکانی تورکیا ڕاونا.

پاش ئەوان نۆرەی زێبارییەکان هات کە چەکیان دژی ((بارزانی)) هەڵگرتبوو، هەرچەندە ((مەحمود ئاغا)) پێشەوای زێبارییەکان خەزوریشی بوو. ئەوان هێرشیان بردەسەر ژمارەیەك لەو گوندانەی کە لە ژێر پارێزگاری بارزاندا بوون، لەوانە ژمارەیەك لە گوندە مەسیحییەکان لە دۆڵی ((نەهلە)) و کڵێسای گەورەی دومینیکانی کە بەمار ((یاقو))[6] ناسرابوو، تاڵانیان کردن. (لە تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی 1961، ژمارەیەك مەسیحی کلدانی و ئاسوری کە ژمارەیان لە نێوان پێنج هەزار تا شەش هەزار کەس دەبوو لە دۆڵی سپنە و بەرواری لە نزیك سنوری تورکیا، هەڵاتن. بارزانی لە کردەوەیەکی هاوشێوەدا هێرشی بردە سەریان، قەڵاکانی دوژمنی داگیرکرد و لەناو ماڵەکانی خۆیاندا خانە بگیری کردن و زێبارییەکانیش پەنایان بۆ ژێر سایەی سوپای عیراقی برد بۆ ناو موسڵ و شارۆکەی ئاکرێ.

لە پێك هەڵپژانی عەشایریی سێیەمدا، کە لە ناوەڕاستی زستانی 1961 لە نزیك شارۆکەی ئامێدی لە ((لیوای موسڵ)) ڕوویدا. پیاوانی بارزانی هۆزی

[6] نووسەر بە Mir Yacu نووسیویەتی. ڕاستییەکەی بە Mar دەنوسرێ. (ج. ف)



بەرواریییان تێکشکاند کە هەر کام لە ((تەحسین بەرواری و موحسین بەرواری))، کە لە کۆمۆنیستە ناودارەکان بوون، سەرۆکیان بوون. ((تەحسین)) یەکێك لە ئەندامە بەرز و دەمارگیرەکانی حیزبی شیوعی عیراقی بوو، هەروەها ((موحسین))[7] سەرکردەی ((موقاوەمەی میللی عیراقی)) بوو لە پاش شۆڕشی تەمووزی 1958. بەرەنجامی شەڕەکە وەك بارزانییەکان دەیانگوت 98 بەرواری کوژران و 200 کەسیان تەسلیم بوون، هەندێکیشیان هەڵاتن بۆ ناو تورکیا، ئەوانی تر بە سەرکردایەتی ((توفیق بەرواری)) پاڵیان دایە هێزەکانی بارزانی و بڕێکی گەورەیان لە تەقەمەنی و چەك، لەوانە دوو سەد هەزار فیشەکیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا.

بارزانی بۆ خۆی دەیگوت، کە ئەو هەر نەبێ لەو کات و ساتانەدا، نەیدەویست شەڕ لەگەڵ حکومەت بکا. هەندێك لە هەڤاڵانی بارزانی دەیانگوت ئەو کاتێك هەلی شەڕکردنی لەبار و گونجاو دەدی کە یەکەم شت دەزگایەکی ڕادیۆ لە چیاکان دابمەزرێنێ بۆ ئەوەی بتوانێ دەنگی کورد بە جیهان بگەیەنی، سەرەڕای هەموو ئەو بەربەستانەی کە دراوسێکانی کورد دایان دەنا.

[7] ((مقاوەمەی شەعبی)) پێکهاتەیەکی نیمچە سەربازی بوو پاش شۆڕشی گەلاوێژ بەپێی یاسا ڕێگای دامەزراندنی پێدرا. ئەو پێکهاتەیە لەسەر شێوازی ئەو پێکهاتانە بوو کە لە وڵاتانی شورشگێڕدا هەن، ئامانجیشی مەشق پێکردنی خۆبەخشانە لەسەر هەڵگرتنی چەك و هەستان بە ئەرکەکانی ئاسایشی ناوخۆ و یارمەتیدانی هێزەکانی ئاسایش وپاراستنی ڕژێمی فەرمانڕەوایە لە پیلانگێڕان. حیزبی شیوعی لە عیراق توانی دەزگا باڵاکانی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و دەرگای لە ڕووی هەر کەسێك داخستبوو کە سەربەخۆیان نەبوایە. لە ناوەڕاستی 1960 ئەو ڕێکخستنانە هەڵوەشێنرانەوە پاش ئەوەی هەندێك سەرپێچی لەسەر ئەندامەکانیان تۆمارکرا. دانەر لێرەدا کە باسی ئەو دوو برایە دەکا ئەوا مەبەست ئەوەیە کە ئەوان لە ناوچەکەی خۆیاندا پێشەوایەتی ئەو ((مقاوەمەی شەعبی))یان دەکرد نەك لە هەموو عیراقدا. (ج. ف)

هەروەها دەگوترا کە پارتی دیموکراتی کوردستان و ((محەمەد صادق)) —کە برازای مستەفا بارزانی بوو- هەوڵیاندا کەرەسەی پێویست بۆ ئەو کارە بەدەست بێنن بەڵام سەرکەوتوو نەبوون[8].

رووداوەکان بارزانیان ناچارکرد پێش ئەوەی خۆی ئامادە بکا، دەست بە شەڕ بکا.

سەرکۆنەکردن و سەرزەنشتی ئاراستەی ((ئەندامانی لاو و هەڵەشەکاری نابەرپرسیار)) دەکرا چونکە بێ ئەوەی بە چاوێکی روونەوە سەیری ئەو ناکۆکییە ئاشکرایە بکەن کە لەگەڵ حکوومەتدا هەیە، پەلەیان کردووە. لە هەمانکاتدا حیزب سەرکۆنە کردن و سەرزەنشتی ئاراستەی ((ئاغایانی سەرەڕۆ)) پێشەوا و دەرەبەگەکانی هۆزەکان، دەکرد چونکە پێش ئەوەی کاری ئامادە سازی تەواو ببێت، ئاگری شەڕیان هەڵگیرساندووە. پاش ئەوەی پارچەکانی ئەم چیرۆکەم بەیەکەوە گرێدانەوە، بۆم دەرکەوت ئەوەی روویداوە بەم شێوەیە بووە:

لە 16ی نیسانی 1961، واتە پێش ئەوەی شەڕ لە نێوان سوپای عیراقی و کورددا دەست پێبکا، پاش کشانەوەی بارزانی بۆ ناو چیاکان، بە ماوەی یەك مانگ کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا کۆبوونەوە بۆ ئەوەی پرسێکی گەوهەری دیراسە بکەن و گوتوبێژی لەسەر بکەن.

حکوومەت هێزی بە هانا چوون و مەحکەم کردنی لە سوپا و پۆلیس بۆ کوردستان ناردبوو، ئەم کارە هیچ گومانی تێدانەبوو، هەروەها هیچ گومانێك لە دەروونی کوردیدا نەمایەوە کە حکوومەت ئەگەر درەنگیش بێ بڕیاریداوە

---

[8] لە هاوینی ساڵی 1963 هێزەکانی کورد توانییان دەزگاییەکی بێ تەلی پەخشی رادیۆیی بە دەست بهێنن کە لە زۆر جێگای چیاکانی کوردستان دەنگی دەبیسترا، بەڵام دەنگی ئەو رادیۆیە لە وڵاتانی دراوسێ تا ساڵی 1964 نەدەبیسترا ((دانەر)). لەو باوەڕەدام هەندێك ناسازی لە زنجیرەی رووداوەکان لێرەدا هەیە: ((محەمەد صادق)) برازای بارزانی و نزیکترین کەس لە خزمانی بەر دڵی ئەو بوو. لە سەرەتای ساڵی 1960 لە رووداوێکی ئوتومبیل کە خۆی لێی دەخوڕی لە نزیکی بارزان. گیانی لە دەستدا. لەو کاتەدا هیچ بیرۆکەیەك دەربارەی شۆڕش، یان چەك هەڵگرتن یان دانانی رادیۆ لە ئارادانەبوو. (ج. ف)



ئیرادەی خۆی بەهێز بەسەر کورددا بسەپێنێ. لەبەر ئەوە مەسئەلەکە بەم شێوەیە دەبێ، ئایا کورد جڵەوی دەست پێشکەری بەدەستەوە دەگرن و ئەوان کات و شوێن بۆ شەڕ هەڵدەبژێرن، یان چاوەڕێ دەکەن و ئەم دەست پێشکەرییە بۆ حکوومەت بەجێ دەهێڵن.

زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی بە سکرتێری گشتیشەوە ((ئیبراهیم ئەحمەد)) هەستیان بەوە کرد کە پێویستە کورد ئەوەندەی لە توانادایە، پێك هەڵپژان لەگەڵ حکوومەت وەپاش بخاو ئەوەندەی لە تواناشیدا بێت دووری بخاتەوە[9]. ئەوان پێویستە بۆ بنیات نانی هێزەکانیان و وەگێرخستنی ئیستگەیەکی رادیۆ ئەگەر لە توانادا بوو، دەست بە کار بن. بەڵام ((جەلال تالەبانی)) کە سەرنووسەری رۆژنامە و کەسێکی چالاك و خوێن گەرم و خاوەن نفوزێکی بە هێز لە هەردوو لیوای سلێمانی و کەرکوك و بەشی باشووری کوردستان بوو، بارودۆخەکەی بە پێچەوانەوە دەبینی و پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە دەبێ کورد دەست پێشکەری بکەن.

مانگی تەموز، مەکتەبی سیاسی حیزب، رەزامەندی لەسەر کۆششی تالەبانی دەربڕی بەوەی بڕیاریدا کە بۆ راوێژکردن لەگەڵ بارزانی و خستنەڕووی رای خۆی و رای زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی لای بارزانی، تالەبانی بنێرێتە لای بارزانی.

---

[9] لە بریارەکەدا هاتووە: کومیتەی ناوەندی بڕیاریدا کە ئەرکی بنچینەیی حیزبمان و هەموو هێزە نیشتیمانییەکان لە هەل و مەرجی ئێستادا بریتییە لە: پتەوکردنی کۆمار و بەهێزکردنی فەرمانڕەوایی لەسەر بنەمای دیموکراسییەکی راست کە دەستەبەری هەموو مافەکان و ئازادییە دیموکراسییەکان لە ئازادی رێکخراوبوونی حیزبی بۆ گشت لایەنە نیشتیمانییەکان، هەروەها ئازادی رێکخراوەیی سەندیکایی و پیشەیی و ئازادی رۆژنامەوانی و بڵاوکردنەوە و ئازادی بیروباوەڕ، بکا. هەروەها بۆ نەتەوەی کورد مافی هەڵسوڕانی مافە نەتەوەییەکانی، بە هەموو مافە کارگێڕییەکان و رۆشنبیرییەکانەوە و بەشێوەیەك کە زامنی گەشەکردنی کۆمەڵگای کوردستان بکا لە رووی پیشەسازی و کشتوکاڵی و کۆمەڵایەتییەوە...)) (ج. ف)

((بارزانی)) لە چیای شیرین —ئەو چیایەی کە بەسەر بارزاندا دەڕوانیٚ- چاوی بە تاڵەبانی کەوت، ئەو کاتە ناوەڕاستی هاوین بوو، حوکمی بارزانی بەلای پاش خستن و وەدواخستندا بوو، و گوتی:

- ئێستا کاتێکی گونجاو نییە بۆ شۆڕش، ئێمە دەبیٚ چەك پەیدابکەین و خۆمان ڕێك بخەین.

بە ماوەیەکی کەم پێش ئەوەی تاڵەبانی بگاتە لای بارزانی، بارزانی چاوپێکەوتنی لەگەڵ شاندێکی تری نوێنەران کرد بوو کە نوێنەرایەتی سەرۆك هۆزەکانیان دەکرد، ئەوانە بە ناوی جوتیاران و خاوەن موڵکەکانەوە ئامادەیی خۆیان دەربڕی کە لە بڕیارەکانی قاسم کە بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی باجەکان و گومرگەکانی سەر جگەرە و بیرە و عەرەق و بەنزین لە لایەکەوە، سەپاندنی ریفورمی کشتوکاڵی لەناوچە شاخاوییەکانی کوردستان- بە هەمان شێوە کە بۆ دانیشتوانی عەرەبی لە ناوچە دەشتەکاندا دانراوە- هەڵبگەڕێنەوە و یاخی ببن، بارزانی بە هەمان شێوە ئامۆژگاری ئەوانیشی کرد کە شەڕ نەکەن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆك هۆزەکان، هێزەکانی خۆیان بە جۆرێکی ((ئیستفزازی)) و هەڕەشە ئامێزەوە لە هەندێك جێگای دیاریکراو لە خاڵخالاّن، سورداش، دەربەندیخان، دەربەندی بازیان کۆکردەوە.

مەکتەبی سیاسی ترسی ئەوەی لیٚ نیشت ئەو هێزانە کارێکی نەگونجاو و نابەجێی ئەو تۆ بکەن کە ئاکامێکی ئەوتۆ خراپی لیٚ بکەوێتەوە کە چارەسەر نەکریٚ، ئەوان ((عومەر مستەفا)) کە ناسناوی ((عومەر دەبابە)) بوو[10] بە نامەیەکەوە نارده باکوور: ئەو کۆمەڵە عەشیرەتییانە نابیٚ شەڕ بکەن)).

لە هەمانکاتدا پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەوڵدانی سیاسیانە بەردەوام بوو و یادنامەیەکی تری پێشکەش بە حکومەت کرد کە لەوێدا داخوازییەکانی کوردی تێدا گونجێنرا بوو. لە 6 ئەیلول، مانگرتنی گشتی لە شار و شارۆکەکانی

---

[10] ((عومەر مستەفا)) ئەو دەمە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو.



کوردی وەکو سلێمانی، گەڕەکە کوردنشینەکانی بەغدا و شوێنەکانی تریش، ڕاگەیەنرا. مەرامیش لەو مانگرتنە گشتییە ئەوە بوو ڕەنگێك لە خۆپیشاندانی دراماتیکی بە بەر داخوازییەکانی کورددا بکریٚ[11].

لە 9ی ئەیلول لە کاتێکدا لیوایەکی سوپای عیراقی دەیویست لە دەرەبەندیخانەوە بەرەو سلێمانی تێپەڕیٚ، واش پێدەچیٚ سوپا پێشبینی ئەوەی دەکرد کە ئەم جولاّنەوەیە دەبێتە مایەی دەست پێکردنی شەڕ، هەر تەنیا بۆ ئەوەش ئەم جولاّنەوەیەی کردووە چونکە شەڕی دەویٚ. ئەوە بوو ئەو هێزە سەربازییانە لە بەردەمی دەروازەکانی دەربەندیخان ڕووبەڕووی بەرهەڵستی بۆوە و تائێستاش سروشتی ئەم بەرەنگاربوونەوەیە جێگای هێنان و بردن و دەمەتەقییە و بۆ هەمیشەش هەروا دەمێنێتەوە. هەندێك کەس دەڵێن پیاوانی عەشیرەتەکان پێشیان بە سوپا گرتووە و پیاوانی حیزبیش بۆ هاوکارییان بەشدارییان کردووە. هەندێکی تر دەڵێن نەخێر بە پێچەوانەوە بووە، واتە ئەندامە لاوەکانی حیزب پێشیان بە سوپا گرتووە و هێزی عەشیرەتەکانیش بۆ فریاکەوتنیان کەوتوونەتە خۆیان.

هەر چۆنێك بوو بیٚ شەڕ هەڵایسا، فرۆکەکان بۆمبارانی کوردیان کرد، تۆپخانەکان تۆپەکانیان ئاراستەی کورد کرد، یەکێك لە یارمەتیدەرانی ((بارزانی)) لە کاتێکدا سەرکۆنەی ئەندامانی حیزبی دەکرد، ئەم بۆنەیەی ئاوا بۆ گێرامەوە و گوتی:

- ئەو لاوانە پێشتر فرۆکەی ((مێك)) و موشەکیان نەدی بوو. ئەوانە بە چەکە کۆنەکانیانەوە چووبوونە سەر جادەیەکی بەرین و هەوڵیان دەدا لەگەڵ فرۆکەکاندا شەڕ بکەن. فرۆکەکان بە دۆشکە لێیان دەدا و زیانێکی زۆریان پێکەوتبوو، ناچاربوون، پەنا بۆ چیاکان بەرن.

---

[11] ئەوڕۆژە ساڵیادی ڕاپەڕینی ئەیلولی 1930 بوو، هەموو کورد ئەو ڕۆژە لە بچووکترین گوندەوە تا گەورەترین شارۆکە مانگرتنی بەرپاکرد. ئەو بیرەوەرییە ساڵڕۆژی پەیماننامەی عیراقی-بەریتانی بوو کە لەو ساڵەدا بەستراو شتێکی لەبارەی مافە نەتەوەییەکانی کورد تێدا نەبوو. ((ج. ف))

واپێدەچێ ئەوە ئەو بیانگەیە بووبێ کە سوپا بە دوایدا دەگەڕا. لە 10، 11، 12ی ئەیلول سوپا لە چەند خاڵێکەوە هێرشی دەست پێکرد بەڵام پەلاماری ((بارزان))ی نەدا کە ((مەلا مستەفا))شی لێ بوو. لە 12ی ئەیلول سوپا بە فیڵێك توانی خاڵی یەکانگیری ڕێگاکان لە جەلەولای نزیك دەربەندیخان بگرێتەوە. ژمارەیەك لە ئەفسەرانی سوپا پەیوەندییان بەو کوردانەوە کرد کەوا پێدەچێ تێکەڵەیەك بووبن لە هێزی هۆزەکان و حیزب، پێیان ڕاگەیاندوون کە ئەوان لە ((عەبدولکەریم قاسم)) هەڵگەڕاونەتەوە، چەك و تەقەمەنی بۆ ئەوان دەهێنن. ئەم فێڵە بەسەر شۆڕشگێڕانی سادە و ساویلکەی کەم ئەزمووندا تێپەڕی، ئەفسەرانی سوپا بە خۆیان و سەربازەکانیانەوە هاتنە پێشەوە. هەر ئەوەندە گەیشتنە خاڵی یەکانگیری ئەو ڕێگایە، لە نێو جلی سەربازانی ئەسپی تەروادەدا[12]، لە کورد هەڵگەڕانەوە و دەریان کردن و دووبارە ڕکێفی خۆیان بەسەر خاڵەکانی یەکانگیری ڕێگاکەدا سەپاندەوە.

لە 18ی ئەیلول هێزی ئاسمانی عیراق بۆمباکانی خۆی بەسەر گوندی ((بارزان))دا هەڵڕشت لە هەمانکاتیشدا هۆزی زێباری سەر بە حکوومەت هێرشیان بردە سەر زەوییەکانی ((بارزان)) و هەندێك گوندیشیان سوتاند. لەو کاتەدا بارزانی بڕیاری شەڕی دەرکرد، لە ((شێخ ئەحمەد)) کە پێشەوای هەرە گەورەی هۆزە و خاوەنی مەزنترین ڕێز بوو لای ((بارزانی))، جیا بۆوە. ((شێخ

(12) کاتێك ئەغریقی ویستیان بچنە ئەو دیوی شورەکانی شاری تەروادە، پەنایان بردە بەر فێڵێك، ئەوە بوو ئەسپی یەکجار زەبەلاحیان لە تەختە دروست کرد کە ناوەکانیان بە تاڵ بوون، هەندێك لە جەنگاوەرانی خۆیان لەوێدا شاردەوە و خۆشیان خێوەتەکانیان پێچایەوە و خۆیان واپیشاندا کە نائومێد بوون و بەرەو کەشتیەکانیان دەگەڕێنەوە. خەڵکی تەڕوادە هاتنە دەرەوە ئەسپەکانیان ڕاکێشانە ناو شارەکەوە، شەو، سوپا دیسان گەڕایەوە جێگاکەی پێشووی، ئەو سەربازانەی لە ناو ئەسپە دارینەکاندا خۆیان شاردبۆوە، هاتنە دەرەوە و دەرگاکانی شاریان بۆ هاوڕێکانیان کە لە سەربازگەکەدا بوون خستە سەر پشت، ئەوە بوو دەستیان بەسەر شاردا گرت. مەبەستی دانەر لێرەدا پێکچواندنی حاڵەتەکەیە بە یەکتری. (ج. ف)



ئەحمەد)) بڕیاری لەسەر ئەوە ساخ ببۆوە کە لە شەڕ دووربکەوێتەوە و بێلایەنی خۆی ڕاگەیاند بوو.

ژەنڕاڵ بارزانی لە یەکێك لە دیدەنییەکانم لەگەڵیدا ئەو ساتە وەختەی هاتەوە بیر و گوتی:

- نەمتوانی پەیڕەوی لە بڕیاری براکەم بکەم، بەهەرحاڵ حکوومەت باوەڕی بە بێلایەنی من نەدەکرد، لەبەر ئەوە بە پیاوانی ((بارزان))م گوت: ((کێ دەخوازێ دوای من بکەوێ، با لەگەڵم بێ))، ئەوە بوو نزیکەی حەوت یان هەشت هەزار پیاو بەدوام کەوتن.

هەروەها بارزانی ڕوونی کردەوە و گوتی: ئەگەر هەوڵەکانم لە دابینکردنی دەزگایەکی ڕادیۆ شکستی نەهێنابا، ئێستا بەرەو چیاکانی ڕەواندز دەڕۆیشتم کە بەرزاییان زیاترە، لەوێ دەتوانرێ ڕادیۆ لە جێگایەکی ((ئەمین)) دابمەزرێنرێ. بەڵام بارزانی بەرەو ڕۆژئاوا بەرەو ناوچەکانی موسڵ کە ئەوێ لەبار ترە، و تاڕادەیەکی گەورە متمانە بە دانیشتوانی ناوچەکە دەکا. سەرەڕای ئەمانەش، ئەو، زۆر بە باشی شارەزای ئەو ناوچانەیە.

لە ڕۆژی دواتردا کە فڕۆکەکانی حکوومەت بۆمبارانی بارزانییان کرد، مەکتەبی سیاسی کۆبۆوە و لە 19ی ئەیلول بڕیاری دەست پێکردنی شەڕیدا و فەرمانی دەرکرد هەندێك لە پیاوانی حیزب بۆ تەشکیلاتی تیپەکانی پارتیزانان بەرەو باکور بچن و ئەوانی دیکەش لەو ناوچانەی کە حکوومەت دەسەڵاتی بەسەرداگرتووە، خۆیان بشارنەوە بۆ ئەوەی بە ئەرکی کۆکردنەوەی پارە و زانیاری و دامەزراندنی پەیوەندی سیاسی و زەمانەتی بەردەوام بوونی ئەم کارە هەڵبستن بۆ ئەوەی ئەگەر هات و ڕژێمی قاسم ڕوخا، حکوومەتێکی ((مەعقول)) لە بەغدا بێتە سەرکار.

ئەمە دروست ئەو شتانە بوون کە بارزانی لێیان بێبەش بوو. هەموو ئەو شتانە نە هێزەکانی عەشیرەتەکان و نەهێزەکانی حیزب نەیانتوانی بە ئەندازەی پێویست بۆی بهێننە دی. بارزانی هەرگیز لە ڕۆڵی حیزب ڕازی نەبوو، نە لە مەیدانی شەڕدا و نە لەمەیدانی کاری سیاسییدا. بارزانی دەیگوت ئەو ناوچەیەی

کەسەر بە لیوای موسڵە ئەو چووەتە ناوی، لە ماوەی چوونی بۆ ئەوێ پاش حەوت مانگ تاکە ناوچەیەك بوو لە هەموو کوردستاندا کە لە رووی سەربازییەوە چالاك بوو. جموجۆڵ و چالاکی تەنیا ئەو کاتە لە ناوچەکانی دیکەدا وە جۆش هات کە لە مانگی نیساندا بەرەو رۆژهەڵات گەڕایەوە و بە کردەوە لە رۆژهەڵات سەرکردایەتی گرتەدەست. بارزانی لە دیدار لەگەڵ ((دیڤید ئادامسن David Adamsom)) پەیامنێری رۆژنامەی ((دەیلی تلگراف))ی لەندەنی کە لە کانونی یەکەمی 1962دا چاوی پێکەوتبوو، ئاماژەی بەوەدا بوو کە:

- ئەوەتا! ئێستا پاش ئەوە کە جەمەدانیە سورەکانی ئێمەی بارزانییان دی جا شەڕ دەکەن[13]. بۆ ئاسوودە کردنی ویژدان بەرامبەر پارتی دیوکراتی کوردستان، پێویستە لەسەر مرۆڤ کە ئەوەی لە یاد بێ، کاتێك بارزانی بڕیاری شەڕیدا، دەرەتانی هەبوو کە پشت گەرم بە یەدەگێکی ئامادە کراو بێت کە لە جەنگاوەرانی خاوەن تاقیکردنەوەی هۆزایەتی، کە ژمارەیەکی گەورە لەوانە چەکدار بوون و هەندێکیان خاوەن تاقکیردنەوەیەکی دەوڵەمەند بوون کە بۆ ساڵانی 1930 دەگەڕێتەوە. کەچی حیزب دەبوایە لە هیچەوە دەست پێبکا. ئەمەش ئەو وەسفەیە کە جەلال تاڵەبانی بەگوێیدا دام لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستەی کە لە ئەیلولی 1961 رووبەڕووی دەبۆوە. بەو پێیە کە ئەو بەرپرسی حیزبی بوو لە هەردوو لیوای سلێمانی و کەرکوك، کە دەبوایە بە ئەرکی رێکخستنی یەکەکانی پارتیزانان هەڵبستێ. ئەو بەم شێوەیە دەیگێڕایەوە:

- ئێمە دەوری سی پیاو بووین. هەر کامیان دەیویست بگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی. لە ((چەمی رێزان)) ((گەروویەکی شاخاوی و تا ئێستاش بنکەیەکی سەرەکی کوردییە)) هەژدە کەسم لەگەڵ بوو، لەوانە دوازدەیان بێ چەك بوون. من خۆم تفەنگێکی راوی باڵندەم پێ بوو کە ((مستەفا بارزانی)) وەك دیاری لەو

---

[13] ئەم پەیامنێرە کتێبێکی لەبارەی شۆڕشی کوردەوە هەیە بە ناونیشانی The Kurdish War، لەندەن 1963. (ج. ف)



سەفەرەی دواجاریدا لە مۆسکۆ بۆی هێنابووم. هەروەها دوازدە پیاوی دیکە کە لە ئوردوگای ((ماوەت)) بوون.

بارزانی، لە ئاکامی دەیان ئوپەراسیۆنی بچووکی جەنگدا، و ژمارەیەکی کەم لە ئوپەراسیۆنی گەورەی جەنگی لە نێوان هاوینی 1961 و شوباتی 1963 وەك مەزنترین نەخشەکێشی ستراتیژی دەرکەوت.

یەکەمجار ئەو دوژمنە عەشیرەتییانەی خۆی تێکشاند کە حکوومەت لە باکووری رۆژئاوا لە نێوان موسڵ و سنورەکانی تورکیادا بەگژیدا کردبوو، ئینجا لە رێگەی زنجیرەیەکی درێژ لە پەلاماردان و بۆسە نانەوە رێز و شکۆی خۆی لە لای سوپای عیراقی بەدەسهێنا. پاش ئەوەی مەعنەویاتی مەخفەرە دابڕاوەکانی پۆلیس، و ئەو ((جاش))انەی وردوخاش کرد کە سوپا وەك هێزێکی یەدەگ بۆ هەڵگەڕان بە چیادا بەکاری دێنان، توانی زۆرەها جەنگاوەری دیکەی نوێ لە هەڤاڵان و ناحەزانی پێشوو لەناو کوردا ئامادە بکا، بەو چەکانەی کە بە دەسکەوت لە هێزەکانی حکوومەتی عیراقی دەست کەوتبوو چەکدارییان بکا.

بارزانی پاش ئەوەی دەسەڵاتی تەواوی خۆی بەسەر زۆربەی زەوییەکانی نێوان ((زاخۆ و هەولێر)) و سنورەکانی سوریا — تورکیادا جێگیر کرد، بەرەو بەری رۆژهەڵات هات.

لە ناوەڕاستی مانگی نیسان بە خۆی و هەڵبژاردەی هێزەکانییەوە لە رێگای تخوبەکانی زێبار و سورچی و برادۆست بەرەو گۆشەی باکووری رۆژهەڵاتی عیراق کە دەکەوێتەوە نێوان سنورەکانی تورکیا و ئێرانەوە، جولاّو لەو کاتەدا ئەرکی یەکەمی تێکهاڕینی بەرهەڵستی عەشایەری بوو، ئەم کارەشی لە ئایار و حوزەیران و تەموزدا جێبەجێکرد. ئێستا بە هاوکاری هێزەکانی حیزب کە پایەگاکانیان لە باشوور بوو، لەگەڵ ئەندامانی حیزبدا ژمارەیان روو لە زیادبوون بوو، لە مانگی تەموز و ئابدا لەسەر شێوەی کەوانێکی گەورە بە کۆمەڵە ئوپەراسیونێکی جەنگی هەستا کە لە باکورەوە ((رەواندز)) هات و چیا سەرکەشەکانی بڕی و رووی کردە باشور. شۆڕشگێڕان لەسەر رێگای خۆیانەوە دەستیان کرد بە دەست بەسەردا گرتنی

((رەبیەکان))ی سوپا و مەخفەرەکانی پۆلیس و سەری چیاکانیشیان لە ((جاش)) پاك کردەوە. لە دواییدا جارێکی تر بەرەو رۆژئاوا سوڕایەوە و لە خالێکدا کە دەکەوێتە باشووری شەقلاوەوە، لە ئەلقەیەکی مەحکەمدا 12.000 سەرباز و پۆلیسی لە هێزەکانی حکوومەت گەمارۆدا. بارزانی ئەم بارودۆخەی بەم شێوەیە بە درێژایی هاوین و زستان راگرت تا رووخانی قاسم لە 8ی شوباتی 1963. هێزە عەشایرییەکانی ((ژەنڕاڵ)) و هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان توانییان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر هەموو زەوییەکانی دەوروپشتی خانەقین و سلێمانی و کەرکوك و هەولێر دابگرن.

ئەوانە هێڵە پانەکانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ((جەنگ لە پیاوی ئۆتۆنۆمی))ن.

بلیمەتی سەربازیی ((مستەفا بارزانی)) لە سەدان ئۆپەراسیونی بچووکدا خۆی خستە روو کە لێرەدا دەستدەکەم بەراڤەکردنیان وەك کە لە سەرکردە جیاجیاکانم گوێ لێ بوو کە پێشتر لە میانی هات و چوونەکانم بە نێو کوردستاندا، هەروەها لە پاش ئەوەش، بە دیدەنییان گەیشتووم.

لە کۆتایی هاوینی ساڵی 1961 ئەو ئۆپەراسیۆ نانەی کە بارزانی دژی عەشیرەتە جۆربەجۆرەکان ((کە لە لاپەڕەکانی پێشتردا)) باسم کردن، ئەنجامیدا، دەرەتانی دەسەڵاتێکی تەواوی بەسەر باکووری رۆژئاوای عیراق و ئەو جادە رێگاوبانانە بۆ رەخساند کە دەچنەوە سەر سنوری سوریا و تورکیا. بەڵام ئەو هێزە عیراقییانەی کە بە جۆرێکی سەرەکی لە دەرەوەی سلێمانی کاریان دەکرد، لەسەر میحوەری ئەو تاکە رێگایەوە کە لە بەردەمی کرابۆوە، بەرەو باکور بە ئاراستەی سنورەکانی ئێران لە رێگای ((هەولێر — شەقلاوە — رەواندز- خەلیفان- باڵەکیان- زێوە)) و دەستی بە جوڵان کرد.

ئەم جوڵانەوانە کاتێك روویاندا کە یەکەمین پێکهەڵپژانی گەورە لە نێوان سوپای عیراقی و کورد، لە نزیك دەربەندیخان لە 9، 10، 11، 12ی ئەیلول روویدا بوو.



لە رۆژئاواش یەکەمین شەڕی گەورە بەناوی ((شەڕی گەلی زاوێتە))وە ناوبرا. ئەم ئۆپەراسیونە لە چواری تشرینی دووەم تا یازدەی تشرینی دووەمی خایاند، هێزەکانی بارزانی دوو ((فەوج)) پۆلیسی عیراقییان قەڵاچۆکرد کە ژمارەیان نزیکەی هەزار پیاو[14]، نزیکەی ((1500)) جاشی بەکرێگراو دەبوو. گەلی زاوێتە دەربەندێکی تەسکە و دەکەوێتە نزیك زاخۆ، بەدرێژایی مێژوو شانۆی دەیەها بۆ سەنانەوە بووە. شۆڕشگێڕان پێشتر زانیارییان هەبوو کە هێزەکانی حکوومەت بەرنامەی جموجۆڵیان بە دەستەوەیە. کورد بە شەو، لە قەدپاڵەکانی دەرەبەندەکە لە نێو بەردەکاندا خۆیان دەشارنەوە. تاریك و روونی بەیانی کاتێك کاروانە عیراقییەکە دێتە ناوەوە و دەربەندەکە پڕ دەکا، کورد لە حەشارگاکانیان دەردەپەڕن و گابەردی زەبەلاح و گەورە بەردەدەنەوە خوارەوە و سەرەتا و کۆتایی دەرەبەندەکە قەپات دەکەن و دادەوەرنە سەر عیراقییەکان و لە مەودایەکی زۆر نزیکەوە بە خەستی ئاگر بارانیان دەکەن.

هەرچەندە زستانان جوڵانەوە کەم دەبێتەوە بەڵام زیاتر لە بیست پێکهەڵپژان تاکۆتایی کانونی دووەمی 1962 روویدا. لەگەڵ ئەوەشدا کە هێزەکانی ئاسمانی عیراقی تاکو هاوینی داهاتوو هەموو قورسایی خۆی، یان تەواوی چالاکی نەخستبووە کار. بەڵام ئەفسەرانی کورد وایان دەخەملاند کە تاکانونی دووەمی 1962 پێنج سەد جێگا کەوتۆتە بەر هێرشی بۆردومان و نزیکەی هەشت هەزار کەس بێ ئەنوا ماونەتەوە.

ناکۆکی عەشیرەتیی بەشێوەی پچڕ پچڕ بەردەوام بوو، زێبارییەکان لە رۆژئاوای دهۆك ژمارەیەك گوندی مەسیحییەکانیان تالانکرد و کەنیسەی کلدانی کە تازە بنیاتنرا بوو، بە هۆی بوردومانی فرۆکەوە هەندێکی لێ وێران ببوو.

(14) کارێکی ئاسایی و باوە کە لە نێو سوپا نوێکاندا بەپێی پێکهاتە و میلاك و ژمارە، بەپێی گەشەکردنی بنەماکانی ئامادە سازی و چەکدارکردن، ئاڵۆگۆڕ بەسەر ئەو پێکهاتانەدا دەکرێ. میلاکی فەوجێکی عیراقی Batallion لە نێوان 500 تا 700 سەرباز بووە لەو کاتەدا. (ج. ف)

لە بەهاری ساڵی 1962 حکوومەت بۆ وردوخاش کردنی پایەگاکانی بارزانی لە باکووری رۆژئاوای عیراق، نەخشەی بۆ هێرشێکی گەورە کێشا. بۆ ئەم کارەش هێزێکی مەیدانی لە بیست فەوجی سەربازی و پێنج فەوجی پۆلیس، ئامادە کرد. هەواڵگریی کورد دەڵێ: پازدە فەوجی سوپا و چوار فەوجی پولیس، ئەو هێرشەیان پێ سپێردرا کە بڕیار بوو لە 15ی ئایاردا دەست پێبکا. بەڵام ئەو کەمینە شاکارەی کە لە 1ی نیسان لە جێگایەك لە نزیك زاخۆ کە پێی دەڵێن ((گەلی سپی)) ئاڵۆزکانێکی تەواوی خستە ناو هەموو نەخشەی حکوومەتەوە. کورد لەو باوەڕەدان کە هێرشی بەهاری حکوومەت لە سۆنگایی ئەو کەمینەوە 16 رۆژ هاتە پێشەوە و لە 29ی نیساندا دەستی پێکرد.

ئەو فەوجەی کە لە شەش سەد پیاو پێکهاتبوو بە نێو دەربەندی ((گەلی سپی))دا بەرەو موسڵ، زاخۆی بەجێهێشت بۆ ئەوەی خۆی بۆ ئەو هێرشە ئامادە بکا کە نەخشەی بۆ کێشرا بوو. لەوێدا کورد گورزی خۆیان وەشاند. بە هەقیقەت ئەوە یەکەمین سەرکەوتنی قازانج بەخش بوو کە کورد بە دەستی هێنا. فەرماندەی فەوجەکە کە بە پلەی ((عەقید)) بو کوژراو ژمارەیەکی گەورە لە ئەفسەران و ((150)) سەربازیش کوژران و هەروەها چوار ئەفسەر و ((173)) سەرباز بە دیل گیران، بڕێکی گەورە لە چەك و تەقەمەنی و تفاق بە دەسکەوت گیرا، لە نێوانیاندا ((36)) ئوتومبیلی زریێ پۆش ((کورد چونکە شوفێریان نەبوو و سوتەمەنییان بۆ ئیش پێکردنیان نەبوو ئاگریان تێبەردان))، چوار تۆپی هاوەنی ((3 عوقدە)) و ((270 گوللە هاوەن))، ((6 هاوەنی عەیار 2 عوقدە و یازدە رەشاشی جۆری برێن بە زەخیرەوە، چوار دەزگای بێ تەل، 260 تفەنگی ئاسایی و ئوتوماتیکی، چل سندوق فیشەك، 6 رەشاشی مامناوەندی بڕێکی گەورە لە چەکی بچووك وەکو ((دەمانچە، نێزە، حەربە....)).

لە جێگایەکی دیکەی گرنگدا، لە نێوان 25ی نیسان و 1ی ئایاردا، کورد، پۆلیسی عیراقییان لە ((فیش خابور)) کە گوندێکە دەکەوێتە سەر رووباری دیجلە و نزیك سنورەکانی سوریا، راونا، پۆلیسی عیراقی لە دیجلە پەڕینەوە بۆ ئەو بەری



سنوری سوریا. بەم کارە کورد ((بارزانی)) دەسەڵاتی خۆیان تاسەر سنورەکانی سوریا سەپاند.

لە 12ی ئایار فەوجێك بەرەو باکوور دەجولا، پارتیزانان بەوەی کە شیوەکەیان لە ئاودا نقوم کرد گەمارۆیان دان و ئابلۆقەیان لەسەر توند کردن. فەوجەکە ناچار پاش نۆزدە رۆژ وای بە پەسندزانی خۆی بە دەستەوە بدا باشترە وەك لەوەی کە لە زەوییەکەدا بمێنێتەوە کە تێیدا، ئاو تا گوێزینگی قاچی پیاوەکانیان بەرزدەبۆوە.

لە کاتێکدا لە مانگی تەموز، لە ناوچەکانی باکووری رۆژئاوای عیراق هات و چوونم بوو، بە چاوی خۆم پاشماوەی ئەنجامی شەڕێکی پچڕ پچڕ م بینی کە بیست و یەك رۆژ درێژەی بوو بوو، شەرەکە لە 18ی حوزەیران و لەسەر رێگای ((باتوفە)) دەستی پێکرد بوو، کۆمەڵە بەردێکم بینی خوێنیان پێوە بوو، هەروەها هەندێك زریێ پۆشی حکوومەت کە ببوونە خەڵوز، کۆمەڵە سەنگەرێك راست و چەپ کە بە پەلە هەڵکەندرابوون و کۆمەڵێك قەوانی گوللە تۆپم بینی: هێزێکی زەربەوەشێن لە زاخۆوە بەرەو باتوفە کەوتبوونە رێ. لەوانەیە ئامانجی ئەوە بوبێ بگاتە بارەگای سەرەکی کورد لە باکووری رۆژئاوا، یان لەوانەیە ویستبێتی بگاتە سنورەکانی تورکیا. ((باتوفە)) گوندێکی شاخاوییە، لە پێش ئەوەدا کورد مەخفەرێکی پۆلیسی عیراقییان لەوێ داگیرکردبوو. کورد، پێش بەو هێزە زەربەوەشێنە دەگرن کە لە ((21)) تانك و ((12)) ئوتومبیلی زریێ پۆش و پەلێك تۆپخانە و ((920)) جاشی بەکرێگیراو پێکهاتبوو، لە نزیك جێگایەك کە پێی دەگوترێ ((بێرسڤی)) کە نزیکەی دوازدە کیلومەتر لە باشووری ((باتوفە))وە دوورە. یەکێك لە ئەفسەرانی کورد کە لەو شەڕەدا فەرماندەیی هێزەکانی کوردی دەکرد، بەم شێوەیەی خوارەوەی رووداوەکەی بۆ گێڕامەوە:

((هێزەکانی ئێمە لە بیرسڤێ زۆر لاواز بوون، رۆژی دواتر سەرکردەکەمان داوای هێزی لە ناوچەکانی سنورەکانی تورکیا کرد. فەرمانمان پێکرا کە لەسەر رێگاکە سەنگەر هەڵبکەنین. توانیمان پێشڕەوی سوپا بە تەواوی رابگرین و سێ فرۆکەی عیراقی بە درێژایی رۆژ بێ پسانەوە بۆردومانی دەکردین و تۆپخانەکەشیان بە تۆپ

تۆپبارانی دەکردین. زریٚ پۆش و تانکەکانیش پێش سەربازی پیادە کەوتبوون و جاشیش بەدوایاندا دەهاتن، شەڕ چوار رۆژی خایاند.

((ماوەی نێوان بێرسڤی و باتوفە تەنیا دە کیلومەتر بوو. رەتڵی سوپای عیراقی ئەو پەڕی توانای خۆی دەتوانیٚ دوو کیلومەتر و نیو بێتە پێشەوە. دواجار کە گەیشتنە ((باتوفە)) رێگای گەڕانەوەمان بە هۆی داخستنی رێگاکەیان لە پشتەوەڕا لیٚ بڕین. ئەوان ناچاربوون بۆ ئازوخە گەیاندن هیلیکۆپتەر بەکاربهێنن. ئەوەش بە تەنیا بۆ ئەوان بەس نەبوو. بەو بارودۆخەوە بیست و یەك رۆژمان هێشتنەوە تا داوای هێزی فریاکەوتنیان کرد)).

((دواجار سەرکردەکەمان فەرمانی پێکردین کە تەنیا رێگەی گەڕانەوەیان بۆ بکەینەوە، ئەوە بوو کشانەوە. لەو باوەڕە داین کە نزیکەی ((290)) پیاویان لە دەستدا، زیانەکانی ئێمەش هەشت کوژراو و شازدە برینداریشمان هەبوو)).

لە ناوەڕاستی نیساندا ((بارزانی)) بڕیاریدا کە ئیتر هێزەکانی گەیشتوونەتە پلەیەکی ئەو تۆ بەهێز کە بتوانیٚ مەودای چالاکی ئوپەراسیۆنەکانی بەرەو بەشی رۆژهەلاٚتی ناوچەی کورد لە نزیك سنورەکانی ئێران فراوان تر بکا.

((هەروەکو لە رۆژئاوا چۆن بوو، هەر بەو شێوەیە، بارزانی گرنگی پێدانی یەکەمی لەسەر چەند هۆزێکی کورد چڕکردەوە کە تاکو ئەو کاتە لە خزمەتی حکوومەتدا بوون. ئەو پێویست بوو لەو ناوچەیەدا بەر لەوەی رووبەڕووی هێزەکانی سوپا و پۆلیس بێتەوە، دەبوایە هێزی جەنگاوەریی سیٚ لەو عەشیرەتانە کە دوو هەزار چەکدارێکیان دەبوو، و لە هەردوو تەنیشت و پشتەوەڕا هەڕەشەیان لێدەکرد، لە بەین بەریٚ. ئەو هۆزانەش بریتی بوون لە: هۆزی گەورەی برادۆست، هۆزی رەوەندی هەرکی کە ((محیٚ هەرکی))[15] سەرۆکایەتی دەکردن و خوویان بەوەوە گرتبوو هاوینەکانیان لە ئێران بەسەر بەرن، وە هۆزی (لۆلان) بوون. لە واقیعدا

[15] ((محیٚ)) ناوی بچووکراوەی ((محیەدین))ە. کورد خووی بەوەوە گرتووە ناو بچووك بکاتەوە بە تایبەتی ناوی عەرەبی و ئیسلامی. وەکو محەمەد بۆ حەمە، ئەحمەد بۆ ئەحە... (ج. ف)



ئەمانە کۆمەڵێك بنەماڵە و عەشایەر بوون کە شێخی بە بەساڵداچوو ((رەشید لولان)) پێشەوایان بوو. ئەو لەگەڵ کوڕەکانی توانی بووی نفوزی خۆی بەسەر هەرکام لە هۆزەکانی برادۆست و هەرکی بسەپێنیٚ. لە کۆتایی نیسان و سەرەتای ئایاردا، بارزانی یەکەمین گورزی لە هۆزی برادۆست دا و بۆ ئێران هەلاٚتن و نزیکەی سەد کەسیشان بۆ تورکیا هەلاٚتن. لە دەستەی دووەمدا شێخ (رەشید لولان)ی بەساڵدا چوو کە تەمەنی گەیشتبووە نەوەد ساڵ دەیانگوت لە کاتی هەلاٚتنیدا بە (داربەست) ((تەختەڕەوان)) هەڵیانگرتووە.

(بارزانی) گیانی تۆڵە ستاندنەوەیەکی لە خۆی دەرخست کە پێشتر خووی پێوەنەگرتبوو. ئەو دەستی دایە سوتاندنی هەموو گوندەکان، و چێندراوەکانی کە سەر بە هۆزەکانی ((شێخ رەشید)) بوون، ((شێخ رەشید)) ئەو پێشەوایەی کە هەر لە ساڵی[16] 1940 و بە هاندانی ئینگلیز یان بە هاندانی حکوومەتی عیراقی، ناحەزێکی سەرسەختی ئەوبوو. بارزانی دەیویست لەوە دڵنیابیٚ کە هەرکییەکان بیر لە گەڕانەوە ناکەنەوە. ئینجا پاش ئەوەی ژمارەیەکی تەواوی لە پیاوەکانی بە ئامانجی نەهێشتنی هەر شێواوییەك لە ناوچەکانی برادۆست و هەرکییەکان، دانا، بۆ لە ریشە دەرهێنانی زنجیرەیەك لە ((حامیە)) و سەنگەری بچووك کە بەسەر رێگای نێوان رەواندز تا دەگاتە سنورەکانی ئێران لای ((خانە))، دەست بەکاربوو.

لە زنجیرەیەك شەڕی خوێناوی غافڵگیرانەدا، فەرماندە گەورەکانی بارزانی لە زنجیرەیەك لوتکەی بەرزی چیاکانی باکوور و رۆژهەلاٚتی (رەواندز)دا، توانییان سوپای عیراقی و جاشەکان ڕابماڵن. ((مەحمود کاوانی)) لە چیای ((سەری خێلاٚن)) هێرشی بردەسەر ((سلێمان نەبی)) و هاوینەهەواری چیایی ((حاجی هۆمەران)) و لوتکەی (کۆسپی سپی). ((عەباس مامەند ئاغا)) هێزێکی گرنگی حکوومەتی گەمارۆدا و لەناوی برد کە هەوڵی دەدا ئەڵقەی گەمارۆی سەر ((حاجی هۆمەران)

[16] لە راستیدا مەسئەلەکە تۆڵە ستاندنەوە نەبوو بەڵکو ئەوە پێداویستییەکی جەنگی بوو کە (مەلا مستەفا) بەناچاری پەنای بۆ برد. (ج. ف)

)بشكێنیٚ. له جێگایەك له نزیك ((سەری میر وەلی)) به هەشتا پیاوی خۆیەوە، هێزێکی حکوومەت که پێکهاتبوو له دووسەد پۆلیس و دوو فەوجی سوپا که به هەزار پیاو دادەنرا. لەگەڵ سیٚ سەد جاشی بەکرێگیراو، غافڵگیر کرد. لەو هێزە ((104)) کەسیان کوژران، ئەوانی دیکه بۆ ((حامیەی زێوە)) پاشەکشەیان کرد، لاشەی کوژراوەکان له هەردوو تەنیشتی ئەو گەلییه که لەویٚ غافڵگیر کرابوون و کوژرابوون کەوتبوون، بۆگەنی تیژی ئەو تەرمانه که تەحەمول نەدەکرا، لەو دەوروبەره به ڕەنگێك بڵاوببۆوه که لەبەر بۆن و دیمەنەکەی، ناچار بووین چەند میلێك دووربکەوینەوه. هاوڕێکەم گوتی له هەموو ناوچەکەدا کەس نەدۆزرایەوه به هەر نرخێك که بووه قەناعەت بکا ئەو تەرمانه بنێژیٚ.

لەوەش گرنگ تر گەمارۆدانی ((رایات)) و دەست بەسەرداگرتنی بوو که پێشتر له بابەتی فێڵه ناسراوه سەربازییەکانی کورد به نموونه گێرامانەوه. پاش گەمارۆدانێك که سی و شەش ڕۆژی خایاند، کورد توانیان خۆبەدەستەوەدانی حامیه عێراقییەکه به دەستبخەن. ئەمه له ڕێگای هەڵکەندنی تونێڵێك بۆ بن ئوردوەکەیان هاتەدی. پاشان ئەوەبوو ئاگاداریان کردنەوه که هەڵدەستن به تەقاندنەوەی. ئەوه بوو عێراقییەکان ئاڵای سپیان بەرزکردەوه و هاتنه دەرەوه. سوپای عێراقی هەوڵیدا به ڕێگای دابەزاندنی پاراشوت له ئاسمانەوه به زەخیره و تەقەمەنی بەهانای حامیەکەوه بچێت. بەڵام زۆربەی ئەو پاراشوتانه دەکەوتنه دەست پیاوانی (بارزانی)ەوه که سودێکی زۆریان لیٚ وەردەگرت، نه تەنیا هەر لەو ئازوخەیه و بەس، بەڵکو له خودی پاراشوتەکانیش، ژنه گوندنشینەکان، تورەگەی بچووکی توتن، تورەگەی شەکر، جانتا بۆ دووربین و هەروەها کراسیان له قوماشه حەریریەکەی دروست کرد.

کورد له ((رایات)) سەد و بیست کەسیان به دیل گرت و لەسەر سنورەکانی ئێران ئازادیان کردن، دەسەڵاتدارێتی ئێرانی له ڕێگای خانەقینەوه که سەد میل له باشوورەوه دووره، چونکه ئەویٚ نزیکترین خاڵ بوو که دەرەتانی هەبیٚ لەوێوه پەیوەندی به دەسەڵاتدارێتی عێراقییەوه بکەن، تەسلیم کرانەوه. ئەم دیله



عێراقییانه له ڕێگا بەناو دەیان شارۆکەی کوردی لەوانه مهابادا تێپەڕین. هەرچەنده دەسەڵاتدارێتی ئێرانی له واقیعدا ئەم پیٚ نیشاندانەی به دەستی ئەنقەست نەبوو، بەڵام ئەو سوڕ پیٚ خواردنه له ئاسایی بەدەره، بۆ کوردەکانی ئێران بەڵگەیەکی مادی و شایەتیدانێك بوو لەسەر ئەو سەرکەوتنەی که براکانیان لەو دیو سنوری عێراقییەوه به دەستیان هێناوه.

له مانگی ئاب ((بارزانی)) له شێوەی کەوانێکی مەزندا به دەوری ((ڕەواندز و شەقڵاوە))دا دەستیدایه جموجۆڵ، گوندی ((هیران))ی له دۆڵی خۆشناوەتی داگیر کرد و دەسەڵاتی بەسەر زنجیره چیای (سەلاحەدین) و (سەفین) بۆ تەواوکردنی گەمارۆدانی نزیکەی دوازده هەزار سەربازی عێراقی لەناوچەکانی ((ڕەواندز و شەقڵاوە)) داسەپاند. لەناو ئەو هێزانەی (بارزانی) که لێرەدا کاریان دەکرد، جگه له خەڵکانی تەواو عەشیرەتی، هەندێك یەکەی تێدابوون که ئەوانه گیان فیدا شارنشینەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون.

ئەم جوڵانەوانه لوتکەی ئۆپەراسیونەکانی ئەو ساڵه بوون، له مەدا بەخت یاوەرم بوو که لەویٚ ئامادەبم و هەندێکیان له نزیکەوه ببینم. پاش ئەوه ئیتر جموجۆڵی بەرفراوان به درێژایی ماوەی هاوین و پایز و زستان نەبوو.

ڕۆژ له دوای ڕۆژ ئێمه زرمەی بۆمبا و تەقینەوەی هاوەنمان له دەوروبەری شەقڵاوه گویٚ لیٚ دەبوو و زۆربەی ئەو تەقینەوانه له دەوروپشتی شەقڵاوه بوون، هەروەها شەوانه چاومان لەو ئوردوگا سەربازییانەی عێراقییەکان دەبڕی که له دۆڵەکاندا، ئۆردووەکان و و خێوەتەکان و بارهەڵگرەکان و ئوتومبیلەکانیان لیٚ دامەزراند بوو، و دەمانبینی هەر هەموویان له نێو دەریایەك له چراو ڕووناکیدا نقوم بوون. عێراقییەکان ئومێدیان بەوه بوو که ئەو چراخانه تیشك بەخشه کارەباییه بیانپارێزیٚ.

به ڕۆژ زۆربەی کاتەکانی خۆمان له ژێر حەشارگەدا دەبرده سەر، له هەمان کاتدا فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی عێراقی له جۆری شەڕکەره موشەك هاوێژەکانی ((فیوری)) و موشەك هاوێژی ((ئەلیوشن)) و ((میك)) چەندین جار دەهاتن و

دەچوون و دیسانەوە دەهاتنەوە. بێگومان ئەوانە بۆ هێزەکانی بارزانی دەگەڕان، بەڵام گوندەکانی کوردیان بۆردومان دەکرد. وەکو ڕێسایەکی گشتیش، بەڵام نەك هەمیشەیی، پیاوانی بارزانی لەو پەڕی هۆشیارییدا بوون و لە کاتی ڕۆژدا لە گوندەکان دوور دەکەوتنەوە.

لەو کاتەدا کە سەردانی بارەگای بارزانیم دەکرد ئاگاداریان کردین کە هێزی ئاسمانی عێراقی، دەستی کردووە بە بۆردومانی بارزان، ((بارزان)) ناوچەی عەشیرەتی بارزانیانە کە تا ئەو کاتە لە سۆنگایی بێلایەنی (شێخ ئەحمەد)ەوە، وەك ناوچەیەکی خاوەن حەرەم و خاوەن ئیمتیاز وابوو. لە بارزانیم پرسی:

- چارەنووسی ئەو بێلایەنیەی براکەت (شێخ ئەحمەد) ئێستا چی دەبێ پاش ئەوەی کە (قاسم) هەستاوە بە بۆردومان کردنی ناوچەی بارزان؟

بارزانی بەم شێوەیە وەڵامیدایەوە:

- ساڵی ڕابردوو منیش بێلایەن بووم. من لە بارزان بووم. پاشان براکەم چوو بۆ بەغدا و منیش چووم بۆ شەڕ. ئێستاش وا دووبارە ئەوێ بۆردومان دەکرێتەوە جادەبینین ئەو چی دەکا.

ئەوەی (شێخ ئەحمەد) کردی، بریتی بوو لەوەی بروسکەیەکی درێژی بۆ ((قاسم)) ناردبوو کە دووبارە داژداری و بێلایەنی خۆی تەئکید دەکاتەوە. ((ئەحمەد توفیق)) وێنە شێوەیەکی بروسکەکەی کە بەم شێوەیە بوو دامێ:

((من ئەوساش و ئێستاش دڵسۆزی حکومەتی
بەغدا بووم. من بەڵێنم بە ئێوەدا کە بەشداری
لە شۆڕشدا ناکەم. و بەڵێنی خۆشم پاراستوە
ئێوەش بەڵێنتاندا کە پەلاماری ناوچەکەمان
نادەن. منیش بەڵێنم بە خەڵکی عەشیرەتەکەم
دا کە ئەگەر بە ئارامی دابنیشن، ئەوا
حکومەت زیانتان پێ ناگەیەنێ. بەڵام
بەداخەوە ئێوە بە بەڵێنی خۆتان وەفادار



نەبوون. ئێوە زیانێکی ئەوەندە گەورەتان
داوە کە ئیتر خەڵکی بارزان متمانە بە قسە
کانم ناکەن. من لێرە بەدواوە لە بەرامبەر
کاروکردەوەی بارزانییەکان کە ئێوە گوندەکانتان
لێ خاپور کردوون، بەرپرسیار نیم)).

بێلایەنی ((بارزان)) ڕەگەزێکی ستراتیژی گرنگە لە ناکۆکی نێوان کورد و دەسەڵاتدارێتی عیراق، ((ژەنراڵ بارزانی)) خۆی ڕێگەی بە بێلایەنی براکەی دابوو، ئەمە لە لایەکەوە بە هۆی هەستێکی عاتیفیەوە بوو، بەڵام ئەو ناوچە بێلایەنە بۆ کورد و بۆ دەسەڵاتی عیراقیش نرخی خۆی هەبوو. لەم دەڤەرەوە دەیانتوانی پەیوەندی بە یەکترییەوە بکەن، هەروەها بۆ بارزانییەکانیش داڵدەو پەناگەیەکی تازیار[17] بوو کە لەوێ خێزانەکانیان دەیانتوانی لە ئارخەیانیدا بژین و پیاوەکانیش بچن بۆ شەر. هەروەکو گومانیشی تێدا نییە کە سەرچاوەیەکی ژینەوەری[18] بوو. لە لایەکی دیکەوە ئەم ناوچە بێلایەنە پردێك و نیشانەیەك بوو بۆ مانەوەی دەسەڵاتی ڕەمزیی حکومەتی بەغدا لەناو دڵی کوردستاندا. ئەگەر بێتو حکومەت واز لە بەکارهێنانی ئەم ناوچەیە بۆ ئۆپەراسیۆنی جەنگی بهێنێ، دیسانەوە بۆی هەیە لەوە دڵنیابێ کە ((حامیەکان)) و بنکە پۆلیسییەکانی هەرگیز ناکەونە بەر پەلاماری هیچ هێرشێکەوە.

پیاوانی نزیکی بارەگای بارزانی وایان هەست دەکرد کە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بێلایەنی ((شێخ ئەحمەد)) کۆتایی بێت. بەڵام ئەوان لەو لێکدانەوەیەدا بە هەڵەداچوو بوون. بنکەکانی پۆلیس و ((ڕەبیەکانی سوپا)) لەناوچەی بارزان هەر بە پارێزراوی مانەوە، پاش چەند هەفتەیەکی کەم لە بۆردومانی ناوچەکە، هێزی ئاسمانی عیراقی بۆ ڕێز گرتنی بێلایەنی ناوچەکە دووبارە گەڕایەوە سەر نەخشەکەی پێشووی ئیدی حورمەتی ناوچەکەی پێشێل نەدەکرد.

---

(17) تازیار: ممتاز.

(18) ژینەوەری: تموين ((الإعاشة)).

لەویٚ بە منیان گوت هەندێك لە دۆستان، هوشیارکردنەوەیەکیان بۆ شێخ ئەحمەد ناردبوو کە ناوچەکە بۆردومان دەکریٚ. بەو هۆیەوە شێخ ئەحمەد دەرفەتی دەست کەوت کە لە کۆبوونەوەیەکی گەورەی موختار و پیاو ماقوڵانی گوندەکان لە سنوری هەموو ناوچەی عەشیرەتەکەیدا، کە ئەمە هەر لە بنەڕەتدا کوبوونەوەیەکی دەوری ساڵانەیە، لە ئەگەری بۆمبارانی ئاسمانی، پێویستی بەجێهێشتنی گوندەکان لە کاتی بەرەبەیان و گەڕانەوە لە کاتی شەودا، ئاگاداریان بکاتەوە. لە سۆنگایی ئەم هایدانەوە[19]. ئاکامی بۆمبارانەکە زیانێکی ئەوتۆی لیٚ نەکەوتەوە کە شایانی باس بیٚ[20].

بەبەراوردکردنی هێزە عەشایرییە باڵادەستەکانی بارزانی دەبینین ئەو کار و کردەوانەی کە هێزەکانی حیزب لە قۆڵەکانی باشوور لە هەردوو لیوای کەرکوك و سلێمانی بە دەستیان هێنابوو، زۆر کەم بوو.

یەکەمین ئۆپەراسیۆنی کە هێزەکانی حیزب پێی هەستان و ((جەلال تاڵەبانی)) بۆی گێڕامەوە، لە کانونی یەکەمی 1961دا روویدا. کە ئەمە دەقی چیرۆکەکەیە هەر وەکو خۆی بۆی گێڕاومەتەوە:

- هەواڵمان پیٚ گەیشت کە حکوومەت هەندێك پارە لە هەولێرەوە دەگوازێتەوە بۆ کەرکوك. پێشمان بەکاروانەکەیان گرت کە لە دوو زرێپۆش پێکهاتبوو و سی هەزار دیناری تێدابوو. دە هەزار

---

[19] هایدان: أنذار

[20] لە لە کاتی هێرشێکی بەعسیدا کە لە 10ی حوزەیرانی 1963 دەستی پێکرد، سوپای عیراقی و هێزە ئاسمانییەکەی دووبارە دەستیان کردەوە بە پێشێل کردنی بێلایەنی ناوچەی بارزان. تەنانەت هێزێکی تایبەتی کە بە هیلیکۆپتەر هەڵگیرابوو، لە گوندی بارزان نیشتەوە و سوتاندی. لە ئاکامی ئەوەدا شێخ ئەحمەد بۆ ماوەیەك پاڵی بە براکەیدا. بەڵام پاش 18ی تشرینی دووەم دووبارە گەڕایەوە سەر بێلایەنی پێشووی خۆی. (دانەر)



دینارم نارد بۆ بارزانی، دە هەزاری تر بۆ حیزب و دە هەزاری تریشمان بۆ بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیونەکان لە سنوری هەولێر و سلێمانی هێشتەوە. ئەمە لە 25ی کانونی یەکەمدا بوو.

پاش ئەوە یەکسەر ژمارەی پیاوەکانم کە جاران سی کەس بوو، بوو بە حەفتاکەس، بە هاودەستی کوردەکانی ناو ریزەکانی پۆلیس و سوپا — بڕیارماندا سلێمانی داگیر بکەین دوو مانگ خۆمان بۆ ئەو کارە ئامادە کرد. جگە لەو کارە هیچ شتێکی دیکەمان ئەنجام نەدا. ئەم کارە حکوومەت وای لێك دایەوە کە چالاکی ئێمە لەو ناوچەیەدا کۆتایی هاتووە.

لە سەرەتای ئازاردا لەگەڵ پیاوەکانم چووین بۆ سلێمانی. بەڵام پۆلیس لە نەخشەکەدا بە رۆڵی خۆی هەڵنەستا و سەرکوتوو نەبووین.

ئاستی تاقیکردنەوە و ئەزموونی پارتیزانان، لەم هەوڵدانە ژێرکەوتووەدا بۆ دەست بە سەرداگرتنی ((سلێمانی))، روون دەبێتەوە. جوڵانەیەکی لەم بابەتە، تەنانەت ئەگەر سەرکەوتنیشی لە چارە نوسرابیٚ، دژی ئەو سیاسەتەیە کە بارزانی پەیڕەوی دەکرد، کە تەئکید لە دوورکەوتنەوە لە دەست بەسەردا گرتنی ئەو ناوچە گەورانەی دانیشتوانی تێدا دەژی، دەکا.

لەماوەی چەند مانگێکی کەمی داهاتوودا تا دەگاتە ئەو ماوەیەی کە بارزانی لە مەیدان دەرکەوت پارتیزانان ئەو پەڕی قورسایی خۆیان خستە سەر

دەست بە سەردا گرتنی بنکەکانی پۆلیس، کە ئەوانیش بنکەکانی ((چوارتا، باسنە، مەوکبە، گاپیلون و گرگاشە)) و بنکەیەکی تر لە ((تەگەران)) لە نزیك ((قەلاچوالان)). هەندێکیان دەست بەسەرداگرتنیان ئاسان بوو، هەندێکی تریان جارێك ئەم دەست و ئەو دەستی کرد و لەماوەی مانگێکدا حەڤدە بنکەی پۆلیسیان رامالی و شەش سەد پۆلیس کە هەموویان کورد بوون چوونە پال هێزەکانی پارتیزانانەوە.

لە مانگی ئایار، پارتیزانان بە هاوکاری فەرماندەی عەشایری ((حەمید کاوانی)) توانییان دەست بەسەر شارۆکەی ((پێنجوێن))دا بگرن کە دەکەوێتە سەر سنوری ئێران. ((تالەبانی)) دەیگوت: ژمارەی ئەو پۆلیسانەی بە چەکی خۆیانەوە خۆیان بە دەستەوەدا، 176 کەس بوون. کە حەڤدە پارتیزان ماوەی یازدە رۆژ بوو گەمارۆیان دابوون. لەو ئوپەراسیونەدا کورد دوازدە هەزار دیناریان لە خەزێنەی پۆلیس بە دەسکەوت وەگیرکەوت. بەلام فەرماندەکەیان گیانی لەدەستدا. پاش چەند رۆژێکی کەم سوپای عیراق یەك ((لیوا))ی تەواو سەربازی لە سلێمانییەوە بۆ دووبارە داگیرکردنەوەی ((پێنجوین)) بەرێ کرد.

لە ئۆپەراسیونەکانی تری پارتیزانان داگیرکردنی ((ماوەت)) بوو، کە توانییان پەنجا و دوو پۆلیس بە دیل بگرن و دەستبەسەر برێکی گەورەی توتندا بگرن کە نرخەکەی بە سەد و هەشتا هەزار دینار دادەنرا، بەلای رۆژئاوای سلێمانیدا پارتیزانان لەوێش گەمارۆی هێزەکانی حکوومەتیان لە ((سورداش)) و ((دوکان)) و ((قەشقۆلی)) و هەروەها بنکەی پۆلیسی ((شوان)) لە نزیك کەرکوکدا، لە کاتێکدا بارزانی ئۆپەراسیۆنەکانی خۆی لە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەلات دەگواستەوە و لە بەشی باکووری رۆژهەلاتدا جموجۆلی دەنواند، پارتیزانان هێرشیان دەبردە سەر ژمارەیەك لە پیگەکانی باشوور وەکو ((قەرەداغ، تەوێلە، بیارە، ئاغجەلەر)) هەروەها لە نزیکی قەلادزێ پارتیزانان ((مەرگە و سەنگەسەریان)) ئازادکرد. لە کۆتایی هاوینی سالی 1962 ((مستەفا بارزانی)) گەیشتە لوتکەی سەرکەوتنی سەربازی خۆی. ئەو لە هەلۆێستێکی بەهێزدابوو. دەست پێشکەری لە دەستی خۆیدا بوو.



ئەو دەیتوانی دەست بەسەر شارۆکەیەك یان زۆربەی شارۆکە و شارە کوردییەکانی ((سلێمانی، کەرکوك، هەولێر، لەوانەیە موسلێش)) دابگرێ. بەلام لەو کارە دوو دل بوو لەبەر ئەو هۆکارانە کە لە بەشی تایبەت بە سوپای کوردیدا باسم کرد.

((عومەر مستەفا)) یەکێك لە یارمەتیدەرانی ((ژەنرال)) گوتی: هێزەکانی کورد ناوە ناوە ئەو بۆڕییە نەوتییە لاوەکییانەیان، کە سەر بە کۆمپانیای نەوتی عیراقی بوون، مینرێژدەکرد و دەیانتەقاندنەوە. هەروەها دەیگوت:

- ئەمەش بەلگەی ئەوەیە کە ئەگەر حەزمان لێ بێ دەتوانین بۆڕییە گەورەکانیش ببڕین.

ئەم بۆڕیانە، نەوتی عیراق لە کەرکوك و موسلەوە بۆ سوریا و دەریای ناوەڕاست دەگوازنەوە. کورد، تەنانەت ئەوەشیان دەرخست کە دەتوانن ئیرادەی خۆیان بەسەر بیرە نەوتەکانی کەرکوکیشدا بسەپێنن. ئەوان توانییان دوو ئەندازیاری بەریتانی بفڕێنن: دیریك دانکورس Derek Dankworth لە ئابی 1962 لە بیرە نەوتییەکانی عەین زالە لە نزیك موسلەوە بفڕێنن، هەروەها فرانك گوسلنگ Frank Gozling ئەندازیاری جیولوجی کە لە تشرینی دووەم لە نزیك کەرکوك فڕێنرا. پاش شەش یان هەشت هەفتە ئازادکران و بە دەستی بە دیاری و داوای لێبوردن لە لایەن خودی ژەنڕال بارزانییەوە رەوانەکرانەوە.

ژەنڕال بارزانی بانگەشەی ئەوە دەکا کە لە ئەیلولی رابردووەوە تائێستا، هێزەکانی چوار هەزار پیاوی دوژمنیان لەناوبردووە و بێگومان ژمارەیەکی زۆر لەوەش زیاتر بریندارە بووە.

کورد وامەزەندە دەکەن کە تا هاوینی 1962 ژمارەی ((جاش)) سێ هەزار کەسی لێماوەتەوە، ئەوانی دیکە یا کوژران یا بە بێدەنگی چوونەتەوە گوندەکانی خۆیان. سەرباری ئەوەش کورد وامەزندە دەکەن کە هەزار سەرباز و دوو هەزار پۆلیس هەلاتون و هاتوونەتە ناو هێزەکانی ((بارزانی))یەوە و ئێستاش بە ژمارەی زۆر لەوە گەورەتر بەردەوامن لە هاتنە دەرەوە.

پلانی کورد، تا ماوەیەکی کەمیش پێش ئاگربەستی شوباتی 1963، ئازادکردنی هەموو دیلەکان بوو، جگە لە ئەفسەرەکان. ئەم کارەش زیاتر هانی خۆ بە دەستەوەدانی دەدا و لە سەرێکیشەوە ئازادکردنی دیلەکان کوردی لە کۆڵ باری گرانی نان دان و حەوانەوەی ئەو ژمارە گەورەیەی دیلەکان دەکردەوە. بارزانی بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە تامانگی شوبات هێزەکانی نزیکەی دە هەزار کەسیان بە دیل گرتووە کە جگە لە پێنج سەد کەس ئەوانی دیکەیان هەموو ئازاد کردوون.

ئەگەر مرۆڤ ئەو ژمارەیەش بخاتەسەر قسەکەی ((بارزانی)) کە هێزەکانی 10.000 تا 12.000 سەربازی عیراقییان پشتاوکردووە و گەمارۆیان داون. ئەوا دەکرێ بیرۆکەیەکی لەسەر هێز و بارستایی شۆڕشی کورد بە باڵادەستی بەسەر هێزە چەکدارەکانی کۆماری عیراق، لە لادروست ببێ.

ئاستی هاتنە خوارەوەی مەعنەویاتی سوپای عیراقی لەو بروسکانەدا دەردەکەوێ کە ((موخابەرەی کوردی)) لەو کاتەدا کە شەڕ لە هاوینی ساڵی 1962 گەیشتبوە لوتکەی گەرم و گوڕی خۆی، گرتوویەتی.

ئا ئەمە بروسکەیەکە کە ((عەقید هادی)) لە پێگەیەکدا لەسەر رێگا لە نێوان ((بازیان)) — ((ئاغجەلەر)) لە نێوان ((کەرکوك و سلێمانی)) لە 17 ئابی 1962 بۆ فەرماندەی ((لیوای بیست))ی ناردووە:

((هەڵوێستی ئێمە زۆر خراپە. سەربازەکان ملکەچی
فەرمانەکانمان ناکەن. ((عەریفی موخابەرە))
دەڵێ بروسکە وەرگرتن لاوازە و ناتوانن
بروسکەکان وەربگرن. سایقی دەبابەکان
فەرمانەکان بەجێ ناهێنن و دەڵێن هەوا زۆر
گەرمە. سایقی زرێ پۆشەکان دەڵێن
بزوێنەری مەکینەکان کۆنن و کار ناکەن.
مەعنەویاتی سەربازەکان هەرەسی هێناوە



ئەوە هەمووی لەبەر ئەوەیە شتی ترسناکیان
دیوە. ئەوان دەگرین. رێگاکە تێکچووە و
دوو سەد چەتە لە دەربەندەکەدان. لەبەر
ئەو هۆیانە ناتوانین بە هێرشکردن هەڵبستین)).

بروسکەیەکی تر لە هەمان ئەفسەرەوە هەیە کە ئاماژە
بە هەندێك شتی ترسناك دەکا کە سەربازەکانی دیتویانە و دەڵێ:

- دەبابەیەك لەسەر رێگای خۆی کە بەرەو
ئاغجەلەر دەچوو تەقیوەتەوە لاشەی ئەو
((عەقید))ەی لەناو
دەبابەکەدا بوو، لەسەر رێگاکەوتووە و
هەر چوار پەلی شڕووڕە بوو و قاچێکیشی
لە بەدەنی جیابۆتەوە)).

هەروەها بروسکەیەکی تر هەیە کە فەرماندەیەکی سەربازی لە بەرواری 22ی تەموز لە شارۆکەی ((ئامێدی))یەوە بۆ بارەگای سەرکردایەتی ((فیرقەی دوو))ی ناردووە لە موسڵ. لە بروسکەکەدا هەمان ئەو حاڵەتە فیکرییە نائومێد و هیوا بڕاوە دەنوێنێ، کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

((لە دوێنێوە ئاو، نەبۆ شارنشینان و
نە بۆ سەربازییەکان نەماوە. کانییەك
هەیە دەکەوێتە بن شورەی شارۆکەکەوە.
گەیشتن بەوێ پێویستی بە چەند فرۆکەیەك
هەیە بۆ دورخستنەوەی دوژمن. بەڵام
ئەمە بە تەنیا بەس نییە بۆ
تێرئاوکردنی تینوویەك))
((ئێمە لە هەڵوێستێکی مەترسیدار داین
گەورەترین هەوڵی ئێمە شەو و رۆژ

بۆ ئەوەیە کە چەند دلۆپە ئاوێك بە دەست
بێنین. ئەوا دە رۆژ بەو حاڵەوە بەسەر ئێمەدا
تێدەپەڕێ بێ ئەوەی ڕێگایەکی دەربازبوونمان
دۆزیبێتەوە. هێزەکانمان هەموو
هیوایەکیان لە دەستداوە. سەربازەکانمان
هێزیان لە بەردا نەماوە)).
((گرنگترین شت، مەسەلەی تینوێتێیە
تکایە ئاگادارمان بکەن چ تەگبیرێك
بۆ ئێمە دەکەن ئێمە جێگاکانیان بۆ ئێوە
دەست نیشان دەکەین تا بۆمبارانیان
بکەن. هەروەها سەنگەرێکی تر لە ناوەڕاستی
ڕێگاکەیە، ئەویش بۆمباباران بکەن،
پەلە بکەن لێی)).
لە بروسکەیەکی تردا هەمان ئەفسەر لە ((ئامێدی)) دەڵێ:
((زەحمەتە بتوانین بارودۆخی خۆمان راڤە
بکەین. ئەوە پێنج رۆژە ئێمە داوای فریاکەوتن
دەکەین و ئێوە نەهاتن. ئێوە کە نەهاتن ئێمەش
بە دابڕاوی ماوینەوە. راستییەکەمان پێ
بڵێن. تکاتان لێ دەکەین راستیمان
لێمەشارنەوە. پیاوەکانمان واگوێ بیست
بوونە کە هەمان چارەنووسی تاقمەکەی
(بریفکا) و (رایات) و ئەوانی دیکەمان
دەبێ. بۆ خاتری خوا و منداڵەکانمان
فریامان کەون)).



کەواتە لە عیراق دوو هێزی زۆر لە یەکتری جیاوازمان هەیە کە رووبەڕووی یەکتری وەستاونەوە. لەم لاوە هێزە نانیزامییەکانی شۆڕشگێڕانە کە ژمارەیان روو لە گەشەکردنە و لە رووی ڕێکخستنەوە بە بەردەوامی باش دەبێ هەروەها لە رووی بەرزبوونەوەی مەعنەویاتیشیانەوە ژمارەی پێوانەییان شکاندووە. کە بەسەر شەپۆل گەلێك لە گەشبینییەوە، بە پشت ئەستوری زنجیرەیەك سەرکەوتنی سەربازیی بێپسانەوە پشت ئەستورە و زۆر بە دڵنیاییەوە دەزانێ کە زیانەکانی خۆیان زۆر کەمە و زیانی دوژمنەکەیان بەلێشاوە. هەروەها جەنگاوەرەکانی وا هەست دەکەن کە ئەوان جێگای متمانەی میللەتی کوردن هەروەها متمانەیان بە خۆیان و بە سەرکردەکەشیان (مستەفا بارزانی) هەیە.

بۆردومانی ئاسمانی زیانێکی گەورەی بە هاونیشتیمانیانی شارستانی گەیاندوە، بەڵام کاریگەریی ئەو زیانە ئیرادەی گەلی کوردی لەسەر شەڕکردن، تێکنەشکاندووە و لاوازیشی نەکردووە. بەڵکو ئاگری تووڕەیی ئەوانی زیاتر خۆشکردووە و لە رەوتی هەستکردن بەو مەینەتیە هاوبەشە، جیاوازی عەشایری ناوخۆییان بە تەواوی لە بەین بردووە و پاڵی پێوە ناون جەنگاوەرانی نوێ بخەنە پاڵ هێزەکانی بارزانییەوە. گوندەکان ئەگەر بۆمباباران نەکرابان لەوانە بوو بەرامبەر هەموو مەسئەلەکە بە بێباکی مابانەوە.

لە بەرەکەی دیکەدا، سوپای نیزامی و هێزەکانی پۆلیس بەرچاو دەکەون کە بە هۆی ژمارەیەك تێکشکانی بچووکەوە ((هەندێکیان گەورەن)) کە لە ئامار نایەن و بە هۆی ئەوە کە بێزیان لە ئەرکی خۆیان دەبێتەوە و ناکۆکی سیاسی ناوخۆیان هەیە، مەعنەویاتیان لە دەستداوە، ئەم هێزانە لەناو سەنگەر و بنکەکانیان کە مەحکەم کاری تێدا کراوە، بە نائومێدی و کەساسییەوە خۆیان تێدا مەڵاسداوە و لەبەر چەند هۆیەکی پابەند بە کەرامەت و پایەی شەخسی خۆیانەوە، سەریان تێدا کز کردووە و ناتوانن بەجێی بهێڵن. یان هێشتاکە کورد بۆ داگیرکردنیان خۆی سازنەداوە. کورد لە ئاخرین رۆژانی سەردەمی قاسمدا لە هەڵوێستی هێرشبەر دابوون و عیراقییەکان وادەردەکەوتن هەروەکو ئەوەی کە

ئارەزوو، توانای هێرش کردنیان نەمابێ، ((ژەنراڵ بارزانی)) سەرنجێکی لەسەر ئەوە دەربڕی و گوتی:

- وەختێك سوپا توشی زیان دەبێ، توانای هێرش کردنی نامێنێ.

بێگومان ئەوە راستە. ئێستا تا رادەیەك سوپای ((بارزانی)) لە سەرکەوتن دایە، بەڵام دیسان ئەوەش راستە کە هێزی ((بارزانی)) کە لە بنەڕەتدا لە شۆڕشگێڕانی چیایی پێکهاتووە، ئەو توانا سەربازییەی نییە —و لەوانەیە هەرگیزیش نەی بێت- کۆمەڵەی سەرەکی سوپای عیراقی کە لە دەشتەکانی باشووری چیاکانی کوردستاندا مۆڵی خواردووە، راماڵێ. لە لایەکی دیکەشەوە سوپای عیراقی ناتوانێت —وە لەوانەیە هەرگیزیش نەتوانێ- بارزانی لە چیاکان راماڵێ. سوپای عیراقی لەم هەوڵدانەیدا زەرەری گەورە و تێکشکانی ئابڕوچوانەی بەسەر هات کە لە بناغەڕا کۆمارەکەی هەژاندووە و ئەم لێکدانانە لەو فاکتەرانە بوون کە بوونە هۆی رووخانی سەرۆك ((قاسم)).

لە حوزەیرانی 1963 جارێکی تر سوپای عیراقی بە هاندان و دەست لە پشتدانی بەعسییەکان، خۆی دووبارە تاقیکردەوە و دیسانەوە شکستیان هێنایەوە. شکستی ئەوان یەکێك لە گرنگترین ئەو هۆکارانە بوون کە رێگای بۆ کودەتای سەربازی 18ی تشرینی دووەمی 1963 کردەوە، پاش ئەوە هەڵوێستی سەربازی لە باکووری عیراق، بوو بە ئاگربەستێکی چەکدارانە.

# بەشی حەوتەم

# داستانی بارزانی

بەیانی رۆژێکی ساردی تەمومژاوی لە رۆژانی شوباتی 1963 لەسەر زەوییەکی بەربەرەلا لە دەرەوەی شارۆکەی ((قەڵادزێ)) لە کوردستانی عیراق، ((مەلا مستەفا بارزانی)) سەرکردەی گشتی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کورد بە تەنیا رادەوەستێ، ئەو رێگەی دابوو وێنەگرێکی کە بۆ سەردانی ئەو هاتبوو، لە هەموو لایەکەوە وێنەی بگرێ. ئەوەتا لەبەردەمانەوە پیاوێکی بەدەن داڕژاو تاپلەیەکی نائاسایی، رەوشت بەرز، سیماو رووخسارێکی پڕاو پڕ لە ویقار، چاوانی تیشکهاوێژ و تیژ، ئێستا زەردەخەنەیەك گرتوویەتی کە رواڵەتێکی توڕەیی و تەمومژاوی تێدایە.

لە مەودایەك لە نزیکی سەد پێ کۆمەڵێك ئەفسەر لە هێزەکانی بارزانی و پیاو ماقوڵانی ناوچەکە کە ژمارەیان سەد کەس دەبوو، بەڕیزەوە راوەستابوون. ((ژەنراڵ)) بە هەنگاوی هاوسەنگ و مەحکەمەوە بەرەو رووی ئەوان دەهات. ئەو، بە رۆیشتنێکی دڵنیا و هەنگاو هەڵێنانەوەیەکی جێگیر و رێکردنێکی سەربازییانە، بەدەم زەردەخەنەوە بەرەو روویان دەچوو، ریزی ئاپۆڕای پیاوەکان لەبەردەمی ئەودا وەك بۆ حورمەتی گەورەیی و شکۆمەندی ئەو، رێگایان ئاوەڵا دەکردەوە، لەو حاڵەتەدا پیاو دەبوو داوایان لێ بکا کە لێی نزیك ببنەوە و لە پەنا ئەو پیاوە مەزنە کە کەوتۆتە ناوەڕاستی ئەوانەوە، رابوەستن تا وێنەیەکی بگیرێ.

((بارزانی)) جۆرێك جلی ئەو تۆی لە بەردایە کە بەشتێك لەوانیتر جیاناکرێتەوە. قاتێك جلی نیشتیمانی رەنگ خۆڵەمێشی-سپی و سادە. بەسەر پشتێنەکەیەوە دوو ریز فیشەکدان هاتۆتە خوارێ. جەمەدانی سور و سپی بەسەرییەوەیە کە ئەمەیان تایبەتمەندی هۆزەکەی ئەوانە، ئەو بالایەکی مامناوەندی هەیە، بەڵام وەك قوللەیەکی بڵند بەسەر پیاوەکانی راست بۆتەوە و وەکو زەبەلاحێك وایە لە ناوەڕاستی ئەواندا. ((بارزانی)) هێمای جولانەوەی نیشتیمانی کوردە. ((بارزانی)) مێشکی بیرکەرەوەی شۆڕشی کوردی عیراق، و سەرکردەی سەربازی و پێشەوای سیاسییە. دڵ و مێشکی ئەو پیاوە پڕاوپڕ لە مەزنترین خۆشەویستییە بۆ کوردستان، ئەو پیاوە مەزنترین سام و شکۆی لە کوردستان بڵاوکردۆتەوە.



لەو رۆژەدا ((بارزانی)) سەرکەوتوو بوو، ئەو چاوەڕێی گەڕانەوەی شاندی خۆی دەکرد کە لە بەغدا بگەڕێنەوە. نوێنەرانی ئەو بەرەو بەغدا چوو بوون، بەڵام نەك بۆ پارانەوە، بەڵکو بۆ جێگیرکردنی داخوازییەکانی کورد، و مەرجەکانی کورد لە ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقیدا.

((بارزانی)) لەو ساتەدا خاوەنی مەزنترین متمانە بوو، ئێمە لەبارەی ئەم پیاوەوە چی دەزانین؟

((بارزانی)) پیاوێکی ئەرستوکراتییە. هەر چەندە چیرۆکی ئەو لە هیچ سەرچاوەیەکی دیکە بۆم تەئکید نەبوو. بۆیان گێرامەوە کە ((بارزانییەکان)) بەر لە هەزار و دوو سەد ساڵ، یەکەمین بنەماڵەی فەرمانڕەوا بوون لەسەر زەوییەکانی خۆیان. پێشینانی ئەوان میرانی ئامێدی بوون. رۆژگارێك دێ برای گەورە حەز لە کاروباری فەرمانڕەوایی ناکا و بۆ برا بچووکەکەی خۆی بەجێدەهێڵێ. بەڵام لە دواییدا کە دەبینێ براکەی زوڵم لە خەڵکی دەکا و دڵڕەقانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکا، پەشیمان دەبێتەوە و ئاخ لە بڕیارەکەی خۆی دەخوا و پاشان ئامێدی بەجێ دەهێڵێ و روودەکاتەوە ((بارزان)). لە بارزان نەخۆی و نە خەلیفەکانی پاش خۆی، هیچ کامیان دەسەڵاتی دنیایی وەك میر و فەرمانڕەوا بەڕێوە نابەن. بەڵام بنەماڵەکە خاوەن دەسەڵاتێکی روحی بوون. بە تێپەڕبوونی رۆژگار، میرانی ئامێدیش تێپەڕین. بەڵام بنەماڵەکەی بارزانی کە ئیتر خاوەنی زەوی زاری کشتوکاڵی شاخاوی بەرفراوان بوون[1] پایەگای خۆیان پاراستبوو. هەندێك لە

[1] شێخانی بارزان زەوی و زار و موڵك و خانووبەرەیان نییە، ((تەریقەتی تەسەوف گەرێتی)) ئەوان موڵکدارێتی لەوان قەدەغە کردووە، جگە لەوە کە بۆ بەکارهێنانی ژیانی رۆژانەی خۆیان بەکاری دەبەن. من بە چاوی خۆم ((شێخ ئەحمەد بارزانی))م (ئەو لە 1969 کۆچی دوایی کرد). بینی، لە نێوان پارەکاغەزییەکاندا واتە لە نێوان دینار و بەشەکانی و پارچە گەورەکانیدا، جیاوازی نەدەکرد. بێگومان لێرەدا دانەر مەبەستی دارایی تاکەکەس نییە. بەڵکو دەسەڵاتی مەجازییە بەسەر هەموو ئەو شتانەدا کە لە بارزاندا هەیە و هەڵبەتە زەوی و زاریش دەگرێتەوە. (ج. ف)

پیاوانی ئەوان بوون بە سەرکردەی سەربازی، هەندێکی تریان بوونە پێشەوای روحی. بەڵام ((بارزانییەکان)) هەردەم بە جەنگاوەرانی سەختگیر، مانەوە. ئەو پەندە کوردییە بەسەر ئەواندا رێکدەهاتەوە ((پیاوان بۆ ئەوە خولقاون کە بکوژرێن[2])) ئەوان شەڕی تورکیان کرد، شەڕی ئێرانیان کرد، شەڕی عەرەبیان کرد و هەروەها شەڕی کوردەکانی دراوسێی خۆشیان کرد.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا، ئەندامانی بنەماڵەی بارزانی بوونە سەرۆك و شێخانی تەریقەتی تەسەوفگەری نەقشبەندی لە هەرێمدا. تەریقەتی نەقشبەندی، رێبازگەیەکی فیکریی ئیسلامییە، لە سەرەتای سەدەی چواردەیەمی زاینیدا لە تورکستان سەریهەڵدا. ((مەولانا خالید))[3] لە سەرەتای سەدەی حەڤدەیەمدا ئەم تەریقەتەی هێنایە کوردستانەوە و شێخ تەهای شەمزینان ((شەمدینا)) ئەم تەریقەتەی[4] وەرگرت و ئەویش لە لای خۆیەوە هەستا بە تەسلیم کردنی شێخ نشینی و مریدەکانی بە ((شێخ تاجەدینی بارزانی)) کە لە گوندی بارزان دادەنیشت. بارزانییەکان لە دەوروبەری ئەو زەمانەدا ئەو گوندەیان بنیات ناوە. کاتێك کە لە بەرێکی دیکەی رووباری زێ وە گواستیانەوە ئەوێ و پاشان دانیشتوانە پێشینەکانی ئەوێیان لە یەهود و مەسیحی واڵاکرد.

جێنشینی ((شێخ تاجەدین))، ((عەبدولسەلامی یەکەم))ی کوڕەکەی خۆی بوو کە تورکەکان لە موسڵ لە سێدارەیاندا. عەبدولسەلام سەرکردایەتی شۆڕشی کردبوو. بۆ دان و سەندن و گەیشتن بە رێگا چارەیەك چوو بوو بۆ موسڵ. پاش عەبدولسەلام، کوڕەکەی خۆی ((محەمەد)) لە شێخایەتی نەقشبەندیدا جێگای گرتەوە کە بە چاکی و پاکی و پێشەوایەتی تەسەوف خوازانەی ناوبانگی دەرکرد.

---

[2] ئەم پەندە کوردییە لە بنەڕەتدا ئاوایە: ((بەرخی نێر بۆ سەربڕینە)) (ج. ف).

[3] دانەر لە لاپەرەکانی داهاتوودا بە تێروتەسەلی باسی ئەم تەریقەتە و مەولانا خالید دەکا. ((ج. ف))

[4] باوکی شێخ عوبێدوڵای نەقشبەندییە کە بە نەهری یا (نایری) ناسراوە کە پێشەوای گشتی شۆڕشی (1881-1883) بوو. (ج. ف)



هەروەها لەوەدا کە باوکی ئەو کوڕانە بوو کە یەکێکیان ((مەلا مستەفا))ی بەناوبانگ بوو، هەروەها لەوەدا کە هەلومەرجی مردنەکەی کارێکی سەر سامهێنەر بووە.

ئەو خاوەن مریدێکی یەکجار زۆر دڵسۆز و دەمارگیر و توندڕەو بووە و ئەو زۆرجار لە بارەی ((مەهدی))یەوە قسەی بۆ دەکردن ((مەهدی وەکو مەسیحی چاوەڕوانکراو لە لای مسوڵمانان، هەروەها ((دجال)) واتە مەسیحی درۆزنە بە لای مەسیحیەکانەوە وایە —لێرەدا مەبەست مەهدی درۆزنەیە)، رۆژێکیان ئاگاداری مریدەکانی دەکاتەوە کە ((دەجال)) ئەسپێکی خۆش رەوی هەیە کە لە رۆژێکدا ماوەی ساڵێکی ئەسپێکی ئاسایی دەبڕێ.

مریدەکانی لێی دەپرسن:

- کەوابێ مەهدی چۆن دەتوانێ هەڵبێت.

((شێخ محەمەد)) وەڵام دەداتەوە:

- گومانی تێدا نییە کە دەفڕێ.

شوێن کەوتوانی ((شێخ محەمەد)) ماوەیەکی دوور و درێژ بوو گومانیان نەمابوو کە شێخی ئەوان هەر بە هەقیقەت ((مەهدی))یە. ئایا شێخ خۆی نەیگوت کە ((مەهدی)) ئەهلی زانستە؟ ئەی نەیگوت کە خاوەن حیکمەتە؟ هەروەها نەی گوت کە ناوی ((محەمەد))ە؟

یەکێکیان بیر دەکاتەوە و دەڵێ:

- ئەگەر ئەو بە راستی مەهدی بێت، ئەوا دەتوانێ بفڕێ.

شوێنکەوتوانی بڕیار دەدەن ئەم کارە تاقی بکەنەوە. ئەوە بوو ئەو پیرەمێردەیان هەڵگرت و بێ ئەوەی گوێ بە ناڕەزایەتی ئەو بدەن و لەبەرزترین پەنجەرەی ماڵەکەیەوە فڕێی دەدەنە خوارەوە تا بزانن ئایا دەتوانێ بفڕێ؟

من بۆ خۆم بە کارێکی ئەستەمی دەزانم باوەڕیەوە بکەم کە ئەم مریدانە مەرام و نیازێکی پاکیان هەبووبێ، بەڵام چیرۆکەکە بەو شێوەیە کە گوێم لێبووە.

پاش ئەو لە پێشەوایەتیدا ((عەبدولسەلامی دووەم)) کە لەناو هەشت کوڕەکەیدا برا گەورەیان بوو جێگای گرتەوە. بەڵام تورك لە ساڵی 1914 لە موسڵ لە سێدارەیاندا. ((مستەفا بارزانی)) پێی گوتم کە براکەی چووبووە پاڵ هەندێك لە گەورە پێشەوایانی کورد بۆ بەرهەڵستی ئەو قانوونە نوێیانە کە ڕژێمی ((جون تورك)) لە ئەستەمبول سەپاندبووی. بەڵام ((عەبدولسەلام)) لە شەڕدا دەست پێشکەر نەبوو تا ئەو کاتەی کە تورك هێزی خۆیان نارده چیاکان بۆ ئەوەی ئەو قانونە نوێیانە بسەپێنن. ئەو، لەو ڕێگایەدا گیانی خۆی کردە قوربانی[5].

((شێخ ئەحمەد)) لەسەر هەمان ڕێچکەی پێشەوایەتی روحیدا، کوڕی دووەمی شێخ محەمەد بوو. ((شێخ ئەحمەد لە تەریقەتی نەقشبەندیدا وا قووڵ بۆوە کە لە باوکی زیاتر ناوی دەرکرد، براکەشی ((مەلا مستەفا)) کە بیست ساڵ لە خۆی بچووکتر بوو، بووە سەرکردەی سەربازی عەشیرەتی بارزان. ئەو لەبەر هیچ هۆکارێکی ئاینی بە ناوی ((مەلا مستەفا)) ناونەبرا، بەڵکو بەناوی یەکێك لە خاڵەکانی خۆیەوە ناونرا بوو.

هۆزی بارزان تا ساڵی 1906 ((ئەو کاتە مەلا مستەفا منداڵێکی ساوابوو)) ژمارەیان لە (750)[6] خێزان زیاتر نەبوو. بەڵام پاش ئەوە کە چەند عەشیرەتێکی دیکە کە شێخی بارزانیان بەرێبەر و پێشەوای روحی خۆیان دانا، چوونە پاڵیانەوە، ژمارەیان زیادی کرد و فراوان بوون. ئەم عەشیرەتانەش ((شیروانی))یەکان کە لە ساڵی 1906دا هەزار و دوو سەد خێزان بوون.

---

[5] کاتێك کارەساتی ((شێخ عەبدولسەلام)) روویدا ((مەلا مستەفا بارزانی)) مێرمنداڵێك بوو. لەو باوەڕەداین کە لە ئاخاوتن لەگەڵ دانەردا لە راستیەکان دوورنەکەوتۆتەوە بەڵام نەچۆتە ناو وردەکارییەکانەوە. خوێنەر ئەگەر ویستی وردەکارییەکان بزانێ، دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ هەردوو کتێبی وەرگێڕدراوی ((مهد البشریه – الحیاه فی شرق کوردستان)) تألیف ویکرام بغداد. دار العروبه 1971: و بصوره خاصه الفصول 8، 9، 10. کتاب جمهوریه مهاباد ((دار الگلیعه)) بیروت 1972. الفصل الاول. (ج. ف)

[6] ویلیەم ئیگلتون (جمهوریه 1946 الکردیه). ترجمه (ج. ف)



((مزوری))یەکان کە سەد و بیست خێزان بوون. هەروەها دوو عەشیرەتی بچووکی تر کە ((بەرۆژی و دۆڵەمەڕی)) بوون، چوونە پاڵیانەوە.

قۆناغی منداڵی ((مەلا مستەفا)) پڕ لە ڕووداوی توندوتیژ بوو. کاتێك کە تەمەنی ساڵ و نیوێك دەبوو لەگەڵ دایکی ماوەی نۆ مانگ دەخرێنە ناو بەندیخانەی عوسمانییەوە. ڕەنگە ئەمە لە ساڵی 1905دا بوو بێ. کاتێك گەیشتە قۆناغێك کە لە شتەکان تێبگا، بەسەرهاتی خنکانی باپیری لە لایەن تورکانەوە، کوژرانی باوکی لەسەر دەستی دەمارگیرانی توندڕەو لە ساڵی 1908، لە سێدارەدانی برا گەورەکەی ((عەبدولسەلام)) لە ساڵی 1914 لە لایەن تورکانەوە، بۆ باس دەکرێ.

((مەلا مستەفا)) شەش ساڵ لە قۆناغی فێربوونی زانستی سەرەتایی لەسەر دەستی مامۆستایانی تایبەتی لە گوندی بارزان تەواو دەکا. پاش ئەوە بۆ ماوەی چوار ساڵ ((شەریعە و فیقهی ئیسلامی)) لە بارزان دەخوێنێ. دوای ئەوە لە ماوەی دوورخرانەوەکەشی لە سلێمانی لەسەر خوێندنی ((فیقهی)) هەر بەردەوام دەبێ تادەگاتە ئەو رادەیە کە لە ((تەفسیر و حەدیس))دا مۆڵەت وەردەگرێ.

بەڵام ئەو زۆر لەوە زیاتر فێر بوو. مەبەستم ڕەوشت و ئاکارجوانی سادە و سەختی عەشیرەتەکەیەتی، لەو کاتانەشدا کە منداڵ بووە لە چیاکانی دەوروپشتی بارزان گەشتی دەکرد، زیاتر لەوە فێر بوو کە لە پاشاندا وەك سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ پێویستی پێدەبوو کە بیزانێ.

ئەو کەسەی بەسەر ئەو چیایانەدا هەڵدەگەڕا هەردەبوایە ئەسپ یا ئێستر بەکاربهێنێ یان ئەوەتا بەسەر قاچی خۆیەوە بڕوا. لەوێ زورگی بەر ئاوەڵەی بۆ لەوەڕاندنی میگەل لێیە، رەز و باخات و زەوی و زاری بچووکی کشتوکاڵی لێیە کە کەوتوونەتە بنی شیوەکانەوە و بە جۆگا ئاو دەدرێن. خەڵکی بارزان لە زۆر پێویستیدا خۆیان بەخۆ-ژیو، بوون. چونکە ڕێگاوبانەکانی ئەوان زۆر خراپ بوون و بازاڕەکان لێیانەوە دووربوون و دەست پێڕاگەیشتنیان کارێکی ئەستەم بوو. مەڕ و بزن سەرچاوەی خۆراك و پۆشاکیان بوو. جگە لە شەکر و چای و تفەنگ و

فیشەك، شتێكی كەمی تر كە پێویست بوو لە شارە دوورەكانەوە بیهێنن، ئەگەرنا هیچی تر نەبوو.

ژیانی زۆربەی دانیشتوانی ئەم ناوچانە، بە هیچی وا لە ئاستی پارووی ژیانیان تێپەڕ ناكا. ئەوانە هەروەكو سكۆتلەندییە چیاییەكان لە دارایی دنیادا شتێك شك نابەن. زەحمەتكێش و لەبەرزترین ئاستی رەوشتی شەخسی سەنگیندا گۆش بوون. فەرمانی شێخ چ لە كاروباری جەنگ و چ لە كاروباری ئاینیدا، فەرمانێكی رەهایە. ئاگری جەنگیش دژی تورك، دژی عەرەب، دژی ئێرانیەكان، دژی زێباری، برادۆستی، هەركییە رەوەندەكان، رێكانی و بەرواریەكان بەردەوامە و كوژانەوەی بۆ نییە.

((مەلا مستەفا)) وەكو هەر منداڵە كوردێكی دیكە فێری راوبوو. ئەو، راوی ((كەو)) ئەو باڵندە خۆش رەو و چالاكەی كە بەناو لێڕەواری بەرووی چیاكانی كورددا پەرتوبڵاوە، دەكرد. هەروەكو بەرازی كێوی و گورگ و ورچی راودەكرد.

((مەلا مستەفا)) وەك كارگەر لە كێڵگەی باوكیدا كاری دەكرد، فێری زەوی كێڵان بوو. لەناو چیاكاندا وەكو هەر كوڕە شوانێك مەڕ و بزنی دەلەوەڕاند. هەروەها فێر بوو چۆن مازوو لە درەختە كێوییەكان وەك جوتیارەكانی دانیشتووی چیا بەرزەكان كۆدەكاتەوە كە دەفرۆشرێ و لە پیشەسازی پێستە خۆشكردندا لە باشوور بەكاری دەهێنن.

لە كۆتایی بیستەكاندا ((مەلا مستەفا)) لەگەڵ كچی مامی خۆی هەروەك كە نەریتی بارزانییەكانە، زەماوەندی كرد و سێ كوڕ و كچێكی بوو، ((عوبیدوڵا)) لە ساڵی 1927 لە دایك بوو، ((لوقمان)) و ((ئیدریس))[7]. پاش

[7] ئیدریس نا بەڵكو سابیر، ئیدریس لە ژنی سێیەمیەتی. (ج. ف)
- كاك ئیدریس بارزانی. لە ساڵی 1944 لە گوندی بارزان لە دایك بووە. لە بەرواری 31/ 1 /1987 دڵی لە لێدان كەوت. ئەم شەهیدە مەزنەی كوردستان لەو كاتەدا بەرپرسیاری پەیوەندییەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان و ئەندامی مەكتەبی سیاسی بوو. سڵاو لە گیانی ئەو نەمرە و هەموو نەمرانی تر كە لە نێو دڵی میللەتدا دەژین. (و. ك)



ماوەیەكی زۆر دوور، ژنی دووەمی هێنا كە كچی ((مەحمود ئاغا)) سەرۆكی ((زێباری))یەكان بوو. هەرچەندە ئەم زەماوەندە بۆ مەرامێكی سیاسی ئەنجامدرا، بەڵام لە وەلانانی دوژمنایەتی نێوان هەردوو هۆزی ((زێبار)) و ((بارزان)) كاریگەری نەبوو. ((مەلا مستەفا)) لەو ژنە نوێیەش چوار كوڕی هەیە: ((مەسعود لە دەوروبەری 1945 لە دایكبووە، ((سابیر)) بە ساڵێك لەو بچووكترە و ((نیهاد)) لە كۆتایی پەنجاكان لە دایك بووە كوڕێكی دیكەشی لە دوای 1960 لە دایك بووە. ((كورد بەشێوەیەكی گشتی بە دروستی بەرواری لە دایكبوونی خۆیان نانووسنەوە)).

((مەلا مستەفا))، لە رۆڵی سەركردەیەكی جەنگیدا، بۆ یەكەمجار لە ساڵی 1931 هاتە مەیدان، ئەو كاتە تەمەنی بیست و حەوت ساڵ بوو كە بە خۆی و هۆزەكەی هێزەكانی ((شێخ رەشیدی برادۆست)) یان راماڵی كە ((جیهاد))ی لە دژی ((شێخ ئەحمەد))ی برای ((مەلا مستەفا)) راگەیاند بوو. شێخ ئەحمەد بیست ساڵ تەمەنی لە براكەی گەورەتر بوو. ((شێخ رەشید)) ((شێخ ئەحمەدی))ی بەزەندیق و دەرچوو لە سنورەكانی ئیسلام تۆمەتبار كرد بوو.

هەندێك كەس هەبوون بە چاوێكەوە سەیری ((شێخ ئەحمەد))یان دەكرد كە ((وەلی))یە، بەڵام كەسانی تر، بە تایبەتی خەڵكی تەریقەتی قادری، هەبوون كە باوەڕیان وابوو نوێژ و ((زیكر)) كە شێخی ((بارزانی نەقشبەندی)) دەیویست دەسەڵات و كەڕاماتی خۆی بە كەڕاماتی باپیرانییەوە ببەستێتەوە، مەرامی ئەوەیە كە خۆی وا رابگەیەنێ كە ئەو ((مەهدی چاوەڕوانكراوە))، یاخود ((اللّٰه)) لەودا ئاوێتە بووە ئەم قسە و قسەڵۆكانە، لە سۆنگایی ئەوەی كە بارزان ناوەندێكی مەترسیدار بوو بۆ كۆكردنەوەی هێزە عەشایرییەكان، حكومەت رمێنی پێدابوون.

هەر چۆنێك بێ حكومەت سكاڵاكانی ((شێخ ئەحمەد))ی لەمەڕ پەلامارەكانی ((شێخ رەشیدی برادۆست)) خستە پشگوێ و زیاتر سەیری ئەو

تەمیّ کردنەی دەکرد کە ((مەلا مستەفا))ی لاو، بەسەر پەلاماردەرانی هێنابوو، حکوومەت بە روانینێکی جیدی تر، زۆر زیاتر لەوە کە بە جیدی تەماشای شالاوبەرانی دەستدرێژیکەر بکا، هەروەها لەو کاتەشدا کە ((شێخ ئەحمەد)) داوای ئەوەی خستە روو کە ئەو دیلانەی گیراون ئازاد بکرێن، ئەو چەك و مالاتەی بە دەسکەوت گیراوە، بگێردرێتەوە، تورەیی حکوومەت نەدەنیشتەوە. هەروەکو حکوومەت ئارەزووی ئەوە نەکا ئاشتی لەگەڵ بارزانییەکاندا بکا، بگرە ئەم بیانووە بە دەستەبەر بزانیّ بۆ ئەوەی لوتیانی پیّ بشکێنێ.

حکوومەت لە هەڵمەتێکی تەمبیّ کردندا بە هاوپشتی عەشیرەتە نەیارەکانی بارزان و هێزی ئاسمانی بەریتانی، بەرەو سنورەکانی بارزان لە ساڵی 1932، 1933دا کەوتەخۆ. هەرچەندە ئەو فرۆکانەی کە ئەو کاتە لەبەردەستدا بوون لەو فرۆکە نوێیانە هێواش ترن. ئەو بۆمبایانەی ئەو کاتە هەبوون لەوانە بچووکترن کە ئەمرۆ بەکاردەهێنرێن. بەڵام بەشی ئەوەیان پێوەبوو کە گوندە شاخاوییەکانی کورد وێران بکەن. لە هەندێك حاڵەتدا رێژەی وێرانکارییەکە بەرادەیەك بەرزبۆوە گەیشتە هەشتا لە سەدی شوێنە ئاوەدانەکان.

بارزانییەکان دووقاتی ئەوە گورزی کوشندەیان وەشاند. بەڵام لە بەهاری 1934 هێزەکانیان برست و توانایان لێبراو و شێخ ئەحمەد و هەندێك لە پیاوەکانی پەنایان بردە بە تورکیا، لەوێش هەندێکیان لیّ خنکاندن و شێخ ئەحمەد خۆی گەرایەوە بۆ ئەوەی خۆی تەسلیم بە حکوومەتی عیراقی بکاتەوە. لە ئاکامی ئەو گوتوبێژەی کە لەو کاتەدا لەگەڵ ئەفسەرێکی بەریتانی، کە کورد بەناوی (کاپتن ڤیولیت Captain Violet) ناسییان، بەرێوەچوو، حکوومەتی عیراقی رازی بوو کە ئیجرائاتی تر دژی بارزانییەکان نەکریّ، بەڵام بەو مەرجە کە شێخ ئەحمەد و براکەی ((مەلا مستەفا)) و هەموو بنەماڵەکە —ناوچەی بارزان بەجێبهێڵن و بۆ ((نیشتەجیّ بوونی زۆرەملیّ)) کە بەسەریاندا دەسەپێنریّ، ملکەچ بن. ئەمەش مانای وابوو کە ئەمانە یەکەمجار بۆ باشووری عیراق و پاشان بۆ شاری سلێمانی دوور دەخرێنەوە.



بەم جۆرە بنەماڵەی بارزانی ماوەی دە ساڵ دوورخرانەوە. زۆربەی ئەو ماوەیەیان لە سلێمانی بەسەر برد. ئەم سزادانە ماوەیەکی لەوە زیاتری خایاند کە حکوومەت مەزندەی دەکرد. سلێمانی پایتەختی روحی نیشتیمانپەروەری کوردییە لە عیراقدا.

ئەم شارۆکەیە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمدا تاکو ساڵی 1848 ناوەندی فەرمانرەواییەکی ناوخۆیی بناغەپتەوی کوردی بوو. لەو ماوەیەی کە حوکمی بنەماڵەی ((بابانی)) بەرێوە چوو، سەردانیکەرانی سلێمانی شیعری کوردییان گویّ لیّ دەبوو، بە پاسەوانانی پاشای کورد سەرسام دەبوون و تام و چێژێکی گەورەیان لە گۆرەپانەکانی شەرە شمشێر و ئەسپ سواری وەردەگرت، شێخ (رەزای تاڵەبانی) یادی ئەو رۆژانەی کردۆتەوە و دەڵیّ ((من ئەوەم لە بیرە کە سلێمانی پایتەختی (بابان)) بوو، ملکەچی فارس و کۆیلەی ئالی عوسمان ((تورك)) نەبوو[9].

هەر لەم شارەشدا بوو کە لە ساڵی 1918 دا بەریتانییەکان دانیان بە ((شێخ مەحمود)) وەك حاکمێکی کوردی، خاوەن حوکمێکی ناوخۆیی، دانا. بەڵام پاشان لێی هەڵگەرانەوە، چونکە لە لایەکەوە ئاواتی ئەو لە سنوری تێپەراند، لە لایەکی دیکەشەوە سیاسەتی بەریتانیا کە پێشان یاری بە بیرۆکەی ((کوردستان)ی سەربەخۆ یان خاوەن حوکمی ناوخۆ، دەکرد، گۆرا بۆ سیاسەتێکی پاشکۆ بۆ حوکمی عەرەب.

لە تشرینی دووەمی 1943 (مەلا مستەفا) بریاریدا لە شوێنی ((نیشتەجێی بوونی زۆرەملیّ))ی خۆی لە سلێمانی رابکا. ئەوەبوو بە یارمەتی دێهاتییە

---

[9] سەرەتای شیعرەکە ئاوایە:

لە بیرم دیّ سلێمانی کە (دارالملك)ی بابان بوو
نە مەحکومی (عەجەم) نەسوخرەکێشی ئالی (عوسمان) بوو

شێخ رەزا (1840-1909) شاعیرێکی ئازادیخوازی کوردە. ئەو شاعیرێکی داشوری و لە رووهەڵماڵراو و بێبەزەیی و بیّ شەرم ناسرا بوو. بە بەهێزی لە گوزارشت کردندا دەناسرا. ئەو بە کوردی و فارسی و عەرەبی و تورکی شیعری هەیە. (ج. ف)

کوردەکان دەرباز بوو، و گەیشتەوە ناوچە شاخاویەکانی بارزان و داوای کۆبوونەوەی هەڤالآنی کرد.

ئەوانیش لە دەوری کۆبوونەوە و لە پاشاندا پۆلیسی عیراقی و سوپای نیزامییان تێکشاند کە بۆ ملکەچ پێکردنی باکوور بەرێکرابوون.

حکوومەت لە بەغدا —لەسەر ئامۆژگاری ئینگلیز کە ئەو کاتە لە جەنگدا بوون و زۆر سووربوون لەسەر دووکەوتنەوە لە هەر چەشنە کاروکردەوەی پشێوی و ئالۆزی نانەوە لە رۆژهەلآتی نزیکدا- بڕیاریدا کە لە هەولّدان بۆ ملکەچکردنی بارزان بە هێزی چەك و زۆر، وازبێنێ. لە جیاتی ئەوە کار بکا بە رێگای دانوسەندن کێشەکە لەگەلّ ئەو پێشەوا کوردە هەراسانکەرەدا ببڕێنێتەوە. حکوومەت ((ماجید مستەفا ))[10] کە وەزیری دەولّەت بوو، خۆشی کورد بوو، ناردە لای ((مەلا مستەفا ))، ((ماجید مستەفا )) مەرجە سەرەکییەکانی کورد کە بریتی بوو لە: {کردنەوەی قوتابخانە بۆ مندالآنی کورد، دان پێدانانی زمانی کوردی وەك زمانێکی رەسمی، رێگا ئاوەلآکردن بۆ دامەزراندنی کورد لە وەزیفەکانی دەولّەت بنیات نانی پرۆژەی ئاوەدان کردنەوە و ئابووری، کردنەوەی قوتابخانە و نەخۆشخانە} قبوولّ کرد.

((نوری سەعید )) سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتە رێکەوتنەکەی سەلماند، پاشان (بارزانی ) خۆی چووە بەغدا و بەباشی پێشوازی لێکرا و رێگای پێدرا کە لەگەلّ هەموو ئەندامانی دوورخراوەی بنەمالّەکەی بگەڕێتەوە بۆ بارزان. هەروەها ((نوری سەعید )) سەرۆك وەزیران لە وتارێکدا لە یانەی ئەفسەرانی بارەگای ((فیرقەی دوو ))دا لە کەرکوك رایگەیاند کە ئەو لەو باوەڕەدایە کە پێویستە کورد مافەکانی خۆیان وەربگرن.

هێندەی پێنەچوو ((نوری سەعید )) لە میانی پرۆسەیەکی لە بێژەنگدانی سیاسی ناوخۆدا کە زۆرجار لە عیراق روودەدا —خۆی بینیەوە کە جارێ هەر نەبێ

---

[10] بەرێز ماجید مستەفا لە سالّی 1971 کۆچی دوایی کردووە. (ج. ف)



بە جۆرێکی کاتی —نامەی دەست لە کارکێشانەوەی خۆی ئیمزا بکا، بەدوای ئەودا کابینەی حکوومەتێکی نەتەوەپەرست هات کە لەنفوزی روو بەهەلّکشاوی ((مەلا مستەفا )) دەترسا، دانی بە هیچ ئیمتیازێکدا نەدەهێنا بۆ کورد.

ئێستا کات سالّی (1944 )ە. بەریتانییەکان وای دەبینن کە کۆتایی جەنگ نزیکبۆتەوە. وا پێ دەچێ ئەمە وای لێکردبن کە گرنگیپێدانی خۆیان لە گوشار خستنە سەر عیراقییەکان چڕکردبێتەوە تا لەگەلّ کورد رێك بکەون.

حکوومەتی نوێ رێکەوتنەکەی ((ماجید مستەفا ))ی رەتکردەوە و دەستی کرد بە توندکردنی ئیجرائاتە پۆلیسییەکان و زیاتر بە هێزکردنی (حامیە )کان لە باکووری کوردنشیندا.

بارودۆخ زیاتر گرژبوو. لەو کاتەدا کە مەلا مستەفا بۆ کوژاندنەوەی ناکۆکی عەشایری لە (دهۆك) هات و چوونی بوو. رووداوێك لە مێرگەسور روویدا. سەرکردەیەکی عەشایری کورد کە ناوی ((ئولی بەگ)) بوو، بۆ وەرگرتنی چاو گەنم دەچێتە بنکەیەکی پۆلیس لە نزیك مێرگەسور. لەوێ ناکۆکییەك روودەدا و دەبێتە شەڕ، ((ئولی بەگ)) دەکوژرێت. پیاوانی هۆزەکان تۆلّەیان لە بنکەکە کردەوە، ئەم کارە بووە هۆی ئەوە کە سوپا ئیجرائاتی تەمبێ کارانە دژی بارزانییەکان دەست پێبکا. (مستەفا بارزانی ) ئەو پەڕی کۆششی بەکارهێنا و داوای لە حکوومەت کرد کە کاروکردەوەی تەمبێ کارانە رابگرێ و کار بکا بۆ ئەوەی گیروگرفتەکان بە رێوشوێنی نەرم و نیان چارەسەر بکا. بەلآم بارزانی لەوەدا سەرکەوتوو نەبوو، چونکە حکوومەت دەرفەت و بیانووی خۆی بە لەبار زانی بۆ ئەوەی ئۆپەراسیونێکی سەربازی فراوان دژی بارزانییەکان دەست پێبکا.

قورسایی گرنگیدانی ((بارزانی )) لە بەرگری کردن لە ناوچەی بارزان چڕببۆوە. هەموو هێزەکانی خۆی کە لە ناوچەکانی دەوروپشتی بارزان بوون، کۆکردەوە. ئەوە سەرەڕای نزیکی هۆزەکانی تری نزیك لە خۆیان کە لە پەیڕەوانی خۆی بوون وەکو مزروییەکان و شێروانییەکان و بەرۆژییەکان و دۆلّەمەڕییەکان و جگە لە

پشتەوانی هەردوو عەشیرەتی (گۆران) و (ڕەژوکەران) لەناوچەی ئاکرێ، و (سلیڤانی) لەناوچەی زاخۆ، برادۆست لەناوچەی ڕەواندز، لەو سەروبەندەدا هێزەکانی بارزانی خۆی لە نزیکی 4000 تا 5000 پیاو دەدا.

عیراقییەکانیش هێزێکیان لە دژی کۆکردەوە کە خۆی لە 30000 کەس دەدا. واتە نزیکەی نیوەی سوپای عیراقی، سەرەڕای (12000) کەس لە هێزەکانی پۆلیس، هێزێکی ئاسمانی گونجاو کە چەکی ئاسمانی بەریتانی پشتەوانی لێدەکرد. هەموو ئەو هێزانە لە ژێر فەرمانداەیی میجور ژەنراڵ زنتن (G. M. Renton)[11] بوو. رنتن ئەفسەرێکی بەریتانی یەك دەست بوو، لە پێشدا سەرکردەی یەکێك لە سوپاکانی باکووری ئەفریقا بوو. (مصطفی عمری) وەزیری ناوخۆش لە مەهامێکی تایبەتدا کە بریتی بوو لە کڕینی ویژدانی هەندێك لە عەشیرەتەکان، لەگەڵیدا بوو. هەروەها (عەبدول ئیلا) (راسپێردەکاری عەرشی عیراقی) لە بارەگای گشتی لە نزیك ((ئاکرێ)) ئامادە بوو. لە 15ی تەمووزی 1945 ئەم هێزانە بەرەو چیاکان پێشڕەوییان کرد، لە 7ی ئابدا هێرشیان کرد و زیانێکی مەزنیان پێکەوت. کورد، دەستیان بەسەر پێگە و ئوردووە سەربازییەکانی ((بیراکەپرا)) و ((مێرگەسور)) و ((بلێ))دا گرت. هەموو پێگەکانی دەوروپشتی ئاکرێ، ئامێدی، رەواندزیان داگیر کرد. لە یەك بۆنەشدا هێزێکی کوردی تامەودایەکی دوور پێشڕەوی کرد تا گەیشتە نزیکی بیست کیلومەتر لە شاری (هەولێر). بەڵام کاتێك کەوتەبەر پەلاماری بۆمبارانی چڕی چەکی ئاسمانی بەریتانی، بە ڕێگا خۆیدا پاشەکشەی کرد.

کورد لە گەروی ((نەهلە)) چوار ((فەوج))یان خستە ناو بۆسەی خۆیانەوە. هێزی کورد کە (مستەفا بارزانی) سەرکردایەتی دەکرد، هەشت هەزار سەربازیان گەمارۆدا و کەوتنە ناو تەڵەکەوە کە بۆیان دانرابۆوە. لەو کاتەدا چارەنووسی جەنگ، بەروپشت بە دژی بارزانی هەڵگەڕایەوە، سەربازانی گەماردراو، لە

[11] ئەو کاتە پشکنەری گشتی سوپای عیراقی بوو. بەڵام لە راستیدا ئەو رکێفی بەسەر چارەنووسی هەموو جوڵانەوەیەکی سوپادا هەبوو، ئەو یەکێك بوو لە سەرکردەکانی فیرقەی هەشتی سوپای بەریتانی کە لە بیابان دەجەنگا. (ج. ف)



ئاکامی خیانەتی (مەحمود ئاغای سەرۆکی هۆزی زێباری) کە تا ئەو کات هاوپەیمانی (مستەفا بارزانی) بوو، رزگاریان بوو. دەنگۆ وابوو کە ((ئەحمەد ئاغا زێباری)) کە برای مەحمود ئاغا بوو، بەرتیلی لە حکوومەت وەرگرتووە. هەر لەو سەر و وەختەشدا حکوومەت توانی ((مەحمود بەگی خەلیفە سەمەد))یش سەرۆکی هۆزی ((برادۆست)) بکڕێ.

لە میانی هەموو ئەو پۆپەراسیۆنانەدا ((بارزانی)) دەیگوت دوو هەزار تفەنگ و سەد هەزار فیشەك لەگەڵ هەشت تۆپی مەیدان، جگە لە هەشت دەزگای بێ تەلی ناردن و وەرگرتنی بە دەسکەوت گرتوە. هەورەها دەیگوت کە هەشت فڕۆکەیان خستۆتە خوارەوە، بەڵام هەڵگەڕانەوەی هێزە عەشایرییە گەورە و هاوپەیمانەکانیان و بەشداریکردنی هێزی ئاسمانی بەریتانی زۆر لەوە زیاتر و گەورەتر بوو کە ئەوان خۆیانی لەبەر رابگرن. بارزانی لە کاتی گوتوبێژ لەگەڵ مندا باسی کرد کە فڕۆکەکانی بەریتانیا هەموو جارێك بە کۆمەڵێك دەهاتن کە سی و شەش فڕۆکە بوون بۆ ئەوەی گوندەکانی بارزان لەسەر نەخشە بسڕنەوە.

بە بیروڕای بارزانی فڕۆکەوانەکانی ئەوسای بەریتانیا مەشقی باشتریان لە فڕۆکەوانەکانی ئێستای هێزی ئاسمانی عیراقی پێکرابوو. چونکە تا ئاستێکی زۆر نزم دادەهاتنە خوارەوە، بێگومان ئەوان ژمارەشیان زۆر زیاتر بوو.

گوشاری سوپای عیراقی بە پشتەوانی بەریتانیا تا دەهات لەسەر ((مستەفا بارزانی) و ((شێخ ئەحمەدی برای))، گەورەتر دەبوو. (مەلا مستەفا) لەو باوەڕەدا بوو کە بەریتانییەکان سورن لەسەر ئەوەی هێزەکانیان تارومار بکەن و واشیان لێ بکەن نە توانن بچنە پاڵ ئەو ناوچە کوردییەی ئێران کە بەرەو ئۆتۆنۆمی گەشە دەکا. ئەمەش لە ئاکامی گرنگیدانی بەریتانیا بەو راپۆرتە رۆشنانەی کە دەربارەی ((ئوتونۆمی ناوچەی بۆشایی!)) بوون، کە بەردەوام روو لە زیاد بوون بوون. ئەم ناوچەیە کە هەر لە ساڵی (1941)ەوە لە دەوروبەری ((مهاباد))ی ئێران لە ناوچەیەکی بۆشایی بێلایەندا بوو لە نێوان سوپای روسی لە باکور و سەربازانی ئێرانی و بەریتانی لەباشور، ناوەندێکی کۆبوونەوە بوو. لە (مهاباد)

که هەروەکو (سلێمانی) ساڵەکانی هەردوو سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەم، ناوەندی ئۆتۆنۆمی کوردی بوو، کورد هەستا بە سەرکەوتووترین خۆ پیشاندانی نەتەوەیی خۆی تاکو دەگاتە رۆژگاری ئێستا.

لە 16ی ئەیلولی 1942دا کۆمەڵێك کە لە پازدە کەس پێکهاتبوون، بڕیاریاندا رێکخراوێك دابمەزرێنن کە بە هەمان ناوی کوردی خۆیەوە بە ناوی ((کۆمەڵە)) وە ناسرا.

لە ئێران ((کۆمەڵە)) بووە جمگی کۆمەڵەی هیوا لە عێراق و ((خۆیبوون))، کە نیشتیمانپەروەرانی کوردی لە بەیروت و دیمەشق و جێگاکانی دیکەی کوردستان لە خۆی کۆکردبۆوە.

لە ئابی 1944 ئاڵ و گۆڕی شاندی کوردی عیراقی و ئێرانی کرا. لە جێگایەك کە لەوێ هەر سێ سنوری عێراق و ئێران و تورکیا بەیەك دەگەن و بە ((دالاَنپەر)) دەناسرێ پەیماننامەیەکی مێژوویی لەمەڕ ئاواتەکانی کورد لە یەکگرتنەوەیەکی مەزندا، لە نێوان کوردی عیراق و ئێران و تورکیا مۆرکرا بە ناوی ((پەیمانی سێ سنور)) بۆ یارمەتی و هاوکاری هاوبەش، دابەشکردنی تفاق و پێداویستی و کەل و پەل و وزەی بەشەری[12].

((مەلا مستەفا و شێخ ئەحمەد)) بڕیاریاندا بە خۆیان و ژن و منداڵ و مەڕ و ماڵاتەوە لە عیراق بچنە دەرەوە و بەرەو ئەو ناوچەیە کە تاڕادەیەك ئازادی و ئاسایشی تێدایە، بجولێن، کە پاشان لە کانونی دووەمی 1946دا بووە کۆماری ((مهاباد))ی کوردی.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ((ئیگلتن)) ژمارەی ئاوارەکان تەنیا بە دە هەزار کەس مەزەندە دەکا کە لەناویاندا تەنیا سێ هەزار کەس توانای چەك هەڵگرتنیان هەبوو، بارزانی خۆی گوتی کە پتر لە (35.000) پیاو و ژن منداڵ لە بارزانییەکان و هۆزە پەیڕەوە جۆربەجۆرەکانی دیکە لە کۆتایی هاوین و پایزی 1945 بە

[12] ویلیەم ئیگلتن کوڕ: سەرچاوەی پێشوو (دانەر)



ئاراستەی رۆژهەڵاتدا کەوتینە رێ و گوندەکانی خۆمان بەجێهێشت، بەڵام لە چیاکانی ئێران دەسبەجێ پێشوازی و ئەنوایان دەست نەکەوت. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوە بە ژمارەیەکی گەورە دێتە بەرچاو بەڵام بارزانی وای مەزەندە دەکرد کە بە هۆکاری نەخۆشی جۆراوجۆر و سەرماوسۆڵە و برسێتی، موهاجیرەکان لە سێ مانگی زستانی (1945-1946) 4.500 کەس گیانیان لە دەستدا.

هۆکاری ئەوە کە لە یەکەمین جار، بە دوو دڵی و ساردییەوە پێشوازی لە بارزانییەکان کرا، لەبەر کێ بەرکێی ناو کوردەکان خۆیان نەبوو، بەڵکو بەرەنجامی ئەو گوشارە بوو کە کارمەندانی سۆڤێتی لە کوردی ئێرانیان دەکرد کە لە وڵاتی خۆیان قبوڵیان نەکەن. سۆڤێت (بارزانی)یان بە ((بەکرێگیراوێکی بەریتانی)) دەزانی. (ئەمە قسەیەك بوو کە ئەو کاتە بە بەردەوامی بەکاریان دەهێنا، هەروەکو لەم دواییانەدا هەندێك چاپەمەنی ئەمریکی نازناوی ((مەلای سور))یان دەدایە پاڵ.

هەر چۆنێك بێ لە بەهاری 1946 کورد بەسەر ئاستەنگەکانی سۆڤێتیدا سەرکەوتن. بارزانییەکان گوازرانەوە بۆ جێگایەکی باشتر لە جێگای جاری یەکەمیان و لە شیوەکاندا جێگیر بوون. ((مەلا مستەفا)) بوو بە یەکێك لە چوار ژەنڕاڵەکەی کۆماری مهاباد.

هاوکاری سۆڤێت بۆ کۆماری مهاباد لە لایەك و گوشار بۆ هێناشی، سروشتێکی ناکۆك بە یەك و نامۆی هەبوو، گومانیش لەوە دانییە کە بیرۆکەی هاوکاری کردن و بەکارهێنانی کورد لەو کاتەدا یاری بە خەیاڵی روسەکان دەکرد. لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1945 واتە بەر لەوەی کۆماری مهابادی خاوەن ئوتونۆم لە 22ی کانونی دووەمی 1946دا رابگەیەنرێ، پێشەوایانی کورد بۆ گرێدانی کۆنگرەیەك بانگکرانە (باکو). لەناو ئەو پێشەوایانەدا ((قازی محەمەد) سەرۆکی داهاتووی کۆماری مهاباد بوو. روس بە دردۆنگییەوە لەسەر پلانی کورد بۆ دامەزراندنی کۆمار، رەزامەندییان دەربڕی. پاش دامەزراندنی کۆمار، روسەکان بە چەك، چاپخانەیەك، هاوکاری مادی، هەروەها قوماش بۆ جل و بەرگی سەربازی

که ئەفسەران و بەرپرسانی کۆماری لەبەریان دەکرد، هاوکارییان کردن. بەڵام ئەوان بەڵێنی خۆیان لە ناردنی تانك، تۆپ، یارمەتی ماڵی بۆ کورد، نەبردەسەر.

لە واقیعدا روسەکان زیاتر گرنگییان بە کۆماری ئازەربایجانی ئێرانی کە دراوسێی خۆیان بوو، دەدا و ئارەزوویان دەکرد کە زیاتر فراوان ببێ تا وای لێبێ ناوچە کوردییەکانیش بگرێتەوە. لە دواجاردا بیرۆکەی ئیمتیازاتی نەوت لە باکوری ئێران کەوتە ناو کەللەیانەوە. هەروەها گوشاری نێو دەوڵەتیش لە پێویستی کشانەوەی سەربازیی ئەوان لەناو ئێراندا، زیاتر لە سەریان توند بوو، ئەوە بوو دەستیان لە هەرکام لە ئازەربایجان و کوردیش بەردا.

دژواری مامەڵەی کورد، لەگەڵ رۆژهەڵات و رۆژئاوا بە یەکەوە، لەوەڕا سەرچاوە دەگرێ کە کورد ئەو پەڕی پێوستی بە یارمەتی هەیە و لە هەمانکاتیشدا ئارەزوو دەکەن کە سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن.

کورد یارمەتیان لە رۆژئاواوە دەست نەکەوت، نەشیان توانی لە جوڵاندنی سەرنجی ئەوان بۆ لای خۆیان سەرکەوتووبن. هەر چەندە هەندێك سەردانیکەرانی ئەمریکی چوونە ناو کۆمار، لەوانە (ئارشیباڵد – ئارشی – روزفلت) کە راپۆرتێکی وردی بێلایەنی لە ((گۆڤاری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست))دا لەسەر کۆمار نووسی. بەڵام سیمای هەڵوێستی رەسمی ((ویلایەتە یەکگرتووەکان)) گرنگی نەدانێکی پڕ لە گومان و دردۆنگی بوو لەوەی کە یەکێتی سۆڤێتی بەسەر کۆماردا زاڵە ))[13].

لە هەمانکاتدا روس لە بەرامبەر ئەو هاوکارییە بەرتەسکەشدا، هەوڵیان دەدا، نفوزێکی زۆر لەوە زیاتر بە کاربێنن کە کورد ئارەزووی دەکرد. روسەکان لەو رێبازەش رازی نەبوون کە کۆمار گرتبوویە بەر. چونکە بە رای ئەوان، کورد،

---

(13) راپۆرتی ئارشی روزفلت، گۆڤاری Middle East Journal تەموزی 1947 کە توێژینەوەیەکی بە نرخە و بە ناونیشانی The Kurdish Republic of Mahabad و هەروەها باوکە تومابوا وتارێکی لەسەر هەمان بابەت بەناونیشانی Mhabad, une Ephemere kurd in Dependante Le Revue لە گۆڤاری رۆژهەڵات بڵاوکردەوە. (ج. ف)



وەك تەوریزی پایتەخی کۆماری ئازەربایجان ((شۆڕش)) یان ئیرهاب و تۆقاندن یا ((کۆمۆنیزم))یان نەناوەتەوە.

لە کاتی دیدەنیم لەگەڵ بارزانی، پرسیارم دەربارەی هۆیەکانی دروست بوونی کۆمار و هۆیەکانی کە بوونە مایەی روخانی کۆمار، لێکرد، بارزنی وەڵامیدایەوە:

- تۆ دەبێ ئەوە بزانێ کە کاتێك میللەتێك زوڵمی لێ دەکرێ و دەچەوسێتەوە. ئەو میللەتە هەوڵ دەدا هەلێك بۆ خۆی بدۆزێتەوە تا ئەو زوڵمەی پێوەی دەناڵێنێ، نەهێڵێ. کاتێك روسەکان و رۆژئاوا ئێرانیان داگیرکرد. ئەوەمان بە هەلزانی داوای مافەکانی کورد بکەین ئەم دوو لایەنە لە نێوان هەردوو سوپاکانیاندا ناوچەیەکی بۆشاییان بەجێ هێشبوو کە ئێمە دەمانتوانی بە ئازادی کاری تێدا بکەین.

لەوەدا کە سەرکەوتنی بە دەستنەهێنا، ئەوا دەبێ لای هەردوو حکوومەتی ((ئەمریکا و روسیا)) بۆ هۆکارەکانی بگەڕێی. کاتێك داوای یارمەتیمان لە ئەمریکا کرد پێیان گوتین ((ئێوە کۆمۆنیستن)) کە داواشمان لە روس کرد گوتیان: ئێوە سەر بە ئیستعمار و ئیمپرالیستن و لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان دان)).

بارزانی دەیگێڕایەوە کە لە ئاخرین رۆژانی کۆماری مهاباد، لە میانی ئاگربەستی نێوان کورد و ئێرانیەکاندا چل و پێنج رۆژی لە تاران بەسەر برد. بارزانی گوتی: کە سەردانی باڵوێزی ئەمریکام کردووە، بەڵام ئێستا ناوەکەیم نایەتەوە بیر. (ئەو کاتە جۆرج ڤ. ئاللن باڵوێز بوو) لەوێ پرسیاری لێ دەکا کە ئایا حکوومەتی ئەمریکا رێگا بە خۆی و پیاوەکانی دەدا پەنا بۆ وڵاتەکەیان بەرن؟ بەڵام ئەمریکییەکان گومانیان لە داواکەی کردووە (هەر وەکو خۆی دەیگوت) و داواکەیان رەتکردۆتەوە. بارزانی وەڵامی بالوێز والێك دەداتەوە کە ئەوان کورد بە ئامرازێك بە دەستی یەکێتی سۆڤێتییەوە دەزانن.

بە دوای ئەوەدا بارزانی گوتی:

- لەو هەڵوێستەدا کە جیهانی ئەو رۆژگارەی تێدا بوو، وام بە خەیاڵدا هات کە ئەو قسەیەی ئەو وەکو ئەوە وایە پێم بڵێ بچۆ بۆ روسیا.

باڵوێز ئاللن کە ئەمڕۆ خانەنشینە، بیرەوەری تایبەتی خۆی لە دیدار لەگەڵ بارزانی، بە نامەیەك لە واشینگتونەوە لە بەرواری 15ی ئایار 1963 دامیێ. ئەو گوتی: کە ئەو لەسەر داوای ژەنڕاڵ ((ڕەزم ئارا)) رازی بوو لەسەر دیدەنی (بارزانی). ڕەزم ئارا پێی وابوو کە باڵوێزی ئەمریکا دەتوانێ قەناعەت بە پێشەوای کورد بکا کە لە لایەن ئێرانەوە مامەڵەیەکی جوانی لەگەڵ دەکرێ. باڵوێز ئاللن نووسیویەتی:

((رازی بووم چاوم پێ بکەوێ. بەڵام
بەو مەرجە کە (ڕەزم ئارا)[14] دەبێ تێبگا
کە من ناتوانم هیچ جۆرە زەمانەتێکی
حکوومەتی ئێرانی پێشکەش بە ((بارزانی))
بکەم)).
لەسەر ئەو بنەمایە وادەیەك لە ماڵی
((عەقید سکستون)) (پاشکۆی سەربازیی
ئەمریکی) لە (شەمران) کە حەوت میل
لە تارانەوە دوورە، دیاریکرا. لەسەر
ئەوە ڕێککەوتین کە دیدارەکە بەنهێنی و
داخراوی بمێنێتەوە. ئێستا کە دەر-
بارەی ئەوە بۆت دەنووسم، چونکە خۆت
لە بارزانییەوە گوێت لێبووە و هەروەها
ڕاستییەکانیش دەبێ وەکو خۆیان کە بوون،
بزانرێن)).

(14) ڕەزام ئارا: سەرۆك ئەرکانی سوپای ئێرانی بوو لەو کاتەدا و سەرکردەی ئۆپەراسیۆنەکانی دژی بارزانییەکان بوو. ئەو پاشان بووە سەرۆك وەزیرانی ئێران و لە ساڵی 1949دا تیرۆرکرا. (ج. ف)



((کاتێك گەیشتمە ماڵی سکستون،
(بارزانی) لەگەڵ وەرگێڕێکی ئێرانی لە پێش
من لەوێ بوو. وردەکارییەکانم بە دروستی
لە بیر نەماون چونکە لەماوەی حەڤدە
ساڵی ڕابردوودا کە بەسەریدا تێپەڕییوە،
ئیدی ئەو ڕووداوانەم بە مێشکدا نەهاتوونەوە
بەڵام ((بارزانی))م وەبیردێتەوە لە جل و
بەرگی نیشتیمانی پێشەوایەکی کوردیدا
کە تۆ دەزانی چەند بەرچاو و سەرنج ڕاکێشە
و گومان دەکەم لەناو
پشتێنە حەریرییەکەیدا کە بە دەوری
کەمەرییەوە بەسترابۆوە، خەنجەرێکی
تێدابوو. ئەو پیاوێك بوو بەلای جیدییەت
دا و کەسایەتیەکی سامناك بوو، بە
مەزەندەی من لە کۆتایی سییەکاندا بوو،
بە دەنێکی پتەو، ملێکی یەکجار
ئەستوری هەبوو کە تەواو چووبووە ناو شانە-
کانییەوە[15]. ڕەنگی ئەسمەر و قژی ڕەش و
کورت بوو. دیارترین سیما لە کەسایەتی

(15) ((مەلا مستەفا بارزانی)) خاوەن هێزێکی بەدەنی لە سنور بەدەرە، لەمبارەیەوە زۆر چیرۆك لە سەردەمی لاوی ئەو دەگێڕنەوە. دەڵێن کاتی خۆی لە هیچ زۆرانبازییەکی وەرزشی کە لە کوردستان لە نێوان لاواندا کراوە، هەرگیز پشتی بە زەوی نەکەوتووە. هەروەها زۆر شتان لە بارەی توانا و بەهێزی ماسولکەکانی ئەو دەگێڕنەوە. هەروەها لە بارەی توانای ڕێکردنی بەسەر پێیانەوە بۆ ماوەی دوورودرێژ و ئێستاش تا ئەمڕۆش وەرزشی هەرە پەسندە بەلایەوە. (ج. ف)

ئەودا، دوو چاوی قاوەیی و قوڵ بین و نیگاکانیان خێرا و تیژ لەم لاوە بۆ ئەو لا دەهاتن و دەچوون. هەروەکو لە هۆشیارییەکی هەمیشەیی دابن. ئەو بە رێکو راستی لەسەر لێواری کورسییەکەی دانیشتبوو. ئەو شێرێکی بەندکراو، یان هەڵۆیەکی ناو قەفەزی دێنایەوە بیرم کە چاوەڕێی نیچیرێك بێ، یان چاوەڕوانی ئەوە بێ بۆ خۆی ببێتە نێچیر)).

((پاش ئەوەی هەندێك ساردەمەنیمان نۆشی، بە ئەنقەست پرسیاری ئەوەم کرد کە ئایا دەیەوێ بۆ ماوەیەکی درێژ لە تاران بمێنێتەوە، ئەو بە گەرم و گوڕییەکی عاتیفە ئامێزەوە دەستی کرد بە داکۆکی کردن لە مافی کورد لە هەڵبژاردنی رێبازی ژیانیان (هەمان داخوازیم دەیان جار لە قاشقای و غەیری ئەویش لە پێشەوایانی عەشایری گوێ لێبووە و من بە چاکی لەو مەبەستە تێدەگەیشتم) هەروەها گوتی کورد گەلێکی شوانن و ئەوان ئاشتی پەروەرن و بیر لە داگیرکردنی زەوی کەسانی تر یاخود دەست دێژی و زەوتکردنی ماڵ و موڵکی کەسانی تر ناکەنەوە کورد تەنیا ئەوەندە دەخوازن کە وازیان لێبنن لە ئاشتیدا بژین.



((خۆشحاڵی خۆم بە بیستنی گۆشەنیگای ئەو دەبڕی. بەڵام پێمگوت من گومانم هەیە کە ((ویلایەتە یەکگرتووەکان)) کە نزیکی چوار هەزار میل لە ئێرانەوە دوورە-توانای ئەوەی هەبێ هاوکارییەکی گەورەی ئێوە بکا. ئێمە ناتوانین لە کاروباری ناوەوەی ئێران بەرپرسیار بین. بارزانی گوتی: من متمانەم بە بەڵێنی ئێرانییەکان نییە و ئەو بەراشکاوی پێی راگەیاندم کە ئەو وای دەبینێ ویلایەتە یەکگرتووەکان دەتوانێ تەئسیرێکی گەورە لەسەر حکوومەتی ئێران بکا، ئەویش بەوەی کە دەتوانێ یارمەتی بۆ تەرخان بکا یاخود لێی بگرێتەوە یاخود بەشێوازگەلی دیکە ئەگەر ئارەزووی لێ بێ.

گوتم ئەنجامگیریی تۆ شتێکی سروشتییە، قسەکەیم سەلماند کە ئێمە دەتوانین گوشارێکی گەورە بخەینە سەر حکوومەتی ئێران ئەگەر بە کردەوە نیازمان لەسەر ئەوەبێ. بەڵام بە بیرم هێنایەوە کە ئێرانییەکان بە دەوری خۆیان رقمان لێدادەگرن و لێمان دەهاروژێن ئەگەر هات و هەوڵماندا

بەرەو چۆنایەتی چارەسەکردنی کارو
باری ناوخۆیی رێنوێنی ئەوان
بکەین. هەروەکو چۆن کورد سورن
لەسەر ئەوە کە لە
کاروباری خۆیاندا سەربەخۆ بن.
((هەورەها مەلا مستەفا بیروڕای خۆی
لەوە دەربڕی کە دەرەتانی ئەوە نییە
کورد و ئێرانییەکان بە ئاشتی و تەبایی
بە یەکەوە بژین. لەبەر ئەوە پەسندترین
رێگاچارە بۆ کورد ئەوەیە کە ئێران
بەجێ بێڵن. کاتێك پرسیارم
لێکرد بیر لە کوێ دەکەیەوە کە بچی؟
گوتی: ((ئێمە حەز
دەکەین بچین بۆ ویلاتە یەکگرتووەکان)).
((پرسیارم کرد: مەبەستت هەموو
کوردە؟ ئەمە مانای چەندین سەد
هەزار کەس))، ئاماژەی دامێ کە بەڵێ
((بەشادییەوە وەڵامیم دایەوە کە
ئەم بیرۆکەیە بەڵگەی قەدرزانینێکی
گەورەیە بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتوەکان،
بەڵام من بە ئەستەمی دەبینم کە
رێگای جێبەجێ کردنی تێدا ببینم، چونکە
تەنیا گیروگرفتەکانی گواستنەوە بەسە
بۆ ئەوەی ئەم کارە والێبکا کە لەکردن



نەیە، تەنانەت ئەگەر کورد بە خۆیان و
کەل و پەل و ژن و منداڵیشەوە بتوانن
بگەنە سەر بەندەرێکی ئاوی. دیسانەوە
زەحمەتە بتوانرێ دەڤەرێك کە هاو
شێوەی ئەو دەڤەرە بێ کە کورد ژیانی
پێوە راهاتووە، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان
بدۆزێتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەش
ئەو گوژمە دراوە زۆرەی کە کارەکە پێویستی
پێ دەبێ، و ئینجا گیروگرفتی بە دەست
هێنانی یاسایەکی تایبەت بە کۆچکردن
لە لایەن کۆنگرێسەوە، و دابین کردنی
زەوی و زاری تەواو لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و
شتی تریش.
((ئەگەری زۆری ئەوە هەیە (مستەفا
بارزانی) کە پێشەوای عەشیرەتێکە، لەسەر
گواستنەوە و باروبنەخستن بەخۆی و هەموو
ماڵ و ماڵاتییەوە، لە جێگایەکەوە بۆ
جێگایەکی دیکە راهاتووە. ئەو دژوارییانەی
بەو ئاستە درك نەکرد بوو کە من درکم دەکرد.
بەڵام ئەو لەمبارەیەوە دەمەتەقێی
نەکرد، لەو بابەتەوە گواستییەوە
و تێبینی من ئەوە بوو کە بارزانی ئەو
بیرۆکەیەی بەو شێوەیە دەرنەبڕی
کە هیوایەکی گەورەی پێ بەستبێ یاخود

باوەڕی وابوو بێ کە دەرەتانی هێنانەدی
هەبێ. بە تەئکید ئەو لەمبارەیەوە
پێداگری تێدا نەکرد و چەند و چوونی نەهێنا
-یەوە، گوت و بێژەکە لەمبارەیەوە
لە چەند خولەکێك زیاتری نەخایاند
((بۆ وەڵامێکی راشکاوانەی پرسیارەکە
-شت، دەڵێم: من پرس و رای (مەلا مستەفا)م
بە جیدی زانی، هەر بۆیە وەڵامێکی
جیدی و وێرا بە پاساو دانەوەشم دایە.
من دەمزانی کە ئەو، ئەو ئاستەنگانە
بە هەند هەڵناگرێ کە پێش بەجێبەجێ
کردنی پێشنارەکەی دەگرن، منیش
ئارەزووم نەدەکرد هیوایەکی درۆزنانەی
پێ ببەخشم، بەڵام من هیچ ئاماژە
-یەکیشم پیشان نەدا کە بەشێوەیەکی
سادە و بێباکانە و ناجیدییەتەوە
رووبەڕووی کارەکە دەبمەوە.
((لەوانەبوو ئێمە ئارەزوو بکەین چەند
دەیان کەسێك لە پێشەوایانی کورد،
لەوانەی کە بوونی بەردەوامی ئەوان
لە کوردستان مەترسی بۆ خۆشیان و
حکوومەتە دۆستەکانمان هەیە، وەربگرین،
بەڵام نە (بارزانی) و نە شێخانی دیکەش
دەتوانن لە ئەمریکا ئارام دابنشین و



هۆزەکەشیان بەجێبهێڵن. هەر بۆیە
ئێمە ئەوەمان پێشنیار نەکرد. و
بارزانی بەشتێك ئاماژەی لەمەڕ
سەردانی خۆی یان کەسێکی دیکە بۆ
ئەمریکا نەکرد.
((هێندەی دێتەوە بیرم لە چاوپێکەو
-تنەکەم لەگەڵ بارزانیدا، گوتوبێژ
لەبارەی یەکێتی سۆڤێتەوە نەکرا. و
ئەگەر ئەو مەسەلەی چوونی خۆی بۆ
سۆڤێت باس بکردایە، لەوانە بوو کە
پێشنیاری ئەوە بکەم کە پەیوەندی بە
رووسەکانەوە بکە بەڵکو خۆی و هۆزەکەی
قبوڵ دەکەن. ئەگەر ئەو هاتبایە
سەر ئەوە کە ئێمە پێشنیازی ئەومان
رەت کردۆتەوە، هەڕەشەی ئەوەی
بکردبایە کە روو دەکاتە روسیا،
ئەوا گرنگییەکم بەو هەرەشەیە
نە دەدا. پاش چەند مانگێکی کەم
کە لە سنورەکانی روسیا پەڕییەوە،
بە راشکاوییەوە پێت دەڵێم کە من
تووشی هیچ نیگەرانییەك نەهاتم.
لەوە غەمبار نەبووم کە وازم لە روس
هێنا ئەوان بۆ ماوەیەك لەگەڵ
کێشەکەدا ململانێ بکەن)).

بالۆیز ئاللن بۆ ئەوەی رای خۆی لەوە دەرببڕێ کە گرنگ ترین شت کە (بارزانی) بتوانێ بۆ گەلەکەی لە قۆناغی گەشەکردنی ئێستایاندا بە دەستی بهێنێ ئەوەیە ((... درەختی سیکویا[16] بچێنن و هۆزەکەی پەروەوەردە و فێر بکا، ئەگینا، کورد هەمیشە هەر ژێر باری چەوساندنەوە و بەکارهێنان لە لایەن لایەنێکەوە دەبن.

هەروەها بالۆیز ئاللن زیاتر درێژەی داوەتێ و لە بارەی سۆڤێت دەڵێ:

((یارمەتی ئەوان بۆ کوردستان لە
شێوە و ناوەڕۆکدا یارمەتییەکی
هەلپەرستانەیە. پاشە رۆژ بەرە
لە ژێر پێی کورد دەردێنن هەروەکو
کە لە رابردوودا کردیان ئەگەر هاتوو لە
جێگایەکی دیکە هەلێکی باشتریان
بۆ رێککەوت. ئێمەی ئەمریکی
پێویستە لەسەرمان، لە پلەیەکی
مەعقولدا دۆستایەتی خۆمان لەگەڵ
هەموو کۆمەڵە و گرووپەکاندا بپارێزین و
لەوە دروویکەوینەوە تاقمێك بەسەر
تاقمێکی دیکەدا پەسن بدەین. ئەم کارەش
سیاسەتێکی ئاسان نییە، هەروەکو لە
حاڵەتی ناکۆکی عەرەبی — ئیسرائیل
هەیە. ئەم سیاسەتە کەسی لە خۆی
رازی نەکردووە، بەڵام ئەوە سیاسەتێکە
کە دادپەروەر و دەستپاك پەنا بۆ بەرسێبەرەکەی

---

(16) Sequiox درەختێکی زەبەلاحە، لە خێزانی سنەوبەرەکانە، قەدی زۆر ئەستورە جاری واهەیە بەرزی دەگاتە سەد مەتر. بە زۆری لە کالیفورنیا دەڕوێ. (ج. ف)



دەبا و ئەمەش ئەو مەرامەیە کە ئێمە داخوازی
دەکەین)).

هەروەها بالویز ئاللن لە نامەکەیدا باسی کۆشش و هەوڵەکانی خۆی بۆ رزگارکردنی گیانی ((قازی محەمەد)) سەرۆك کۆماری کورد و براکەی، دەکا و دەڵێ: ئارشیباڵد ((ئارشی)) روزفلت لە کاتی خۆیدا رازگری باڵۆیزخانە بوو. سەردانی مهابادی کرد بوو بۆ ئەوەی قازی محەمەد و ژمارەیەکی گەورە لەو کوردانە ببینێ کە وەکو ((دەستەوانە و دەست)) کار لەگەڵ سۆڤێتدا دەکەن. ئەوان دەزگایەکی رادیوی بچووکیان وەرگرتبوو، هەروەها یارمەتیان بۆ چاپکردنی رۆژنامەیەکی بچووك بە زمانی کوردی وەرگرتبوو. بەڵام باڵۆیز ئاللن بە دوای ئەوەدا دەڵێ: ئارشی روزفلت لەوە دڵنیابوو کە کورد بۆیە ئەوەیان کردووە چونکە باوەڕیان وابوو کە کۆمەگی روسیا بۆ گەیشتنی ئەوان بە ئوتونۆمی کوردی کارێکی پێویستە. باڵۆیز نوسیویە دەڵێ: روزفلت زۆر پێداگری لەگەڵمدا کرد کە دەسبەجێ بچمە لای شا و داوای نەرم کێشی و ئاسان کاری لە بەرامبەر پێشەوایانی کورددا لێبکەم ئینجا بە دوای ئەوەدا دەڵێ:

((رۆشنبرانی کورد، لەوانەی کە ئاگا-
-داری و زانیارییان بەرامبەر جیهانی
دەرەوە هەبوو ژمارەیان یەکجار کەم بوو،
(ئارشی) هەستی کرد بوو کە جێگای داخە ئەو
پێشەوا کوردانە کە ژمارەیان لە پەنجەکانی
دەست تێناپەڕی، ئاوا کۆتایی بە ژیانیان
بێ، (ئارشی) پەی بەوە برد بوو کەبۆچی
کوردە دڵسۆزەکان و تەنانەت ئەو کوردانەش
کە دژی کۆمۆنیزمن، بۆچی بە هەمەحاڵ سوپاس گوزاری
یەکێتی سۆڤێتن.
ئەگەر ئێرانییەکان خۆیان پشتیوانی

یەکی هاوشێوەی ئەوە لە کورد بکەن
بۆ ئەوەی زمان و کولتوری خۆیان
بپارێزن، ئەوە بە بڕوای (ئارشی)
ئێرانییەکان دەتوانن قۆناغێکی دوور لەسەرە
رێگای چارەسەکردنی کێشەی کورددا
ببڕن)).

((داوای وادەی چاوپێکەوتنێکی بە پەلەی
شام لە کۆشك کرد. بۆ ئێوارە ئەم
کارە پێك هات. بە شام گوت کە من
بەبایەخەوە دەڕوانمە کوردستان. ئەو
حەپەساوی دەربڕی و پرسیاری هۆیەکەی
کرد. گوتم: ناردنی رەزمارا
وەك دەردەکەویْ ئاماژە بە ئەنجامدانی
رێوشوێنی توند و تیژ دەکا. پرسی:
چ شتێك وام لیْ دەکا بایەخێکی گەورە
بە کۆمەڵە پیاوێکی عەشیرەتان بدەم
کە بە هاوکارییەکی توندوتۆڵەوە، هاوکاری
سۆڤێتیان کردووە؟ گوتم: ئەوان
وایان هەست کردووە کە لەو رێگایە زیاتر
هیچ رێگایەکی دیکەیان نییە. بە
جۆرێکی تایبەتی ئاماژەم بۆ (قازی
محەمەد) کرد کە ئەو رۆشنبیرێکی
کوردە و دەتوانریْ هەوڵی کارکردن
لە گەڵیدا بدریْ. شا، سەروسیمای
مۆن و گرژ بوو، گوتی: کاروبارەکانم



داوەتە دەست ((رەزم ئارا)). گوتم ئەوە
لە هەر شتێکی تر زیاتر من نیگەران دەکا.
لەو کاتەدا شا بە راشکاوی پرسیاری
لێکردم: ((لەوە دەترسی کە من
فەرمان بدەم ((قازی محەمەد
گولله باران بکەن؟)) گوتم: بەڵیْ
من لەوە دەترسم. زەردەخەنە گرتی و
بە تەئکیدەوە گوتی: نیگەران مەبە. ئەوە
ناکەم)). خۆشحاڵی خۆم بەوە دەربڕی
و هەستام بەرەو ماڵەکەم چوومەوە))
پاش دوو یان سیْ رۆژ لە رۆژنامەیە
یەکی تارانیدا خوێندمەوە کە ((
رەزم ئارا)) فەرمانی لە سێدارەدانی
قازی محەمەد و براکەی دەرکردوە. و ئەوان
ئەم بەیانییە لەبەردەم دەستەی
سەربازانی تایبەت بە لە سێدارە
راگیراون))[17].

ئیدی جارێکی دیکە شا، ئەم باسەی
نەهێنایەوە ئارا، منیش هەرگیز لەگەڵیدا
باسم نەکردەوە. من ئەو کاتە توڕەبووم،

---

[17] ئەو لەگەڵ براکەی و ئامۆزاکەی لە مهاباد لە سێدارەدران لە وەرگێردراوی عەرەبی ئێمە بۆ کتێبی ئیگلتن (جمهوریه مهاباد 1946 الکردیه —دار الگلیعه 1972- بیروت). بە تێروتەسەلی باس لەو تەییارە سیاسی و سەربازییانە دەکا کە تاوتوێی دۆسیەکەی قازی و دوو هاورێکەی دەکا. خوێنەر دەتوانیْ هۆکار و شیکردنەوەیەك لەبارەی پابەند نەبوون بەو بەڵێنە کە بە باڵوێزی ئەمریکی درابوو، وەربگریْ. (ج. ف)

بەڵام ئەو پیاوانە تازە مردوون و کەس
ناتوانێ زیندوویان بکاتەوە. بە
بیروڕای من (ڕەزم ئارا) پیاوێکی سەرکێش
بوو جڵەوکردنی کارێکی ئاسان نەبوو
کارەکەی بە ئەستۆی خۆی گرتبوو بێ
ئەوەی گوێ لە قسەی کەس رابگرێ.
(پاش دوو ساڵ کە سەرۆك وەزیران
بوو تیرۆرکرا).

((بارزانی)) ئەئکیدی لەوە دەکرد کە ئەو وەنەبێ بە جۆرێکی تایبەتی ئارەزووی کردبێ کە بچێ بۆ روسیا. (بارزانی) گوتی: کە هەوڵی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەگەڵ ((دەوڵەتان)) داوە، هەروەها باسی کرد کە حکوومەتی ئێرانی لەو کاتەدا پێشنیاری کردووە کە بارزانییەکان پاش چەك دامالێن لە گۆشەیەکی باشووری رۆژهەڵاتی ناوچەیەکی کوردی لە ئێران واتە لە هەرێمی شاخاوی ((ئەڵند)) نیشتەجێیان بکا. بەڵام بارزانی وای دانابوو کە ئەوە فێڵێکە بۆ ئەوەی بە یەکجاری لە خۆی و عەشیرەتەکەی رزگاریان ببێ. هەروەها پەیوەندی بە ئینگلیزەکانەوە کرد بوو بۆ ئەوەی داوای یارمەتیان لێبکا کە بگەڕێتەوە بۆ عیراق. بەڵام ئەوانیش هەمان وەڵامی ئەمریکییەکانیان دەبێ.

حکوومەتی عیراق لەو سەروبەندەدا ئارەزووی دەکرد کە رێگا بە گەڕانەوەی شێخ ئەحمەد و مریدە عەشایری و سادەکان بدا، بەڵام بە راشکاوی رایگەیاند کە حوکمی مردن بەسەر ((مەلا مستەفا)) و ئەفسەرە گەورەکانیدا دەدرێ ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ عیراق و بکەونە بەردەستییەوە. بارزانی گوتی من تا ئەو دەمەی ((کە هاونەتەوە کوردەکانم خیانەتیان لێنەکردم))[18] بۆ رێگاچارەو دەرباز بوون

[18] مەبەست لەو خیانەتەیە کە لەو هاوپەیمانییە عەشیرەتییەی ساڵی 1945، کرا و، بووە هۆکاری شکستی شۆڕش و چوونە دەرەوەی (مەلا مستەفا) و پەیڕوانی لە عیراق. (ج. ف)



نەدەگەڕام. لە واقیعدا نالێکی نێوان کورد خۆیان، بووە هۆکاری ئەوە کە بەرهەڵستی ئەوان لە بەرامبەر حکوومەتی ئێرانی، ببێتە کارێکی ئەستەم کە دوابەدوای کشانەوەی سوپای سۆڤێتی لە سەرەتای ساڵی 1947، بەرەو باکوور دەخشا. کێبەرکێی عەشایری ئاگری ناکۆکی و دوژمنایەتی پتر خۆشکرد.

لەو کاتەدا (قازی محەمەد) سەرۆك کۆماری مهاباد پێشنیاری کۆتایی پێهێنانی شەڕ، خۆبەدەستەوە دانی بۆ ئێرانییەکان خستەڕوو، ئەوە بوو خۆی بە دەستەوەدا و لە (31 ئازاری 1947 لە سێدارە درا. (شێخ ئەحمەد)ی برای (مەلا مستەفا) پەیماننامەیەکی دەستنوسی بۆ لێبوردنی خۆی و عەشیرەتەکەی لە حکوومەتی عیراقەوە، بە دەستهێنا. ئەوە بوو بڕیارییدا کە بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمان. لە کاتێکدا کە لە سەرەتای 1947 رێگا بە ژمارەیەکی گەورە لە بارزانییەکان درا کە لەگەڵ ژن و منداڵەکانیان بە ئاشتی بگەڕێنەوە ناو ماڵەکانی خۆیان. بەڵام پاش چەند ساڵێك ئەوان بە شێوەی تاك تاك دەگەڕانەوە چونکە حکوومەتی عیراقی بەڵێنەکەی خۆی بەرامبەر ((شێخ ئەحمەد)) خواردەوە، ئەو، ژمارەیەکی زۆر لە گەورە پیاوانی بارزانی، دوازدە ساڵی داهاتوویان لە بەندیخانە بەسەر برد[19]. لە بەرە بەیانی 29ی حوزەیرانی 1947 چوار کەس لە ئەفسەرانی عیراقی کە لەگەڵ هێزەکانی بارزانی بەشداری شەڕیان کرد بوو، لە سێدارەدران.

[19] شێخ ئەحمەد بە کردەوە، حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو. بەڵام دەقێکی راشکاوانە لە ((قانون العقوبات البغدادی العراق)) هەیە کە داگا وادار دەکا هەر حوکمدراوێك کە تەمەنی لە شەست ساڵ تێپەڕی، حوکمەکەی دەسبەجێ بگۆڕێ بۆ حوکمی هەتا هەتایی وێرا بە ئەنجامدانی کاری سەخت. بەم شێوەیە شێخ ملی لە پەتی سێدارە رزگار بوو. پاشان لەگەڵ نۆ کەسی تردا رەوانەی بەندیخانەی بەسرە و موسڵ کران و لەوێ مانەوە تا 14ی تەموزی 1958 ئنیجا ئازادکران. وەرگێری عەرەبی ئەم کتێبە یەکێك بوو لەو پارێزەرانەی کە خۆبەخشانە خۆیان بۆ بەرگری لە بارزانییەکان تەرخان کرد لەبەردەم ((مەجالیسەکانی عورفی))دا.
لەمبارەیەوە بیرەوەری نایابی قانونی هەیە خەریکی رێکخستن و ئامادەکردنیەتی بۆ چاپکردینان. (ج. ف)

بارزانی پێنج سەد کەسی ((لە چاکترین جەنگاوەران)) هەڵبژارد و بڕیاریدا بەرەو یەکێتی سۆڤێت بکەوێتە رێ. بەڵام ئەو سەرەتای مانگی نیسان و بەشێك لە ئایاری بردە سەر و لە ((ئەرگوش)) لەسەر سنور چاوەڕێ بوو، لە کاتێکدا بەشێکی گەورەی پاشماوەی بارزانییەکان و عەشیرەتەکانی تر لەگەڵیاندا بوون. بە لە سەرخۆییەوە بەرەو گەڕانەوە بۆ عیراق بەرێ کەوتن. پاشان بارزانی و پیاوەکانی بە ئاراستەی باکووری رۆژئاوا، بەرەو چیاکانی عیراق کەوتنە جوڵان.

هێزەکانی پیادە و ئاسمانی عیراقی لە حاڵی ئامادەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بارزانی چاوەڕێ بوون، بەڵام ئەو لە پێشڕەوی بەردەوام بوو.

بارزانی کە بە شادی و رەزامەندییەوە یادی ئەو ماوەیەی دەکردەوە گوتی:

- پەنجاو دوو رۆژ بە ناو گەرووی شاخاوی بەرزدا رۆیشتین، بەفری بەهارێکی درەنگ شەش تا دوازدە پێ بەرز دەبوو. نۆ شەڕمان کرد، چوار کەسمان لە دەستدا و حەوت برینداریشمان هەبوو. چوارەکەمان ناشتن، حەوت بریندارەکەشمان لەگەڵ خۆمان برد.

بارزانی پیاوەکانی لە ئێرانەوە، بە ناو خاکی عیراق دابردە تورکیا، پاشان کە لە جەنگی سوپای تورکیا دەربازیان بوو و گەڕانەوە ناو خاکی ئێران، لەوێ سوپای ئێران کە پێشتر بە هاتنی ئەوان هۆشیار کرابۆوە، کەوتنە جموجۆڵ بۆ ئەوەی رێگەی گەڕانەوەیان لێ ببڕن. لە نێوان 16، 18ی حوزەیرانی 1947 بارزانی و هاواڵەکانی لە خاڵی باشوری پاسگەیەکی سۆڤێتی کە پێی دەگوترا ((سەراچلو)) لە سنوری سۆڤێتی پەڕینەوە. ئەوان لە چیاکانی باکووری بارزانەوە لە ئاخرین کارواندا تا دەگاتە سنوری سۆڤێت سەد و بیست میلیان لە چواردە رۆژدا بڕی.

لێم پرسی: روسەکان چۆن پێشوازییان لێکردن؟

وەڵامیدایەوە: چۆن دەتوانم بڵێم چۆن پێشوازییان کردین؟ ئەوان پێشوازییان نەکردین! بەڵام بەلای کەمەوە نەیان گێڕاینەوە بۆ عیراق. هەر حکومەتێك یاسای تایبەتی بۆ سنورەکان، کاروباری پەنابەران هەیە. ئەوان بە سیفەتی پەنابەر ئێمەیان قبوڵکرد و بەسەر وڵاتەکەیاندا دابەشیان کردین.



ئەو زیاتر بە بیرەوەرییەکانیدا چۆوە و گوتی: سەرەتا چەند مانگێکمان لە (باکو) بەسەربرد. پاشان چووین بۆ (تاشقەند) سەرەتا دەبوایە هەرچی کە بمان ویستبایە، داوامان لە بەرپرسەکانی خۆمان بکردایە، ئەوانیش یەکێك یان دوانیان لەگەڵماندا دەهاتنە بازاڕ یان ئەو جێگایەی کە دەمانویست بۆی بچین. ئێمە مۆڵەتی ئەوەمان نەبوو وەکو دەمانەوێ و ئارەزوو دەکەین بێین و بچین. بەڵام لە دواییدا ئازادی زیاتریان پێدایین. بەسەر چەند کۆمەڵە و توێژێکدا دابەشیان کردین. من چووم بۆ جێگایەك، هەندێکی تریان ناردە جێگایەکی تر. داوامان کرد دەرگای فێربوونی پیشەییمان بە روودا بکەنەوە. ئەوانیش هەر کەس بە پێی لێهاتوویی خۆمان، مامۆستای تایبەتییان لەبواری دارتاشی، میکانیك، کشتوکاڵ و هی تر لە غەیری ئەم بابەتانە بۆ تەرخان کردین. هەندێکمان جیولۆجی خوێند، هەندێکمان زانستی فەلسەفی و هەندێکی تر ئابووری. من بە دەوری خۆم داوام کرد، بچمە ئەکادیمیای زمانەکان لە مۆسکۆ داواکەمیان جێبەجێ کرد و سەفەرم کرد بۆ مۆسکۆ.

پرسیارم کرد ئایا وەکو لە هەندێك ناوەندا بڵاوبۆتەوە، لە ئەکادیمیای جەنگی سۆڤێتیدا خوێندوتە؟ ئەو تەئکیدی کرد کە تاکە پەیمانگاییەك کە لێی بووم ئەکادیمیای زمانەکان بوو بەڵام خوێندنەکە تەنیا بریتی نەبوو لەسەر خوێندن و توێژینەوەی زمانی روسی، بەڵکو ئابووری و جوگرافیا و زانستەکانیشی خوێندووە.

((بارزانی)) دووبارە هاتەوە سەر چیرۆکی مەشقی خۆی لە ئەکادیمیای جەنگیی سۆڤێتی، ئەو بە گەپ و گاڵتە پێکردنەوە ئەوەی هاتەوە بیر کە ژەنراڵی ئێرانی ((رەزم ئارا)) بیانووی بۆ ئەوە هێنابۆوە کە نەیتوانی بوو بمگرێ، ئەو نوسیوویەتی: ((ژەنراڵ بارزانی لە زانکۆی لەندەن دەرچووە و ئەو لەسەر دەستی خودی لۆرد مونتگیمری زانستە سەربازییەکانی وەرگرتووە))! بە دوای ئەوەدا بە زەردەخەنەوە گوتی: حکوومەتی عیراقیش لەم دواییانەدا کە تازە گومانی بۆ دروست بووە بتوانێ چۆکی پێ دابدا چونکە ئەو زانستە سەربازییەکان لە روسیا فێربووە!

بارزانی روونی کردەوە و گوتی: ((لە واقیعدا من مەشقی سەربازی لە مەیدانی شەڕدا فێربووم)). لەوەش کە نازناوی ((ژەنراڵ))م هەیە، ئەمە پلەیەکە حکوومەتی کۆماری ((مهاباد)) داویەتی بە من. دەربارەی جلی ژەنراڵی کە هەروەکو جلی ژەنراڵی روسی وایە کە لەو رۆژگارە وێنەی پێوە گیراوە. ئەوە جلی سەربازیی کۆماری مهابادە نەك هی یەکێتی سۆڤێتی.

بارزانی لە چاوپێکەوتی لەگەڵ ((ریچارد ئاندرینگ)) پەیامنێری رادیوی سویسری لەوە زیاتر باسی کردوە: ((زۆربەی بارزانییەکان پاش ئەوەی ماوەی یەکەمیان کە نۆ مانگ بوو لە خێوەتگاکان بەسەر برد، لەسەر داوای خۆیان ماوەیەك مەشقی سەربازیی سۆڤێتیان بەسەر برد و بۆ ئەو مەبەستە لەناو یەکەیەکی تایبەتیدا دادەنرێن، ئەوانەی بالاّ دەستییان لەماوەی مەشقدا نواند، لە دواییدا مەشقێکی بەرزتریان لە ئاستی ئەفسەر و جێگر ئەفسەر پێکرا، بەلاّم بێ ئەوەی پلەیان بدەنێ یان ((واجیب))یان پێبسپێرن. لەناکاو دوای ساڵێك مەشقی سەربازیی راگیرا.

بەشێوەیەکی تایبەتی رێگا بە بارزانی درا کە سەفەری زۆر بکا. کاتی هاوینان سەردانی کوردە هاوزمانەکانی خۆی دەکرد کە بە هەموو یەکێتی سۆڤێتیدا بڵاوببونەوە. ئەوەی مەشقی تەواو کرد بوو، لە کارگەکاندا کاریان دەکرد. ژمارەیەکی کەمیان چوونە پەیمانگا بەرزەکان. ژمارەیەکی کەمیان لە کشتوکاڵدا یاخود پاسەوان بوون لە کوڵخوزەکان. هەشتا کەس لەوانە ژنیان هێنا. زۆربەی ژنەکان لە کچە مسوڵمانە تورکمانەکان بوون. ژمارەیەکی کەمیان کچانی مەسیحییان هێنا کە پاشان هەندێکیان بوونە مسوڵمان.

مامەڵەکردن لەگەڵ پەنابەرانی کورد، بەرەو چاکبونێکی بەرچاو، کاتێك روویدا کە ((لاڤرنتی ب. بیریا)) سەرۆکی دەزگای پۆلیسی نهێنی ستالین و ((باقیروف)) سەرۆکی حکوومەتی ئازەربایجانی سۆڤێتی لە ساڵی 1953دا لەسێدارە دران. کورد پێیانوایە کە ((بیریا)) نەخشەی سیاسەتی خۆی بەرامبەر کورد بەپێی ئامۆژگارییەکانی ((باقیرۆف)) کە روس پێیانوابوو لە کاروباری



ناوچەکەدا پسپۆرە، دەکێشا. باقیروف بەوە ناسرابوو کە دوژمنایەتی کلاسیکی نێوان تورکمان و کورد دەنوێنێ.

لە سەرەتای ساڵی 1954دا رێگا بە بارزانی درا بچێتە مۆسکۆ، بچێتە پەیمانگای زمانەکان. لەو ماوەیەدا لە مۆسکۆ شوقە درا بە خۆی و دوو لە هاوڕێ نزیکەکەی ((ئەسعەد خۆشەوی و میرحاج)) و کوردەکانی دیکەش بۆ سەر کاروباری باشتر و خانووی پێشکەوتووتر لە خانووەکانی هەوەڵ جاریان گوازرانەوە.

هەروەها پرسیارم کرد ئایا روس لەماوەی نیشتەجێ بوونیان لە روسیا، هەوڵیان لەگەڵ ئەو و پیاوەکانی نەدا کە لەباری سیاسییەوە دەرسیان بدەن و ئاراستەیان بکەن. ئایا لەو باوەڕەدا نییە —پاش ئەوەی کە یازدە ساڵ لە تاراوگە بوو، رێگایان داوە لەگەڵ پیاوەکانیدا بگەڕێتەوە عیراق و پێشبینی ئەوەیان نەکردوە هەندێك سوود لە گەڕانەوەی وەربگرن. ئایا رێگەدانیان بۆ خۆی بەڵگەیەك نییە؟ وەڵامەکانی بارزانی ناڕاستەوخۆ بوون و لەوانەشە وای هەست کردبێ کە ئەمە جۆرە هەڵشاخانێکی بە ئەنقەست بێ بۆ سەرڕاستی و پایە و مەقامی ئەو، گوتی: سۆڤێت هەوڵیان نەدا کورد بەرەو کۆمۆنیزم رێنمونی بکەن چونکە ئەوان پارتی کۆمۆنیستی خۆیان هەیە لە عیراق)) پاشان زیاتر لەسەری رۆیشت و گوتی:

- ئێمە مسوڵمانین. مسوڵمانانی راستەقینە ناکرێ ببنە کۆمۆنیست. هەروەها بەدوای پرسیارەکەمدا گوتی: ئەگەر روس پێیان وابێ لە گەڕانەوەی کورد بۆ نیشتیمانی خۆیان، سود وەردەگرن. ئەوە خەیاڵە، پاشان هەڵیدایە و گوتی:
- نزیکەی دوازدە ساڵم لە روسیا بردە سەر نەش بوومە کۆمۆنیست.

بارزانی دەیگوت کە هەر لەبەر ئەو هۆیەش بوو کە پاش ئەوەی لە روسیا گەڕایەوە بۆ عیراق، جارێکیان کۆمۆنیستەکان هەوڵیاندا بۆ کوشتنی پیلانێك لە دژی ئەنجام بدەن. لە سەرچاوەی تریشەوە زانیم کە لە واقیعدا کورد زۆر بەکەمی نەبێ نەکەوتنە ژێر کاریگەری باوەڕی کۆمۆنیستیەوە. لەو ژمارە کەمە یەکێك لە برازاکانی بارزانی خۆی بوو کە لەو کاتەوە هەموو جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵدا

بڕی بوو. لە کاتی گەڕانەوەی بارزانیشدا بۆ عیراق دوو یان سێ کەس لەو کوردانە لە یەکێتی سۆڤێت مانەوە. لە کاتی گەڕان و گەشتم بە کوردستاندا لە میانی گوتوبێژ لەگەڵ زۆر لەو پیاوانە، ئەنجام گیریی ئەوەم کرد کە خۆیان بە منەتباری یەکێتی سۆڤێتی دەزانی، کە چاکەی ئەو وڵاتە تەنیا داڵدە دان و حەوانەوەیان نەبووە، بەڵکو یەکەم جار دەرفەتی فێربوونی پیشە و خوێندنی ڕێکوپێکی ڕەسمی بۆ زۆربەیان فەراهەم کردووە. زۆریان بواریان بۆ ڕەخسا بۆ یەکەمجار لە ژیانیاندا لە شار و باژێری گەورەدا بژین. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەیان بە هۆکاری هەستی ئاینی و هەستی نەتەوەیی و گەورەیی خوازی عەشایرییەوە، بە رووی باوەڕ و ئاراستەی سیاسییەوە، پارێزراو بوون. لەوانەیە ئەم جۆرە خەسڵەتانە، بە تەنیا ڕێوشوێنی خۆ پاراستنی تەواو نەبن. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوانە هەڵبژاردەی بارزانی بوون، نە تەنیا هەر لەبەر ئەوەی کە ئەوانە جەنگاوەری دانسقەبوون، بەڵکو بە هۆی پابەندیی ئەوان بە شەخسی خۆیەوە. وێڕای ئەوەش کە پێویست بوو بارزانی لە درکاندنە ڕەسمییەکانیدا هۆشیار بێ، بەڵام پیاوەکانی هەموو کاتێك دەیانتوانی هەست بە خۆپارێزیی سەرۆکەکەیان بەرامبەر بە کۆمۆنیزم بکەن. بارزانی و زۆربەی پیاوەکانی بە درێژایی ئەو ماوەیە کە لە روسیا بوون تا دەگاتە ئەو ڕۆژەی کە سەرۆکەکەیان بەرەو گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان سەرکردایەتی کردن، لە بەجێهێنانی ئەرکە ئایینەکانیاندا بەردەوام بوون.

کاتێك ((عەبدولکەریم قاسم)) لەبەرە بەیانی 14ی تەموزی 1958 لە بەغدا هاتە سەر حوکم، بارزانی لە ((پراگ)) بوو و خەریکی پشوودان بوو. ئەو خۆی بۆی گێرامەوەکە ئەو هەرچەندە لە سەرەتادا گومانی لە ((قاسم)) هەبوو، بەڵام دەسبەجێ بروسکەی بۆ لێدا و داوای گەڕانەوەی خۆی و پیاوەکانی کرد. وەڵامیش بە رازی بوون هاتەوە. لە ئەیلول شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە فرۆکە گەیشتە ((پراگ)) تا دەربارەی هەڵوێستی داهاتوو لە عیراق ئاگاداری بارزانی بکەن. شاندەکە لە ((ئیبراهیم ئەحمەد)) سکرتیری گشتی حیزب و (رائید نوری ئەحمەد تەها) کە ئەفسەر بوو لە سوپای عیراقی، و ((عوبیدوڵا)) کوڕی بارزانی، (شێخ سادق) برازای بارزانی پێکهاتبوو.



(بارزانی و ئەسعەد خۆشەویی و میرحاج) لە مانگی ئەیلول بە هێڵی ئاسمانی بەرەو بەغدا نێردرانەوە، کوردەکانی تریش بەسەر پشتی پاپۆڕێکی سۆڤێتی بە دەریادا، لە (ئۆدیسا) وە لە سەرەتای ساڵی 1959 گەیشتنەوە بەسرە. هەشت سەد کەس گەڕانەوە، کە لەناویاندا نزیکەی پێنج سەد کەسیان لە جەنگاوەرانی بارزانی بوون لەگەڵ زۆربەی ئەو هەشتا ژنە و منداڵەکانیان کە لە یەکێتی سۆڤێتییەوە هێنابوویانن. هەروەها ژمارەیەکی کەم لە کوردەکانی (مهاباد) کە لەگەڵ ئەواندا پەنایان بۆ روسیا بردبوو.

بارزانی لە ڕێگای خۆی بۆ عیراق لە قاهیرە راوەستا. لەوێ (میرحاج و ئەسعەد خۆشەوی) لەگەڵدا بوون. پرسیارم لە بارزانی کرد کە تێبینی بەرامبەر بە (جەمال عەبدولناسر) چییە، بارزانی گوتی: وێڕای ئەوەش کە سەرۆك ناسر پێشوازی کردووە، بەڵام بە داخەوە نەچوونەتە ناو گوتوبێژێکی جیدییەوە تا بتوانێ رای خۆی لەم بارەیەوە بدا. هەستم کرد لەناو ویژدانی بارزانیدا لە داهاتوودا دەرەتانێك بۆ لە یەکتر گەیشتن لەگەڵ ((ناسر))دا دەبێ. لەبەر ئەوە لەوەی کە دەری بڕی گەورەترین وریایی پیشاندا.

دواجار، کە ((ناسر)) پێشوازی لە نوێنەری بارزانی لە هاوینی 1963 کرد لە کۆڕەکەدا ئاماژەی بۆ کورسییەك کرد، گوتی:

(مەلا مستەفا) ئەلێرە دانیشتبوو!

بارزانی گوتی: یەکێك لە یاوەرانی سەرۆك (ناسر) هاتە ئەو هوتیلە کە لێی دابەزیبووین، داوای لێبوردنی کرد کە بەهاتنی ئەویان نەزانیوە ئەگەرنا بە میوانی رەسمی دادەنرا بەڵام حکوومەتی میسر خەرجی هوتیلەکەی خستەسەر خۆی. پاش ئەوەی بارزانی یەك رۆژ لە پورسەعید بەسەر دەبا، بە فرۆکەیەك دەگاتەوە عیراق.

بارزانی ئاوا وەسفی یەکەم چاو پێکەوتنی خۆی لەگەڵ (قاسم)دا کرد و گوتی:

- رۆژی سێیەمی گەڕانەوەم (قاسم) پێشوازی کردم، کە گەڕامەوە بۆ ماڵەکەم. برازاکەم پرسیاری لێکردم ((رات بەرامبەر قاسم)) چییە؟ پێم گوت: ((ئەو لە

نوری سەعید خراپ ترە)) بەڵام ئەو رایەم لە کاتی خۆیدا لای هیچ کەسێك نەگوت و لەناو دەروونی خۆمدا هێشتمەوە.

دزێوترین شت کە لە قاسمدا هەبوو و بارزانی رقی لێدەبۆوە، ئەو خوو پێوەگرتنەی بوو کە نازناوی ((پێشەوای تاك و تەنیا))ی بەسەر خۆیدا دەبڕی.

بارزانی لێی پرسیم:

- ئەی ئەمە مانای ئەوەنییە کە ئەو بۆ ئێمە باش نابێ؟

پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم لە کاتی روودانی هەندێك شێواوی لە ناوچەکانی کورد، بارزانی ناڕەزایی لە چاپەمەنی حکومەت دەربڕی کە لە بڵاوکراوەکانیدا وێنەی ئەو، و (قاسم)ی پێکەوە چاپ دەکرد و لە ناوچە کوردییەکاندا بڵاوی دەکردەوە. گوتی:

- من ناڕەزایم لەوە دەربڕی، ئەو خۆی بە پێشەوای گەلی عیراقی ناو دەبا. منیش پێشەوای گەلی کورد نیم.

(خوێنەر لەوە ئاگادار بێ کە وشەی پێشەوا بە عەرەبی مانای سەرکردە دەگەیەنێ بەڵام وێرا بە هەردوو سیفەتی تاکڕەوی و مەزنایەتی).

لە بەغدا هەرکام لە ((قاسم)) و حیزبی شیوعی عیراقی دەیانویست بانگەشەی ئەوە بکەن کە بارزانی هی ئەوە. هەردووکیان ئارەزوویان دەکرد سود لەو بنکە جەماوەرییە وەربگرن کە لەو پێشوازییە بەرفراوان و پڕ لە هەڵلاو هەنگامەیەدا رەنگی دەدایەوە کە کۆمەڵگای کوردی لە بەغدا پێشوازییان لە بارزانی دەکرد. سەرۆك (قاسم) بارزانی لە ڤیلایەك دانا کە رۆژانێکی پێشووتر موڵکی نوری سەعیدی سەرۆك وەزیران بوو[20]. شیوعییەکان بە جۆرێك دەدوان کە ئەو دوازدە ساڵەی کە بارزانی لە روسیا بردوویەتە سەر، کردوویەتی بە شیوعی.

(20) ئەو خانووەی کە بۆ (مەلا مستەفا) تەرخان کرا موڵکی حکوومەت بوو، هەر چەندە زەمانێکی درێژ نوری سەعید لەوێ دانیشتەجێ بوو بەر لەوەی بچێتە ناو خانوونی خۆیەوە. (ج. ف)



بارزانی کە نە متمانەی بە (قاسم) هەبوو و نە شیوعییەکانیشی خۆشدەویست، پێویست بوو لەسەری یارییەکی سیاسی ورد بەرێوەببا. ئەو پێویست بوو لەسەری لەگەڵ هەردووکیان هەڵ بکا. لەسەرێکەوە کە قاسم هیچ ئاماژەیەکی نییە کە بەڵێنەکانی خۆی بە مامەڵەکردن لەگەڵ کورد وەك هاوبەش لە رژێمی حکوومەتەکەیدا جێبەجێ دەکا، هەروەها مادام شیوعییەکانیش لەناوەڕۆکدا لە رژێمی قاسم هاوبەشن، لەو ماوەیەدا هەموو درکاندنە سیاسییەکانی پڕ بوون لە ستایش کردنی ((قاسم)) و سوپاس کردنی یەکێتی سۆڤێت بۆ ئەو دەست واڵاییەی لە میوانداریی کورددا کردوویەتی. لە کەشی راشکاودا لەهەر پرسیارێکی تایبەت بە باوەڕ، خۆی دووردەخستەوە. بەڵام لە دانیشتنە تایبەتەکانی ناڕەزایی خۆی لە شیوعی عیراق نەدەشاردەوە.

بەرە بەرە لە ساڵی 1959 و 1960 ((قاسم)) کە لەناو کورد لە پەیڕەوانی خۆی ترسا، دەستی کرد بە بوختان و قسە و قسەڵۆك دژی بارزانی. لەو لاشەوە سکاڵای بارزانیش وردە وردە زیادی دەکرد و شێوەیەکی ئاشکرای بەخۆوە دەگرت و بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە بەڵێنەکانی ((قاسم)) جێبەجێ نەکراون، لەو کاتانەشدا شیوعییەکان هەوڵیان دەدا بچنە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە تا نفوزی خۆیانی تێدا بڵاوبکەنەوە. بەڵام لەوێ ناوەندێکی سەختی دژ بە شیوعیەت لەناو دڵی پارتی دیموکراتی کوردستان هەبوو کە بە روویاندا راست دەبۆوە کە ئەویش بارزانی بوو.

ئەمە ئەو زەمەنەیە کە بارزانی لە ناخەوە سیاسەتی عیراقی تێدا دیراسە کرد بوو. (ئەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوان گەڕانەوەی بۆ بەغدا لە ئەیلولی 1958 تا گوازتنەوەی بۆ چیاکانی ناوچەی بارزان لە ئایاری 1961). ئەو، ماوەی هەژدە مانگ جەنگی لەبەردەمدا بوو کە شەڕ و پێکدادانی زیاتری بە دوودا دێ، مەهامی سەخت تریش لەگەڵ خۆیدا دێنێتە پێشەوە. ئەمەش لە سۆنگایی

ئەوەوە بوو کە پێویستی بە فێڵ و دەهۆوداوی زیاتر دەبێ. پاشە رۆژ پێویستی بەدان و سەندنی سیاسی هەیە و هەروەها پێویستی بە مانۆڕگەلێك لە جیهانی کورد و لە جیهانی عەرەب و جیهانی هێزە گەورەکان هەیە.

هەر بۆیە بارزانی پێویستی بەوپەڕی لە کارزانی و حیکمەت هەیە، هەروەها بەو سیفەتەی کە نیشتیمانپەروەرێکی کوردە، پێویستی بەو مەشق و شارەزاییە درێژە دەبێ کە لە ژیانی جەنگاوەریدا هەیەتی.

# بەشی هەشتەم

# پارتی دیموکراتی کورد

لەناو باخچەی پیاوێك، کە بە ((حاجی داود)) دەناسرا، لە نزیك چۆمی ((سابڵاخ)) لە دەرەوەی شارۆکەی ((مهاباد))ی کورستانی ئێران، لە شازدەیەمی ئەیلولی 1942 پازدە پیاو، بۆ دامەزراندنی حزبێکی سیاسی کۆبوونەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە یەکەمین رێکخراوی نهێنی بە ((کۆمەڵە)) ناودەبرا —ئەم وشەیە مانای رێکخراو دەدا- بەڵام ئەمە نۆبەرەی پارتی دیموکراتی کورد، بوو یان وەك لە پاشاندا لە کۆنگرەی حیزب لە 1956 بە رەسمی ناوەکەی گۆڕا بە ((حزبی دیموکراتی کوردستان)).

ئەو پیاوانەی لە باخچەی حاجی داود کۆبوونەوە، چەند مانگێك بوو لە پێویستی دامەزراندنی ئەو جۆرە رێکخراوەیان دەکۆڵییەوە بۆ ئەوەی یارمەتیدەریان بێ لە خێرایی گەشەپێدانی نیشتیمانی کورد، هەروەها بۆ کەڵك وەرگرتن لەو هەلومەرجە کە ((مهاباد))ی لە حاڵەتێکی سیاسی هاوشێوەی حاڵەتی سەرزەوینێکی حەرام بەجێهێشتبوو. ئەوێ لە ژێر دەستی هیچ کام لە سوپای روسی کە لە باکوری ئێران بوو، و لە لایەکەی تر هێزەکانی حکوومەتی ئێرانی و هاوپەیمانە رۆژئاواییەکان کە لە باشوور بوون، نەبوو.

لەم بۆنەیەدا، ئەفسەرێکی کوردی عێراق بە پلەی ((نەقیب)) کە ناوی ((میرحاج)) بوو ئامادە ببوو.

ئەو پسپۆریی خۆی، لە بواری دامەزراندنی حیزبێکی سیاسی کە پێی دەگوترا ((هیوا)) لە ژێر دەستی ئەواندا، دانابوو. بە پێی راسپاردەکانی ئەو، حیزبێکی نوێ لە ئێران، لە کۆمەڵە شانەیەك پێکهات کە هەر شانەیەك پێنج یا شەش کەسی دەگرتە خۆی، لە ئاکامی ئەوەدا، ناوی ئەندامان، جگە لە چەند کەسێکی کەم نەبێ، هەر بەنهێنی مانەوە، بەڵام لە ماوەی شەش مانگی داهاتوودا گەشەی کردوو نزیکەی سەد ئەندامی گرتەخۆی، ئەو کەسەی کە دەبووە ئەندام ئەم سوێندەی خوارەوەی دەخوارد:



1- ناپاکی لەگەلی کورد نەکا.
2- لە پێناوی ئۆتۆنۆمی بۆ کورددا کاربکا.
3- هیچ نهێنییەك نە بەقسە و نە بەنووسین نەدرکێنێ.
4- تامردن هەر بە ئەندامی ((کۆمەڵە)) بمێنێتەوە.
5- هەموو نێرینەیەکی کورد بە برای خۆی، هەموو مێینەیەکی کورد بە خوشکی خۆی بزانێ.
6- بێ مۆڵەتی ((کۆمەڵە)) نەچێتە ناو هیچ حیزب و رێکخراوێکەوە.

لە نیسانی 1943دا، ((کۆمەڵە)) بە هەموو لاکانی دیکەی ناوچەی بێلایەن، لە باکووری ئێران لە دەوروبەری ((مهاباد)) تا دەگاتە قوڵی سۆڤێت لە باکووری ((میاندواو)) تا دەگاتە سنورەکانی سۆڤێت، بڵاوبۆوە. بە لای باشووریشدا نفوزی ((کۆمەڵە)) تا سەقز بەرەو خوار بۆوە. ((کۆمەڵە)) سەرۆك یان پێشەوایەکی هەڵنەبژارد، و لەو کاتەدا دیارترین ئەندامانی رەحمان زەبیحی، محەمەد یاهو، هەژاری شاعیر بوون، لە دوو ساڵی داهاتوودا زۆربەی گەورە پیاوانی عەشایریی کورد و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکە چوونە ناو ریزەکانی ((کۆمەڵە))وە، ئەوە رێکخراوە نوێیە بەرادەیەك بەهێزبوو، کە وای لێبکا نوێنەرانی خۆی بۆ تویژینەوە لە دەرەتانی ئەو کە چالاکییەکانی خۆی لەگەڵ ((هیوا))دا یەکبخا، کۆمەڵێك پیاوی ناسراوی عێراق و تورکیا سەردانی مهابادیان کرد و حەپەسان و سەرسامی خۆیان لەوە راگەیاند کە هەندێکیان ئەوێ بە ((ئۆتۆنۆمی ناوچەی بۆشایی)) ناونا.

ناوچەیەك کە حکوومەتی ئێرانی توانای ئەوەی نەبوو دەسەڵاتی خۆی تێدا هەڵبسوڕێنێ و روسەکانیش رەتیان دەکردەوە دەسەڵاتی تێدا بگێڕن.

هەروەکو لە پێشدا باسمان کرد. نوێنەرانی کورد لەهەر سێ پارچەی (عێراق، تورکیا، ئێران)، لە ئابی 1944 پەیماننامەیەکیان بۆ ئاڵوگۆڕی هاوکاری ئیمزاکرد کە پێی دەگوترا ((پەیماننامەی سێ سنور)).

قاسم قادری مهابادی نوێنەری کوردی ئێران، شێخ عەبدوڵای زینویٚ نوێنەری کوردی عێراق ((زینویٚ گوندێکە دەکەوێتە سەر سنوری ئێران لە نزیك خانە))وە. قازی مەلا وەهاب نوێنەری کوردی تورکیا. کوردەکانی عێراق و ئێران لە ئایاری 1944 ئاڵایەکی نیشتیمانییان دانا کە پێکهاتبوو لە سێ ڕەنگ بەشێوەیەکی ئاسۆیی کە سور و سپی و سەوز بوو ((ئەمەش بەراوەژوو کردنەوەیەکی سادەی ئاڵای ئێرانی بوو کە لە سەرەوە بە سەوز دەست پێدەکا و بە سوور کۆتایی دیٚ))، هەروەها خۆرێك کە تیشکەکانی دەرچوون و بە دوو تەتیشتییەوە دوو گوڵە گەنم و لە پشتەوە چیایەك و قەڵەمێك هەیە، وەك دروشمی خۆیان دانا.

شارۆکەی ((مهاباد)) لە خەوی قوڵی لادێیانەی خۆی، کە چەندین سەدە درێژەی ببوو، رابوو. وای لێهات لە خەڵك ژاوەی دەهات و پڕاوپڕ لە چالاکی بوو. بگرە بووە ناوەندێکی نەتەوەیی شۆڕشگێر. هەروەها ئەویٚ شانۆیەك بوو بۆ نواندنی شانۆگەرییەکی بەستەبێژیی خاوەن ئامانج کە هەرگیز لە پێشاندا وێنەی نەبوو بوو —کە ئەویش شانۆگەری دایکی نیشتیمان بوو .

((کۆمەڵە)) تا ئەو رادەیە رێکخراوێکی نیشتیمانی بێگەردبوو. کۆمەڵە لەهەر چەشنە نفوزێکی بیانی بەدەربوو. کۆمەڵە شێوازی رێکخستنی خۆی لەسەر شێوازی رێکخستنی حیزبە کۆمەنیستەکان لە کۆمیتەی ناوەندییەوە بۆ مەکتەبی سیاسی و ئیتر ئاوا، بەڵام نەك وەك لاسایی کردنەوە بەڵکو بەپێی حاڵ و باری رۆژگار، بنیات نا. ئەمەش هیچ ئیمتیازێکی سیاسی تێدا نەبوو. هەژی گوتنە کە دەسەڵاتدارێتی سۆڤیەتی دەستی کرد بوو بە چاودێریی کردنی ((کۆمەڵە)) و بە دواداچوونی کارەکانی.

گرنگی پێدانی چالاکانەی سۆڤێت بە کورد، لەوانەیە بۆ ساڵی 1941 بگەڕێتەوە. ئەمە ئەو کاتە بوو کە سوپای سوور شکستی خوارد و لە هەموو بەرەکانی جەنگدا پاشەکشەی دەکرد. حکوومەتی سۆڤیەتی زۆر گرنگییان بەوە دەدا کە پشتەوانی کورد لە دژی نازییەکان، کەوای لێهاتبوو هەڕەشەیان لە ((قەفقاس)) دەکرد، بە دەستبهێنن.



روسەکان بانگهێشتی کۆمەڵێك لە سەرۆکە کوردەکانیان بۆ ((باکۆ)) کرد. لەویٚ لەگەڵ ((باقیرۆف)) سەرۆك وەزیرانی کۆماری ئارەزبایجانی سۆڤیەتی[1]، دیدەنییان کرد.

گەرچی لەو کاتەدا روس بەڵێنییکیان نەدا، بەڵام پێشەوایانی عەشیرەتەکان درکیان بەوەکرد کە ئەوان دەتوانن بۆ بەرژەوەندی نەتەوایەتی خۆیان، پشت بە هاوکاری و یارمەتیدانی روسەکان ببەستن. بەم شێوەیە رێوشوێنەکانی سیاسەتی داهاتووی سۆڤیەتی بەرامبەر بە کورد، بنیات نرا.

لە کاتی دووەمین سەردانی شێخانی عەشیرەتەکانی کورد بۆ ((باکۆ)) لە ئەیلولی 1945دا، لە سەرەتا (( باقیروف)) هەوڵی دەدا کە لە داخوازی خۆیان بێنە خوارەوە و لە ((کۆماری ئازەربایجان))دا بەشداری بکەن. بەڵام ناچار بوو لە بەرامبەر پێداگرییەکانی پێشەوایانی کورد لە دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی تایبەت بە خۆیان تەسلیم ببیٚ.

کاتێك ئەو دەرفەتەی لە کیس چوو، ویستی لە رێگای بە دەستهێنانی هەست و سۆزی کوردییەوە، شکستی خۆی بشارێتەوە و بە مستەکۆڵە لە مێزەکەی بەردەمیدا و گوتی:

- مادام یەکێتی سۆڤیەتی لە ئارادایە، ئەوا کورد سەربەخۆیی خۆیان وەردەگرن.

لەویٚ هیچ کامیان بە تەواوی لە مانای ئەمە دڵنیا نەبوون، بەڵام بۆ مەرامە گشتییەکانی راگەیاندنی یەکێتی سۆڤیەتی سودبەخش بوون. لە هەموو ئەمانە گرنگ تر ((باقیروف)) تێبینی ئەوەی کرد بوو کە ((کۆمەڵە)) بەو پێکهاتەی ئێستایەوە لاواز و سستە. ئەو راسپاردەی خۆی پێڕاگەیاندن کە ئەو جوڵانەوە کوردییە بکریٚ بە ((حیزبی دیموکراتی کوردستان)).

---

[1] لە نیسانی 1956 بە تۆمەتی خیانەت و هاوکاری لەگەڵ ((لاڤرنتی بیریا)) وەزیری ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەتی، حوکم دراو لە سێدارە درا. باقیروف تورکمانێکی ئازەربایجانی بوو. باوك و دایکی شیعەبوون. لە سەردەمی ستالیندا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی یەکێتی سۆڤیەتی بوو، یەکێك بوو لە سیما ناسراوەکانی ستالینیزم. لەسەر و بەندی هەڵمەتی پاکسازی ستالینیستەکان بە کۆمەڵە تاوانێکی جۆراوجۆر، ئیدانە کرا. ((ج-ف)).

پاش چەند مانگێکی کەم، لە تشرینی دووەمی 1945دا، سەرۆکی داهاتووی کۆماری ((مهاباد)) شەست ئەندامی بەرزی لە ئەندامانی ((کۆمەڵە)) لە جێگەیەکی گشتیدا، کە تاکە جێگەیەکی بەرین بوو لە مهاباد و بارەگای ((سەنتەری پەیوەندییەکانی رۆشنبیریی بوو)) کۆکردەوە، لەسەر راسپاردەی ((باقیروف)) بەشدارانی کۆبوونەوە بڕیاریاندا کۆتایی بە کاری نهێنی بهێنن و وەك حیزبێکی دیموکراتی بچنە قۆناغێکی ئاشکراوە و ناوەکەی بە ((حیزبی دیموکراتی کوردستان)) بگۆڕێت. بەم شێوەیە هەر لە سەرەتاوە دەستی سۆڤیەتی لە کاروباری ((حیزبی دیموکراتی کوردستان)) یان وەك دەگوترا (( حیزبی دیموکراتی کورد)) بەدەرکەوت.

لە رۆژانی یەکەمدا، هاوکاری لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتدا پرسێکی پێویست و بێ چەند و چوون بووە سوپاکانی سۆڤیەتی لە دووری چەند میلێکی کەم لەسەر زەوی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کورددا، ئوردویان لێ دامەزراند بوو.

هەروەها سوودێکی زۆر گەورە لەو یارمەتییە ماڵییە کەمەی کە یەکێتی سۆڤێت بۆ حیزب و پاشان بۆ کۆماری ((مهاباد))ی پێشکەش کرد. وەرگیرا.

بەرنامەی حیزب ئەوسا بەم شێوەیە بوو:

1- گەلی کورد لە ئێران، لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەی خۆیدا، ئۆتۆنۆمی بەڕێوە دەبا.
2- زمانی کوردی زمانی رەسمی و زمانی فێرکردن دەبێ.
3- پەلەکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی یاسادانان بۆ کوردستان بەپێی دەستوری ئێرانی و بەڕێوەبردنی مافی خۆی لەسەر پەرشتی کردن و چاودێریکردنی هەموو کەرتە گشتییەکاندا.
4- پێویستە هەموو فەرمانبەرانی دەوڵەت کوردبن.
5- باج و داهاتی کوکراوەی کوردستان لە ناوچەی خۆیدا خەرج دەکرێ.
6- حیزبی دیموکراتی کوردستان هەوڵ دەدا پەیوەندی برایانەی گەرم لەگەڵ ئازەربایجان و کەمینە نەتەوەییەکانی دیکە دابمەزرێنێ.



7- حیزب بۆ گەشەپێدانی ئاستی رۆشنبیریی و روحی و چاککردنی هەلومەرجی تەندروستی و ئابووری گەلی کورد لە رێگای گەشەپێدانی کولتور و تەندروستی گشتی و بەرزکردنەوەی ئاستی بازرگانی و کشتوکاڵ، کاردەکا.

هێندەی پێنەچوو لە عێراق پارتی دیموکراتی کورد لە ئەنجامی یەکگرتنی حیزبی ((هیوا)) و ((ژیانی کورد)) دامەزرا. لە یەکەمین کونگرەی حیزبدا لە 16ی ئابی 1946 بارزانی بە سەرۆکی ئەو حیزبە هەڵبژێردرا.

هەرچەندە ئەو لەو کاتەدا لەناو خاکی ئێراندا شەڕی دەکرد. بارزانی نازناوی سەرۆکی لە ساڵی 1946دا بۆیە قبوڵکرد تا پەیوەندی بە کوردی عێراقەوە بمێنێتەوە هەر چەندە ئەو لە ساڵانی دواتردا زۆرجار ئەوەی دەربڕی کە گومانی لە پێگەی حیزبدا هەیە و پەیوەندی خۆی لەگەڵدا لاواز دەکردەوە. رێکخراوێکی کوردی لە چەپڕەوەکان مایەوە کە ناوی ((شۆڕش)) بوو. لە دواییدا چووە پاڵ حیزبی شیوعی عیراقییەوە.

هەروەها لە سوریاش حیزبێکی دیموکراتی کوردی دامەزرا، (خۆیبوون)یش کە حیزبێك بوو لە بنەڕەتدا لە تورکیا دامەزرا بوو، بووە رێکخراوی کوردە دورخراوەکانی سوریا و لوبنان و گشت کوردەکانی پایتەختەکانی ئەوروپا. ((هیوا)) جێگای ((خۆیبوون))ی لە عێراق گرتەوە، پارتی دیموکراتی کوردیش جێگای ((هیوا))ی گرتەوە. بەڵام ((شۆڕش)) باڵێك بوو کە سەر بە شیوعییەکان و سۆڤیەت بوو، لە (هیوا) جیابۆوە. ئەندامێکی حیزب ئەو کارەی بەو شێوەیە بۆ روونکردمەوە و گوتی:

- (بۆ دەکرێ بارودۆخ پێچەوانەی ئەمە بێ؟ کۆمۆنیستەکان، تەنیا ئەوان بوون کە گرنگییان بە ئێمە داو کەسێکی تر گوێی بە ئێمە نەدا. ئەوان دان بە رەوایی داخوازییەکانی ئێمە لە مافە نەتەوایەتییەکانماندا دەنێن. ئەگەریش ئەوە راست بێت کە یەکێتی سۆڤیەت لە مهاباد ئێمەی زەبون کرد و پشتی ئێمەی بەردا ئەوە دیسانەوە ئەوەش راستەکە ((یەکێتی سۆڤیەت)) تاکە وڵات بوو کە لەو ماوەی سەربەخۆییەدا هەستا بە یارمەتیدانی ئێمە).

کۆمۆنیستەکان لە سەرەتادا دەیانویست کەڵك لە باڵادەستی خۆیان وەربگرن بۆ ئەوەی نفوزی خۆیان لەناو پارتی دیموکراتی کورددا بسەپێنن و هەڵی لوشن.

بەڵام حیزب هەر لە سەرەتاوە گرووپێکی دژە کۆمۆنیستی خۆی هەبوو. حیزب لەسەر رەگ و ریشەی جوڵانەوەی رزگاری کوردییەوە چەکەرەی کردبوو، هەر بەو هۆییە توانی کەسایەتی تایبەتمەندی خۆی کە پێکهاتبوون لە کەسانێك کە لە فراوانترین پانتایی کۆمەڵگای کوردییەوە هاتبوون. ئەم کەسایەتییە تایبەتەی حیزب، کاتێك شایانی تێگەیشتن و پەی پێبردن دەبێ کە بێم وەسفی دوو پیاو بکەم کە رۆڵێکی گەورەیان لە هەموو قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی حیزبدا هەبووە. یەکەمیان لە ((دیاربەکر))ی تورکیا، دووەمیان لە ((مهاباد))ی ئێرانەوە. یەکەمیان نوێنەرایەتی رەگەزی کەسایەتی ئەرستوکراتی کۆنی نیشتیمانپەروەرانی کورد و دووەمیان نوێنەرایەتی رەگەزی کەسایەتی میللی نوێ، دەنوێنێ.

((ئاپوجومرد))[2] ئەو وەرگێڕە سەرنج راکێشەی کە لە گەشتەکەمدا بەناو کوردستاندا هاوڕێیەتی کردم. ئاپوجومرد لە بنەماڵەیەکی فیودالی نیشتیمانپەروەری کورد لە ((دیاربەکر)) بەر لە کۆتایی هاتنی سەدەی پێشوو، لە دایك بووە. ئەو بنەماڵانەی کە هاوشێوەی بنەماڵەکەی ئەو بوون بە درێژایی سەدەکانی رابردوو، ئاگری هەستی نیشتیمانپەروەرییان هەروا بە بڵێسەداری مایەوە. ئەو، وێرای ئەو ژمارە گەورەیە لە براو خوشکەکانی، لە ماڵی خۆیاندا بە زمانی کوردی خوێندنیان دەست پێکردووە. موڵکەکانی بنەماڵەکەیان بە رادەیەك بەرفراوان بوو کە باوکی چەند هەفتەیەك بە گەشت و گەڕان بە چواردەوریدا خەریك

(2) "ئاپوجومرد" لە بنەماڵەی بە ناوبانگی جەمیل پاشای دیاربەکرییە باپیری (ئەکرەم بەگ ئاپۆجومرد، سەرکردایەتی ئەو هەڵمەتە بە ناوبانگەی عوسمانی بۆ سەر یەمەن کە لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا بووە، کردووە). ئەم بنەماڵەیە خزمایەتیان لەگەڵ میرانی ((بەدرخان))ییەکانی ((بۆتان)) هەیە. ئەمڕۆ زۆربەی کەسانی ئەم بنەماڵەیە بە گشت وڵاتاندا بڵاوبوونەتەوە، بەڵام زۆربەیان لە سوریا دادەنیشن (ج. ف).



دەبوو. لەناو ئەو موڵکانەدا، کێڵگەی بەرفراوانی گەنم لە دەشتی ((دیاربەکر)) و باخ و بێستانی بەرهەمهێنیان لە دەوری شاردا هەبووە. جگە لەوەش کارگەیەکیان هەبوو کە لەسەر شێوازی کلاسیکی، داوی ئاوریشمی، کە کرمی ئاوریشم لەسەر گەڵاتوو دروستی دەکا، تێدا بەرهەم دەهات. ئەم بنەماڵەیە بە سوربوون و پێداگری و حیرسەوە گرنگییان بەهەر شتێك دەدا کە کوردی بوایە.

لەساڵی 1908 کاتێك (جون تورك) هاتنە سەر تەختی دەسەڵات، (ئاپوجومرد) لە ئەستەمبوڵ قوتابی بوو و ئەندامی دڵسۆزی یەکەمین یانەی سیاسی کوردی بوو، لە یەکەمین رۆژنامەی کوردییدا بەشداربوو. ئاپوجومرد و بنەماڵەکەی یەکەمین حیزبی سیاسی کوردیان لە ((دیاربەکر)) و جێگاکانی تری رۆژهەڵاتی تورکیا دامەزراند. پشتیوانی گەورەی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانیان لە ساڵی 1925دا کرد. ئاپوجومرد بە کۆمەڵە گەشتێك هەستا کە لەو پەڕی سنوری (کوردستان) ەوە بە درێژیی و پانایی وڵاتی عێراق و تورکیا، تا دەگاتە ئەم پەڕ بە هاوڕێیەتی لەگەڵ ((رائیدی ئینگلیزی)) (نویل E. w. Noel)[3] و ئەم گەشتەی لە خودی خۆیەوە بێ ئەوەی کەسێك داوای لێبکا، ئەنجامدا بۆ ئەوەی زانیاری لەسەر فراوانی و کاریگەری جوڵانەوەی نیشتیمانی کورد، زیاتر

(3) میجەر نویل، بەریتانییە، ئەو لە کاروباری کورد پسپۆرە و لەوانەشە کە هاوسۆزییان لەگەڵ دۆزی کورددا هەیە. لە کۆتایی ساڵی 1918دا بە سیفەتی ئەوەی (ئەفسەرێکی سیاسی)یە لە لایەن حکوومەتی داگیرکەرەوە رەوانەی سلێمانی کرا بۆ ئەوەی سیستەمی بەڕێوبەرایەتییەکی کاتی کە جێگای رەزامەندی دانیشتوان بێ، دابمەزرێنێ. ئەو بە ((شێخ مەحمود))ی راگەیاند کە ئەگەر ئارەزوو دەکا ئەوا بەربەستێك نییە لە قبووڵکردنی پێشەوایەتی ئەو لەسەر کۆمەڵگەی کوردی یا هەر هۆزێك کە لە نێوان هەردوو زێی ((سیروان)) و ((زێی گەورە))دا دادەنشین. "نویل" بووە راوێژکاری (شێخ مەحمود) و لە ساڵی 1919دا واجێیکی تر بە ((نویل)) سێپردرا کە بریتی بوو لەوەی راپۆرت لە بارەی دەرەتانی دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی بۆ پاشماوەی ناوچەی داگیرکراوەکانی تری کورد، پێشکەش بکا. ئەو، وەزیفەکەی خۆی بە میجەر (سۆن) سپاردو پاشماوەی ئەو تەمەنە کورتەی لە کوردستان بە گەڕان و سوڕان بردە سەر. (ج. ف)

پەیدا بکا. لە پاشاندا گرتیان. ئاپۆجومرد بەو چەند ساڵە کەمەی کە لە بەندیخانەدا بە سەری برد بوو خۆشحاڵ بوو، پاش ئەوە وەکو پیشەوایەکی کورد ناسرا. ئیتر نەیتوانی هیچی تر لە تورکیای کەمالیدا ژیان بەرێتەسەر. لە کۆتایی بیستەکاندا لە تورکیا هەڵات و پاشماوەی ژیانی وەك پەنابەر لە دەرەوەی بردەسەر و هەمیشە لەگەڵ زنجیرەیەك لە شۆڕشەکانی کورد لە تورکیا، عێراق و ئێران لە پەیوەندیدا بووە و چاوەڕوانی دەکرد و کاریشی بۆ ئەو رۆژە دەکرد تا جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد مەهامەکانی خۆی تەواو دەکا. کاتێك من ئاشنایەتیم لەگەڵ ((ئاپوجومرد)) پەیدا کرد تەمەنی حەفتا و دوو ساڵ بوو. بەڵام هێشتاش ئارەزووی دەکرد لە پێناوی دۆزی خۆیدا بچێتە شەڕ، ئەو توانایەشی تێدابوو.

هەروەها دووەم کەس لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردی ((ئەحمەد توفیق))[4]، بوو کە لە گەشت و گەڕانەکانمدا لە کوردستان هاوڕێم بوو، لە ساڵی 1947دا کە ئەحمەد تەرمی ((قازی محەمەد)) و خزمەکەی لە مەیدانی شاردا بە هەڵواسراوی بینی، هێشتا منداڵ بوو مچووڕکی پانۆرامای ئەو رووداوە دڵتەزێنە بە درێژایی ژیانی لێی جیانەدەبۆوە. ((قازی محەمەد)) پاڵەوانی ئەو بوو. کاری ئەحمەد ئەو کاتە گەیاندنی نامەکان بوو بە سەرۆك کۆمار. ئەو شانازیی بەوەوە دەکرد کە دووجار لە لایەن قازییەوە ستایشی کراوە،جارێکیان لەبەر ئەوەی کە نەیهێشتووە پیاوێك بچێتە ژوورەوە کە ناسنامەی دروستی بارەگای حیزبی پێنەبوو، جارێکیشیان لەوەی کە لە نەخشەکێشانی دروشمی نیشتیمانی کورد، یارمەتیداون.

---

[4] ئەحمەد تۆفیق ناوی خوازراوی ((عەبدوڵا ئیسحاقی)) بوو. ئەو کوردێکی خەڵکی مهاباد بوو. هەروەکو لە دەقەکەدا هاتووە ئەوساکە مێرد منداڵ بووە. لەو باوەڕەداین کە لە وەسفکردنی بینینی ((قازی محەمەد)) بۆ دانەری کتێبەکە، وەك وەسفکردنێکی ((مەجازی)) هێناوەتەوە، چونکە ئەو رێوشوێنانەی لە کاتی جێبەجێکردنی حوکمی سێدارە بەڕێوەبرا، ئەو پەڕی نهێنیێ تێیدا رەچاوکراو کەس تەئکیدی لەوەنە کردووە کە ئەو دیمەنەی بینیبێ (ئیگلتن-هەمان سەرچاوەی پێشوو). (ج. ف)



"ئەحمەد"ی لاو پاش ئەوە ساڵانێك لە ناوچە کوردییەکاندا، لە کاری رێکخستنی (حیزبی دیموکراتی کوردستان)دا هەوراز و نشێوی دەبڕین، جارێکیان پلەی گەیشتە سکرتێری گشتی حیزب لە ئێران. پۆلیسی ئێرانی بە دوایەوە بوون و چەند جارێك خەریك دەبوو بکەوێتە ناوچنگیانەوە، بەڵام لە ئاخرین ساتدا رزگاریدەبوو. جارێکیان دەگیرێ، خۆی لە ژێر چاودێری پاسەوانێکی کورددا دەبینێتەوە، ئەحمەد بە هەڵی دەزانێ و دەربارەی تێکۆشانی نەتەوەیی، پاڵەوانێتی گەلەکەی، قبوڵکردنی ئازار و ئەشکەنجەدان، هەروەها لە بارەی پاشە رۆژێکی رووناك کە چاوەڕێی نیشتیمانی کورد دەکا، دەست بە قسەکردن دەکا، تاوای لێدێ فرمێسك بە چاوەکانیدا دێتە خوارێ، بەم شێوەیە "ئەحمەد" بەرەڵا دەکا.

ئەو سەردەمانە دەسەڵاتی ئێرانی لەو باوەڕەدابوون کە (ئەحمەد) لەگەڵ شیوعییەکاندا کاردەکا، ئەحمەد لە بەرامبەر ئەوەدا دەیگوت:

- بەڵام ئەوان هەموو کاتێك گومڕابوون ئەو بە سەرسامییەوە درێژەی پێدا و گوتی: ((لە هەمانکاتیشدا شیوعییەکان بە جاسووسێکی ئەمریکیم دەزانن)). لە سەرەتای ساڵی 1950دا، ئەحمەد توانی لە مەهامێکی ((حیزبی دیموکراتی کوردستاندا)) بگاتە پراگ و پاش ئەویش بۆ ((ژنێڤ))، ئەو دوو شارە، تاکە شارن کە ئەحمەد لە دەرەوەی عێراق بینیویەتی، ئەحمەد دەربارەی ئەو کچانە قسەی بۆ کردم کە لە ((پراگ)) چاوی پێکەوتوون. پاشان ئەحمەد وەك پەی بەشتێك بردبێ گوتی:

- بەڵام لە راستیدا من تەنیا یەك خۆشەویستم هەیە من وڵاتەکەم خۆشدەوێ.

لە پراگ بەرپرسانی حیزبی شیوعی دەیانەوێ ((ئەحمەد)) بخەنە ریزی کادیرەکانی خۆیانەوە و تموحی پاشەڕۆژێکی پرشنگدار لە پێشەوایەتی و ناوبانگ دەخەنە بەردەمی. بەڵام ئەحمەد گوێیان لێ ناگرێ، و پێی گوتم: من قەناعەتم بەوە هەیە کە حیزبی شیوعی هەمیشە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەتی دەکا نەك بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد.

"ئەحمەد تۆفیق" پاش ئەوە، کە سەفەری ئەوروپا دەکا جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ ئێران. لە عێراق دەمێنێتەوە لە نزیکەوە چاودێری گەشەکردنی ((پارتی دیموکراتی کورد)) دەکا لە عێراق.

ئەحمەد دەگاتە ئەو دەرەنجامە کە پاش دامەزراندنی حیزب لە ساڵی 1946، بۆ دوو باڵ دابەش بووە. یەکێکیان بە سەرکردایەتی ((ئیبراهیم ئەحمەد)) و دووەمیان بە سەرکردایەتی ((هەمزە عەبدوڵا)). باڵی ((ئیبراهیم ئەحمەد)) بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان عێراق)) دەناسرا. بەڵام باڵی ((هەمزە عەبدوڵا))، وشەی پێشکەوتنخوازی خستبووە سەر.

((ئیبراهیم ئەحمەد)) کە ڕۆشبیرییەکی باشی لە دیالەکتیکی مارکسیدا هەبوو تەنانەت لە خاڵێکیش لە بەرامبەر ڕۆشنبیرانی چەپخوازی حیزبەکەی نەهاتە خوارەوە، هەر چەندە کە "ئیبراهیم ئەحمەد" لە سەرەتای ژیانی سیاسییدا، بۆ خۆشی مەیلی بەلای چەپدا دەهاتەوە. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات وردە وردە بە لای بیری نەتەوایەتیدا شکایەوە و هەوڵیدا ئەو لاوانەش بۆ دۆزی نەتەوایەتی کوردی رابکێشێ کە لە ژێر کاریگەری شیوعیەت دابوون. لە لایەکی ترەوە هەمزە عەبدوڵا[5] لەسەر خولیای کەسایەتی نەتەوەیی خۆی بەرەو چەپڕەوی بەردەوام بوو، هەوڵی دەدا شیوعییەکانی پێشوو کە کەوتبوونە ژێر کاریگەری ((ئیبراهیم ئەحمەد)) بۆ لای خۆی رابکێشێ.

هەر چەندە ئەم دوو باڵە هەردووکیان هەوڵیاندا لە ژێر ناوی ((پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان)) کار بکەن و تا ئەوەی بە هاوبەشی ڕۆژنامەشیان بە یەکەوە دەکرد، بەڵام ((ئەحمەد تۆفیق)) تێبینی ئەوەی دەکرد کە هەردووکیان دژی یەکتر کار دەکەن، "هەمزە عەبدوڵا"ی بە هەلپەرست وەسف دەکرد کە لەسەر هێڵێکی سەر بە شیوعییەکان کار دەکا و لە هەمانکاتیشدا کەڵك لە پەیوەندییەکانی خۆی بە سیستەمی عەشایریی کۆنەوە، وەردەگرێ. هەورەها بەوە

---

[5] (هەمزە عەبدوڵا) ئێستا لە بەغدا دەژی و کاری (پارێزەر)ی دەکا. (ج. ف).



تاوانباری دەکرد کە سامانی حیزب بە فیڕۆ بەکاردەهێنێ، ئامۆژگاری حیزبی کرد کە خۆی و شوێنکەوتوانی دەربکەن. ئەم کارە بە کردەوە سەری گرت، بەڵام دوای چەندین ساڵ لە هەمان کاتدا ((ئیبراهیم ئەحمەد)) توڕەیی ((مەلا مستەفا))شی بەسەردا رژاند. پێشتر "هەمزە عەبدوڵا" بۆ ماوەیەکی کورت لای ((مەلا مستەفا)) خاوەن متمانە بوو.

ئەم گۆڕانکارییە لە ساڵی 1958دا کاتێك روویدا کە "ئیبراهیم ئەحمەد" لەگەڵ شاندی پارتی بەفرۆکە چوونە پراگ بۆ سەردانی بارزانی. "بارزانی" پێشەوای هۆزایەتی، دەسبەجێ هەستی بەبێزهاتنەوە لە ((ئیبراهیم ئەحمەد))ی ڕۆشبیر کرد. ئەو بێزهاتنەوەیە کە تا ڕۆژگاری ئێستاشمان بەردەوامە، ڕۆڵێکی گرنگی لە کاروباری ناوخۆی "کوردستان" دا گێڕا. بارزانی دەربارەی ((خۆ بە زل زانی و بێباکیی ئیبراهیم)) بۆ یارمەتیدەرانی خۆی قسەی دەکرد.

لە نیوەی یەکەمی 1959، شیوعییەکان کە تا ئەو کاتە لە سۆز و گرنگی پێدانی گەورەی رژێمی ((قاسم)) بەهرەمەند بوون. ((بارزانی)) پشتیوانی لە ((هەمزە عەبدوڵا)) کرد کە لەو کاتەدا بە رواڵەت بیرورا وابوو کە شیوعییەکان ((شنەبای راستەقینەی دوا ڕۆژن))، ئەو لەبەر تیشکی ئەوەدا کاری دەکرد. لە ساڵی 1959 ((هەمزە عەبدوڵا)) گەیشتە ئەو رادەیە کە بڕیارێکی ستەمکارانەی بۆ یەکخستنی هەموو رێکخراوە کوردستانییەکان لەگەڵ رێکخراوە هاوشێوەکانی حیزبی شیوعی، دەرکرد و هەروەها پێشنیازی ئەوەشی کرد کە رێکخراوەکانی جوتیاران، لاوان، ئافرەتانی کوردستان لە پارتییەوە بچنە ناو حیزبی شیوعییەوە.

ئەوە بوو ((ئەحمەد تۆفیق)) ((مەلا مستەفا))ی لەو گۆڕانکارییانە ئاگادارکردەوە و بۆ دیدەنی بارزانی چووە ((شەقڵاوە)) و هۆشیاری کردەوە کە ((هەمزە عەبدوڵا)) لەگەڵ ((قاسم)) بۆ هاڕینی جولانەوەی نەتەوەیی کورد، کاردەکا.

بارزانی داوای کرد کۆنگرەی پارتی لە بەغدا ببەسترێ، نوێنەران بڕیاریاندا چالاکی (هەمزە) رابگیرێ و لە حیزبیشدا هەڵپەسێردرێ تاکو کۆنگرەی نیشتیمانی ساڵانە بڕیاری خۆی لەسەر دەدا. ڕۆژی دواتر (بارزانی) چووە ناو بارەگای گشتی

حیزب و بارەگای دایە دەست لیژنەیەکی تری حیزبی کە بە جۆرێکی تایبەتی هەڵبژێردرا بوو. ئەم کودەتا ناوخۆییەی حیزب لە ناوەڕاستی ساڵی 1959دا روویدا.

لە کۆنگرەی چوارەمی حیزب کە پاش ئەوە هات (لە 23 تشرینی یەکەمی 1960) هەمزە عەبدوڵا و نزیکترین یارمەتیدەرەکانی، بەسیفەتی ئەوەی کە ((خاین))ن لە حیزب دەرکران. لەو کۆنگرەیە و کۆنگرەکانی دواتریش کە بە دوو ئەودا هاتن، ئیبراهیم ئەحمەد بە سکرتێری گشتی حیزب هەڵبژێردرا و ((مەلا مستەفا))ش لە هەڵبژاردنی ئەودا نارەزایی پیشان نەدا. لە هەمانکاتیشدا پشتیوانیشی لێنەکرد. ئەم حاڵەتە تا رۆژگاری ئێستامان هەروا ماوەتەوە.

لە کۆنگرەکەدا ((بارزانی)) لە تێکڕای پازدە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی تەنیا دەنگی بە چوار کەسدا. ئەم کارە ئاماژەی بەوە دەکرد کە گرنگی بەوانی تر نادا.

بێ لەبەر چاوگرتنی بێز هاتنەوەی ((بارزانی))، ((ئیبراهیم ئەحمەد)) لە گەشەپێدانی پارتی دیموکراتی کورد و جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد بەشێوەیەکی گشتی رۆڵێکی زیندووی گێڕا.

ئەو پیاوی نوسین و کتێب، پارێزەر و سەرنووسەری گۆڤار، و رۆشنبیربوو، تەمەنی لە دەوری پەنجاکاندا بوو، قەڵافەتێکی بچووك و باریك و نیشانەی پیری بەسەر قژی و نێوچەوانییەوە دیار بوو.

ئەو، گرنگی بە کورتکردنەوەی سمێڵە سپییەکانی دەدا، بە گوفت و لوتف، زمان شیرین، لە ئاخاوتن زمان پاراو، خاوەن بیر، سادە و زۆر رۆشنبیر و دەرکەوتوو بوو.

لە کۆلیژی "ماف" لە بەغدا دەرچوو بوو، تێزێکی[6] لەمەڕ پەیوەندییەکانی عەرەبی - کوردی لە ساڵی (1937) چاپکردووە، ماوەیەکی زۆری پێ ناچێ بە تۆمەتی هەستان بە چالاکی دژی حکومەت دەست گیرکرا. لە ساڵی 1939 گۆڤارێکی مانگانەی بەناوی گەلاوێژەوە دەرهێنا کە ماوەی دە ساڵ بەردەوام بوو. ئەم گۆڤارە لەو کاتەدا جێگای رەخنەلێگرتنی حیزبی شیوعی عێراق بوو کە ئەوان

[6] تیز نەبوو بەڵکو نامیلکە بوو خۆی داینا بوو. (ج. ف).



بە راستڕەو وەسفیان دەکرد، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بە تۆمەتی شیوعیەت سێ ساڵ حکوم درا و بەو تۆمەتەوە سێ ساڵ نێردرایە بەندیخانە، پاشان ماوەی سێ ساڵی تر لە ژێر (نیشتەجێ بوونی زۆرملێ) دانرا.

کاتێك لە ساڵی 1952 لە بەندیخانە دەرچوو، بۆ یەکەمین جار بە سکرتێری گشتی پارتی هەڵبژێردرا. ئێستا ئەو لە حاڵ و بارێکدایە کە شیوعییەکان حەز بە گرنگیدانی ئەو بە مارکسیەت ناکەن و بگرە لەسەر راکێشانی لاوانی کورد کێبەرکێیان لەگەڵدا دەکرد[7].

"ئیبراهیم ئەحمەد" لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ((ئریك رولو Eric Roulot)) لە رۆژنامەی (لوموند)ی پاریسی لە ئازاری 1963، بە تێروتەسەلی هەڵوێستی خۆی لە بەرامبەر حیزبی شیوعی عێراقی و ((عەبدولکەریم قاسم)) راڤەکردووە، ((رولو)) چۆتە ناو ئەو بارەگا گشتییەوە کە "ئیبراهیم ئەحمەد" سەرپەرشتی تەواوی خەباتی ((پارتی)) تێدا بەڕێوەدەبرد. ئەم بارەگا گشتییە کەوتۆتە ناو ئەشکەوتێکەوە کە لە نێوان دوو چیای بەرزدا، شاراوەتەوە و لە شاری ((سلێمانی))یەوە زۆر دوورنییە. ئەو بۆ گەیشتن بەوێ زنجیرەیەك ئاستەنگی زۆر مەحکەم دەبڕێ و لە چەندین رووبار دەپەڕێتەوە و بەناو رێ گوزەرێکدا تێدەپەڕێ کە بە چاکی پاسەوانی لێدەکرێ، ئەو بە قەد پاڵی چیایەکی رك و تەلاندا سەردەکەوێ کە کەسێك گومانی بۆ نابا. ئەو رێ گوزەرە دەچێتە ناو بارەگای یەکێك لە بەرپرسە گەورەکانی کورد. دەروازەی ئەم ئەشکەوتە هونەری شوێنەوونی بە جۆرێك تێداکراوە کە لە دووری چەند پێیەکی کەم نەبێ، نابینرێ.

ئەشکەوتەکە لەناوەوە زۆر فراوان دەبێتەوە، لەبەر رووناکی چرا نەوتینەکان کۆمەڵە سندوقی زۆر کە بەسەریەکدا هەڵدراونەتەوە، دەکەونە بەرچاو، لەوێ لەناو

[7] ئیبراهیم ئەحمەد چەند مانگێکی کەمی ساڵی 1963 و سەرەتای ساڵی 1964ی لە ئەورووپا بردەسەر، ئەویش وەکو جەلال تالەبانی توانی رێگای خۆی بەرەو هەندەران بە جۆرە رێگا و شێوەیەك بکاتەوە کە دەبێ بە نهێنی بمێنێتەوە. (دانەر)

ئەو سندوقانەدا هەرچی کە بە خەیاڵی مرۆڤدا دێ لە کەل و پەل و تفاق و خواردن و جل و بەرگ و تەقەمەنی و فیشەك هەیە. لە پشت ئەو سندوقانەوە چاپخانەیەك هەیە کە لەوێدا رۆژنامەی ((خەبات)) بە رێکوپێکی دەردەچێ. لە کۆتایی ئەشکەوتەکە ((ستالاکتایت))[8] کە شۆڕبونەتەوە، دەکەونە بەرچاو. دلۆپە ئاو بێ پسانەوە دەکەونە خوارێ. جێگاکە جێگایەکی شێدارە. دەنگ بەشێوەیەکی تەمومژاوی دەنگ دەداتەوە. ئیبراهیم ئەحمەد لە گۆشەیەکی روونـاکدا دانیشتووە و چواردەوری بە کتێب گیراوە هەر لە ((دیستوڤسکی)) بۆ ((هارلیسون سالیسبوری)) و ((شکسپیر)) بۆ ((هارولد لاسکی)) و ((مارکس)) و ((لینین))، ئیبراهیم ئەحمەد سکاڵای لەوە دەکرد کە حیزبی شیوعی ژمارەیەکی زۆر لە باشترین ئەندامە لاوەکانی (پارتی) دەفرێنێ. بەپێی ئەو روونکردنەوەیەی کە بە ((ئریك رولو))ی گوتوە، ئەو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم کەمبوونەوەیەی ژمارەی ئەندامان هەستاوە بە بنیات نانی جۆرێك لە بەرگریی روکەشیانە لە مارکسیزم — لینینزم، ئەو گوتی:

- رامگەیاند کە حیزبمان ئیلهام لە مارکسیزم-لینیزم وەردەگرێ. ئەم چەند وشەیە، لە جیهانی لاوانی کورددا، کە ئەو کاتە ئارەزووی شیوعییەتیان دەکرد، کاری سیحری ئەنجامدا، کۆنەپەرستان بە جۆرێك مامەڵەیان لەگەڵ ئێمەدا کرد وەك بڵێی ئێمە بە کرێگیراوی "کرملین" بین. بەڵام هەرچی شیوعییەکان بوون هەڵنەخەڵەتان و فێڵەکە بەسەریاندا تێنەپەڕی، ئێمەیان بە کرێگرتە ناو نابرد و داوایان لێکردین کەواز لە بانگەشەی مارکسیزم لینینیزم بهێنین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەو کاتەوە یەك ئەندامان لە کیس نەچووە.

هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە کە شیوعییەکان، پارتی بە نوێنەری بۆرژوازی کوردی دادەنێن کە جیاوازییەکی ئاشکرای لەگەڵ ئەو پرولیتاریایەدا هەیە کە حیزبی شیوعیی سەرکردایەتی دەکا.

[8] دیاردەیەکی سروشتییە بە زۆری لە ئەشکەوتە شاخاوییەکاندا دەبینرێن کە بە هۆی دلۆپانی ئاوەوە کلس دەنیشێ و وەکو چلوەری کلسی شۆڕدەبێتەوە و پاش تێپەڕبوونی هەزاران ساڵ پێکدێت. (ج. ف)



"ئیبراهیم ئەحمەد" پتر لەسەری دەڕوا و هەڵوێستی حیزبەکەی لە بارەی (عەبدولکەریم قاسم) راڤە دەکا، ئەو، ئاماژە بەوەدەکا کە گرنگ ترین شت کە قاسم پێشکەشی کوردی کردووە ئەوەیە کە بە هاتنی ئەو بۆ دەسەڵات، ئەو "پەیمانە ناپیرۆزە"ی دژی کورد هەڵوەشاندەوە. ئەو پەیمانەی کاتی خۆی "بەغدا و تاران و ئەنقەرە"ی لە "پەیمانی بەغدا"دا کۆکردبۆوە.

هەروەها ئەو پتر لەسەری دەڕوا دەڵێ: "عەبدولکەریم قاسم" داخوازییەکانی حیزبی لە بەرامبەر پشتیوانی کردنی کوردە نەتەوەییەکان بۆ ئەو، هێنایەدی. ئەوە بوو دەرگای بەندیخانەکانی لەسەدان گیراوی سیاسی کە نوری سەعید[9] فڕێی دابوونە ناوییەوە، کردەوە و فەرمانیدا بە گەڕانەوەی مەلا مستەفا و هاوەڵەکانی لە روسیا. لە هەموو ئەمانە گرنگتر، رەزامەندی لەسەر ئەوەدا کە لە دەستووردا مادەیەك کە یەکسانی مافەکانی هەردوو گەلی عەرەب و کورد بگرێتە خۆی، ئیقرار بکا، پاش ئەوە دەڵێ:

- بەڵام مانگی هەنگوین لە نێوان قاسم و پارتیدا ماوەیەکی کورت بوو، چونکە دیکتاتۆری عێراق تەنیا سەر زارەکی دانی بە مافەکانی گەلی کورددا دەنا.

ئەحمەد تۆفیق دەیگوت: ((قاسم شیوعییەکان و کوردی بۆ سەرکوت کردنی یاخیبوونەکەی ((عەقید عەبدول وەهاب شەواف)) لە موسڵ لە ساڵی 1959دا بەکارهێنا، پاش ئەوە کە بۆ بازرگانی خۆی بەکاریهێنان، لە لایەکەوە لە چەپڕەوە توندڕەوەکان هەڵگەڕایەوە، لە لایەکی تریشەوە بایدایەوە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان. هەندێك لە سەرکردەکانی پارتی پێیان گوتم کە ئەوان یەکەم کەس بوون کە زانیارییاندا بە "قاسم" کە "شەواف" چەك کۆدەکاتەوە و بە شۆڕش هەڵدەستێ. هاتنە دەستی بە پەلەی کورد، یارمەتی حکوومەتیدا کە کودەتاکە سەرکوت بکرێ.

[9] ژمارەی رەسمی ئەو زیندانییە سیاسییانە کە پاش شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958 ئازادکران لە 164 زیندانی زیاتر نەبوو. لە ناویاندا هەندێك بەعسی هەبوون. پازدە کەسیان پارتی بوون و ئەو گیراوانەی تر ژمارەیەکی کەم بوون (ج. ف)

لە کاتێکدا کە پەیوەندییەکانی قاسم لەگەڵ کورد روو لە خراپ بوون بوو، چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستان راگیرا و فەرمان بۆ گرتنی "ئیبراهیم ئەحمەد" بە تۆمەتی تاوانی کوشتن کە ئاگای لێنەبوو، دەرچوو[10]. مەلا مستەفا خرایە ژێر

---

[10] رژێمە فەرمان رەواکانی عێراق لە رۆژی سەرهەڵدانی دۆزی کورد وەك یەکێك لە کێشە ناوخۆییە نیشتیمانییەکانی عێراق، هەرگیز لەو هێڵە دەرنەچوو، کە پەیڕەوی دەکرد. چونکە خۆیان بەرنامەیان بۆ دانا بوو کە ئەویش ئەوە بوو، کە هەڵسوڕاوانی دەرکەوتووی دۆزی کورد، بە تۆمەت و تاوانی ئەوپەڕی دوور لە هەقیقەتی ئامانجەکان و بیروباوەڕەکان و پێگەی کۆمەڵایەتی ئەوان، تاوانبار بکا. لە سەردەمی پێش ساڵی 1958 تۆمەتی ((هەڵگەڕانەوە و یاخی بوونی چەکدارانە)) لە باودابوو، دەسەڵاتدارێتی ئەوساکە مادەی (80)ی لە ((یاساکانی سزادان)) بۆ دەرکردنی حوکمی "قورسی قەزایی و عورفی دادگای سەربازی" دژی نیشتیمانپەروەرانی کورد، بەکارهێنا، ئەمە لە حاڵەتێکدا ئەگەر هەر شۆڕشێك بەرپا بوایە.

هەروەها مادەی تایبەت بە (شیوعییەت)ی بەکاردەهێنا، (پاشکۆ یان هەمووارکراوی یاسای سزادانەکان ژمارە 51ی ساڵی 1938). بۆ حاڵەتی کاری سیاسی ئەگەر شۆڕش لە ئارادا نەبووایە. واتە رژێم ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان و نیشتیمانپەروەرانی کوردی بە ((شیوعی)) دادەنا بۆ ئەوەی سزادان بەسەریاندا بسەپێنێ. پاشان ئەو شکۆ و مەزنی و پاکی و پێگەردییە نیشتیمانییەی کە رژێمە فەرمان رەواکانی دوای 14 تەموز خۆیان پێوە هەڵدەکێشا و لافیان پێوە لێدەدا، لە تۆمەتی بەکرێگیراوی و جاسوسی بۆ بێگانە، کەمتری بە پیاوانی جوڵانەوەی نیشتیمانی کورد، رەوا نەدەبینی، هەمووارکردنی تایبەتی پەیتا پەیتا و بەردەوامی یاساکان، لە بەشی تاوانەکانی پەیوەست بە ئاسایشی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، بە جۆرێك ئەنجامدرا کە چەمکەکانی بە کرێگیراوی و جاسوسی کردن بۆ بێگانەی، وەها بەرین و بەرفراوان کرد کە هەر چەشنە پەیوەندییەکی شەخسی یان رەسمی بە بێگانەی بە ((حەرام کراوەکان)) دەزانی، جا ئەم دەوڵەتی بێگانەیە دۆست بوایە یان دوژمن! رۆژهەڵاتی بوایە یان رۆژئاوایی (چونکە گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە رۆژهەڵات هەروەکو باوبارانی بەهاران وایە زۆرجاران ماوەی زەمەنی لە نێوان جاسوسی و نیشتیمانپەروەرییدا تەنیا چەند خولەکێکە و بەس!) نووسەری ئەم چەند دێرانە سەردەمێك بە (شیوعی) تۆمەتبارکرا، هەروەها بە کرێگرتەی رۆژئاوا تۆمەتبارکرا ئەمە لەیەك کاتدا یان بە چەند خولەکێك پێشتر یان پاشتر روویدا ئەم تۆمەتە هەروا لە چوارچێوەی قسە و ئاخاوتنی حکوومیدا مایەوە و نەگەیشتە ئەوەی ئیجرائاتی پێوەربگیرێ ئەمەش بە هۆی (پارێزراوی یەك (حصانە) کە هەیبوو. بەڵام=



---

=ئەمەش نەبووە هۆی ئەوەی کە نەگیرێ و دەست بەسەر نەکرێ بە تۆمەتی شیوعیەتەوە. ئەوەی کە لەناو هەموو مەسەلەکەدا جێگای سەرسوڕمانە حوکمێکی رەسمی لە بارەیەوە دەرنەچوو هەر لەو کاتەوە کە لە ساڵی 1945 دەستی بە کاری سیاسی کردبوو. رێسای ((گومان لێکراو دەستگیر بکە پاشان تۆمەتی بۆ بدۆزەرەوە)) کە دژەوانەی مادەی 7ی جاڕنامەی جیهانی مافەکان مرۆڤە، تاڕادەیەکی گەورە یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی ((پاڵێوراو بۆ جاسوس)) ئامادە بکا، جا رۆژهەڵاتی بوایە یان رۆژئاوایی (بەپێی پەیوەندی سیاسی). زۆربەی هەرە زۆری عیراقییەکان هێشتا بیرۆکەیەکی راستیان دەربارەی ئەو دان پێدانانە بەناوبانگە وەرنەگرتووە کە دادگاییە سیاسییەکانی 1935-1939ی یەکێتی سۆڤێتی لەسەر بنیات نراوە. هەورەها هەڵوێستەیەکیان لەبارەی ئەو رادەیە کە هونەری تەزویرکردنی بەڵگەنامە لە تەکنیکدا پێی گەیشتووە، لە لائامادەنەبوو. شیوعییەکان و پێشکەوتنخوازەکان نەیاندەزانی کە ئەم شێواز و رێوشوێنانە لە کۆنگرەی 1956دا کە حیزبی شیوعی سۆڤێتی بەستی، ئیدانە کراوە. دەگەڕێینەوە ناو باسەکەمان و دەڵێین، کاروکردەوەی توندوتیژی کە (عبدولکەریم قاسم) شیوعییەکانی پێ تۆمەتبارکرد ئامرازێکی نوێیدایە دەستی تا دوژمنانی خۆی پێ تێکبشکێنێ و هەروەها ئەو بە بەرفراوانییەکی زۆرەوە دژی جوڵانەوەی نیشتیمانی بەکاری هێنا چ لە دوای راگەیاندنی شۆڕش و چ لە ماوەیەکی کورتی پێش شۆڕشدا، ئەو، تۆمەتی بازاڕیانەی بە ناوی کاروکردەوەی توندوتیژیی و تاوانی کوشتن دەدایە پاڵ رۆشنبیرانی جوڵانەوەکە.

سودبەخش دەبێ کە بڵێین (مەلا مستەفا) و نزیکەی (110) کەس لە هاورێکانی بەشێوەی "نائامادە" لە لایەن ئەنجوومەنی عورفی سەربازی لە ساڵی 1947 حکومی مردنی بۆ دەرکراو نزیکەی سێیەکی ئەم ژمارەیەشیان هەر بە هەمان مادەی 80 کە لە پێشاندا باسمان کرد، حوکمی مردنیان بۆ دەرچوو. بەڵام "قاسم" لە ساڵی 1961 لە وتارێکی پێش شۆڕش بە راشکاوی تۆمەتی بەکرێگیراوی بێگانەی دایە پاڵ، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیشیدا پاش شۆڕشی (1961) بە بەکرێگیراوی بەریتانیا تۆمەتباری کرد. جا بەو کارە، تۆمەتی بە کرێگیراویی مەلا مستەفا لە رووی خێرایی ئەمبەر و ئەو بەرپێکردن بۆ رۆژهەڵات و رۆژئاوا ژمارەی پێوانەیی شکاند بوو. جا ئەو ئەمبەر و ئەو بەر پێکردنە، لەو کاتەوە بە خێرایی جیاواز لە نێوان هەردوو سەربازگەدا هەروا مایە و جاری وابوو لە ماوەی دیاریکراو و تایبەتدا بە لای تۆمەتی بەکرێگیراوی بۆ ئێران و ئەمریکا و ئەڵمانیا و ئیسرائیلدا بەپێی هەلومەرجی سیاسی دەشکایەوە!!! ئەوەی لە هەموو شتێك زیاتر جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە کە شۆڕشی کورد بە حیزب و پێشەواو سەرکردایەتیەکەیەوە، بە درێژایی ئەو ماوەیە چاکترین پەیوەندییان لەگەڵ هەموو دەوڵە سوسیالیستەکان و حیزبە فەرمانڕەواکانیان هەبوو!=

چاودێرییەکی بەردەوامەوە. یەکێك لە بەرپرسەکانی حیزب لە کاتێکدا باسی ئەو رۆژانەی دەگێڕایەوە، گوتی: قاسم گەوج بوو وازی لە ئێمە هێنا. ئێمە دڵسۆزترین هاوپەیمانی ئەو بووین. بێ باری و هەلپەرستی قاسم لە مەسەلەی ئیقرارکردنی راشکاوانەی داخوازییەکانی کورد، لە سەرەتای ساڵی 1961 بە تەواوی بۆ هەموو خەڵك ئاشکرا بوو. لە هەمان کاتیشدا بێ باری و هەلپەرستی بانگەشەی حیزبی شیوعی لە پشتیوانی کردنی قاسم کەوتە روو. ئەو حیزبەی کە بە هۆی هەوڵدانەکانی یەکێتی سۆڤێت بۆ راکێشانی (قاسم) لەسەر ئاستی حکوومی و نفوزکردن و قوڵبوونەوە بۆ ناو عێراق لە رێگای هاوکاری ئابووری و سەربازییەوە، جڵەوی سەرکێشییەکانی کرابوو. هەر لەو کاتەشدا کە سەرکردەکانی (پارتی) لە قاسم دوردەکەوتنەوە، وایان لێهات کە ئیتر هەست بەو زەرەروزیانە بکەن کە لە

---

=ساڵی 1953 سکرتێری گشتی حیزب حوکم درا و بە تۆمەتی شیوعییەوە حوکمی بۆ دەرچوو! لە ساڵی 1961 فەرمانی دەستگیرکردنی بە مادەی (214) کە تۆمەتی کوشتنی دڕندانەیە، بۆ دەرچوو، لە ساڵی 1962 بووە بە کرێگیراو و جاسوس و رەوانەی دادگاکانی عورفی کراو ماڵ و سامانی دەستی بەسەرداگیرا. پاشان لە ساڵی 1966 بووە ((نیشتیمانپەروەر)) و سێ سەردەمی یەك بە دوای یەك بۆ هاوکاریکردن لەگەڵیدا پێشبڕکێیان بوو.

لە ساڵی 1963دا ئەوانەی کە عەریزەیەکیان ئیمزاکرد بوو کە تێیدا ئاشتیان بۆ کوردستان داواکردبوو، سەرپشك کران لە نێوان ئازادبوونیان بەو مەرجەی جوێن بە (مەلا مستەفا بارزانی) و شۆڕش بدەن، لە نێوان حوکمی پێنج تا هەشت ساڵ وێڕا بەکاری قورس. جا هەندێکیان قبوڵیان کردبوو، هەندێکی تریان رەتیان کردبۆوە. هەر چۆنێك بێ ئەم جۆرە بارو سەردەم و هەلومەرجانە مایەی سەرسامی زۆربەی هەلپەرستان بوو و زۆران کەس بوونە قوربانی و نێچیری چاك هەڵنەسەنگاندن و لێکنەدانەوە. لە نێوان ئەم یان ئەو سەردەمەدا کە توانای ئەوەی نابێ دوژمنانی بەشێوەی بەدەنی پاکتاو بکا و لەناو بەرێ. پەنادەباتە بەر تێکشاندنی کەرامەت و سومعەی شەخسی. تەنانەت سادەترین کەس درك بەو گاڵتەجارییە ئازار دەرە دەکا و وێڕای ئەو درك کردنەش، ئێستاش کەسانی وایان تێدایە کە باوەڕی بە چاکی و کاریگەریی ئەو شێوازە نەگریسە بۆ بەربەرەکانی لە جەنگی دژ بە شۆڕشی کورد، هەروەها کاروکردەوەی ناوزڕاندن و تێکشاندنی سومعە دژ بە نەیارە سیاسییەکان، هەیە. ئەم کارە مایەی ئەو پەڕی سەرسامییە. (ج. ف)



ئاکامی هاوپەیمانێتی دورودرێژییان لەگەڵ حیزبی شیوعیدا کردبوویان. بەجۆرێکی نهێنی و لە سەرخۆ دەستیان کرد بە هەوڵدان بۆ دروونەوەی ئەو درزەی نێوان خۆیان و نێوان حیزبە عەرەبییەکانی دیکە، تەنانەت پاش ئەیلولی 1961 هەوڵیاندا بەرەیەکی نیشتیمانی لە حیزبە سیاسییەکان پێکبهێنن کە بە رووی ((قاسم)) دابوەستێتەوە. بەڵام بۆیان دەرکەوت کە ئەوان ئیدی جێگای متمانە نەماون.

(حیزبی ئیستقلال) و حیزبی نشتیمانی دیموکراتی و ئەوانی تریش، بەهۆی پەیوەستی توندوتۆڵی پێشووی پارتی بە (قاسم) و هاوکاری پتەو و بەهێزی لەگەڵ شیوعییەکاندا، بە چاوی گومانەوە سەیری (پارتی) یان دەکرد، بە تایبەتی حیزبی بەعس هەڵوێستێکی خۆپارێزانەی هەبوو، هەروەکو لە بەشی یازدەیەمی ئەم کتێبەدا باسی دەکەین. لە ماوەی تێکۆشانی کاریگەرانەی دژ بە (قاسم) پردێك هەبوو کە بەشێوەیەکی کاتی بنیات نرا بوو، بەڵام ئەو پردە ئەوەندە بە هێز نەبوو کە پاش نەمانی دوژمنی هاوبەش بۆ ماوەیەکی درێژ بمێنێتەوە.

سەرکردە نیشتیمانپەروەرەکانی کورد، بارو دۆخەکەیان وادەبینی کە حکوومەت بەرەو بەهێزکردنی خۆی لە باکوور، چەکدارکردنی دوژمنە عەشایرییەکانی بارزانییەکان هەنگاو دەنێ کە لە دواجاردا پێك هەڵپژان دەبێتە کارێکی حەتمی. لە لایەن ئەوانەوە گیروگرفتەکە ئەوە بوو: ئایا لە هەڵگیرساندنی ئاگری شۆڕش ئەوان دەست پێشکەری دەکەن، یان چاوەڕێ دەکەن (قاسم) هەڵمەتێکی تەمبێ کارانەی سەربازی دەست پێدەکا؟

شیوعییەکان بەرودوا بیرۆکەی کاری چەکدارییان رەتدەکردەوە و لە جیاتی شۆڕش، هەندێك وشەی رووت و پێشنیاری بێ ناوەڕۆکیان پێشکەش کرد. پێشنیاریان کرد ((هەڵمەتێکی ئاشتییانەی هاوبەش و بەرفراوان لەسەر بنچینەی تێکۆشانی هاوبەشی عەرەب و کورد بەرپا بکرێ)).

((کۆششی جەنگی)) پارتی دیموکراتی کوردستان نە تەنیا هەر لە لایەن بارزانی و پەیڕەوانییەوە، بەڵکو لە لایەن ئەندامانی (پارتی) خۆشییەوە رووبەڕووی رەخنەی توندوتیژ بۆوە، کە ئەمانەی خوارەوە خاڵە بنەڕەتییەکان بوون:

**یەکەمیان:** ئیبراهیم ئەحمەد لە ڕێکخستنی کۆششی راسەقینەی جەنگیی بۆ پارتی سست بوو، کۆششەکانی "پارتی" هەموو کاتێك و لە هەموو لایەنێکەوە کەمتەرخەم و بێ توانا بوو.

**دووەمیان:** حیزب لە گۆڕەپانی پروپاگەندەی دەرەوەدا شکستی هێنا. یەکەمین کۆششی سەرکەوتوو بۆ گەیشتن بە رۆژنامەوانی دەرەوە ئەو نێردەیە بوو کە لە لایەن (ژەنراڵ بارزانی)یەوە نێردرا بوو. (پارتی) دەیتوانی پەیوەندی خۆی لەگەڵ پەیامنێرانی بیانی لە سوریا و ئێران و تەنانەت بەغداش پتەوبکردبایە ئەگەر هەوڵی بۆ بدابایە. بە لای پارتییەوە کارێکی ئاسان بوو کە بگاتە رۆشنبیرانی کورد ئەگەر کۆششەکان رێك بخرابایە بۆ بەرزکردنەوەی دەنگەکانیان کە لە رێگای بڵاوکراوەی جۆراوجۆرەوە بە درێژایی و پانایی جیهاندا بسوڕێتەوە.

**سێیەم:** پارتی کادیری پزیشکی رێك نەخست و کەل و پەل و کەرەسەی پزیشکی یەکجار پێویستی بۆ جەنگاوەران لە باکوور دابین نەکرد. ئەو چەند دکتورەش کە پارتی دابینی کرد نەیناردنە لای هێزە عەشایرییەکان کە من لە هاوینی ساڵی 1962 سەردانم کردن. یەکەمین دکتوری کورد کە بینیم لە بارەگای (تاڵەبانی) بوو لە (چەمی رەزان) لە شوباتی 1963 لەوێ پێیان گوتم کە دکتوری دیکەشمان هەیە کە رەوانەی لای پیاوانی (بارزانی) کراون.

رۆژێکیان دێتەوە بیرم ئەو کۆمەڵە کەمەی کە لە کوردستان لەگەڵ مندا گەشتیان دەکرد لە گوندی ((بیندار)) توشی بۆمباران بوون. پاش ئەوەی فرۆکەکان گەڕانەوە و کوژراوەکان خوێنیان لەبەر دەڕۆیشت، بریندارەکان دەیان ناڵاند و هاواریان دەکرد، پیاوێك لەناو گوندەکە، جنێوی دەدا، سەرنجی راکێشام، پرسیارم لە وەرگێڕەکەم کرد، گوتی:

- ئەوە هاوار دەکا: کوان دکتورەکانمان؟



**چوارەم:** رۆژنامەی حیزب بەردەوام ((ئیمپریالیزم))ی ریسوا دەکرد، بە تایبەتی پەیمانی ((سەنتو)) کەچی لە هەمبەر ناردنی چەك لە لایەن یەکێتی سۆڤێتەوە بۆ عێراق بێدەنگ مابۆوە. هەندێك رێکخراوە هەبوون وەك ((لیژنەی بەرگری لە مافەکانی گەلی کورد لە لوزان-سویسرا)) بروسکەیەکی ناڕەزایی بۆ مۆسکۆ ناردبوو. بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان لە بارەی ناردنی چەك بۆ عێراق، شتێکی ئەنجام نەدا. هەموو کوردێك کە لەو چیایانە شەڕ دەکا دەزانێ هەموو ئەو شتانەی کە لە دژی ئەو بەکار دەهێنرێ لە بۆمبا و موشەك و تەقەمەنی شەڕ سەرچاوەکەی یەکێتی سۆڤێتییە، ئەو لەمبارەیەوە لەو پەڕی رق و کینەدایە، بەڵام هەڵوێستی (پارتی دیموکراتی کوردستان) شتێکی نامۆو ناکۆك بە ئیرادەی گەلی کورد بوو.

**پێنجەم:** حیزب دەستەو وستان بوو لەوەی کە بتوانێ بە چالاکی جەنگی هەڵبسێ بە بەراورد لەگەڵ هێزەکانی هۆزەکان، ئەم کارە بە لای هەموانەوە شتێکی روون بوو.

لەوانەیە هەموو کەم و کوڕییەکان و بێتوانابیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هاوکاری کردنی پێشووی ئەم حیزبە لەگەڵ حیزبی شیوعیدا، بگێڕدرێتەوە. شیوعییەکان نەیاندەویست شەڕ بکەن. پارتی دیموکراتی کوردستان ئەویش بە تەواوی لەوە دڵنیانەبوو. (ئیبراهیم ئەحمەد) ئیقراری بەوە کرد کە ئەو تا کانوونی یەکەمی 1961 لەوە دڵنیا نەبوو کە توانای ئەوە هەیە کە پێشمەرگەکانی حیزب بتوانن بەرهەڵستی چەکداری لە دژی سوپای عێراق بکەن، لە کاتێکدا کە سێ مانگ بەسەر بارزانیدا تێپدەپەڕی کە چوبووە ناو شەڕەوە. تا ئەو کاتەش ئەو، بیروڕای وابوو کە دەبێ قورسایی سەرەکی شەڕ بکەوێتە سەر شانی عەشیرەتەکان، و حیزبیش هەموو چالاکی خۆی (تەرخان) بکا بۆ کۆکردنەوەی دارایی و وەرگرتنی زانیاری و ناردنی جەنگاوەر بۆ چیاکان و خۆتەرخان کردن بۆ چالاکی سیاسی. لە کانوونی یەکەمدا، نەك پێش ئەوە، کۆششی سەربازی حیزب بەرەو پێشەوە پەرەی

سەند. هەندێك لە لێپرسراوان لە داكۆكیكردن لە هەڵوێستی حیزب، ئاماژەیان بەوە دەدا كە زۆربەی چالاكییەكانی حیزب لەو جۆرانەیە كە لە رواڵەت و بەدەركەوتن بە دوورن. حیزب كۆمەكی كۆكردۆتەوە، زانیاری و كەل و پەلی بۆ شۆڕش ناردووە، جەنگاوەری بۆ چیاكان ناردووە. (ئیبراهیم ئەحمەد) هەستاوە بە دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ئەفسەرانی ئازادیخواز كەلە دواییدا رژێمی (قاسم) یان روخاندووە. هەروەها لە بارەی چالاكییەكانی تری حیزب باسی ئەوەیان دەكرد لە هەندێ ناوچەی شارەكاندا، جۆرە سیستەمێكی بۆ ژیاندنی ئەو خێزانانە دابین كردووە كە پیاوەكانیان لە كوردستان شەڕیان دەكرد. ئەوان كرێی خانووەكانیان بۆ دەدان و دینار و نیوێكیش بۆ ئەوانەی لە شارەكان دادەنیشتن، یەك دیناریشی بۆ ئەوانەی لە گوندەكان دادەنیشتن، دابین كردبوو.

لەگەڵ بەردەوام بوونی شەڕ دژی قاسم رێبازی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان بەرەو راستڕەوی دەشكایەوە. ئەندامانی حیزب ئەم سرودەی خوارەوەیان دەگوتەوە:

((ئاغا و كوڕە دەرەبەگ خوێنی كرێكاران دەمژن

ئێمەشان بە شانی هەموو كرێكارانی چەوساوە شەڕی دوژمنی هاوبەش دەكەین)).

پارتی دژی پاشایەتی و دیكتاتۆریەت و دەرەبەگە گەورە و موڵكدارەكان راوەستا، لە هەمان كاتیشدا بەرگریی لە مافە نەتەوەییەكانی كورد دەكرد. بەڵام ئەو گۆڕانكارییە سیاسییە گرنگەی لە نێوان ئەو هەژدە مانگەی قۆناغی یەكەمی شەڕدا وەدی هات، بە هەقیقەت، سەركەوتنی حیزب بوو بۆ لە ریشە دەرهێنانی حیزبی شیوعی لە هەموو كوردستاندا، جگە لە شارە گەورەكان، كە هێتشا چەپی توندڕەو هەندێك لە پەیڕەوانی خۆی لە نێو رۆشنبیران و كرێكاراندا مابوو.

لە قۆناغی دووەمی جەنگ لە دژی حكوومەتی بەغدا كە حیزبی بەعس هاتە سەر حوكم، هەروەها پاش رووخانی بەعس، كێشەی پەیوەندی لە نێوان پارتی و حیزبی شیوعی لەهەر كاتێكی تر هەستیار تر بوو. یەكێتی سۆڤێتی و دەزگا



راگەیاندنەكانی وەكو (پەكی ئێران)[11]، بەبێ هیچ تێدا هێشتنەوەیەك باسیان لە دۆزی كورد دەكرد. حیزبی بەعس جەنگی نەهەر تەنیا دژی كورد، بەڵكو لەسەر حیزبی شیوعی عێراقیش بەرپاكرد. لە ئاكامی ئەوەدا ژمارەیەكی زۆر لە شیوعییەكان بەرەو چیاكانی باكوور هەڵاتن.

لە راستیدا پارتی كە بە هەموو قەوارەی خۆیەوە كەوتە شەڕی حكوومەتی بەغدا، شیوعییەكانی هەروا دوور لە خۆی هێشتەوە. بگرە لەوەش زیاتر، لە ئازاری 1963 هێزەكانی بارزانی بەكردەوە كەوتنە شەڕەوە و چوار دەستەی شیوعییەكانیان لەناوبرد كە هەوڵیان دەدا كۆمەڵی چەكداری لە ناوچەی باكوور پێك بهێنن. لە ((كەلكەسماق)) نزیكی (دوكان) نزیكەی "200" شیوعییان خستە ناو ئەشكەوتێكەوە و بە دیلیان گرتن. هەروەها نزیك ((شانەدەری)) نێوان هەڵەبجە و سلێمانی، پاش شەڕێك كە ژمارەیەكی تێدا كوژرا، حەفتا كەسی تریان لێ بەدیل گیرا. لە چیای (بەمۆ) لە نێوان (دەربەندیخان) و سنورەكانی ئێران، بەرهەڵستی هێزێكی (120) كەسی شیوعییەكان تێك شكێنرا و ژمارەیەكی گەورەیان لێ كوژرا و بریندار بوو.

دواجار لە ((هورنەوازان)) لە نزیك كەركوك، كۆمەڵێكی گەورەیان لێ تەریك كرا كە ژمارەیان ((500)) كەس دەبوو، پاش ئەوەی كە زیانێكی گەورەیان پێ كەوت خۆیان تەسلیمی پیاوانی بارزانی كرد.

ئەم تاقمە شیوعییانە و هی تریش لەوانە كە لە چنگی بەعس رایان كرد بوو، ئەگەر بهاتبایە ملیان بۆ دەسەڵاتی هێزەكانی بارزانی كەچ بكردبایە ئەوانە جێگەی حەوانەوە و خواردنیان دەدرایە. بەڵام ئەوان چەكەكانیان نەدەدا و رێگەشیان پێنەدەدرا بەشداری شەڕ بكەن. لە قۆناغی دووەمی جەنگدا پارتی گەشەی كرد و

[11] "پەكی ئێران" ئیستگەیەكی رادیویی نهێنی سۆڤێت بوو لە بەرلینی رۆژهەڵاتەوە بۆ ئێران بەشێوەیەكی سەرەكی و هەروەها بۆ كورد بە پلەی دووەم، بەرنامەی پەخش دەكرد. (دانەر)

خۆی لەگەڵ پێداویستیەکانی خەباتدا راهێنا، وای لێهات بتوانێ لەگەڵ ئەو هێزە عەشایرییانەدا کار بکا کە هەمان ئەو ئاغا و دەرەبەگانە سەرکردایەتییان دەکرد کە لە سرودەکانی ((پارتی))دا ناویان هاتووە، پارتی توانی لەگەڵ بیروڕای نوێی بەرین تر نیشتیمانپەروەریی خۆی گونجاند و بە ئاراستەیەکی راسترەوانەدا بێ ئەوەی بشاردرێتەوە هەڵسەنگاندنێکی نوێ لە ئایدیۆلۆژیای حیزب بخاتەڕوو.

# بەشی نۆیەم

# ((روح))ی گەل

روحی گەل، لەناو گۆرانی، شیعر، ئەفسانە، چیرۆکەکانی و ئاینەکەیدا، شاردراوەتەوە. هەر ئەمەشە وا لە کورد دەکا شانازییەکی گەورە بە کەلەپور و ئەدەبی فۆلکۆریی خۆیەوە بکا. ئەوان رەنگدانەوەی هەستەکانی گەلەکەیان لەوێدا دەبینن کە ژیانی تاکەکانی و خۆشەویستیان و تێکۆشانیان و فەرمانڕەواییان زۆر بە توندوتۆڵییەوە بەو چیایانەوە بەستراوەتەوە کە لە ناویدا دەژین، هەروەها بەو مالآت و درەخت و بەردەڵان و رووبارە رەنگ مرواریییە درەشاوانەوە بەستراوەتەوە.

ئەم جۆرە کاروبارانە بە لای کوردەوە واقیعی تر و جێگای گرنگی پێدانی زیاترە وەك بە لای خەڵکی ئەمریکییەوە، چونکە مرۆڤی کورد ژیانێکی ساکار دەژی و لە کەرەسە و کەل و پەلی یاریکردن و سەر گەرمی هاوچەرخ، تەنیا رادەیەکی کەمی لەبەردەستدایە، کەچی منداڵێکی ئەمریکی، چیرۆکە ئەفسانەییەکانی خۆی لە کتێبی وێنەداری بەرگکراو بە بەرگی جوان و رازاوە یان لە شاشەی تەلەفزیونەوە رەوان دەکا. ئەم چیرۆکانە بە لای ئەو منداڵەوە رەنگە بە ناڕاستەقینە بێنە بەرچاوی، بەڵام منداڵی کورد لە ئەندامانی خێزانەکەیەوە گوێی لێ دەبێ و لەناو رۆحی ئەم چیرۆکانەدا هەناسە دەدا و دەژی.

ئائەوەتا چیرۆك گەلێك لە بارەی راووشکار و رێگری و دەربارەی پاڵەوانێتی ((بونیان))[1] یانە کە هێز و تاقەتی بەدەنی تێدا وەدەرکەوێ و دەبارەی دلاّوایی و لێبوردوویی ((روبن هود)) یانە، [2]، دەربارەی دەست راستی لە نیشانە پێکان و

[1] ((بونیان))یانە: ئاماژەیە بۆ ناوی نووسەری ئینگلیزی جون بونیان John Bunyan (1622-1688) کە بە کتێبە رەمزییە ئاینییەکەی کە بەناوی (حەجی سەرکەوتوو The Pilgrim's Progress)ە، ناسراوەکە لەو چیرۆکەدا چیرۆکی گیانبازییەکانی لە رێگای گەیشتن بۆ راستی و ئەو بەسەر هات و کۆسپ و سەختییانەی کە هاتونە رێگای دەگێرێتەوە (ج. ف).

[2] (روبن هود) کەسایەتییەکی خەیاڵییە لە وێنەی رێگرێکی (رەوشت جوان و چاکدا) کە لەبارەیەوە ئەفسانە و پاڵەوانێتی خولْقاون کە لە بارەی بەرگری کردنی ئەو لە لاوازان و زۆڵم لێکراوان لە دەستی ستەمکاران و زۆرداران، بوو، واپێدەچێ لە وڵاتی ئینگلتەرە لە سەرەتاکانی. سەدەی سێزدەیەم بووبێ. (ج. ق).



هێزی بەسەرخۆدا زاڵبوون و سوار چاکی، دەربارەی ناموس پەرستی و تۆڵەستاندن، خەیاڵی مەیدان بازی جەنگ و مەزنایەتی و میوان پەروەری، پاڵەوان بازی و جوانی، ئازایەتی و حیکمەتی ژنان، هەن.

لەوێ لە کوردستان دوو چیرۆك دەربارەی رەچەڵەك و ماکی کورد هەن، کە بەڵگەیەك لەسەر کاروباری سیحر و میتافیزیك دەدەن بەدەستەوە. هەروەها بەڵگەیە لەسەر سەیر و سەمەرەیی و ترسناکی کە فولکوری کوردی لێیان پڕاوپڕە. دەڵێن لە زەمانێکدا کە سەرەتا و دەسپێکی دیار نییە لەوێ پاشایەکی زۆردار هەبووە بەناوی (زوهاك)[3]، لەسەر شانی ئەو پیاوە دوو ماری گەورە هاتونەتە دەرەوە، دەبوایە هەموو رۆژێك مێشکی دوو کوڕە لاو، یان کچە لاو دەرخواردی ئەو مارانە بدرێ. یەکێك لە وەزیرەکانی پاشا بیرۆکەیەکی دۆزیەوە تا گیانی هەندێك لەو قوربانییانە، لە رێگای ئەوەی کە هەموو رۆژێك مێشکی گوێرەکەیەك لەگەڵ مێشکی یەکێك لە قوربانیانییەکان تێکەڵ بکا، بەو شێوەیە دەتوانێ هەموو رۆژێك گیانی لاوێك یان کچێك، رزگار بکا. ئەوانەی رزگاریان دەبوو، هەڵدەهاتن بۆ ناو چیاکان کە ئەوانە لە پاشاندا بوونە باپیرانی کوردەکانی ئێستا.

جگەلەوەش چیرۆکێکی تر هەیە کە ماکی کورد دەباتەوە بۆ سەردەمی مەلیك سلێمان کە حوکمی جیهانی ئەفسانەیی جنۆکە و پەریان[4] و هەموو زیندەوەرە سەرسام هێنەرەکانی کردووە لەوانەش کە کورد بە ((دێو)) یان بە جنۆکە ناویان دەبا.

مەلیك سلیمان پێنج سەد (دێو) لە دێوەکانی خۆی دەنێرێ بۆ ئەوروپا بۆ ئەوەی جوانترین کچانی ئەوێ بۆ (حەرەمی) ئەو بهێنن. کاتێك گەڕانەوە، دەبینن کە مەلیك مردووە. لەبەر ئەوە ئەو کچانە لای خۆیان گل دەدەنەوە و رەسەنی کورد لەوانەوە دەکەوێتەوە.

[3] وشەی ((ئەژدەهاك)) یان (زەهاك) دروست بە مانای ((پیاوی خاوەن دە شەڕ)) دێت. (ج. ف)

[4] "لور" کە کوردە فەیلیەیکانن ئەوانیش هەمان چیرۆك لەبارەی ماك و رەچەڵەکی خۆیان دەگێرنەوە. (دێو) بە بەراورد لەگەڵ وشەی فەرەنسیدا دەبێتە خوا Dieu. وشەی پەری دەبێتە Fairg لە زمانی ئینگلیزیدا (ج. ف)

هەروەها لە برایانی (محەمەد)ی میری بۆتان، چیرۆکێك دەگێڕنەوە کە لەسەر گوێڕایەڵی کردن بۆ فەرمانی براکەیان ((کە کەس تەقە نەکات)) رژد و مکوم بوون، ئەوان لەگەڵ ورچێکدا کەوتوونەتە ململانێ و توانیویانە بەسەریدا زاڵ بن و بەپشتێن و جەمەدانیەکانیان بیبەستنەوە. هەروەها شوانێك کە بەدار لە نێوچاوانی شێرێکی دابوو و شێرەکەی کوشتبوو پاشان لە لایەن میرەوە خەڵات کرابوو.

هەروەها لە چیرۆکێکی تردا ئاماژە بە نیشانە ئەنگاوتن و لە سەرخۆیی و گیانی دلاوایی و سنگ فراوانی دەکرێ: کچە میری (بتلیس) خوو بەوەوە دەگرێ کە لەبەر پەنجەرەیەك لە پەنجەرەکانی ماڵەکەی دابنیشێ و لە قەڵنەیەکەوە کە لە داری یاسەمین دروست کرابوو، جگەرەی دەکێشا، لە بەرامبەر کۆشکەکەدا خانوویەك هەبوو کە پیاوانی (حەمەدۆ) کە پێشەوایەکی کورد بوو، تێیدا دادەنیشن. کاردەگاتە ئەوەی ئەو پیاوانە گومان لەوە بکەن کچە میر دڵبەندی سەرۆکەکەی ئەوانە، یان ئەوەتا ئەو ئاکارەیان لە شان ناخۆش دەبێ کە بەو شێوەیە دوو کەڵ لە قەڵنەکەیەوە ئاوا بە پەنجەرەکەدا دەکاتە دەرەوە و لەوێ وەك ئەڵقە ئەڵقە دووکەڵ بەرز دەبێتەوە و بێ ئەوەی بە درێژایی کات ئەو پیاوانەی بەلاوە گرنگ بێت کە بەرامبەر بارەگاکەی ئەو دانیشتون. هەر چۆنێك بێ ئەو کارە لە لایەن پیاوانی (حەمەدۆ)وە جێگایەکی پەسندی نابێ. یەکێك لەوان ناوی (مچۆ) دەبێ، داوا لە سەرۆکەکەی دەکا کە ڕێگای بدا بە گوللەیەك ئەو سەرە فەخفورییەی قەڵنەکە هەڵبگرێ.

سەرۆکەکەی رازی دەبێ. (مچۆ) بە یەك گوللە سەرەکەی هەڵدەگرێ و ورد و خاش دەبێ و بەهەوادا پەرت و بڵاو دەبێتەوە. کچە میر هەڵدەستێ، قەڵنەیەکی دیکە دەهێنێ و دووبارە دەست دەکاتەوە بە جگەرەکێشان، ئەم ڕووداوە سێجار دووبارە دەبێتەوە و هەر جارێك کچە میر دێتەوە سەر شوێنەکەی خۆی و قەڵنەیەکی تازە دەهێنێ.

لە دواجاردا پەنجەرەکە بەجێ دەهێڵێ، ڕۆژی دواتر داوا لە مێردەکەی دەکا کە خوانێکی گەورە بۆ ڕێزلێنانی ئەو پیاوە نیشان شکێنە کە ئەوەندە جارە نیشانەکانی پێکاوە، ساز بکا و دیاری پێشکەش بکا.



لە کاتێکدا ئەو کوردانەی مەقامێکی بەرزتریان هەبوو، توانای خۆیان لە کوشتنی ورچ و شێر و نیشان شکێنیدا بە سەردەبرد، دەست کورتان و نەداراکانیان سەردەمێکی دوورودرێژ بوو چالاکی خۆیان لە راوڕووت و ڕێگریدا بەسەر دەبرد. ڕێگریی کوردی ڕەچاوی هەندێك نەزم و ڕێسای دیاریکراوی لاوچاکیی دەکرد و لەسەر ڕێ و شوێنی رژدبون لەسەر شەرەف پەرستی، حورمەتی ئافرەتانیان دەگرت و پەلاماری ئەو شتانەیان نەدەدا کە بەلای ئەوانەوە خۆشەویست بوون. ڕێگریی کوردی دزی لە دەوڵەمەند دەکرد بەڵام یارمەتی هەژارانی دەدا.

شەڕەفی کوردی لە هەندێك لە پەندەکانیدا خۆی دەردەخا. کورد دەڵێ: ((ژیان ئاوە، شەڕەف زیخە)) , ((شەرەف لە ماڵی دنیا باشترە))، ((لۆمەی عەبدان لە عەزابی قەبر گران ترە))

هەروەها چیرۆکێك لە (ڕەزگین) دەگێڕنەوە کە ڕێگرێکی کورد بووە، ڕۆژێك پەلاماری ڕێبوارێکی لاودەدا کە دەوڵەمەند بووە و باشترین تفەنگی ((مارتینی)) ئەو کاتەی پێبووە و پێڵاوێکی چەرمینی دیاربەکری لە پێدابووە و ((پشتێنێکی گیرە موسە)) بە کەمەرییەوە بەستراوە و ((مێزەرێکی قوماشی گرانبەهای بەسەریەوە بووە))، لاوەکە هیچ بەربەرەکانییەك ناکاو هەرچی پێی دەبێ فرێی دەدا. ئەوانیش بێ ئەوەی ئازاری بدەن، ڕێگای گەڕانەوەی دەدەن، و دەگەڕێتەوە. پاش کەمێك پیاوێکی پیر کە سواری گوێ درێژێك بووە لە هەمان ڕێگاوە بەوێدا تێدەپەڕێ. بەڵام ئەو پیرە مێردە ڕێگا بەو سوکایەتیە ناداو شمشێرەکەی هەڵدەکێشێ، بەر لەوەی دەرفەت بۆ دزەکە بهێڵێتەوە تفەنگەکەی بەکاربهێنێ، لە دزەکە دەدا. (ڕەزگین) لە ئازایەتی پیرەمێرد سەرسام دەبێ و داوای لێ دەکا لەگەڵیدا دابنیشێ. پاش نارەزایەتی، پیرەمێرد رازی دەبێ و لە دوایشدا رازی دەبێ نانیان لەگەڵدا بخوا. لەو دەمەدا کە خەریکی نان خواردن دەبێ، پیاوانی

(ڕەزگین) گوێ درێژەکەی لە هەموو ئەو شتانە بۆ باردەکەن کە لە کوڕە لاوەکەیان ستاندبوو و هیچ بەرگری لە خۆی نەکردبوو.

هەر چەندە ژیان و چیرۆکەکانی کورد پڕە لە نموونەگەلی بەزەیی و لێبوردنی پڕدڵاوایی، بەڵام ئارەزوو دەکەن بە ڕواڵەتی سەخت گیر و دڵ ڕەق دیاربکەون. کورد دەڵێ: ((سێ و دوو لە سەری دوژمن مەکە)) و ((دوژمنی باوك نابێتە دۆستی کوڕ)) و ((ریشت بۆز دەبێ دوژمنت بە دۆست نابێ)).

هەروەها چیرۆکێك لە ((قەدیر ئاغا)) دەگێڕنەوە کە بچووکترین و خۆشەویست ترین کوڕی بە دەستی زاڵمێکی دەست درێژیکەر بەناوی (سەید وەقاس)، کوژراوە، دوای چوار ڕۆژ لە هەڵاتن، بڕیار دەدا کە داوای لێبوردن لە باوکی کوژراوەکە بکا. ((قەدیر ئاغا)) کە هێشتا لە پرسەی کوڕەکەی دانیشتووە و برادەرەکانی بۆ سەرەخۆشی کردنی سەردانی دەکەن، (سەید وەقاس) دەچێتە پێشەوە. خزمەتکاران هەواڵ دەدەنە باوك و براگەورەی کوژراو کە لە گەرمەی رق و تووڕەیی دان. باوکەکە بە هەموو هەستی خۆیەوە دەڵێ: ((نابێ کوڕی من سوکایەتی یان دەستدرێژی بکاتە سەر میوانەکەمان)) کوڕەکەش لە لای خۆیەوە بیری دەکردەوە و دەیپرسی:

- تۆ بڵێی باوکم پۆزشی ئەو کابرایە ڕەتبکاتەوە کە براکەمی کوشتوە لەبەر ئەوەی جێگای ئەو پەڕی خۆشەویستی ئەو بوو؟
- تۆ بڵێی بۆ هەتا هەتایە ناوبانگی بنەماڵەکەمان کە بە جوامێریی و دەست و دڵ فراوانی ناوبانگی هەیە، کوێربکاتەوە.

باوك و کوڕ لە هۆڵێکی ناوەڕاستی خانووەکەدا بە یەك دەگەن و بە هەمان بیروڕاوە دەدوێن:

- سەید وەقاس هاتۆتە ئێرە و داوای لێبوردن دەکا، دەبێ ئێمە لێی ببورین.

هەورەها کورد لە توانایدایە تا ئەو پەڕی هەست ناسکی، ناسك بێت. لە شیعرێکدا کیژۆڵەیەك دەڵێ:



ناوم هەیڤایە بەدەنم جوانە وەك قوڵینگی
لەنجە و لارم وەك قوڵینگی دەم چۆمییە
گەردنم هەروەك شیری بەیانیانە
جوانم وەك سێوی مەلاتیە
وەك ئاگری شەوی زستانم
ئەمن هەم تاڵم هەم شیرینم

ئافرەتی کورد گرنگی بە جوانی خۆی و ڕواڵەتی خۆی و ناو ماڵەکەی و مێردەکەی دەدا. دەیبینی چالاك و ئاسودەیە لە هەڵسوڕاندنی گشت کاروباری خێزان و هەروەها لە چارەسەرکردنی کاروباری گرنگیشیدا بە توانایە. ئافرەتی کورد هەبوون پێشەوای عەشیرەت بوون یان لە شەڕەکاندا بەشدارییان کردووە و بە هۆی کاری پاڵەوانییانەوە جێگای ڕێز و ستایش بوون.

کورد باسی ((پەریکسان)) ناوێك دەکەن کە لە چواردە بەهاری تەمەنی دابووە. باوکی هەڵدەستێ بە دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی بەرەنگاربوونەوەی نهێنی. ڕۆژێك گوندەکەیان چوار دەوری دەگیرێ و باوکی (پەریکسان) دەگیرێ و پاشان گوللە باران دەکرێ. (پەریکسان) پەیمان لەگەڵ خۆیدا دەبەستێ کە تۆڵەی گەلەکەی و باوکی بکاتەوە. شەش ساڵ تێدەپەڕێ و کیژۆڵە دەبێتە کچێکی تەواو. بەڵام ئەو دڵی تەنیا بۆ یەك خۆشەویستی لێی دەدا، جیا لەو خۆشەویستییەی کە دڵی هاوتەمەنەکانی داگیر دەکا. ڕۆژێك بۆنەی جەژنێکی نیشتیمانی تورکی دێتە پێشەوە. والی ئەم ویلایەتەش لەو نمایشە گەورەیەی ئەو بۆنەیەدا ئامادە دەبێ. (پەریکسان) دیاری دەکەن بۆ ئەوەی باقەی گوڵ پێشکەش بە والی بکا. ئەو بۆمبێکی تێدا دەشارێتەوە و بە پێکەنینەوە دەچێتە ناو خێوەتەکەی والییەوە. کاتێك والی دەست درێژ دەکا باقە گوڵەکە وەربگرێ. (پەریکسان) بە هەموو هێزی خۆیەوە، باقە گوڵەکەی بە زەوی دادا و لەگەڵ والییەکەدا دەمرێ.

چیرۆکی (پەریکسان) لەسەر ڕاستی بنیات نراوە کە مادەیەکە ئەفسانەی لەسەر هەڵدەبەسترێ. کچە پاڵەوانە ڕاستەقینەکانی ئێستای نێو ئافرەتانی کورد

ڕەنگە لە پاشاندا ببنە ئەفسانەی پاشەڕۆژ، لەوانە (فاتیمە خان) کە پاش مردنی مێردەکەی سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی هەشت گوندی لە نزیکی (ڕەواندز) بۆ ماوەی چەند ساڵێك، کردووە. من بۆ خۆم لەسەر بڵاوکراوەیەکی سەر دیوار وێنەکەیم بینی لە یەکێك لە چایخانەکانی نزیکی (رانیە) هەڵواسرا بوو. ئەوە لە شوباتی 1963دا بوو کاتێك بەرێوە بووم بەرەو سەردانی بارزانی. هەروەها خانمێکی دیکەی کورد کە (عادیلە خانمی هەڵەبجەیە)، (هەڵەبجە شارۆکەیەکی بچووکی بارزگارنییە کەوتۆتە سەر سنوری ئێران)، بەریتانییەکان کاتی خۆی ئەم نازناوەیان داوەتێ، ئەوان بەو دەسەڵاتە سەرسام بوون کە عادیلە خانم بەسەر پیاوانی هۆزی جافدا بەڕێوەی دەبرد. کە یەکێکیان مێردەکەی خۆی، (عوسمان پاشای جاف) بوو کە زۆر لە ژێر فەرمانیدا بوو.

ئێستاش لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، نموونەیەکمان لە کچێکی مەسیحی هەیە کە ناوی (مارگریت جورج)ە کە چەند ساڵێکە سەرکردایەتی پەلێك لە جەنگاوەران لە قۆڵی ئاکرێ دەکا. لە کۆتایی هاوینی ساڵی 1963 (پێشمەرگە) بڕیاریان لەسەر ئەوەدا کە ئەو زۆر لەوە سەرکێشترە کە بتوانرێ بگێڕدرێتەوە، ئەوە بوو گەڕاندیانەوە بۆ گوندەکەی و ئێستا لەماڵەکەی خۆیدا دانیشتووە و چاودێری و خزمەتی باوکی دەکا. بەڵام هێشتا زۆر لە پارتیزانانی کورد لەناو کیسە باخەڵەکانیاندا وێنەکەیان هەڵگرتووە.

سەرەڕای ئەمانە بە لای کەمەوە شەش ئافرەت لە کۆنگرەی نیشتیمانی فراوانی کورددا لە کۆیە بەشدارییان کرد کە لە ئازاری 1963 گرێ درا.

خێزانی کورد شەوانە کە کۆڕی لێدادەبەستن و کاتێك ڕادیۆکانیان وەلادەنێن، یەکێکیان دەست بە چیرۆك گێڕانەوە دەکا. چیرۆك بە دوای چیرۆکدا دێن. گوێگرەکان بە چاوی خەواڵوەوە تەماشای چراکزە نەوتییەکە دەکەن. جاری وایە چیرۆکێك تانیوەی شەو بگرە سێ شەو دەخایەنێ. چیرۆکەکان لە سنوری سروشتی تێپەڕن و پڕن نەتەنیا لە سیحرێکی لە وێنابەدەر و لە مەرگی لەناکاو، بەڵکو چیرۆکەکان بەرفراوانی خەیاڵی ئەوان و چالاکی و جموجۆڵی سەربەستیان ئاشکرا دەکا. ئەمەش ئەو چیرۆکەیە (جەمیل) گێرایەوە:



بەر لە دوو سەدە پێش ئێستا، پیاوێکی دەوڵەمەند لە کوردستان هەبوو ناوی (ئەحمەد بەگی شلازی) بوو. ڕۆژێك دێ بەدبەختی ڕووی تێدەکا و هیچی بە دەستەوە نامێنێ. هەژاری ناچاری دەکا ڕووبکاتە چیاکان و بەڕوو کۆبکاتەوە تا ژیانی خۆی پێ دابین بکا. ڕۆژێك باری یەك هێستر بەڕوو کۆدەکاتەوە و دەیباتە ناو گوند تا بیگوڕێتەوە. کوڕەکەی کە تەمەنی دوازدە ساڵان دەبێ حەز دەکا لەگەڵ باوکی دابێت. بەڵام لەبەر ئەوەی هەوا زۆر سارد دەبێ و دنیا باران دەبێ باوکەکەی حەز ناکا لەگەڵ خۆیدا بیبا، بەڵام کوڕەکەی زۆر دەپاڕێتەوە و لە پاشاندا باوکی ڕازی دەبێ.

لە کاتی گەڕانەوەیاندا شەستە بارانێك دایدەکا. بە پەلە خۆیان دەگەیەننە ئەشکەوتێك پێی دەگوترێ (کوشکە). ئەحمەد بەگ بڕیار دەدا شەو لەوێدا بمێننەوە. ئەحمەد بەگ دەبینێ ئەشکەوتەکە پڕە لە ڕێبوارانی دەوڵەمەند و هەمووشیان لاون، بە دەوری ئاگرێکدا خڕبوونەتەوە گۆرانی دەڵێن و کەیف دەکەن. ئەوان ڕێگا نادەن باوك و کوڕ لەبەر پیسی بێنە ژووری ئەشکەوتەکەوە یان نەوەکو دەست بۆ شتەکانیان درێژ بکەن و دزییان لێ بکەن.

ئەحمەد تکایان لێ دەکا و دەڵێ:

- هەر نەبێ ڕێگای ئەو منداڵە بدەن بێتە ژوورەوە لەبەر ئاگرەکە دابنیشێ. بەڵام ئەوان ڕێگا نادەن. کاتێك باوکەکە لێیان وەتەنگ دێ، تفەنگەکەی بەبیر دێتەوە. دەستبەجێ خۆی بە زەویدا دەدا و هاواریان لێدەکا:

- کەوابێ ئەوە مەیدان.

ئینجا ڕێبوارەکان ڕێگەی باوك و کوڕەکەی دەدەن کە بچنە ژووری ئەشکەوتەکە. پاشان پێی دەڵێن:

- تۆ پیاوێکی بە تەمەنی و جگە لەو منداڵە، بە تەنیای، ئێمەش لە تۆ بچووکترین و ژمارەشمان زۆرە، تۆ چت لە دەست دێ بەرامبەر بە ئێمە.

پیرەمێرد وەڵام دەداتەوە:

- من ناچارم هەر دەبێ وابکەم.

ڕێبوارەکان لە مەبەستی ئەو تێگەیشتن، بەڵام دوای ئەوە دەستیان کرد بە ڕێز گرتنی. یەکێکیان پێشنیاری کرد کە پیرەمێرد شتێك لە کارەگیانیازییەکان و تاقیکردنەوەکانی خۆی، بۆ ئەوان بگێڕێتەوە. (ئەحمەد بەگ) بەو مەرجە ڕازی دەبێ کە هەر یەکێکیان شتێك لەبارەی پاڵەوانێتی و بەسەرهاتی خۆی بگێڕێتەوە و سوێندیش بخوا کە درۆ ناکا.

پاشان گوتی:

- ئێوە چیرۆکی خۆتان بگێڕنەوە، ئینجا منیش چیرۆکی خۆم بۆ ئێوە دەگێڕمەوە.

هەر ڕێبوارە بە نۆرەی خۆی چیرۆکی خۆی گێڕایەوە، یەکێکیان گوتی: کچێکم خۆشویستووە پاشان هەڵمگرتووە، یەکێکی تر گوتی چوومە ڕاوشکار و ورچ دەورەیان لێدام، هەموویانم کوشت. هەرکامیان شانازیی بە خۆی و کردەوەکانییەوە دەکرد.

لە دواییدا نۆرەی پیرەمێرد هات و گوتی:

- لە سەرەتای تەمەنمدا دەوڵەمەند بووم، جگە لە ڕاو هیچ شتێکی تر نەبوو کە خۆی پێوە خەریك بکەم. ڕۆژێکیان یەکێك لە دراوسێکانم دەیوست لەگەڵمدا بێت. پێم گوت نا، واباشترە لە ماڵەوە بمێنییەوە. من هیچ کارێکم بە ئەستۆوە نییە. بەڵام تۆ دەبێ خەریکی ڕاپەڕاندنی کارەکانت بی و وەخت بە فیڕۆ نەدەی. بەڵام ئەو وازی نەهێنا. دوو بە دوو ڕوومان کردە چیاکان. پێش ئەوەی شەومان لێدابێ بزنە کێوییەکمان کوشت و ڕامان کێشایە ناو ئەشکەوتێکەوە و هەندێك لە گۆشتەکەیمان برژاند. پاش ئەوەی سگمان تێر بوو، پاڵ کەوتین تا خەومان لێ بکەوێ. جێگای من لەناو ئەشکەوتەکە بوو بەڵام هاوڕێکەم جێگای خۆی لەبەر دەرگای ئەشکەوتەکە چاك کرد. لەناکاو هاوارێکی ترسناکم لە دەمی هاوڕێکەمەوە گوێ لێبوو منیش غارمدا، تارماییەکم بینی لە شێوەی ئاژەڵێکدا یەکجار گەورە بوو، پێی هاوڕێکەمی گرتووە و خەریکە بۆ دەرەوەی ئەشکەوتەکە رایدەکێشێ، پەلەم کرد خۆم



بگەیەنمە تارماییەکە، بەڵام ئەو برادەرەکەمی بەدوا خۆیدا ڕادەکێشا و لەناو تاریکاییدا لە چاو ون بوون. پاشان گوێم لە دەنگی بەردێك بوو کەوتە خوارەوە زانیم ئەوە بەسەر برادەرەکەمدا بەربۆتەوە. ڕۆژی دوایی تەنیا تەرمەکەیم دۆزییەوە و شتێکی دیکەم نەکەوتە بەرچاو. تێنەگەیشتم چی ڕوویدا، گەڕامەوە بۆ گوندەکە، بەسەر هاتەکەم بۆ خەڵکی ئاوایی گێڕایەوە، هەندێکیان باوەڕیان کرد و هەندێکی دیکەیان گوتیان: ((ئەمە درۆیە و تۆ خۆت دروستت کردووە)).

برادەرەکەم کوڕێکی هەبوو ناوی (تاهیر) بوو و تەمەنی لە نێوان هەشت نۆ ساڵان دابوو. دێهاتییەکان بڕیاریاندا مەسەلەی مردنی باوکی کوڕەکە لە حاڵی حازردا وازلێ بهێنن تا کوڕەکە گەورە دەبێ. جا ئەگەر پێویست بێ شتێك بکرێ، ئەوا تۆڵە ستاندنەوەی خوێنی باوکی، لەسەر بڕیاری کوڕەکە رادەوەستێ.

دوای ئەوە دووبارە دەستم کردەوە بە ڕاو، کاتێك (تاهیر) گەورە بوو ئارەزووی دەکرد وەکو من ببێ بە ڕاوچی. هاتە لام و لە مەرامی خۆی ئاگاداری کردم. بەڵام من ڕەتم کردەوە و پێم گوت کە چۆن باوکی گیانی لە دەستداوە و هەروەها بۆم باسکرد کە ڕاووشکار کارێکە پڕ مەترسییە. بەڵام کوڕە لاو گوێی بەو ئامۆژگارییانە نەدەدا و لە پاشاندا بووینە برادەر. زۆرجار پێنج شەش شەو لە چیاکان پێکەوە دەبووین. بەم شێوەیە دە ساڵ بەردەوام بووین. لە پایزی ساڵی دەیەمدا لەو وەرزەدا کە ڕێکەوتی مردنی باوکی بوو، بڕیارماندا گەشتێکی دیکەی ڕاووشکار بکەین و خواردنی یەك هەفتەمان هەڵگرت.

پاش ئەوەی نزیکەی پێج یان شەش ئاژەڵمان ڕاوکرد، بڕیارماندا شەو لە ئەشکەوتێکدا بمێنینەوە. بە ڕێکەوت ڕێمانکەوتە ئەو ئەشکەوتەی کە باوکی برادەرەکەمی لێ کوژرا. بەڵام من زاتی ئەوەم نەکرد ئاگاداری بکەم. گۆشتمان برژاند و نانمان خوارد و پاڵکەوتین.

ئەمجارەیان من لەبەر دەمی ئەشکەوتەکە پاڵ کەوتم بەڵام خەو لە چاوم پەڕی بوو نەم دەوێرا بخەوم. بیرم هاتەوە کە چۆن باوکی ئەو لاوە بیست ساڵ بەر لە

ئێستا ژیانی خۆی لە دەستدا. لە نیوە شەودا خەو بەسەرمدا زاڵ بوو. لە ناکاو هاوارێکی ترسناك خەبەری کردمەوە. ئاژەڵێکی زەبەحەللاحم بینی برادەرەکەمی بۆ دەرەوە رادەکێشا. غارمدا بۆ دەرەوە. بەڵام فریا نەکەوتم و درەنگ بوو، ئەو درندە زەبەلاحە لە تاریکاییدا لە چاو ون بوو. پاش چەند دەقیقەیەك، دیسانەوە گوێم لە دەنگدانەوەی بەردێکی گەورە بوو دەکەوتە خوارەوە، تێگەیشتم هاورێکەم چووە ریزی مردوانەوە.

ئێستا چۆن دەتوانم بگەرێمەوە بۆ ئاوایی؟ باوك کوژرا. وا ئێستا کوریش بە هەمان شێوە کوژرا. بریارمدا ئەو درندە راوبکەم. دەستم کرد بە پشکنینی هەموو جێگاکانی دەورپشتم. لە نزیك ئەشکەوتەکە تیشە شاخێکم دۆزییەوە، بە زەحمەت خۆم تێخزاند و پاشان خۆم لە ناو ئەشکەوتێکی گەورەدا دیتەوە. بە وریاییەوە لەسەر سنگ بۆ پێشەوە خشام و تفەنگەکەشم لەسەر پێیە. لە ناکاو ئاژەڵێکی ترسناك لە بەردەمم قیت بۆوە دەسبەجێ پەنجەم بە پەلەپیتکەی تفەنگەکەمدا هێنا و درندەکەم ئەنگاوت و بەسەریەکمەوە گێرا و کوشتم. بەڵام ئاژەڵێکی دیکە هەڵیکوتایە سەرم و چنچرۆکی درندانەی لە بە دەنم گیرکرد و دەیوست لەبەر یەکم دابدرێ. بە خەنجەرەکەم شەرم لەگەڵیدا کرد و بریندارم کرد و پاشان بە سەریدا زاڵ بووم و کوشتم. بەڵام درندەکە برینداری کردبووم و گەیشتبوومە ئەو پەری لە پەلوپۆ کەوتن.

چاوم بە چوار دەوری خۆم داگێرا، لە قوڵایی ئەشکەوتەکدا دووچاوی بریسکەدارم بینی لە منەوە راما بوون. چوومە پێشەوە دەنگی بنیادەم هاتە گوێم و هاواری بۆ دەکردم: ((منیش وەکو تۆ ئادەمیزادم، تو خوا مەمکوژە)) چوومە پێشەوە و پرسیم ((تو کێی؟)) وەڵامیدامەوە ((من ئافرەتم)) لەبەر ئەو رووناکیە کەمەکەدا بینیم ئافرەتێکی رووتە و قژی بەسەر رەخساریدا هاتۆتە خوارەوە.

ئەشکەوتەکەم بەجێهێشت و گەرامەوە ناو ئاوایی و بەسەر هاتەکەم گێرایەوە و داوام لە دێهاتییەکان کرد کە لەگەڵمدا بێن و بەچاوی خۆیان رووداوەکە ببینن.



دێهاتییەکان هاتن و جل و بەرگیشیان بۆ ئافرەتە رووتەکە هێنا و لەوێ ئافرەتەکەیان بینی، هەروەها چاویان بە دوو ئاژەڵە کوژراوەکەش کەوت.

کاتێك دێهاتییەکان گەرانەوە گوندەکە لە ئافرەتەکەیان پرسی تۆ کێی؟ گوتی من خەڵکی ((بێکادی))م من بچووك بووم کە دایکم مرد. باوکم ژنێکی دیکەی هێنا، ژنە بە خراپ ترین شێوە مامەڵەی لەگەڵدا کردم. رۆژێکیان چوومە سەردانی ماڵی خاڵم و درەنگ گەرامەوە بۆ ماڵێ. ژنەکەی باوکم رێگەی نەدام بچمە ژوورەوە. لەبەر دەرگای ماڵێ مامەوە و هەر چەند گریام و پارامەوە دەرگای لێ نەکردمەوە تاریکان داهات و لە ماڵێ دوورکەوتمەوە. ترسێك بەسەرمدا هات. کاتێکم زانی خۆم لە نێوان دوو شەویلاکی درندەیەکدا دیتەوە. بە راکێشان رایکێشامە ناو ئەشکەوتی گۆرین. درندەکە خەریك بوو تێکم بشکێنێ و بمخوا، بەڵام هاورێکەی نەیهێشت و پاراستمی. ئەو درندەیەی دووەم مێینە بوو. دەستی کرد بە خواردن پێدانم و رێگەی پێنەدام لە ئەشکەوتەکە بچمە دەرەوە.. )).

پاش گێرانەوەی چیرۆکەکە، (ئەحمەد ) هەستایە سەر پێ و بەو رێبوارە لاوە دەوڵەمەندانەی کە نەیاندەهێشت بچێتە ژوری ئەشکەوتەکە، گوت:

- ((ئێستا هەقی خۆیەتی کە بزانن، هەموو ئەو بەسەرهاتانە لەناو ئەم ئەشکەوتەدا روویاندا. بشزانن ئەو ئافرەتەش کە لە ئەشکەوتەکەدا دۆزیمەوە خواستم و ئەو کورە منداڵەش کە لەگەڵم دایە، کوری منە)).

شەوێکیان چیرۆکێکی ترم لە گوندی (شیلادزێ) گوێ لێبوو کە کچی برای خانە خوێکەمان (سەعدوڵا ) بۆ گێراینەوە و ناونیشانی چیرۆکەکەش ((ئەسپی سێ لنگ)) بوو. کچەکە گوتی:

- لە کۆنەوە گێراویانەتەوە کە میرێك سێ کوری هەبوو، میر توشی نەخۆشییەك دەبێ و بانگی سێ کورەکەی دەکا و ئەم ئامۆژگارییەیان دەکا:

((وەختی خۆتان لە چایخانان بە فیرۆ مەدەن، مەی مەخۆنەوە و قومار مەکەن. لە هەموو ئەمانەش گرنگ تر، لە هاونشینی بەد کار دوورکەونەوە)) پاش ئەوە دەمرێ.

پاش ماوەیەکی کەم دوو کوڕی میر دەمرن و تەنیا (میرزا محەمەد) دەمێنێتەوە. ئەو کوڕە ئامۆژگاری باوکی لە بیردەچێتەوە و چی ماڵ و سامانی هەیە هەمووی لە کاری بێهودە و ناڕەوادا خەرج دەکا. دەبێتە هاونشینی بەدکار و مەی دەخواتەوە و قومار دەکا. کاتێك هەموو شتێکی لە دەستدا بە خوشکەکەی دەڵێ: ((ئێمە دەبێ لێرە بڕۆین)) لەو ئاواییە دەڕۆن و روو دەکەنە ئەشکەوتێکەوە.

(میرزا محەمەد) رۆژانە بۆ راو دەچووە دەرەوە، پاشان چی راوبکردایە دەیهێنایەوە تا خوشکەکەی ئامادەی بکا.

رۆژان هاتن و چوون، رۆژێك (میرزا محەمەد) کە بۆ راوکردن دەردەچێتە دەرەوە، (جنۆکەیەك) کە ئارەزوو دەکا شووی پێ بکا، سەردانی دەکا. خوشکەکەی رازی دەبێ و بەنهێنیٚ دەبێتە ژنی جنۆکەکە پاش نۆ مانگ منداڵێکی دەبێ، کاتێك (میرزا محەمەد) بۆ راو دەچێتە دەرەوە (جنۆکەکە) دەهاتە لای خوشکەکەی و کاتێك براکەی دەهاتەوە، جنۆکەکە لەگەڵ منداڵەکە لە چاڵێکی تەنیشت ئەشکەوتەکە خۆی دەشاردەوە. رۆژێك ژنەکە بە جنۆکەکە دەڵێ: ((ئەم وەزعە یەکجار سەختە و رۆژێك براکەم منداڵەکە دەبینێ و پرسیار لە بناوانی دەکا)) جنۆکەکە منداڵەکە هەڵدەگرێ و لە شوێنێك دایدەنێ کە میرزا محەمەد بیدۆزێتەوە. ئەوە بوو (میرزا محەمەد) منداڵەکەی دۆزییەوە و هێنایەوە ناو ئەشکەوتەکە و داوای لە خوشکەکەی کرد کە چاودێری بکا و پەروەردەی بکا. خوشکەکەی بە شادییەوە رازی بوو. دەستی کرد بە بەخێوکردنی و لە شیری مەمکەکانی شیری دەدایە و منداڵەکە وای لێهات گەورە بوو. پاشان خوشکەکەی و مێردەکەی تا دەهات زیاتر رقیان لە (میرزا محەمەد) دەبۆوە و بڕیاریان دا لە کۆڵ خۆیانی بکەنەوە. (جنۆکەکە) بە ژنەکە دەڵێ: خۆم دەکەمە (مار) و لەسەر دەرگای ئەشکەوتەکە خۆم دەشارمەوە. هەر کە براکەت هاتەوە بە تەپڵی سەرییەوە دەدەم و رزگارمان دەبێ لە دەستی. (میرزا محەمەد) گەڕایەوە و منداڵەکە دەسبەجێ هاواری کرد: ((توخوا بمخەرە سەر شانی خۆت)) دیارە



جنۆکەکەش نایەوێ بە کوڕەکەی خۆیەوە بدا، و نەخشەکەیان سەری نەگرت. رۆژی پاشتر خوشکەکەی (میرزا) دەڵێ: ((دوو پشك دەخەینە ناو خواردنەکەی و دەست بەجێ پێی دەمرێ)).

کاتێك میرزا لە راو گەڕایەوە، منداڵەکە دەستی بە زەویدا داو تۆزوگەرد لەناو ئەشکەوتەکە بڵاوبۆوە و لەو کاتەدا کە تۆز و گەرد بە هەوادا بڵاببۆوە. سینییە خواردنەکەی بە لایەکی دیکەدا وەرگێڕاو کەوتە بەردەمی خوشکەکەی میرزا. کاتێك دەستیان بە نان خواردن کرد، خوشکەکەی دەسبەجێ بەربۆوە و مرد. میرزا هاواری کرد: (ئەوە چت بەسەر هات خوشکەکەم؟) ئینجا منداڵەکە لە راستیەکەی ئاگاداری کرد و گوتی: ((خوشکەکەت ماوەیەکی زۆرە شوی کردووە و من کوڕی ئەوم. ئەگەر باوەڕیشم پێ ناکەی دەتبەمە ئەو جێگایەی کە باوکم خۆی لێ دەشارێتەوە.

بە یەکەوە چوونە حەشارگەی (جنۆکەکە). میرزا شیرەکەی هەڵکێشا و کوشتی. پاشان بە کوڕی خوشکەکەی گوت: ((هەروەکو پێشان بە یەکەوە دەژین. تۆلە ئەشکەوتەکەدا دەمێنیتەوە و خواردن ئامادە دەکەی منیش دەچم بۆ راو)).

رۆژێك پاش تێپەڕبوونی زەمەنێکی درێژ بەسەر ئەو بە سەرهاتانەدا —ئاگر لە ئەشکەوتەکەدا نامێنێ. میرزا کوڕی خوشکەکەی نارد بۆ ئەوەی ئاگری بۆ بهێنێ. پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە ئەشکەوتێك لە ئەشکەوتەکاندا دەگەڕێ ئاگر دەدۆزێتەوە، دەچێتە ژووری ئەشکەوتەکە و لەوێ (جنۆکەیەك) دەبینێتەوە. کوڕەکە داوای ئاگری لێ دەکا و پێی دەڵێ: ((تکام وایە پشکۆیەك ئاگرم بدەیەی)).

بەڵام جنۆکەکە نەیدایە و ویستی بیکوژێ. کاتێ کوڕێژگەکە دوژمنەکەی گرت چەند تاڵەموویەکی لە ریشی دەرهێنا[5] و پاشان چوارپەلی بەستەوە.

(5) باوەڕێکی خەرافی باو هەیە کە گوایا هێزی هەر جنۆکەیەك لە یەکێك لە ئەندامەکانی یا سیفەتێك لە سیفەتەکانی بەدەنیدا شاردراوەتەوە، جا ئەگەر ئەو ئەندامە نەما یان لەکارکەوت ئەوا ئەو جنۆکەیە هێزی خۆی لە دەستدەدا. واپێدەچێ جنۆکەی ناو ئەم چیرۆکە هێزی لە تاڵەمووەکانی ناوڕیشی دابووە. (ج. ف)

جنۆکەکە هاواری کرد: ((داوای لێبوردنت لێدەکەم، دەستم مەبەستەوە چونکە ناتوانم ئەو تاڵە دەزووانە بکەمەوە و ئەگەر نەشتوانم بەرەبەیان دادێ. بەڵام کوڕێژگەکە گوێی نەدایە. لەوێ مەنجەڵێکی گەورە لەسەر ئاگر بوو. کوڕێژگەکە پرسی: ئەو گۆشتە بۆ کێ لێ دەنێی؟ جنۆکەکە وەڵامی دایەوە: ((بۆ حەوت براکانم)) کوڕێژگەکە گوتی: بمبە لای ئەوان ئەگینا دەتکوژم)).

جنۆکەکە بردی بۆ ئەشکەوتێکی دیکە. لەوێ حەوت جنۆکەکە خەوتبوون. لاوەکە هەموویانی لەخەو هەستاند و گوتی:

- ئێوە بۆچی لێرە دەژین؟ لە کەیەوە لێرە لەو ئەشکەوتەدا دادەنیشن؟

وەڵامیان دایەوە:

براکەمان دەیویست کچی حاکم بێنێ. حاکم ڕەتی کردەوە کچەکەی خۆی بداتێ. ئێمەش نەمانتوانی بچینە ناو شار و کچەکە بهێنین. لەو کاتەوە لەناو ئەو چیایانەدا دەژین.

لاوەکە ئامادەیی خۆی بۆ یارمەتیدانی ئەوان پیشاندا و گوتی:

- قەدە دارێکم بۆ پەیداکەن، من دەچمەسەر شورەی شارەکە.

ئەو شەوە چوونە پەنا شورەی شارەکە و داریان خستەسەر دیوارەکە و ئینجا لاوەکە گوتی:

- کاتێك گەیشتمە سەری سەرەوەی شورەکە، پارچەیەك خەڵوزتان بۆ فڕێ دەدەم. ئەو کاتە دەگەنە لای من. پاشان کوڕەکە گەیشتە کۆتایی شورەکە و پارچە خەڵوزی بۆ فڕێ دان و یەکێکیان سەرکەوتە سەرەوە و هەر کە گەیشتە روکاری دیوەکەی تر، کوڕە لاوەکە شمشێری هەڵکێشا و بە یەك داوەشاندن سەری پەڕاند، هەردوو گوێشی بڕی و خستییە ناو گیرفانییەوە. پاشان پارچە خەڵوزێکی دیکەی فڕێداو جنۆکەیەکی دیکە سەرکەوت، کوڕە لاوەکە سەری ئەویشی پەڕاند، هەمان شتی لەویشکرد و بەو شێوەیە تا هەموویان سەرکەوتن و هەموویانی بەو دەردە برد. پاشان چووە ناو شاری حاکم.



کاتێك خەریك بوو لە کۆشك نزیك دەکەوتەوە سەرنجیدا دزێك واخەریکە خەزنەکەی حاکم دەدزێ. کوڕە لاوەکە دزەکەی گرت و بە قژی سەرییەوە بە درەختێکەوە بەستییەوە و لە هەوادا بە هەڵواسراوی مایەوە. پاش ئەوە چووە ناو کۆشك و ڕووی کردە ژووری حاکم. لەوێش بینی وامارێك خەریکە بە حاکمەوە دەدا، مارەکەی کوشت و پارچە پارچەی کرد و خستییە ناوتەنەکەیەکەوە و تەنەکەکەشی لەسەر مێزی حاکم دانا.

هەروەها لە ژێر جێگای نووستنی حاکم دووپشکێکی دۆزییەوە، بە خەنجەرەکەی دووپشکەکە دەکوژێ و ئینجا بە نووکی خەنجەرەکەی بەسەر مێزەکەیەوە دەنووسێنێ و سیحرێك دەخاتە سەر خەنجەرەکە بۆ ئەوەی کەس نەتوانێ خەنجەرەکە هەڵکێشێ.

دوای ئەوە دەچێتە ژورێك لە ژوورە قایمەکان کە کچی حاکمی لێیە. لێفەکەی لەسەر لادەبا و خۆی بەسەردا دەچەمێنێتەوە هەروەکو بیەوێ مەمکەکانی ماچ بکا، بەڵام ئەو ماچی نەکرد و کاتێك خۆی بەسەردا چەماندەوە پەڵەیەکی ڕەشی لەسەر سنگی کچەکە بینی و هاواری کرد و گوتی:

- ئاه، ئەگەر دەستم لێ بدابایە چی بەسەر دەهات.

کوڕە لاو لە شارەکە چووە دەرەوە بێ ئەوەی دەستی بەر کچەکە بکەوێ و ئازاری پێ بگەیەنێ، دووبارە گەڕایەوە بۆ لای جنۆکە پیرەکە کە گلۆڵە دەزووەکەی پێ بوو ئەو بەستبویەوە، لێی پرسی:

- سودی ئەو دەزووانەی ناو دەستت چییە؟

جنۆکەکە وەڵامی دایەوە:

- ئەگەر بیکەمەوە تاریکایی دەڕەوێتەوە و خۆر هەڵدێ.

لاوەکە پرسیاری لێکرد:

- کردنەوەی چەندی وەخت پێدەچێ؟

جنۆکەکە وەڵامی دایەوە:

- نیو کاتژمێر زیاتری پێناچێ.

لاوەکە جنۆکەکەی بەرەڵا کرد تا گلۆڵە دەزووەکە بکاتەوە. ئینجا پشکۆیەك ئاگری هەڵگرت و گەڕایەوە بۆ ئەشکەوتەکە تا خواردن بۆ خاڵی و خۆشی دوروست بکا.

کاتێك حاکم لە خەو هەستا چاوی بە دوپشك، ماری پارچە پارچە بوو، دزێکی هەڵواسراو بە درەختێکەوە و حەوت (جنۆکە)ی کوژراو لە بن شورەکان، کەوت. بە دەست و پێوەندەکانی گوت:

- بگەڕێن و ئەو کەسە بدۆزنەوە کە ئەم هەموو کارانەی کردوون من کچەکەمی دەدەمێ.

خەڵکی زۆر هاتنە پێشەوە و لافی ئەوەیان لێ دەدا کە ئەوان بەو کارانە هەستاون. حاکمیش پێی دەگوتن:

- ئەگەر بە راستی ئێوە ئەو کارانەتان کردووە ئەو خەنجەرە لەسەر ئەو مێزە هەڵکێشن.

بەڵام هیچ کامیان توانای ئەوەیان نەبوو. حاکم پرسی:

- هیچ پیاوێك ماوە خۆی تاقی نەکردبێتەوە؟

دەست و پێوەندەکانی وەڵامیان دایەوە:

- بەڵێ دوو پیاو هەن کە لە دەرەوەی شورەی شار لەناو ئەشکەوتێکدا دەژین.

- حاکم فەرمانی پێکردن کە بیانهێنن.

یەکەم جار (میرزا محەمەد) هاتە پێشەوە بەڵام نەیتوانی خەنجەرەکە هەڵکێشێ.

حاکم پرسی:

- ئەوی دیکە لە کوێیە؟

(میرزا) وەڵامیدایەوە:

- ئەو کوڕی خوشکمە، بەڵام هێشتا لاوێکی هەرزەکارە و ناتوانێ ئەم کارە ئەنجام بدا. حاکم پێداگریی کردوو سەرەنجام هێنایان. حاکم لێی پرسی:

- ئایا تۆ ئەم هەموو کارانەت ئەنجام داون؟

کوڕە لاو وەڵامی دایەوە:



- بەڵێ گەورەم.

پاشان زۆر بە ئاسانییەوە خەنجەرەکەی هەڵکشاو گوێی جنۆکەکانی لە گیرفانی دەرهێنا و پاشان ئەو دزەشی پێ نیشاندان کە بەدرەختەکەوە بەستبوویەوە.

- ئایا رازی کچەکەمت بدەمێ، رازی تۆقەم لەگەڵدا بکەی؟

- بەوە رازیم کچەکەت بدرێتە خاڵم.

بەم شێوەیە کچی حاکم بوو بە ژنی (میرزا محەمەد) میرزا ماوەیەکی درێژ لەگەڵ خەزوری مایەوە. رۆژێك لە رۆژان چووە سەربان و دەستی کرد بە گریان. فرمێسکێك کەوتە ناو دەستی حاکم. ئەویش بە سەرسامییەوە پرسی:

- ئەوە چییە؟ لەبەرچی دەگرییەی کوڕم؟

- میرزا گوتی:

- تاسەی نیشتیمان دەکەم.

حاکم تورەگەیەکی گەورە پارەی زێڕیدایە و بەرێی کردەوە بۆ وڵاتی خۆی. ئامۆژگاریکرد کە لەسەر رێگای خۆیەوە توشی مەزرایەکی سەوز دەبێ، لەوێ ئەسپێکی سێ لنگ هەیە، ئاگاداری کردەوە و پێی گوت:

- ئەسپەکە داوای پێشبڕکێت لێدەکا. ئەوە نەکەی دەنا ژنەکەت لە کیس دەچێ.

دروست هەروەکو حاکم پێی گوتبوو ئەوە روویدا. تووشی بوو بە تووشی ئەسپی سێ لنگەوە و داوای پێشبڕکێی لێکرد. (میرزا) لە سەرەتادا رەتی کردەوە. بەڵام پاشان رازی بوو بە دەوری کێڵگەکەدا پێشبڕکێ بکەن.

میرزا دووجار بە دەوری کێڵگەدا سوڕایەوە، لە جاری سێیەمدا گرێکی سەوزی بینی لە کێڵگەکە بەرزدەبێتەوە و بە دەوری ژنەکەیدا دێ پاشان بۆ ئاسمان بەرزی کردەوە. میرزا دڵی پڕ بوو لەغەم چونکە بە ئامۆژگاری خەزورەکەی نەکردبوو، نائومێدییەکی کوشندە هەموو گیانی داگرت، سواری ئەسپەکەی بوو، رۆیشت تاگەیشتە سەر کانیاوێك. لەوێ ئافرەتێکی دی هاتبوو ئاو لە کانییەکە

ببات. ئافرەتەکە لە دورەوە راوەستابوو، چاوی تێبڕیبوو. کاتێك ئافرەتەکە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە خانمەکەی خۆی پرسیاری لێکرد:

- بۆچی دواکەوتی؟

گوتی:

- زۆر راوەستام و تەماشام کرد، چونکە لای کانییەکە پیاوێکم بینی وەك دوو لەتەسێو تەواو وەك تۆ دەچوو.

خانمەکە فەرمانی بە خزمەتکارەکەیدا کە ئەو کابرا غەوارەیە بێنێتە ماڵەکەی. خزمەتکارەکە چوو بۆ لای و داوای لێکرد کە لەگەڵیدا بچێ. ئەویش رازی بوو. لە ماڵێ ئاشکرا بوو کە ئەوە خوشکییەتی. خوشکەکەی حەپەسا بوو و دەستی کردە ملی و پێی وت:

- چۆن گەیشتیتە ئێرە؟ نازانی مێردەکەم دێوە و ئەگەر هاتەوە ئێرە دەتخوا.

جا بۆ ئەوەی براکەی لە پەلاماری مێردەکەی رزگار بکا، دەیکا بەدەرزییەك و لە جلەکانی خۆی دەدا. بەڵام برا لە خوشکی خۆی پرسی:

- ئایا باسی ئەسپی سێ لنگ دەزانی؟

خوشکەکەی وەڵامیدایەوە:

- نەخێر، بەڵام لە مێردەکەم دەپرسم.

کاتێك مێردەکەی گەڕایەوە هاواری کرد و گوتی:

- بۆنی خوێنی بێگانان دەکەم.

ژنەکەی پرسی:

- کەس لێرە دەبینی؟

مێرەکەی وەك هەور بگرمێنێ قیژاندی:

- نەخێر، بەڵام من بۆن دەکەم.

ژنە پرسی:

- ئەگەر توشی میرزا محەمەد بووی، هەڵوێستت چۆن دەبێ؟

- دێوەکە گوتی:



- دڵشاد دەبم و ئەو پەڕی کامەران دەبم. کاتێك دەرزییەکەی لە جلەکانی دەرهێنا، لەناکاو (میرزا محەمەد) لە پێش دەمیانەوە قیت بۆوە. دێوەکە ئامێزی پێداکرد و بەخێرهاتنی کرد. ئەو بەڕادەیەك بە هێز بوو لە کاتێکدا ئامێزی لێدا سێ پەراسوی سنگی شکاند. دێوەکە کە پێی دەگوترا ((جنۆکەی رەش)) پرسی:

- چۆن توانیت بگەیتە ئێرە و چی تۆی گەیاندە ئێرە؟

(میرزا محەمەد) بە سەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە و ئینجا پرسی ئاخۆ هیچ لەبارەی ئەسپی سێ لنگەوە دەزانێ؟ دێوەکە وەڵامیدایەوە:

- نەخێر، بەڵام رێوی بانگ دەکەم و پرسیاری لێدەکەم. ئەو یەکجار زیرەکە.

- رێوییەکان هەموویان هاتن. بەڵام هیچیان شتێکیان لەبارەی ئەسپی سێ لنگەوە نەزانی. ئینجا دێوەکە بە (میرزا محەمەد)ی گوت:

- دەتنێرمە لای برایەکەم.

(میرزا محەمەد) چووە لای برای (دێوەکە). لە رێگا دیسان تووشی کانیاوێك دەبێ. لەوێش ئافرەتێك دەبینێ خەریکە ئاو پڕ دەکا. ئافرەتەکە دەگەڕێتەوە لای خانمەکەی. خانم دەنێرێ بە دوای میرزا دا. بۆ جاری دووەم خوشکێکی تری دەبینێتەوە. ئەویش دیسانەوە دەیکا بە دەرزی و بەجلەکەی خۆیدا دەکا.

(دێو) دێتەوە دەڵێ کە ئامادەیە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە پێشوازی لە براکەی بکا. بەڵام ئەو (دێوە) یان ئەمجارە چوار پەراسووی (میرزا)ی شکاند. ئەو بە(جنۆکەی سپی) دەناسرا.

میرزا دەستیکرد بە گێڕانەوەی باسی ئەسپی سێ لنگ کە ژنەکەی لێ فڕاندووە.

(دێوی سپی) گوتی: هەموو شێرەکان بانگ دەکەم چونکە ئەوان لەوپەڕی بەهێزی دان. بەڵام شێرەکان شتێکیان لەبارەی ئەسپی سێ لنگەوە نەزانی. کاتێك (دێوی سپی) میرزای ناردە لای برایەکەی تری (دێوی سور) لەوێش هەمان شت روویدا. (دێوی سور) هەموو باڵندەکانی بانگ کرد بەڵکو شتێك لەبارەی ئەسپی

سێ لنگەوە بزانن، چونکە باڵندە هەموو شتێك دەبینین. بەڵام لەوانیشەوە وەڵامێکی بەسودیان دەست نەکەوت. بەڵام گوتیان:

- باڵندەیەك هەیە تەمەنی گەورەیە کەڕەو لە هیچ شتێکیش ناترسێ بەڵکو ئەو شتێك بزانێ

پاشان گەڕانەوە و باڵندەی کەڕوپیریان، کە لە هیچ شتێك نەدەترسا، هێنا.
بالندەکە گوتی:

- بەڵێ، کاتێك بچووك بووم، هێلانەی خۆم لەسەر خانوویەك دورست کرد. ئەسپێکی سێ لنگ لەوێ دەژیا، من جێگای ئەوتان پێ نیشان دەدەم.ئەسپی سێ لنگ لەناو دورگەیەکدا دەژیا کە کەوتبووە ناوەڕاستی حەوت دەریاوە. باڵندەکە ڕۆیشت.

(دێوی سور) میرزای بردە کەناری دەریا، لەوێ کاروانێکی وشتر، کە هی ئەسپی سێ لنگ بوو، هەبوو. دێوی سور یەکێك لە وشترەکانی گرت و سکی هەڵدڕی و میرزای لەناو سکیدا شاردەوە. دەمی ئێوارێ (ئەسپی سێ لنگ) هات تا ڕەوەکەی وەربگرێ، تەماشای کرد یەکێکیانی مردووە. هەڵیگرت و لەسەر پشتی خۆی دانا و پاشان لەبەر دەرگای ماڵی خۆیان فڕێیدا. ژنەکەی کە هەمان ژنی میرزا خۆی بوو. گوتی:

- کاتێك ڕۆیشتی ئەو وشترەت بۆ لێدەنێم. بەڵام ئەو پێش ئەوە لەناو سکی وشترەکە گوێی لە دەنگی پیاوێك بوبوو. کاتێك هەڵیدڕی. بینی مێردەکەی خۆیەتی. ئامێزی لێداو بە گریانەوە گوتی:

- ئێستا چت لێبکەم؟ ئەسپی سێ لنگ ئێستا دێتەوە دەتخوا.

پاشان لە دۆڵابێکدا شاردییەوە. کاتێك ئەسپی سێ لنگ چووە دەرەوە بۆ ڕاو، بڕیاریاندا کە هەڵبێن. یەکێك لە سەگەکان خاوەنی خۆی ئەسپی سێ لنگی ئاگادار کردەوە و ئەسپەکە دەسبەجێ گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی و داوای لە جوانوومایەنەکەی کرد کە بە دوایان بکەوێ. بەڵام جوانوومایەنەکە گوتی:



- من ناگەمە جوانووئەسپ و لە خێراییدا پێی ناگەمەوە. بەڵام ئەگەر بحیلێنم دەگەڕێتەوە.

جوانوو مایەنەکە جارێك حیلاندی. جوانووئەسپەکە لە ڕۆیشتنی خۆی هێواش بۆوە. جاری دووەم حیلاندی جوانووئەسپ بەڕێی خۆیدا گەڕایەوە. ئەسپی سێ لنگ (میرزا محەمەد)ی گرت و سەری پەڕاند ژنەکەی پاڕایەوە تەرمەکەی بباتەوە کەنار دەریا بەڵکو لەوێ یەکێك دەیبینێ و دەینێژێ. ئەسپی سێ لنگ بە قسەی کرد.

کاتێك میرزا کوژرا ئەسپی دێوی سور دەستی کرد بە جووتە هاویشتن و لەخۆدان. خوشکی میرزا محەمەد کە ژنی دێوی سور بوو زانی کە ئەوە نیشانەی مردنی برایەکەیەتی. داوای لە مێردەکەی کرد تەرمەکەی بۆ بێنێ. کاتێك تەرمەکەی هێنایە ماڵێ، سێ مشکیان دی لە نێو خۆیاندا شەڕیانە. دوو لەوانە بەسەر ئەوی سێیەمدا زاڵ بوون و سەریان پەڕاند. بەڵام زۆری پێنەچوو غەم دایگرتن و کەوتنە گەڕان بە دوای چارەسەرێکدا تا گیانی هاورێکەیان زیندوو بکەنەوە. هەردووکیان جۆرە تۆوێکیان هێناو و پاش لێنانی جۆرە هەویرێکیان لێ دروست کرد و لەسەر ملی مشکە کوژراوەکەیان بڵاوکردەوە و سەرەکەیان لە جێگای خۆی دانایەوە. مشکەکە دەسبەجێ گیانی هاتەوەبەر. خوشکەکەی (میرزا) داوای لە مێردەکەی کرد کە هەندێك لەو تۆوە تایبەتەی بۆ بێنێ. پاشان وردی کرد و لەسەر ملی براکەی دانا، هەر کەسەرەکەیان لە جێگای خۆی دانایەوە براکەی زیندوو بۆوە ڕاست بۆوە.

(میرزا) کە هۆشی هاتەوە بەرخۆی گوتی:

- چی ڕوویدا؟ من لە کوێم؟

خوشکەکەی ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە و چیرۆکی مشکەکانی بۆ باس کرد.

میرزا دووبارە گەڕایەوە کەنار دەریا. (دێوی سور) هاتەوە و دوبارە میرزای خستەوە ناو ورگی وشترێکەوە. ئەمجارەیان کە ژنەکەی، میرزای لەناو ورگی وشترەکە هێنایە دەرێ. داوای لێکرد کە لە (ئەسپی سێ لنگ) بپرسێ ڕوحی ئەو لە کوێ دایە؟

کاتێك ئەسپی سێ لنگ هاتەوە ژنەکەی لێی پرسی:

- حەزدەکەم روحی تۆ ببینم بۆ ئەوەی کاتێك کە بەجێم دەهێڵی بە تەنیا نەبم.

وەڵامیدایەوە:

- روحی من کرمێکە لەناو تورەگەیەکی فەروو دایە و ئەویش لەناو سندوقێکدایە و سندوقەکەش لەناو سکی کەروێشکێکدایە و کەروێشکەکەش لەناو سکی باڵندەیەکی گەورەدایە و ئەویش لەناو هەناوی بەرازێکدایە کە لەسەر ترۆپکی چیایەکە. سەر ئەو ترۆپکە کانیاوێکی لێیە، هەموو ئێواران ئەو بەرازە دەچێتە سەر ئەو کانییە بۆ ئاو خواردنەوە.

ژنەکە سوپاسی ئەسپی سێ لنگی کرد، رۆژێ دواتر (میرزا) لە نێو دۆڵابەکە هاتەدەرەوە، بەرەو ترۆپکی چیایەکە کەوتە رێ و تیروکەوانێکی پێ بوو، تیرێکی لە بەرازەکەدا و بەسەر یەکیەوە گێرا. باڵندەکەی لەناو سکی دەرهێنا و پاشان لەناو سکی باڵندەکە کەروێشکەکەشی دەرهێنا و ئینجا لەناو سکی کە روێشکەکە سندوقەکەی هێنایە دەرەوە.

لەو کاتەدا کە میرزا سندوقەکەی دەردێنا، ئەسپی سێ لنگ هەستی بە نەخۆشی کرد و گەڕایەوە بۆ ماڵێ. لەوێ میرزای بینییەوە ئەو سندوقەی بە دەستەوەیە کە کرمەکەی تێدایە. ئەسپی سێ لنگ دەستی کرد بە پاڕانەوە کە کرمەکە نەکوژێ. بەڵام (میرزا) کرمەکەی پارچە پارچەکرد و ئەسپی سێ لنگ لەوێ مردوو کەوتە خوارەوە.

ئینجا میرزا ژنەکەی هەڵگرت و گەڕایەوە بۆ لای خەزووری و هەموویان لەوێ بەکامەرانی ژیان.

کچی برای خانە خوێکەمان داوای کرد کە چیرۆکێکی دیکەمان بۆ بگێڕێتەوە بە ناونیشانی ((شەڕی هەمزە))، بەڵام وەخت درەنگ بوو منداڵەکان خەویان دەهات و هەموومان ماندوو بوین بە تایبەتی ((ئاپوجومرد)) کە دەسبەجێ بۆی وەردەگێڕامە سەر فەرەنسی.



چیرۆکە میللییەکان و پەندەکان تێکەڵ بە ئاین دەبن — مەبەستم تەنیا ئاینی ئیسلام نییە، بەڵکو ئەو ئاینانەش کە بەر لە ئیسلام هاتوون. خواوەندی هەرە مەزن کە ئیسلام جێگای گرتەوە ((ئاهورا مەزدا)) بووە و هەندێك جاریش بە ((ئورمەزدا)) خوای خێر، ناوی دەبرا کە دوژمنی ((ئەهریمەن))ی خوای شەڕە. ئەوان سەرەڕای ئەمانە ((میترا)) خواوەندی خۆر، (ئاناهیدا) خواوەندی ئاو، بەرەکەت و هێزەکانی دیکەی سروشت و بە تایبەتی ئاگر، هەروەکو درەخت و چەند بەردێکی دیاریکراویان بە پیرۆز داناوە.

کاهینەکانی مەجوسی کەش و بۆنە ئاینییەکانیان ئەنجام دەدا. بەڵام ئەوان پەیکەریشیان دروست دەکرد کە بورجی چوارگۆشەیان هەبوو. ئەوان هەمیشە ئاگریان بە داگیرساوی و نەمریی هێشتۆتەوە. (هوم)ی سەرمەستکەریان دەخواردەوە و قوربانییان دەکرد.

پێغەمبەر (زەردەشت)، کە بیروڕا وایە لە نێوان (660-583 پ. ز) یان نزیکەی نەوەیەك پێش ئەوەی (کورشی فارسی) هەردوو دەوڵەتی (گوتیوم و بابل) بخاتە ژێر حوکمی خۆیەوە، ژیاوە، چاکسازیی و گەشەپێدانی خستە ناو ئاینی مەجوسییەوە.

راسپاردەکانی (زەردەشت) لە نیشتیمانی خۆی لە (موکری) کە ئەمڕۆ بە کوردستان دەیناسین. بەخێرایی بڵاوبۆوە. (زەدەشت) یان وەکو کورد ناوی نا ئاینی نوێ، یان (زەردەشتی) وەك کە ئینگلیز ناوی دەبا (Zoroastrianism) بوو بە ئاینی رەسمی ئیمپراتۆریای فارسی لە سەردەمی ساسانییەکاندا کە لە 226 ز تا 636 ز حوکمیان کردووە.

((زەردەشت)) ئەو قوربانییانەی نەهێشت کە کاتی خۆی مەجوسییەکان پەیڕەویان دەکرد، بەڵام ئەو ئاگری وەك هێمایەکی دادپەروەری و تێکۆشیانی خێر دژی شەڕ هێشتەوە. دروشمی ئاینەکەی ((بیری پاك، وتەی پاك، کردەوەی پاك)) بوو.

لە دەمێکدا کە زەردەشت چاکسازیی لە ئاینی مەجوسیدا دەکرد، ئاینێکی سەر لەبەر نوێ لە رۆژهەڵاتدا بڵاودەبۆوە کە ئاینی مەسیحی بوو. لە بەشی دووەمی ((کردەوەکانی نێردراوان))دا کاریگەری ئەوە دەبینرێ. لەوێدا باسی

پارسییەکان و میدییەکان و ئیسلامییەکان و خەڵکی ((نێوان دوو روبار))، ئەوانەی کە لە ((ئورشەلیم)) لە زەمەنی ((عید العنصره)) کۆدەبوونەوە تاگوێ لە ((پەتروسی نێردراو)) رابگرن، دەکرێ.

دەڵێن کە (تۆمای نێردراو) ئینجیلی بەمزگێنی داوە بە کورد، (مارماری) ئورفەلی لە هەرێمی نێوان دیجلە و زێی بچووکدا، کاری مزگێنی دانی کردووە. هەروەها پاشا (شاگورد) لە هەولێر کە دارودرەختی دەپەرست و قوربانی پێشکەش بە بتێکی نوحاسی کردووە، بوو بە نەسرانی، لە سەردەمی حوکمی ساسانی لە سەدەی سێیەمی زاینیدا، لە قەڵەمرەوی ئیمپراتۆریای فارسی و میدییەکاندا بناغەی چەندین کۆمەڵگای رێکوپێکی مەسیحی لە بیست (ئەسقەفیە)دا جێگیر بوو.

هەرچەندە مەجوسییەکان لە سەردەمی حوکمی ((شاپور))ی دووەم لە سەدەی چوارەمدا، چەوساندنەوەیەکی وەحشیگەرانەیان بەرامبەر جولانەوەی مەسیحی بەرپاکرد، بەڵام لە ساڵی 486ز مەسیحییەکان ئەوەندە باڵادەست بوون کە توانییان کۆمەڵگایەکی (سینود) لە (ماڵی عەزرا) لە کوردستان دابمەزرێنن.

کڵێسا مەسحییەکان، نستوریەت و یەعقوبییان لە چیاکانی باکوری عێراق و رۆژهەڵاتی ئێراندا بڵاوکردەوە و زانای لاهوتی زۆر مەزنییان تێدا پەروەردە بوو کە هەندێکیان پێشتر مەجوسی بوون.

سوپاکانی خەلیفەکانی عەرەب لە دەوربەری ساڵی 636ز دا بە نێو چیاکانی کوردستان و فارس دەستیان بە بلاوبوونەوە کرد، زەردەشتییەکان بە زۆر و هێز خرانە ناو بازنەی یەکتاپەرستییەوە، بەڵام مەسیحییەکان کە (ئەهلی کیتاب) بوون، وازیان لێهێنان.

مەسیحییەت لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریای عەرەبیدا، لە ئاماندا مایەوە و روو لە گەشەکردن بوو تا هاتنی شاڵاوی ترسناکی تەتەر و مەغول لە ماوەی نێوان 1260-1405ز دا. خانی گەورەی تەتەر ((مانگۆ)) و برایەکەی و پاشانیش تەیموری لەنگ، کاولکارییان خستە ناو وڵاتی فارس و کوردستانەوە و کڵێساکانی



مەسحییەکانیان وێران کرد. ئەمڕۆ لەسەر خاکی کوردستان وێرانەی نزیکەی بیست کڵێسا بەرچاو دەکەوێ. ئەمڕۆ کڵێساکانی (ربان هورمز) لە نزیك ئەلقوش کە کڵێسایەکی (کلدانی)یە و کڵێسای (مارمەتا) کە هی یەعقوبییەکانە، کڵێسای (ماریەعقوب) کە سەر بە دومینیکانە، کڵێسای بات مەزارا کە سەر بە (شێخ عادی) دامەزرێنەری تایفەی ئیزیدییە، ئەمانە جگە لەوەی دواییان، هەر هەموویان ئاوەدانن و مەسحییەکانی لێ دادەنیشێ.

بیرەوەری (هیدایەتی) زۆرەملێی خەڵك بۆ ئیسلام، لە کاتی هاتنی سوپاکانی عەرەبیدا، لە قەسیدەیەکی کوردیدا، دەڵێن گوایا لەسەر پەردەیەك هەڵکەنراوە، پارێزراوە:

((پەیکەرەکانی ئاهورامەزدا خاپورکران))
((ئاگر هەموو کوژانەوە))
((میرومەزنی وڵات نەمان))
((عارەبی دڵڕەق کوردیان شکاند))
((کورد تا شارەزوور کشانەوە))
((ژن و منداڵیان بە دیل چوون))
((پاڵەوان لە کەمینان سەربڕدران))
((ریسای زەردەشت ئیدی حورمەتی چوو))
((ئاهورامەزدا بەزەیی بە پیاواندا نایە))[6]

لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەڵستی غەزوەکانی ئیسلام، لە چیاکانی کوردستاندا ماوەی سێ سەدە بەردەوام بوو. هەندێك هۆزی کورد، رۆژگاری ئێستاشمان هەندێك رواڵەتی بیروباوەڕی زەردەشتی خۆی لە رێگای بە پیرۆز دانانی هەندێك بەرد و دەرختی دیاریکراو، پاراستوە. لەمبارەیەوە مەسەلێکی تورکی دەڵێ ((لەچاو کافران، کوردیش مسوڵمانن)).

(6) گومان لە دروستی ئەم دەقە دەکرێ: ((ماکنزی Mackenzie بڕوانە وتارەکەی لە:
Bulletin of the school of oriental and African studies. Vol. xxxvi 1963. (دانەر)

له باری مەزهەبییەوە، کورد پەیڕەوی مەزهەبی سوننی شافعین. بەڵام کورد لە بارەی مەزهەبییەوە دەمارگیر و وشکپەرست نین. کورد لەگەڵ ئەو مەسیحیانەدا کە لەگەڵیاندا دەژین، سنگ کراوەن و ئیسلامێتی کورد، کرانەوە و گوشادییەکی تێدایە، مرۆڤی سادەی کورد لە نوێژکردنی رۆژانە و بە رۆژوبوونی مانگی رەمەزاندا سەختگیرنین، ژمارەیەکی کەم لە کورد حەجی مەکە دەکەن. رەنگە هۆکاری ئەمە، بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە (فەرزەکان) و ئەدەبیاتی ئاینی، بە زمانی عەرەبی بێ کە زۆرینەی کورد تێی ناگا. یان لەوانەیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەو چیایانەی تێیدا دەژین کورد والێبکا، رووبکەنە ((تەسەوف خوازی)) تەریقەتی دەروێشانە کە ئامانجی ئەوەیە یەکگرتنێکی ویژدانی، لەگەڵ خوادا دروست بکا.

تەریقەتی تەسەوف خوازانەی کوردی لەسەر بنچینەکانی هۆزایەتی دامەزراون. پیرانی تەریقەت هەر لە زێدی دانیشتنی خۆیان، قوتابیان و مریدانی خۆیان دەوریان دەدەن فێریان دەکەن و تەفسیریان بۆ دەکەن. داناکانی ئەوان ((تەریقەت)) لە شێخانی خۆیان وەردەگرن و هەڵدەستن بە بانگەشەکردن لە نێو هۆزەکانی دیکەدا، بەم شێوەیە هەموو کوردستان لەناو تۆڕێك لە ئەڵقەکانی تەسەوفگەرێتیدا رێکخرا بوو. لە سەرەتا شێخانی تەریقەت تەنیا سەرۆکی روحانی ئەوان بوون. کاتێك نفوزیان پەرەی سەند، دیاری و بەخشینەکان بە سەریەکدا کەڵەکەبوون. وردە وردە بوونە پێشەوای خاوەن دەسەڵاتی دنیایی، تەنانەت شێخانی واپەیدا بوون، رادەیەکیان لە دەسەڵات بەڕێوە دەبرد کە زۆر لە سنوری دەسەڵاتی شێخانی میراتی تێیدەپەڕی.

زۆر خەڵکی کورد سکاڵایان لەوە دەکرد کە شێخان سنوری دەسەڵاتی خۆیان بەزاندووە و دەڵێن هەندێکیان سیحر و جادوشی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی گەل لە نەزانی و خەوی غەفڵەتدا بمێنێتەوە. بۆ ئەوەی سودی خۆیانی لێدابین بکەن. هەروەها ساکاری کچان و ژنانیان بە هەل بۆ خۆیان دەقۆزتەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەندێك شێخانی واپەیدا بوون کە بەمەزن ترین پێشەوایانی کورد، دادەنرێن، وەکو (شێخ سەعیدی پیران) کە لە ساڵی 1925دا شۆڕشی لە



تورکیا کرد. وەشێخی تاڵەبانی، شێخ مەحمودی سلێمانی، و شێخانی بارزان، کە ئەوانە دڵۆپێکن لە دەریایەك.

ئەگەر جارناجارێك ژیانی خێڵایەتی سنوری شەریعەتی لەمەڕ قەدەغەکردنی کوشتن، دزی و درۆ پەڕاندبێ، گەڕانەوە بۆ لای شێخ بەکارێکی پەسەند دانراوە، چونکە ئەو توانای لێبوردنی هەموو شتێکی هەیە. دایکان کاتێك منداڵەکانیان تووشی نەخۆشییەك دەبن یا بریندار دەبن، دەچن بۆ لای شێخ. هەروەها شێخ دەچێتە لای ئەو کچانە کە لە شووکردن دەترسان و بەقەیرە کچی دەمانەوە، شێخ چارەسەری هەمو شتێکی لایەونوشتە و تەڵەسمەکانی لە ئامۆژگارییەکانی، کاریگەرترن.

خەسڵەتی هەرە دیاری شێخان، دەکرێ لە کاریگەری و بە هێزی ناو ئەو داستانە شیعرییە نەتەوەییە کە پێی دەگوترێ ((مام عەلەم)) مەزەندە بکرێ. پاڵەوانی داستانەکە (مام) نەخۆش دەکەوێ چونکە دەزگیرانەکەی ((زینێ زەدان)) وون بووە، باوکی، شێخ و مەلا و پزیشکان لەسەری کۆدەکاتەوە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نابێ، هەرکام لەوانە نوشتە و دوعای خۆی دەخوێنێ و لە پەنهانەوە کاری خۆی دەکا و هەندێکیان داوای (جنۆکە) و (پەری) دەکا. هەندێکیان دەست بۆ ئاسمان بەرزدەکاتەوە و بە نوێژ و دوعاوە، ئاڵا سەوزەکان لەسەر پەنجەرەکانەوە بەرز دەکرێتەوە و تەپڵ و دەف دەست بە لێدان دەکەن تا گوێی خەڵکی کاس دەبێ، وێرد و زیکری مریدان دەگاتە ئاسمان، بەڵام لاوەکە گوێ بەو ژاوەیە نادا و بێ پسانەوە دەیگوت و دووبارەی دەکردەوە:

- بەو جۆرە شتانە هەراسانم مەکەن. بیستومە ئاوی گوڵێك هەیە، برینی نێزە چاك دەکاتەوە. من دڵم بریندارە و ئێوەش شێخ و مەلام بۆ دێنن. من چاوی خۆم دادەخەم تا ((زینێ زەدان)) ببینم ئێوەش ئەو ئاپۆڕای شێتانەتان لە من کۆکردۆتەوە!

شێخانی تەریقەتە سۆفیەکان، شیعری غەزەل و خۆشەویستی خوازە (مەجازی) یان بەلاوە پەسندە وەك لەو بەیتانەی خوارەوە کە هی شاعیر ((شێخ ئەحمەدی نەشانی))یە کە لە سەدەی یازدەیەمی زاینیدا ژیاوە:

((کوڕانی مەجوس، مەی خۆران دەمی سپێدەدێن تا سەما دابەستن))
((پیاڵە بە دوو پیاڵەدا هەڵدەدەن و لە لێواری رووبار پاڵدەکەون))
((کەزی قژی کچان وەك کەستەنە و کارەمانە))
((ئەوانە وەك گەوهەرن، وەك ئەستێرەی ئاسمان دەدرەوشێنەوە))
کەزی هەندێکیان زەردە و هی هەندێکیان وەك ئاگرە
چاویان وەك مروارییە و نیگایان هەروەکو پەرییە
قەسیدەکە هەر ئاوا بەردەوامە....
((کچە منی بردە ناو کۆڕی سەما. سەما و مۆسیقا))
((بڕانەوەی بۆ نەبوو، کچە پێی گوتم، ئەو دانەیەیان))
((کە چاوی وەك مروارییە دەڵێ: ((ئێمەبۆ ئەوەین، و))
((ئێوەش بۆ ئێمەن. لە راستیدا ئێمە هەریەکین))
بەڵام چارەسەری ئەو کێشەیە ئەستەمە))
پاشان....
((پیتەکان هەموو یەکن ئەگەر بیانگێڕییەوە بۆ سەرەتا))
((هەر پیتە دەبێتە دێرێك، دێرەکە لابە زەمان دەمێنێ))
((ئەمە یەکگرتنێکی موتڵەقە ئەی مەلا ئەمە ئەو نورەیە دڵمان روناك دەکاتەوە))
((لەو کێشەیە حاڵی بوون ئەستەمە، سۆفیەکان هەر بە گومانن))

تەریقەتی قادری یەکەمین تەریقەتی تەسەوفگەریی بووە کە عەبدولقادری گەیلانی کوردی، کە لە ساڵی 1078 تا 1166 زاینییدا ژیاوە، دایمەزراندوە. بەڵام تەریقەتی دووەم کە تەریقەتی نەقشبەندییە، بەهائەدینی بوخاری کە لە ساڵی 1317 تا 1389 زاینی ژیاوە، دایمەزراندووە. ((مەولانا خالید))ی سەر بە هۆزی جاف کە لە ساڵی 1779 هاتۆتە دنیاوە ئەم تەریقەتەی لەناو کورددا بڵاوکردۆتەوە. ((مەولانا خالید)) لە دەوروبەری ساڵی 1808 دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی ئەم تەریقەتە لە سلێمانی. لە سەرەتا هەندێك ناڕەزایی هاتۆتە پێشەوە بەڵام لە دواییدا زۆر بە خێرایی بڵاوبۆوە و ئێستا ئەو لە تەریقەتی قادری بەربڵاوترە. پەیڕەوانی



قاڵبووی ئەم تەریقەتە ((عارفەکان)) لە هەڵسوکەوتیاندا مەیلێکیان بە لای نائاوێزەییدا هەیە.

لەهەمبەر ئەو خەسڵەتانەدا، لەناو کورددا کە دەبینی هەندێك تایفەی مەزهەبی تر لەوانەی لە راستەڕێی گشتی ئاینەکە ترازابێ، ئەوا بەکارێکی سەیر نایەتە بەرچاو.

یەکەم و گرنگ ترین ئەو تایفانە ئەو (ئیزدی) یانەن کە بە ((شەیتان پەرست)) ناسراون و ژمارەیان پەنجا هەزار کەس دەبێ. زۆربەی ئەوانە لە عێراق لە نێو دۆڵە لێڕەوارەکاندا لە دەوروبەری شێخ ئادی و چیاکانی سەرووی موسڵ، هەروەها لە چەند گوندێکی باکووری سوریا و هەر دوو هەرێمی ((یەریڤان و تفلیس)) لە یەکێتی سۆڤێتی دەژین.

گەرچی هەندێك توێژەران و رەخنەگران پێیان وایەکە ئاینی ((ئیزدی)) بنەڕەتگەلی بابلی و زەردەشتی هەیە، بەڵام لە راستیدا خەڵکەکەی لە پەیڕەوانی ((شێخ عدی مسوڵمان))ن، کە ئەمڕۆ بۆ زیارەت دەچنە سەر گۆڕەکەی. ئەوانە لایەنگرانی خەلیفە یەزیدی کوڕی معاویە بوون، ئینجا بەرە بەرە[7] بەرەو

---

[7] شمیدت لێرەدا لە گێڕانەوەی تایفەی ئێزدی بۆ سەر بنەمای رووتی ئیسلامی کە بە تێپەڕبوونی زەمان، هەندێك باوەڕی ئاینی دوانەیی و هەندێك کەش و مەراسیمی یەهودی و مەسیحی تێدا تێکەڵ بووە، شوێن پێی نووسەرە عەرەبە کلاسیکییەکانی پێشووی هەڵگرتۆتەوە.
لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل لە بابەتێکی لەم چەشنەدا ئەگەر بە قەباڵەی مێژوویی پشت ئەستور نەبێ، سوودی نابێ. لێرەدا دەرەتانی ئەوە نابێ بۆ پەراوێزێکی کورت لەسەر بابەتێکی لاوەکی و ناسەرەکی کە نووسەر هێناویەتیەوە ئەم جۆرە قەباڵە مێژووییانە بهێنینەوە. تەنیا ئەوەندە قسەیە بەسە کە ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و مێژووییەی کە تایفەی ئێزدی هەر لە سەدەی سێزەدەیەم دا ((ئەمە یەکەم سەردەمێکە کە شتێکمان لە بارەیانەوە زانیوە)) تێیدا ژیاوە، ناچارمان دەکا رایەکی جیاوازمان هەبێ لەوەی کە شیمدت هێناویەتی، ئەویش ئەوەیە کە بنەماکانی مەجوسی-میترایی ناچاربوون کە لە ژێر رەگەزەکانی ئیسلامی – مەسیحی – یەهودیدا لەبەین بچن. باشترین کتێب لەمبارەیەوە ئەوەیە کە مامۆستا توفیق وەهبی لەبارەی باوەڕی میترایی ئێزیدییەوە دەری کردەوە. چ. لەندەن 1962. (ج. ف)

تەسەوفگەریی ئیسلامی و ئەو پەڕی توندڕەوی ملیان نا، چونکە ئەمڕۆش باوەڕیان بە کۆپی بوونەوەی گیانەکان هەیە.

ئەوانە جۆرە مەزهەبێکیان بۆ خۆیان پێکهێنا کە ئەم باوەڕانەی خوارەوە دەگرێتەوە خۆی:

((ئیبلیس کە ئەوان لە مەراسیمە مەزهەبییەکانی خۆیاندا، لە شێوەی تاوس لە پەیکەرێکی برونز، سازیدەکەن، هەمان ئەو فریشتەیەیە کە لە خوا یاخی بووە و لە پایەکەی هاتە خوارەوە. ڕۆژێك دێت دەگەڕێتەوە هەمان پلە و پایەی خۆی. لەبەر ئەو هۆیە هەرگیز نابێ ناوی ئەو بە خراپە بهێنرێ و نابێ هەرگیز ناوی ئەو بهێنرێ.

((ئێزیدایەتی)) دوو کتێبی پیرۆزی هەیە ((جلوە)) و ((مەسحەفی رەش)) مانای کتێبی رەش. هەرچەندە مەزهەبی ئەوان نهێنییە، بەڵام هەندێك لە دوعاکانیان زانراوە، وەکو:

خودایە ئەوە تۆی من نیم
تۆ باوکی شەرعی من بەندەم
تۆ هەر باقی و زێدەکەری
تۆ بچوکی تۆ گەورەشی
دەنگت نییە بەڵام ووشەی
تۆ ئازار و هەم مەرهەمی
تۆ قازی پاشایان و قازی داواکارانیشی
یا اللە! تۆ داوەری هەرە بەرزی کە حوکمی
هەمووو عەرشەکان دەکا
تۆی خالٚقی گا و ماسی.

((قزلباش))یش تایفەیەکی دیکەن کە شایانی گرنگی پێدانن. ئەوانە بەزاری زازایی قسەدەکەن و بیروڕا وایە کە نزیکی یەك ملیۆن کەس بن و زۆربەیان لە کوردستانی تورکیا لە ویلایەتەکانی ((سێواس، دیاربەکر، خەربوت)) دەژین و قەڵای سروشتی ئەوان چیاکانی ((دەرسیم))ە و پێشەوای روحی ئەوان لەوێ دەژی. ئەوانە



سەرتۆپی شیعەکانن. مەبەستم ئەوەیە ئەوانە ((عەلی)) دەپەرستن و لە پایەی خوادا دایدەنێن. مزگەوتیان نییە و لە ڕۆژێکدا تەنیا جارێك نوێژ دەکەن و ئەوان کتێبی تایبەت بە خۆشیان نییە، بەڵام تەورات و ئینجیل و قورئان بە پیرۆز دەزانن.

تایفەیەکی دیکەی زۆر لەوە بچووکتر هەیە کە بە ((ئەهلی حەق)) دەناسرێن و ئەوانیش وەکو ئێزدی باوەڕیان بە کۆپی بوونەوەی گیانەکان هەیە. ئەوانە بیروباوەڕی تریان لە نێو شیعراندا بڵاوکردۆتەوە کە بە زاراوەی گۆران نوسراوەتەوە، پەیوەستن بە پێغەمبەرایەتی (موسا و ئیلیا و مەسیح) و بەشێوەیەکی تایبەتی (داود)، زۆربەیان لەو گوندانە کە بەدرێژایی رێگا لە نێوان خانەقین (عێراق) و کرماشان (ئێران) هەڵکەوتوون، دەژین.

لە هەموو ئەو شتانە کە لە پێشەوە باسمان کردن هەر لە ئاین، نەریت، ئەفسانەی کوردی، شیعر، چیرۆك، پەند و تا خەرافاتەکانیان، ئەوانە بناغەیەکن کە ئەدەبێکی زیندووی داونەتێ.

یەکەمین شاعیری کورد، بێ چەند و چوون (عەلی تەرمۆکی)یە کە لە هەموو بوارێکدا شیعری داناوە و کاریگەری لەسەر هەموو شاعیرەکانی پاش خۆی داناوە، شیعرەکانی تەرمۆکی لەسەر خۆشەویستی، جوانی، سروشتی وڵاتەکەی و سیحری کچەکانیەتی. تەرمۆکی لە دیوانەکەی خۆیدا بەناوی (ژیان خەونە)دا نووسیویەتی:

ئاینی ئێمە وادەی بەهەشتی پێداوین
بەهەشتی پڕاوپڕ لە سێبەری درەختان
ئاوی بەخوڕ و زەمزەمە و شیرین وەکو هەنگوین
کچانی شۆخ هەروەکو فریشتان دەردەکەون
کاتێك کانییەکان و ژنانی وڵاتەکەم دەبینم
واهەست دەکەم چوومە نێو سەرزەوینی بەهەشتەوە!

هێشتا ئەوە جێگیر نییە ئایا تەرمۆکی بە هەقیقەت، وەکو هەندێك کەس پێیان وایە، یەکەم شاعیری کوردە و لە سەدەی یازدەیەمی زایندا نووسیویەتی و شیعری داناوە، یان وەکو هەندێکی تر لە توێژەرانی ئەم دواییانە پێیان وایە لە

سەدەی شازدەیەم یان پازدەیەمدا ژیاوە، هەندێك لەوانە كە لە ئەدەبی كوردیدا، بە جێگامتمانە و سەرچاوە دەژمێردرێن، سەرەتای هۆنراوەی كوردی لە مەلای جزیرییەوە دەنووسنەوە كە لە مێژووی 1407 تا 1481 ژیاوە و شیعری تەسەوفگەریی ئاینی داناوە.

ترۆپكی ئەدەبی كوردی، كە ئێستاش جێگەی سەرسامی جیهان، و لێكۆڵینەوەی توێژەرانی كوردە، ئەحمەدی خانییە (1650-1706) كە چیرۆكی مەم و زینی[8] لە چوارچێوەیەكی ئیسلامییدا نووسیوەتەوە. ئەم چیرۆكە لە فولكوریی كوردی پێش ئیسلام وەرگیراوە كە پەیوەستە بە خۆشەویستی (مەم و زین)ەوە. یەكەمین دەقی نوسراوی ئەم چیرۆكە دەگەڕێتەوە بۆ دوو یان سێ سەدە بەر لە هۆنینەوەی.

ئەحمەدی خانی خۆشەویستی (مەم)ی كردۆتە هێمایەك بۆ خۆشەوستی نیشتیمانی كورد، رەنج و تێكۆشانی ئەوی كردۆتە هێمایەك بۆ تێكۆشانی گەلی كورد.

لە سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا، میرانی ئەردەڵان لە ئێران، لە باشوری ناوچەی (مهاباد) شاعیرەكانی سەردەمی خۆیان هان دەدا. دەركەوتووترینی ئەو شاعیرانە (مەهزونی) یان (مەحزونی) كە پاش ساڵی 1783 لە دەرباری (خەسرەوخان) لە شاری سنە، دەینووسی. ئەو شیعرێكی رومانسی لە ژێر پەردەی ئاییندا بەزاری گۆرانی نووسیوەتەوە.

لە سەدەی نۆزدەیەمدا، لێشاوێك شیعری ئاینی و تەسەوفگەری سەریانهەڵدا، لە شاعیرانی ئەو ماوەیە حاجی قادری كۆیی 1815-1892 كە شیخان و مەلایانی ئاینی بە خاوەن بیری پاشكەوتوانە تاوانبار دەكا. حاجی گوتویە كە ئەوانە بەرەوپێشەوە ناچن و لە ژیان بەجێ ماون و میللەتی كورد بەرەو رێگای نیشتیمان پەرەوریی رێنوێنی ناكەن. ئێستاش تا رۆژگاری ئەمڕۆمان، شیعرەكانی حاجی لە هەموو بۆنەكاندا دەگوترێنەوە.

---

[8] ئەم داستانە شیعرییە بەشێوەی پەخشان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە بەیروت چاپ كراوە. (ج. ف)



شاعیرێكی تر هەیە ناوی (شێخ رەزای تاڵەبانییە)یە، ئەو شاعێرێكی خوانەناس، رەخنەگرێكی بلیمەت و هەڵكەوتوو بووە. هەمیشە بە شیعر هەستی نیشتیمانپەروەری كوردی خرۆشاندووە. بە ئاگری ئەو زمانە تیژەی دوژمنانی كوردی بە شێوازێكی بێ هاوتا دەدایە بەر پلاری گاڵتە پێكردن، توانج و داشورین. ئەو، شاعیرێكی ئاژاوەگێڕ، هاندەر، تانوت گۆ، زمان شڕ بووە و تەنانەت هیچ سێ و دووی لەوە نەكردووە كە ئاوا باسی رووی راستەقینەی خۆی كردووە و دەڵێ:

هەموو گوڵێك دڕكی خۆی هەیە من دڕكم.

لە هەموو ئەو ساڵانەی پێش (1920) رەنگە پەخشانێك لە ئەدەبی كوردیدا نەبینییەوە. یاخود بە هەر رەنگێك شانۆیەكی نواندن بێتە بەرچاو. كورد لەو ماوەیەدا تەنیا شیعریان داناوە. بەڵام مێژوویان نووسیوەتەوە. مەزنترین مێژوونووسی ئەوان ((میر شەڕەفەدین)) كە لە بنەماڵەی شەڕەفخانی بتلیسییە. لە سەرەتای سەدەی شازدەیەمدا لەسەر ئارەزووی شای ئێران كە ئەو كاتە هەوڵی دەدا هەستی كورد، لەبەر نزیكییان لە فارسەكانەوە، لەخەو راپەڕێنێ. كتێبی (شەرەفنامە) مێژوویەكی سەرچاوە و سەرەكییە. بەڵام بە زمانی فارسی نوسراوەتەوە و بە تەواوی بۆ زمانی كوردی وەرنەگێڕدراوە[9]. بەڵام وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی و فەرەنسی.

ئەو ماوەیە هەر هەمان ئەو ماوەیەیە كە داستانی پاڵەوانێتی كوردی ((قەڵای دم دم)) كە لە پێشدا هەندێكمان لێ گوڵبژێر كردبوو. تێدا نووسراوە.

لە جەنگی یەكەمی جیهانییەوە، چاپخانەی كوردی لە سلێمانی و هەولێر و رەواندز بە گەرمی كەتۆتەكار، سلێمانی بۆتە كانگای ئەدەبی كوردی و لەوێ ژمارەیەك گۆڤار و رۆژنامە دەركران و هەموو بەرهەمە ئەدەبییەكان لەهەر گۆشەیەكی كوردستاندا كۆدەكرانەوە. هەروەها لە شاعیرە كوردەكانی عێراق دەبێ

---

[9] شەرەفنامەی شەرەفخانی بتلیسی لە لایەن هەژاری موكریانی كراوە بە كوردی. چاپی یەكەمی لە ساڵی 1972 بڵاوكرایەوە. (و. ك)

ئاماژە بە (بێکەس 1905-1948) بکرێ کە شاعیرێکی ئەو پەڕی خوێنگەرم بووە لە نیشتیمانپەروەریدا. ژیانی پڕ لە ڕەنج و تایبەتی ئەو لە وێنەی مەی و ئافرەت و خەبات لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

لە دواییدا ((گۆران)) کە لەم دوا دواییانەدا مردووە، نووسەرێکی شۆڕشگێڕ بووە کە بە هەستێکی واقیعیانە هەستی بە زوڵمی کۆمەڵایەتی کردووە، گۆران ڕووبەڕووی کێش و قافیەی شیعری بۆتەوە و هەروەها ڕووبەڕووی ڕژێمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بۆتەوە.

هەروەها لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا (کامەران بەدرخان) لە سوریا هەندێك شیعری هۆنیوەتەوە.

((جگەر خوێن)یش بانگەوازکارێکی دەرکەوتووی کێشە نیشتیمانییەکان و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بووە. ئەوکوڕە جوتیارێك بوو. فیقهی خوێندووە تا ببێتە زانای ئاینی، هەندێك بەوە تاوانباری دەکەن کە ویستوویەتی هەندێك بیروڕای کۆمۆنیستی بێنێتە ناو بەرهەمە ئەدەبییەکانی.

لە یەکێتی سۆڤێتی ((ئەرمینیا)) دوو شاعیر هەن کە: (جاسمی جەلیل و میکایل ڕەشید)ن، لە بارەی سروشت و غەزەلەوە شیعریان داناوە.

تا ئەو ماوانەی دوایش، نووسەرانی کورد ڕۆمانی درێژیان بەرهەم نەهێناوە. بەڵام برێکی زۆریان چیرۆك نووسیوە. لەناو ئەو چیرۆك نووسانەدا (نوردەین زازا) سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کورد لە سوریا، ئەحمەد بوتی هەیە کە ژمارەیەکی ئەفسانە نووسیوە. ((قەدری جان)) کە مامۆستای ئامادەییە و لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان، ئەخلاق و کێشەکانی ئیسلامەوە نووسیویەتی. (عوسمان سەبری) کە بەڕای هەندێك لە ڕەخنەگران، لە هەموو ئەدیبانی کورد نزیك ترە کە پێشەنگی جیهانی نووسین بێ.

لە ریزی مێژوونووسانی ئەم دواییانەی کورد دەبێ ناوی (حوسێن حوزنی موکریانی) ڕەواندوزی بهێنین کە لە ساڵی 1947دا کۆچی کردووە، ئەو کۆکەرەوەیەکی مەزنی بەڵگەنامە ڕەسەنەکانە و هەرخۆشی ئەو کۆمەڵانەی



چاپکردەوە. ئەوانە گەرچی لە ڕووی ڕێکخستنەوە هەژارن، بەڵام سەرچاوەی مەزنن و ژێدەرێکن بۆ نووسینی کتێب و هەرگیز لە بڕان نایەن.

(محەمەد ئەمین زەکی) مێژووی سلێمانی، و ((ناودارانی کوردستان)) و ((میرانی کوردستان لە سەردەمەکانی ئیسلامیدا)) و هەروەها مێژوویەکی گشتی ((کورد و کوردستان))ی نووسیوە.

هەروەها مێژوو نووسێکی تر هەیە کە هەوڵ و کۆششی خۆی لە نێو بازنەیەکی تەسکدا کورت کردۆتەوە، ئەویش (ڕەفیق حیلمی)یە کە لە 1961 کۆچی دوایی کردووە. بیرەوەرەییەکانی لە شۆڕشی (شێخ مەحمود) کتێبێکی سەرچاوەییە و وردەکاری زۆر فراوانی تێدایە.

بەرزترین ڕەخنەگر لە ئەدەبی کوردیدا (سەجادی)[10] یە کە مێژووی ئەدەبی کوردی نووسیوە.

یەکەمین نموونەی ڕۆژنامەوانی کوردی، وادیارە ڕۆژنامەیەکە بەناوی (کوردستان)[11] و کەسانێك کە سەر بە بنەماڵەی بەدرخان بوون بە زاراوەی (بۆتانی) دەریان دەکرد و بڵاویان دەکردەوە. بە دوای ئەواندا ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی دیکە لە پاش شۆڕشی جون تورك لە 1908 لە ئەستەمبوڵ بڵاوکرانەوە.

لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییانەی کە لە ماوەیەکی نزیك بە ئێستا بڵاوبوونەوە: لە دیمەشق (جەلادەت و کامەران) هەردوو نەوەی پێشەوای شۆڕشگێڕی بەناوبانگ[12]، (هاوار) و (ڕوناهی) بەماوەیەکی کەم بەر لە جەنگی دووەمی

---

[10] بێگومان مەبەستی مامۆستا عەلادین سەجادی هاورێمانە، نووسەر و چیرۆكنوس و خاوەن گۆڤاری (نزار)ی سیاسی (ج. ف)

[11] مەدحەت و جەلادەت هەردوو کوڕانی بەدرخان لە قاهیرە لە ساڵی 1897 دایانمەزراند و بڵاویان کردەوە. (ج. ف)

[12] میر بەدرخان پاشا کوری عەبدول خالق بەگ و دامەزرێنەری میرنیشنی بەدرخان لە (بۆتان) لە جزیرەی ئیبنو عومەر (1802-1867) کە پەیوەندی بە ئیبراهیم پاشای میسری کوڕی محەمەد عەلی خدیوی میسرەوە کردوە بۆ یەکخستنی کۆششەکانیان لە شەڕی عوسمانییاندا، بەڵام جەلادەت کە نەوەی بوو سەرۆکی کۆمەڵەی (خویبوون) بوو، چەند کتێبی نووسیوە لەوانە (ئەلف وبێی کوردی) و (قاموسی کوردی) کە بە هەموو زاراوەکانە.=

جیهانی و هەروەها لەماوەی جەنگیشدا. هەروەها ((رۆژانو)) یان لە بەیروت دەرکرد. لە راستیدا ژیانی رۆشنبیری لە ژێر چاودێری و پشتیوانی ماوەی ئینتدابی فەڕەنسی بوژایەوە. بەڵام پاش چوونە دەرەوەی فەرەنسییەکان و ئینجا کە نەتەوە پەرستی عەرەبی جێ پێی خۆی قایم کرد، رۆژنامە و گۆڤاری کوردی ئیدی دەرەتانی دەرچوونی بۆ نەما.

بەڵام لە ئێران، لە واقیعدا هیچ رۆژنامەیەکی کوردی دەرنەچوو، بەڵام حکوومەت بە مەرامی پروپاگەندە لە هەندەران گۆڤارێکی هەفتانەی بە ناوی ((کوردستان)) بە زمانی کوردی چاپ و بڵاودەکردەوە. ئەمە تاکە گۆڤارێکی کوردی بوو کە بە رێکوپێکییەوە هەر لە ئەیلولی ساڵی 1961وە دەردەچوو، ئەمە جگە لەوەی لە یەکێتی سۆڤێتی دەردەچوو. هەروەها لە چیاکانی کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستان ناوە ناوە (خەبات)ی دەردەکرد. لە ئەستەمبوڵ حکوومەتی تورکیا مشتەکۆڵەی سەرکوتکاریی لەسەر ژیانی فیکریی کوردی تائەو رادەیەشل کرد، کە رێگا بدا، گۆڤارێکی نیومانگی لە ساڵی 1962 و هەندێکێش لە ساڵی 1963 دەربچێت. بەڵام ئەوانە دوابەدوای ئاڵۆزییەکانی ئایاری 1963 کە لە ئەنقەرە روویاندا، لە دەرچوون وەستان.

لە یەکێتی سۆڤێتی رۆژنامەیەکی نیوە هەفتانە بەناوی (رێیا تازە: رێگای نوێ) لە یەریڤان دەردەچوو، هەروەها گۆڤارێکی کوردی لە تفلیس بەناوی (گۆڤاری قەفقاس) دەردەچوو.

هەروەها لە یەریڤان شانۆی نواندنی کوردیش هەیە، و زۆرجاریش رادیۆی (تفلیس) و بنکەی پەخشی (یەریڤان) بەرنامەی کوردی بڵاودەکاتەوە. ئەو ژیانە

---

=لە ساڵی 1935 حوکمی لە سێدارەدانی دەرچوو، ئەو لە (15ی تەمووزی 1951) لە دیمەشق مردووە. خێزانەکەشی (رەوشەن بەدرخان یەکێکە لە ئافرەتە نیشتیمانپەروەرە دەرکەوتووەکان) (ج. ف)



ئەدەبی و رۆشنبیرییە کوردییەی ناو یەکێتی سۆڤێتی کە تارادەیەك لە جموجۆڵ و چالاکیدا بوو، دەسەڵات پشتیوانی دەکرد، هەر بە سروشتی حاڵ کورد وا لێدەکا کە بەراورد لە بەینی ئەو ئاستەنگانە کە لە وڵاتانی تردا دێتە رێگایان لە گوزراشت کردنەویەکی فیکری لە بوونی خۆیان، بکا.

لەگەڵ ئەوەشدا کە (کرمانجی) زاری خەڵکی باکوری کوردستانە (لە پاشەڕۆژێکی دووردا روون دەبێتەوە کە بێگەرد ترین و بەهێزترین زاری کوردییە)، زاری سۆرانی کە خەڵکی سلێمانی قسەی پێدەکەن، ئێستا بۆتە ئامرازێکی باو و ئامادە بۆ دەربڕینی ئەدەبی لە عێراق. پشتیوانی کردنی میرانی بابان لە پاژی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا. شوێنەوارێکی کاریگەری بەسەر باڵادەست بوونی زاری سلێمانی هەبوو. (سی. جی. ئەدموندز) ئاماژە بەوە دەکا کە تورك قوتابخانەیەکی جەنگییان لە شاری سلێمانی دامەزراند، بەمە ژمارەی ئەو کوردانەی کە لەو ناوچەیەدا ئاستێکی بەرزیان لە فێربوونی زانست بە دەست هێنا، زیاتر بوو وەك لە ناوچەکانی دیکە.

سلێمانی لە سەردەمی ئینتدابی بەریتانیا لە (1918) یەکەمین جێگا بوو کە لە فەرمانگە رەسمییەکاندا، وەك زمانێکی رەسمی، دان بە زمانی کوردیدا، نرا.

((ئیدموندز)) لە رووی زمانەوە، کوردستان بۆ دوو ناوچەی باکوور و باشوور دابەش دەکا، کە لە لێواری باشووری دەریاچەی ورمێ وە خەتێك جیای دەکاتەوە تا دەگاتە خواربوونەوەی زێی گەورە بە ئاراستەی باشووری رۆژهەڵاتدا. سەرەڕای کرمانجی باکوور هەندێك دوورگەی زمان دێنە بەرچاو کە لەوێدا زاری زازایی بەر گوێ دەکەوێ، هەروەها لە باشووردا، زاراوەی کرمانجی خواروو دابەش دەبێ بۆ ((موکری سوران)) و زاراوەی ((سلێمانی ئەردەلان) و پاشان زاراوەیەکی جیاواز کە زۆر جاران بە گۆران دەناسرێ، لە ناوچەگەلی جیاو پەرت و بڵاو بەلای باکوور و باشووردا، قسەی پێدەکەن.

هەردوو برایانی ((بەدرخان)) ئەلف و بێی لاتینییان داناوە کە بە فراوانییەکی زۆر لەناو کوردەکانی تورکیا و لوبنان و سوریادا بڵاوبۆتەوە. بەڵام کوردستانی عێراق و ئێران تائێستاش پیتی عەرەبی بەکاردەهێنن. هەروەها لە یەکێتی سۆڤێتی، ئەلف و بێیەکی دیکەی لاتینی چاپکراوە و بەکاردەهێنرێ[13].

[13] نووسینی زمانی کوردی بەپیتی لاتینی یەکجار ئاسان دەبێ ئەگەر هەندێك گۆڕانکاری زۆر سادە لە هەندێك لە پیتەکانیدا بکرێ، سەرەڕای رێساکەی ((بەدرخان)) کە بەکردەوە بڵاوبۆتەوە سیستەمێکی تری نووسین هەیە بۆ زاری سۆرانی کە بەرێز ((ئیدمۆندز)) وێنەی کێشاوە. (فەرهەنگی کوردی – ئینگلیزی) یەکەی کە بەهاوبەشی لەگەڵ مامۆستا توفیق وەهبی دایناوە، هەروەها رێسای سێیەم بۆ نووسینی زاراوەی کوردی (بادینانی) هەیە کە بەرێز (لیوا روکن عەزیز عەقراوی) دایناوە و لە سادەییدا تازیارە، بەڵام هێشتا بەکردەوە چاپ نەکراوە، (فەرهەنگی کوردی – ئینگلیزی – عەرەبی) یەکەی ((ئەگەر چاپ بکرێ)) دەبێتە یەکەمین جێبەجێ کردنی ئەم رێسایە. (ج. ف)

# بەشی دەیەم

# پێشڕەویی کاک فەرزۆ

بیست و یەکی تەموز، نۆیەم ڕۆژ بوو لە کوردستان بووین، گەیشتینە بارەگای (ئەسعەد خۆشەوی). ئەو سەرکردەی قوڵی ڕۆژئاوا لە خاڵێکی نزیك زاخۆ بوو.

ئەمە بۆ ئێمە مایەی ئاسودەییەکی گەورە بوو. پاش ڕێپێوانێکی درێژ کە لەناو تەپ و تۆزدا خوڵاوی ببووین. بە میواندارییی ئەو پیاوە خاوەن بیر و یەکجار هەستیارە، لە دانیشتنێکی گۆڕاییی بەربەرەڵادا شادمان دەبووین. لێرە لە کەش و هەوایەکی ئاوی بەخوڕ و شنەبایەکی فێنك، تێکەڵ بە قیڕەقیڕی بۆق و دەنگوباسی خۆشەوە، پشوویەکی خۆشماندا.

(ئەسعەد خۆشەوی) بە وتارێکی کورت بەخێرهاتنی کردین و گوتی ئەمریکا بە سیستەمی دیموکراتی خۆی، ناوبانگی بڵاوبۆتەوە و لە واقیعدا هێزی ئەمریکا لێرەوە سەرچاوەی گرتووە. لەبارەی رابردووی شکۆمەند و هێزی سەربازیی و خاوەن زەبری ئەمریکا دوا و هەروەها لەبارەی ((پیاوی شەڕخواز))ەوە کە دەیەوێ گەلی کورد لەناو بەرێ قسەی کرد.

هەروەها پێی ڕاگەیاندم کە ئەو سەر بە ((مزوری بالا))یە کە لقێکە لە بارزانییەکان و ئەوەش بە ئاشکرا دیار بوو کە خۆی یەکێکە لە سەرۆکەکانیان. ئەسعەد خۆشەوی خاوەن ڕێزێکی یەکجار مەزن بوو. بەڵام من نەمتوانی شتێکی زۆری تر کە لەمە جیاواز بێ لەودا ببینمەوە. ئەو ڕەتی کردەوە بکەوێتە بارێکەوە گوتوبێژ دەربارەی بنەماڵەی خۆی بکا.

لە سەرچاوەی ترەوە زانیم کە ئەو لە ساڵی 1947 هاوڕێی بارزانی بووە بۆ یەکێتی سۆڤیەت، لەماوەی دوازدە ساڵی تاراوگەدا یەکێك بووە لە نزیکترین هاوڕێکانی بارزانی. لەم پایەی ئێستاشیدا لەپاش بارزانی، بە کەسایەتی دووەم دەژمێردرێ هەر چەندە لەناو هێزەکانی کورددا پلەی سەربازی ڕەسمی نییە.

لە ساڵی 1932دا (خەلیل) براگەورەی ئەسعەد خۆشەوی، لەگەڵ بارزانی لە چیاکانی کوردستان خەباتی دەکرد پاش ئەوەی بارزانی ڕۆیشت، ئەو لە مەیدانی شەڕدا مایەوە و نزیکەی پێنج ساڵ لەگەڵ پیاوەکانی لە چیاکاندا لە خەبات بەردەوام



بوو تا ساڵی 1937، هەندێك خەڵك دەڵێن ئەو سەرۆکی دەستەیەك یاخی، بوو هەندێکی تر بە یەکێك لە پاڵەوانانی جوڵانەوەی نیشتیمانی کوردی دەزانن.

لە زستانی ساڵی 1937 بەفرێکی یەکجار ئەستوری لە ڕادەبەدەر دەبارێ. (خەلیل) و ئەو دەستە کەمەی لەگەڵیدا دەبن ناتوانن خواردن پەیدا بکەن، لەو ئەشکەوتەی کە پەنایان بۆ برد بوو دێنە دەرەوە و بەرەو گوندێك دەچن بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن هەندێك خواردن بەرامبەر هەندێك چەك بگۆڕنەوە، بەڵام دێهاتییەکان، لای ئەو ((ڕێکانی)) یانەی کە هاوکاری حکوومەتیان دەکرد جێگاکانیان ئاشکرا کردن و خەبەریان لێدەدەن، (خەلیل) گەمارۆ دەدرێ، ئەو فەرمان بەدەستەکەی دەدا کە بڵاوەی لێبکەن، بەڵام خۆی، بەر دەکەوێ و دەکوژرێ.

ئەو منداڵەی کە لە بارەگای ئەسعەد خۆشەوی بینیم و لە دەوروبەری ئێمە یاری دەکرد و ناوی (خەلیل) بوو، نەوەی ئەو (خەلیل)ە بوو کە ماوەیەکی درێژ لە چیاکان بەرگری کرد. هەروەها ئەسعەد خۆشەوی برایەکی تریشی کە لە ژێر فەرماندەیی بارزانیدا دەجەنگا لە ساڵی 1945 کوژرا بوو.

کاتێك ئێمە گەیشتینە ئەوێ، بەرەی شەڕ لە قۆڵی خۆشەوی تاڕادەیەك ئارام بوو. ئۆپەراسیۆنی گەورەی جەنگی بەرەو ڕۆژهەڵات گوازرابۆوە. گرنگیدانی خۆشەوی لەو ماوەیەدا لەسەر گەمارۆدانی (ئامێدی) چڕببۆوە. ئەو گوتی کە هێزەکانی ئاویان لە شارۆکەکە بڕیوە و دۆشکەیان هێناوە بۆ دوورخستنەوەی هیلیکۆپتەرەکان کە خواردن و کەل و پەل دەباتە ناو (حامیە) کەوە. هەروەها گوتی هەرچەندە شارۆکەکە ئازارێکی زۆری پێگەیشتووە، بەڵام ئێستاش نزیکەی پێنج هەزار کەسی تێدایە)).

هەروەها گوتی کە ئەوان هەموو ناوچەکانی هەردوو قەزای ((دهۆك و ئاکرێ)) یان جگە لە ناوەندی ئەو دوو شارۆکەیە کە لە ژێر دەستی حکوومەتدا ماوەتەوە، داگیرکردووە. (ئاکرێ) لە چیاوە زۆر نزیکە تەنانەت پیاوەکانی دەیانتوانی (بە دەمانچە تەقە لەناو شار بکەن).

هەروەها بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە دەتوانێ هەردوو ئەو شارۆکەیە و بگرە شاری لەوان گەورەتری وەکو (سلێمانی)یش داگیر بکەن. بەڵام فەرمانەکانی کە لەو کاتەدا بەو درابوون وای دەخوازی لەناو چیاکاندا بمێننەوە و تا بۆیان دەکرێ لە چیاکان دوور نەکەونەوە. داگیرکردنی هەر شارۆکەیەك، دەبێتە هۆی ئەوە کە ژمارەیەکی زۆر گەورە لە جەنگاوەران بخاتە ناو سەنگەری بەرگرییەوە و گیروگرفتێکی ژینەوەریی دروست دەکا کە سەروبنی دیار نابێ و دانیشتوانی کورد دەخاتە بەرمەترسی پەلاماری بێ بەزەییانەی بۆمبارانی ئاسمانی.

لە ((ئەسعەد خۆشەوی)م پرسی پاش کۆتایی هاتنی شەڕەکان پیاوەکانی چۆن دەسکەوتەکانی شەڕ دابەش دەکەن؟

(ئەسعەد خۆشەوی) بەم شێوەیە بۆی روون کردمەوە و گوتی:

- ئێمە هەموو دەسکەوتەکان دەگوازینەوە. پاشان بەپێی پێویست دابەشی دەکەین. لەهەر ناوچەیەکدا سەدان پیاوی جەنگاوەریان هەن کە وەکو یەدەگ وان بۆ سوپاکەمان. کاتێك چەکی زیاترمان دەست دەکەوێ بەسەر ئەوانەدا دابەشی دەکەین کەبێ چەکن.

ئەسعەد یەکەم کەس بوو هەواڵی (مارگریت جورج)ی دایەمن. (مارگریت) کچێکی کاسولیکی کلدانی بوو کە سەرکردایەتی دەستەیەکی بچووکی لە ناوچەی ئاکرێ دەکرد. ئەو لە نەخۆشخانە (برین پێچ) بوو، پاش ئەوە کە (جاش) هێرش دەکەنەسەر گوندەکەیان، دەچێتە ناو شۆڕشگێڕانەوە، لەوێ بیستم کە یەکێك لە سەرۆك جاشەکانی کوشتوە کە ناوی (معاویە)[1] بووە، هەروەها جگە لەوە، هەواڵی کچە مسوڵمانێکم گوێ لێبوو کە ئەویش لە سەنگەری شەڕدایە، بەڵام نەمتوانی ناوەکەی وەربگرم یان هیچ زانیارییەکی لەبارەوە وەربگرم.

لە یارمەتیدەرەکەی (خۆشەوی) کە ناوی (مەلا حەمدی) بوو، درکم بە توانای سەرسامهێنەری کورد لە بواری (شیکردنەوە)ی چفرەکانی حکوومەتی عێراق

---

[1] معاویە کوڕی عەبدول کەریم ئیسماعیل جولو بەگ، ئێستاش ماوە ولە ریزی (پ. م) دایە. ئەو کاتە کە دانەر باسی دەکا لە ریزی حکوومەت بوو. (ج. ف)



کرد. (مەلا حەمدی) زیرەکییەکی نائاسایی هەبوو. ئەو خوێندنەوەی چفرە سەربازییەکانی بە جۆرێك بە لاوە ئاسان بوو، هەروەك کتێبێك بە پیتی ئاسایی بخوێنێتەوە مەلا حەمدی لاوێکی سەرنج راکێش بوو. نازناوی (مەلا) نازناوێکی ئاینیی راستەقینەی، ئەو بوو. ئەو دەرسە ئاینییەکانی خۆی بەجێ دەهێڵێ و رووکردنە گۆڕەپانی خەبات بە پەسندتر دەزانێ. ئەو لاوێکی رەنگ سپی و دەمێکی فراوانی رەوان بێژی پێوە بوو. دەستێك جلی قاوەیی کاڵی لە بەردابوو.

بەردەوام یاری بە تەزبێحە بچووکەکەی دەکرد. لەسەر مۆڵەتی خۆشەوی رێگای رۆژە رێیەکی تەواو، دوور لە بارەگای خۆی لەگەڵمان هات، زۆر خوومان بە هاوڕێیەتی ئەوەوە گرتبوو.

(ئەسعەد خۆشەوی) بەر لەوەی بارەگاکەی بەجێ بهێڵین، دیاری پێشکەش کردین. تفەنگێکی برنۆی پێشکەشی ئەحمەد توفیق کرد کە زۆر لە مێژ بوو ئاواتی بۆ دەخوازی. هەروەها بۆ من و "مام جومرد" دوو دارگۆچانی دەستی لە داری (چیری) بۆندار.

هەروەها دەستێك قاتی جلی کوردی پێشکەشی من کرد. هەڵوێستەکە وای دەخوازی کە بەپێی نەریت دەسبەجێ قاتەکەم لەبەر بکەم و لەگەڵ هەموواندا رابوەستم و وێنەیەکی پێوە بگرم. هەروەها دەبوو بڵێم ((بەلامەوە جوانە)) ئەگەرچی ئەو چنینە زۆر زبرانەی بە توندی لەشی دەخوراندم و گەرچی گەرمیەکەشی هەناسەمی سواردەکرد)) جگە لەوەش شەڕواڵ و چۆغەکەشی بۆم کورت بوون، قاتەکەم رەنگی قاوەیی بوو. لەبەر ئەوە لەبەر چاوی من لە رەنگی خۆڵە مێشی تێر کەمتر سەرنج راکێش بوو. هەروەها لەگەڵ جلەکاندا جەمەدانەیەکی رەنگ سووروسپی لە جۆری مێزەری بارزانیان کە بەسەر سەرەوە دەبەسترێتەوە، تێدابوو.

((ئەحمەد تۆفیق)) فێری کردم مێزەر چۆن لەسەر دەبەسترێ و پشتێن بە دەوری کەمەردا چۆن دەبەسترێ. بەڵام چەند هەفتەیەکی خایاند تا بە دروستی رێگەی پێچانەوەیان فێربووم.

((ئەحمەد)) ئەو کارەی بە بیانوویەکی گونجاو دانا پێشنیاری ئەوەم پێبکا، ناوێکی کوردیشم بۆ دابێنن. چونکە کاتی ئەوەش هاتبوو. ئەحمەد یەکسەر گوتی لێرە بەدواوە بەناوی ((کاك فەرزۆ)) کە کورت کراوەی ناوی (فەرزەندە)یە و بەمانای (کاکی زیرەك) دێ، دەناسرێی. بە هەموو سوپاسێکەوە ئەو نازناوەم کە ناوەڕۆکەکەی شەرمەزاری دەکردم، قبوڵ کرد و خۆم بە ناچار دەبینی کە دانی پێدا بنێم! لەو کاتە بەدواوە ئیدی وام لێهات هەر بە کاك فەرزۆ دەناسرام.

((کاك فەرزۆ)) هەر هێندە سواری ئێسترەکەی بوو، هەڵەیەکی گەورەی کرد، بەدار گۆچانەکەی کە (ئەسعەد خۆشەوی) پێشکەشی کردبوو، وەرگەڕایە سەرو پۆتەڵاکی ئێسترەکەی. ئاژەڵەکە راپەڕی و هاروشێت بوو و بەرەو پێشەوە هەڵی داویشت تا لەسەر پشتی خۆی فرێم بداتە خوارێ ئیتر خۆم دیتەوە کە بەهەواوە هەڵواسراوم. ((ئەحمەد توفیق)) بە هەڵەداوان رایکردە لام تا دەست و قۆڵم کە بریندار بوبوون بە تاکە پاکژکەرەوەیەك کە لە بەردەستماندا بوو —وێسکی وایت لیبلێ- بۆم پاکژ بکاتەوە. رێگایەکی چەند رۆژە کە بەناو دۆڵ و شیوی سەوزدا دەڕۆیشت لە پێشمان بوو و ئەم ((تەرتیلە)) کۆنە ئاینییەی وە بیر دێنامەوە:

((هەرچی تۆ دەیبینی دڵ دەکاتەوە، تەنیا مرۆڤ بەدکارە)) لەو سروشتە ساکارەدا کە دەوری دابووین، تەقینەوەی تۆپ و زرمەی بۆمبا کە چەند میلێك لە ئامێدییەوە دووربوو، دەگەیشتە بەرگوێمان. ناوە ناوە تاوانەکان و خراپەکارییەکانی بنیادەمی دەخستەوە بیرمان، من دەتوانم لەوە یەقین بم کە ئەو شیوانە شەڕیان بە خۆیانەوە نەدیوە. نەوە بە دوای نەوەدا رەنجدەران و زەحمەتکێشان تێیدا بڕوانەتەوە تا سیستەمی ئاودێرییان بە رێگای جۆگا راکێشان داهێناوە بۆ ئەوەی کێڵگەی توتنی سەوزی بریقەدار، برنج، چەمی دارستانی چڕ و پڕی دار ئەسپیندار کە لەوێدا کۆبۆتەوە، پێ ئاوبدەن.

رۆژانی دواتر کاتێك بەناو ئەو گوندە چکۆلانەدا دەڕۆیشتین نەمتوانی بەرامبەر ئافرەتی کورد سەرسام نەبم، بە رۆیشتنی قیت و قۆز و هەنگاوی هاوسەنگ و بەخۆ نازینەوە، بەو جلوبەرگە یەکجار جوان، مێینە و رەنگا و رەنگانەیانەوە کە زۆربەیان



قۆڵیان ئەوەندە درێژە کە لە خوارەوە یانەوە دەکرا هەردوو سەریان لەسەر پشتیانەوە گرێ بدرێ و هەڵی بدەنە پشت ملیانەوە بەمەش رێگا لە هەڵسوڕان و کارکردنیان ناگرێ، ئەوان کە دێن و دەچن گرێکانی سەری قۆڵەکانیان بۆ پێشەوە و بۆ پاشەوە دێت و دەچێ، رەنگی جلەکانیان لەبەر چاوی بینەر هاوئاهەنگ دێتە بەرچاو. جل و بەرگی ئەوان لە شێوەی شین و زەرد، سور، سەوز و ئەرخەوانی تابلۆیەکە لە ناسکی و جوانی لە نێو ئەو جیهانە سەختەی ئەواندا، ئەو ژنە دێهاتیانە لە جل و بەرگی رەنگا و رەنگ و سەر و روخساری کراوە و بە دەرەوەیانەوە چەند جوان و دڵگیرن و چەند نازەنین دەکەونە بەرچاو. چەندیش لەو گیانلەبەرە کەساسە پەنا نشینانەی ئافرەتانی شار لەنێو چارشێو و سەرپۆشی رەشیانەوە، لە گشت لایەنێکی ژیانەوە، تەنانەت لە خودی ئافرەتانی شارە کوردییەکانیش، ئازاد و سەربەست ترن. زۆربەی کورد، هەروەکو کوڕەکان، کچەکانیشیان ئەگەر حەزیان لێ بوو دەنێرنە خوێندن، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری ئەم نەوەیەی ئێستا کە تەمەنی هەیە نەخوێندەوارن و خوێندن و نووسین نازانن.

لە هەموو شوێنەکان بۆم دەرکەوت دەنگی مندالەکان یەکە. ئەوان بە زاراوەی رێز و نەرمەوە دەدوان. کورد منداڵەکانی خۆیان بە خۆشەویستییەکی شێتانە خۆشدەوێ. بەڵام لە پەروەردە کردنیاندا توند و سەختن. پایەی منداڵ لای ئەوان لە پایەی منداڵ وەك لە کۆمەڵگای ئێمە نزم تر و بێ بایەخ ترە. بەڵام ئەوان هەرگیز گیروگرفت و کێشەی ئاکاریان نییە کە لە پێشاندا باسمان کرد.

لە گوندێك کەناوی ((سوریە)) بو، مەلایەکم بینی قورئانی بە دەمنداڵ لەبەر دەکرد. پیاوێکی بەساڵدا چووی خەڵکی گوندەکە ، پێی گوتم:

– ئەوانە فێردەبن چۆن قورئان بخوێننەوە. بەڵام هیچی لێ تێناگەن. ئەمە تەنیا جۆرە راهێنانێکە بۆ بەهێز کردنی یادگە(1) و بەس.

---

(1) یادگە: الذاكرة

هەر لەگەڵ ئەوەدا دەکرێ بڵێین کە خۆشەویستی رەنگ لە کوردستان تەنیا تایبەت نییە بە ئافرەتانەوە. بەڵکو منداڵان و تەنانەت پیاوانی چینەکانی هەرە خوارەوەی کۆمەڵگاش وەکو کاروانچی و هاوبابەتی ئەم جۆرە پیشانە، زۆرجار دەیانبینی جل و بەرگی ئەوتۆ لەبەر دەکەن کە لە کۆمەڵە پارچەیەکی رەنگاورەنگ و گوڵداری سەیر پێکهاتووە، من بۆ خۆم گەلێك بە جل و بەرگی خاوەن هێسترەکەم کە لە پارچەی سەیر پێکهاتبوو سەرسام بووم. چاکەتە قاوەییەکەی پەڵەی سوروشینی پێوە بوو. شەرواڵەکەشی پارچە قوماشی سوروزەردی لێدرا بوو[2].

یەکێك لەو کاروانچییانەمان، بەهرەیەکی گۆرانبێژیی هەبوو، جارێکیان هانمدا کە گۆرانیمان بۆ بڵێ، پاش ئەوە وای لێهات ئیتر بەزەحمەت بێدەنگ دەبوو، دەنگی ئەو، لەناو ئەو چیایانەدا بە جۆرێك دەنگی دەدایەوە هەروەکو گۆرانی بە کۆمەڵی سویسری و سرودی کەنیسەی گریگوری دەچوو ناوی بارزانی هەمیشە لە گۆرانیەکاندا دووبارە دەبۆوە.

بەرەبەیانی رۆژێك چووینە ناو دۆڵێکەوە دارستانێکی چڕی تێدابوو، درەختی گوێزی زۆری تێدابوو. پەپولە لە هەوادا تێکیانەوە داویشت. گوندەکان کەم بوون و لە یەکترییەوە دوور بوون، رەزی ترێ و باخی سێو و خۆخ و گوێز دەورەیان دابوون. دەوروبەری نیوەڕۆ فڕۆکەکەیەکی گەورەی ئەلیوشن هاتە سەر ئەو پارچە زەوییە دڵگیرە و دەستی کرد بە سوڕانەوە بەسەر سەری ئێمەدا، ((ئەحمەد تۆفیق)) دەسبەجێ بردمیە پەناگایەکی ئەمینەوە لە نێوان دووگابەردی زەبەلاحەوە. پێداگریی دەکرد لەوێ بمێنمەوە تا فڕۆکەکە دەگەڕێتەوە. من لەو پەناگە ساردەم

[2] ناکرێ بەسەر ئەو خاڵەدا رابورم و لەمبارەیەوە روون کردنەوەیەك نەدەم کەدانەر بە هەڵە بەسەریدا رەت بووە. ئەو پەڵە (پینە)یە کە دانەر بەسەر جل و بەرگی هەژارانی کوردەوە کە ئەو بە پیاوانی چینەکانی خوارەوە وەسفی کردوون، ئەوە لە خۆشەویستی و هۆگری بۆ رەنگەکان نەهاتووە. هەروەکو هیبییەکان لەسەر جل و بەرگە تازەکانیان دەیکەن و پارچەی لێدەدەن، بەڵکو بە هۆی ئەوەیە کە لە رەنگی هەمان قوماشیان نەبووە و هۆیەکە بەرودوا هەژاری و نەدارییە. (ج. ف)



لەناو ئەو بەردەڵانەدا، گوێم لەزرمەی بۆمباکان راگرتبوو کە دەکەوتنە خوارەوە، یەك، دوو، سێ، چوار هەرکامیان وەکو دەنگدانەوەی هەور کەدەگرمێنێ، لە دووری نزیکەی نیومیل لە شێوەکە دەتەقینەوە. ئەو شەوە سەرکەوتینە سەر جێگایەك کە سەیرترین جێگایەکی جوگرافی بوو کە من تووشی دەبووم. ئەوە گوندی (رەشاوە) بوو کە هەر دەتگوت بەقەد پاڵی چیاکەوە، کە بەسەر شیوێکدا دەیڕوانی کە هۆزی زێباری لێدادەنیشتن و لەگەڵ شۆڕش ناکۆك بوون، هەڵوسراوە. لێرە چاوم بە (محەمەد تاهیر) کەوت کە یەکەم کورد بوو ئاوا بە قەڵەوی دەمدیت. (ئاپو جومرد) گوتی (محەمەد تاهیر) کوڕێکی هەیە تەمەنی هەشت مانگانە، تووشی (زەحیری) یاخود (مەلاریا) یان لەوانەیە هەردووکیشیان بووبێ. لەسەر تکای هەردووکیان، ژمارەیەك حەبی (سلفاگرانیدین)م دایە باوکەکەی، ئێمە جگە لە هەندێك حەبی (ئەسپرین) و هەڵبەتە (ویسکی وایت لیبڵ) ئەوە تاکە دەرمان بوو کە پێمان بوو.

ئەو گوندە ژمارەیماڵەکانی چل ماڵێك دەبوو، وەك ئاگاداریان کردم بیست پیاویان لەناو شۆڕشدا بوون. چوار یان پێنج جار هێرشی ئاسمانی کرابووە سەر، لە ئەنجامدا سێ خانووی رووخابوون و ئافرەتێکی تەمەن پەنجا و پێنج ساڵیش بریندار بووبوو.خانە خوێکەمان گوتی: لەماوەی چەند رۆژێکی کەم پێش ئێستا، شازدە گوندی دەورپشتی ئامێدی بۆمباباران کراون و چەند کێڵگەیەکی گەنم سوتاون. گوندی کانی، هەموو گەنمەکەی سوتاوە. لە گوندی (باورك) مەسیحییەك و دوو موسوڵمان کوژران. هەروەها گوندەکانی (باتوشە، ساکال، سیکەرە، مەرسەرە) تۆپ باران کراون و هەروەها دەیانگوت دوو کەس کە لەناو کێڵگە خەریکی گەنم دروونەوە بوون، کوژران.

لەسەر لقەکانی ئەو درەختەی کە لەبەردەم هەیوانی ئەو باڵەخانەیە بوو کە ئێمە لێی دانیشتبووین، سێ یا چوار گونیەی پڕ لە خۆراك و کەرەسەی ناوماڵ کەوتە بەرچاومان کە لەو ماڵانە هێنرابوونە دەرەوە کە گومانی ئەوەی لێدەکرا بکەونە بەر پەلاماری بۆمبابارانی فڕۆکە و خاپوربوونەوە. ئەو گونیانە بۆیە لەوێ دانرابوون تا

به پلەی یەکەم بۆ ئەوەی لەبەرچاو نەدیو بن، هەروەها بۆ ئەوەش لە ئاژەڵی کێوی وەکو ڕێوی و هی تر پارێزراوبن.

شەوێکی سارد و دوور لە مێش و مێشوولەمان لە سەربانی خانوویەکی گوندی (ڕەشاوە) بەسەربرد. ئەمە بۆ خۆی گۆڕانێکی چاك بوو.

بەیانی کاتی تاریك و روون، بۆ ئەوەی خۆمان لە هاتنی فڕۆکە دووربخەینەوە، گوندەکەمان بەجێهێشت و بە نشێوێکی سەرەولێژدا شۆڕبووینەوە بۆ ناو کێڵگەی تەماتەی خانە خوێکەمان بۆ ئەوەی ناشتامان بخوێن. ئێمە کە دانیشتبووین چامان دەخواردەوە، ناوە ناوە گوێمان لە دەنگی تەقینەوەی گوللەی تۆپ یان بۆمبای فڕۆکەکان دەبوو کە بە ئاراستەی لای چیاکە بەسەر ئامێدیدا دەڕژانە خوارەوە. لەو دەمەدا چوار پیاوی دیکەش بۆ ماڵئاوایی هاتنە لای خانە خوێکەمان کەوا دەهاتە بەرچاو کەسایەتی یەکەمی گوندەکە بێ، وەکو گەورەیەکی خۆیان بە رێز و حورمەتەوە دەستیان ماچ کرد. دیقەتمدا (ئەحمەد توفیق) ئەو کارەی خۆش لێنەهات، لە دڵی خۆمدا دەمویست لەبارەی ئەو نەریتەوە پرسیاری لێبکەم، بەڵام هەرگیز ساتێك خۆم بەتەنیا لەگەڵ ئەودا نەدی لەو گەشتەدا و لەو هاوڕێیەتیەدا.

جالێرەدا نموونەیەکی کردەوەیی باس دەکەم: من زۆر بە ئەسپاییەوە بە (ئەحمەد)م دەگوت: ((کاغەزی تەوالیت لەکوێیە؟)) کەچی ئەو بە دەنگێکی وا بەرزەوە وەڵامیدەدایەوە کە هەموو نەفەرەکانی دەستەکە گوێیان لێبوایە: (کاغەزی تەوالیت لە کوێیە؟)) بەدوای ئەو (لە کوێیە)دا گفتوگۆیەکی گشتی بەدوادا دەهات کە ئاخو کاغەزی تەوالیت لە کوێیە و دەبێ لە کام بارەیاندا بەسترابێت. من هەندێك شەرمەزاریم هەست پێدەکرد و شەرم دایدەگەرتم. چونکە من لەناو ئەو دەستەیەدا تاکە کەس بووم کە ئەو جۆرە کاغەزەم بەکاردەهێنا، ئەوانی تر گەڵای درەخت یان خۆڵ یان ئاوی کانیاوەکانیان بەکاردەهێنا.

لە گوندی ((تەرڤانش)) دوولاو هاتنە لام تا بە ئینگلیزی قسەم لەگەڵدا بکەن، ئەوانە (ئەنوەر میرزا) و (حسێن)ی برای بوون. ئەنوەر تەمەنی بیست و سێ ساڵ بوو، (حسێن)یش تەمەنی سی و دوو ساڵ بوو. ئەنوەر قوتابخانەیەکی لە گوندەکە



کردبۆوە، و دەیگوت وا نۆ مانگە سی منداڵ فێری خوێندنەوە و نووسین دەکا. هەروەها دەیگوت واپێشبینی دەکەم کە فەرمانێکی سەربازی لە سوپاوە دەربچێ بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی فەرمی و تەوزیمی پۆلەکانی فێرکردنی خوێندنەوە و نووسین لە هەمو گوندەکاندا دروست بکرێ. ئەنوەر دەیگوت کە ئەو، پشتیوانی لەو قوتابخانە گەرۆکانە وەردەگرێ کە پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵێك پێش ئێستا هەوڵیدا رێکیان بخا. دەیگوت کە حیزب لە گوندەکەدا هەموو هەفتەیەك کۆبوونەوە ساز دەکا تا بەرپرسیارانی حیزب لەبارەی بەرەو پێشەوە چوونی خەباتی نیشتیمانییەوە قسە بکەن و لە هەموو کاروبارەکاندا ئامۆژگاری پێشکەش بە دێهاتییەکان بکەن.

ئەنوەر زمانی ئینگلیزی کاتێك فێربوو بوو کە لە کۆمپانیایەکی بیناسازی ئەمریکی کە لە بەنداوی دەربەندیخان کاری دەکرد، ژمێریار بوو. پاشان بە هەمان وەزیفە لە کۆمپانیای نەوتی عێراقی لە موسڵ و هەروەها براکەشی (حوسێن) تا ساڵی 1955 لە سوپای بەریتانیدا خزمەتی دەکرد.

ئەنوەر گوتی گوندەکەیان لە زۆربەی گوندەکانی دەوروپشتیان، پێشکەوتووترە. بە شانازییەوە باسی ئەوەی دەکرد کە زۆربەی خانووەکانیان لە بەرد و گەچ دروست کراوە نەك لە دار و قوڕ. هەروەها گوتی کە لە نزیك گوندەکەی ئەوانەوە گوندێکی ((یەهودی)) هەبووە کە ئێستا چۆڵکراوە و دەیگوت کە منداڵ بووم هەندێك لەو جولەکانەم دەناسی پێش ئەوەی هەموویان بەرەو ئیسرائیل لە ساڵی 1948 و 1949دا کۆچ بکەن.

پرسیارم لە ئەنوەر کرد کە ئایا کاریگەری جەنگ لەسەر حاڵەتی ئابووری گوندەکە چۆنە، ئەو گوتی:

لە پێشدا کیلۆی شەکر بە شەست فلس دەفرۆشرا (نیو لیرەی لوبنانی) بەڵام ئێستا سەد و پەنجا فلس رادەوەستێ. بەڵام ئەنوەر تەئکیدی دەکرد کە دێهاتییەکان هەست بەکەم و کورپیەك لە خواردەمەنی ناکەن, چونکە دابین کردنی لە ناوچەکەدا دەرەتانی هەیە.

تاکە سەختی و ناڕەحەتییەك کە هەیانە لەوەدایە کە بۆ دوور کەوتنەوە لە مەترسی بۆمبارانی ئاسمانی ناچارن کە رۆژانە لە گوندەکان بچنە دەرەوە و پەنا بۆ چیاکان و بەرزاییەکان بەرن.

هەندێك لە ئافرەتە بچووکەکان دەیانگوت حەزناکەین بچینە چیاکان، ئەوان دەیانگوت: با بلێین ئێمە قەیناکا! بەڵام منداڵەکانمان لە ئەشکەوتەکان سەرمایان دەبێ و نەخۆش دەکەون و ئێمە وامان پێچاکترە لەناو گونددا بمێنینەوە. ئافرەتەکان وادەڵێن بەڵام ئێمە ناچاریان دەکەین لە گوندەکە بێنە دەرەوە.

ئەنوەر باسی کانی ئاوێکی سەیر و ئەنتیکەی بۆ کردم کە لە نزیك گوندەکە بوو، ئەم کانییە بە ناوی ((میرکوگی)) ناسرابوو بە مانای (کانی بێ خێر). لەبارەی ئەو کانییەوە قسە و باس وایە ئەگەر (پیاوێکی باش) پێی بەو بەردەدا کە لەسەر کانییەکەیە، دادابا، ئەوا ئاوی بۆ دەرەوە فڕێ دەدا. بەڵام ئەگەر (پیاوی باش نەبێ) ئاوی ناداتێ. گوتم من دەمەوێ ئەو کانییە سەیرە ببینم رۆژی داهاتوو بەرەو ((مێرگوکی)) دەرچووین، لە رێگا وێنەی کەلاشی فرۆکەیەکی بۆمباهاوێژی عێراقیمان گرت کە کورد لافی ئەوەیان لێدەدا کە ئەوان خستویانەتە خوارەوە بەڵام گومانم لەوە هەبوو، لەوانەیە پاش ئەوەی تۆپە دژە هەواییەکانی تورکیا لەو بەری سنورەوە ئەنگاوتویانە خۆی بەزەویدا کێشاوە. لێرەوە تەنیا ماوەی دوو میل لە سنوری تورکیاوە دوور بووین. فرۆکەکانی عێراق چەند جارێك گوندەکانی ئەو دیو سنوریان بۆمباران کردبوو کە لە شێوەدا جیاوازییەکیان لەگەڵ گوندەکانی دیوی عێراق دانییە. لێرە لەو بۆنەیەدا (ئەنوەر) و دێهاتییەکانی تریش تەئکیدیان لەوە دەکرد کە دێهاتییەکان ماوەی ساڵێکە هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ کوردەکانی ئەو دیو سنوری تورکیا نییە. چونکە تورکەکان توندترین رێوشوێنیان بۆ پاسەوانی لە سنورەکان گرتۆتە بەر و پاسەوانییەکی چالاکییان هەیە.

پاش ئەوەی چەند کاتژمێریك لە کاتی سەر لە بەیانی تێپەڕی گەیشتینە سەر (کانی بێ خێر) و لە ماندوویەتیدا هەناسە برکێمان پێکەوتبوو. هەموومان



هەوڵماندا بەختی خۆمان تاقی بکەینەوە و پێمان بەو بەردەدا دەدا، بەڵام کانی وەڵامی نەدانەوە، وادیارە بوو پیاوێکی باشی لەناو ئێمەدا نەبینیبوو.

یەکێك لە هاوڕێکانمان چیرۆکی میرێکی کوردی گێڕایەوەکە ناوی (سیڤین) بووە، ئەو دوازدە رۆژ لە پەنای ئەو کانییەدا ماوەتەوە و چاوەڕێ بووە ئاو بێتە دەرەوە. رۆژی دوازدەیەم ئارامی لەبەر دەبڕێ و خۆی کۆدەکاتەوە و دەڕوا. بەڵام چەند هەنگاوێك دوور ناکەوێتەوە ئاو فیچقە دەکا و دێتە دەرەوە، بەڵام میرەکە بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە و بەرێی خۆیدا دەڕوا.

(ئاپۆ) بێزی هاتەوە و بە ئاخ و ئۆفەوە گوتی:

من حەزم لە زانستە و هەروەها حەزیشم لە مێژووە، بەڵام وەختی ئەم جۆرە چیرۆکانەم نییە. نهێنی (کانی بێ خێر) جگە لە مەسەلەی کرداری (سیفون) شتێکی دیکە نییە. ئەو وای لێکدایەوە کانییەکە حەوزێکی سروشتییە کە لە ژێرەوە لەناو بۆشایی بەردێك دایە، ئەگەر پیاوێکی ((باش)) لە کاتێکی گونجاودا پێی لێبدا، ئاوی لێدێتە دەرەوە. بەڵام ئەگەر ئاوەکە تالێواری حەوزەکە پڕ نەبووبێ هیچ ئومێدی ئەوەی لێناکرێ ئاوەکە بێتە دەرەوە هەرچەندە ئەو کەسەکە پێی بە بەردەکەدا ناوە چاك و باش بێ.

ئەو قسەیەی (ئاپۆ) رێگای لە (ئەنوەر) بۆ قسەکردن نەبڕییەوە. ئەو دەیگوت ئەشکەوتێکی نزیك هەیە غولێکی لێ دادەنیشێ و ناوی ((کن پیرهاڤی))یە و لەسەر گۆشتی ئادەمیزاد دەژی. بەڵام ئەوە، هەموو ئەو زانیارییە بوو کە لە بارەی بابەتەکەوە زانیم.

کاتێك بە چیادا هەڵدەگەڕاین دوو منداڵی بچووکمان بینی بەرەو لای ئێمە شۆڕدەبوونەوە. یەکێکیان دێمکەیەکی پێبوو کە گەیشتە لامان زانیمان پڕ لە ئاوی ساردە. دایکی لە سەرەوەی شاخەوەکەوە لە ژێر رەشماڵی شوانەکان، چاوی لێمان بوو، دەمانوویست ئاو لە (کانی بێ خێر) پەیدا بکەین و وادیارە بێگومان بووە لەوەی کە هیچمان لێ دەست بکەوێ. دەسبەجێ ئەو دوو منداڵەی خۆی بەو ئاوە ساردەوە بۆ ئێمە ناردبوو.

بە هەڵدێرێکی شاخاوی رکدا سەرکەوتینە سەرەوە، بۆ ئەوەی بگەینە ناو ئەشکەوتێکی زۆرزل کە لە ناوەڕاستیدا رەشماڵێك هەڵدرابوو ماڵی ئەو ژنە بوو کە ئاوی بۆ ناردین. لەو رەشماڵەدا هەشت ئافرەت و کۆمەڵە منداڵێکی زۆری لێبوو، سەدان بزن دەوری دابوون. چوار لەو ژنانە گوتیان کە پیاوەکانیان لەگەڵ بارزانی دایە و مێردی ژنەکانی تریش لە بەندیخانەکانی عێراق دان. ئەوانە چ خەڵکێکی سەیرن! ژنانێك بە پەروەردەیەکی تایبەتی و سەربەخۆ کە هەرگیز شەرمیان نەکرد و هەستیان بە شادی کرد کە لە رێگای خۆمانەوە بە لایاندا تێپەڕبووین. دەسبەجێ بە شادییەوە رایەخیان دادەخست و سەرینییان بۆ دێنان تا کەرەسەی حەسانەوە و پشودانمان بۆ ئامادە بکەن.

هەموو جۆرێك شیر و پەنیر و نانیان هێنا. یەکێك لە منداڵەکان یاری بە بێچووە (قەتێ) یەك دەکرد، هەوڵمدا گوناهباری بکەم کە ئەگەر بە دەست گوشاری لێ بکا یان رای بگوشێ ئەوا بە دەستییەوە دەمرێ و لە دەستی دەچێ، بەڵام نەمتوانی و خەریك بوون لەگەڵیدا بێهودە بوو.

بە درێژایی کاتەکانی گەرما لەوێ ماینەوە، دیقەتمدا ژنەکان خەریکن یەکێك لە بزنەکان سەردەبڕن و بۆمان لێ دەنێن و هەروەها بزنەکانی دیکەیان پێش خۆیان دەدا تا بۆ دۆشینیان بۆ جێگەیەکیان بەرن کە بواری هەڵاتن نەمێنێ. دوو ژن لەوێ دانیشتن و بزنەکەیان گرت، بەڵام بزن خۆی هەڵدەدا و هەوڵی دەدا لە ئاخوڕەکە بچێتە دەرەوە. شیرەکە لە نێو قابلەمەیەکی گەورەدا بوو، گەرم و کەفاوی و تازەش لە گوانی بزنەکە دۆشرابوو، بەتام دەهاتە بەرچاو. بەڵام بە داخەوە خۆڵ و پاشەڕۆکی ئاژەڵ و دەستی پیس، تێکەڵی دەبوو و هەورێك لە مێش بە دەوری ژنەکان و ئاژەڵەکەوە بوون. لێرەدا رێژەی میکروب لەناو هەموو ئەو خوادنانەدا کە دانیشتوان دەیهێننە بەرهەم لە رادەیەکی ترسناك دایە، بەلامەوە سەیر نەبوو کە ریخوڵەکانم دەستیان بەژان کردبوو.

رۆژێك تەماشای خەڵکی گوندی ((بێدۆ)) مان دەکرد کە ماڵەکان و گوندەکانی خۆیان بەجێدەهێشت.



ژنێك لە سەرەتای تەمەنیدا بە هێواشی بە رێگاکەدا سەردەکەوت. ئەو شەش منداڵی هەبوو. چوار یان پێنج بزنیشی چاودێری دەکرد، خەرارێکی گەورە قاپ و قاچاخی متبەقیشی بەشانییەوە بوو.

ئێسترێکیشی لە پێش خۆیەوە لێ دەخوڕی کە کەل و پەلی ناو ماڵەکەی لێ بارکردبوو و بەدەم رۆیشتنیشەوە گۆرەوی دەچنی. ژنەکە دەچووە ناو ئەشکەوتێکەوە تا رۆژ لەوێ بەسەر بەرێ پاشان کاتی ئێوارە لەوەختی ئاگرکردنەوە، دەگەڕایەوە ناو گوندەکە و هەندێك (نان)ی دروست دەکرد. بەرەبەیانی رۆژی داهاتوو هەڵدەستا و ماستی دورست دەکرد و پاشان (مەشکەی) لە چەرمی بزن دروست کراوی، بە جوڵانەوەیەکی رێکوپێك بۆ پێشەوە و بۆ دواوە دەژاند و کەرەی لێ دروست دەکرد، ئینجا دووبارە لە ترسی فرۆکەکان بە چیادا هەڵدەگەڕایەوە.

خۆشاردنەوە لە نێو ئەشکەوتی چیاکان بە درێژایی رۆژ ببوە پێویستییەکی ژیانی ئەو گیانلەبەرە کەساسانە بەڵام خۆڕاگری و ئارام گرتنیان گەورەتر بوو. پاڵەوانانی ئەو داستانانەی ئەوێ بێگومان ئافرەتانن. پشو درێژی و ئارام گرتنی ئەوان، وای کردبوو کە ژیان بۆ هەمووان قابیلی قبوڵ کردن بێ. من لەو باوەڕەدام کە بەهاکانی نیشتیمانپەروەری بە قوڵایی دەروونی ئەو ئافرەتە کوردانەدا چۆتە خوارەوە و توانای بەرگەگرتن و خۆڕاگریی ئەوان لە رادەی سروشتی چۆتە دەرەوە.

**ئەم گەلە چیاییە بەشتێك لەوانی دیکە جیادەکرێتەوە:**

**قۆناغی مەزنایەتی وی ئێستا لە نێو حەشارگاکانی دوارۆژدا چاوەڕێی دەکا. کورد وەکو عەرەب و تورك و فارس نییە کلك لە شکۆمەندی رابردوو و، مەزنایەتی تێپەڕبوو وەربدا، ئەوان دەبێ هەمیشە کار بۆ دووبارە گێڕانەوەی ئەو سەرەوەرییە دێرینە بکەن. بەڵام کورد بەردەوام لە ژێر چەوسانەوەدا ماونەتەوە و رۆڵیان روو بە باڵا بەرزنەبۆتەوە تا خۆیان پێشکەش بە مرۆڤایەتی بکەن. ئەوان لە سەرەوەڕا نەکەوتوونەتە خوارەوە. هەر بۆیە کورد وزەیەکی بە شەریی مەزنی لە بڕان نەهاتوون لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.**

کوردی عێراق بە خۆڕاگریی ئافرەتەکانیان پشت ئەستورن و بە هۆی ئەوانەوە هەمیشە چرای ماڵ بە ڕۆشنی ماوەتەوە. (بە هەموو مانایەکی راستەقینە و مەجازی ئەم ووشانە) کورد گەلێکە خاوەن هزر و باوەڕێکی ئەوەندە بەهێزە کە لەسەروو ئاستی ئاساییدایە.

**ئەو پیاوانەی لە گەشتەکەمدا هاوڕێیەتیان کردم وادەهاتە بەرچاو کە بۆ ئامانجێکی دیکە ناژین و مانای پشودان و رابواردن و هیچ شتێکی تر لە کەرەسە و ڕێوشوێنی خۆ ئاسودە کردن نازانن. تەنانەت شتێکی لە بابەتی حەڵوا، لە خواردنەکەیاندا بەرچاو ناکەوێ، تەنیا شۆڕش و بەس، هیچ شتێکی تر نا. لەناو کورددا پیاوانی واهەیە بە درێژایی سی ساڵ چەندین جار چۆتە ناو شەڕ و لێکدانەوە، لە واقیعدا شەڕ بۆ ئەوان حاڵەتێکی ئاساییە لە ژیانی پیاوانیاندا.**

(جەمیل) یەکێکە لەوانەی بەدرێژایی ژیانیان لە شەڕدا بوون، ئەو ئێستا سەرۆکی پاسەوانەکانی ئێمەیە. تەنیا لەو کاتەدا نەبێ کە یەکێك پلەکەی لەو بەرزترین بێ و بێتە ناو ئێمەوە. ئەو، لە ساڵی 1930 لەگەڵ بارزانی کەتووە و لە چلەکاندا بۆ ئێران و لە پەنجاکانیشدا بۆ روسیا. جەمیل جەنگاوەری دێرین ئێستاکە زۆربەی ددانەکانی کەوتوون، پیریی نەرم و نیانی بەدەنی لێستاندووە. جەمیل چەند جارێك لەسەر پشتی ئێسترەکەیەوە بەربۆوە و جارێکیشیان پشتی بریندار بوو، بەڵام ئامادە نەبوو فیشەکدانەکانی لە خۆی بکاتەوە، ئەمە لای ئەو لە مەقامی دروشمی شەڕەفی سەربازی و جوامێری بوو.

((جەمیل)) وەکو پەروەردەکەرێك کاری لەگەڵدا دەکردین. سەرپەشتی بەستن و کردنەوەی بارەکان و چێشت لێنانی دەکرد و سوور بوو لەسەر ئەوە بەرەبەیان زوو لە خەو هەڵبستین و شەوان گوت و بێژەکانمان رابگرین و بخەوین.

ئەو خۆشی هەمیشە لە دەمەتەقێ و هەراوهۆریادا بوو. زمانی لە گۆ نەدەکەوت مەگەر ئەو کاتانە کە خەریکی تۆمار کردنی تێبینیەکانی خۆی دەبوو لە نێو دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا کە هەرگیز نەمتوانی لە مەرامەکەی تێبگەم. من



پێم وابوو کە ئەوە فێڵێکی بچووك بوو کە پەنای بۆ دەبا بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتی خۆی بپارێزێ، چونکە ئەوانی تر وایان دەزانی کە ئەو راپۆرت بۆ دەسەڵاتێکی لە خۆی بەزرتر دەنوسێ کە ئەوان پێی نازانن. جگە لەم وەزیفەیەی جەمیل، ئەو راسپێردرابوو کیسە باخەڵی پارەکەم و پاسپۆرتەکەم، ئەو دوو شتەی کە لەماوەی گەشتەکەمدا پێویستم پێ نەبوون، بۆ هەڵبگرێ. من لە جلە کوردییەکانمدا گیرفانم نەبوو کە خۆم هەڵیان بگرم. بەڵام جەمیل ئەو شتە بە نرخانەی لە پارچە قۆماشێکەوە وەرپێچابوو، خستبوویە جێگایەکی قایم لە ناوجلەکانیدا.

(جەمیل) ژنێکی هەبوو کە لە سەرسەنگ بوو، سەرسەنگ هاوینە هەوارێك بوو لە نزیك ئامێدی. ئەو گوتی کە ژنەکەی ئافرەتێکی جوانی تورکمانە کە لە روسیاوە هێناویەتی. وابزانم ژنێکی دیکەشی هەیە لە گوندێکی ناو بەرواریانە، برادەرەکانی دەیانگوت کە ژنی سێیەمشی هەیە و لە ئێرانە.

پاشان لەدواییدا بیستمەوە کە من ڕۆیشتبووم داوای مۆڵەتی کرد بوو بۆ گەڕانەوە بۆ زاخۆ تا ژنی سێیەمی بێنێ. ئەو کارە شتێکی نائاسایی بوو. زۆرینەی کورد لەوانەی کە من ناسیمن، تەنیا یەك ژنیان هێنابوو.

ئەو وەکو باشترین میوانی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکردم، چاکترین پارچە گۆشت و جوانترین میوەی بۆ هەڵدەبژاردم و بە تەنیا بە جۆرێکی تایبەت پارچە گۆشتی مریشکی بۆ دەبڕیم و چیرۆکی شێواوی بێ بڕانەوەی بۆ من دەگێڕایەوە.

لەناو ئەو چیرۆکانەدا، چیرۆکێك بوو کە بە دەم ڕۆیشتنەوە بۆی گێرامەوە، دەربارەی قەڵایەك کە ئێمە کەلاوەکەیمان بینی لەسەر لوتکەی شاخەکەوە بەسەر ئێمەدا بەسەر گوندی (تەرڤانش)دا دەیڕوانی:

- لە دێر زەمانەوە میرێکی کورد لەو قەڵایەدا دەژیا حەوت ساڵان بەربەرەکانی تورکانی کرد. تورك نەیانتوانی دەروەستی ئەم پیاوە بێن. دەسەڵاتی وی تا ناوچەی (وان) کە ئێستا لەناو تورکیایە، ڕۆیشت، پاشان تورك بۆ شکاندنی دەرگای قەڵاکە و کوشتنی ئەو میرە کوردە هێزێکی گەورەیان کۆکردەوە، بەڵام پاسەوانێکی دڵسۆز، پێش ئەوەی دوژمنان بتوانن دەروازەی قەڵا بشکێنن و بێنە ناویەوە.

میری وریا کردەوە و بە ڕێگایەکی نهێنی دەربازبوو، گەیشتە (ئامێدی) و چەندین ساڵ لەوێ فەرمان ڕەوا بو وئەو میرە بە ((میری بەخشندە)) ناوبانگی بڵاوبۆوە.

لەوانەیە چیرۆکەکە بە بەڵگەیەکی سەلمێنراوی تۆمارکراو پشت ئەستور نەبێ. بەڵام بەڵگەیەك دەدا بە دەستەوە کە ئەو چیرۆکانە لە نێو مێشکی کورددا بە زیندوویی دەمێننەوە بۆ ئەوەی هەستی باڵادەستی و سەروەریی رابردوو، خەباتی بێ پسانەوەی ئەوان بە رووناکییەکی داگیرساو بهێڵێتەوە.

هەر کە بارەگای (ئەسعەد خۆشەوی)مان بەجێ هێشت، هەواڵمان پێگەیشت کە سوپای عێراقی، هێزێکی، کە پێکهاتووە لە هەزار جەنگاوەر و بە پشتەوانی تانك و زریپۆش، بەڕێ خستووە تا ئەڵقەی گەمارۆ لەسەر ئامێدی لێك بکاتەوە. لە بەرامبەردا هەموو گوندەکان پیاوانی خۆیان ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی گەمارۆی کوردی قایم و مەحکەم تر بکەن و پێش بە سوپای پێشڕەویکەری عێراقی بگرن. هەر بۆیەش پاسەوانانی ئێمە کەم کرانەوە بۆ دە کەس. ئەوەش تەنیا لەبەر ئەو هۆیە نەبوو، بەڵکو ئێستا وای لێهاتبوو کە بەناوچەیەکدا دەڕۆین کە بە تەواوی دڵسۆزی بارزانی نین. (ئەحمەد توفیق) هەوڵیدا سنورێك بۆ ئەو هەموو پێشوازیکردنە سەرکەوتن ئاسایانەی کە لەگەڵ نزیك بوونەوەمان لەهەر گوندێك لە گوندەکان و هەر بارەگایەك لە بارەگاکانی فەرماندەیی لێم دەکرا، دابنێ. هەندێك جاریش جولآنەوەمان چووە شێوەی نهێنییەوە. هەروەها ئاماژەی بۆ من و (ئاپۆ جومرد) کرد کە بە یەکەوە بە سوارییی بە دەنگێکی بەرز بە فەرەنسی قسەمان دەکرد، لەو کاتانەدا کە بەناو گوندەکاندا دەڕۆیشتن یان بە دەوریاندا دەسوڕاینەوە، ئاخاوتنی خۆمان رابگرین. ئەمەش بە هەقیقەت بۆ (ئاپۆ) کارێکی سەخت بوو کە بتوانێ بێدەنگ بێ.

ئێواران، هەندێکجار لە کاتی نزیك بوونەوەمان بۆ گوندێکی نوێ، پیاوان بە لایتی دەستییەوە بەرەو پێشوازیمان دەهاتن و بە دەنگی بەرزەوە قسەمان دەکرد. ئەحمەد لەو کارە هەراسان دەبوو فەرمانی پێدەکردن کە بگەڕێنەوە چونکە ئەو



نەیدەویست تێپەڕینی ئێمە ئەو هەموو گرنگییە بە خۆیەوە بگرێ. درکم بەوە کرد کە ئەحمەد بیری بە کێشەی تێپەڕین بە ناوچەی بێلایەن واتە (بارزان) سەرقاڵە.

هەروەها لەوە نیگەران بوو کە هاوڕێی خۆشەویستمان ((ئاپۆ جومرد)) نارەحەتییەکی گەورەی لەوە دەچێشت چۆن بە رووناکییەکی کەم بەسەر زەوییەکی ئاوا هەوراز و نشێو تێپەڕێ. شەوێکیان کە ئاپۆ لەسەر پشتی ئێسترەکەیەوە کەوتبووە خوارێ، دەیویست لە گەروویەکی نشێو و زۆر لێژەندا و لە تاریکاییدا بچێتە خوارێ، دووبارە کەوتبووە خوارێ. (ئەحمەد) مەسەلەی بەجێهێشتنی (ئاپۆ) یاخود گەڕاندنەوەی هێنایە گۆڕێ و مەسەلەکەشی واباس کرد کە دەبێ ئێمە لە تاریکە شەودا ناوچەی بارزان ببڕین کە ئەوەش سێ شەوی تەواوی پێویستە.

واپێدەچوو سێ ڕێگا بۆ تێپەڕبوون بە ناوچەی بێلایەن داهەبێ:

یان دەبوو بە دەوریدا بسوڕێینەوە و ناوچەیەکی یەکجار سەخت ببڕین، یا بە رۆژ بەبێ چەك پێیدا تێپەڕببین. یان ئەوەتا بەشەو پێیدا تێپەڕین بۆ ئەوەی چەکەکانمان نەبینرێن. وەکو لە پێشەوە باسمان کرد ناوچەی بارزانییەکان، ناوچەیەکی بێلایەن بوو، شێخ ئەحمەد پێشەوای عەشایری، سوور بوو لەسەر ئەوە کە دەبێ لەو ڕێگایانە ڕێزی بێلایەنی بگیرێ. ئەمەش بۆ ئێمە کۆت و بەندی پێوە بوو.

دەربارەی (ئاپۆ) لەگەڵ (ئەحمەد)دا گوتوبێژم دەست پێکرد و پێم گوت کە سەرکەوتنی کارەکەم تا رادەیەکی زۆر پەیوەستە بە بوونی وەرگێڕێکی بە توانا و لێهاتووی وەك (ئاپۆ). هەروەها پێم گوت ئەو بۆ من تەنیا وەرگێڕ نییە بەڵکو ڕێبەر و فەیلەسوفیشە. ئەو پیاوێکە دەتوانێ لەسەر رەگ و ریشە و هەموو لایەنەکانی ژیانی کورد کە رووبەڕوومان دەبێتەوە زانیاریم بداتێ. سەرەڕای ئەوەش دەستەکەی ئێمە بە تێکڕایی بەو حاڵەوە تەنیا بەهۆی هێزی روحی و سەختگیری (ئاپۆ) ئاوا خۆش و هۆگر بە یەکترین. سەرەڕای ئەوەش من تووشی لێك ترازانی بڕبڕەی پشت و توشی هەموو جۆرە سکچوونێك بوو بووم. هێزی ئاسمانی عێراقیش لەوێ، ئینجا گەرما، مێش، ئێستری چەموش و شەکەتبوونی بێ رادە، کەچی لەگەڵ ((مامی بەخشندە و دەست و دڵاوا)) کە تەمەنی حەفتا و دوو ساڵ بوو،

بەسەر سواری وڵاخەوە بێ پسانەوە، قسەم لەگەڵدا دەکا و هەرگیز لە گێڕانەوەی چیرۆك، بیرەوەری ماوەی ژیانی خۆی لە خەباتێکی ئاسوودەدا، دەربارەی تاقیکردنەوەکانی خۆی لەمەڕ لە دایکبوونی نیشتیمانپەروەریی نوێی کورد و لەپێش ئەویشەوە دەربارەی ریشەی مێژوو، ئاینی زەردەشتی کورد بەر لە ئاینی ئیسلام، دەمی پێك نەدەکەوتەوە. (ئاپۆ) یەکێك بوو لەو خەڵکە گەشبینانەی کە دەیانتوانی هەموو ماندوو بوون و ئاستەنگەکان بکەنە مژدە و دڵخۆشی و سنگ فراوانی و پێکەنین. هاوڕێیەتی پیاوی ئاوا بە راستی هاوڕێتییەیەکی شاکارە.

بێگومان ئاخاوتنەکەشم بە زمانی فەرەنسی زۆر روو بە باشی بوو. لەوانەشە کەمێك زاراوەی ئەستەمبۆڵی ((ئاپۆ))شم وەرگرتبێ. ئەو لەو پایتەختدا کە قوتابی بووە لە سەرەتای دەیەی سەدەی بیستدا زمانی فەرەنسی فێربووە.

دواجار وارێك کەوتین کە (ئاپۆ) بە تەنیا بە ناوچەکانی بارزاندا ئاوابێ، ئێمەش لەگەڵ پاشماوەی دەستەکە بە پاسەوانە چەکدارەکانمانەوە، تێپەڕببین. ئاپۆ رۆژێك پێش ئێمە بەبێ چەك، تەنیا لەگەڵ کەسێکی دیکەدا بە بیانووی ئەوەی کە بازرگانی شەکر دەکا، کەوتەڕێ.

ناوچەی بێلایەنی بارزان دەکەوێتە نێوان هەردوو زێی گەورە و زێی بچووکەوە، ئێمە بەناو گەرویەکی قووڵی شاخاویدا بەسەر لێواری زێی گەورەوە کە بەرەو خواردەبۆوە دەڕۆیشتین، لە قەدپاڵەکەی بەرامبەرمانەوە و لەباری هەرە سەرەوەیدا، نشێوێکی یەکجار گۆشەتیژمان هاتە بەرچاو ئەشکەوتی قووڵی تێدا بوون. بە ئاراستەی ئێمەشدا جوتیاران، بۆ تێپەڕبوون پلەیان بنیات نابوو و بۆ پەڕینەوە بەسەر رووبارەکاندا پردیان دروست کرد بوون. لە کاتێکدا ئێسترەکانمان لەو تولە رێ باریکانەدا کە بە رووی شاخێکی بەردینەوە، هەڵکەندرا بوو، خۆی هەڵداویشت بوتڵە وێسکیەك کە لە دەمی جەواڵەکەوە هاتبوو دەرێ، شکا و ئاخرین چۆڕی وێسکی کە پێمان بوو، تەواو بوو، (ئاپۆ) گوتی:

هەقت نەبێ، شەربەتی (سماق)ت بۆ دروست دەکەم. لە دواییدا دەرکەوت ئەوەی باسی دەکرد، لە سرکەی لیمۆوە زۆر نزیکە. ئەو لەبەربوومی ئەو رووەکە زەردانەی



کە مەیلە و سور هەڵگەڕابوون و بە درێژایی لێوارەکانی رووبارەکانی کوردستان شین بووبوون، گوشراوەکەی وەردەگرت. کاتێك لەگەڵ شەکرێکی زۆردا تێکەڵدەکرا تامێکی خۆش و فێنککەرەوەی هەبوو، بۆ گەدەش گیر بوو. ئێمە بە رێگایەکدا دەڕۆیشتین کە تەمەنی هەزاران ساڵ بوو، ئەوێ رێگای کاروانی بەسرە بۆ کوردستان و لەوێوە بۆ دیاربەکر و تورکیا و دواجاریش بۆ ئەوروپا بوو. هەروەها لەوێوە رێگایەکی دیکە بە لای گۆلی ورمێدا لادەدا کە دەچێتە وڵاتی فارس.

پێبەپێ بە دوای رێژەنی زێی گەورەدا رۆیشتین تا گەیشتینە خاڵی پەڕینەوە کە پردێکی کۆنی تورکی بوو، خراپ بوو بوو. بەم دواییانە هەندێك ئەندازیار ویستبوویان کونجێکی رووخاوی تێدا چاك بکەنەوە. بەوەی کە شێلمانی ئاسن بخەنە سەر جێگا رووخاوەکە. لە پردەکە پەڕینەوە و بە هێواشی چووینە ئەو بەر شیوەکە و بە بێدەنگییەوە گوێمان لە دەنگی تۆپ یا لەوانەیە بۆمبارانی ئاسمانی، لە شەڕی ئامێدی، دوور لە دیوەکەی تری چیاکە راگرتبوو. کاتی نیوەڕۆ دووکەڵ لە مەیدانی شەڕ بەرز بۆوە و چیای داپۆشی.

وائێستا دەگەینە نوختەیەك لە نزیکی ناوچەی زێبارییەکان، دواجار ئەوشەوە گەیشتینە نێو ناوچەی بارزانییان لە نزیکی ((شیلادزە)).

# بەشی یازدەیەم

# لە گوندێکی کوردی دا

گوندی ((شیلادزە))م لە بیرناچێتەوە. ئەو گوندەی سێزدە دانە ڕۆژی پڕ لە نائومێدی و نیگەرانیمان تێدا بەسەر برد. نیگەرانی ئێمە لەوە سەرچاوەی دەگرت هەروەکو هیچ ئومێدێکمان بەدەرچوون نەمابێ و مەترسییەك بەسەر سەرمانەوە بێت و بچێت. هەر چۆنێك بێ من نیگەرانی خێزانەکەشم بووم کە لە بەیروت بوون.

لە ((شیلادزە)) بە هۆی (ئەحمەد)ەوە دواکەوتین چونکە ئەو پێش ئێمە دەرچوو بوو تا ئەو ڕێگایە بە سەربکاتەوە کە بە ناوچەی بارزاندا تێدەپەڕێ. بەڵام (ئەحمەد) نەگەڕایەوە. ئەو بە ئێمەی گوت پاش سێ ڕۆژ، یان بەلای زۆرەوە پاش چوار ڕۆژ دێمەوە، ئەو، دوای دوو ڕۆژ لە ڕۆیشتنی نامەیەکی بە تەتەرێکدا ناردبوو کە هەر لە لای خۆشییەوە هاتبوو. لە نامەکەیدا دەڵێ هەموو شت روو بەڕێیە. بەڵام وادیارە وای بە پێویست زانیوە مەودایەکی دیکەی زیاتر لەوە ببڕێ کە خۆی پێشبینی دەکرد. پاش ئەوە (ئەحمەد) هەواڵێکی نەما. من وام پێشبینی دەکرد کە دوو ئاستەنگ لە پێشمانە:

گیروگرفتی سەربازی، کە ئەویش دەرچوونمانە لە ناوچەی بارزان بەرەو ناوچەیەك کە ئێستا ئاگری شەڕ لەوێ نیڵەی دێ.

دووەمیان گیروگرفتی سیاسی کە ئەویش تێپەڕین بوو بە ناوچەی بێلایەنی بارزاندا.

ئەو تەتەرەی کە نامەی لە (ئەحمەد)ەوە بۆ هێنابووین، بە گێڕانەوەی چیرۆك و داستان لەبارەی پاڵەوانێتی بارزانییەکان، ئێمەی لە مەترسی گەورەی سەربازیی وریادەکردەوە. ئەو دەیگوت کە بارزانی شکستێکی پشت شکێنەری بەسەر لۆلانییەکان و ژمارەیەکی تر لەو هۆزانە هێناوە کە هاوکاری حکوومەت دەکەن، هێزێکی جاشەکان کە پێنج سەد کەس بووە، تارومارى کردوون، ئێستا ئەوان دەستە دەستە و تاك تاك خۆیان دەخەنە ناو (حامیە)ی سەربازی مێرگەسور تا خۆیان لەوێ داڵدە بدەن.

هەروەها لەوێ باسی ئەوە دەکرا کە بارزانی هێزە سەرەکییەکانی خۆی بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات بردووە بۆ ئەوەی ڕێگەی گەڕانەوە لە بەشێکی سوپای عێراقی



ببەستێ، لەوێ ژمارەیەك لە سەرکردەکانی ناوداری کورد هاوکاری دەکەن، لەوانە (عەباس مامەند ئاغا) کە یەکێکە لە گەورە پێشەوایانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مەحمود کاوانی کە سەکردەیەکی عەشایری دیکەیە، لەوێیە.

هەروەها هێزی ئاسمانی عێراقی لەوانەیە هەموو تواناکانی خۆی کۆکردبێتەوە. هەموو فڕۆکەکانی ئامادەکردبێ تا بۆمبارانی هەر جێگایەك بکەن و بە مووشەك و دۆشکا بۆردومانی بکەن. هەروەها هەندێك چیرۆکمان گوێ لێبوو، گوایا کۆمەڵێك (جاش) هێرشیان بردۆتە سەر بارەگای شەخسی بارزانی و ئەو بۆ خۆشی بەشداریی شەڕی کردووە، تەتەرەکە دەیگوت کە بارزانی:

بە تفەنگی خۆی بە خێرایی و بەردەوام تەقەی دەکرد تا تفەنگەکەی ئەوەندە گەرم داهاتبوو کە ئیتر بە کەڵکی تەقە کردن نایە و یارمەتیدەرەکەی تفەنگێکی تازەی دەداتێ.

(لە کاتێکدا زۆربەی چیرۆکەکانی پۆستەچییەکان واقیعی بوون، بەڵام چیرۆکی تایبەتی بارزانی دروستکرا بوو. لە واقیعدا کورد زۆر واهەیە چیرۆك لەبارەی مەزنیی سەرکردەکەیان دروست بکەن).

(ئاپۆ) هەوڵیدا قەناعەتم پێبکا کە هۆی دواکەتنەکە تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ بە گرنگ هەڵگرتنی هاوڕێکانم بە سەلامەتی من، بە تایبەتیش کە ئێستا ئاگری جەنگ بڵێسەی بەرزبۆتەوە و لە هەموو لایەکەوە چاوی تێمانەوە بڕیوە. بەڵام من هەستی خۆم پێی دەگوتم کە ئاستەنگێك هاتۆتە ناو کارەکەوە من نازانم، بەڵام ئەوەم لە قسەکانی (ئاپۆ)ەوە هەڵێنجا کە بەشێك لە مەهامەکەی (ئەحمەد) ئەوەیە کە لە سەرچاوەیەکی بەرزەوە مۆڵەتمان بۆ وەربگرێ تا لە ناوچەی بارزان تێپەڕببین. لایەنی مۆڵەت پێدان ئاشکرا نەبوو. من گومانم بۆ ئەوە دەچوو کە کارەکە پەیوەستە بە (شێخ ئەحمەد)ەوە کە ئەو بێ دەستێوەردانی هیچ کەسێکی دیکە حوکمی ئەو ناوچەیە دەکا، ئەگەرێکی زۆر هەیە کە بوونی من لەو ناوچەیە، ئەو دەخاتە باوەڕێکی واوە، کە ئەو بکەوێتە ناو حاڵ و بارێکەوە کە بێلایەنی پێشێل کردووە، بە تایبەتی کە من پاسەوانی چەکداریشم لەگەڵدایە. من پێشنیارم کرد کە

لەو بەشەی گەشتەکەماندا، چەکەکانمان فڕێ بدەین، بەڵام پیاوانی بارزانی ئەو بیرۆکەیان بە کارەسات دانا و نکۆڵییان لێکرد. چەك دانان بە لای ئەوانەوە وەکو پەڵەیەکی شەرم بە جلەکانیانەوە بێ، وایە. ئینجا پێشنیارم کرد کە بچینە لای شێخ ئەحمەد، کە ئەو کات لە بەرزایی چیاکان، لە نزیك بارزان کاتی هاوینی بەسەر دەبرد. بەڵام (ئاپۆ) و (جەمیل) گوتیان کە ئەمە ئەوەندەی تر کارەکە خراپ و ئاڵۆز دەکا، چونکە ئەو کاتە شێخ ئەحمەد بواری ئەوەی نامێنێ کە خۆی بەبێ ئاگا پیشان بدا.

تاکە لایەنی هەرەچاك لەو دواکەوتنەماندا ئەوە بوو کە دەرفەتی بۆ رەخساندم لە گوندی کورد، و ژیانی گوند، بتۆژمەوە.

ئێمە دەمانتوانی لە گوندی (شیلادزە) بە چەکەوە بمێنینەوە. چونکە ئەوێ ناوچەیەکی سەر لێوار، بوو. نە لە چوارچێوەی ناوچەی بێلایەندا بوو، نە بە جۆرێکی روون لە دەرەوەشیدا بوو. هەر بۆیە لەو حاڵەتە دوانەییەدا، کەڵکی وەردەگرت و لە یەك کاتدا لە هەردوو جیهانی بێلایەنی و شەڕدا بەشدار دەبوو.

زۆربەی پیاوانی گوندەکە چووبوونە پاڵ ئەو هێزانەوە کە لە شەڕدا بوون. ئەو بیست ماڵە کە جێگای دانیشتنی ئەوان بوو، بۆ ئەوە دەگونجا کە ببێتە چیرۆکی پیاوێکی شەڕانی لەناو ماڵێکی شەڕانیدا، لە نێو ئەو خانووە هەژارانەدا شتێکی راست نابینییەوە کە پێوانەیەکی ئەندازەیی هەبێ، ئاپۆ دەیگوت، ئەمانە ئەو ئامێرانەیان نییە کە ئەو پارچە تەختانەی پێ رێکبخەن کە بۆ خانوو دادەنرێ هەر بۆیە ئەو کاریتانەی کە سەربانی خانووەکەی دەخرایە سەر، خواروخێچ و گرێ گرێ بوو. پلێتی تەختەی دەرگاکانیان، درێژییەکانیان نارێك و نالەبار بوون و رەندە نەکرابوون، ئەو پەیژانەی کە بۆ سەرکەوتنی سەربانەکان بەکاریان دەهێنا. خواروخێچ و ناچوونیەك و پلەی زۆریان پێویست بوون. پەنجەرەکان بە تەواوی چوارگۆشە نەبوون، ماڵەکان بە بەردی نارێك دروست کرابوون و بە جۆرێکی مەحکەم پێکەوە نەنوسابوون. سەربانەکان بە کاریتەی خوار و لق و گەڵای دەرخت و خۆڵ گڵەبان دەکران. زۆر واهەیە کە دوو خانوویان چوار خانوو بەیەکەوە دەنووسێن بۆ ئەوەی سەربانەکانیان بەیەکەوە بنوسێن و وەکو یەك سەربان دەربچێ.



دیمەنی ئەو ماڵانە جوانی تێدایە، بەڵام دەبێ توانای بەرگەگرتنیان بۆ وەرزی زستان زۆر گەورە بێ.

هەر ماڵێك بە بۆیاغ لێی نوسراوە ((دی. دی. تی)) کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە تیپەکانی ((دی. دی. تی)) سەر بە حکوومەتی عێراقی لەوێ کاریان کردووە. وادەردەکەوێ ئەو هەڵمەتە دواین جار لە هاوینی 1960دا ئەنجام درابێ. ئێستاش مێش و مێشوولە (بەتایبەتی مێش)) تۆڵەی خۆیان لە بەرامبەر ئەو چەوساندنەوەیە دەکەنەوە کە لە پێشان تووشی بوون.

لادێ نشینەکان شەوانە، کەرەسەی خۆپاراستنی چاکیان بۆ دابین دەکردین، ئەوان پەردە کوللەی باشیان بۆ دادەناین کە (هەڵبەتە) لەوێ داری خواروخێچیان بە گۆشەکانی چوارپای ئاسنینەوە قایم دەکرد پاشان پەردە کوللەی بەسەردا دەدرا. ئەم چوارپایە، تاکە چوارپای گوندەکە بوو. بە رۆژ لە هەموو جێگایەك مێش ویزەویزیان بەبن گوێماندا دەکرد و گازیان لە گوێزینگمان دەکرت. لەوەرا تێگەیشتم بۆچی کورد حەز بە گۆرەوی ئەستوری خوری دەکەن. چونکە ئەو جۆرە گۆرەوییە گوێزینگ و قاچیان لە درك و نوسەکە دەپارێزێ و جگە لەوەش لە مێش و مەگەزی گازگریش، دەیانپارێزێ.

خانەخوێکەمان (محەمەد سەعدوڵا) بوو، ئەو، بەر لە سی ساڵ کە بە پەنابەریی لە تورکیاوە هاتبوو، حکوومەتی عێراقی ئەو پارچە زەوییەی دابوویە. ((سەعدوڵا)) نزیکەی هەموو کاتی خۆی بۆ خزمەتی ئێمە تەرخان کردبوو، وام گومان دەکرد کە ئەوە پۆزشێکی باش بێ بۆ ئەوەی خۆی لەکۆڵ کاری رۆژانەی بکاتەوە.

ئەو چوارپاو رایەخی دابوو بە ئێمە و لای ئەویش نانمان دەخوارد.

گوندەکەی (سەعدوڵا) گوندێکی زۆر هەژار بوو، بۆیە هەوڵماندا بارگرانیی لەسەر شانی ئەو و دێهاتییەکانی دیکەش سوك بکەین. ئەوەبوو گۆشت و شەکر و خواردەمەنی دیکەمان لە گوندەکانی دەوروپشت کڕی. ئێمە خۆشمان هەندێك کەلوپەلی (تەواوکاری) ترمان پێبوو کە (ئەحمەد توفیق) پێش رۆیشتن بۆی دابین کردبووین.

ئێمە کە لە بارەگای (ئەسعەد خۆشەوی) بووین لستێك داواکاریمان نارد کە تەتەرێك لە بارەگاوە بەرەو باشوور چووە ناو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی عێراقی (وابزانم بەرەو هەولێر چوو بوو) کە هاتەوە، بە هەمان ئەو وردەکارییەی کە کۆگای فەرمانگەکەم لە ئەمریکا، شتی دەدامێ، گەڕابۆوە. لەو کەلوپەل و کەرەسەی بەرز و پێشکەوتوو کە بۆمان هاتبوو، ژمارەیەك قوتوو لە مرەبای هەرەشیرین و خەستی ئوسترالی، نیسکافە، قوتووی ((بە قسیمانە))ی ئینگلیزی، هەندێك پەنیری قوتووی نیوزلاندی، کاغەزی تەوالیت، لە هەموو ئەوانە گرنگ تر و داهێنەرتر یەك دەست پێخەفی سپی نوستن کە پێم وایە کەسێکی تر نە لە پێش من و نە لە پاش من بە پێخەفی سپی خەوتبێ.

هەروەها لەناو لیستی ئەو شتانە کە کڕدرابوون، چەند دەرزەن فلیم بوو. بەڵام بۆ بەدبەختی ئامێری کامێراکەم لە کەڵك کەوتبوو، چونکە کاتێك لەسەر پشتی ئێسترەکەمەوە لە بارەگای (ئەسعەد خۆشەوی) کەوتبوومەخوارێ، ئیتر بە کەڵك نەمابوو. بیرکردنەوە لەوەی ڕێگایەك بدۆزینەوە تا کامێرایەکی تر پەیدا بکەین، ئێمەی سەراسیمە کردبوو. لە نێو ئەو گوندە هەژار و کەساسانەدا، بێهودەیە، مرۆڤ بە دوای ئەو جۆرە شتانەدا بگەڕێ.

(لە پاشاندا یەکێك لە کوڕەکانی مستەفا بارزانی لە گوندەکەی خۆی، کامیرایەکی روسی بچووکی جوانی بۆ هێنام بەڵام فلیمێکیان نەدۆزییەوە کە بۆی بگونجێ) هەروەکو تا یەك هەفتە کامێرایەکیشمان نەدۆزیەوە کە بۆ فلیمە سەد و بیستییەکەی خۆم دەست بدا. هەروەها یەکێك لە جەنگاوەران لە هێزەکانی (شێخ حوسێنی بوسکێنی) کامیرایەکی ئەڵمانی شێوە سندوقی بۆ هێنام خێرایی هاوێنەکەی پێنج یەکی چرکەیەك بوو. بەڵام لە بەرامبەر هەستیاری فلیمی جۆری (Tri – x) زۆر هێواش بوو، تا دواجار کامیرایەکی هاوشێوەی خۆم لە جۆری (رولیفلکس) یان لە بارەگای گشتی بارزانی دامێ.

ڕۆژێکیان (سەعدوڵا) دەستەیەك راوچی ناردبووە چیاکان. دەستەکە ڕۆژی دواتر بە دەستی بەتاڵەوە هاتنەوە. ئەوان بە ئومێدی ئەوەی بەرازێکی کێوی یان ورچێك



راوبکەن چووبوون. پاشان دەستەیەکی دیکە ماوەی حەوت سەعات بە چیایەکی نزیك خۆماندا هەڵگەڕان تاگەیشتە سەر لوتکەی چیاکە و پاشان بەرەو نشێوێك چوون کە بە درێژایی هاوین بەفری لێ ناتوێتەوە ئەوان بە خۆیان و ئاژەڵەکانیانەوە کە لە بەفر باریان کردبوو، گەڕابوونەوە. ئەوان هەر بە عادەت تەنیا لەو کاتانەدا کە نەخۆشی هەبێ بەو کارە هەڵدەستن. بەڵام ئەم جارەیان بە هۆی منەوە بوو.

سوپاس و پێزانینی من هێشتا تەواو نەبووبوو کە منداڵانی گوندەکە لە ماوەی چەند کاتژمێرێکی کەمدا هەموو بەفرەکەیان تەواوکرد.

زێبارییەکان کە هۆزێکی دراوسێی ئەوانن و سەرۆکەکەیان سەربە حکوومەت بوو، سێ جار ئەم گوندەیان تاڵان کردبوو. بەپێی بیروڕای (ئاپۆ) ئەمە، هۆکاری ئەو هەژارییەیە کە گوندەکە تێیدا دەژیا.

سەعدوڵا ئەو بەهارە زەوی نەکێڵابوو، چونکە زێبارییەکان لە ئاخرین پەلاماردا جگە لە هەندێك مانگا، هەموو ئاژەڵەکانی دیکەیان بە تاڵان بردبوو.

لەبەر هەژاری گوندەکە (جەمیل) پێشنیاری کرد بگوازینەوە بۆ گوندێکی تر بۆ ئەوەی لەوێ خواردنێکی باشترمان دەست بکەوێ وەك لەوەی لێرە دەستمان دەکەوێ. بەڵام من بە توندی ناڕەزایم دەربڕی و پێم گوتن کە پێویستە لەو جێگایە بمێنینەوە کە (ئەحمەد) بڕیاری لەسەرداوە. لەوەدا سەعدوڵا لایەنی منی گرت و گوتی کە گوندەکەی تەنیشتیمان جێگای دڵنیایی نییە و ئاگاداری کردین کە هەرچی پێویستمان بێ لە گوندەکەی خۆی بۆمان دابین دەکاو هەر لە سەرەتاشەوە زۆر بە توندی بەگژ سەروبنی بیرۆکەکەدا چۆوە و گوتی:

- سی ساڵ لە پێناوی گەلی کورد شەڕم کردووە، مانەوەی ئێوە لێرە لە لای من یەکجار بەنرخە، پێتان وایە کە من وەکو پیاوانی دیکەم؟

بەم جۆرە لە (شیلادزە) ماینەوە و هەموو ڕۆژێك بە هیوای ئەوە بووین کە ئەو ڕۆژە دواین ڕۆژمان دەبێ و لە هەمانکاتدا ئێمە لە گرنگی پێدانێکی مەزنی خانەخوێکەمان بەهرەمەند بووین. هەموو ڕۆژێك بەر لە خۆرهەڵات، جێگای خۆمان لەسەر بانەکە بەجێ دەهێشت، بەمەش هەم لە گەرمایی خۆر رزگاردەبووین

و هەم لە ئەگەری بۆمبارانی ئاسمانی، بەتایبەتیش خۆمان لە چاوی خەڵکی نامۆ دووردەخستەوە کە رەنگ بوو لە بوونی ئێمە ئاگاداری حکوومەت بکەنەوە. چونکە بەپێی پێداویستی حاڵەتی بێلایەنی ناوچەی عەشایری بارزان، هێشتا هەندێك لە پاسگەکانی پۆلیس و هەندێك لە سەنگەرەکانی رەبیەکانی سوپای عێراقی بە ساغی مابوونەوە و هێشتا رێگای پەیوەندیکردن لەگەڵ بەغدا بەهۆی رادیو، ئەنجام دەدرا و ئەگەر بۆ چاوورِاویش بوایە دەرەتانی ئەوە هەبوو بە لایەنی کەمەوە (مەفرەزە) بنێرن تا رۆژنامەوانێکی ئەمریکی لەوێ دەستگیر بکەن.

سەعدوڵا رۆژانە بەرەو جێگایەکی دانیشتن لەسەر لێواری رووبارەکە پێشمان دەکەوت کە لەوەی دوێنی جیاواز بوو، بەڵام ئەو، تەنانەت لەو جێگایەش ترسی ئەوەی هەبوو کە لەو بەرەوە بکەوینە بەرچاوی زێبارییە ناحەزەکانەوە، خۆشترین جێگا لەوێ بەلامانەوە ئەو پارچە سێبەرە بوو کە لەو جێیەوە رەوتی ئاوەکە دەچووە ناورووبارەکەوە.

ئەو هەمیشە چڕترین سێبەری بۆ من و ئاپۆ هەڵدەبژارد و ئەوانی تریش لەمەودای چەند یاردەیەکی کەم، دوور لە ئێمە دادەنیشتن. بەیانیان کزە بایەکی سارد لێی دەداین. جائەو دەمانە بۆ چالێنان و دروستکردنی قاوەی نیسکافە بۆ من و ئاپۆ، ئاگر دەکرایەوە. دەستەکەمان وای لێهات بەهۆی هەر کام لە (جەمیل) و (مستەفا) کە لە رێکخستنی کەل و پەلەکان و زین کردنی ئێسترەکاندا، کارامە بوو، (لاسکەر) کە خۆی بە نیشان پێکی بە توانا دەزانی، چەند کاتژمێرێکی زۆر بە تفەنگەکەیەوە بە سەرداریێکەوە چاوەرِێ بوو هەلێکی دەسکەوێ تا ماسی یەك راو بکا، ئەنوەریش مامۆستای منداڵەکان ببووە ئەندامێکی هەمیشەیی دەستەکەمان.

ئەنوەر بەو پێودانەی کە رۆشنبیرێکی لادێی بوو و لەناو ئەوانی دیکەدا دیار بوو، هەمیشە لەگەڵ (جەمیل)دا کە بە خزمایەتییەکی دوور دەگەیشتنەوە یەك، لە کێشە و جیاوازیدا بوو. جەمیل لە بەرامبەر خۆ بە رۆشنبیر زانینی ئەنورە نکوڵی دەکرد و دەیگوت کە کەسێکی بێ کەڵکە و هەرگیز بەکاری هیچ ئەرکێك نایە کە پێی دەسپێرن بەتایبەتی شەرِ. جەمیل بەربەرەکانی هەر قسەیەکی دەکرد و بە



پێچەوانەشەوە ئەنورەیش هەروابوو. لە راستیدا ئەنور زۆر بە کەڵك نەبوو، چونکە واباشترە کە لە هەموو شتەکانی کە من مەبەستم بوو لێیان تێبگەم، دەبوایە بە فەرەنسی و لە رێگای ئاپۆوە بێت. من هەوڵمدا مەعنەویاتی ئەو بپارێزم، جێگا و پایەی وی رەچاوبکەم، جا داوام لێکرد کە هەندێك تێبینی مێژوویم لە زمانی عەرەبییەوە بۆ وەربگێرێ کە لە سەرەتای گەشتەکەمدا مامۆستایەکی دیکە دابویمێ. ئەوەی گرنگ بوو لەو تێبینیانەدا، هەندێك لە رووداوەکانی شەرِی ((زاخۆ)) بوو. بەڵام شێوازی دارِشتن و بە دەربرِینێکی لاستیکی تەم و مژاوی ئەو تۆ نوسراو بوو، کە هەموو بەهایەکی خۆی لە دەست دابوو.

دەستەکە توانییان هەر هیچ نەبێ چەند رۆژێك (ئەنوەر) سەرقاڵ بکەن و ئەو زوربەی کاتی خۆی لە ژێر ئەو کەپرەدا، کە لە لق و پۆپی درەختەکان لەسەر لێواری رووبارەکە دروستی کردبوو هەر وەك ژوورێك دەچوو، پاڵ دەکەوت. هەروەکو کاتێکی زۆری بە خوێندنەوەی پوختەی (چیرۆکی دوو شارەکە)ی دیکنز، بەسەر دەبرد و پرسیاری زۆری دەربارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی تەعبیری دروستی زمانی ئینگلیزی لە من دەکرد.

(ئەنوەر) دەیگوت گەورەترین ئاواتی من لە ژیاندا ئەوەیە لە ((هێزی ئاسمانی کوردییدا!)) ببمە فرِۆکەوان. بەڵام لەوە دەترسم، کاتێك ئەو رۆژە دابێ، کە ئیتر تەمەنی من بۆ ئەو کارە لەبار نەبێ.

لەوێ دوو یان سێ پیاوی خەڵکی گوندەکە بەردەوام لەگەڵمان بوون، ئەوان هەمیشە کەمێك لەو لای ئێمەوە پاڵدەکەوتن و لە نێوان خۆیاندا قسە و باسیان بوو، یان چەند سەعاتێك دەنوستن یا خۆیان دەشوشت یا خەریکی شۆرینی جلەکانیان بوون و هەندێك جاریش لەئاوی رووبارەکە مەلەیان دەکرد. منداڵانی گوندەکە دەهاتنە دەوروپشتی ئێمە و لە چاوتروکانێکدا جلەکانیان دادەنا و بە هەمان چاپوکی و لەش سوکی سێڵەوە[*] لەسەر بەردەکانەوە خۆیان هەڵدەگێرِایەوە

(*) گیانلەبەرێکی رەنگ رەشە و لە ئاودا دەژی.

و پاشان خۆیان فڕێ دەدایە ناو ئاوەکە. هەندێکیان مەشکەی فوودراویان کە وەکو دوو باڵی ئاوی بێ لە کەمەری خۆیانەوە دەبەست و ئینجا کە لە ئاوەکە دەهاتنە دەرێ لەسەر لێوارەکە جێگایەکی لماوییان بۆ خۆیان دەدۆزییەوە و خۆیان تێدا وەردەداو لمیان بە لەشی خۆیاندا دەکرد.

پێشان کاتی نووستن، دەزگای نووسینم لەسەر زەوی یان لەسەر هەردوو ئەژنۆم لەسەر بەردێك دادەنا. تا سەعدولاّ، چارەسەری ئەم کارەی کرد و سفرەیەکی چەرمینی لەگەڵ کورسیەك کە لە خام دروستکرا بوو بۆ هێنام و ئەم کارەی بە سەرکەوتنێك دانا، بەلاّم چ سەرکەوتنێك، ئەمە بۆ من و وەزعی من پێشکەوتنێکی مەزن بوو هەرچەندە پێشیینانەوە ئاسودەم نەبووم.

دەمەو عەسر تیشکی خۆر لە بەینی لقی درەختەکانەوە لێی دەداین. گەرماکەی بە پلەیەك بوو تەحەمول نەدەکرا.

((مستەفا)) کە چەقۆیەکی چەماوەی پێبوو، بێ بەزەییانە لقی درەختەکانی دەبڕی، تا سێبەرێکی چڕوپڕ بۆ رۆژنامەوانی سەردانیکەر، ئامادە بکا، لەو دەمەدا (ئاپۆ) بە حوکمی ئەوەی کە چاوەکانی کەم حوکم بوون، دەیویست بە چاوی رووناکەوە، بگەڕێتەوە، پێش هەموویان بەرەو ناو گوند دەگەڕایەوە و پاشان ئێمەش دەمی خۆرئاوا بوون بە دواییدا دەگەڕاینەوە.

لەو دەمانەدا، مێش بەسەر ئەو جێگایانەی جلەکانمانەوە کە دەکەوتە بەرتیشکی خۆرەکە، کۆمەڵ دەبوون. کاتێك دەگەیشتیینە نزیك گوندەکە، کۆمەڵ کۆمەڵ منداڵانمان دەبینی کە بەسەر بانەکانەوە غاریاندەدا. من لە لای خۆمەوە سەیرم پێدەهات چۆن لە سەرەوە ناکەونە خوارەوە. بەلاّم ئەوان نەدەکەوتن. یەکێك لە منداڵە بچووکەکان کە ئێمە بەوێدا تێدەپەڕین وەك رێزلێنان لە ئێمە سەمایەکی شێتانەی دەکرد، تا خوشکەکەی ئاگاداری کردەوە ئینجا راوەستا.

ئێستا دەگەڕێینەوە سەربانی ئەو خانووەی کە بۆمان تەرخان کرابوو، خۆر بەرەو ئاوان بوون لاربۆوە. لە پەرداخی باریکی بازنەییدا چای دەخۆینەوە و یەکێك لە منداڵەکانی (سەعدولاّ) بەسینییە خواردنەوە دێتە پێشەوە. سینییەك بە تەنیا بۆ من



و ئاپۆ، سینیەکی دیکەش بۆ ئەوانی دیکە. بە وریاییەوە دەستم بۆ هەر خواردنێك دەبرد. ورژد بووم لەسەر ئەوەی کە هەر خواردنێك کولاّو یان بژراو نەبێ نەیخۆم.

سەعدولاّ لەبەر پاراستنی تەندروستی من بە جۆرێکی تایبەتی (دۆ)ی بۆ هێنام کە زۆر رەق و وشك و زۆر سوێر بوو. مرۆڤ هەق بڵێ ئەوە جۆرێك پەنیر بوو کە لە شیرێکی خەست کە رۆنەکەی لێگیرابوو، دروست کرابوو، لەوانەشە بە پرۆتین و کانزاکان زۆر دەوڵەمەند بێت، ئەوان لەسەر ئاگر گەرمیان دەکرد ئینجا بۆیان دادەنام، بەو شێوەیە دەمتوانی بیکرۆژم.

لەو سەرووەختانەدا ژنانیش نانیان دروست دەکرد. دووکەڵی رەش لە تەنورەکانیانەوە بەرز دەبۆوە و با، دووکەڵەکەی بەرەولای ئێمە دەهێنا. لەوێ تەنور، تەنیا چاڵێکە و لەناوەوەیدا هەڵکەنراوە، کاتێك ئاگر، تەنیشتەکانی سوردەکاتەوە، هەویرەکەی لە شێوەی کولێرەی تەنکی خڕ و سووك کە تیرەی هەر دانەیەکی نزیکەی 30سم دەبێ، پێدا دەدەن.

دەمە و ئێواران، جاروبار بە پیاسە دەچووینە سەر کانیاوێك کە نزیکەی نیو میل لە گوندەکە دوور بوو. خەڵکی گوندەکە لەو کانییە ئاو دەخۆنەوە، بەسەر پشتی گوێدرێژێکی شەلەوە، بەمەشکە ئاویان دەگوازتەوە.

ئێوارەی تریش هەبوو بە پیاسە دەچووینە سەر ئەو گردە کە لە دەرەوەی گوندەکە بوو، لەوێ رادەوەستاین و تەماشای دوورمان دەکرد. لە نێو خۆماندا بە گاڵتە و گەپەوە باسی ئەو جێگایانەمان دەکرد کە بۆماڵەکانی خۆمان هەڵیدەبژێرین، دەربارەی پیکەوەنانی خێزانێکی کوردی ئەگەر ناچار بووین تا کۆتایی تەمەنمان لەوێ بمێنینەوە، قسە و باسمان گەرم دەکرد. لە رێگای خۆمانەوە بە لای سەگەکانی شوانەکانەوە تێدەپەڕین کە مەیلە و رەش و تووکن بوون و هەر ئەوەندەیان مابوو کە سەریان بە لەشیانەوە بنوسێ. ئەوان بەلەسە نەدەبوون و ئارەزووم دەکرد بیان لاوێنمەوە. بەلاّم هاوڕێیان هۆشیاریان کردمەوە کە ئەوانە هەرگیز رانەهاتوون دەستیان لێبدرێ و ئیحتمالی زۆر هەیە هەر کەسێك دەستیان لێ بدا گازی لێبگرن. هەندێك جار ئەو سەگانە بەرەو لامان دەهاتن و بەجۆرێکی

درندانه پێمان دەوەڕین، هاورێکانمان بەردیان تێدەگرتن، جا ئەگر بەردەکەیان پێکەوتبا، بەرەو پاشەوە هەڵدەهاتن و لە تاو ئازار تولەسەگی گچکە دەیانقروسکاند. هەندێك جار کوڕەکانی ((سەعدوڵا ))مان دەدی گوێرەکەکانیان لێدەخوڕی و دەیان خستنە ناو تامانێك[1] کە بە دار و لقی درەخت بەشێوەیەکی سفت و چڕ بە نێویەکدا چنرا بوون. ئەو کوڕانە ئەو ئاژەڵانەیان دەدایە بەر خڕکە بەرد کە دەمگوت هەر ئێستا ئێسقانەکانیان دەشکێ. گایەك لە نزیکی ماڵەکە بەلەسە بوو و بەو سنگەوە کە پێیەوە بەسترابۆوە، بەرەڵا بوو، خۆی بەناو ژووری تەویلەکەدا کرد کە هەر لە ژووری ماڵەکەدا بوو.

ئەو گایە گیرۆدەی ژان و رەوانیی بەهێز ببوو. ئاپۆ هەر بە دابی خۆی کەوتە سەر وەسف دانان بۆ چارەسەرکردن، ((ئەو گایە مەخەنە بەرتیشکی خۆر، با لە جێگای سارد بۆ خۆی ئارام بگرێ. ئینجا بڕێکی زۆر خوێ و سماقاوی بە بە زاریدا کرد )) ئەوە لە هەمان ئەو شەربەتە بوو کە بۆ منی ئامادەکرد.

کاتێك رۆژ بەرەو تەواوبوون دەچوو، با، دووکەڵی سەر ناوچەی ئامێدی وەك هەور بە ئاراستەی خۆرئاوادا دەبرد تا وەبیرمان بێتەوە کە جەنگ لە دەوروپشتی کامپە ئاشتیخوازەکەماندا، دەگەڕێ.

پاش ئەوە دنیا تاریك داهات، هەوڵماندا رادیۆ کۆنەکەی سەعدوڵا کە بە پاتری کاری دەکرد بخەینە ئیش، هەروەکو دابی ئەوێ باوە بە خێرایی بەرەو ئیستگەیەك دەبرێ کە گۆرانی کوردی لە یەکێك لە ئیستگەکانی ئێران یان بەغدا، بڵاودەکردەوە. تەنیا جارێکیان فریای هەندێك هەواڵ بە زمانی ئینگلیزی کەوتم کە دەربارەی ((مارلین مونرو ))[2] بوو، دەسبەجێ ئەو هەواڵەم بە هاوڕێکانم گوت. پرسیان (ئەوە کێیە؟). ئەو هەڵوێستەیان بیری هێنامەوە لە چ گۆشەگیرییەکدا دەژیم.

[1] تامان: شورە یان وەکو پەرژین لە دار و لقی درەخت لەسەر زەوی کشتوکاڵی دروست دەکرێ بۆ ئەوەی ئاژەڵی تێبکەن. (و. ك)

[2] کچە ئەکتەری بە ناو و دەنگی سینەمایی ئەمریکا بوو، خۆی خۆی کوشت. (ج. ف)



لەوێ هیچ رێگا و ئامرازێك بۆ پەیوەندی کردن بە جیهانی دەرەوە بە تەلیفۆن یان تلگراف، یان ئوتومبیلێکی باش، یاخود شەمەندەفەر بوونی نەبوو، ئەو مرۆڤانە لە ژێرییەکدا دەژین کە تەواو لەو جیهانەی من تێیدا دەژیم جیاوازە.

شەوانە بۆ کات بەسەربردن، داوام لە ((سەعدوڵا )) دەکرد، هەندێك چیرۆکم دەربارەی ژیانی میللەتەکەی بۆ بگێڕێتەوە، کچی برایەکەی دوو شەوی تەواوی بۆ من تەرخان کرد. لەوێ شەوانە خێزان و خزم و میوان وەك بازنەیەك بە دەوری چرایەکی نەوتی پرتەپرت کەردا کۆدەبنەوە. بە جل و بەرگی کوردی و مالاتی ناو کێڵگە و خانووی خوار و خێچەوە، دیمەنێکیان خولقاند بوو هەموو هونەرمەندێکی سەرمەست دەکرد! هەستان و دانیشتنی ئەو ئافرەتەی کە چیرۆکی بۆ ئەو کەسانە دەگێڕایەوە کە چوار مەشقی لەسەر زەوی لە دەوری دانیشتبوون، لەبەر چراکە بە سێبەرێکی گەورە و بەرین بڵاودەبۆوە. چیرۆکەکەشی چیرۆکی ((ئەسپی سێ لنگ)) بوو ((بڕوانە بەشی نوێەم)) کە درێژدادڕی تێدا دەکرد بێ ئەوەی هۆکارێك هەبێ وای لێبکا کە کۆتایی بە چیرۆکەکەی بهێنێ جگە لەوانە کە شەکەت و ماندووبوون و خەویان دەهات.

هەروەها هەندێك لە کاتی خۆم بۆ فێربوونی کەمێك لە زمانی کوردی تەرخان دەکرد، کە لەوانە هەندێکیان زاراوەی بە سود و پێویست بوون:

| کوری | ئینگلیزی | عەرەبی |
|---|---|---|
| وەرە | Come here | تعال |
| راوەستن | Stop | قف |
| ئەن هەرنە ماڵ | Let us go home | فلنعد الى البيت |
| هێدی هەرە | Go slow | سر على مهلك |
| زو هەرە | Go fast | أسرع |

ئەوەندەی پێنەچوو ئەو لێکچوونە نزیکەی لە نێوان وشە کوردییەکان و وشەکانی زمانی ئەوروپییەکاندا هەیە، سەرنج و بابەخپێدانی منی بە جۆش هێنا. لێرەدا ئەم لیستە کە من و (ئاپۆ) و (ئەنوەر) ئامادەمان کردووە، دەخەمە بەچاو:

| کوردی | ئینگلیزی | فەرەنسی | عەرەبی |
|---|---|---|---|
| ئاڤ، ئاو | water | eau | ماء |
| کێیە لێرە؟ | Who's their? | Que est la? | من هنا؟ |
| پەنتۆڵ | pants | pantalon | سروال |
| دان | Tooth | dent | سن |
| کورت | Short | court | قصير |
| ئەژنۆ | knee | genou | ركبة |
| نەهـ، نۆ | Nine | neuf | تسعة |
| دو (دوو) | Two | deux | أثنان |
| نوێ | New | Nouveau | جديد |
| نا، نەء | No | Non | كلا |
| دلۆپ | Drop | | سقوط القطرات |
| هێك | Egg | | |
| لیلاك | Lilac | Lilas | الليلق |
| مێرد | Man | | رجل |
| برۆ | brow | | حاجب جبين |
| لێو، لیڤ | lip | Leure | شفة |
| ستێر، (ئەستێرە) | Star | Aster | نجمة |
| ریبار یا رووبار | River | Riviere | نهر |
| گەلی | Valley, gully | | واد |
| مانگ، مان | Month | mois | شهر |
| لنگ، لاگ | Leg | | ساق |



سەرنجمدا فێربوونی زمانی کوردی بۆ من زۆر ئاسان ترە وەك لە زمانی عەرەبی. چونکە کوردی زمانێکی ((هیند و ئەوروپییە)) و دەنگەکانی بە لامەوە زۆر ناسراوترە. سڵاوکردن لە زمانی کوردیدا کە رێز و ملکەچییەکی تەواوی تێدایە، سەرنجی راکێشام[3].

رۆژان هاتن و چوون بەڵام (ئەحمەد) هەواڵێکی نەبوو. نیگەرانی من لەوە زیاتر دەبوو، ئەویش نە تەنیا هەر لەبەر ئەو هەڵوێستەی کە تێیدا بووین، بەڵکو لەبەر ئەو ماوە درێژە نادیاریکراوە کە لە کەس و کارم دوور بووم. تەنیا جارێك لە بارەگای (ئەسعەد خۆشەوی)یەوە نامەیەك و بروسکەیەکم بۆ دەرەوەی ناوچەکە (بۆ تانیا) ناردبوو، بۆ ئەوەی لە رێگای فەرمانگەی پۆستەی عێراقییەوە بچێتە دەرەوە. بروسکەکە بە زمانی عەرەبی نوسرابوو. ئاراستەی ناونیشانی هەڤاڵێکم کرابوو کە لە لوبنان بوو. ئەو بروسکەیە گەیشتبووە خاوەنی. هەروەها نامەکەش کە هەر بە عەرەبی بوو بە ناونیشانی دراوسێیەکەوە نوسرابوو، ئەویش تێپەڕیبوو بێ ئەوەی فەرمانگەی سانسۆری عێراقی هەستی پێ بکەن. هەروەها هەر کە گەیشتینە گوندی ((شیلادزە)) دەستبەجێ نامەیەکی دیکەشم ناردبوو، ئەو نامەیەش گەیشتبوو. هەڵبەت ئەو کاتە ئەمەم نەدەزانی، چونکە ئەو کاتە رێگایەك و هۆیەك بۆ ناردنەوەی وەڵامەکە نەبوو. دوایەمین نامەشم کە گەیشتبوو، ئەو نامەیە بوو کە لە زەرفێکدا پێچابومەوە و بە ئامێری چاپ ناونیشانەکەی

[3] ئەو وشانەی کە لێرەدا دێنە بەرچاو کە هاوشێوەی بەرامبەرە کەیانن لە زمانی کوردیدا و هەندێکیان وەکو یەکن یاخود لە ماناکەیەوە نزیکن و لە هەمان کاتیش وەکو یەك وان لە راستیدا تەنیا رێکەوت نییە. ئەم کارە سەرنجی کەشیشی بە ناوبانگی ئەنگلیکانی ((جورج بورو))ی راکێشاوە کە لەو دەمەدا لە هەرێمی باسك Basque لە نێوان ئیسپانیا و فەرەنسا بووە و زانیاری لەسەر زمانەکەیان پەیدا کردووە و ئاماری دەیان زاراوەی کردووە کە بنەماکانی بۆ زمانی سانسکرستی و فارسی گێڕاوەتەوە و لە هەردوو کتێبەکەی خۆی ((زنگالی، و تەورات لە ئیسپانیا)) بڵاوی کردۆتەوە، کە ئەمانە لە هەمانکاتدا وشەی رەسەنی کوردین. وشەی برادەری کوردی کە لە هەمانکاتدا فارسیشە بە زمانی ئینگلیزی دەبێتە Brother.
هەروەها مادەر کە لە یەکێك لە زارە کوردییەکان مانای دایك دەدا (mother) دەگەیەنی و لێرە بواری ئەوە نییە وشەی زۆری تر بهێنینەوە. (ج. ف)

لەسەر نوسرابوو، ، خرابوە نێو سندوقی پۆستەی بەسرەوە و بە مۆری فەرمانگەی پۆستەی ئەوێوە نێردرابوو. (بەسرە) کە دەکەوێتە ئەو پەڕی باشووری عێراق، زیاتر لە سێ سەد میل لەو جێگایەوە دوورە کە نامەکەم لێنووسیوە[4]. بەڵام ئەو نامەیە بە جۆرێك ئازاردەر بوو کە لەگەڵ سوودەکەیدا بەراورد نەدەکرا. نامەکە ئومێدێکی درۆزنانەی بە گەڕانەوەیەکی نزیکم دابونێ. لە نامەکەمدا نوسیبووم:

((خۆشەویستم (تانیا)، هەلێکی تریشم))

((دەستکەوت تانامەت بۆ بنووسم، هەرچەندە))

((لەم ساتەدا ناتوانم شتێکی زۆرت بۆ))

((بنووسم، تەنیا ئەوەندە نەبێ کەوەزعم))

((زۆر زۆر باشە، واخەیاڵ دەکەم لەماوە))

((یەکی نزیك بە دە رۆژی تر دێمەوە بۆ لات))

((﴿ئەوەش ڕێکەوتی 6ی ئابی دەکرد﴾، سەرەڕای))

((هەموو سەرقاڵییەکەم لێرە (تۆ و شنوپس)ی))

((خۆشەویست (دانای کوڕم کە تەمەنی هەشت))

((ساڵە بە درێژایی کات لە یادم دەرناچن))

((هەموو ئەو شتانەی کە لێرە، بابا))

((پێی هەڵدەستێ بۆ ئێوەیە، ئەم جارەیان))

((لە کاتی گەڕانەوەمدا، بە دڵنیاییەوە، شتێك))

((لەگەڵ خۆمدا دەهێنیمەوە کە شایانی بە دوودا))

((چوونیەتی، هەموو خۆشەویستییەکم بۆ دوو))

((هەرە خۆشەویستەکانم))

((بابا))

[4] ئەگەر وای دابنێین کە دانەر لە جێگایەکی دەوروبەری زێبار بووە، بێگومان ئەو ماوەیەی نێوان بەسرەو شوێنی گریمانەکراو دوو ئەوەندەی ئەو دورییەیە کە ئەو مەزەندەی دەکا، هەر چۆنێك بێ لە 650 میل کەمتر نابێ. (ج. ف)



ئێستا وام لێهاتووە پرسیار بکەم، ئایا ئەم گەشتە وەك خۆم مەزندەم دەکرد بە کەڵك دەبێ؟ بەهەر حاڵ، گەیشتوومە رادەیەکی گەورە لە نائومێدی و وام لێهاتبوو، پێم دادەگرت کە هەر رادەیەك مەترسی کە هەیە بابێ و هەرچۆنێك کە بووە با بجولێین و بکەوینە رێ. تەنانەت ئەگەر پێویست بێ من خۆم دەچمە لای پێشەوا عەشایرییەکانی بارزان، پێشنیارم کرد کە بۆیان شی بکەمەوە کە بەپێی چەمکەکان و ئەو عورفانەی کە لە جەنگی دووەمی جیهاندا باو بووە، هیچ تاوانێك لەوە دانییە کە وڵاتانی بێلایەن، ئەگەر رێگا بەهەر پەیامنێرێکی جەنگی کە سەر بە هەر کام لە دوو لایەنی شەڕ کەریش بێ، رێگا بدا بە ناو خاکی ئەواندا تێپپەڕبێ.

رۆژی دوازدەیەم نامەیەك لە (عوسمان) کوڕی ((شێخ ئەحمەد)) هات، لە نامەکەدا داوای لێبوردنی لە بەرامبەر ئەو دواکەوتنەدا کردبوو، و داوای لێمان کرد بوو کە کامپەکەمان بگوازینەوە بۆ جێگایەکی نزیك ماڵەکەی خۆی و لەوێ دەتوانێ زیاتر حەسانەوەمان بۆ دابین بکا و لە سەفەرەکەماندا یارمەتیمان بدا و بگەینە مەرامی خۆمان.

رۆژی سێزدەیەم، پێش ئەوەی هیچ بڕیارێك لە بارەی پێشنیارەکەی (شێخ عوسمان) بدەین، پۆستە بەرێکی دیکە هاتە لامان و بە هەموو حەماسێکەوە ئاگاداری کردین کە ((کاك ئەحمەد)) گەڕایەوە، ئێستا پاش ئەوەی نزیکەی سێ رۆژی رەبەق رێگای کوتاوە، لە دووری چەند میلێکی کەم لە ئێمەوە لە جێگایەك خەوتووە. هەر ئەوەندە هەواڵی گەڕانەوەی (ئەحمەد) هات، هەوری نائومێدی و هیوابڕاوی کە لە گوندی بچووکی شیلادزە باڵی بەسەر دەستەکاماندا کێشابوو، رەوییەوە و هەمووان لە چالاکیدا هەڵبەزودابەزمان بوو.

جموجۆڵێکی گەورەی دەرونیی لەناو هەمواندا، دەهات و دەچوو، ئایا هەموومان پێکەوە دەڕۆین. من ئەو نەخشەیەم لە بیرچوو کە ئاپۆ بە تەنیا لە رێگای ناوچەی بارزانەوە بنێرین. چونکە ئەگەر هەموومان پێکەوەباین وەکو ئاگربازییەك بکەین وابوو. تەنانەت (ئاپۆ) کە ریشێکی درێژی بەردابۆوە، بەدەم بەجێهێنانی سوپاسەوە دەستی کرد بە تراش کردن و هەروەها (من) و (جەمیل)یش تراشمان کرد.

کاتژمێر چوار و پازدە خولەکی عەسر بوو، بە هاوڕێیەتی خانەخوێکەمان (سەعدولا) و سێ یان چوار لە پیاوەکانی، کەوتینە رێ. ئەم نەریتەش کە لەوێ باو بوو بەم ئاوایە بەڕێوە دەچوو: یەکەمجار لە دووری چەند میلێك لەماڵی خانەخوێوە، میوانی شەرەف، پێشوازی دەکرێ و پاشان لە کۆتایی رۆژانی میوانداریيەکە، تا قۆناغی هەوەڵجاری رێگاکە ئەگەر کارەکە لەباری بەدەنییەوە دەرەتانی هەبوو، میوان بەڕێ دەکرێ.

خۆشەویستییەکی گەورە ئێمەی بەو گوندەوە بەستبۆوە و هەستمان بە ناڕەحەتی دەکرد کە خەڵکەکەیمان بەجێدەهێشت. بە گەرم و گوڕییەوە ماڵئاواییان لێکردین، ژنان و منداڵان تا لە چاو وون بووین، دەستیان بۆمان رادەوشاند. بەرەو دۆڵی (بەهندە) کەوتینە رێ و لە رووباری (شین) پەڕینەوە. لەوەی کە کەوتبوونە ناو ئەو ئاوەقووڵەوە شادی کەوتبووە ناو دڵی هاوڕێ کوردەکانەوە و هەندێکیان تەواو خۆیان رووتکردبۆوە و جلیان لەبەردا نەبوو و ئەوان بەسەر پشتی ئێسترەکانەوە بوون و هەندێکیان دەلینگی شەڕواڵەکەی تاسەر ئەژنۆی هەڵدابۆوە و باری گرانیان بەدەستەوە گرتبوو تا دڵنیابن کە لێیان ون نابێ. ئەوەی نیگەرانی دەکردم کاغەزە بەنرخەکانم بوون دەترسام تەڕبن.

من و (ئاپۆ) یان سواری دوو ئێستری زەبەلاح کرد بوو، دەلینگی شەڕواڵەکانمان تاسەر ئەژنۆمان هەڵدابۆوە و هەر جارێکیش ئێسترێك لارێ دەبوو یاخود کە دەکەوتینە ناو گەرماوێکی ناچارییەوە، بەناو هات و هاواری شادی و قاقای پێکەنینەوە، ئێسترەکەم لێدەخوڕێ!

کاتێك بەناو رووبارەکەدا دەڕۆیشتین، رێژنە بارانێکی بەهێز بەهەورە تریشقەوە، دایکردە سەرمان، ئەم جۆرە دیاردەیە لەو دەم و وەختانەدا تەنانەت لە بەرزایی چیاکانیش کارێکی نائاساییە. لەگەڵ خێزانێك کە لەسەر لێواری رووبارەکە باروبنەیان بارکردبوو، خۆمان کوتایە ناو ئەشکەوتێکەوە. لەوێ شادی و سەرسامییەك دایگرتین کە دیتمان ((ئەحمەد)) لەو جێیە چاوەڕێمان دەکا. شادییەکی لە سنور بەدەر بەسەر گیانماندا هات کە نەمانتوانی قسە بکەین و



نەمانزانی لەکوێوە دەست پێبکەین. پاشان (ئەحمەد) پێی گوتین کە شەش رۆژی پێواوە تاگەیشتۆتە لای بارزانی و تائەو پەڕی پلەی شەکەتی شەکەت بووە، هەروەها گوتی لە رێگا هەڤاڵێکی شەلی لەگەڵدا بووە، بەهۆی ئەوەوە دواکەوتووە ئەگینا لە ماوەی سێ رۆژدا دەگەڕایەوە. ئەوەش مانای وایە کە ئەو چوار رۆژ لە بارەگای بارزانی ماوەتەوە، ناچار بووە بۆ خۆی بچێتە لای سەرکردە و لەبەر دوو هۆ ئەو هەموو ماوەیە ببڕێ (هەروەکو کە خۆی حاڵی کردم) یەکەمیان بۆ ئەوەی بارزانی واداربکا نامەیەك بۆ براکەی (شێخ ئەحمەد) بنووسێ کە قەناعەت بکا رێگامان بدا بە ناوچەکانی ئەودا درێژە بە گەشتەکەمان بدەین، دووەم بۆ ئەوەی لە کاتێکدا کە بەو ناوچانەدا تێدەپەڕین کە شەڕی لێیە پاسەوانی بەهێزمان بۆ دابین بکا.

ئەو نامەی لە بارەگای (ئەسعەد خۆشەوی) دەربارەی شەڕی ئامێدی بۆمان هاتبوو دامانە دەست (ئەحمەد). لە نامەکەدا هاتبوو، هێزێك کە لە هەزار و شەش سەد سەربازی نیزامی و حەوت سەد جاش و سێ تۆپی قورس پێکهاتبوو، هەوڵیاندا گەمارۆی سەر ئامێدی بشکێنن. پاش شەڕێك کە حەوت (جاش) و حەوت ئەفسەری سوپا و چل سەربازی تێدا کوژراوە و چەند رۆژێکی خایاندووە، کورد رێگا بە هێزەکە دەدا بە رێگاکەدا تێپەڕن و پاشان دووبارە گەمارۆی دەخەنەوە سەر. ئەو شەڕە کە لە پێناوی (ئامێدی)دا دەکرا کاریگەرییەکانی (بە تەواوی) رۆشن نەبوو. کە لە چەند هەفتەی رابردوودا و لە مەودایەکی دوور لە ئێمەوە بەڕێوە دەچوو.

هەر کە باران لێی کردەوە، بە رێگایەکدا کە پازدە کاتژمێر درێژ بوو، کەوتنیە رێ و سێ جار پشوومان وەرگرت.

هەرچەندێك دەربارەی سروشتی ئێستر گوێ بیست دەبووم وردە وردە زانیارم پتر زیادی دەکرد، تەنیا من و ئاپۆش نەبووین کە ئێسترەکانمان هەڵیدابووین، بەڵکو ئەوانی تریش ناو ناوە بە ویستی خۆیان یان لە ناچارییان کە هەرگیز خۆیان پێ نەدەگیرا، دەکەوتنە خوارەوە. (ئەحمەد) کە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە سواری چەموش ترین و سەرکێش ترین ئێستر ببێ، لە دوو کەوتنە خوارەوەدا زۆر لەوە

زیاتر ئازاری خوارد کە خۆی ئیقراری پێ دەکرد، هەروەها جەمیل جارێکی دیکەش بریندار بوو. دوای ئەوەی کە وەکو پێشتریش باسم کرد. بریندار بوو بوو.

ئەمجارەیان کە هێمن ترین ولاخیان بۆ من دانا بوو، رۆیشتنەکەم لە سەرخۆ بوو، ئەوەندەی کە بە هەموو جۆرە لێدانێك بەدار لێی بدەم تا خێرا بڕوا، ماندووی کردبوو. هەروەها لە دواوەش (ئاپۆ) یان هەر کەسێکی دیکە کە دەکەوتە پاش منەوە، لێی دەدا، یان جاری واهەبوو لە پێشەوەڕا جڵەوییان بۆ رادەکێشام. تەنیا لەو کاتانەدا نەبێ کە بەناو گوندەکاندا دەڕۆیشتین، بۆ ئەوەی سەرنجی لاپرسەنانەی[5] دێهاتییەکان رانەکێشین کە بێگانەیەك لە نێو دەستەکە دایە، من بۆ خۆم بە سەرکێشییەوە لێم دەخوڕی. (وا دیارە هەر کەسێك نەیزانی ولاخەکەی لێ بخوڕی بە بێگانە دەناسرێ) من ناوم لەو ((جاشکە)) لاواز و بێ فێڵە نابوو ((کیسەڵە بچکۆل)).

بەشێنەیی بەسەر گردێکی یەکجار بەرزدا سەرکەوتین. ئەو ناوە، وەك (ئەحمەد) باسی دەکرد گوند و دێهاتی زۆری لێبووە، پێش پەنجا ساڵ، خەڵکەکەی بەرەو هەولێر و شارەکانی تر پەرتەوازە بوون. لە رواڵەتدا وادەردەکەوت ژیان لەسەر ئەو گردە یەکجار سەخت و بێ خێر بوو. نیوە شەو بە ئاوی ئەو بیرانە سەرحاڵ بووین. ئەوێ تۆرێکی شێوە سەیر، کۆمەڵە چاڵێك بوو کە لە دەوروپشتی ئەوێ ئەوەندە گیا و سەوزایی چڕ روا بوو کە لە کاتی تاریکیدا ببووە جێگایەکی ترسناك.

(ئەحمەد) لە حاڵێکی خراپ دابوو، وای لێهات بە دەست روماتیزمەکەیەوە دەیناڵاند، دومەڵێك لەسەر لولاقی قاچی چەپییەوە دەرکەوتبوو و هۆیەکەشی دیار نەبوو. لە ماوەیەك لە ماوەی پشوودانەکانماندا ماوەی پازدە خولەك خەوی لێکەوت. پاشان لەسەر زەوییەکە و لە نزیك کانییەك دوو کاتژمێر نووست. هەوا ساردی کردبوو. لە تاریکایی شەودا لە کاتێکدا ناو ناوە بەسەر پشتی ولاخەکانمانەوە، خەو دەیبردینەوە. بە هەورازدا هەڵگەڕاین. زەوییەکە سەخت و

[5] لاپرسەن: فضول



ناهەموار بوو، جارێك بەرەو خوارەوە شۆڕدەبووینەوە و جارێکی تر بە هەورازدا دەیبردینە سەرەوە، تاوای لێهات هیوامان بەوە نەما پشوویەك بدەین. ئینجا دەبوایە بەسەر پێی خۆمانەوە دابەزینە نێو شیوێکەوە کە لە گۆشەیەکدا بوو، تاریکە شەوێکی ئەوەندە ئەنگوستە چاو بوو و رێگاکە بە پلەیەك پێچاو پێچ بوو کە ولاخەکان نەیاندەتوانی هەڵمان بگرن. شەوێکی ئەوەندە رەش و تاریك بوو، چاوەکانی هەموومان لەگەڵ چاوەکانی ((ئاپو)) جیاوازی نەما و چاوی هیچ کامێکمان لەو شەوەزەنگەدا سودی نەما.

کاتێك بەیان لە ئاسمانی رۆژهەڵات گزنگیدا (ئەحمەد) سەرنجی بۆ لای داربەڕوویەکی گەورە راکێشام کە چوار لقی گەورەی هەبوون. سێ لقیان مرد بوون و یەکێکیان زیندوو بوو. من تێبینی ئەوەم نەکرد بوو. ئاوڕمدایەوە و پرسیارم لێکرد. ئەحمەدیش بەم شێوەیە بۆی روون کردمەوە:

- ئەو لقە زیندووە کە دەیبینی ئەوە کوردی بەشی عێراقە کە بە شۆڕش بوژاوەتەوە، بەڵام سێ لقەکەی تر هێشتا مردووە.

مەبەستی لەو سێ لقەی تر، کوردی بەشی سوریا و تورکیا و ئێران بوو. کاتژمێر هەشتی بەیانی گەیشتینە ((بابان)) کاتێك لەسەر رێگاوە هێندێك منداڵی قژ زەرد و چاوشینم بینی، دەسبەجێ، حەپەسان گرتمی، دیارە ئەوانە نموونەیەکی تایبەتمەندی بارزانییان بن، باریك و جوان و بێگومان بە ژن و ژنخوایی و تێکەڵاویی زۆر، تا بەو رەگەزە جیاوازە دەرچوونە. ئەمە لە شێتێکی گوندەکەش کە بەیانییەکی زوو بوو ئەو هەر هات و هاواری دەکرد و لەناو کێڵگەکەوە بەردی داویشت و پاشان هات تا سەیری ئێمە بکا، وەدەردەکەوت.

خانووەکانی ئێرە زۆر لە خانووەکانی ((شیلادزە)) پێشکەوتووتر بوون. قوڕی شێلدرا و زۆر بەکارامەیی و وردەکاریی لەگەڵ بەردەکاندا بەکارهاتووە، ماندوویی تاتوانیبووی هێزی لەبەر بڕیبووین. خۆمان بەرەو یەکێك لەو ماڵە رێکوپێکە خاوێنانە خشاند و بە سوپاس و پێزانییەوە تا کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ لەوێ پاڵ کەوتین. تەماشام کرد کراسی بیجامەکە وەك سەرپۆشێکی زۆر تازیاری دژە

مێشولە وایە بەسەر سەرمانەوە، ئینجا بۆ نیوەڕۆ خواردنێکی باشیان پێشکەش کردین کە بریتی بوو لە مریشکی کوڵاو، شلەی باینجان و برنج، هەروەها ماستاویش کە ئەمەیان نییە و نابێ هەڵناگرێ، دانرابوو. هەستم کرد خەریکە تەندروستیم دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی و زۆر بە ئیشتیاوە نانم خوارد.

کاتێك خەریك بوو گوندەکە بەجێ بێڵێین، ژنێکی چاوشینی قژ زەردی دەم و چاو پانم بینی رەوەیەك منداڵی قژ زەردی چاوشینی بەدواوە بوون. پێیان گوتم ئەوە ئافرەتێکی مەسیحی بووە و بۆتە مسوڵمان و لە رووسیا شووی بە یەکێك لە پیاوانی بارزانی کردووە. حەزم کرد قسەی لەگەڵدا بکەم. ئەحمەدم ئاگادار کرد، بەڵام ئەو بە چاکی نەزانی، وەکو ئەو باسی دەکرد دێهاتییەکان حەز ناکەن قسە لەگەڵ ژنەکانیان بکرێ. ئەو پرسیارە لە مێشکمدا هەر دەهات و دەچوو:

- ئەو کچە مەسیحیە لە ژینگەی ئەو گوندە دوورە دەستە شاخاوییە کە تەواو گۆشەگیرە، مەودایەکی یەکجار زۆر لە کەس و کارییەوە دوورە، چۆن توانیویەتی خۆی بگونجێنێ؟

پاش نیوەرۆژەیەکی تر، دووبارە بەڕێ کەوتینەوە و بەسەر لێواری چیایەکدا دەڕۆیشتین کە بەسەر گوندی بارزاندا دەیڕوانی و من دەمتوانی پاسگا نزیکەکانی پۆلیس بە دی بکەم پاشان بەنێو گوندی (هۆستان)دا تێپەڕین. لەو گوندە حەڤدە پیاو چووبوونە نێو ریزەکانی بارزانییەوە. وا پێدەچوو هەر گوندە شانازیی بە پشکی خۆی لە پیاوان کە لە خزمەتی بارزانی دایە، دەکرد. وا دەردەکەوت کە هیچ لاوێکی بەدەن ساغ نەیدەتوانی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو گوشارە کۆمەڵایەتییەدا بکا کە لەسەریەتی و نەچێتە پاڵ هێزەکانی بارزانییەوە. لەو گوندە یەکێك لە پیاوەکانی کچێکی تورکمانی لە روسیاوە هێنابوو.

من لە شێوازی فرەجۆری سەرتاشینی منداڵەکانی ئەوێ حەپەسابووم. لە شیلادزە مۆدێلی بەربڵاو ئەوە بوو کە تۆپەڵە قژێك بەسەر تەپڵی سەرەوە وەك تۆپەڵەیەکی خڕ، دەهێشترایەوە. لە (هوستان). بەشێك لە پشتەمل و نێوچاوان دەهێشترایەوە، لە ئاکامی ئەوە قژەکە بە جۆرێکی سەیر و درێژ دەردەچوو، کەوابوو



ئەوان لەوە دەترسان کە لە کاتی گەشەکردنی منداڵەکە قژی ببڕن، قژی بۆ ژێر ملی و بۆ سەرچاوەکانی و سەرەوە و خوارەوەی نێوچاوانی درێژبێتەوە.

بارزانی رێگای بە ئەحمەد دابوو کە بمبا بۆ سەردانی کوڕەکانی. ئەوان لە گوندێك بوون کە من ناوەکەی ئاشکرا ناکەم. ئێمە لە گەرووی شاخێك لە دەرەوەی گوندەکە دیدەنیمان کردن. ئەوان (ئیدریس)ی لاو کە تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو. ئەو سمێڵی هەبوو، (مەسعود) کە تەمەنی شازدە ساڵ بوو، (سابیر) کە تەمەنی پازدە ساڵ بوو، (نیهاد) کە تەمەنی سێ ساڵ بوو و هەمووشیان لاوی جوان و خاوەن تەندروستی باش بوون.

(سابیر) بەلای قەڵەویدا بوو. پەیوەندییەکی دۆستانەی دەست و برد لە نێوان ئەو و ئاپۆدا دروست بوو. (سابیر) ویستی ببێتە پارێزەر و چاوساغ و هەرچی لە توانایدا بوو کردی بۆ ئەوەی یارمەتی وەرگێڕی پیرمان (ئاپۆ) بدات و ئەو کە بەسەر بەردەکاندا بازی دەدا و بەرەو لێوار شۆڕدەبۆوە و لە جۆگەکان دەپەڕییەوە، ئارەقی لێ دەچۆڕایەوە.

لەلای خوارەوەی شیوەکە دیدەنی (ئیدریس) مان کرد، و گوتی واباشترە کە نەچنە ناو گوندەکە چونکە هەندێك ((خەڵکی شەڕانی)) هەن و کەسیش نازانێ کێ ئێمە دەبینێ. هەرچۆنێك بێ هێزەکانی عێراقی زۆر لەو ناوچەیەوە نزیکن.

لە ماڵی بارزانییەوە، خواردنێکی تازیار، رەنگە بەتام ترین خواردن بوو بێ کە لە هەموو گەشتەکەماندا خواردبمان، بۆ ئێمە ئامادەکرابوو. چەند جۆرێك گۆشتی پارچە پارچەکراو کە جۆرەها گژوگیای تێکەڵ کرابوو، هەنگوین و جۆرێك پەنیری تام خۆشی، تێدابوو.

کوڕەکان هەموویان کەمێك ئینگلیزییان قسەدەکرد بەڵام بەجۆرێکی سنوردار. هەروەها گوتیان ئەوان هەوڵدەدەن کە لەسەر خوێندنی بەرنامەیی، بە شێوازی رەوان کردن و گوتنەوە لە ماڵەوە، بەردەوام بن، باوکیان لەسەر خوێندن و موتالاکردن بەتایبەتی دەربارەی شیعری کوردی، زۆر گوشاریان لێدەکا بە تایبەتی ((شیعری کوردی)).

بێگومان پیاوێکی وەکو بارزانی دەیەوێ کە کوڕەکانی لەسەر کەلەپور و وێژە و نەریتە میللییەکانی کورد، زانیارییان هەبێ. بەڵام من هیواشم بەوە هەیە کە هەندێك لە کوڕەکانی بنێرێتە هەندەران بۆ ئەوەی کە زانیارییان فراوان ببێ و تاقیکردنەوە و دووربینییان زیاد ببێ. ئەمە لە لیستی ئەو کارانە دایە کە ئەمڕۆکە بەشێوەیەکی غەمناك، کورد تێیدا هەژاران.

کاتێك خەریکی ڕۆیشتن بووین و بە نێو باخ و رەزەکاندا رێگامان دابووە بەر ،بچووکترین کوڕی بارزانییان هێنا. ئەو منداڵێك بوو کە لە تەندروستی و چالاکییدا جمەی دەهات لەوەی کە بەسەر پشتی ولاخێکەوە سوار بووبوو، رواڵەتێکی شادی هەبوو، کاتێك خەریك بوو دوور دەکەوتینەوە لە خۆشیدا هەردوو دەستی بۆ رادەوەشاندین.

لەو کاتەدا سێ چەکدارمان، کە لە هاوڕێیانی خۆمان بوون، لە پێش خۆمانەوە، بە رێگاوبانێکی ئەو تۆ بەرێ کرد کە لە هەموو گوندەکان دووربکەنەوە. ئەوان ناچار بوون رێگای زۆر سەخت بە نێوچیاکاندا بگرنەبەر بۆ ئەوەی نەتوانرێ دەسنیشان بکرێن. واپێدەچوو بێلایەنی ناوچەی بارزان مەترسی خۆی هەبوو هەر چەندە پیاوانی بارزانی دەیانتوانی بچنە ناو ناوچەکانەوە بەڵام ئاستەنگی زۆر لەبەردەم ئەم کارەدا هەبوون.

بۆ ئەوەی سەردانەکەمان بەنهێنی بمێنێتەوە، چاوەڕێ بووین تا تاریکان دادێ ئینجا قەڵەمڕەوی کۆنی بنەماڵەی بارزانی بەجێبێڵین. (من، ئاپۆ، ئەحمەد، ئەنوەر) سوار بووین و بە هێواشی بەناو شێوێکی یەکجار درێژدا کە پێچەکانی لەسەرخۆبوون شۆڕبووینەوە و پاشان لە رووبارێك پەڕینەوە و لەبەرەبەیانی سێزدەی ئاب گەیشتینە کۆتایی سنوری بارزان و لەگەڵ دەستەیەك پاسەوانی چەکدار یەکانگیر بووین کە (ژەنراڵ بارزانی) ناردبوونی و ژمارەیان پازدە کەس بوو. ئەوان پاش ئەوە گەیشتن کە چەند کاتژمێرێکی کەم، لەسەر زەوییەکی کوتراوەی خۆشکراوی دەرەوەی یەکێك لە کۆڵێتی شوانەکان نوستبووین و هەمووومان لەوێ هەڵدەستاین بە ئامادەکردنی نانی بەیانی کە نیسکافەیەکی بەنرخ ومرەبای



ئوسترالی بوو. سەرکردەی پاسەوانەکان، پیاوێکی رووخۆشی هەمیشە دەم بە پێکەنین و سمێڵێکی لەوانە هەبوو کە لە نێو پیاوانی سەربازی ئینگلیزیدا باوە. ئەو گوتی کە لە ساڵی 1945 و 1946 وە لەگەڵ بارزانی دایە و پاش گەڕانەوەی بۆ عێراق، حوکمی مردنی بۆ دەرچوو بەڵام پاشان حوکمەکەی بۆ بیست ساڵ سوك کراوە و لەوێدا پاش شەش ساڵ زیندانی لێبوردنی بۆ دەرچوو.

کاتێك کە دانیشتبووین، شوانێك کە وەك پیاوێکی سادەی دەشتەکی دەچوو، لەناکاو ئەلبومێکی بۆ هێنام کە وێنەی سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی کوردی هەر لە ساڵی 1943 تا 1946 تێدا بوو، لە کۆتایی ئەلبومەکەدا هەندێك وێنەی فوتوگرافی خۆی تێدابوو کە لەگەڵ دەستەیەك لە هاوڕێیانی خۆی، لە قوتابخانەیەکی کشتوکاڵی لە روسیا، گیرابوون.

ئێستا پێمان ناوەتە ناوچەیەکەوە کە لەوێدا ئوپەراسیۆنەکانی جەنگی بە چالاکییەوە لە گەڕدان، هەمیشە سێ کەس وەك دیدەوان بۆ بەسەرکردنەوەی رێگا لە پێش ئێمەوە دەڕۆیشتن. دەمە و عەسر گەیشتینە سەر لوتکەیەکی بەرز کە بەسەر (مێرگەسور)دا دەیڕوانی. لەوێ دیدەوانەکانمان هەر سێکیان گەڕانەوە تا ئاگادارمان بکەن کە بەیانی ئەو رۆژە ((حامیە))ی مێرگەسور بە مەبەستی مەحکەمکاری سەربازیی دوو سەد سەربازی عێراقی بۆ هاتووە، بۆیەوا بە پەسەند زانرا تا شەو دادێ لە نەدیوی بمێنینەوە. عەسری ئەو رۆژە لە جێگایەکی زۆر پەناو شاراوەدا کە بەسەر مێرگەسورەوە بوو، دەستمان کرد بە چاودێری کردنی دوو فرۆکەی عێراقی کە بە هێواشی و تەوەزەلییەوە بە ئاسمانی ناوچەکەدا دەسورانەوە، هەر وەکو بڵێی بۆ شتێك دەگەڕان. ئێمە بە دووربینی مەیدانی تەماشای ئوتومبیلە بارهەڵگرە سەربازییەکانمان دەکرد کە بە دەوری سەربازگەی مێرگەسوردا دەهاتن و دەچوون. کاتێك ئێمە لە حاڵی چاوەڕێ دابووین، ئەحمەد ئەو چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە و گوتی: لە ئازاری رابردوودا ((محەمەدەمین میرخان)) سەرکردەی ناوچەی شێروان، لە جێگایەك و لە گەرمەی شەڕدا بە پەلە دەیەوێ بریندارێك رزگار بکا، بۆ خۆی بە برینێکی سەخت بریندار دەبێ، ئەو شەویلاك و سنگی دەپێکرێ. (مەلا

مستەفا ) دەیزانی ئەگەر ((محەمەدەمین میرخـان)) نەگوازرێتـەوە بـۆ نەخۆشـخانە، ئەوا مـسۆگەر گیـانی لـە دەسـتدەدا. بۆیـە بڕیاریـدا کـە هەوڵبـدەن بینێـرن بـۆ نەخۆشخانەی حکوومەت لە موسڵ، ئەوەبوو کوڕەکەی کە تەمەنی بیـست و چـوار ساڵ و خوشکەکەی لەگەڵیدا ڕۆیشتن. نەخۆشخانەی کۆماری لە موسڵ وەریگـرتن و لەماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا برینەکەی روو لـە چـاکبوونەوە بـوو. ئـەو لـە دڵـی خۆیدا هیوای چاکبوونەوەی دەخواست تا بگەڕێتەوە بـۆ شـەڕ. ئـەو شـەوە یـەکێك پەیژەیـەك بـە پەنجـەرەی ژوورەکـەی ((میرخـان))ەوە دەنـێ لـە نهـۆمی یەکـەم. دەستڕێژێك گوللە لـە تفـەنگێکی ئوتوماتیکییـەوە دێتەبـەر گـوێ و ((میرخـان)) گیانی لەدەست دەدا. بەڵام کوڕەکەی و خوشـکەکەی بەرناکـەون. ئـەم ڕووداوە لـە هۆڵی (2) و لە ژووری تایبەتی ژمارە (1) و لـە عیـادەی تایبـەتی نەخۆشـخانەی کۆمارییدا ڕوویدا.

ئەو شەوە کە پاش ئەوە بە ناچاری ڕۆژێکی تەواو پشوومان دابوو، بە هەقیقەت تاقیکردنەوەیەکی پـڕ لـە سـەلیقە و جـوان بـوو. سـەرەتا بـە هەنـدێك هـەورازدا هەڵگەڕاین کە بە جۆرێکی سەیر رووتەن بوو و خاکێکی خۆڵەمێشی هەبوو، پاشـان بە نشێوێکدا کە زۆر لێژ نەبوو و بە داری بەڕوو رازابۆوە، لە حاڵێکدا کـە ئەسـتێرە پرشنگیان دەدایەوە و مانگ لەو دیو کێوەکەوە دیاربوو، لە گەرووەکە تێپـەڕبوین و چوینە ناو گەلییەکی فراوانەوە. دەنگی ئافرەتێك و پێکەنینی منـداڵێك و وەڕینـی سەگێك لە ئاقارێکی دووری شیوەکەدا دەهاتە بـەرگوێ کـە هـەر دەتگـوت چـەند هەنگاوێك لێمانەوە دوورن، دەنگەکان تەنیا جارێك نەبوون بەڵکو دوو سێ جـار بـە هەموو لاکانی شیوەکەدا، کە هەروەکو مەنجەڵێك دەچوو، دەنگیدەدایەوە.

مانگ بەسەر لوتکەی ئەو مەنجەڵەوە بەرزبۆوە و ئەو تیشکە کـزە رەنگاڵەیـەی بەسەر ئەو دار بەڕووە پەرت و بڵاوانەدا و بەسەر سێبەری ئەو پیاوانەدا کـە بەسـەر وڵاخـەوە دەڕۆیـشتن، بڵاودەکـردەوە. دەنگدانەوەکـە جارێـك و جـارێکی دیکـەش دەنگیدایەوە: دەنگی ئافرەت پێکەنینی منداڵ، وەڕینی سەگ و خـوڕەی هـەڵڕژانی ئاوێك کە بەسەر هەموو دەنگەکانی دیکەدا زاڵ بوو، چەندێك نزیك تر دەبووینـەوە،



زیاتر بەرزدەبۆوە. پاشان دەنگی سـەگوەڕێکی زیـاتر، زەڕە زەڕی گوێدرێـژ، زیـاتر لێمان نزیك دەبۆوە و سێبەری کۆڵێتی دێهاتییەکانمان هاتە بەرچاو کە منداڵەکانیان لەسەر بانەکان نوستبوون و دەتگوت تەرمی بچووکی مردوانن. ئەوانـە هـەموو لـە پشت چیای گەورە و زەبەلاحەوە بوون و رووبارێکی بـچووك بەوێـدا تێدەپـەڕی کـە وێنەی ئەستێرەکان و مانگ و چیاکانی دەدایەوە. پاشان ئەوێ بەجێ دەهێڵین تا بـە قـەدپاڵی چـیایەکی تـردا سـەربکەوین. نیگـەرانی لەسـەر ڕووخساری هەموانـدا بەدەرکەوت، چونکە یەکێك لە پیاوەکان دیـار نـەما. سـەرکردەکە هـەردوو لـەپی دەستی وەکو زوڕنا لێکرد و بەدەمییەوە ناو بە دەنگێکـی درێـژ کـەترس و سـامی بڵاودەکردەوە دەستی کرد بە بانگەواز کردن:

- هۆ و وو. و مەلا... هۆ و .......!!!!

دەنگەکە نـەرم بـوو بـەڵام بـە هـەموو لایـەکی شـیوەکەدا دەگـەڕا، سـەیری خوارەوەمان دەکرد و ئێمە پێش ئـەوە و پـاش ئـەوەش بـە چـوار دەوری خۆمانـدا دەمانڕوانی. ئێمە لەسەر لوتکەی چیاکاندا کـە لـە میـانی ئـەو (مەخفـەر)انـەدا تێپەڕیبووین کە سوپای عێراقی داگیری کرد بـوو، بـە چـراکانیان دەدرەوەشـانەوە و هەندێکجار پێنج سەد یاردە لێمانەوە دوور نەبوون. بەهەر حـاڵ ئـەو ڕۆژە هێزێـك بەهانایانەوە نەگەیشت، چونکە مەترسییەکی هەمیشەیی و مـسۆگەر بـۆ ئەگـەری هەبوونی کەمین لە ئارادایە.

شەو لە رووباری (موسەکە)، کە سـنوری بـارزان لـە برادۆسـت جیادەکاتـەوە، پەڕینەوە و لە بەرەکەی دیکە دوو کاتژمێر خەومان لێکـەوت و پاشـان بەرەبـەیانی ڕۆژی دواتر چووینە ناو گوندی ((هەلان)).

ئێستا لە کۆمەڵـە رووناکییـەکی دوور دەڕوانـین کـە روونـاکی هـەردوو شـارۆکەی (رەواندوز) و (دیانا) یە و سوپای عێراقی بەهێزێکی زۆر چڕەوە داگیری کـردوون و ئێمـە دەمانتوانی خێوەتەکانی سوپای عێراقی لە دەروازەی (گەلی عەلی بەگ)دا ببینین.

دەمەو بەیانێکی زۆر زوو کە لە گوندی (هەلان) نزیك دەبوینەوە، سێ ئافرەتمان بینی جلی رەشیان لەبەردابوو بە غاردان لە ماڵەکانیان دەهاتنە دەرەوە و بەرەو ئەو

ڕێگایە دەهاتن کە ئێمە پێیدا دەڕۆیشتین. وەك پێدەچوو لەو پەڕی سەرگەرمی و نیگەرانیی دابوون و دەستیان بۆ سەرەوە رووە و ئاسمان بەرز دەکردەوە و پاشان بەرەو زەوی دادەگرت و دەنگێك لە گەرویانەوە دەهاتە دەرەوە کە تێکەڵ بە گۆرانی و لاواندنەوە و گریان بوو. ئەوان لەسەر لێواری جۆگایەك راوەستان کە لەسەر ڕێگای ئێمە و ئەوان بوو وەدەستیان کرد بە گۆرانی و لاواندنەوە و ئاخ و ئۆف دەربڕین. گەورەکەیان بە قایم دەستی بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە دێناو دەبرد و سەری رادەوەشاند و بەگەرمییەوە دەگریا.

(ئەحمەد ) گوتی ئەوانە دایك و دوو خوشکن، دوو منداڵیان لە دەستداوە. ئەوان لەبەر ئەحمەد دەپاڕانەوە کە یارمەتیان بدا و هەرنەبێ دوو تەرمەکەیان بدۆزنەوە، و ئەوان تائەو جێیە بە دواماندا هاتن کە باروبارگەمان لێخست. ژنەگەورەکە سەری رادەوەشاند و دەستی ئەحمەدی گرتبوو، بە دەنگێکی قایم دەگریا و دەلەرزی و دەیناڵاند و لە دواییدا هێزی لەبەردا نەما و کەوتە سەر زەوییەکە. ئەوە تاقیکردنەوەیەکی سەخت بوو لە ناخەوە منی هەژاند.

لە کاتێکدا خۆمان ئامادە دەکرد ئەو جێگایە کە لە دەوروبەری گوندی (بێبیلا ) بوو، بەجێ بێڵین، لە وەختێکی درەنگی ئەو رۆژە، ئاپۆ هەستی بە پاشەڵی ئێسترەکەی کرد و ئاگادار بوو کە وڵاخەکە لە ژێر پاڵویەوە بە هۆی ئەو برین و روشانەیەوە، دەیناڵاند. جارێك ئاپۆی فڕێدا و جوتەی لەسەر قۆڵی دابوو و جارێکی تریش جووتەی لە لولاقی دابوو، ئاپۆ بە دەم ئازار و هاواری فریاکەوتنەوە خۆی فڕێدایە سەر زەوییەکە.

(ئەحمەد ) لە تووڕەییدا تەقییەوە و ئێسترەکەی گرت و بەدارێکی ئەستور کەوتە لێدانی، پاشان دەستی چەپی گرت و یەکێکی دیکەش هەردوو گوێی بادابوو، زینەکەیان خستەوە سەر پشتی. بەڵام دیسانەوە زۆری پێنەچوو لە کاتێکدا بە کەندەڵانێکی لێژدا شوڕدەبووینەوە، جارێکی دیکەش زینەکە لە ژێر (ئاپۆ)دا خزی و لە کاتی بەربوونەوەوەیدا قاچی لە ئاوزەنگییەوە ئاڵاو جارێکی تر گوێم لە ناڵە و



ئازاری ئاپۆ بوو. ئەو پیاوە پیرەمێردێکی نائاساییە! لەگەڵ هەموو ئەو کەوتنانەشیدا هەر دڵخۆش بوو و مەعنەویاتی بەرزبوو.

هەندێك باش بوون بەسەر چۆنێتی سواربوونەکەمدا هات، دەمەو بەیانی رۆژێك لە ئێسترەکەمەوە دەژەنی تا پێشبڕکێ لەگەڵ ((ئەنوەر ))دا بکەم، فەرماندەی پاسەوانەکان دەسبەجێ لە پشتەوە هاواری کرد:

- تۆ پێویستە وریابی. ئەگەر بکەویە خوارەوە و شتێکت بەسەر بێ بارزانی هەموومان دەکوژێ.

(جەمیل)ی دڵسۆزیش گوتی:

- بە دڵنیاییەوە تۆ دەزانی کە ئێمە دەمانەوێ ئاوا بتگەیەنینە بارزانی ... دەستی بۆ پێشەوە بە جۆرێك درێژکرد بوو هەروەکو سینییەك پێشکەش بکا کەشتێکی بە نرخی لەسەر بێ.

لەو کاتەدا پێمان دەنایە ئەو ناوچانەوە کە بەزاری سۆرانی دەدوێن لەوێ جل و بەرگیش کەمێك جیاوازی هەیە. دەلینگی شەرواڵەکەیان بە جۆرێك تەسك دەبێتەوە کە بە ئاسانی دەچێتە ناو گۆرەوییەکەیانەوە. میزەرەکەیان گولینگە و ریشوەی پێداهاتۆتە خوارەوە، هەروەکو داوێن و لێواری کەنەپەکانی دەستوری کۆن دەچێ.

وەختێکی درەنگی ئەو شەوە گەیشتینە بارەگای ((شێخ حوسێنی بوسکین)). شێخ حوسێن بەزاری سۆرانی دەدوا. هەندێك جار وام هەست دەکرد وەرگێڕانەکە بە چوار قۆناغدا تێدەپەڕێ. یەکەمجار لە زاری خۆیەوە، ئینجا بۆ ئەو زاراوەی کە (ئاپۆ ) تێی دەگا، پاشان بۆ فەرەنسی هەڵبەتە منیش لە مێشکی خۆمدا هەڵدەستم بە وەرگێڕانەوەی لە زمانی فەرەنسییەوە بۆ زمانی ئینگلیزی.

لێرە وادەردەکەوێ زۆربەی پێشەواکان لە چینی (ئاغاوەت ) بن. ئەوەی سەرنج راکێشە کە هەموو دانشتیوانی کورد بە پشتیوانییەکی ((موتڵەق)) پشتیوانی لە جوڵانەوەی نیشتیمانی کورد دەکەن، ئەمە هەروەکو هەموو رواڵەتەکان ئاماژەی پێدەکەن، لە کاتێکدا زۆر لەو کوردانەی کە لە رۆژئاوا دادەنیشن بوونەتە (جاش) و سەر بە حکوومەتن. ((شێخ حوسێن)) زۆر چیرۆکی دەربارەی شەڕەکان بۆ گێڕامەوە

کە نامەوێ لێرەدا تۆماریان بکەم، چونکە گوتوبێژ دەربارەی شەڕەکان ئەوەندە زۆرە کە لە بن نایەن و بەڵگەش لەسەر شەڕەکان ئەوەندە زۆرە کە لەناو مێشکدا وەکو مۆتەکەیەکی شێواو و لە گرێژەنە دەرچوو وابوو. کۆمەڵ کۆمەڵ دەکەونە ڕێ تا بەشداری لە شەڕەکان بکەن، جەنگاوەرانی بریندار لە مەیدانی شەڕ دەگەڕێنەوە، راوێژی ورد و مێشك هەژێن. سوڕانەوە و لە ڕێ لادان بۆ ئەوەی لە مەیدانی تەرمی کوژراوان دوور بکەوینەوە کە خەریکن بۆگەن دەکەن و بۆنەکەیان بە قەدپاڵی ئەو چیایانەدا بڵاودەبێتەوە. تەماشاکردنی یەکەکانی سوپای عێراقی و پیاوەکانی خۆمان لەسەری لوتکەکانەوە بە هۆی دووربینەوە، چاودێری کردنی فڕۆکەکانی عێراقی و خۆشاردنەوە لەو کاتەدا کە فڕۆکەکانیان داداهاتنە خوارەوە و ئاگری دۆشکا و بۆمباکانیان دەباراندە خوارەوە.

((حوسێن)) گوتی: هێزی ئاسمانی عێراقی لە ماوەی سێ مانگی رابردوودا زیاتر بۆمبای سوتێنەر و موشەکی بەکارهێناوە، هەروەها لەوەش زیاتر گوتی: هێزی ئاسمانی عێراقی کاتێکی زۆری لە سوتاندنی کێڵگەکانی کوردستاندا بە فیڕۆداوە. ((شێخ حوسێن)) بەرەو شوێنی حەسانەوەمان پێشمان کەوت تا ژەمی نیوەڕۆ بخوێن. پاش ئەوە دەستی کرد بە تەواوکردنی ئەو باسەی کە ئێوارەی رابردوو دەستمان پێکرد بوو، هەروەها داوای لێبوردنی کرد کە تەنیا ژەمە خواردنی سەربازیمان دراوەتێ. پرسیارم لە شێخ حوسێن کرد کە بۆچی لەو باوەڕەدایە کە ئەو شۆڕشە مسۆگەر سەردەکەوێ؟

جیاوازی ئەم شۆڕشە لەگەڵ شۆڕشەکانی دیکە لە چیدایە؟

وەڵامیدامەوە و گوتی:

- لە سەردەمانی رابردوودا خزمەتی سێ وڵاتمان کرد. بە فیڕۆ و بێهودە بە دڵسۆزیی و لە خۆبوردوویی خزمەتمان کرد. پاش ئەوەی ژمارەیەکی گەورەمان لێ سەربڕدراو تاڵان کرا، ئینجا بەخەبەر هاتین. ئەمەیە کە ئێمەی وریا کردۆتەوە هەقیقەتی ئەو وریابوونەیەیە کە متمانەی بە سەرکەوتن لە نێو ئێمەدا گەشاندۆتەوە.



ئینجا بە دوا ئەمەدا گوتی:

- لە رابردوودا شۆڕشەکانی پێشوو، ئەو بەرفراوانییەی ئێستایان بەخۆیانەوە نەدی بوو، راپەڕینی ئەمجارە، راپەڕینی چەند گوندێکی کەم یا چەند ناوچەیەکیش نییە، بەڵکو هەموو کوردی عێراقی گرتۆتەوە.

پرسیارم لە یەکێك لە پیاوەکانی (شێخ حوسێن) کرد کە چ جۆرە رێکخستنێکی سیاسی لەناو هێزە چەکدارەکانی کوردیدا هەیە و هێزەکەی ئەو کە وەك نموونەی هێزێکی عەشایریی وایە، بەڵام ئەو وەڵامێکی نەرێنی دامەوە و گوتی:

- کورد پێویستییان بە هیچ رێکخستنێکی سیاسی نییە و جەنگاوەران زۆر چاك درك بەوە دەکەن کە لە پێناوی چیدا خەبات دەکەن و سەرۆکیشمان بارزانییە هەموو ئامانجە سیاسییەکان لەودا خۆیان دەنوێننەوە و ئەمە هەر لە ساڵی 1932 وەوە ئاوایە.

لە بارەی تاکتیکی جەنگی عێراقییەکانەوە، پرسیارم لە یەکێك لە پیاوەکانی کرد، گوتی:

- ئەوانە هەرگیز ناگۆڕێن، تەنیا یەك شێوە نەخشەیان هەیە کە ناگۆڕێ، یەکەمجار بە تۆپ و فڕۆکە دەست بە بۆردومان دەکەن، پاشان دەست بە پێشڕەوی دەکەن، بەڵام ئێمە وەڵامیان نادەینەوە تا زۆر پێش دەکەون، ئینجا هەوڵ دەدەین پشتیان لێبگرین، ئەوانە هەرگیز دەرس لەوە وەرناگرن و جار لە دوای جار دووبارەی دەکەنەوە.

هەروەها لەمبارەیەوە ((شێخ حوسێن)) پتر لەسەر ئەم وەڵامە رۆیشت و گوتی:

- کاتێك هێزە پیادەکانی ئەوان بەرەو پێشەوە پێشڕەوی دەکەن، پیاوانی ئێمە دەست دەکەن بە خلۆر کردنەوەی گابەردی زەبەلاح بۆ ئەوەی رێگەی گەڕانەوەیان لێ ببڕین. بەم جۆرە دەکەونە ناو تەڵەکەوە و زۆرجار توانیومانە ئوتومبیلە زرێ پۆشەکانیان بخەینە ناو ئەو تەڵەیەوە.

شەوێك بەر لەوەی بگەینە بارەگای گشتی بارزانی سەردانی (عەباس مامەند ئاغا) سەرۆكی (ئاكۆ) كە گەورەترین عەشیرەتە لە رۆژهەلاتی عێراق[6] كرد. كاتێكی زووی ئێوارە گەیشتینە بارەگاكەی، و ئێمەیان بردە ناو ئەشكەوتێكەوە كە زاركێكی فراوانی هەبوو، بەلام زاركی ئەشكەوتەكەیان بەدیوارێكی بەرد هەلچنی بوو. جۆگا ئاوێكی بچووك بە بەر دەمی ئەشكەوتەكەدا دەڕۆیشت كە پیاوەكانی و ژمارەیەكی گەورە لە پەنا بەران، ئوردویان لێخستبوو. ئەوێ دیمەنی شێوەكەی ((گەلی)) هێنایەوە بیرم كە پێش چەند هەفتەیەك سەردانمان كرد بوو.

((عەباس مامەند ئاغا)) لە هەموو روویەكەوە پیاوێكی نائاساییە، ئەو پیاوێكی یەكجار گەورەیە و درێژی وی دوو مەتر و پێنج ئینج دەبێ. ئەو درێژترین كوردێك بوو كە من چاوم پێ كەوتبێ. ئەو بەشێوەی حوكمێكی راستەوخۆ و ئۆتوكراتی حوكمی عەشیرەتەكەی دەكا كە پیاو لە رۆژگاری ئەمڕۆدا پێشبینی ئەوە ناكا ببینێ.

ئەو بەوە ناوبانگی دەركرد كە سالانێكی زۆر ئامادە نەبوو رێگا بە پیاوەكانی عەشیرەتەكەی بدا كە بچنە خزمەتی سەربازی كە سوپای عێراقی داوای دەكا، ئەو گوتی:

- ... بەلام لەو چوار سالەی دواییدا دەستمان كردووە بە ناردنیان تافێری بەكارهێنانی چەكی نوێ بن.

هەروەها ((عەباس))، ناوبانگی بەوەش رۆیشتبوو كە رەتی كردەوە كە لە ئاهەنگەكانی (تاج لەسەرنانی)ی مەلیك فەیسەلی دووەم لە بەغدا بەشدار ببێ و هەروەها بەو هۆیەشەوە ناوبانگی هەبوو كە بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی خۆی هەلنەبژارد، ئەوەشی رەت كردەوە كە رای خۆی بدا بە یەكێتی نێوان عێراق و ئەردەن.

---

[6] رەنگە وا دروستتر بوایە كە بیگوتبایە یەكێكە لە عەشیرەتە گەورەكان. چونكە بۆ نموونە جاف زۆر گەورەترە لە ئاكۆ. (ج.ف)



(عەباس مامەند) كوڕێكی جوانی خۆی لەگەلدا بوو كە تەمەنی دوازدە یا چواردەسال بوو تفەنگەكەی باوكی هەلدەگرت.

چوارمەشقی لە لای راستی (عەباس مامەند ئاغا)) لەناو ئەشكەوتەكە دانیشتبووم، هەولمدا رایكێشمە ناو پرسیارانەوە. وەلامەكانی ئەو هەموویان یەك بڕگەبوون. هەر كە لە وەلامەكەشی تەواو دەبوو رووی وەردەگێڕا و بە زمانی كوردی لەگەل كەسێكی تر كە لە لای چەپیەوە بوو، قسەی دەكرد. ئەم رەفتارەی نێزیك بە سوكایەتی یان بریندارکردن بوو، گەرچی من دلنیابووم كە ئەم كارەی بەمەبەستەوە نەدەكرد و بە ئەگەرێكی زۆرەوە لە ژێر پرسیارگەلی رۆژنامەوانێكدا بێتاقەت و تەنگەتاو بوبێ. هەمان پرسیاری ((شێخ حوسێنی بۆسكێن))م لەویش كرد:

بە رای تۆ مەرام لە سەركەوتنی ئێوە چییە؟ وەلامی دایەوە گوتی:

- مەرام لە سەركەوتن تێكهاڕینی سوپای عێراقی، یاخود داگیركردنی بەغدا نییە، یا تەنانەت روخاندنی حوكمی (قاسم)یش ناگرێتە خۆی بەلكو مەرام رزگاركردنی ناوچە كوردییەكانە، ئەمەش تاكو ئێستا نیوەی هاتۆتەدی.
- هەروەها (عەباس مامەند ئاغا) ئاگاداری كردین كە بارزانی لەبارەی كاتی گەیشتنی ئێمە چەند جارێك پرسیاری كردووە، لەوەڕا تێگەیشتم كە لە بە دواكەوتنی وادەی چاوپێكەوتنەكەم ئارامی لەبەر بڕاوە.

عەسری رۆژی دواتر لەسەر رێگای خۆمانەوە لە دۆلی (بلە) لەسەر كانییەك راوەستاین پێی دەگوترا ((سپندار))، لەوێ چاومان بە كەسێك كەوت ناوی (كوكس) بوو، كەسایەتییەكی شكۆمەند و كوڕی باوكێكی ناودار بوو. كاتێك بەرەو بارەگای بارزانی دەڕۆیشتین لە رێگا چیرۆكی باوكی ((سەید تەها))ی بۆ گێڕاینەوە. (سەید تەها) لەگەل پێشەوایەكی بەناوبانگی كورد (سمكۆ) شەڕێكی درێژ و توندوتیژی كرد. هەروەها دەیگوت كە باوكی دووجار لەگەل رووسەكان، جارێك لەگەل عوسمانییەكان، یەكجار لەگەل ئاشورییەكان و یەكجاریش لەگەل ئێرانییەكان هاوپەیمان بووە، ئەم هاوپەیمانییەشی هەمیشە بۆ بەرژەوەندی كورد و لە پێناوی دۆزی كوردیدا بووە.

هەروەها دەیگوت کە کە باوکی لەگەڵ هەڤاڵێکی خۆیدا (عبدالرضا) لە ساڵی 1914 پەنایان بردە بەر روسیا، بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن گرنگی پێدانی حوکمی قەیسەریی روسیا بۆ سەر دۆزی کورد رابکێشن. کاتێك کۆمۆنیستەکان پەیدابوون و دەستیان بەسەر فەرمانڕەواییدا گرت گەڕایەوە بۆ کوردستان و هەوڵیاندا لەگەڵ تورکاندا رێکبکەون بەڵام ئەوان جگە لە دوژمنایەتی شتێکی تریان پیشان نەدا و (عبدالرضا) یان ژەهرخوارد کردوو کوشتیان. کاتێك ((سەید تەها)) هەستی کرد نۆرەی تیرۆرکردنی ئەویش هاتووە. یەکەمجار پەنای بردە نێو چیاکان و پاشان بەرەو ((رەواندز))ی عێراق هات و لەوێ بوو بە قایمقامی رەواندز. ئەمە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی و لە ژێر دەسەڵاتدارێتی راستەوخۆی داگیرکاری بەریتانی دابوو. ئەم پایەیە بەرامبەر بە فەرمانڕەوایی ناوچەیەك دەوەستێتەوە. پاش چەند ساڵێك (رەزا شای ئێران) پێشنیاری کرد کە بگەڕێتەوە بۆ تاران و لەوێ ئەویشیان ژەهرخواردوو کرد[7].

هەر چەندێك بە نێو مێژووی بنەماڵەی ئەو خەڵکانەدا دەچوومە خوارەوە بۆم دەردەکەوت کە زەبروزەنگ، مردن، ناپاکی و تێکۆشان، پاژێکن لە بوونی ئەوان و لێیان جیانابنەوە.

ژەمی نیوەڕۆمان لە گوندی ((سەرە)) خوارد. ئەم گوندە بەسەر زنجیرە چیایەکی زۆر بەرز لە چیاکانی ((کوردوچی)) دا دەیڕوانی کە ((گەزەنفون Xenophon)) پێیدا تێپەڕیووە. ئەو نووسیویەتی و دەڵێ: دانیشتوانی ئەو ناوچانە ئەوەندەیان دەردەسەری بۆ نایەوە کە بە هەموو سوپاکانی وڵاتی فارس ئەوەیان بۆ نەکراوە.

[7] دوای لاگیربوونی سەید تەها لە قایمقامی رەواندوز لە سەرەتای سییەکاندا، سەفەری کرد بۆ ئێران و لە تاران نیشتەجێ بوو، چونکە لەوێ موڵکێکی زۆری هەبوو. ئەو، لە ساڵی 1939دا لە هەل و مەرجێکی نادیاردا مرد کە راستییەکەی نازانرێ، هەروەها ئەوە ساخ نەبۆتەوە کە ئایا بە مردنی تیرۆر و توندوتیژی مردووە، ئەو پیاوێکی زۆر گەورە بوو و بە رادەیەك زۆر خۆر بووە کە جێی باوەڕنەبووە، گومان بۆ ئەوە دەچێ کە ئەمە هۆکاری مردنەکەی بوو بێ (ج. ف)



بە رێگایەکدا کە بڕانەوەی نەبوو، دەستمان کرد بە شۆڕبوونەوە. ئێمە لە گوندی (سەرە) وە دەڕۆیشتین. بەدەم رێگاوە بەدەم خواردنی ترێیەکی خۆش و رەنگ شین و دیمەنی سەیری سروشتییەوە، خۆمان کەیف خۆش دەکرد. یەکێك یان دوان لە پاسەوانەکان هەڵوەدا بوون بە دوای باشترین هێشوەترێ و نایاب ترین هەنجیردا، بەسەر ئەو رێگایەوە کە پێیدا دەڕۆیشتین، بگەڕێن هەندێکیان لەوانە بۆ من دەهێنا.

هەستکردن بە سەرزەنشتییەکی ویژدان یان داوای پۆزشێك لە بەرامبەر ئەو کارەدا کە کردوویانە، بەوانەوە دیار نەبوو، وایان دادەنا کە ئەمە مافێکی سروشتی جەنگاوەرانە. لە راستیدا هەرگیز نایەتەوە بیرم گوێم لە جوتیارێکی کورد بوبێ رێگای بە پیاوەکانمان گرتبێ یان بە روویاندا هەڵشاخابێتەوە لەوەی کە دەستیان بۆ بەرهەمی باخچەکان درێژ کردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆربەی جارەکان ئەوان خۆیان تازەترین و باشترین بەرهەمیان پیشانی ئێمە دەدا.

کاری بە دووداگەڕان بە دوای نایاب ترین بەروبوومدا یەکێکە لە جوانترین لایەنەکانی جەنگ لە چیاکانی کورددا. بەتام ترین بەروبووم، هەموو جارێك لە باخچە و رەزی جوتیارەکانەوە نایەت، بەڵکو لە دار هەنجیر و دارمێوی کێوییەوە. هەرگیز شیرینی ئەو ترێ دەنك رەشە بچووکانەم لە بیرناچێتەوە کە بە درێژایی (رێگای هاملتون)[8]. لە رەواندزەوە تا دەگاتە (خانە) کە لە مەودایەکی زۆر نزیك لەسەر سنوری ئێران هەڵکەوتووە، بەرچاو دەکەون.

(هاملتون) ئەندازیارێکی هەڵکەوتووی ئینگلیزی بوو. لە سەرەتای ساڵانی چلەکاندا ئەم رێگایەی بڕیووە و خۆشی کردووە. ئەو کتێبێکی وەسفنامەی شاکاری بە ناوی ((رێگایەك لە کوردستان)) نووسیوە.

[8] مەبەستی دانەر ئەو رێگایەیە کە هاوڕێمان، هاوڕێی مەزنی کورد (أ. م. هاملتون) لە نێوان ساڵانی 1928-1932 هەر لە شەقڵاوەوە تا دەگاتە حاجی هۆمەران لەسەر سنوری ئێران، بڕیویەتی و رایکێشاوە. ئەم کارە لە کاتی خۆیدا بە شاکارێکی مەزنی بواری ئەندازیاری دەژمێردرا. وێرای ئەم رێگایە کتێبێکی جوان و سۆزدارانەی نووسیوە کە ئێمە وەرمان گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. (دار العروبە) لە بەغدا ئەرکی بڵاوکردنەوەی گرتە ئەستۆ. کتێبەکە بەشێکی لێ چاپ بوو بوو کە ئێمە پایتەختمان بەجێهێشت. (ج. ف)

به بازنەیەکی فراواندا سوڕاینەوە تاڕێگاکە ببینین، بەشێکی جادەکە هەڵتەکاوە یا چاڵی تێکەوتووە، یان گابەردی زەبەلاحی کەوتۆتە سەر تا ڕێگا بە ئامێرەکانی (قاسم) نەدەن تێپەڕ بن. لەوانەیە بەم کارە لاسای ئەو میللەتەیان کردبێتەوە کە نێزیك بە دوو هەزار و سێ سەد ساڵ پێش ئێستا دەردە سەرییان بۆ ((گەزەنفون)) نابێتەوە. ئەو شەوە بە درێژایی هەڵهاتنی مانگەشەو بە سواریی ڕێگامان کوتا. پاشان لە گوندێك پێیان دەگوت (گەرەوانی سەرەوە)ماینەوە و لەوێ نانمان خوارد. (ئەحمەد) لە خەو هەڵیستاندین بۆ ئەوەی مژدەیەکی خۆشمان بداتێ. ئەو تەتەرەی کە لە پێش خۆمانەوە ناردبوومان، گەڕابۆوە تا هەواڵی ئەوەمان پێڕا بگەیەنێ کە ئێستا بارەگای گشتی بارزانی چەند کاتژمێرێکی کەم لێمانەوە دوورە و بارزانی لەوێ چاوەڕێمان دەکا.

# بەشی دوازدەیەم

## گوتوبێژ لەگەڵ بارزانی ((ئابی 1962))

چەند رۆژێك ماینەوە، لەمەودای تەنیا رۆژێك! لە بارەگای ژەنراڵ بارزانی دووربووین، بەڵام ئەو بە هەمان خێرایی یاخود زیاتر لە ئێمە، دەیگوازتەوە. ئەمجارەیان ژەنراڵ بارزانی رادەوەستێ و لە کاتژمێر حەوت و چل و پێنج دەقیقەی بەرەبەیانی رۆژی پازدەی ئاب گەیشتینە بارەگای بارزانی. کورەکەی ((عوبێدولا)) کە وێنەیەکی تەواوی باوکی خۆی بوو لەگەڵ هەندێك لە ئەفسەرانی دیکە لە مەودای نیو کاتژمێر رێگا دوور لە بارەگا پێشوازییان کردین لە واقیعدا ئەوە شتێکی گەوجانە بوو کە پێشبینی ئەوە بکەم کە رێ و رەسم و نیشانەگەلێکی تایبەتی لە دەوروپشتی بارەگای بارزانی هەبێ تا نیشاندەری ئەوەبێ کە ئەم پیاوە کەسایەتییەکی مەزنە. بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەشی کە ئەو هەموو رۆژێك بارەگای خۆی دەگوازێتەوە و کەمترین بار و بارگە لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ و چەند لە توانادا بێ کەمترین یارمەتیدەر و دەستەی (ئەرکان) لەگەڵ خۆیدا دەگێرێ. رواڵەتی بارەگا لە رواڵەتی هەر ناوەندێکی دیکەی سەربازی جیاواز نەبوو.

فەرش و رایەخەکان لە دەرەوە بە هەردوو تەنیشتی جۆگا ئاوێك راخرابوون کە بە کۆنکریت دارێژرابوو، لە ژێر سێبەری لق و گەڵای درەختەکانەوە دانرابوون. لە یەکێك لە تەنیشتەکانی کە ئاستی لێوارەکانی نزیکەی دوازدە ئینجێك لە ئاستی ئاوەکە بەرزتر کرابوو، جێگایەك بۆ بارزانی و بۆ ئێمە تەرخان کرابوو.

بە ئێمەیان گوت کە بارزانی شەوی پێشوو تا کاتژمێر سێ و نیوی بەیانی نەنوستوە و ئەو، هەروەك نەریتی خۆی گوێی گرتوە و راپۆرتی خوێندۆتەوە و فەرمانی دەرکردووە لەبەر ئەوە ئێستا نوستوە و پێویستە چاوەڕێ بکەین.

لە ژێر کەپرەکەدا دوازدە یان پازدە پیاو کۆبوونەوە. لە پشت ئەوانەوە لەناو بازنەیەکی بەرفراواندا هێسترەکان و بارەکان و ئاگردانی سەربازگەکان و رایەخی سەفەری و پیاوەکان بە تێکەڵاوییەکی شێواو لە مەیدانێکی بەربڵاودا، بڵاوبوونەوە. لەناو ئەو پیاوانەدا سێ ئەفسەری تێدابوو کە بەم دواییانە ریزەکانی سوپای



عێراقیان بەجێهێشتبوو. ئەوانە (رائید باقر[1] عەبدولکەریم) و (موقەدەم روکن عەزیز عەقراوی) و (مولازم عەزیز ئەتروشی) بوون. ئەو رائیدە لە رۆژانی مهاباد لەسەردەمی کۆماری بەخترەشدا لەگەڵ بارزانی بوو. ئەو پوختەیەکی کورتی لە بارەی پێکهاتەی سوپای عێراقی دامێ. گوتی دەتوانرێ سوپای عێراقی بۆ چواربەش دابەش بکرێ: ((بەشێکیان هاتونەتە پاڵ ئێمە، بەشێکیان هەڵاتووە، بەشێکی مردووە. ئەو بەشەشی کە ماوەتەوە بە تەواوی وورەی بەرداوە.

هەرکام لە (عوبێدولا)، عومەر و یارمەتیدەری پێشکەوتووی ژەنراڵ، کاتی بەتاڵیان بە گوت و بێژ دەربارەی گەشتەکەمان و وەرگیرانی هەندێك لەو راپۆرتانەی لە دەزگا بێ تەلەکانی ناردن و وەرگرتنی حکومەت گیرابوون، دەبردەسەر.

ئەم راپۆرتانە هەمیشە و هەردەم ((دەنگوباسەکان))ی ئەو بروسکانە بوون کە راڤەی ئەو ئاکام و بەرەنجامانەیان دەکرد کە لە ئاکامی بۆمبارانی هێزی ئاسمانی عێراقییەوە هاتۆتە کایەوە. ((عومەر)) گوتی بەر لە دە رۆژ پێش ئێستا گوندی ((گەرەوان)) بۆمباران کرا لەو کاتەدا بارزانی لە نزیکی ئەوێ بارەگای دانابوو. پیاوەکانی لەو باوەڕەدابوون کە موشەك هاوێژەکان بەرادەیەکی ئەوتۆ نزیك ببوونەوە کە بەرێنوێنی جاسوسەکان بۆمبارانیان دەکرد.

وام هەست کرد کە تاڕادەیەك هەروەکو لە شانۆیەکدابم و چاوەڕێی لادانی پەردە لەسەر رۆمانێك دەکەم، تەنیا لەم بۆنەیەدا وێرای ئەکتەران خۆم لە سەر شانۆ دەبینی هەروەها وام تێبینی دەکرد هەر کەسێك لە دەستەکەمان، لە شەوی رابردوو، هەلێکی وەگێرهاتووە تا ریشی بتاشێ.

دەوروبەری کاتژمێر نۆی بەیانی لە ناکاو و بێچاوەڕێ کردن، لە پشت ئەو جێگایەوە کە کۆڕی دانشتنەکەی لێ بوو، بارزانیمان لێ بەدەرکەوت. ئێمە بەر لەوەی بتوانین هەستینە سەر پێ، لەو جێگایە کە بۆیان دیاری کردبوو، دانیشت. تراشی نەکردبوو سەرقاڵ دەهاتە بەرچاو.

[1] دەبێ مەبەست رائید بەکر عەبدولکەریم بووبێت، چونکە لەو ئەفسەرانەی لێرە ناویان دەبات، تەنیا ئەو لە کۆمار بەشدار بووە. (و. ك)

ئەو تائەو پەڕی توانا کە دەرەتان هەیە کەمترین وتەی بەخێرهێنانی بۆ ئێمە هەڵبژارد، چ گۆڕانێکی کتوپڕ و گرژبوون بوو بەسەر ئەو هەموو بەخێرهێنانە تەڕوپاراوە هات کە بە درێژایی ئەو گەشتە لە هەموو جێگایەکی وڵات بینیبووم.

هەوڵمدا پەیوەندییەکی دۆستانە و هاوسۆزی لەگەڵ بارزانی بسەلمێنم و ئەو چاوپێکەوتنەی خۆمی بەبیربهێنمەوە کە لە کانوونی یەکەمی 1959 کە ئەو دەمە لە بەغدا بوو، لەگەڵیدا کردبووم. وەڵامیدایەوە کە ئەو بۆنەیەی نایەتەوە بیر و بەو هۆیەوە داوای لێبووردنی کرد.

هەستم زیاتر بەرەوگرژبوون و نائومێدی دەبردم. بە لێشاوێك لەو پرسیارە هەڕەمەکییانەی کە پێشتر لە لیستێکدا ئامادەم کردبوو. دەستم پێکرد. بەڵام نەمتوانی شتێکی گونجاو لە وەڵامەکان جگە لە چەند (تەعلیقێکی) گشتی و دوعا و وشەی چاکە و ئاوات خواستن بە خێروچاکە، هەڵبهێنجم. بەو پێیە بە سەرنجدان لەو ناوچەیە کە هێزەکانی داگیریان کردووە وەڵامیدایەوە و گوتی:

- ئەمە لە فەزڵ و یارمەتی خواوەیە.

لە بارەی نەخشەکانی بۆ داگیرکردنی باقی ناوچە کوردنیشنەکانی دیکەی عێراقەوە گوتی:

- ئامانجی من ئەوەیە کە گەلی کورد بگاتە ژیانێکی سەقامگیر و ئارام. لەوەشدا خوا لە پشتمانە.

هەستێکی سارد دایگرتم لەوەی کە ئەو چاوپێکەوتنەم، کە ئەو مەودا دوورەم لە پێناویدا بڕیوە. خراپترین چاوپێکەوتن دەبێ.

لەو ماوەی بێدەنگییە ناخۆشەی نێوان قسەکردندا، (ئەحمەد)، هانیدام ئەو دووربینە دووچاوە سەربازییەی کە وەکو دیاری بۆ ((بارزانی))م هێنابوو، پێشکەشی بکەم.

((بارزانی)) بە شادمانییەکی ئاشکراوە وەریگرت و چەند دەقیقەیەکی دوای ئەوە خەریکی تاقیکردنەوەی بوو. ئەوە یارمەتی دام کە ئەو ساردییە بشکێت و وردە وردە گەرم وگوڕی کەوتە گیانی بارزانی. لەوانەشە ئەو بەشێوازێکی تایبەتی خۆی بۆ شەپۆلی درێژیی دەروونی ئاخێوەرەکەی خۆی گەرابێ.



هەستم کرد ئەو پیاوە لە ژێر باری غەمێکی گەورەدایە. ساڵ و نیوێك پێش ئەوە لە بەغدا رووگەش و جوان و چالاك دەهاتە بەرچاو. کێشی چەند پاوەنێك لە ئێستا زیاتر بوو. بەڵام ئێستا چرچ و لۆچییەکانی رووخساری پتر قوڵ ببوونەوە و رواڵەتی شکۆمەندی و سامناکی زیاتری لێوەدیار کەوتبوو، بە رەنگێك کە قورسایی بەرپرسیاریی شۆڕش کە ئەو سەرکردایەتی دەکا، کەوتبووە سەرشانی. بارزانی جلی ئاسایی کوردی بە رەنگی خۆڵە مێشی و سپی لە بەردابوو. جلەکانی بارزانی لە جلەکانی پیاوەکانی زیاتر نەبوو هەروەکو کەمتریش نەبوو. تاکە شتێك کە خۆی پێوە خەریك دەکرد دارجگەرەکەی و قەڵەم بڕێکی بچووك بوو. بەو قەڵەم بڕە میسواك بە دوای میسواکدا لە پارچە تەختە دایدەتاشی و وادەهاتە بەرچاوم کە لەو پارچە دارە بچوکانە گەورەتربن کە بۆشایی نێوان ددانەکانی پێ پاك دەکرێتەوە.

پاش دوو کاتژمێر ئاخاوتن لە قسە و باسی گشتی بێ ئەوەی ئەنجامێکی هەبێ هەستم کرد کە من وەختێکی زۆرم لەو پیاوە مەزنە گرتووە و پێشنیارم بە وەرگێڕەکەم کرد کە کۆتایی پێ بهێنین. بەڵام من لەو پیاوە تێنەگەیشتم، ئێستا... تەنیا ئێستا خەریکە لەگەڵم رادێ و پێم ئاشنا دەبێ. هەرچەندە ئەو ماوەیەکی درێژی لەبەربوو دەستی لێم بەتاڵ ببێ.

تادەمی نانی نیوەڕۆ قسەمان کرد. پاشان بۆ سەرسوڕمانی من سینیەك هات و لە نێوان هەردووکماندا دانرا. سینیەکە برنج و پارچە گۆشتی مریشکی لەسەر بوو. پاش چەند رۆژێك بۆم دەرکەوت کە خواردن لە بارەگای بارزانی لەوانەیە لە خواردنی هەموو ئەو گوندانە خراپ تر بێ کە ئێمە لە رێگا توشیان هاتین. ئەو، تایبەتمەندی نەبۆ خۆی و نەبۆ ئەوانەی لە دەوروبەری ئەون، ناوێ.

پاش ئەوەی نان خواردن تەواو بوو هەستایە سەرپێ و چەند هەنگاوێك لەو شوێنە دوور دەکەوتەوە کە لێی دانیشتبووین. چاوەڕێ بوو تا جەنگاوەرێك هات و ئاووسابوونی هێنا و دەستەکانی شوشت، هەروەکو چۆن لە پێش نان خواردن دەستی خۆی شوشت و گوتی پاشان دەتبینمەوە. ئەوەی گوت و بێ هیچ رواڵەتێکی رەسمی بەجێی هێشتن.

پاش دوو کاتژمێر هاتەوە. ئەمجارەیان تراشی کردبوو و پتر ئاسودە بوو. کە سەرنجمدا بۆ لای ئێمە دێ، هەستامە سەرپێ و رووم تێکرد و بەو گوزارشتە فەرەنسییە گوتم:

- Mon Genaral.

ئاوڕی بۆ لای ئاپۆدایەوە و لە نێوان گاڵتە و جیدیدا گوتی:

- من ژەنراڵ نیم.من تەنیا مستەفام. بە رۆژنامەکەت بڵێ کە من هێندەی نینۆك برێك گرنگی بە نازناو نادەم. من تەنیا تاکێکم لەگەلی کورد. بەڵام من نەمتوانی خۆم بخەمە بارێکەوە کە تەنیا بە (مستەفا) ناوی بەرم. بوونی ئەو، پێویستی بە جۆرێك ئاخاوتنی پڕ لە رێز لێنان هەبوو. هەروەکو تێبینی ئەوەشم کرد کە ئەو کوردانەی دەوروپشتم هەرگیز بەو شێوە باوە کە لەناو کورد هەیە واتە بە نازناوی (کاك) کە ماناکەی ((برای گەورەم)) دەگرێتەوە و لەگەڵ وشەی ((مستەر))دا لە ئاخاوتنی ئاساییدا، بەرامبەر دەبێتەوە. بانگی ناکەن. ئەوان بە ((مامۆستا))[2] ناوی دەبەن کە ماناکەی لەگەڵ وشەی ((گەورەم)) نزیك دەبێتەوە.

بەم جۆرە ئەو رۆژە و رۆژی دواتر و رۆژی سێیەم گوتوبێژەکانمان درێژەی هەبوو. هەروەها لەوێوە لە گەشتێکی لاوەکیدا بۆ سەردانی بنکەیەك لەو بنکە هەمیشەییانەی کورد کە لە ((بێتواتە)) بوو، کەوتمە رێ، لەوێ سەربازگەی دیلەکانی جەنگ و وێستگەیەکی وەرگرتنی بێتەل، ئەمباری کەلوپەل، کارگەیەکی چاککردنەوە و نەخۆشخانەیەکی بچووکی لێبوو.

گەڕامەوە بۆ لای بارزانی لە جێگایەکی نوێ و لەوێشەوە بۆ سەربازگەیەکی دیکە لەناو ئەشکەوتێکی گەورە، لەوێوە بۆ سەربازگەیەکی دیکە لە جێگایەکی

[2] پێموانییە ((مەلا مستەفا)) حەز بکا بە وشەی ((مامۆستا)) بانگ بکرێ. چونکە ئەو خۆی بە مامۆستا دانانێ. من خۆم ئاگام لێبوو بە توڕەبوونێکی راستەقینە لەکەسێك توڕە بوو کە بە ((مامۆستا)) بانگی کرد. ئەو، هەر بەعادەت بە وشەی (ئەزبەنی) بادینانی بانگ دەکرێ کە هەمووان لە نێوان خۆیاندا بە یەکسانی بەکاری دەبەن. (ج. ف)



بەرئاوەڵادا کە لە بناری چیایەکی بەرز بوو، لەوێ دانیشتین و لە ژێر پرشنگی ئەستێراندا زۆرمان قسەکرد، پاشان دووبارە گەڕاینەوە بۆ بارەگایەکی کاتی کە لە نیوەشەودا بارەگایان لە گوندی ((هیران)) خستبوو. پاشان بۆ ئەشکەوتێکی دیکە و بۆ جێگای حەسانەوە لە بن شکونێکی بەردینی گەورەدا کە بەسەر دۆڵی خۆشناوەتیدا دەیڕوانی. پاشان بەشەو لە گوندێکی دیکە لە نزیك کانییەك و لەناو باخچەی مزگەتێکدا و ئنیجا لەوێ ماڵئاوایمان لە یەکتری کرد. ماوەی سەردانەکەم دە رۆژی خایاند و زۆر بابەت و زۆرحاڵەتی دەروونی بەخۆیەوە گرت.

((مەلا مستەفا)) لەگەڵم راهات و لەدواییدا بە ئازادی و بە رەوانییەوە لەگەڵمدا دەدوا. من بارزانیم وەك پیاوێك ناسی کە لە هەموو هەلومەرجەکاندا کەرامەت و سەنگینی لێی جیانەدەبۆوە. واهەبوو توڕە ببێ بەڵام نەك بە سەختییەك ببێتە بەڵگە لە سەری. ئەو پێدەکەنی، بەڵام لە قاقای نەدەدا. ئەو سوور بوو لەسەر ئەوە لەگەڵ پیاوەکانی نان بخوا یاخود لەو خواردنە بخوا کە ئەوان دەیان خوارد و زۆربەی کات بەپێی خۆی، ئەو مەودایانە دەڕۆیشت کە پیاوەکانی پیادە بوون و سواری ئەسپ یا هێستر نەدەبوو گەرچی هەمیشەش بۆی ئامادەکرا بوو.

هەرچەندە ((بارزانی)) بەو رواڵەتە دیموکراسیانە بە دەرکەوت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە ئەو رواڵەتانەی، کە من بە ((پارێزگاریخوازی ئەرستوکراتییانە)) ناوی دەبەم، دەپاراست. ئەو، لەگەڵ سەردانیکەر و میوانانی گاڵتەوگەپی دەکرد، بەڵام نەك تائەو رادەیە هەموو پەرژینێك لە نێوانیاندا هەڵبگرێ. تا ئەو رادەیە کە دەرەتانم بۆ لوا ئەنجامگری بکەم هاوڕێیەکی نەبوو کە خۆشەویستییەکی لە رادەبەدەری بداتێ و پیاوەکانی دەوروپشتی خۆی بەردەوام لە ئاڵوگۆڕدا بوون بۆ ئەوەی هیچ کەسێك بواری ئەوەی نەبێ لافی ئەوە لێبدا کە ئەو نزیکترین و لە پێشترین و هەروەها خاوەنی نفوزێکی رەهایە بەسەر ئەوەوە. لە نێو یارمەتیدەرەکانیدا کەسێك نییە ((یارمەتیدەری دەستە راست)) بێ و هەروەها ((یاوەری تایبەتی و هەمیشەیی)) نییە. شێوازی ئەو لە گۆڕینی ئەڵقەی ئەو پیاوانەدا کە هەمیشە لە دەوروپشتی بوون، هەمان ئەو شێوازە بوو کە لە جێگایەکەوە دەیگوازتەوە بۆ جێگایەکی دیکە، کە لەوانەیە لە لایەکەوە

وەك كار راستایی بۆ سەلامەتی و خۆپارێزی بێ، لە لایەکی دیکەوە ئەوە شێوازی ئەو بێ بۆ ئەوەی لەگەڵ فراوانترین کۆمەڵ لە تاکەکانی گەلەکەی لە پەیوەندییەکی راستەوخۆدا بێ. ئەو، پشتەوانی سیاسی خۆی لەگەڵ زۆرترین خەڵك و زۆر لە هۆزەکان بنیاتدەنێ و دەتوانێ لەو پەڕی ناسکی و سیحر ئامێزیدا بێ و هەروەها دەشتوانی لە هەندێك باردا بگاتە سنوری دڵڕەقی و سەختی نواندن. زۆرجار تێبینییەکانی خەسڵەتی تەمومژاوی بوون یان شێوازێکی پێشبیانەی پێوە بوو کە سەردانیکەر والێبکا پرسیار لە خۆی بکا ئایا بارزانی پەی بەوە دەبا کە سەردانیکەرەکەی لە پرسیارەکە تێناگا یان ئەوەتا لەو پرسەدا لەگەڵیدا هاوڕانییە. لەوانەشە شتێك لەویان بێ وشتێکیش لەمیان بێ. ئەو پێویستی بەو جۆرە تاقیکردنەوە و رۆشنبیرییە هەیە کە یارمەتی دەدەن تا پرسیارەکان بەو شێوەیە شی بکاتەوە کە مرۆڤی رۆژئاوایی بە شیکردنەوەیەکی مەنتقییانەی دادەنێ. لە هەمانکاتدا ئەو خاوەن مێشکێکی سیاسی زۆر پێشکەوتووە کە یارمەتی دەدا بەرەو قوڵایی ناوەوە شۆڕببێتەوە تا دەگاتە ئەنجامی کۆتایی یان ناو دڵی مەسەلەکە لە کاتێکدا کەسانی تر دەبینی هێشتا لە نێو تەنکاوی باسەکەدا مەلەکە دەکەن.

جێگۆڕکێ و گواستنەوەکانی ئەو، هەمیشە بەنهێنیێ بەڕێوەدەچوو، هەرچەندە ئێمە کە زۆر بە توندوتۆڵی بەوییەوە گرێدرا بووین، کەچی هەر رۆژێك کە لە خەو هەڵدەستاین دەمان دی (بارزانی) لە کاتی شەودا لە جێگای خۆی نەماوە و بەرەو سەربازگەیەکی دیکە گوازتویەتەوە. ئەو جێگایەش جگە لە کەسانێکی زۆر کەم نەبێ، ئەوانەی کە زۆر لێی نزیك بوون وەکو ئەو پیاوانەی کە بەرپرسی کاروباری ژیانی رۆژانەی بوون و هەروەها پیاوانی کە پاسەوانی تایبەتی خۆی بوون. هەروەها ئەوانەی کە من ناوم نابوون (تایبەتمەندەکان)، لەوانەش ((جەمیل)) کە چای بۆ ئامادە دەکرد، ((تەها)) کە بەسەر هێسترەکەی رادەگەیشت، و ((یونس)) کە دووربینەکەی بۆ هەڵدەگرت و ئاوی خواردنەوەی بۆ هەڵدەگرت، ((سالم)) کە



ئامێرێکی ئاسنی پێ بوو ئەو زەوییەی بۆ خۆش دەکرد کە لەسەری دادەنیشێت و لەسەری دەخەوت، هەروەها ((سەید عەبدولڵا)) کە چێشتی بۆ لێ دەنا.

(عەلی شەعبان) و (حاچك محەمەد) سەکردەی پاسەوانی تایبەت بوون کە ژمارەیان دوازدە کەس بوو. سەرەڕای ئەوانە هەمیشە نزیکەی سەد کەسی تر هەبوون کە لە زەوییەکانی دەوروپشتی ئەوێ بەسەر سەنگەرەکاندا دابەش دەبوون.

لەگەڵ ئەوەشدا کە کارێکی سەختە وەڵامێکی راستەوخۆ لە پرسیارێکی راستەوخۆ کە ئاراستەی (مەلا مستەفا) دەکرێ، وەربگری، بەڵام بەخێرایی درکم بەوەکرد کە حەز دەکا بیروڕاکانی خۆی بە شێوازی مەسەل و چیرۆك هێنانەوە بخاتە روو. یەکێك لەو مەسەلانە کە ئەو پەسەندی دەکرد و هەموو جارێك ئاماژەی پێ دەکرد، دەربارەی خێزانێك بوو کە لە باوك، دایك، منداڵێك و میوانێك پێکهاتبوو، دەتوانرێ باوك و دایکەکە لە مەقامی تورکیا و ئێران دابنرێن کە زۆرایەتی کورد لەوێ دەژین یان رەنگە عێراق. منداڵەکەش لە مەقامی کورد دادەندرێ، میوانەکەش ویلایەتە یەکگرتووەکانە یاخود هەر دەوڵەتێکی زەبەلاحی تر کە لێرە لەو ناوچەیەدا خاوەن نفوزێکی بەرچاو بێ.

- رۆژێك میوانێك بۆ نانی ئێوارە لادەداتە لای ئەو خێزانە، لە کاتی نان خواردندا منداڵەکە تڕێکی لێ بەردەبێ و باوك و دایکەکە شەرمەزار دەبن. پاشان دایکەکەش تڕێکی لێ بەردەبێ و دایکەکە ئەوەندە شەرمەزار دەبێ تائەوڕادەیە ئەویش لە منداڵەکەی دەدا. پاش ماوەیەك میوانەکەش تڕێکی لێ بەردەبێ و ئەویش وەردەگەڕێتە سەر منداڵەکە و دەست دەکا بە لێدانی. دایکەکە روو لە میوانەکە دەکا و پرسیاری لێدەکا کە بۆچی لە منداڵەکە دەدا، میوانەکە دەڵێ: ((من عادەتی ئەمماڵە وادەبینم کە هەر کەسێك شتێکی لەم بابەتەی بەسەر بی لەو منداڵە دەدا))....

پاشان بارزانی بە زەردەخەنەوە کۆتایی بە چیرۆکەکەی هێنا و گوتی:

- ئەوەتا دەبینی کورد داوای مافەکانی خۆیان دەکەن، بۆیە دەبێ لێیان بدرێ. پاشان چیرۆکێکی دیکەی گێڕایەوە:

- ئەفسانەیەك دەربارەی ولاتێك هەیە كە خوا بە حاكمێكی زاڵمی بێ بەزەیی گیرۆدەی كردبوو. ئەو زاڵمە نەخۆش دەكەوێ. پزیشك رایدەگەیەنێ كە دەبێ مێشكی منداڵێكی دەرخوارد بدرێ تەمەنی ئاوابێ و سیفەتی ئاوا بێ و شێوەی ئاوابێ. حاكم فەرمانیدا ئەو دەرمانەی بۆ ئامادە بكەن.

هاوكارانی حاكم منداڵێكیان دۆزییەوە هەموو مەرجەكان و سیفەتەكان و تەمەنی داواكراوی خۆی تێدابوو. بەڵام ئەوان پێشەكی چونە لای قازی، بۆ ئەوەی حوكمی ئەوەبدا كە ئایا شەرع رێگا دەدا منداڵێك بكوژرێ و مێشكەكەی بدرێ بە حاكم؟ و پرسیاریان لێكرد ئایا لە ئاینی خوادا شتی وا رەوایە؟ قازی فتوایدا و گوتی كە گوناهێكی (تاوانێك) تێدا نییە ئەگەر قوربانی بەو منداڵە بدرێ، چونكە مردنی حاكم زیان بە هەموو گەل دەگەیەنێ.

باوك و دایكی منداڵەكە رازی بوون كە كوڕەكە تەسلیمی حاكم بكەن و بە ئارەزووی خۆی هەرچی لێ بكا. كاتێك كوڕەكەیان بردە بەردەمی حاكمی نەخۆش، پێكەنی، حاكم لێی پرسی: ((بەچی پێدەكەنی)) كوڕێژگە وەڵامیدایەوە ((بەوە پێدەكەنم، چونكە لە ولاتێك لە دایك بووم پاشای ولات دەیەوێ من بمرم تا خۆی بژی، هەروەها لەبەر ئەوەی لە خێزانێك لە دایك بووم باوكم و دایكم تەسلیمی ئەو جۆرە حاكمەیان كردم. بۆیە مردنم لەو حاڵە باشترە وەك لەوەی لەناو ئەو خێزانە و لەو ولاتە بژیم. من بەختیارم بەوەی كە دەمرم)).

لێرەشدا دیسانەوە منداڵەكە لە مەقامی كورددایە باوك و دایكەكەش پێشەوایانی كوردن، ئەو عەشیرەتانەن كە بەخرمەت كردنی ئەو حكومەتانەی رۆژهەڵاتی نزیك رازی بوون.

پاشاش حكومەتی هەركام لەو ولاتانەیە كە سێ و دوو لەوە ناكا لە پێناوی بەرژەوەندی و قازانجی تایبەتی خۆیدا، قوربانی بە مافەكان و بەرژەوەندەكانی گەلی كورد بدا.

(مەلا مستەفا) چیرۆكێكی تری لابوو كە بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ وەرم گرت. ئەو چیرۆكە نموونەیەكی وردە لەمەڕ ئاكامی بێمێشكی و گەوجێتی. ((جارێك



پیاوێك هەڵدەستێ بە مەشق دانی فیلێك لەسەر باوەشێنكردن بۆ ئەوەی لە كاتی نوستندا باوەشێنی بكا و مێشی لێدەربكا. رۆژێكیان كە پیاوەكە خەوی لێدەكەوێ، كۆمەڵە مێشكی سەركێش بەسەر سەری پیاوەكەوە نیشتبوون و سەرەڕای باوەشێنی زۆر لە جێگای خۆیان نەدەفڕین. فیل بیری كردەوە گوتی: ئێستا ئیشی ئەو مێشانە دەبینم. پاشان رۆیشت و بە لمبۆزی بەردێكی هەڵگرت و بۆ سەرەوە بەرزی كردەوە و بەسەر سەری خاوەنەكەی دادا و بەمێشەكانەوە پلیشاندییەوە!)).

تەوەری هەرەپەسندی ئاخاوتن لای بارزانی ((دادپەروەری)) بوو. بارزانی دەیگوت:

- شاعیران و فەیلەسوفان و حكومەتەكان لە بارەی دادپەرورەرییەوە، هەروەها لەبارەی بەزەیی هاتنەوە و نیازپاكییەوە دەدەوێن، بەڵام لە ژیانی میللەتاندا تەنیا ((هێز)) متمانەی لەسەر دەكرێ.

بارزانی وای لێكردم كە تێبگەم ئەو پرەنسیپە لە هەموو ژیانی ئەودا بەو پێودانەی كە پێشەوایەكی كوردییە، سەرمەشقی ئەو بووە. كورد، چونكە لاواز و پەرت و بڵاوبوون، جار لە دوای جار تێكشكاون و نەیانتوانی مافەكانی خۆیان زامن بكەن. كاتێك قازی محەمەد سەرۆكی كۆماری مهاباد بڕیاریدا تەسلیم ببێ و خۆی بخاتە ژێر رەحمەتی حكومەتی ئێرانی و جیهانەوە، لە سێدارەدرا، كاتێك (شێخ ئەحمەد) برای (مەلا مستەفا) لێبوردنی لە حكومەتی عێراقەوە بۆ دەرچوو و گەڕایەوە بۆ عێراق هەڵیاندایە ناو ژووری زیندانەوە. بەڵام ((مەلا مستەفا)) بڕیاری شەڕیدا و دەرباز بوو. لە ئەیلولی 1961 وە براكەی بارزانی (شێخ ئەحمەد) رێگای مل كەچی بۆ حكومەت و بێلایەنی هەڵبژاردووە، بەڵام مەلا مستەفا زانی كە دەبێ ئەو لەگەڵ گەلەكەیدا یەكبگرێ و شەڕ بكا ئەگەر بیانەوێ ئەو مافانەیان بەدەست بكەوێ كە خەونی پێوەدەبینن.

بارزانی بەدووی ئەوەدا روونی كردەوە كە ئەو قسانە لەبەر ئەوە ناكا كە باوەڕی بەوە نەبێ یەكسانی و دادپەروەری حوكمی ئەو پەیوەندیانە نەكەن كە لە نێوان

مرۆڤەکاندا هەیە، بەڵکو پێی وایە کە تەنیا هێز و قازانجە تایبەتیەکان، نەك شتی تر، حوکمی ئەو پەیوەندییانە دەکەن کە لە نێوان دەوڵەتان و گەلاندا هەیە.

هەوڵمدا درکاندنێکی ئەرێنی روون لە ((مەلا مستەفا)) دەست بخەم لەبارەی ئەوەی کە کورد لە پێناویدا دەجەنگێ.

بەڵام من خودی خۆم جگە لە شتە گشتییەکان و هەندێك وەڵامی نادیاریکراو شتێکی دیکەم لێوەرنەگرت. لەوانەیە ئەو، وا هەست بکا کە ئەو ئامانجانەی کە میللەتەکەی لە پێناویاندا شەڕ دەکا، زۆر ئاشکران و تائەو رادەیە کە پێویستیان بە راڤەکردن و سادەکردنەوە نەبێ. بارزانی پێی گوتم:

- هەروەکو بەلاتەوە شارەوە نییە، ئێمە لە پێناوی ئۆتۆنۆمیدا شەڕ دەکەین، و لای هەموو جیهان ئاشکرایە کە میللەتان، مافی خۆیان هەیە. ئێمەش وەکو هەموو میللەتانی تری سەر زەوی مافی خۆمان هەیە.

قسەکەیم پێبڕی و روونم کردەوە کە بەرای من کاروباری دەرەوە و سەربازی لە ژێر سێبەری ئۆتۆنۆمی کوردیدا، دەبێ بە دەستی حکوومەتێکی تێکەڵاو بێ، مەبەستم حکوومەتێکی عێراقییە کە کورد تێیدا بەشدار بێ، لەو خاڵەدا پشتی راکەی گرتم و لەسەر رۆیشت:

- بەڵام کاروبارەکانی دیکە بە دەست خۆمان دەبێ.

بەپێی تێگەیشتنی ((ژەنراڵ مستەفا بارزانی)) بۆ جیهان، تەنیا دوو دەوڵەتی زلهێز هەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤێتییە. لەوەی کە مافەکانی کورد وەکو گەلێك پێشێل دەکرێ ئەوا تاوان دەکەوێتە سەر هەردووکیان.

بارزانی گوتی:

- رۆژهەلات و رۆژئاوا لە خەباتی خۆیاندا لە پێناوی کۆنترۆڵکردن و سەروەری سەپاندندا تەنیا بیر لە خۆیان دەکەنەوە، لەو نێوانەدا میللەتە بچووکەکان لە بەینی ئەواندا دەپلیشێنەوە و هیچ مافێکیان نییە.

تێبینیم کرد (ژەنراڵ) لە بارەی ئەوە کە یەکێتی سۆڤێتی و ویلایەتە یەکگرتووەکان مافەکانی گەلی کورد بە فیڕۆ دەدەن و کورد توشی ئەو کەساسییە



هاتووە، وەکویەك بە یەکسانی سەرکۆنەی هەردووکیان دەکا. من ئاماژەم بەوە کرد کە مەسەلەکە بە دڵنیاییەوە لەمەڕ ویلایەتە یەکگرتووەکان جیاوازی هەیە وەك لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتی و ئەم جیاوازییەش جیاوازییەکی گەوهەرییە. یەکێتی سۆڤێتی بە کردەوە بۆ هاوکاریکردنی سەرۆك وەزیران ((قاسم)) موداخەلەی کردووە و بە چەکی خۆی حکومەتی عێراقی پڕچەك کردووە، بە تایبەتی بە فڕۆکە و بۆمبا کە بۆ هێرشکردنە سەر گوندە کوردییەکان بە کاری دەهێنێ. لە کاتێکدا زۆرترین سەرکۆنەکردنێك کە ئاراستەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بکرێ ئەوەیە کە وەکو تەماشاکارێکی بێ باك راوەستاوە، و گوتم:

- ئێمە شتێکمان نەکردووە زیان بە کورد بگەیەنێ.

بەپێکەنینەوە وەڵامی قسەکەی دایەوە گوتی:

- بەڵام ئێوەش سڵ لەوە ناکەنەوە کە چەکی بدەنێ ئەگەر (قاسم) خۆی رەتی نەکاتەوە.

هەروەها گوتی عێراق (قاسم) دەیتوانی پەیماننامەی بەغدا بپارێزێ، ئەو لەو پەیماننامەیەدا ئەندامە، ئەگەر (قاسم) ئارەزووی مانەوەی لەسەر بوایە.

(بارزانی) زۆرجاران دەگەڕایەوە سەر باسی ئەوە کە دەرەتانی ئەوە هەیە، کورد جۆرێك یارمەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان وەربگرێ و جارێکیان بە شێوەیەکی راشکاوانە و بێ پەردە گوتی:

- ئایا پێتوانییە کە بتوانین یارمەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەست بخەین.

وەڵامیمدایەوە کە لە واقیعدا لەو باوەڕەدانیم دەرەتانی ئەوە هەبێ، چونکە هاوپەنیمان لەگەڵ ئێران و تورکیا لە سنتۆ ((Cento)) بەردەوامە. من ڕێگایەك نابینمەوە یارمەتی لێ دابین بکرێ. تورکەکان و ئێرانییەکان، ئەو کارە بە ((غەدر و خیانەت)) دەزانن ئەگەر هەوڵماندا بە شێوەیەك پشتەوانی لە دۆزی نیشتیمانی کوردی بکەین. بەڵام (ژەنراڵ بارزانی) ئەم لێکدانەوەیەی قبوڵنەکرد. ئەو لەو ماوەیەدا کە چەند رۆژێك درێژەی کێشا. تۆڕێك بەڵگە و شیکردنەوەی ئەو تۆی هێنایەوە کە پاڵپشتی ئەوە بکا کە هەم پێویستە و هەم دەرەتانیش هەیە کە

ویلایەتە یەکگرتووەکان یارمەتی کورد بدا، هەروەها گوتی کە ئەو شێوە یارمەتییە دەکرێ شێوازێکی نهێنی هەبێ و هەروەها پرسی:

- ئایا ناتوانن دەستە و گرووپی نێردە مەشق بدەن و ساز و چەکداریان بکەن نەك لە ئێران بەڵکو لە (خانە) و راستەوخۆ لە رێگای سنوورەوە؟ ئایا کارێکی ئاسان نییە بۆ ئێوە کە بە چەك و تەقەمەنی و تەنانەت بە جل و بەرگ هاوکاریمان بکەن؟ ئەگەر لە توانا نەبێ کە ئەم جۆرە شتانەمان بدەنێ، ئایا ویلایەتە یەکگرتووەکان هەر نەبێ ناتوانێ بە پارە یارمەتیمان بدا؟

هەروەها زیاتر لە سەری رۆیشت و گوتی:-

- ئێستا یارمەتیمان بدەن، ئێمەش یارمەتی ئێوە دەدەین هەر کات پێویستیتان بە ئێمە بێ. بە چەك و کەرەسەی خواردەمەنی یان تەنانەت پارە، زیاتر نا، یارمەتیمان بدەن جا چ بەنهێنێ و چ بە ئاشکرا. یارمەتیمان بدەن بۆ لە ناوبردنی (عەبدولکەریم قاسم) عێراق دەکەینە راستترین هاوپەیمانی ئێوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لە بیروڕای بارزانیدا، کورد بە نرخ تر و بە کەڵك ترن بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان وەك لە تورك و ئێرانییان و ئەوان لەشەڕدا لەوان باشترن و لەواقیعدا چاکترین جەنگاوەرن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئەوان لە هەدرووبەری هێڵێکی هێرش هێنانی یەکێتی سۆڤێتی لە لای قەفقاسەوە راوەستاون:

- لە دەمی جەنگدا پێویستیتان پێمان دەبێ. ئێوە ناتوانن ئێمە پشت گوێ بخەن و نە لەبەرژەوەندیشتاندایە.

هەروەها بارزانی بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە کورد لە ریزی سەرکەوتوواندایە، یارمەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان مەدای ئەو سەرکەوتنەی کورد و خێراییەکەی دیاری دەکا. پاشان بە دوو ئەمەدا گوتی:

- ئێمە حەزدەکەین هەموو زەمانەتێك کە لە توانادایە پێشکەشی ئەمریکا بکەین، ئەگەر هاتوو ئەم یارمەتیدانە لە بەرامبەر ئەوە دابێ کە دەست لە کاروباری ئێران و تورکیا وەرنەدەین ئێمە بە هەموو سوپاسێکەوە ئەوە قبووڵ



دەکەین. ئێمە ئامادەین ((بەڵێنی شەرەف)) بدەین کە هیچ کارێك بۆ هاروژاندنی کوردەکانی ئێران و تورکیا ناکەین

هەروەها ئاماژەی بۆ بوونی حیزبی شیوعی عێراق کرد و گوتی:

- ئەم حیزبە هاوپشتی یەکێتی سۆڤێتییە. ئەگەر ئێوە یارمەتیمان بدەن دەبینە هاوپشتی ویلایەتە یەکگرتووەکان. ئێمە بۆ ئەو دەوڵەتە سودمەند دەبین.

ژەنراڵ بارزانی هایدانێکی خستە پاڵ ئەو پێشنیارانە کە ئەگەر ئەمریکا رێگایەك بۆ یارمەتیدانی کورد نەدۆزێتەوە ((ئاکامەکان)) ((زۆر خراپ دەبن))

- ئەگەر ئەمریکییەکان هەر لەسەر ئەو بیرکردنەوەیە بمێننەوە کە تەنیا بەرژوەندەکانی تورکیا و ئێران رەچاو بکەن و بەرژەوەندەکانی ئێمەش لەبەر چاونەگرن، لەوە نەپرسن کە چ ژمارەیەك لە رۆڵەکانی گەلەکەمان فرێ دراونەتە تاریکستانی بەندیخانەکانەوە، چۆن بەروبومی کشتوکاڵی ئێمە ئاگری تێبەر دەبێ و تا چ رادەیەك پێویستمان بە هاوکاری پزیشکی هەیە.

ئەمە مانای وایە مەترسی لێدەکەوێتەوە. مەترسی ئەوە کە لەو حاڵەدا ئێمە بە حوکمی پێویستی ناچار دەبین یارمەتی لە کۆمۆنیستەکان قبوڵ بکەین و ئەمەش هەڵەی ئێمە نابێ.

هەورەها باسی ئەوەی کرد کە قبووڵکردنی یارمەتی لە کۆمۆنیستەکان، یەکجار ناپەسندە، ئەو هەرچی لە توانایدا بێ دەیکا، بۆ ئەوەی ئەمە روونەدا. لەو کاتەدا بە جۆرێك بەجێی هێشتم کە هیچ گومانێکی تێدا نەما کە ئەو ناچار دەبێ ئەو کارە بکاو دەسەڵاتی کەسایەتی ئەویش بەسەر شۆڕشگێڕانی کورددا بۆ هەتاهەتایە هەروا تۆکمە و پتەو نامێنێتەوە و کوردانی تر هەن کە کەمتر سڵ کردنەوە و خۆپارێزییان بەرامبەر بە قبووڵکردنی هاوکاری لە یەکێتی سۆڤێت هەیە. ئەم واقیعیەتە لە نێو ئەقڵیەتی (مەلا مستەفا)دا بە تەواوی روون بوو کە شتێك بە ناوی یارمەتی لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی دیکە ((بێ بەندوباوی شەرت و مەرج)) بوونی نییە. بارزانی پەیی بەوە بردوو کە ئەگەر روس هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە چەك بە جەنگاوەرە زۆرنەدارەکانی ئەو بدەن، ئەوا جۆرێك لەمەرجی سیاسی دادەنێن و کۆمەڵە گوشارێك

به رێگەی قەناعەت و شێوازگەلێکی ناچارکردن یاخود لە رێگەی فێڵ و دەهۆوداوەوە بەپێی هەلومەرجی پێویست دەسەپێن.

لە مەسەلەی هاوکاری و کۆمەك کردنەوە چوومە سەر رۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان و پرسیم:

- پشکی حیزب لەو خەباتەدا کە گێڕاویەتی چییە؟

واپێدەچێ پرسیارەکە تاڕادەیەك هاروژاندی . ئێمە لە کۆڕێکدا دانشتبووین کە نزیکەی بیست و پێنج کەس بوو، لە دەوری ئێمە کۆببوونەوە و لەمەدای گوێ بیستی ئێمەدا بوون. وەڵامیدامەوە:

- با بڵێین ئەو دەورەی گێڕاوە کە لە توانایدا بووە بیگێڕێ.

پاشان دەنگی بەرزکردەوە تا هەمووان گوێیان لێ بێ و گوتی:

- بۆ من و لەبارەی منەوە، جگە لە گەلی کورد حزبێك نییە. ئەوانەی کە سەردەکەون تاکەکانی گەلی کوردن.

لە پشت ئەو تێبینییە ئاڵۆزەدا کە تاڕادەیەکیش روونە، پەیوەندییەکی درێژی ئازار بەخش لە نێوان (بارزانی) و پارتی دیموکراتی کوردستاندا شاراوەتەوە. هەرچەند ئەو بە رەسمی سەرۆکی حیزب و کۆمیتەی ناوەندییە، بەڵام زۆر سودی لەو رۆشنبیرانە وەرنەگرتووە کە بە زۆری مەیلیان بەلای چەپدایە و بەسەر سەرکردایەتی حیزبدا دەسەڵاتیان رەوایە. ئەو وای لێك دەدایەوە کە (سەرۆکایەتی حیزب بەسەر مندا سەپێنراوە) بێ ئەوەی ئەو لایەنە ئاشکرا بکا کە سەپاندویەتی. هەروەها سەرکردەکانی حیزب زۆر گرنگییان بە پێشەوا عەشیرەتیەکان و شێوازە فیودالیستیەکان و دەسەڵاتی عەشیرەتییانەی ئەوان، لەوانەی کە لە دەوروبەری بارزانین، نەدەدا

لە هەمو بۆنەیەکدا بارزانی هەوڵی دەدا هەندێك تانە ئاراستەی پارتی بکا. ئیقراری دەکرد کە ئەو هێزانەی کە لە ژێر رابەرایەتی حیزبدا کاریان دەکرد تەنیا



کاتێك دەستیان بەشەڕکرد... ((تا جەمەدانە سور و سپیەکانی بارزانیان دی)) و ئەمەی لە نموونەی ((هەندێك کەسدا هێنایەوە کە لەو باوەڕەدابوون کە حیزب تەنیا بۆ ئەوان خولقاوە))

کەمێك ناکۆکی لە خودی رای بارزانی، دەربارەی رۆڵی ئەو بەو سیفەتە کە پێشەوای کوردە، هەبوو. لە یەك لە هەڵوێستەکاندا لە دەمی پرسیارە سیاسییەکاندا قسەکەمی بڕی بۆ ئەوەی روون کردنەوەیەك بدا:

- هەندێك پرسیارم لێدەکەی، کە من مافی وەڵامدانەوەیم نییە. ئێمە پێویستیمان بە راپرسییەکی گشتی هەیە.

پێم گوت: کەسێك نییە چەندوچون لە مافی قسە کردنی تۆ بەناوی گەلی کوردەوە بکا.

بەڵام بارزانی بە توندی نکوڵی لەو مافەکردو گوتی:

- نەخێر من نوێنەرایەتی ئیرادەی گشتی ناکەم. ناتوانم بڵێم بە زمانی کوردەوە قسە دەکەم

ئەو بێ ئەوە کە هەست بە خۆی بکا، خۆی بە ((جۆرج واشنتۆن)) بەراوردکرد کاتێك گوتی: ((ئەو ناتوانێ بێ گەلی کورد شتێك لەوە زیاتر بکا کە جۆرج واشنتۆن بۆ رزگارکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان کردی. ئەو سەرکەوت، بەڵام فەزڵ بۆ گەل دەگەڕێتەوە))

پاشان دووبارە هاتەوە قسە و گوتی:

- من نامەوێ بڵێم ئەوەم کرد و ئەوەم ئەنجام دا، بەڵام دەتوانم بڵێم متمانەی گەلی کوردم بە دەست هێناوە و لەو باوەڕەدام کە ئەوان متمانەیان پێمە.

- پرسیارم لێکرد ئایا رێگایەك یان ئامرازێکی سیستماتێکت هەیە بۆ ئەوەی تەئکید لە ئیرادەی گەلی کورد بکەی؟

وەڵامیدایەوە کە: ژمارەیەکی گەورە لە گەل لە دەوروپشتی منە و ئەو دەتوانێ بە یەکەوە کۆیان بکاتەوە و رایان وەربگرێ و راوێژیان لەگەڵدا بکا.

هەروەها گوتی: ((ئەوانە دەتوانن بە نوێنەرایەتی گەل قسە بکەن)) بەڵام لە بارەی ڕێکخراوەکانەوە، ئایا ئەو هەموو کۆمەڵە خەڵکانە کە ڕێکخراون نابینی کە شەڕ دەکەن؟ ئەی ئەوانە ئیرادەی گەل نانوێنن؟))

بارزانی وای دەبینێ کە شۆڕش لە عێراق شۆڕشێکی سەربەخۆیە و تایبەت بە خۆیە و هیچ پەیوەندییەکی بە پارچەکانی تری کوردستانی تورکیا و ئێرانەوە نییە، بەپێی رای ئەو ((کوردەکانی تر ناتوانن یارمەتیان بدەن. جاری واهەیە کەسێك لە تورکیا یان لە ئێرانەوە دێتە لامان و هەندێکیان تێدایە کە لە یاسای وڵاتی خۆیان دەرچوون، ئەوانە دێن کە شەڕمان بۆ بکەن، بەڵام ئێمە لێرە دەیانهێڵینەوە.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هیچ پەیوەندییەکمان پێیانەوە نییە و داوای یارمەتیشیان لێ ناکەین. ئەوان ئەگەر کێشەکانی خۆیان لەگەڵ ئەو حکوومەتانەدا یەکلابکەنەوە کە لە ژێر سێبەریاندا دەژین، دەکەونە حاڵەتێکی باشترەوە. ئێمە شەڕ لەگەڵ حکوومەتی تورکیا و ئێران ناکەین. ئێمە لەگەڵ ((عەبدولکەریم قاسم)) شەڕ دەکەین.

((ریچارد ئەندریگ)) بڕگەیەکی دامێ کە هاوچوونی ئەو قسەیە بوو. هەروەکو لە پێشاندا باسم کرد ئەو لە پێش مندا سەردانی بارزانی کرد بوو و پێی گوتبوو:

- ئێمە هەرگیز لەگەڵ عەرەب شەڕ ناکەین. عەرەب برای ئێمەن و چەندین سەدەیە بەیەکەوە دەژین و هەر لەگەڵ ئەواندا دەژین. ئێمە دەتوانین لەگەڵ ئەواندا بژین. ((قاسم)) وەکو چۆن ئێمەی چەوساندۆتەوە، ئەوانیشی چەوساندۆتەوە.

لێم پرسی:

- ئەی بیر لە پرۆژەی کوردستانی گەورە ناکەیەوە؟

وەڵامیداوە کە: ئێستا هەموو کۆششەکانی بۆ بەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمی لە کوردستانی بەشی عێراقدا ئاراستەکردووە .. ((بیرۆکەی (کوردستانی گەورە) بە خەیاڵمدا نەهاتووە و تەنانەت خەونیشم پێوە نەدیوە، شتێکی لەم بابەتە بێ ڕەزامەندی ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا خەون و خەیاڵە و من خۆمی پێوە خەریك ناکەم)).



ئاماژەدانی بارزانی بە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا، ئەوە دەسەپێنێ کە هەرشتێك پەیوەندی بە کوردستانی گەورەوە بێ، ئەوا دەبێ پەیمانی سەنتۆ ڕەزامەندی لە سەربێ. پەیمانی سەنتۆ؛ تورکیا، ئێران، پاکستان، بەریتانیا، ویلایەتە یەکگرتووەکان دەگرێتەخۆی.

ویلایەتە یەکگرتووەکان بە ڕەسمی ئەندامێکی تەواوی ئەو پەیمانە نییە، گەرچی بەهێزترین ئەندام و خاوەنی گەورەترین نفوزە. بەڵام لە هەندێك لە لیژنەکانی پەیمانی (سەنتۆ)دا تەنیا وەك چاودێر دادەنیشێ.

هەر بە سروشتی حاڵ لەبارەی ئەم بابەتەوە درێژەم بە گوشارکردن لەسەر بارزانی دا. من دەمزانی ئەو لە نێو دەروونی خۆیدا، ناتوانێ هیچ جیاوازییەك لە نێوان کوردی عێراقی یان کوردی ئێرانی یان کوردی تورکیدا ببینێ، ڕووی تێکردم بە ئاوازێکی داد و بێداد و سکاڵاوە گوتی:

- بۆ لەم مەسەلەیەدا ئەوەندە گوشارم لێدەکەی. تۆ دەزانی ئەمە پرسێکی یەکجار سەختە. گەرچی (مەلا مستەفا) باسی کرد کە شتێکی لەبارەی ئابووری لە مۆسکۆ خوێندووە، بەڵام ڕێگای ئەوەی نەدەدا کە بابەتی ئاخاوتنەکانی زۆر بە لای ئابووریدا بشکێنەوە. پرسیم ئایا لەو باوەڕەدای کە کوردستان بتوانێ وڵاتێکی ((خۆ بژێو)) بێ. بارزانی وەڵامەکەی بەم شێوەیە دایەوە:

- ئێمەش پێویستە لە سەرمان کە لەگەڵ دراوسێکمان بەیەکەوە بژین، لەوانەیە لە هەندێك ناوچەدا بتوانین سەربەخۆ بژین، لە هەندێکی تردا پێویست دەبێ کە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ دراوسێکاندا بژین. وەکو هەر خێزانێك لە خێزانەکانی کە بەیەکەوە دەژین.

بەڵام ڕوونی نەکردەوە کە ئایا لەسەر بنەمای کوردستانی گەورە بیردەکاتەوە یان تەنیا کوردستانی عێراق.

هەوڵمدا لەوە تێبگەم کە ئایا بارزانی باوەڕی بە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت هەیە، هەروەکو لە دەوڵەتە عیلمانیە نوێیەکاندا هەیە. هەروەکو لێم پرسی ئایا لەو باوەڕەدای کە قورئان بنەما گەلێکی تەواو لە قانون و شەرع بۆ

دەوڵەتێکی هاوچەرخ زامن دەکا؟ لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە. هەر بۆیە دەبینی یەکێك لە هۆکارەکانی پاشکەوتوویی هەندێك لە دەوڵەتە عەرەبییەکان ئەوەیە کە فەرمانڕەواکانیان پێداگری لەوە دەکەن کە قورئان بنەمایەکی تەواوی قانونە هەر بۆیە دەستوریان بۆ وڵاتەکانیان دانەناوە. کەچی (میسر) ڕێگایەکی جیاوازی گرتۆتەبەر. ئەو بێ ڕەچاوکردنی ئەمەش کە بە هەموو مانای وشە (دەستورێکی عیلمانی) هەیە. یاسا کلاسیکە شەرعییەکانی کاروباری کەسایەتی-وەك مارەیی و تەڵاق و میرات-ی بە یاسای نوێ و سیما شارستانیانە گۆڕیوە.

بۆ حەپەساندنی من مەلا مستەفا وەڵامیدایەوە کە:

دەکرێ قورئان بکرێتە بنەمای دەستوری دەوڵەت، پاشان کە هەستی بە حەپەسانی من کرد، لەوانەیە حەزی نەکردبێ کە جۆرە تێبینییەك لە لای من دروست ببێ کە ئەو ((کۆنەپەرستە))، دەسبەجێ هەموو گوت و بیژەکانی تری لەمبارەیەوە بڕی و گوتی:

ئێستا کاتی ئەوە نییە کە گرنگی بەم جۆرە کاروبارانە بدرێ، ئێستا کاتی شەڕە.

بێ تێدا هێشتنەوە لەسەر (عەبدولکەریم قاسم) هاتە قسە و گوتی:

- بە خۆنازینی و خۆبەزل زانینی ئەو سنوری نەبوو. ڕۆژێکیان هەر بۆ گاڵتەوگەپ پێم گوت کە من بە تەلیسکۆپ تەماشای مانگم کردووە، وێنەی ئەوم لە ناو مانگدا دیوە، ئەو، ئەم قسەیەی بە تەواوی بە جیدی وەرگرتبوو[3].

---

[3] ساڵ و نیوێك پێش کاتێك بە بانگهێشتێکی ڕۆژنامەوانی ڕەسمیی لە هامبورگ بووم، هەڤاڵێکم کە ئەفسەرێکی خانەنیشین بوو لەوێ نیشتەجێ بوو، لامپێکی کارەبایی پێشاندام کە بە جۆرێکی سەیر دیزاین کرابوو، لەناو لامپەکەدا وێنەیەکی (عەبدولکەریم قاسم) دانرابوو. ئەو ئەفسەرە خانە نشینە گوتی کە لە لایەن حکوومەتی عێراقییەوە داواکارییەکم، بەو سیفەتە کە من بەڵێندەرم پێگەیشتووە کە بڕێکی یەکجار گەورە ((ژمارەیەك بەسەدان هەزار بێ)) لەو لامپە کارەباییە بە رادان بدەم بۆ ئەوەی لە ئاهەنگەکان و میهرەجانی 14 تەموزی داهاتوودا (1963) بەکاربهێنرێن. ڕاسپێردراوم کە=



هەروەها بارزانی دەیگوت:

- دەزانی؟ ئەگەر ئەم پیاوە لەگەڵ هەر درۆیەکی کە دەیکا تڕێکی لێبەرببوایە، ئەوا بە قەدەر تۆپێك دەنگی دەهات[4].

لێم پرسی ئایا قاسم هەوڵی نەداوە ئەو ناخۆشییە چارەسەر بکا و ئاشتی لەگەڵ کوردا بگێڕێتەوە؟

---

= لە یەکێك لە کارگەکانی چیکوسلوڤاکیا یان هەنگاریا (نایەتەوە بیرم کامیان بوو)ە بە رادانی بدەم. ئەوە بوو بەشێکی گەورە لەو ژمارە زۆرە دروست کراو ئەوە بوو قاسم لە حوکم لاچوو. جا لەوانەیە بیرۆکەی دروستکردنی ئەو لامپە لەو ئەفسانەیەی بینینی وێنەی ئەو لەناو مانگدا هاتبێ. (ج. ف).

[4] مەسەلەکە تەنیا لەسەر ((عەبدولکەرم قاسم)) قەتیس نەبوو، زۆر لەو سیاسەتوانان و سەربازییانەی کە سەرکۆنەی عەبدولکەرم قاسمیان دەکرد، خۆیان کەوتنەوە نێو هەمان تەنگژەوە. کتێبێك بە زمانی عەرەبی هەیە کە خاوەنەکەی ((معن شناع العجلي))یە و لە تەموزی ساڵی 1968 بە ناونشانی ((ماڗا فی شمال العراق)) دەرچوو، لەوێدا هاتووەکە ((کوت و بێژێك لەگەڵ جەمان عەبدول ناسر بە ئامادە بوونی سەرۆك وەزیران (عبدالرحمن البزاز)) و هەردوو وەزیر (سليمان الصفوانی)) و ((عبدالرزاق محی الدين))، لەبارەی شیانی لەناوبردنی بارزانی، هاتبووە ناو باسەکەیانەوە. عەبدول ناسر دەپرسێ: بۆ چارەسەری کێشەکانتان لە باکوری عێراق چ دەکەن؟ ئایا دەتوانن بارزانی لەناو بەرن؟ وەزیری بەرگری کە چوارەمین وەزیر بوو لەو وەزیرانەی کە لەوێ بوون (ناوەکەیم نایەتەوە بیر) وەڵامیدایەوە: ((بەڵێ من دەتوانم تەنیا لەماوەی دە ڕۆژدا لەناوی بەرم))... پاشان زەنگی تەلیفون لێ دەدرێ و عەبدول ناسر دەچێتە دەرەوە و کاتێك کە وەزیرە عیراقییەکان لەنێو خۆیاندا تاوتوێی ئەوە دەکەن کە چۆن پۆزش بۆ عەبدول ناسر بهێننەوە لەبەرامبەر ئەو زاراوە توندوڕەقەی وەزیری بەرگری عێراقی، عەبدول ناسر گەڕایەوە و دووبارە لە باسەکە هەڵچۆوە و ڕووی لە وەزیری بەرگری عێراقی کردو لێی پرسی: ((چۆن دەتوانی لەماوەی دە ڕۆژدا بارزانی لەناو بەری)) وەزیری بەرگری بەلۆژیکی ڕاشکاوانەی توندی خۆی وەڵامیدایەوە:

- کاتێك لەسەر ڕادیۆ جنێوت پێ دەدەم و کە لەبەردەم گەلی عێراقدا جنێوم پێدای، ئەوا هەموو ئەو گەلە رووم تێدەکەن و پشتیوانیم لێدەکەن، ئەو کاتە بارزانی تێکدەشکێنم و لەناوی دەبەم..

(نوسەری کتێبەکە لافی ئەوە لێدەدا کە ئەم ڕستەیە بە هۆی ڕاشکاوییەوە عەبدول ناسری سەرسام کردووە و جگە لەوە کە باوەڕی پێ بهێنێ. هیچی تری لە توانادا نەماوە. ئەمەش هەر خوا دەیزانێ!!. (ج. ف)

گوتی:

- چەند جارێك بە دەستپێشكەری قاسم پەیوەندیكرا، بەڵام هەر هەموویان فێڵ و تەڵەنانەوە بوون، هیچ هەوڵێكیان هەوڵێكی دڵسۆزانە نەبوون و یەكەمیان لە كۆتایی هاوینی (1961)دا بوو، (قاسم) نامەی بۆ ناردم. من ئەو ساتە لە (مێرگەسور) بووم. لە نامەكەدا داوای كرد بوو كە بگەڕێمەوە بۆ ناو باوەشی حكوومەت. جا كە ئەوەم كرد ئەو كاتە (عفا الله عما سلف) وەڵامیمدایەوە كە تۆ خراپەكار و تاوانباری، و تۆ بۆت نییە لە من خۆش ببی!!

هەروەها پەیوەندی دووەم لە حەڤدەی كانوونی یەكەمی ساڵی 1961 دا بوو كاتێك ئەفسەرێك بە ناوی (حسن عبود)[5] لەگەڵ چەند ئەفسەرێكی تر هاتن،

---

[5] ئەمە گرنگترین دان و سەندێك بوو كە لەگەڵ سەركردەی شۆرش (مەلا مستەفا) دا كرا لە رۆژانی (عەبدول كەریم قاسم)دا. (عەقید (حسن عبود) لە پاشاندا (بوو بە عەمید)) كە رۆژێك لەیەك ژووردا لە بەندیخانە بە یەكەوە بووین، خۆی وردەكاری ئەم دان و سەندنەی بۆ گێرامەوە كە ئێستا پوختەیەكی كورتی ئەو گێڕانەوەیەتان بە هەموو شتە سەیر و سەمەرەكان و پێشهاتەكانیەوە هەروەكو كە گوێم لەخۆی بوو، بۆ دەگێڕمەوە بە ئامانجی ئاشكراكردنی راستییەكان و هەروەها تیشك خستنەسەر ئەو تەقلییەتەی كە ئەوسا كە بەسەر سیاسەتی وڵات زاڵ بوو لەبارەی چۆنیەتی چارەسەركردنی دۆزی كورد:

(حسن عبود) دەڵێ بیرۆكەی (دان و سەندن) لە بنیات نانی سەرۆك ئەركانی سوپا و حاكمی گشتی سەربازی (لیوا احمد صالح عبدی) بوو كە ئەئكیدی كردەوە لەوەی كە (زەعیم قاسم) لاری لێی نییە، بە ئاگاداری سەرۆكی راستەوخۆی (حسن عبود) كە سەركردەی (فیرقەی دوو: محمود عبدالرزاق) بوو، ئەوە بوو نامەیەكی عاتیفە ئامێز بە ئیمزای (حسن عبود) لە رێگای كاهینێكی كلدانییەوە بۆ (مەلا مستەفا) رەوانەكرا. لە نامەكەیدا داوا دەكا وادەیەك و جێگایەكی دیدەنی بۆ دیاری بكا. پاش ئەوەی وەڵامی نامە بە رەزامەندی هاتەوە (عەمید حسن) بە ئوتومبیلە سەربازییەكەی كە دەزگای وەرگرتن و ناردنی تێیدا ئامادەكرابوو لەگەڵ ئەفسەری روكنی خۆی ((بە ئاگاداری وەزارەتی بەرگری و هەروەها هەندێك شتم بە ناونیشانی دیاری لە بابەتی جگەرە و سابون و شتی تر... تاد لەگەڵ خۆم برد)) ئوتومبیلەكە بەرەو ئەو وادەیەی كە لەسەری رێكەوتبووین بە ئاراستەی رێگای موسڵ-ئامێدی، كەوتەڕێ.

بەڵام ئەو سەرنجیدا بوو كە فڕۆكەكانی هێزی ئاسمانی، سەر سەری ئوتومبلەكەی بەجێی ناهێڵن بێ ئەوەی لەسەر ئەو كارە رێككەوتن كرابێ. رێنوێنی لە رێگای دەزگای بێ سیمی ناو=



=ئوتومبیلەكەیانەوە ئەنجام دەدرا و ئەفسەری روكنەكەی پێی دەڵێ كە ئەم كارە بە پێی ئەو راسپاردە ئەمنیانەوە بەڕێوەدەچێ كە لە وەزارەتی بەرگرییەوە پێیان راگەیاندووە.

(عەمید حسن) لەو جێگایەی كە لەسەری رێكەوتبوون (مەلا مستەفا) نادۆزێتەوە (ئەو لە جێگایەك لە دەوروبەری گەلی زاوێتە بوو). لەوێ ئاگاداری دەكەن كە مەلا مستەفا وەك رێوشوێنێكی خۆپارێزی ناچارە بووە جێگای كۆبوونەوەكە بگۆڕی و بەجۆرێكی جیدییانە داوای لێدەكەن كە دەزگاكە لە كاركردن بوەستێنێ و بچێتە ناو ئوتومبیلێكی ترەوە. پاشان دەبرێتە ناو كۆشكی مەلەكی لە هاوینەهەواری سەرسەنگ كە نزیكەی 135 كیلومەتر لە موسڵەوە دوورە بە ئاراستەی باكوری رۆژهەڵاتدا) (حسن عبود) لەوێ دادەنیشێ تا مەلا مستەفا و پاسەوانەكانی دەگەن. پاش ئەوە كە باوەشیان بە یەكتری داكرد، ئەفسەرەكە تەئكید لەسەر پێویستی ئاشتی و بوونی نیەت پاكی دەكا... زۆر سەرسامی دایدەگرێ كاتێك كە تەماشا دەكا مەلا مستەفا نەرم و نیانی پیشاندەدا. چونكە ئەو وای پێشبینی دەكرد كە سەرسەختی و دڵڕەقی پیشان بدا. هەروەها تێبینی دەكا كە مەلا مستەفا ئەو پەڕی نیگەرانە بەرامبەر بەو وەسفانەی كە (قاسم) ناوی ئەوی پێ دەهێنا ((اجیر، عمیل، أمبریالی، رجعی، خائن)) بەتایبەت بەرامبەر بەو وشەیەی كۆتایی ئازاری دەخوارد كە چەند جارێك بە زاراوەی پرسیاركردن دووبارەی دەكردەوە ((ئایا من خائینم))، هەروەها مەلا مستەفا گوتی من ئامادەم عێراق بەجێبهێڵیم و بچمە ئەو جێگایە كە قاسم دیاریدەكا بەمەرجێك داخوازییەكانی گەلی كورد جێبەجێ بكا بۆ ئەوەی قاسم دڵبیا بێ كە من هیچ شتێكم بۆ خۆم ناوێ نە پێشەوایەتی و نەڕكابەری و نەجیابوونەوەی كوردستان. هەروەها كۆمەڵە داواكارییەكی زۆر سادەی پێشكەش كردووە كە باس لە ئۆتۆنۆمی ناكا. پاشان گوتی ئەو ناتوانێ سەربەخۆ بڕیاربدا، بەڵكو دەبێ راوێژی كەسانی تر بكا. (عەمید عەبود) تەئكیدی كردەوە كە قاسم لەناكاو بۆردومانی ئاسمانی دەست پێكرد بێ ئەوەی گوێ بە چارەنووسی ئەفسەرەكەی خۆی بدا كە بۆ دان و سەندن ناردویەتی. ئەمەش (عەبود) خۆی دەیگێڕایەوە و كاتێك گەڕایەوە و راپۆرتی خۆی لەبارەی دیدارەكە نارد، دەسبەجێ بانگكرا بۆ بەغدا، لە وەزارەتی بەرگری دەستكرا بە لێپرسینەوەیەكی ورد و پڕ سوكایەتی لەگەڵ (عەبود)دا. قاسم گوێی بەوە نەدەدا كە ئەو بە رەزامەندی خۆی و زانیاری خۆی ئەوی ناردووە و نكۆڵی لەوە دەكرد و هەڕەشەی گرتن و دادگایی كردنی لێدەكرد.

(عەبود) داوای كرد بوو كە سەرۆك ئەركانی سوپا و سەركردەی فیرقەی دوو، وەكو شایەت ئامادەبن، بەڵام ((قاسم)) ئەمە رەتدەكاتەوە و پاشان ماوەی چەند كاتژمێرێك لە ژوورەكەی (قاسم)دا دەیگرن. قاسم هەر ناوە ناوە دەهاتە لای بەندییەكە و بەو تۆمەتانە رووی بە رووی دەبۆوە:=

نامەیەکی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، کە لە نامەکەدا دەڵێ: ((بە بارزانی بڵێ، ئێمە براین ئەگەر ئەو شەڕمان لەگەڵدا نەکا، ئێمە ئامادەین کە لەگەڵ ئەودا ڕێك بکەوین، (عبود) ویستی لێبوردنی گشتی ڕابگەیەنێ بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە

---

=(حسن)! تۆ بۆ من دڵسۆزی؟
- بەڵی گەورەم دڵسۆزم.
- چۆن دەڵێی دڵسۆزم، لە حاڵەتێکدا هەوڵت نەدا لە کاتی کوبوونەوەت لەگەڵ بارزانی بیکوژی؟
- چۆن دەمتوانی بیکوژم گەورەم؟
- دەمانچەکەت دەربهێنابایە و بتکوشتبایە.
- من لە ژێر ئالآیەکی سپیدا بۆ مەبەستی دان و سەندن لەگەڵ ئەودا کۆببوومەوە. تەنانەت ئەگەر هەوڵی ئەوەشم بدایە نەمدەتوانی، چونکە ئێمە لە هەموو لایەکەوە بە پاسەوانانی چەکدار دەورەمان درابوو، من چۆن بتوانم دەمانچە بەکاربهێنم پاشان ئەوان بۆ حورمەت و ڕێزی من، لەگەڵ مندا بەتەنیا دایان نابن.
- ئەگەر دڵسۆزی جەمهوریەتەکە بای دەمانچەکەت هەڵدەکێشا و وڵاتەکەت لە خاینێکی جوداخوازی بە کرێگیراو ڕزگار دەکرد.

ئەم گوت و بێژە سەیر و سەمەرەیە تا درەنگانێکی شەو درێژە دەکێشێ. پاشان (قاسم) (عەمید حسن) بەرەڵا دەکا، بەڵام نایگێڕێتەوە بۆ پۆستەکەی لە فەرماندەیی لیوای پێنج لە موسڵ بەڵکو پلەیەکی کارگێڕی لاوەکی لە وەزارەتی بەرگری دەداتێ.

لێکدانەوەیەکی لۆژیکانە بۆ هەموو ئەو شتانە، ئەوەیە کە قاسم لە پشت ئۆپەراسیۆنی بۆردومانی ئاسمانییەوە بوو کە کرایە سەر جێگای کۆبوونەوەکە تا مەلا مستەفا لەناو بەرێ و هەروەها بەلایەوە گرنگ نەبوو کە ئەفسەرەکەی خۆشی لەناو بەرێ هەر بۆیە بە جۆرێکی ڕاستەوخۆ نەهاتە نێو دانوسەندنەکەوە و کارەکەی بۆ لیوا عەبدی سەرۆك ئەرکانی سوپا بەجێهێشتوو، وەك بڵێی ئەگەر هاتوو کارەکە شکستی هێنا بتوانێ نکۆڵی لێبکا! هەڵسەنگاندنەکەی بارزانی زۆر ڕاست بوو کە پێشبینی کرد بوو کە پیلانێك لەسەر ژیانی ئەو هەیە و هەروەها هەموو پاساوێکی بۆ ئەوەش هەبوو کە لەو باوەڕەدا بێت کە (حسن عەبود) ئەویش لایەنێکە لە نێو ئەو پیلانەدا هەروەکو کە بە ڕواڵەت لە نێو ئەو دەقەدا هاتووە کە بۆ ((شمیدت))ی باس کردووە، بەڵام بارزانی پاش ماوەیەك زانی کە (عەمید حسن) خۆشی تەنیا چێشتەی سەر تەڵەکەبوو و لە بارەی نیەتی (قاسم) بۆ لەناوبردنی ئەو هیچ زانیارییەکی نەبووە. (ج. ف)



لێبوردن بۆ گشت شۆڕشگێڕان دەربچێ، بەڵام مەرامی (عەبود) بەو هۆیەوە کە دەزگایەکی بێتەلی وەرگرتن و ناردن لەناو ئوتومبیلەکەیدا ئاشکرا بوو. هەروەها خۆی و جەماعەتەکەی کە لەگەڵیدا بوون بەو هیوایە کە بتوانن ڕێنوێنی فڕۆکەکان بکەن تا هێرش بکەنە سەرم. ئەوەبوو وەڵامی (عەبود)م هەر بەو شێوەیە کە وەڵامی ئەوانەی پێش ئەوم دابۆوە ((من گوناهێکم نەکردووە، من شەرانگیزنیم، ئێوە شەڕانگێزن، من خاوەنی لێبوردنم، چۆن ئێوە باسی لێبوردن لە ئێمە دەکەن! نەخێر لێبوردنی ئێوەمان ناوێ.

هەروەها بارزانی گوتی:

- لە بیست و سێی حوزەیرانی 1962، سەرکردەی هێزی مەیدان لە کەرکوك، ئەفسەرێکی بەناوی (عەلی ئاغا) نارد بۆ ئەوەی لە بارەی مەرجەکانی ئاگربەستەوە قسە و گوت و بێژ بکا. هەروەها گوتی ئەو ئامادەیە لە ڕێگەی فڕۆکەوە بەیاننامە بڵاوبکاتەوە و ئاگربەست ڕابگەیەنێ. ئەو جێگایەکی بۆ دیدار لەگەڵ مندا دیاریکرد. بەڵام من نەچووم بۆ ئەو جێگایە، چونکە دەمزانی ئەوە تەڵەیە و لەواقیعدا ئەو جێگایە کە بۆ کۆبوونەوەی ئێمە دیاریکرا بوو هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارە بۆردومانکرا. لەو کاتەدا من وەڵامی خۆم لەسەر پێشنیارەکانی بە سێ مەرجدایەوە:

**یەکەم:** کشاندنەوەی هەموو هێزە سەربازییەکان لە کوردستان.

**دووەم:** بەرەڵاکردنی هەموو گیراوە سیاسییەکان بەبێ ئاوارتەکردن.

**سێیەم:** داماڵینی بەکرێگیراوان (جاش) لە چەکەکانیان ئەو کاتە من ئامادەم دان و سەندن بکەم.

ڕۆژێکیان کە (بارزانی) سەرحاڵ و ڕۆخۆش، لە باشترین حاڵدا بوو، ئێمەش بۆ یەکەمجار کە هەردوو بە دوو بووین و جگە لە وەرگێڕی دڵسۆز ((ئاپۆ)) کەسی ترمان لانەبوو، پێم گوت:

- هەندێك لەو کارەسات و نەهامەتیانەی کە بەسەر گەلەکەتدا هاتوون، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جیهانی دەرەوە شتێکی کەم دەربارەی ئێوە دەزانێ، هەروەها پێم گوت:

- گەورەترین نوختەی لاوازی کە ئێوە پێیەوە گیرۆدەن، ئەوەیە کە رای گشتی جیهانی لەوانەیە نەزانێ کورد کێیە بە تایبەتی لە ولاتە یەکگرتووەکان. ئەوان شتێك لەبارەی کێشەکانی ئێوە و دۆزی نیشتیمانی ئێوە نازانن.

ئەلێرەوە دەستم کرد بە روونکردنەوەی گۆشەنیگای خۆم، بۆم روون کردەوە کە ئەمە دادپەروەری نییە کە سەرزەنشتی ولاتە یەکگرتووەکان بکرێ کەهیچی لە پێناوی کورد نەکردووە، پێم گوت:

- گیروفتی راستەوخۆی ئێوە، کێشەی رای گشتییە، ئەگەر ئێوە بتوانن خۆتان بگەیەننە ئەو دام و دەزگایانە کە کاریگەری لەسەر رای گشتی ئەمریکی دادەنێ، ئەوا تاڕادەیەکی گەورە دەتوانن کار لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بکەن.

هەروەها هەوڵمدا کە بۆی راڤە بکەم کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە سادەترین تێگەیشتن هەر لە بنەڕەتەوە لە وەزارەتی دەرەوە رەسم ناکرێ بەڵکو لە لایەن ((کۆنگریس)) و بە گوزارشتێکی وردتر لە لایەن لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکی. هەروەها هەوڵمدا تێیبگەیەنم کە بە چ رێگەیەك کۆنگریس و لیژنەکانی، بیروڕاکانی گەلی ئەمریکا دەنوێنن، هەروەها ئەو رێگایانەش کەلێیەوە بیروڕاکانی گەلی ئەمریکی بە هۆی کەرەسە و ئامرازەکانی بلاوکردنەوە و دام و دەزگا زەبەللاحەکانییەوە لە بابەتی ((نیویورك تایمز)) تێیدا گەلاڵە دەبێ، روون بکەمەوە.

هەروەها پێمگوت ئەو راپۆرتانەی کە فەرمانبەرەکانی باڵوێزخانەکان دەینوسن، کەسانی تایبەتمەند لە وەزارەتی دەرەوە توێژینەوەی لێدەکەن. هەندێك جاریش تایبەتمەندانی فەرمانگەی ناوەندی هەواڵ گریی **Central Intelligence Agency** توێژینەوەی لەسەر دەکەن. بەلام باشترین و گرنگترین راپۆرت لەو راپۆرتانە دەچێتە ناو فایلەکانەوە و دەسبەجێ هەڵدەگیرین و لە بیر دەچنەوە. هەروەها روونم کردەوە و گوتم:



- لە رژێمی ئێمەدا، جگەلەوە شتێکی تر نییە، راپۆرتەکان لە رێگەی هەواڵنێرانی سەربەخۆی وەکو منەوە، بە جۆرێکی گشتی بۆ جەماوەر رادەگەیەنرێن. وەزارەتی دەرەوەش جگە لەوە کە لە بواری سیاسەت و ئاراستەکردنی خۆیدا، زوو یان درەنگ، بایەخ بەو بیروڕایانە بدا کە لە رۆژنامەکان و هۆیەکانی تری بلاوکردنەوەدا، بلاودەکرێتەوە، بە کورتی ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین ((رای گشتی)) بوارێکی تری نییە.

بەلام من پێموانییە کە (بارزانی) بایەخدان و گرنگییەکی گەورەی بەوەدابێ کە من گوتم. ئەو، ئەو جیاوازییەی کە من لە نێوان گەلی ئەمریکا و حکوومەتی ئەمریکا خستمە روو، رەتکردەوە، بێگومان ئەمە لەسەروو تاقیکردنەوەی ئەوەوە بوو، چونکە ئەو سەردانی ولاتانی رۆژئاوای نەکردووە. لەبەر ئەوە بارزانی وای دەبینێ کە حکوومەتی ئەمریکا هەقیقەتی بارودۆخی کوردستان دەزانێ، ئەو پێداگری دەکرد کە بەرپرسیاریی حکوومەت ئەوەیە کە گرنگی بدا بە گەیاندنی راستییەکان بە رای گشتی ئەمریکا. تا ئێستاش کە حکوومەتی ئەمریکا بەو کارە هەڵنەستاوە، تەنیا لەبەر ئەوەیە کە نایەوێ یارمەتی کورد بدات. هەروەها تەئکیدی دەکرد کە هەردوو حکوومەتی ئەمریکی و حکوومەتی سۆڤێتی زۆرەها رێوشوێنیان لەبەردەست دایە بۆ زانینی راستییەکان لەمەڕ سروشتی شەڕ لە کوردستان، هەڵەکان و راستییەکان، کێ دەیباتەوە و کێ دەیدۆڕێنێ، فلان شتەکەی رووی داوە و لە کوێ روویدا...

- سەرەڕای ئەوەش ئەمریکییەکان بەردەوامن لەسەر بانگەشەی ئەوەی کە ئێمە یارمەتی لە رووس وەردەگرین، روسیش پێپسانەوە دەڵێن کە ئێمە یارمەتی لە ولاتە یەکگرتووەکان وەردەگرین.

(ئەو تێبینیانە، بە سوڕانەوەیەکی تەواو، ئەوی گێڕایەوە سەر هەمان ئەو خاڵەی کە چەند رۆژ پێشتر لەوێوە ئاخاوتنمان دەست پێکرد بوو)... بە جۆرێك لە دڵنیاییەوە گوتی:

- جا چۆن دەتەوێ ئەوە قبوڵ بکەم کە داد پەروەری لە نێو گەلاندا هەیە؟

# بەشی سێزدەیەم

# ڕۆژانی دوایی لەگەڵ کورد

بەر لەوەی کۆتایی بە گوتوبێژەکانم لەگەڵ (بارزانی) بهێنم، هانی دام سەرەڕای ئەو جێگایانەی تر کە دیتومە، کەمێك لە کوردستانی عێراق ببینم، ئەوەبوو رازی بووم کە چەند گەشتێکی لاوەکی بکەم. لە یەکێك لەو سەفەرانەدا سەردانی گوندی ((قوله))م[1] کرد. خانووەکانی ئەم گوندە بانەکانی نزمن و بە کۆنکریت بنیات نراون، ئەم گوندە لە لایەن حکوومەتەوە بنیات نراوە و بۆ ئەو کەسانە تەرخانکراوە کەماڵەکانیان کەتۆتە بەر پاشاوی بەنداوی دەریاچەی دوکانەوە. بارودۆخەکە وای دەخوازی لە تاریکترین شەوەزەنگدا، سێ کاتژمێر بەناو زەوییەکی زۆنگاودا بڕۆین کە هەندێکجار دەگەیشتە بن ئەژنۆم. من بەسەر پشتی وڵاخێکەوە لەسەر لاتەنیشت دانیشتبووم. لە کاتێکدا قاچم کە بەر ئاوەکە دەکەوت و شەقەی دەهات، راگیر نەدەبوو، سەرەڕای ئەوەش پیاو هەستی دەکرد لەوانەیە وڵاخەکە بخلیسکێ و بکەوێتە خوارێ و سوار و بارەکان پێکەوە بکەون و نقوم بن.

هەموو ئەمانە ئەو شەوەمانی تاریکتر و نادیارتر کرد بوو. گوندی ((قوله))ش لەو دەمەدا کە ئێمە چووینە ناویەوە پڕ لە نهێنی و خەیاڵ ئامێز بوو. لە دەرەوەی ئەو خانووە کۆنکریتییانە، لەسەر زەوی دانیشتین، لە دەوروبەری ئێمە، سەگی زەبەلاحی مێگەل و هەروەها سەگێکی راوی لێبوو. بێچووە گورکێك لە حەوشی ماڵەکە بەسترابۆوە و سەگەکان بە ئازادی دەهاتن و دەچوون و بۆنیان دەکرد و لە دووری دە دوازدە پێیەك دەگەڕان و چاوەڕێی هەلێك بوون تۆزە خواردنێك بفڕێنن.

لە ناوەڕاستی کۆڕەکەماندا، خانە خوێکەمان چرایەکی نەوتی روونـاکی کە پەمپ لێدان کاری دەکرد، دانابوو. ئەوە تاکە چرایەکی لوکس بوو[2] بوو لەمجۆرە

---

[1] گوندی ((قوله)) سەر بە ناحیەی چوارقورنەیە لەناوچەی بیتوێن. (و. ك)

[2] بوونی چرا لوکس لە هەرێمی بتوێن، جگە لە رووناك کردنەوە، پێداویستییەکی راپەراندنی کاروباری ژیانی کشتوکاڵ بووە، بە تایبەتی لە وەرزی هاوین کە دەبرایە سەر مەزراکان و کێڵگەکانی توتن و شەوانە لەبەر روناکی لوکس توتن بەداوەوە دەکرا. (و. ك)



کە لەناو کورددا دەمدی. رووناکی چراکە شێوەی زەبەلاحی لە سێبەری پیاوەکان و هەروەها ئەو سەگانەش کە بەدەوروخولماندا هەڵدەسوران، لەسەر دیوارە کۆنکریتییەکان دەدایەوە.

ئێستا لەسەر زەوییەکی بەربەرەڵاو بێ ئەوەی کە هیچ جۆرە پەناگایەك یان حەشارگەیەك بۆ خۆپاراستن لە ئەگەری هاتنی پەلامارێکی بۆردومانی ئاسمانی شەوانە، لە ئارادا بێ، دانیشتووین. لەبەر ئەوە، پاش ئەوەی چەند کاتژمێرێکی کەم پشوومان‌دا، دووبارە کەوتینەوە رێ و لەبەر پرشنگی مانگەشەودا بە دەشتێکی پان و بەریندا بێ ئەوەی لە رێگا دەرچین، دەڕۆیشتین. کاتێك خۆر لەکەل بەرزبۆوە، مەودایەك دووری لە نێوان ئێمە و چیاکاندا مابوو، بۆیە تائەو پەڕی توانا کە لە توانای وڵاخەکاندا بوو هەم دەمانلاواندنەوە و هەم تێمانەوە دەخوڕین و هەمووشمان سوار بووین.

دەوروبەری کاتژمێر هەشت بوو، دو فڕۆکەی (میك) و فڕۆکەیەکی (هیلیکوپتەر)مان بەدی کرد کەوا دەردەکەوت بەرەو لای ئێمە دەهاتن. پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر کەم چاودێریمان کردن، بۆ خۆشاردنەوە خۆمان گەیاندە نێو بەستی رووبارێکی وشکەوە کە دەکەوتە لای راستی رێگاکەمانەوە. فڕۆکەکان خولێکیان خوارد و هەر دەتگوت بەدوا ئامانجێکدا دەگەڕێن، هیلیکۆپتەرەکە گەڕایەوە و لەچاو ون بوو. دوو فڕۆکە (میك)ەکەش دووبارە گەڕانەوە و راستەوخۆ هاتنە سەر سەری ئێمە بەڵام بۆردومانیان نەکردین. بە راستی حاڵەتێکی ترسناکە! گوێم لە دەنگی بزوێنەری فڕۆکەکە بوو، زیڕەی دەهات و شەپۆلی هەوا لە پەنا سەرمانەوە تێدەپەڕی.

ئەوانە بە جۆرێك دادەهاتنە خوارەوە وەك بە دوای شتێکدا بگەڕێن. دوور نییە ئێمە ئامانجی ئەو بە دوواداگەڕانەی ئەوان بووبین.

من هەر بەڕێکەوت، شەو، کە هەستم بە سەرما کردبوو، کراسێکی سوکی خۆڵەمێشیم بەسەر جلە کوردییەکەمەوە لەبەرکردبوو. دەستم کرد بە داکشاندنی کراسەکەم بۆ خوارکەمەرم بۆ ئەوەی ئەو پشتێنە قوماشیەی پێ داپۆشم کە

رەنگێکی زەردی بریسکەداری هەبوو، هەروەها جەمەدانەی سوروسپی بارزانییانەم لەسەر سەرم داگرت و خستمە ژێر خۆمەوە. جەنگاوەرێکی لاوی کوردی کە لە تەنیشت منەوە خۆی حەشاردابوو، ئاماژەی بۆ کردم کە ئامێری کامێراکەم داپۆشم، ئەو حسابی بۆ ئەوە کردبوو کە هەندێك پارچەی کانزایی کامێراکە بریسکە دەداتەوە و سەرنج راکێش دەبێ.

فرۆکەکان بۆ جاری سێیەم هاتنەوە. ئەمجارەیان دەستیان بە بۆمباران کرد. راستەوخۆ لەسەر سەرمەوە ریزێك دەسترێژم گوێ لێبوو کە بە جۆرێکی بێ بەزەییانە بە تالّی دەکرد، من خۆم بە لێواری کەندەلّانەکەوە نوساند بوو و سەریشم خستبووە ژێر تیشە بەردێکەوە.

خەریك بوو دەمارەکانم ئارام دەبوونەوە، کە فرۆکەکان بۆ جاری چوارەم گەڕانەوە و لەهەمان نوختەدا دەستیان کردەوە بە بۆمباران کردن. وادیار بوو بە دوامان کەوتوون یان لەوانەیە چاودێری ئەسپ و ولّاخەکانیان کردبێن کە بە درێژایی لێواری بەستەکە بەسەر سەرمانەوە، بەشێنەیی دەخولانەوە، یان لەوانەشە مەرامیان ئەوە بوو بێ ئاگر لەناوچەکە بەربدەن چونکە ئەوە بوو لە دواییدا لە لای چەپی رێگاکەمانەوە ئاگرلە کێلّگەیەك بەربوو کە گوڵەگەنمەکانی وشك بوو بوون.

پاش ئەوەی دوو فرۆکەکە دوور کەوتنەوە ماوەی کاتژمێرێك بە رێی خۆماندا رۆیشتین و ئێمە هەر چاودێری ئاگرەکەمان دەکرد کە بەهێواشییەوە لە بناری چیاکە بەزردەبۆوە و بەشێنەیی بەرەو هەوراز پێدادەچوو. لەگەلّ شوانێك و خێزانەکەی کە لە حەشارگەی هاوینی خۆیاندا کە لە کاریتە و لق و گەلّای درەخت بە چاکترین شێوە نەدیو و حەشاردرابوو، دانیشتین. لەو دەمەدا کە ئاگر بە هەوراز و نشێوەکەدا، دەخشا ئەو بەری چیاکەی دەتەنیەوە. شێوەی دوو پیاو و تارمایی ئافرەتێکیشم بەدی کرد کە لە ناوەڕاستی ئاگرەکە بەشەنەی دار شەنەیان دەکرد، لە دوایدا هەر سێکیان لەبەر چاوم وون بوون و لە دلّی خۆمدا هەر دەمپرسی: تۆ بلّێی ئاگر گەمارۆی دابن و لەناوی بردبن یاخود رزگاریان بووە؟



پاش ئەوەی ماوەی نیو کاتژمێرێك کەوتینەوە رێ، بۆ جاری دووەم مەترسی هاتنەوەی فرۆکە دەستی پێکردەوە. خۆم فڕێدایە ناو کەندەلّانێکەوە بۆ کەندڕێکی پڕ لە چقلّ و درك و دالّەوە. بەخێراییەکی وا بەرەو خوارەوە هەلّخلیسکام کە پێشبینم نەدەکرد، نەمتوانی خۆم بگرمەوە تاکو گەیشتمە کۆتایی کەندڕکەکە ئینجا بەزەحمەتەوە خۆم پێ گیرایەوە، سەیری سەرەوەم کرد زارکی ئەشکەوتێکم بینی دەم و چاوی نزیکەی دە کەسم هاتە بەچاو، کاتێك بەرەو لای ئەوان سەر کەوتم، هەر دەخلیسکام و هەلّدەستامەوە و سەردەکەوتمەوە، گوێم لێبوو بانگم دەکەن ((وەرە! وەرە!)) لە پاشاندا تێگەیشتم کە ئەوە مانای ئەوە بوو ((come to here, come to here)) بەلّام لەبەر ئەوەی ئەو کاتە مانای ئەو وشانەم نەدەزانی و زارکی ئەشکەوتەکەش وادەهاتە پێش چاوم کە بە لق و پۆپ گیراوە، ئەو دەم و چاوە کۆمەلّ بوانەش لە نێوان لقەکانەوە لە نزیك یەکدییەوە هاتبوونە دەرێ، ئاماژەیان بەوە دەدا کە لە ژوورەوە جێگا نییە، هەستم بە هەمان ئەو پەشێوییە کرد کە ئەلیس (Alice)[3] لە ولّاتی سەیر و سەمەرەدا ((Wonder land)) هەستی پێکرد بوو. کاتێك هەموو ئەو زیندەوەرانە لە ئاهەنگی چاخواردنەوەی ((دورماوس —Dormouse)) دەیان قیژاند: ((لێرە جێگا نییە، لێرە جێگا نییە)) بۆیە ماوەی چەند خولەکێك بەسەرخۆمەوە هەلّکورمابووم و چاوم لەو روخسارانەوە بڕی بوو کە بەچاوی پرسیارەوە لێمیانەوە دەڕوانی. دوای ئەوە کە بە لێژەنەکەدا هەلّگەڕام و سەرکەوتمە سەرەوەی لێواری کەندەلّانەکە بینیم هاوەلّەکانم لەوێ چاوەڕێم دەکەن.

عەسری ئەو رۆژە لە ئەشکەوتێکدا نانمان خوارد و لەگەلّ خێزانی یەکێك لە براکانی ((عەباس مامەند ئاغا)) پشوومانداا. ئەو ئەشکەوتە پلەیەك ((دی

[3] کچە پالّەوانی بەناوبانگی ناو چیرۆکی مندالّانە بە ناونیشانی ((ئەلیس لە ولّاتی سەیر و سەمەرەدا)) کە لویس کارول — نازناوی خوازراوەی نوسەر _چارلس لوتویك دود جونسون- (1832-1892) نووسیویەتی. ئەم چیرۆکە باسی گیانبازییەکانی کیژۆلّەیەکی بچووك دەگێرێتەوە لە ولّاتێکی پڕاو پڕ لە شتگەلی سەیر و سەمەرە کە مندالّان خەونی پێوە دەبینن. لێکچوواندنی نووسەر لێرەدا دەگەرێتەوە بۆ ئەم چیرۆکە. (ج. ف)

لوکس) و فراوان و بواری هەوا گۆرکێی باش بوو. دانیشتوەکانی رووخۆش و دەم بە پێکەنین بوون. منداڵەکان پاك و خاوێن و هۆگربوون و ترس و سڵ کردنیان پێوە دیار نەبوو. لەوێ جێگایەکی ئاسودەیان بۆ ئامادەکردم. هەر ئەوەندە سەرم خستە سەر سەرینەکەم بە کاریگەری دڵ تێکچوونی رووداوەکەی بەیانی خەوێکی قوڵم لێکەوت. پاشان چوومە لای ئەو ئاژەڵە بەنازەی خێزانەکە کە کارمامزێکی بچووکی زۆرجوان و ئەندام ناسك بوو، سەرنجی راکێشام و سەرسامی خۆمم پێی دەربڕی. پاش ئەوە ئەو پەڕی کۆشش و تەقەلام بەکارهێنا تا رێگەیان لێ بگرم کە پێشکەشم بکەن.

پاش ئەوەی تێرحەساینەوە و پشووماندا بەرەو گوندی ((پڵنگۆ))[4] کەوتینەڕێ. لە کاتێکدا نانی ئێوارەمان دەخوارد، گوێمان لە دەنگی سەگوەڕێکی هیستریانە بوو. خانە خوێکەمان چووە دەرەوە. تەماشای کرد راوی ورچێك دەنێن. بەرەبەیانی رۆژی داهاتوو بە گەرویەکی شاخاویدا لەسەرووی گوندی ((وەرتێ))وە کە هێزەکانی کورد نەخۆشخانەیەکیان دانابوو، دەڕۆیشتین. بە درێژایی رێگاکە شوێنەواری پێی ورچێکمان بینی کەتیرەی دەگەیشتە شەش تا هەشت ئینج. لە نێو سەرەنشێوی چیا سەرکەشەکانەوە کە بە نێویەکدا چوبوون رەوە ئەسپێکمان بینی بەرەو لەوەرگایەکی تازە لێدەخوڕدران. رەوەکە نزیکەی سی ئەسپ دەبوو کە بە نەرم و نیانی و شکۆوە دەڕۆیشتن.

من لە شادیدا نقوم بووبوم کە بینیم هێشتا هەندێك عەشیرەت هەن ئێستاش پەرەوەردەکردنی ئەسپ بەکارێکی سودبەخش دەزانێ و بەبنەمای ژیانی خۆی دادەنێ.

ئەو شەوەمان لەناو خێوەتی شوانێکدا کە لە پێستی بزن دروستکرابوو، بەسەر برد. خێوەتەکە لە ناوەڕاستدا کرابوو بە دوو بەشەوە، پەتویەکی هەڵواسراو، کۆمەڵە گونیەیەك نازانم چیان تێدابوو، نێوانیان کردبوو. ژنەکە و منداڵەکان لە لایەك بوون جگە لە منداڵێکی دە ساڵە کە درەنگ هاتبوو لە نێو پیاوەکان دابنیشێ وگوێ رابگرێ، هێشتا لە تەنیشت ئێمە بوو کە خەوی لێکەوت.

---

[4] دەبێ مەبەست گوندی پڵنگان بێ کە دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای رانیە. (و. ك)



هەندێك رایەخی خوری، فەرشێکی باش لەسەر زەوی راخران. ئەوانە هەر بە پێی نەریت لەسەر شێوەی پیتی ((U)) ریزکرابوون و هەروەها سەرینیش بۆ پاڵدانەوەمان کە بەپێی نەریتی کوردی لە هەموو کۆڕێکی دانیشتندا هەیە.

گرنگ ترین گەشتی لاوەکی کە لە بارەگای گشتی ((بارزانی))یەوە پێی هەستاین، گەشتی ((بێتواتە)) بوو، ئەوێ یەکێك لەو بنکە هەمیشەییەی شۆڕشگێڕانە.

ئەو شەوە کە رێککەوتین کاتی چواری بەرەبەیان بکەوینە رێ، (ئەحمەد) گوتی: ئەگەر حەز دەکەی راپۆرت یان چیرۆك بنووسی، هەوڵ دەدەم بە پۆستەچیدا بینێرم.

مانای وایە بەنهێنی لەو جێگایەوە کە بەدەست پیاوانی (بارزانی)یەوە بوو، بۆ وڵاتێکی دراوسێ دەچوو، لەوێوە ئەگەر سانسۆر رێگا بدا، یان کە رێگەیدا ئەوا بە بروسکە دەنێردرێ. دانیشتم و لەبەر رووناکی چرا نەوتییەکە ئامێری نووسینم لەسەر سندوق دانا و تا کاتژمێر دووی پاش نیوەشەو کارم کرد. چراکە کە بە بزمارێك بە کۆڵەگەیەکەوە لە پشت سەرمەوە هەڵواسرابوو، شۆڕکرابۆوە خوارێ و رووناکییەکەی دەلاژایەوە و سەمای دەکرد و جاری واهەبوو رووناکییەکەی کز دەبوو و بەهۆی شنە بایەکەوە کاغەزەکان لەسەر سندوقەکە دەجولاّن و هەڵدەگەرانەوە، تێبینیەکانم لێ دەشێوان. پیاوانی دەوروبەری من هەموویان خەوتبوون و خۆیان لە پەتوودا پێچابۆوە. جا یان ئەوەتا لە خەوێکی قوڵەوە چووبوون کە رووناکی چرا و دەنگە دەنگی ئامێری نووسینەکەم ئەوانی نارەحەت نەدەکرد یان کەسانێك بوون کە بە دڵێکی فراوانەوە قبووڵیان دەکرد. بە هۆی رۆیشتنی ئەو رۆژەوە ماندووبووم و تاسەی خەو دەیبردمەوە. بەڵام دەرفەتی ناردنە دەرەوەی چیرۆك نابێ لە دەست بدرێ.

ئەگەر چارەنووسی ئەو چیرۆکە وابێ کە بگاتە جێگای خۆی، ئەوا یەکەمین چیرۆك دەبێ کە لە بارەگای (بارزانی)یەوە ناردوومە و رێکم خستووە. بەڵام لێرەدا پێویستە بڵێم کە بەداخەوە-بێ ئەوەی ئەو هەوڵدانە ئاشکرا بکەم کە چۆن هاوەڵە کوردەکانم بۆ سەر خستنی ئەرکەکە ئەنجامیاندا- سەرکەوتوو نەبوو،

چیرۆکەکەم نەگەیشتە سەرچاوەی خۆی، بەڵام دانەیەك لەو نوسراوە کە بەرێگەیەکی جیاواز بۆ ناونیشانەکەم ناردرابوو، گەیشتبووە ناونیشانەکەم لە بەیروت، بەڵام پاش دە رۆژ لە گەیشتنەوەی خۆم بۆ ماڵەوە گەیشتە ئەوێ.

پاش دوو کاتژمێر لە تەواو بوونی چیرۆکەکەم (ئەحمەد) بە هەواڵێکی ناخۆشەوە لەخەو هەڵیساندین کە ئەویش پێویستی دەست پێکردنەوەی گەشتەکەمانبوو، و چای یان خواردنێك ئامادە نەکرابوو بیخۆین و (ئەحمەد) گوتی لە یەکێك لەو گوندانەی سەر رێگەمان نانی بەیانیمان دەخۆین بەهەرحاڵ چونکە لەشم خاو ببۆوە و ئاسودە بووم، چالاك بووم و ورەم بەرز بوو. (بارزانی) رۆژێك پێش ئەوە لێی پرسی بووم: ئایا بەو جلە کوردیانەوە ئاسودەی؟ بە داوای لێبوردنەوە ئیقرارم کرد کە لەو جلانەدا زۆر هەست بە گەرما دەکەم. بە پێکەنینەوە وەڵامیدایەوە:

- جا کەوابێ بۆ بەردەوام لەبەرتدایە؟

بۆم گێرایەوە کە چۆن (ئەحمەد) حیکمەتی لەوەدا دەبینی کە ئەو کارە بکەم.بارزانی گوتی:

- ئاه. گوێ بەوە مەدە تالێرەبی چیت پێخۆش بوو ئەوە لەبەر بکە.

ئەو رۆژە پانتۆڵێکی ئەوروپی و کراسێکی لۆکەیم کە پیاو تێیدا هەست بە فێنکی دەکا، لەبەرکرد.

بەڵام ئاسودەیی و مەعنەویاتم زۆری پێنەچوو کە بەرەو خراپی چوو کە بیستم ئێسترە بچووکەکەم کە خولقم لەگەڵیدا راهاتبوو، لەگەڵ ئەو زینەش کە بەسەر پشتییەوە بوو، نێردرابۆوە بۆ گوندەکەی واتە بۆ شوێنی هاتنەدنیای خۆی. بە دڵنیایی زانیم کە بەماوەیەکی کورت ناتوانرێ لە نێو ئەو چیایانەدا وابەئاسانی زینێکی دیکە پەیدا بکرێ. گەشتی رۆژە رێیەك بەسەر کۆپانی ئێسترێکی کوردییەوە هەرگیز لەگەڵ پێکهاتەی بەدەنی من نەدەهاتەوە یەك! ئەستوری ئەو کۆپانانە دەگەیشتە پێنج یا شەش ئینج بەشی خوارەوەی لە بەشی سەرەوەی ئەستورتر بوو. هەر بۆیە تا رادەیەك ئاستێکی تەخت لەسەر پشتی ولاخەکە



دورست دەبوو. لەوانەیە ئەو جۆرە کۆپانە بۆ بارهەڵگرتن گونجاو بێ بەڵام جۆرە سوارێکی دەویست کە هەردوو قاچی بە تەواوی لێکبلاو ببێ.کورد بۆ خۆیان بە ئاسودەیی لەسەر ئەو کۆپانانە دادەنیشن و قاچیان دەخەنەوە ژێر خۆیان یان ئەوەتا لاتەنیشت بەسەریەوە سوار دەبن و ناوناوە وەزعی خۆیان دەگۆڕن و جارجارەش دادەبەزن و بەپێ دەڕۆن. پاشان جارێکی تر سوار دەبنەوە و بەم شێوەیە.. بەڵام من دەمزانی دەبێ چەند کاتژمێرێك بکەومە نێو ئازار و ناڕەحەتییەوە.

توڕەیی دایگرتم، لە کاتێکدا کە (ئەدرینالین)[5] دەڕژایە نێو خوێنمەوە گوتم: ئەگەر زینێکی گونجاوم بۆ پەیدا نەکەن بەپێ دەڕۆم ئەگەر هاوەڵە کوردەکانم دەتوانن رۆژێکی تەواو بەپێ بڕۆن، ئەوا منیش دەتوانم. کەسیان هەوڵیان نەدا مشت و مڕم لەگەڵدا بکەن. چونکە حاڵەتی دەرونیم رێگەی نەدەدام گوێ لە مەنتیق رابگرم و حکیمەت قبووڵ بکەم. بەم شێوەیە هەر لە کاتژمێر پێنجی بەیانییەوە تا پاش نێوەڕۆ بەپێ رۆیشتم تادواجار بۆ ئەوەی پشوو بدەین و نان بخۆین لە دەوری گۆمیلکە ئاوێك کە لە نزیکی کانی گوندەکە و لە بناری چیایەك بوو، راوەستاین. لە زۆربەی گوندەکاندا، گوند نشینەکان ئەو گۆمیلکە ئاوەیان دروست کردووە تاوەکو بنکەیەك بۆ قسە و باسی خۆیان لە دەوری کۆببنەوە و کۆڕی بە دەوردا ببەستن. لەسەر رایەخەکان پاڵمان دایەوە و کەبینیم بە تەنیا من نیم کە هێزم لەبەر بڕاوە. دڵشادبووم.

ئێستا کاتی ئەوە بوو کە دۆلکە ((دۆ))ی سارد بە خێرایی بەسەر رێبوارانـدا بگێڕن. (دۆ) بە تامترین شەڕابی سەر رووی دنیابوو. هەر لەو دەمەشدا کە گۆشتی کاوڕ لێنرا بوو، یەکێك لە دێهاتییەکان چای بۆ هێنایین، (جەمیل) هەر بە نەریتی خۆی، کە بۆ هەر شتێك کە من پێی ئاسوودە دەبم، دەگەڕا، جگەرەیەکی لە توتنی ناوچەیی پێچایەوەو پێشکەشی کردم. هەر چەندە من کەمتریش جگەرە دەکێشم، بەڵام بۆم دەرکەوت ئەو جگەرەیەی کە لە توتنی

[5] کاتی توڕەبوون. یان هەر حاڵەتێکی هەڵچوون و گرژبوون رژانی (ئەدرینالین) لە گلاندەکانەوە، زیاتر دەبێ (ج. ف)

ناوچەیی دەپێچڕێتەوە زۆر نەرم و ئارام بەخشە، بە تایبەتی پاش ڕێ ڕۆیشتنێکی سەخت، هاوەڵەکانم لەناو گۆمە ئاوەکەدا خۆیان شوشت، بێ ئەوەی گوێ بە دیمەنی پیسی ئاوەکە یان ئەو هەموو گلیژە بدەن کە بەردەوام فڕێ دەدرایە ناوی و لە پەنایەکەوە کۆ دەبۆوە و تەنانەت تەوژمی سوکی ئاوەکەی پێ نەدەگەیشت.

پاشان دێهاتییەکان چەند دێمکە ئاویان لە کانیاوێکی سارد هێنا، کە لێمان خواردەوە هەروەکو بەفراوبوو، ئەوەشی لەبەرمان مایەوە بەسەر سەری خۆماندا کرد، لە دنیادا هیچ شتێك لەوە فێنك تر و خۆشتر نییە.

پاش ئەو بەرکوڵە، ئیشتیای خواردنم بۆ ژەمێکی سوکی خێرا کرایەوە کە بیخوێن و پاش ئەوە دووبارە بکەوینەوە ڕێگا. بەڵام لەناو چیاکانی کورددا شتێك دەست ناکەوێ کە ناوی ژەمی خێرای لێ بنرێت. ئاو دەبێ بکوڵێنرێ و چێشت دەبێ ئامادەبکرێ، پاش ئەوەی کە ئامادە دەکرێ و دەخورێ، دەبێ کەمێك پشوو بدەین.

کاتژمێر چواری عەسر بوو کە بانگیدا. هێشتا خۆمان بۆ ڕۆیشتن ئامادە نەکردبوو، دووبارە سوربوم لەسەر ئەوەی کە بەپێ بڕۆم. بەڵام حەماسەتی ئێستام لەوەی بەیانی کەمتر بوو. ئێستا ڕۆیشتن بەسەر زەوییەکی تەختان و ڕێکدا بوو منیش پێڵاوێکی ((تێنس))م لە پێکردبوو. بەڵام کاتێك خۆر گەیشتە وەختی ئاوابوون، ڕێگاکە بووە ڕێگایەکی دژوار و پڕ لە هەڵەت و بەردەکانی لێوارەکانی تیژ بوون و هەردوو پێ و پاژنەکانم بریندار دەبوون و ئیدی وام لێهات بە چاوی حەسرەت و خۆزگەوە سەیری ئێسترەکانم دەکرد.

(مستەفا) بۆ ڕزگارکردنم وە پەلە کەوت. زینی سەر پشتی یەکێك لە ئێسترەکانی داگرت، بە گوریسێك دوو ئاوزەنگییەکەی بەستەوە و ئەمەش چاکترین چارەسەری کێشەکە بوو کە من خەونم پێوە دەبینی و ڕامگەیاند کە دەبێ ((مستەفا)) بە نازناوی ((کاك فەرزەندە))وە بانگ بکرێ، جا بۆ ئەوەی ئەم داهێنانە نوێیە جێبەجێ بکرێ دەبوایە ئەو زینەی تریش بخرێتە سەر پشتی وڵاخێکی کە زینی بەسەرەوەیە و بەمجۆرە ئێستری دووەم دەکەوتە ژێر باری دوو



زینەوە، ئێسترەکە بەم کارە نارەزایەتی دەنواند و وەکو هەر گوێ درێژێك دەستی کرد بە جەنەگرتن و سەرکێشی پاشان بەرەڵابوو و دەستی کردن بە ڕاکردن بە بناری چیاکەدا، (ئەحمەد) پێراگەیشت و گەیشتەسەری و ڕێشمەکەی گرت و بە دوای خۆیدا ڕایدەکێشا بەڵام نێو لەپی دەستی بە هۆی گویسەکەوە سوتابوو.

پاش تاریك داهاتن گەیشتینە ((بێتواتە)) و ئێمە پتر لە مردوو دەچووین هەتا زیندوو.

سبەی ڕۆژی داهاتوو خۆمان لە ناوەڕاستی بنکەیەکدا دیتەوە کە لە چالاکی و جموجۆڵدا جمەی دەهات. لەوێ ئەمبار، ئازوخە و خۆراك، کارگەیەکی بچووکی چاککردنەوەی چەك، بارەگای دابەشکردن، بنکەیەکی جل و بەرگ دروون کە سێ ماکینەی لە جۆری (سنگەر Singer) تێدابو، بنکەیەکی بچووکی پزیشکی، ویستگەیەکی بروسکەگرتن و چاودێری بێتەل، سەربازگەیەکی دیلەکانی جەنگ و هەروەها سەربازگەیەکی گیراوە سیاسییەکان، هەبوو.

لە نێو ئەمباری چەکەکان، کە لە ئەشکەوتێکی گەورەدا بوو، بەرپرسی ئەمبارەکە (عوسمان یوسف) بەشانازییەوە گوتی: کاتێك لە سوپای عێراقی هەڵاتم و هاتمە ناو ڕیزەکانی هێزە نیشتیمانییەکانی کورد، سەد تفەنگ، بیست دەمانچە سێ دۆشکە، دوو هاوەنی بیست عوقدە و دە هەزار فیشەکم لەگەڵ خۆم هێنا. ئەو لەگەڵ یارمەتیدەرەکەی هەموو ئەو جۆرە چەکانەیان هێنایە دەرەوە کە لە نێو ئەمبارەکەدا بوو لەبەر دەمی ئەشکەوتەکە دایان ناو منیش وێنەیەکم گرت و هەروەها وێنەی پیاوێکی کوردم گرت کە تفەنگێکی کۆنی ڕاوی تەسلیم دەکرد و لە جیاتی ئەوە تفەنگێکی ڕوسی ئۆتوماتیکی بریسکەداری نوێی وەردەگرت.

لە دووری چەند مەترێکی کەمەوە، سیکەسیکی مەکینەی بەرگ دروونی (سنگەر) دەنگی دەهات، کۆمەڵێك لە پیاوانی پێشووی پۆلیس جل و بەرگی ڕەسمی سەربازی عێراقیان دادەنا و دەستێك جلی کوردی خاکیان وەردەگرت.

پاش ئەوە چوین بۆ چاوپێکەوتنی دیلەکان. ئەوان لە جێگایەکی یەکجار بەرز بەقەد پاڵێکی چیاکەوە بوون. لەوێ لە پەنای کۆمەڵە بەردێکەوە، ئەشکەوتێکی

یەکجار فراوان هەبوو، سوپای کوردی نەوەد و یەك گیراوی سیاسییان لەوێ دانابوو کە زۆربەیان پۆلیس ((سیخوڕ)) و ((جاش))ی گومان لێکراو بوون، هەروەها کۆمەڵێك فەرمانبەر لە هەموو جۆرە پلە و پۆستێکیدا کە بە تاوانی مامەڵەکردنی خراپ لەگەڵ کورد و دەستدرێژی کردنە سەریان، گیرابوون.

گیراوەکان وا کۆمەڵ ببوون وا پاڵیان پێکەوە دابوو، کە پشت بە پشتی یەکەوە و بە درێژایی بن دیواری ئەشکەوتەکە بەیەکەوە نووسابوون. بە راستی زۆر سەخت بوو، مرۆڤ، مەودایەکی تەواو بۆ پاڵ کەوتن و خەوتنی ئەوان بەدی بکا.

ئەوان رۆژانە چوار یان هەندێکجار پێنج جار دەبرانە دەرەوەی ئەشکەوتەکە و بە یەك ریز بە رێگەیەکی زۆر هەڵدێڕدا بە سەردەکەوتن بۆ سەر گۆمە ئاویك لەوێ خۆیان دەشوشت یان کاری پێویستیان بەجێ دێنا.

کاتێك هاوڕێکەم تێبینی کرد کە هەرگیز من ئیقرار، یان چاوپۆشی لەو جۆرە حاڵەتە ناکەم کە ئەو دیلانە تێیدا دەژین، دەستیان کرد بە گێرانەوەی چیرۆکی دڵتەزێن لە بابەتی ئەوە کە چۆن لە نەخۆشخانەکانی حکوومەتدا بریندارەکانیان ((هوقنەی هەوایی)) لە دەمارەکانیان کراوە و کوژراون —وەکو ئەوان دەیان گێڕایەوە- یان تامردن ئەشکەنجە و دارکاری کراون. بەڵام من پێم گوت: دوژمنەکەتان هەرچییەکی کردبێ، یاهەر تاوانێکی بەرامبەر بە کورد ئەنجام دابێ، لە بەرژەوەندی ئێوەدا نییە گیراوەکانیان- هەرچەندە بێزراویش بن- لەم بارودۆخەدا بمێننەوە.

یاوەرەکانم پێیان گوتم کە ئەوان ئێستا کار لەوەدا دەکەن کە ئەشکەوتەکە کە لە شێوەی پیتی ((L)) دایە فراوان بکەن و دوو دەروازەی بۆ دروست بکەن کە یەکێکیان داخراو بێ. لەو باوەڕەدام فراوان کردنەکە لە بنی پیتی ((L))ەکەوە فراوان کردنەکەی تەواو بوو.

لە ئەشکەوتی گیراوە سیاسییەکانەوە چووینە ئەو بەرەوە کە سەربازگەیەکی بچووکی ئەو گیراوانە بوو کە جۆرە تازیارییەکی دیاریکراویان هەبوو، ئەوانە هەموویان بە جۆرێکی تایبەتی بە دۆستانی گەلی کورد دادەنران. لە نێوانیاندا



سێ بەڕێوەبەری تێدابوون کە لە رشتەی مەدەنی بوون، ئەفسەرێکی پولیس و رێپێدراوێکی[6] پۆلیس و ئەفسەرێکی سوپا هەبوون. ئەم ئەفسەرەیان کە لە سوپا بوو لە فورس وۆرس ((Forth Worth)) راداری خوێند بوو هاتە لام و بەگەرمییەوە داوای لێکردم کە ناوی بڵاونەکەمەوە. وام گومان دەکرد کە ئومێدی بەوەیە بەو زوانە ئازاد بکرێ و ئەو وەزعە تازیارەی کە لە لایەن کوردەوە بۆ ئەو تەرخان کرابوو، لەکاتی گەڕانەوەیدا کاریگەری خراپی دەبێ ئەگەر هات و دەنگ و باسەکە گەیشتەوە سوپای عێراقی، ئەو کۆمەڵە گیراوە گوتیان رۆژانە گوشتمان دەدەنێ و لە راستیدا خواردنی ئەوان زۆر ((لەو خواردنە باشترە کە کورد خۆیان دەیخۆن)).

پاشان سەردانی دەستەیەك گیراوی ئاساییمان کرد کە زۆربەیان ئەفسەرانی سوپا بوون. ئەوانە نزیکەی پازدە کەس بوون کە تاڕادەیەکی باش لە وەزعێکی ئاسوودەدابوون. من پێشتریش سەردانی گرتوخانەیەکی تری دیلەکانی جەنگم لە نزیك بارەگای (ئەسعەد خۆشەوی) لە بەشی رۆژئاوای ناوچەی کوردستان کردبوو: لەوێ هەڤدە پیاوم بینی بوو. پێیان گوتم گرتوخانەیەکی تری نزیك هەیە کە نۆزدە پیاوی تێدایە و زۆربەی گیراوەکان ئەفسەرن و ژمارەیەکی کەمیان فەرمانبەری شارستانین کە پۆستی بەرزیان هەیە. یەکێکیان جێگر ئەفسەرە. لەو کاتەدا و تاکو کۆتایی هاوین، کورد، سەربازی ئاساییان بە دیلی نەدەهێشتەوە. چونکە ئەوە خەرجییەکی زۆری ژیاندنی دەخستە سەرشانی ئەوان کە لە توانایاندا نەبوو، سەرەڕای ئەوەش ئازادکردنی ئەوان هانی سەربازان و پۆلیسی عێراق دەدا کە بە ئاسانی خۆیان بە دەستەوە بدەن.

دیلێکی کۆن کە ناوی (رائید عطا جاج)[7] بوو ئەفسەری پۆلیس بوو سی ساڵ خزمەتی هەبوو، دانی بەوەدانا کە چاودێرییەکی باش دەکرێ و خواردنی باشە و

---

[6] رێپێدراو مفوض

[7] لەو باوەڕەدام کە شمیدت لە نووسینەوەی ناوی ئەو خێزانەدا بە هەڵەداچووە. بەڵام ئێمە وەکو خۆی دامان نایەوە. ((Jaj)) (ج. ف)

جێگای نووستنی ئاسودەیە و هەروەها هەندێك جلی تازەیان داوەتێ سەرباری ئەو جلانەی کە لە کاتی گیرانیدا پێی بووە. تاکە سکاڵایەك کە هەیبوو ئەوە بوو کە تاکە پزیشکێك لە هەموو سەربازگەکەدانییە و ئەو دەیگوت کە هەموومان بە دەست ((گرژیی بەرز))[8]ەوە دەناڵێنین، ئەو خۆی لەوە دەترسا کە تووشی نەخۆشی دڵ بوو بێ.

ئەو پیاوانە بە درێژایی رۆژ دەخەوتن یان دەیانخوێندەوە و هەروەها رێگەشیان پێدەدرا کە لە جۆگا بچووکەکەدا کە ئێمە لە لێواری دادەنیشتین، خۆیان بشۆن.

یەکێك لەو گیراوانە، بەڕێوەبەری پێشووی ((بەواری باڵا)) بوو کە بارەگاکەی لە (کانی ماسی) بوو. ئەو لە نێو ئەو کۆمەڵەیەدا بووە کە ژمارەیان سەد و پەنجا فەرمانبەری شارستانی و پۆلیسی عێراقی بووە کە دەیانویست خۆیان بگەیەنە بەری تورکیا پاش ئەوەی کە زانیویانە شۆڕشگێرانی کورد دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرتووە. ئەوانە بەسەر لوتکەی چیایەکی بەرزدا سەردەکەون بەرەو بنکەیەکی سەر سنوری تورکان، بەڵام تورك رێگای پەنابردنیان نادا و ناچار دەبن خۆیان بە دەست شۆڕشگێرانەوە بدەن.

من ناوی هەموو ئەو دیلانەم نارد بۆ رێکخراوی خاچی سوری نێو دەوڵەتی و دیلەکان بە رێگای خاچی سوردا نامەیان بۆ کەس و کاریان ناردبوو، و سێ کەسیش لەو دیلانە لە هەمان رێگەوە نامەشیان لە کەس و کاریان بۆ هاتبۆوە. پۆستەبەرانی کورد بە رێگەی قاچاغەوە ئەم نامانەیان لە ناوەوە بۆ دەرەوە دێنا و دەبرد.

دوایین شوێن کە لە ((بێتواتە)) سەردانمان کرد وێستگەی وەرگرتنی نامەکان بوو. لەوێ چاومان بە (ئەحمەد عیسا) کەوت، ئەو پیاوێکی بارزانی بوو، لە ئێستگەی رادیۆی حکوومەت لە هەولێر کاری کردبوو، ئەو، ئەو وەختە (عەریف) بووە لە سوپادا. هەروەها سەردانی نەخۆشخانەمان کرد. لەوێ سێ

[8] شمیدت روونی نەکردۆتەوە مەبەست لە ((گرژیی بەرز- High Tension)) چییە. رەنگە مەبەستی پاڵەپەستۆی بەرزی خوێن بوو بێ. (ج. ف)



منداڵ و پیاوێکی لێبوو کە چوار رۆژ پێشتر لە ئاکامی پەلاماردانێکی ئاسمانیدا بریندار بوبوون. دەزگاکانی وەرگرتن لە ئەشکەوتێکدا کە فراوان و ئاڵوگۆڕی هەوای لەبار بوو، دامەزرێنرابوو، (ئەحمەد) بە دیقەت و بە بەردەوامییەوە، لە رێگای رادیۆوە، بە دوو هەموو ئەو شتانەدا دەچوو کە حکوومەت و سوپا لە رێگەی رادیۆوە دەیانگوت. بریندارەکان، لەسەر کۆمەڵە پەتویەك کە لەسەر زەوی داخرابوون بە ریز دانرابوون و ئەوەندە کەرەسە پزیشکییە کەمەی کە ئەو بنکە تەندروستییە هەیبوو لە ژێر شکونی شاخێکی بەردیندا دانرابوون. پێیان گوتم کە بریندارەکان زۆر لەوە زیاترن و هەموویان خەڵکی (گیراوە)ن کە بە بۆردومانێکی خەست لە کاتێکدا کە (بارزانی) لە جێگایەکی نزیکی ئەوێ خەوتووە، بۆردومان کراوە.

ئەو پیاوەی بەشێوەیەکی کاتی سەرپەرشی هەموو سەربازگەی ((بێتواتە))ی دەکرد (عومەر مستەفا) بوو کە بە (دەبابە) ناوبانگی دەرکردبوو، بە بارەگای (بارزانی)یەوە پەیوەست بوو. ئەوە ئەو پیاوە بوو کە چەند رۆژێك پێشتر فەرمانیدا بوو ئێسترەکەم و زینەکەم بگەڕێننەوە بۆ گوندەکەی. ئێستا گرنگی و بایەخێکی تایبەتی بۆمان پیشاندەدا کە لەوانەیە بۆ راست کردنەوەی هەڵەکەی بوبێ. کاتێك کە ئامادەی رۆیشتن بووین هاتە لامان کۆمەڵە دیارییەکی پێبوو کە بەتایبەتی خەنجەرێکی سەرنج راکێشی بۆ من ئامادە کردبوو، هەروەها پشتێنێکی جوان و گوڵدار، هەروەها شەپقەیەك کە بە کوردی و ئینگلیزی لێی نوسرابوو (بژی کورد و کوردستان)، لە هەموو ئەمانە گرنگ تر دوو ئەسپی زین کراوی هێنا یەکێکیان بۆ من و ئەوی تریان بۆ (ئاپۆ جومرد) یەکێکیان کەمێك خوار بوو بەڵام لە ئێسترێکی بێ زین زۆر باشتر بوو.

دەستمان کرد بە رێ رۆیشتن تا مانگ ئاوا بوو و هەوڵماندا سەرەڕای ئەوەش بەردەوام بین، بەڵام تاریکایی شەوەزەنگ لە نێو ئەو دۆڵە تەسکە لێڕەوارە چڕەدا بە رادەیەکی ئەو تۆ بوو کە بڕیارماندا لە یەکێك لە گوندەکاندا چاوەڕێ بکەین تا بەیان دادێ. پاشان بە نێو گوندێکدا رۆیشتین کە دانیشتووانەکەی لە ترسی هەڵمەتی ئاسمانی فرۆکەکانی عێراق، چۆڵیان کردبوو، نەمانتوانی خواردنی لێ

وەدەست بخەین. بەڵام لەسەر بانی یەکێك لە ماڵەکان پشوومان‌دا و خۆمان چامان دروست کرد و دەستمان کرد بە هەڵسەنگاندنی هەنگاوی داهاتوومان.

ئێستا لەبەردەم لێواری دەشتێکی پان و بەربەرین و کراوە داین کە رەنگە درەختێکی تێدا نەبێ. ئێمە دەبوایە دەشتەکە بەرەو ئاراستەی چیاکان ببڕین کە کەوتبوونە بەرەکەی بەرامبەرەوە کە ئومێدمان وابوو لەوێ (بارزانی) ببینینەوە. (ئەحمەد) و هەندێك لە هاوڕێکانم هەستیان کرد کە دەبێ رۆژێکی تەواو پشوو بدەین و بحەسێنەوە بۆ ئەوەی ئەو دەشتە ببڕین. رۆژ، تازە لە تاقی ئاسمان بوو، بڕینی دەشتێکی ئاوا فراوانو بەرکراوە مەترسی گەورەی لێدەکەوێتەوە. بەڵام من ئارامم لە بەربڕابوو. من نەمدەتوانی ئەو بیرۆکەیە قبوڵ بکەم کە رۆژێکی تەواو بێ ئیش و کار بە فیرۆ بدەم و چەند کاتژمێرێکی بە نرخ هەروا بەزایە بچێ. کات کۆتایی مانگی ئاب بوو، من لە چواردەی تەموزەوە لە کەس و کارم دوورم و پێم وانەبوو (تانیا) شتێك لەبارەی منەوە بزانێ. بێگومان ئێستا ئەو لەو پەڕی نیگەرانی دایە و پێویستە من بەزووترین کات کۆتایی بە کارەکەم لە کوردستان بێنم، هەر بۆیە پێم داگرت کە دەبێ دەسبەجێ بەڕێ بکەوین. (ئەحمەد) لەو بڕیارەم سەری سوڕما، چونکە من راهاتبووم رەخنە نەگرم و لە بارەی کاتی سەفەرکردن و ئاراستەی سەفەرکردن قسە نەکەم و هەموو شتێکی لەو بابەتەم بۆ رێبەرەکەم بەجێهێشتبوو، بەڵام (ئەحمەد) سەرەڕای ئەوە سەری سوڕما بوو، دەسبەجێ رازی بوو. بۆ بڕینی دەشتەکە، بەسەر دەستەی دوو کەس، سێ کەس دابەش بووین و ماوەی درێژمان بە نزیکەی چارەگەمیلێك لە نێوان خۆماندا وەرگرت. ئنیجا بۆ رێزگرتن لە هەڵچوون و دەمارگرژی هەمووان و لەبەر ئەگەری مەترسی هەڵمەتێکی ئاسمانی لەو دەشتە بەربەرەڵایەدا، هەموو پشتی خۆم بۆ شاردنەوەی کراسە سپییەکەم بە شاڵێکی خۆڵەمێشی داپۆشی و (هەروەها بڕیارمدا کە رۆژی دواتر) جلە کوردییەکانم کە خۆداپۆشینێکی سروشتی بۆ دابین دەکردم، لەبەر بکەم). خۆر، بەو تیشکە گەرمەیەوە بێ ئەوەی بەزەیی پێماندا بێتەوە، دەیسوتاندین. چەند سوپاسی بەختی خۆمانم دەکرد کە لە ناوەڕاستی ئەو دەشتەدا، کانییەکی زۆر گچکەمان دۆزییەوە



پیاوەکان لەسەر زەوی پاڵ کەوتن و دەستیان کرد بە ئاو خوارنەوە. لەق لەقێك بەسەر ئاسمانی زەمەندێکی قامیشەڵانەوە دەسوڕایەوە. دواجار گەیشتە ناو باخچەیەك، دارگوێزەکان هەوای ئەوێیان فێنك کردبۆوە. لە ناکاو بۆمان دەرکەوت باخچەکە پڕە لە کورد.

لە نێو ئەو باخچەیەدا ((مەحمود کاوانی)) یەکێك لە پێشەوا سەربازییە ناودارەکانی کوردمان بینییەوە لە ژێر سێبەری دوو بەتانی پاڵ کەوتبوو یەکێك لە جەنگاوەران باوەشێنی دەکرد. ئەو لە هۆش خۆی چووبوو لە حاڵی گیانەڵاودابوو. ئەو، دوو رۆژ پێشتر ریزێك دۆشکای فرۆکە بەر پشتەسەری کەوتبوو.

لەوێ هەمووان بەچرپە قسەیان دەکرد. پیاوێك هاتە لامان پێشتر بە ناونیشانی برین پێچ لە یەکێك لە نەخۆشخانەکاندا کاری کردبوو، بەدەم سەروشان راوەشاندنەوە گوتی: ((هەرچی دەیزانم لە پێناوی کاوانیدا کردوومە، من ناتوانم لە هەموو ئەو ناوچەیەدا پزیشکێکی راستەقینە پەیدا بکەم و گواستنەوەشی بۆ نەخۆشخانەی کوردی لە (وەرتێ) پێویستی بە پێنج یان شەش رۆژ هەیە.

لەو کاتەدا ئەوێ تاکە ناوچەیەك بوو کە پزیشکێکی راستەقینەی کوردی لێ بێ و لە تواناشدا نەبوو ئەو هەموو مەودایە کاوانی بگوازرێتەوە.

((مەحمود کاوانی)) لە گوندی (ئەکپور) لە نزیك شەقڵاوە دەبێ، و لە کاتژمێر دەوروبەری پێنجی پاش نیوەڕۆ گوندەکە بەجێ دەهێڵێ. لە هەمانکاتدا سێ فڕۆکەی عێراقی بەسەر ئەوێدا دەسوڕێنەوە. ئەو لەگەڵ پێنج یان شەش لە پاسەوانەکانی لە رۆیشتن بەردەوام دەبێ. ئەوان بەبن سێبەری هەندێك لە دارگوێزەکاندا، کە لەوێ هەندێك لە پەنابەرانی کورد بارگەیان خستبوو، دەڕۆیشتن. هەر لەو کاتەدا بۆ جاری دووەم فڕۆکەکان دێنەوە بەڵام بۆردومان ناکەن. لە دەمێکدا کاوانی ئامادەی رۆیشتن دەبێ، جاری سێیەم فڕۆکەکان دێنەوە و ئەمجارەیان دارگوێزەکان دەدەنە بەر دەسڕێژی دۆشکەکانیان لەوانەیە لە نێوان لقەکانەوە، جۆرە جوڵانەوەیەکیان دیبێ. جگە لە (مەحمود کاوانی) سێ پیاوی تر بریندار، و دوانیان دەکوژێن.

پێکانی (کاوانی) شۆکێکی گەورە بوو بۆ کورد. ناوی ((کاوانی) ناوێکی بەناوبانگ و جێگای سەرسامی و خۆشەویستییەکی گەورەبوو. ئازایەتی ئەو وەك نموونەی نێو داستانان باس دەکرا و دەیانگوت ئەو لە هەر شوێنێك بێ سەرکەوتن مسۆگەرە.

بە بێدەنگی باخچەکەمان بەجێهێشت. بە ڕێگایەکی پێچاوپێچدا سوڕاینەوە بۆ ئەوەی لە لایەکی دیکەی دەشتەکەوە بەسەر بناری چیادا هەڵبگەڕێین. ئافرەتێکی گوندنشین لە نێو کێڵگەکەدا کاری دەکرد، بانگی کردین و پرسی:

- مەحمود کاوانی چۆنە؟

ئەو شەوە لە جێگایەکی نائاسودە لە قەدپاڵێکی لێژەندا ئوردومان خست. دووبارە گەڕامەوە بۆ لای (بارزانی). هەوا یەکجار سارد بوو. پیاوانی بارزانی دوو ئاگری گەورەیان کردبۆوە. بارزانی هەروەکو گوێی لەسەرما نەبێ وادەردەکەوت و هەوڵی نەدەدا لە ئاگرەکانەوە نزیك ببێتەوە. (ئەحمەد) لەوەدا شەرمەزاری کردم کە چیرۆکی ناردنەوەی ئێستر و زینەکەی بۆ گوندەکە لە ئەلفەوە تا یێ بۆ بارزانی گێڕایەوە. من وام بەلاوە پەسند بوو کە هەموو بابەتەکە دیزە بەدەرخۆنە بکرێ، بەتایبەتیش کە بارزانی پێی ناڕەحەت بوو.

ئەو شەوە لە کاتی نانی ئێوارە لەگەڵمان دانیشت و پاش ئەوەش چەند کاتژمێرێکی دیکەش لەگەڵمان دانیشتەوە زۆر لەبارەی سیاسەتەوە قسەی کرد و هەستم کرد کە گرێیەکی دوژمنایەتی کینەداری دژ بە ئینگلیز لە دڵ دایە[9].

[9] (تریڤیلیان) باڵویزی بەرتیانیا، کە زۆربەی هەرە زۆری سەردەمانی حوکمی (قاسم) نوێنەری وڵاتەکەی بوو لە عێراق، لە کتێبی ((Middle East in Revolution))دا بێ ئەوەی مەبەستێکی هەبێ ئاماژەی بەو دوژمنایەتییە کینەدارە کردووە، لە کاتی ئاخاوتنیدا لەبارەی پەیوەندییەکانی بە بارزانییەوە، ئەو لە بۆبەیەکدا دەرفەت وەدەست دەهێنێ و سەردانی (شێخ ئەحمەد) و بارزانی دەکا و دەڵێ کە ئاخاوتنی (شێخ ئەحمەد) هەر هەمووی لەبارەی ئەو کار و کردەوانە بوون کە ئینگلیز و فەرمانبەرە کارگێڕییەکانی ئەوان لە (بارزان) و (کوردستان) کردوویانە. ئەم باڵوێزە حەپەسان و سەر سوڕمانی خۆی باس دەکا کاتێك کە=



ئەو جۆرێك باسی فێڵ و کەڵەك و یارییەکانی ئینگلیزی دەکرد کە مایەی هەرە زۆری ماڵ وێرانی و نەهامەتییەکانی کوردن. بۆیە ئەو باوەڕی وابوو کە ئینگلیز ڕێککەوتنێکی نهێنییان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیێت هەیە کە بەپێی ئەو ڕێکەوتنە چەك بدرێتە (قاسم). هەروەها ڕێکەوتنێکی تری نهێنی لەگەڵ (قاسم) دا هەیە کە بەپێی ڕێککەوتنەکە قاسم بۆ چاوڕاو خۆی واپێشان بدا کە هەڕەشە لە کوێت دەکا، بۆ ئەوەی پەردەپۆشی ئەو هێرشە بکا کە حکوومەتی عێراقی دەیکاتە سەر کورد. هەروەها (بارزانی) لەو باوەڕەدا بوو کە حکوومەتی (عەلی ئەمینی) لە ئێران، حکوومەتێکی سەر بە ئەمریکایە و لە ژێر نفوزی ئەمریکادایە،

=(مەلا مستەفا) ئارەزووی براکەی ((شێخ ئەحمەد))ی پێڕادەگەیەنێ کە باڵوێز، درکاندنێك لە لایەن حکوومەتەکەیەوە رابگەیەنێ کە تێیدا ئاشکرای بکا کە ئەو هیچ جۆرە پەیوەندییەك و هیچ جۆرە دوژمنایەتییەکیشی لەگەڵ بارزان نییە. بەڵام ئەو پۆزشی خۆی بۆ (مەلا مستەفا) دەربڕی کە دەوڵەتی ئەو ناتوانێ درکاندنێکی لەم بابەتە کە تایبەت بە کۆمەڵێکی دیاریکراو لە دانیشتوانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەری تەواوە دەربکا. (مەلا مستەفا) ڕەزامەندی خۆی لەسەر ئەم قسەیە دەردەبڕێ و دەڵێ: ئەو تەنیا ئارەزوویەکی براکەی خۆی بەو رادەگەیەنێ و راگەیاندنی درکاندێکی لەم بابەتە ئیحراجێکی بۆ هەر دوو لا تێدا دەبێ. ((باڵوێزی بەریتانی باس لەوە دەکا کە ئەو رایەکی خواڵێخۆشبوو (هاشم جواد) وەزیری دەرەوەی ئەوسای عێراقی هێناوەتەوە کە ئامۆژگاری دەکا کە کارێکی لەم بابەتە نەکا —خوالێخۆشبوو- (هاشم جواد) بەماوەیەکی کەم بەر لە کارەساتی دڵتەزێنی کوشتنی، لێرە لە بەیروت ئەمەی بۆ پشت ڕاست کردمەوە)).

جێگای سەرنج راکێشانە کە لێرەدا ئەوە بیر بهێنینەوە کە هەمان ئەو گرێیە ((گرێی ئەوەی کە ئینگلیز دەستی لە بن هەر کاریکەوەیە)) عەبدول کەریم قاسم خۆشی هەمان رای (بارزانی) هەبوو. من پێم وانییە کە تەنیا درۆیەکی بە ئەنقەست بووبێ کە لەو کاتەدا قاسم پەنای بۆ بردبێ، بەڵکو پشتی بەو گرێ عێراقییە گشتییە بەستووە و سودی لێ وەرگرتووە (باڵوێزی ناوبراویش ئاماژە بەو چیرۆکەی (عەبدول کەریم) دەکا کاتێك لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژە بەوە دەکا کە (مەلا مستەفا) نیو ملیونی لێوەرگرتووە (واتە لە باڵوێزی وەرگرتووە) تا شۆڕشی پێبکا. ئەو پەڕی باوەڕ، باوەڕی بەوە هەبوو وەسور بوو لەسەر ئەو باوەڕەی خۆی. بەڵام (تریڤیلیان) گاڵتەی بەو بانگەشانە کردووە هەروەکو کە بەتێروتەسەلی لە کتێبی ناوبراودا بەرچاو دەکەوێ. (ج. ف)

چونکە ئەو (واتە بارزانی) توانی ژمارەیەك لە پیاوان بنێرێتە ئێران بۆ ئەوەی چارەسەری پزیشکی وەربگرن، ئەمە لەو کاتەدا بوو کە ئەو سیاسەتوانە سەرۆکی حکوومەت بوو، بەڵام ئەو حکوومەتەی کە بە سەرۆکایەتی (عەلەم) لە دوای ئەو هات بە پێی باوەڕی ئەو لەبەر ئەوەی کە سەر بە ئینگلیز بوو و لە ژێر نفوزی ئینگلیز دابوو بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە ئەو لە حوکمدا بوو نەیتوانی تاکە پیاوێك بۆ چارەسەرکردن بنێرێتە نەخۆشخانەکانی ئێران.

بارزانی جۆرە سۆزێکی دیاریکراوی بۆ ئەمریکا تێدابوو، هەر نەبێ و بەلای کەمەوە ئەو کاتە کە لەگەڵ مندا دەدوا، ئەو لە ئاخاوتنەکانیدا هەمیشە حەزی دەکرد کە پەسەندترین گومان بداتەوە بە ئەمریکا.

وەکو زۆرجار کە روودەدا، تەنیا چەند کاتژمێرێکی کەممان بۆ خەوتن هەبوو، دوای ئەوە دەبوایە هەستینەوە و بگوازینەوە بۆ شارەدێی (هیران) لە دۆڵی خۆشناوەتی کە چەن رۆژێکی کەم بوو هێزەکانی کورد داگیریان کردبوو، لەوێ جموجۆڵێکی سەربازیی لە رادەبەر بەڕێوەدەچوو، بەشێکی گەورە لە هەڵبژاردەی هێزەکانی شۆڕش: بارزانیەکان، بێ ئەوەی کە من پێ بزانم لە چیاکانی دەوروبەرمان دامەزرابوون. سەدان پیاوی چەکدار، وڵاخی بار گواستنەوە لە پێشمانەوە و لە دوامانەوە و لە دەوروپشتمان بڵاوببوونەوە. ئێمە لە تاریکایی شەودا، بە درێژایی لوتکەکانی زنجیرە چیایەکی پان و درێژ بەرەوپێشەوە دەچووین، لای چەپمانەوە لوتکە زۆر بەرزەکانی چیاکانی ئێرانمان دەبینی، لای راستمانەوە، رووناکی (شەقڵاوە) و گوندەکانی تر کە لە شیوەکەدا بوون دەدروەشانەوە، هێندەی کە چاوم حوکمی دەکرد، لە قەدەر حوکمی چاوم، ئەنجامگیری ئەوەم کرد کە سوپای شۆڕشگێڕی کوردی فەرمانی جوڵانەوەی پێدرا.

بەرەبەیان، کە زانیم یەکێك لە یارمەتیدەرانی (بارزانی) فەرمانی داوە بەدرێژایی ئەو رۆژە لە گوندی (بندار) کە دەکەوتە ئەو سەری ئەو شیوەی بەرەو (هیران) دەچوو، پشوو بدەین، ئومێد بڕاو بووم. ئەو، وای بە بەرژەوەند زانیبوو کە چاوەڕێ بکەین تا تاریکان دادێ ئینجا دووبارە بکەوینە رێ. بەڵام ئەوە، وەك



لە پاشاندا دەرکەوت لێکدانەوەیەکی جارزهێنی بێسەروبەر بوو، لەبەر چەند هۆیەك کە هەرگیز پەیم پێنەبرد. ((چونکە مانەوە لە نێو گونددا دژی هەموو پرەنسیپە سەربازییەکانی بارزانی بوو)) ئێمە رایەخەکانمان لە نێو جۆگایەکی وشك کە زەمەندێکی چڕ و دیوارێکی ئەستور لە پەنایەوە، نەدیوی کردبوو، راخست. کانی گوندەکە پەنجا تا شەست پێ لێمانەوە دوور بوو. لە نێو کەلوپەلەکانمدا دەزگا بچووکەکەی نووسینم هێنایە دەرێ و لە نێو جۆگاکەدا شوێنی دانیشتنی خۆم تەخت کرد بۆ ئەوەی بەکارێکی زۆر جوان هەڵبستم. ئەمەش بەو هۆیەوە کە دەمزانی ئیدی رۆژانێکی کەمم لەگەڵ ((ئاپۆ جومرد))دا ماوە، دەستم کرد بە نووسینی یادنامەیەکی بچووك بۆی کە تیایدا سەرسامی خۆم بەرامبەر ئەو و هەروەها گەورەیی ئەو و حورمەت و رێزی خۆمم تێدا راگەیاندبوو. لەو دەمەدا فرۆکەکان دەستیان کرد بە سوڕانەوە بەسەر سەرماندا، یەکەمیان فرۆکەیەکی (فیوری) بەریتانی. پاشان دوو فرۆکەی ((میك))ی دروست کراوی سۆڤێتی. فرۆکە (فیوری)ەکە چوار بۆمبای لە دورییەکی هاوچووندا فڕێدایە خوارەوە و کەوتە سەر قەدپاڵی شاخەکە و زیانێکیان لێ نەکەوتەوە و هەرکامیان چاڵێکی لێ دروست بوو کەتیرەکەی پازدە پێ و قوڵاییشی هەشت پێ بوو. پاشان تۆپی فرۆکە (مێك)ەکە موشەکەکانی هاویشت، پاشان دووبارە (فیوری) هاتەوە و بەشەست تیرەکانی کە گوللەکانی (30) ملیمەتری بوون، گوندەکە و دەوروپشتەکەی دایە بەردەستڕێژ. لە کاتێکدا لە ژێر دیوارەکەدا خۆم بە زەوییەوە نوساند بوو، هەستم بە ماوەیەك خامۆشی و بێدەنگی کرد کە پاش ئەوەی فرۆکە (میك)ەکان دورکەوتنەوە، دەستی پێکرد.

ئینجام گوێم لە قیژەی ئافرەتان و منداڵان و ژاوە و هات و هاواری ژمارەیەکی زۆ لە خەڵك بوو کە بەسەر بەردەکاندا رایان دەکرد. پاش ئەوەی لە ناکاو بێدەنگییەکی تر دنیای داگرت کە بە هۆی دەستڕێژی دۆشکەکانی دووبارەی (فیوری)، شەق بوو. پاشان دووبارە قیژاندن و بەیەکدا هاتن و چوونی خەڵکەکە دەستی پێکردەوە. سەیری سەرەوەم کرد، جەنگاوەرێکم بینی چەند پێیەك لە

دووری منەوە راوەستابوو، بە خوڕ خوێن لە دەم چاوییەوە فیچقەی دەهات ئەو بە سەرسامییەوە لەسەر زەوییەکە دانیشت. هەستامە سەرپێ، هەڵبەتە من دەسەلاتی ئەوەم نەبوو کە یارمەتی بدەم، بە کامێراکەم وێنەیم گرت.

پاشان بە نیگەرانییەوە بەرەو سەرەوە بە نێو جۆگاکەدا بۆ سەرکانی گوندەکە رێگام گرتەبەر تا لەوێ جەنگاوەرێکی تر داپۆشم کە رەنگی رووخساری وەکو بەفر سپی داگەڕابوو و لە گەروویەوە دەنگێك دەهاتە دەر، وەکو یەکێك غەرغەرە بە ئاو بکا، نیشانەکانی گیانەلاو بەسەر سەریەوە دیاربوو، (ئەحمەد تۆفیق) روخساری پیاوێکی دەسڕیەوە و ئاماژەی بۆ جەنگاوەرێك دەکرد کە بە چلە درەختێك باوەشێنی بکا تامێشی لێ دوور بخاتەوە. لەو کاتەدا گوندەکە لە جموجۆڵ و چالاکیدا جمەی دەهات.

ئاگر لە پەرژینی نزیك کانییەکە بەر ببوو. (ئەحمەد) هاواری کردە هەندێك لە دێهاتییەکان تا ئاوی بۆ بهێنن. بەڵام کەسیان گوێیان نەدایە. دانیشتوانی ئەو گوندە کە لە پازدە ماڵ پێکهاتبوو بەم لاو ئەو لادا دەهاتن و دەچوون و شێت و هار ببوون و کەلوپەلەکانیان هەڵدەگرت. پیاوێك لە پێش دەرگای ماڵەکەی راوەستابوو، بە ئاگری موشەك بریندار ببوو و تەرمی کیژۆڵەیەکی تەمەن شەش ساڵانەی لە باوەش گرتبوو. لە پشت پیاوەکە ئافرەتێك بە ئازارەوە دەینالاند پیاوەکە هەروا حەپەساو و دەستە و ستان راوەستابوو، ئەو نەیدەتوانی بیر بکاتەوە ئایا منداڵەکە لە ماڵەکە دووربخاتەوە یان بگەڕێتەوە بۆ دواوە و یارمەتی ژنەکە بدات کە ئازار و ناڵەی بەرزتر دەبۆوە.

یەکێك گوتی: دکتور لە گوندەکەی تەنیشتیانەوە هەیە. (ئەحمەد) فەرمانی بە پیاوێکدا کە ئێسترێك وەربگرێ و بڕوا دکتور بهێنێ. بەڵام پیاوەکە رازی نەبوو، کوتی کیژەکە گیانی سپارد و تازە ئیتر دکتور ناتوانێ هیچ شتێك بکا.

دەربارەی ژنەکەش، ژنێکی خزمی هەردوو قاچە بریندارەکەی بۆ بەست و پاش چەند دەقیقەیەکی کەم هەستایە سەر پێی خۆی و باقی منداڵەکانی تری



لەگەڵ ژنان و منداڵەکانی دیکەی گوندەکەدا بەرەو بناری پڕ لە گیاوگۆڵی بناری چیاکە وە پێش خۆیدا.

چەند دەقیقەیەکی زۆر بەسەر ئەو هێرشە ئاسمانیەدا تێنەپڕی بوو کە گوندەکە چۆڵ و خامۆش و بێدەنگ بوو و جگە لە ئافرەتێکی کەنەفتی بەساڵداچوو کە لەبەر دەرگای ماڵەکەیان دانیشتبوو، لەگەڵ پیاوێکی بە تەمەن کەوا دیار بوو مێردی بوو، مشت و مڕیان بوو. بە کامێرا وێنەیەکم گرتن. پیاوەکە زەردەخەنەیەکی گێلانەی بۆ کرد پیرە ژنەکەش پرتە پرتێکی لێوە هات. ئەو جەنگاوەرەی لەگیانەلاودابوو لە نزیك کانییەکە کەوتبوو، جەنگاوەرێکی دیکە بە چلەدارێك باوەشێنیێ دەکرد، یەکێکیان پارچەیەك لۆکەی پاکی خستبووە سەر دەم و چاوی. ژمارەیەك ئێستری لێ بوو خوێنیان لێ دەچۆڕایەوە. ئەوانە بە پارچە ساچمەی بۆمبا و پریشکە بەردی پەڕیو، بریندار ببوون.

لە ئەنجامی ئەو هەڵمەتە ئاسمانییەدا کیژۆڵەیەك و جەنگاوەرێك کوژران و دوو جەنگاوەری دیکە و دوو یان سێ هاولاتی لە دێهاتییەکان بریندار بوون.

ئەو جۆرە رووداوانە لە هەمو باکووری عێراقدا لە هاوینی ساڵی 1962، رووداوی رۆژانەی ئاسایی بوون. هەر ئەو رۆژە کە ئێمە لە ((بندار)) بۆردومان کراین، هەشت گوندی تر لەو شێوانەی کە بەپاڵ یەکەوە دەچوونە ناو دۆڵی (خۆشناوەتی) لە باکووری عێراق بۆردومان کران.

لەوانەیە عیراقییەکان وایان مەزندە کردبێ کە ((ژەنراڵ بارزانی)) لەو رێگایەوە تێپەڕی بێ. بێگومان ژمارەیەکی گەورە لە گوندەکانی تر دەکەوێتەوە بەر هێرش و پەلاماردان بە هۆی هۆکاری زۆر لەوە بێ بایەخ تر و کەمتر.

هەروەکو لە گوندی (کراکو) رۆژێکی هاوین بۆمبایەك لە نهۆمی خوارەوەی ماڵێکدا تەقییەوە کە خۆی لە دوو نهۆم پێکهاتبوو بیست و یەك کەسی کوشت.

کاتی بولێڵی ئێوارە کە پێشبینی پەلاماردانێکی دیکەی فڕۆکەکانمان دەکرد، ((بارزانی))مان بینی لەگەڵ دوو یان سێ پیاوی تر لەو بەری شێوەکە دەڕۆیشتن. ئێمە بە پەلە بە دوایان کەوتین. شەو خەریك بوو پەردەی تاریکی دادەدایەوە.

لەهەندێك شوێندا ڕێگاكە بەجۆرێك سوڕانەوەی توندی تێدابوو، ناچاربووم لەسەر پشتی ئێسترەكەم بێمە خوارەوە. لە كاتی هاتنە خوارەوەمدا، ئەو خەنجەرەی كە چەند ڕۆژێك پێشتر (عومەر) پێشكەشی كردم، لێم ون بوو و ئیدی نەمدیتەوە.

لە دەشتی خاكی (خۆشناوەتی)یەوە بە ڕێگایەكی درێژ و تەسكدا كە درەختی هەنجیر و دیوارە بەردی هەڵچنراو بە لیوارەكەیەوە بوون، گەیشتینە (هیران).

ڕێگاكەمان بە نێو كۆڵێتی قوڕ گەیشتە ناوەندێك كە خانووەكانی بە چیمەنتو و كەرپوچ دروست كرابوون. لەوێ هەندێك دوكان كرابوونەوە چوومە ژووری یەكێك لە دوكانەكان تا تەماشای سەر ئەو ڕەفتانە بكەم كە پێداویستی جۆربەجۆریان لەسەر دانرابوو. كە بە هیچ جۆرێك تێكیان نەدەكردەوە و لێك نەدەهاتن. كیسە باخەڵی هەرزان، شانە، قایشی كاتژمێر، لایتی پاتری. ژوورەكەش بە چرایەكی نەوتی كە ڕووناكییەكی كزی هەبوو، ڕووناك كرابۆوە.

پاشان ماوەیەكی درێژ لەبەردەمی قشڵەی پۆلیس كە لە كۆنكریت بنیات نرا بوو، ڕاوەستاین و لە پەنجەرەكانەوە تەماشای جموجۆڵی سەدان لە پیاوانی پۆلیسی عێراقیمان دەكرد كە ئێستا دیل بوون. بڕیارمدا بەیانی بگەڕێمەوە و وێنەیان بگرم.

لەو شارۆكەیە، لێرەو لەوێ ئەندامانی خێزانەكان دەبینی كە لەبەر پەنجەرە یان لەبەر دەرگا ڕادەوەستان و چاودێری (پێشمەرگە)یان دەكرد كە دەتبینی لە هەمو لایەكەوە بە كۆمەڵ دەهاتن. خەڵكەكە زۆربەی ماڵەكانی گوندەكەیان بەجێهێشتبوو. یاخود بەتاڵیان كردبوو. ئەم شارۆكەیە نەفرەتی بەسەردا باری بوو، خوا بە حوكمی خۆی حوكمی دابوو. لە ماوەی دوو ڕۆژدا داگیركرا. شتێكی سەیر بوو كە تا ئێستا بۆردومان نەكرابوو، بەڵام گومانی تێدا نییە موشەك هاوێژەكان هەر دێنە سەری هەروەكو لەهەر جێگایەك كە هێزەكانی بارزانی دەستیان بەسەردا دەگرت، دەچوونە سەری. ئەم جێیە گەورەیە ئەهمیەتێكی لە شكریی هەیە و بۆیە ئەویش لەو حاڵەتەی سەرەوە بەدەر نابێ.

پاش ئەوە كە شەو ماوەیەكی زۆری لێ تێپەڕی دووبارە گوتوبێژم لەگەڵ (بارزانی) لە نێو باخچەی هیران دەست پێكردووە. ئەوێ جێگایەكی بێ هاوتا و



دڵگیر بوو بە تایبەتی لەشەودا كە ڕووناكی شەوی، ئەو چرا نەوتیانە بەسەر ڕووی ئەو حەوزی ئاوەدا ڕادەكشا و هەروەها بە هۆی ئەو كورسیە ئاسودانەشەوە كە لە لاتەنیشتێكەوە بۆمان دانرابوو. شتێكی زۆر نائاساییە كە مرۆڤ لێرە كورسی ببێنێ! (بارزانی) لەسەر فراوانترینیان دانیشتبوو لەگەڵ كوردێكی دیكەدا سەرقاڵ و سەرگەرمی قسەكردن بوو. هەوڵمدا دوور لە كۆڕەكەی ئەو دابنیشم، بۆ ئەوەی وەكو كەسێكی لاپرەسەن نەیەمە بەرچاو، بەڵام ئەو ئاماژەی بۆ كردم كە لە پەنای خۆیەوە دابنیشم. بارزانی ورە بەرز و سەر و دڵخۆش دەهاتە بەرچاو. ئاڵای سەركەوتن لە هەموو جێگایەك بەدەستی پیاوانی ئەوەوە بوو، توانیبوویان هێزێكی نزیك بە دە هەزار سەرباز لە ناوچەی ڕەواندز، گەمارۆ بدەن. داگیركردنی (هیران)یش ڕێگای دەبازبوونی لێدەبڕین جگە لەمەش هێزی دیكەش لە شۆڕشگێڕان هەبوون كە كەلەبەر و درزی دیكەیان دەگرتن كە ئەگەری دەربازبوونی لێوە هەبوو. (بارزانی) ئاگاداری كردم كە شەڕێكی گرنگی یەكجار گەورە بەڕێوەیە. بەڵام من گومانم هەبوو كەشتێكی كەم لە بیرۆكەی ئەو شەڕە وای لێكردووە كە ئارەزوو دەكا لای خۆی لە بارەگای گشتی بمهێڵێتەوە. بەبێ دوو دڵی پێم گوت: كە ئەركەكانم ئەوەم بەسەردا دەسەپێنێ كە دەبێ لەماوەی چل و هەشت كاتژمێری داهاتوودا كوردستان بەجێ بێڵیم.

ئەوشەوە لەسەر ئەو ڕایەخانە نووستین كە لە نزیك حەوزەكەوە لە ناوباخچەی مزگەوتی ((هیران)) بۆمان ڕاخرابوو. بەرەبەیان لە خەو هەستاین تا هەندێك وێنەی دیلەكان بگرین. لە كاتێكدا ڕۆژ خەریك بوو لەسەر ئاسۆ بەرز دەبۆوە، (ئەحمەد) دیلەكانی هێنایە دەرەوە و لەسەر پلەكانی قشڵەی پۆلیس ڕیزی كردبوون. دەستم كرد بە وێنەگرتنیان ئەوان ژمارەیان نزیكەی دوو سەد كەس دەبوو هەموویان پیاوانی حكوومەتی عێراق بوون و لە ناوچەیەكی بەرفراوانی (هیران) بوون.

ئەفسەری یارمەتیدەر كە سەرۆكی ئەوانە بوو لە وەڵامی پرسیارێكمدا وەڵامیدایەوە كە ئەو ڕێگەی پێداون تەسلیم بن...

- چونکه ئێمە پەیوەندیمان بە بارزانییەکانەوە هەبوو، ئێمە وەعدی شەرەفمان لێ وەرگرتن کە ئازادمان بکەن.

من حەزم نەدەکرد لەگەڵ دیلەکاندا قسە بکەم، چونکە وام دەبینی کە ئەوە جۆرێك نیگەرانی و تەنگەتاویی بۆ ئەوان پێکدەهێنێ. هەروەها دەمزانی لە حاڵێکدا کە ئەوان لە ژێر گوشارێکدان ئەگەری ئەوە نییە کە دەربارەی هیچ شتێك راستی بڵێن. لەبەر ئەوە چەند لە توانامدابوو گرنگیدانی خۆم خستەسەر ئەو کاروانە درێژە کە کەل و پەلەکانیان هەڵگرتبوو، شارۆکەکەیان بەجێدەهێشت و زۆربەیان بەپێی خۆیان دەڕۆیشتن و باری ئێستریك شتیان لە بەنرخ ترین کەل و پەلی ناو ماڵەکانی خۆیان هەڵگرتبوو. ئەوان بەپێی خۆیان بەپەلە و بەهەڵەداوان بوون تا خۆیان لە شارۆکەکە دووربخەنەوە بەر لەوەی کە خۆر بۆ ئاسمان بەرزبێتەوە.

کەسانی دەستەکەمان و دواجار منیش، لەوە زیاتر کە هەمان بیرۆکە جێبەجێ بکەین، رێگەیەکی ترمان لە پێش نەبوو. رۆیشتنە دەرەوەمان لە (هیران) بۆ جۆرێك لە نەرمەغار و شان پێکدادانێکی توند گۆڕا بوو. هەروەها هەر بە پێی نەریت بەر لەوەی کەس لە خەو هەڵبستێ (ژەنراڵ بارزانی) لەبەر چاو ون بوو. واش دەردەکەوت کە هیچ کەسێك بە دروستی نەیدەزانی بەرەو کوێ چووە. بەهەر حاڵ دەستەکەی ئێمەش دابەش بوو: (جەمیل) لەگەڵ (ئاپۆ) رۆیشت، (ئەحمەد) لە نێو شارۆکەکەدا بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ پۆلیسە عیراقییەکان مایەوە و منی لە ژێر چاودێری و ئاگاداری (ئەنوەر)دا هێشتەوە، ئەو چاودێرییەی کە گومان لە کەڵك و بەهرەی دەکرا.

من و ئەنوەریش هەردووکمان کە سواری ئەسپ بوو بووین چووینە پاڵ کاروانی دیهاتییەکانەوە کە بەرەو چیاکان ملیان دەنا. کاروانەکە لە دیمەنی گشتی خۆیدا خۆپشاندانێکی غەمبارانەی تراژیدی بوو، قیژەی منداڵان لە نێو کاروانەکە دەهات و کۆمەڵە پیرژەنێك بەرچاو دەکەوتن کە لە ترس و تۆقیندا شێت بووبوون. ژنان لە بن باری قورسی بوخچەی جل و بەرگ و قاپ و قاچاخی چێشتخانەدا دوو لاهاتبوونەوە. ئێسترەکان لە بن باری فەرش و رایەخەکاندا بە



دژوارییەوە دەڕۆیشتن. ژمارەیەکی یەکجار زۆر کەم نەبێ لاویان لە نێودا نەبوو. ئەوان یان چووبوونە پاڵ هێزەکانی بارزانی یان لە خزمەتی سەربازیی عێراقی دابوون یاخود لە ریزەکانی پۆلیسدا بوون. خزمەتکردن لە نێو هێزەکانی عێراقیدا، بەلای کوردەوە، کارێکی بێزەون ناگەیەنێ و خاوەنەکەی مایەی سەرکۆنە کردن نابێ — تەنیا ئەگەر لەو جاشە سەرکێشانە بێ کە حکومەتی عێراقی بۆ کاری غەیری جەنگ وەکو تۆڵەکردنەوە و تەمێ کردن و ئاگرتێبەردان بەکاریان دەهێنێ.

بەهەرحاڵ رشتەی پۆلیس و سەربازیی ماوەی چەندان ساڵ، لە چیاکانی باکووری عێراق، پەناگەیەك بوو بۆ ئەو لاوانە کە هیچ پیشەیەکیان نەبوو، ژیانیان لەسەری دابین بووبوو. (پێشمەرگە) ئەوانەی کە ماوەیەکیان خزمەت لەم دوو رشتەیە بەسەر بردووە، بە دەستکەوتێکی مەزنی دادەنێن لە سەرووی هەموییەوە، بەهۆی یارمەتی ئەوانەوە، شۆڕشگێڕان توانیویانە بەجۆرێکی بەردەوام چەك و تەقەمەنی لە ئەمبار و دەبۆکانی عێراقەوە، بەرەو چیاکان، دابین بکەن.

ئاوارە بووەکانی (هیران) غەمبار و دڵتەزێن تر، دەهاتنە بەرچاوم وەك لە ئاوارەکانی گوندە چیاییەکانی دیکە. دانیشتوانی ئەم شارۆکە بچووکە تا رادەیەك ژیانیان لە ژیانی گواستنەوە و رەوەندایەتی دوورکەوتبۆوە. ئەوەی کەوای کردبوو دێهاتییە چیاییەکان بە ئاسانی دەیانتوانی رووبەڕووی بۆردومانی ئاسمانی ببنەوە و خۆیانی لەبەر رابگرن، ئەوە بوو کە دانیشتوانی لە هیچ حاڵەتێکدا نەنگییەك لەوەدا نابینن کەل و پەلەکانیان بخەنە سەر پشتی ئاژەڵەکانیان یان خۆیان هەڵیبگرن و بەپێ بڕۆن، تەنانەت ئەگەر بۆ ناو ئەشکەوتەکانیش بێ.

لە دەوروپشتی شارۆکە بچووکەکە، گەیشتینە دووڕیانێك، بیرم کردەوە بە رێگای گەرووەکەی لای راستدا کە بەرەو چیاکان دەچێ، بڕۆین، بەڵام ئەنوەر، دڵنیا نەبوو. بۆیە گوتم:

- کەوابێ با چاوەڕێی (ئەحمەد) بکەین. (ئەنوەر) رازی نەبوو، گوتی چاوەڕێکردن مەترسی پێوەیە. لەبەر ئەوە روومان لە دەستەڕاست کرد. کاتێك فڕۆکەکان

لەسەر سەرمانەوە بەدیارکەوتن، لە ژێر کۆمەڵە بەردێکدا خۆمان شاردەوە و لەوێ ماینەوە تاگوێمان لە (ئەحمەد) بوو بەرێگایەکدا دەهات و بانگی دەکردین، واپێ دەچوو، پێمانەوە نیگەران بوو. لە واقیعدا ئەو زۆر لە (ئەنوەر) توڕە بوو، ئەویش نەتەنیا لەبەر ئەوەی لای راستی رێگاکەی گرتبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی هیچ ناونیشانێکی بەجێنەهێشتبوو بۆ ئەو رێگایەی کە پێیدا دەڕوا. ئەمەش کارێکە نابێ هیچ کوردێکی چیایی کە چاك پەروەردەکرابێ لێی غافڵ ببێ. (ئەحمەد) بڕیاریدا رێگایەکی کورت بگرێتەبەر بۆ ئەوەی ئەو کاتەی کە بەفیڕۆچووە تۆڵەی بکاتەوە. بەنێو کێڵگەیەکی پانی بەردەڵاندا رێگەمان گرتە بەرو (ئەنوەر) هاتەوەو، ئەسپەکە، کە لە کاتی خۆشاردنەوەماندا بەرەو شارۆکەکە لە دەستمان بەرەڵا ببوو، هێنایەوە.

دووبارە سواری پشتی ئەسپەکە بومەوە. هێشتا نیوەی کێڵگەکەمان نەبڕی بوو، گوێمان لە زیرەی فرۆکەکان بوو، بە پەلە دابەزیم و خۆمان شاردەوە.

هەرگا هەستمان دەکرد فرۆکەکان رۆیشتوون، دەستمان دەکردەوە بە رۆیشتن. فرۆکەکان دووبارە هاتنەوە ئێمەش دووبارە لە بن بەردێکەوە دەچووین بۆ بن بەردێکی تر. کاتێك دووبارە کەوتینەوە سەر رێگای خۆمان (ئەنوەر) بە سواری ئەسپەکەیەوە لێمان وەدەرکەوت، (ئەحمەد) تێبینی کرد زینی یەکێك لە ئەسپەکان ون بووە، بۆیە دەبوایە ئەنوەر جارێکی تر بگەڕێتەوە تا زینەکە بدۆزێتەوە. (ئەوەبوو گەڕایەوە و زینەکەی دۆزیەوە) بەم جۆرە (ئەنوەر) لە واقیعدا بوو بە پیاوی: ((ئەوەمان بۆ پەیداکە)) بێگومان ئەمە بۆ داپۆشینی کەمتەرخەمی و بێتوانایی خۆی بوو لە پرسەکانی دیکەدا[10].

[10] پێموانیە شمیدت لەبارەی ئەنوەر میرزاوە گوناهێکی زۆری پێوەنابێ، شمیدت (بەمویزا Moiza) ناوی هێناوە. من ئەنوەرم کاتێك ناسی کە بە مەکتەبەکەی منەوە پەیوەست بوو لە کاتی شۆڕشدا. بەهەرحاڵ ئەو دوای رێکەوتنی ئازار دەستبەجێ گەڕایەوە بۆ سەر وەزیفەکەی خۆی بۆ کۆمپانیای نەوتی عیراق لە کەرکوك. (ج. ف)



پاش چەند دەقیقەیەك چاومان بە دەستەیەك لە دەستە گەورەکانی پاسەوانەکانی (بارزانی) کەوت، (ئەنوەر) توانی قەناعەت بە فەرماندەکەیان بکا کە بمانگەیەنێتە ئوردوگای (بارزانی) ئەو بەیانییە بەختەوەر بووین. زۆر جار هاوڕێکانی نیوەڕۆژێك بە دوای دەکەون تا دەیدۆزنەوە.

ئەو بەیانییە، یەکێك لەوانەی لە دەوری کۆڕەکەی (بارزانی) دانیشتبوو، لاوێك بوو ناوی (بێجان جوندی) بوو. ئەو بەرپرسی پۆلیسە دیلەکانی (هیران) بوو.

هاتبوو بۆ لای بارزانی پرسیاری ئەوەی لێبکا ئاخۆ رێگای دەدا، دوو پیاو لە دیلەکان بێڵێتەوە کە لەوانەیە تاوانباری سیاسی بن، یاخود لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ئازادییان بکا. ژەنراڵ بارزانی فەرمانیدایە بیان هێڵێتەوە.

کاتێك ئێمە چاوەڕێمان دەکرد (بیجان جوندی قسەی بۆ کردم کە ئەو لەگەڵ بارزانی لە روسیا پەنابەر بووە. لەوێ فێری روسی بووە و ژنێکی روسی لەگەڵ خۆی هێناوە. ئەو پێش شۆڕش لەگەڵ ژنەکەی لە بەغدا دەرسی روسییان دەگوتەوە. پاش ئەوەی ژیان لە بەغدا زۆرگران دەبێ بە لای ژنەکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ روسیا، ئەویش دێتە چیاکانی کوردستان... بیجان[11] ئاخاوتنی خۆی تەواوکرد و گوتی:

- پاش ئەوەی شۆڕشەکەمان کۆتایی دێ دووبارە یەك دەگرینەوە و هیوادارم ئەو وەزعە ساڵێك زیاتر درێژە نەکێشی.

ئەو شەوە (بارزانی) بە جۆرێکی تایبەتی لە خۆشترین حاڵەتی دەروونی دابوو و ئەو دەربارەی خێزانەکەی و سەردەمی منداڵی خۆی قسەی کرد. ئەو، چوارمەشقی لەسەر رایەخی سەر زەوییەکە دانشتبوو، بە لای بەردێکدا ئاوڕیدایەوە و بە هێمینیەوە چاودێری فرۆکەیەکی ئاسمانی دەکرد. هەستێکی دڵنیا لای بارزانی پێکهاتبوو کە هەرگیز لە ئاراستەی فرۆکەکان هەڵەی نەدەکرد. هەر بۆیە لە کاتێکدا خەڵکانی تر هەرگا گوێیان لە دەنگی فرۆکەکان دەبوو،

[11] بیجان جندو عەلی شکاك. لە دایکبووی 1926 لە ساڵی 1980 شەهید بووە. (بڕوانە: بارزانی لە مەهابادەوە بۆ ئاراس وەرگێرانی شەوکەت شێخ یەزدین ل: 26). (و. ك)

یاخود بە دەردەکەوتن، خۆیان دەکوتایە پاڵ بەردێك بۆ خۆشاردنەوە، بارزانی بە هێمێنییەوە لە شوێنی خۆی دەبینرا. ئەو لە وێنەگرتن بە تەنیا یان لەگەڵ پاسەوانی تایبەتی خۆیدا وەتەنگ نەدەهات. لەو دەمەدا ئاگاداری بارزانیم کرد کە بڕیارم داوە بەیانی زووبگەڕێمەوە. ئەو بەگاڵتەوە بە بیری هێنامەوە کە ئەو لە یەکەم ڕۆژی سەردانەکەمدا پێی گوتبووم:

- خۆت بەسەرکردەی ئەم سوپایە دابنێ. هەرچی پێت خۆش بوو ئەوە بکە، بەهەر لایەکدا حەزتکرد بچۆ، تەنیا لە یەك ڕووەوە نەبێ، ئەویش ئەوەیە کە تامۆڵەتت نەدەم، بە جێمان مەهێڵە.

پاش ئەوە دەستی کرد بە چێشتەڕۆکردن بۆم. کە ئەویش لانی کەم ئەنجام دانی گوتوبێژێکی دیکەیە ئەگەر بێتوو ڕۆژێکی دیکەمامەوە، هەروەها ئەگەری ڕوودانی شەڕی گەورە و زۆری تر. بەڵام من دەمزانی زۆر دواکەوتم و هەردەبێ بگەڕێمەوە. بۆیە پێداگریم کرد.لەو کاتەدا ژەنراڵ ڕووی کردە (ئەحمەد) و داوای لێکرد هەموو شتێك بۆ گەڕانەوەم ئامادە بکا. ئەو شەوە جارێکی تریش لە نێو باخچەی مزگەوتی (هیران) ژەنراڵم بینییەوە. بە گەرمییەوە ماڵئاوایم لێکرد، ئەویش بە هەموو سادەییەوە سوپاسی هاتنەکەمی کرد و هیوای بۆ خواستم کە گەڕانەوەکەم ئاسودە بێ. منیش سوپاسی میوانداری و هاوکارییەکەیم کرد و هەردووکمان هیوامان خواست کە بەو نزیکانە یەکتری ببینینەوە. شەومان درەنگ کرد بوو پاڵ کەوتم و پێش ئەوەی بڕۆم چەند کاتژمێرێکی کەم لەبەر مانگەشەو خەوتم. پاش ماوەیەك لە خەو هەستام وام دەزانی چەند دەقیقەیەکە. ئێستا کاتی ئەوە هاتبوو ماڵئاوایی لەوانی تریش بکەم. یەکەم جار ماڵئاوایم لە (ئەحمەد) کرد. ئەو بە جۆرێك خزمەتی کردم کە هیچ کەسێك بە تەنیا ئەوەندە خزمەتی نەکردووم. (ئەحمەد) کە مانای هیلاك بوونی نەدەزانی و لە دواجاردا شەکەت دیار بوو. ئەو پێش ئەوەی لە خەو هەڵبستم، هەستابوو و سەرگەرمی ئامادەکردنی کەل و پەلی سەفەر و هەڵبژاردنی ئەو کەسانەبوو کە لەگەڵمدا دێن و هەروەها ئازوخە و وڵاخەکانی ئەوان، هەروەها سەرقاڵی نووسینی نامە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە



لەسەر ڕێگامانەوە بە لایاندا تێدەپەڕین، پێویست بوو دەربارەی ناسنامەکەم شتێك بزانن. ئێستا ئێمە لە کۆتایی کارە گیانبازییەکەمان داین. (ئەحمەد) گوتاربێژی زمان پاراوی مەزن کە ئێمە هەندێك جار بە (جەنابی وەزیری ڕاگەیاندن) ناومان دەبرد، گوتارێکی نەدا. یان بڵێم تا ئەو ڕادەیە بووبووین بە هاوڕێی یەکتری کە شتێکی بێ مانا بوو لەو بۆنەیەدا گوتار لەگەڵ یەکتردا ئاڵوگۆڕ بکەین یان بڵێم لەوانەیە لەبەر ئەوەی کە زۆر سەرم دەکردەسەری بەهۆی ئەوەوە کە زۆر گوتاری دەدا؟ مرۆ هەق بڵێ من زۆر بەو مرۆڤە سەرسام بووم و خۆشمویست و هیوای هەموو خێروخۆشییەکی بۆ دەخوازم. ئەو مرۆڤێکی دڵسۆز، بە توانا، کارکردە و کارامە، ڕەنج کێش و مانای ماندوو بوونی نەدەزانی.

بێدەنگی (ئەحمەد) نەبووە مایەی ئەوەی ئەوانی تر بێدەنگ بن، هەر یەکێك لەوان، بەتایبەت ئەوانەی کە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵماندا بوون، قسەی خۆی هەبوو. هەڵبەتە (ئاپۆ) وەرگێری دڵسۆز و بە نرخ و سەرسامهێنەری جوان، (جەمیل و مستەفا و ئەنوەر) و یەکێك یان دوان لەوانی تر بەدرێژایی ئەو گەشتەمان هەموو هۆگری یەکتری بووبووین.

بە چەند وتەیەکی کورت مەمنونییەتی خۆم بۆ هەر کامیان دەربڕی.

پاشان سواری ئەسپەکانمان بووین، یان بڵێم هەندێکمان سوار بووین و لە نێو شارۆکەکەوە بەرەو تاریکاییەکی ئەنگوستەچاو دەرچووین و پرتە پرتی چرا نەوتییەکانی دەرەوەی مزگەوتی کۆنی (هیران)مان لە پاش خۆمانەوە بەجێهێشت.

سەرکردەکەمان (فایق ئەمین) بوو کە لەو کاتیدا یەکێك بوو لە یارمەتیدەرانی بارزانی. ئەو لاوێك بوو ڕوخسارێکی هەڵبزرکاو و ڕەنگ مردوانەی هەبوو. هەروەها (ئیبراهیم مامەند ئاغا) برای (عەباس مامەند) پێشەوای هۆزی ئاکۆ و سێ یا چوار لاوی ترمان لەگەڵدا بوون کە یەکێك ناوی (قاسم) بوو، ئەو بەوە دڵشاد بوو کە ناوەکەی وەکو ناوی دیکتاتۆری عیراق وایە. کاتێك بە ناوی (عەبدول کەریم) کە ناوی یەکەمی سەرۆکی عیراقییە، بانگمان دەکرد، بەو پەڕی دەنگی خۆیەوە لە قاقای دەدا. ئەو قۆزترین و جوانترینی پیاوی

کورد بوو کە من بەرچاوم کەوتبێ و توانای بەرگەگرتنی لە ئاستێکدا بوو کە مرۆڤ باوەڕی نەدەهات. لەو گەشتەماندا هەندێك جار دە کاتژمێر بەپێی خۆی دەڕۆیشت. پاش ئەوە ئامادە بو لەسەر باری سەر پشتی ولاخێك یاری پاڵەوانبازی ئەنجام بدا. هاوڕێیەتی ئەو لەگەڵ ئێمە مایەی بەهێزبوونی دڵ و بەرزکردنەوەی گیانی مەعنەوی ئێمە بوو. ئەو هەستێکی ئەوەندە راستی هەبوو دەیزانی چ کاتێك مەترسی پەلاماردان و هێرشی ئاسمانی هەیە و دەیزانی چ کاتێك و لە کوێ پێویستە خۆت لە فڕۆکە بشاریتەوە. هەروەك دەیزانی چ کاتێك گوێ بە سوڕانەوەی فڕۆکەکان نادات ئەمەش دروست ئەو هەستە بوو کە ئێمە پێویستمان پێبوو. من زۆر زۆر پێداگریم لەگەڵدا کردبوو کە چەند پێویستە، تا ئەو پەڕی توانا بەزوویی کوردستان بەجێبێڵم و بگەمەوە ماڵی خۆم. ئینجا بڕیاریدا کە بە رۆژیش لە رۆیشتن بەردەوام بین. ئەم کارەش گۆڕانکارییەکی لە شێوازی ئاسایی و شێنەیی ئێمەدا، مانایی خۆشاردنەوە لە رۆژدا و رۆیشتن لە شەودا، پێکهێنا.

دەمی چێشتەنگاو بوو گەیشتینە گوندێك بەناوی ((سیدەکان)). نانی بەیانیمان بەهەنجیر و ترێ و چاوە خوارد. کاتێك خەریکی خۆ ئامادەکردن بووین، فڕۆکە گەیشتە سەر سەرمان و تەقینەوەی بۆمبا سەرودڵمانی گوشی. ئێمە بە پەلە خۆمان بەرەو بن شکونێکی گەورەی بەردین لە دەرەوەی گوندەکە خلۆرکردەوە. بۆ بێیەختی ئێمە بۆ جاری دووەم و سێیەمیش هاتنەوە و ئێمە دەرفەتی ئەوەمان نەما تا دوای نیوەڕۆ دەست بە رۆیشتنی خۆمان بکەینەوە. پێش ئەوەی گوندەکە بەجێبهێڵین دێهاتییەکان برنج و شۆربای تەماتەیان بۆ هێنایین.

پاش ئەوە قاسیدێك بەسەر پشتی ولاخێکەوە لێمان بەدەرکەوت. هەردووکیان لە تۆزوخۆڵدا نقوم ببوون و ئارەقیان لێدەچۆڕایەوە. ئەم قاسیدە بەدرێژایی رۆژ بێ ئەوەی گوێ بداتە فڕۆکەکان بە خێراییەکی زۆرتر رێگای تەی کرد بوو بۆ ئەوەی دیارییەکی (بارزانی)م بۆ بهێنێ کە (فەرشێکی گەورە) بوو.



لەوێ پەیم بەوەبرد کە یەکێك لەو هۆیانەی کە وای لە (بارزانی و ئەحمەد)یش کردبوو کە پێداگریی مانەوەم بۆ تەنیا رۆژێکی تر لەگەڵدا بکەن، ئەوە بوو. قاسیدی لە ئارەقدا شەلاڵ بوو بۆی روونکردمەوە کە (ژەنەڕاڵ) بۆ هێنانی فەرش ناردبوویە شارێك لە باشوور کە هێشتا لە ژێر دەسەلاتی حکومەتی عیراقی دایە. راسپاردراوەکان بە نهێنی توانیبوویان لەوێ دەربازی بکەن و بیهێننە دەرەوە.

فەرشەکە فەرشێکی عەجەمی کۆن بوو. وێنە و دیمەنی رۆژانی هەوەڵی ئیسلامی لەسەر بوو. لەسەر زەوییەکە دانیشتم و نامەیەکی سوپاسگوزاریم بۆ بارزانی نووسی. ئینجا نامەیەکی تریشم بۆ (ئەحمەد) نووسی کە مەمنونیەتی خۆم لە بەرامبەر هەموو ئەوانە کە لە پێناوی مندا کردوویەتی، بەیان کرد.

فەرشەکەم پێچایەوە و لەسەر پشتی یەکێك لە ولاخەکان بەستمەوە. لەوێ بەدرێژایی ئەو چەند رۆژە کەمەی داهاتوو تاکو هاوڕێیەکانم بەجێهێشت، جگە لە کاتی شەو، هەرواماییەوە.چۆن و لە کوێ هاورێکانم بەجێهێشت؟ لەمبارەیەوە شتێك لەوە زیاتر ناڵێم کە لەسەرەتای گەشتەکەم لەبارەی ئەوەی کە چۆن پێم نایە نێو خاکی کوردستانی شۆڕشگێڕانەوە، کە لە پێشدا گوتم. چونکە ئەو رێگایە لەوانەیە تەنیا لە لایەن خۆم یان کەسانی غەیری منەوە بەکاربهێنرێ.

ماڵئاوایی کردن کارێکی سەخت بوو. ئەو چل و شەش رۆژە کە لە نێو هاورێ کوردەکانم بووم، بەرزترین وێستگەیەکە کەلە ماوەی چارەگە سەدەیەك لە کاری رۆژنامەوانیمدا پێی گەیشتم. لەو باوەڕەدام کورد حەز دەکەن جارێکی تریش ببیننەوە. بەلای ئەوانەوە، من ئەو پردی پەیوەندیم بەو جیهانەوە کە هیوادەخوازن دانیان پێدا بنێ، پردی پەیوەندی بە ئەمریکاوە کە هیوا دەخوازن دەستی یارمەتییان بۆ درێژ بکا. پەیامنێرێکی رۆژنامەوانی هاتبووە نێو ئەوانەوە کە لە لایەن رۆژنامەکەیەوە بە رەسمی راسپێردرابوو، وەکو هەر پەیامنێرێکی تر کە بۆ ناو سوپا نیزامییەکان، دەنێردرێ. کەسێك چۆتە ناویانەوە کە پێش هەموو شتێك راستی دەخاتەڕوو و لەبارەی هەموو شتێکەوە. نازانم ئایا جارێکی تر هەر یەکێك لەوان دەبینمەوە یان نا؟ پاشان قەدەر وای هێنا کە جارێکی تریش تەنیا پاش شەش مانگ رێگامان یەك بگرێتەوە.

# بەشی چواردەیەم

## گوت و بێژ لەگەڵ بارزانی (شوباتی 1963)

لە ناوەڕاستی مانگی شوبات کە لە بەغدا بووم، سەرگەرمی تۆمارکردنی کەلوکۆمی روداوەکانی پاش ئەو کودەتایە بووم کە (بەعس) ئەنجامی دابوو، بڕیارمدا جارێکی تر سەردانی بارزانی بکەمەوە. کۆمەڵێك لە ((ئەفسەرانی ئازادیخواز)) کە زۆربەری هەرە زۆری پیاوەکانی ئەندامانی حیزبی بەعس بوون، لە هەشتی شوبات، جوڵانەوەیەکی سەربازی ئازایانەیان دژی ((قاسم)) بەڕێوەبرد. حیزبی بەعس بە حوکمی لێکچوونی پرەنسیپەکانی لەگەڵ پرەنسیپەکانی لەگەڵ (ناسر) و هەروەها بە رێگەدانی بەشداربوونی هەندێك لە ناسرییەکان لە جوڵانەوەکەدا، لە سەرەتاکانی کاردا پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ قاهیرەدا هەبوو —هەروەها وا دەردەکەوت کە لە پەیوەندییەکی باش دایە لەگەڵ ئەو کوردانە کە لە پەیوەندییەکی نهێنی هەمیشەیی دابوون لەگەڵ پێشەواکانی ئەواندا. دەسەڵاتی بەعسی وادەهاتە بەرچاو کە ئارەزووبکا چاوپۆشی لە سەردانی پێشووم بۆ لای بارزانی بکا، ئەو سەردانە کە نیگەرانی بۆ ئەوان پێکهێنابوو. بەڵام سەرباری ئەوەش بە جۆرێك کە گومانی تێدا نەبێ، روونیان کردەوە کە ئێستا ئارەزوو ناکەن هیچ رۆژنامەوانێکی رۆژئاوایی لە بەغداوە سەردانی بارزانی بکا.

قسەکانی من لەکاتی گوتوبێژدا هیچ کاری لەوان نەکرد کە دەمگوت: سەردەم سەردەمی ئاشتی و دانوسەندنە و واجیب وایە کە پەنجەرەیەك بۆ بارزانی هەبێ بەرەو رۆژنامەوانی جیهان کە لەگەڵ پەنجەرەی حکوومەتدا یەکسان بێ. ئەوانە هیچی دادی نەدا. لەبەر ئەوە کارەکە پێویستی بە فێڵێکی بچووك هەبوو لە بابەتی ئەو فێڵانەی کە لە یاری بن دەستەدا دەکرێ!

هەر کام لە پەیامنێران ((جان پیر شاوڤیل Jean Pierre Chauvel)) پەیامنێری فیگارو، ((جاك ساور Jacques Sauer)) پەیامنێری گۆڤاری ((پاری ماچ))، پێمەوە پەیوەست بوون و بەو بانگەشەیەی کە نیازمان وایە گەشتێك لە کاتی ((جەژنی رەمەزان))دا بۆ باکووری عیراق بکەین، مۆڵەتمان لە دەسەڵاتی سەربازی وەرگرت کە سەردانی (کەرکوك) و (هەولێر) و (موسڵ) بکەین، بەڵام



مولەتمان نەدرایە سەردانی (سلێمانی) بکەین کە بە حسابی حاکمی سەربازی سەردانی بارزانی لەوێوە ئاسان ترە.

مۆڵەتی ئێمە رێگەی پێدەداین کە سەردانی ئەم سێ شارە بکەین نەك دەوروپشتەکانیان، لە دەمی ئیمزاکردنی مۆڵەتەکاندا حاکمی گشتی سەربازی گوتی:

- هەوڵمەدەن لەوە دوورتر سەفەر بکەن، ئەگینا دەکوژرێن.

سەرباری ئەو هوشیارکردنەوەیەش بڕیارماندا، لە رێگەی کەرکوکەوە خۆمان بگەیەنینە پێشەوای کورد، هاورێکەمان قوتابیەکی کورد بوو، کە (صالح یوسفی) سەرۆکی شاندی دان و سەندنی کورد لە بەغدا لەگەڵێدا ناردبووین. لە کەرکوك لە هوتێلێکی بێ ناوبانگی کوردی چاوەڕێ بووین تا قوتابیەکە پەیوەندی بە لقی پارتی دیموکراتی کوردستانییەوە دەکا. کاتژمێر شەشی بەیانی رۆژی داهاتوو، ئەندامێکی حیزب هاتە لامان، ئەو جموجۆڵی توند و چاوەکانی بریسکەدار بوون. ناوەکەی وەکو ناوی قوتابیەکەی کە یاوەرمان بوو پێویستە بەنهێنی بمێنێتەوە — ئێمەی بردە ناو ئوتومبیلێکی ((جیب — ستیشن واگن))ی ئەوەندە پیسەوە کە لە وەسف نایەت. تەنیشتەکان و جامەکانی، بۆ شاردنەوەی رووخساری نەفەرەکان، بە قوڕ سواخ درابوون و ئێمەی بردە دەرەوەی شار بێئەوەی لە هیچ خاڵێکی پشکنیندا رابوەستێ.

ئێمە بە پەلەیەکی زۆرەوە سوار بووین و هەروەکو خۆشمان ئاواتمان بۆ دەخوازی بێ ئەوەی کەس چاوی لێمان بێ. بە تەکان و خێراییەکی توندەوە دەرپەڕین و بە دەوری پێچەکان و گۆشەی رێگاکاندا پێچمان دەکردوە، و سوکان، تائەو پەڕی رادەی خۆی دەسوڕایەوە و لە شەقامێکەوە دەچووین بۆ شەقامێکی تر و بەنێو هەموو کۆڵانێکی نەناسراودا تێدەپەڕین تا هەستم کرد لە ناکاو لەشار چووینەدەرێ و گەیشتە کێڵگەکانی نەوت.

من دەمتوانی تێبینی ئەو خەتە گرژ و ئەو دەمارە هەڵئاوساوانەی ملی شوفێرەکەمان و هەردوو شەویلاکی پێکدادراوی بکەم. ئێمە بە پەلە بووین تا لە شار بچینە دەرەوە، شوفێرەکەش ناوناوە سەری لە جامەکە دەبردە دەرەوە تا

دڵنیا بێ کە بەدوامانەوە نین. ئەو و قوتابییە کوردەکە زۆر نیگەران بوون بەتایبەتیش کاتێك بەلای کۆمەڵە کرێکارێکی کۆمپانیای نەوتی عیراقدا تێپەڕین کە ژمارەیان نزیکەی بیست و پێنج کەس دەبوو کەوا دەردەکەوت چاوەڕێی ئوتومبیلێك دەکەن تا بیانگوازێتەوە، بەڵام ئەوان سەرنجێکیان لە ئێمە نەدا. ئێمە بەو پەڕی خێراییەوە بە نێوگردەکان و تەپۆڵکەکاندا دەردەچووین و بورجەکانی بیرهەڵکەندنەکانمان لە پاش خۆمانەوە بەجێدەهێشت. سەرنجمدا شوفێرەکەمان و قوتابییەکەمان بەرەبەرە ئارام بوونەوە و ئاسوودەیی دەهاتەوە بەریان و هەردووکیان سەر و جگەرەیان داگیرساند.

بەلای هەندێك بیری تر و گرد و تەپۆڵکەی زۆر پڕ لە هەڵەتدا تێپەڕین. پاش ئەوە لە ناوچەی کێڵگە نەوتییەکان دەرچووین و کەوتینە ناو زەوییەکی بەردەڵانی رووتەنی ناهەموار کە یاوەرەکەمان بەدڵخۆشییەوە جاڕیدا کە ئەمە (کوردستان) و لێرە دەسەڵات بە دەستی (پێشمەرگە) (گیان فیداکان)ەوەیە کە سوپای پارتیزانانی کوردی پێکدەهێنن.

بەلای گوندێکدا کە دەکەوتە لای راستمانەوە، تێپەڕین. رێبەرەکەمان گوتی ئەم گوندە ((کۆمۆنیستن)) پێشمەرگەکانی بارزانی پاش راگەیاندنی ئاگربەست لەگەڵ حکوومەتدا ((داگیریان کردوە)) چونکە سەرۆکەکانی ئەم گوندە لەسەر داوای کۆمۆنیستەکان ویستویانە دژی رژێمی نوێ یاخی بوون بەرپا بکەن. پاشان لە بارەگایەکی لاوەکی سەرکردایەتی کە پڕ لە پێشمەرگە بوو راوەستاین.

لەوێ ئاماژەیان بۆ ((گیراوێکی کۆمۆنیست)) کرد، ئەو بەو حسابەی کە لە ژێرچاودێریدایە دایە بە شێنەیی بەڕێدا دەڕۆیشت. لەوێ پیاوێك خۆی بە من ناساندەوە کە لە کاتی سەردانەکەم لە ئابی 1962 منی دیتبوو. بە گەرمی و تاسەوە تۆقەمان پێکەوە کرد.

بەهار خەریك بوو یەکەمین چرۆی نۆبەرە و ئاڵ و واڵای بەسەر بناری گردەکانەوە دەپۆشی. لەهەر پەنایەکی نزاردا گوڵاڵەکانی بەهار چەکەرەکانی دەرهێنابوو. من بەشێوەیەك خۆزگەم دەخوازی، کە لێك وەشانەوەیەك و



هاوئاهەنگییەك لە نێوان هەست بە هیوا، لە بوژانەوەی دووبارەی ئەو گرد و هەردانە، لەگەڵ سەرکەوتنی دان و سەندن کە لە نێوان کورد و عەرەبدا لە بەغدا دەستی پێکردووە، بێتەدی.

لە بنکەیەکی سەخبیێرکردنەوە کە سەر بە (پێشمەرگە) بوو لە مەودایەکی کەمێك دوورلێمانەوە، رستەی ((کوردستان یان نەمان)) بە بۆیاغی سپی لەسەر هەموو ئوتومبیلەکان نوسرابوو. ئوتومبیلێکی ((جیب)) سەر بە وەزارەتی پیشەسازی، جێبێکی سەر بە وەزارەتی بەرگری، ئوتومبیلێکی (سالۆن)ی ((شارەوانی کەرکوك و ئوتومبیلێکی تاکسیم بینی. پاش کەمێك رێگامان کۆتایی هات و گەیشتینە لای ئەسپێك چاوەڕێی هەر سێکمانی دەکرد. هەر لەبەر ئێوە چەند خۆزگەم دەخواست، وێنەیەکی ئەو دیمەنەم بگرتبایە کە سێ رۆژنامەوان لە کوردستان سواری سەر پشتی یەك ئەسپ بووبوون! بەڵام ئێمە بەنۆرە سوار دەبووین و پیادە دەبووین. لێرەوە ئیدی ئەو گردانەی کە کە بە گوڵان داپۆشرابوون، پتر روو لە هەوراز و نشێو و رووتەن و دیمەنیان دڵ گوشەر و ماتەم هێنەر و ترسناك دەبوو.

بولێڵی ئێوارە بەزنجیرە چیایەکی درێژدا هەڵگەڕاین و لەناکاو شیوێکی قووڵ لەبەردەمماندا وەدەرکەوت کە پاش ئەوە یەکسەر بەدواییدا چیاکانی زاگروس دەهات کە لوتکەکانی بە بەفر داپۆشرابوون. ئێرە کۆتایی ئەو جێیە بوو کە ئەسپ دەیتوانی بیگاتێ.

ئێستا ئەو رێگە شاخاویە دەچووە ناو قولایی شیوێکی زۆر گەورەوە. لە کاتێکدا دنیا تەواو بەرەو تاریکایی دەچوو، ئێمە بە دەست کوتان بە نێو ریگەیەکی سەرەو لێژدا رێگەی خۆمان دەدیتەوە. رێگاکەمان بە دەوری پارچە بەردێکی یەکجار گەورەدا دەسوڕایەوە. لە ناکاو لە نێو قەڵیشەبەردێکی گەورەوە تیشکێکی روونا کی نا ئاساییمان دی دەدرەوشایەوە و سەرسامی دایگرتین. رووناکییەکان بە خەتگەلێکی رێکوپێك بڵاودەبوونەوە کە مەوداکەی نزیکەی سەد یاردە یەك دەبوو.

ئەوێ (چەمی ڕێزان) بارەگای (جەلال تاڵەبانی) لە کەرتی باشوور بوو. بە تۆقەکردنی گەرمەوە بەرەو نێو ئەشکەوتێکی گەرم براین و پیاوێک بە سیفەتی ئەوە کە (ئەفسەری بەرپرس) بوو، خۆی بە ئێمە ناساند. بۆی روون کردینەوە کە زۆربەی پیاوانی ئەو بارەگایە ئێستا مۆڵەتیان وەرگرتووە. ئاگردانێک لە ناوەڕاستی ئەشکەوتەکەدا گەرماییەکی خۆشی لێدەهاتە دەرێ.

ئەفسەری بەرپرس ناوی (سالار) بوو یاخود بڵێین ئەمە ناوی رێکخراوەیی ئەوبوو. ئەو وەك مرۆڤێکی رووخۆش و ئاخێوەرێکی بە وێڵ و جێ دەهاتە بەرچاو. بەرە بەیانی زوو پاش ئەوشەوە، لایتێکی پاتری پێ بوو، پێشمانکەوت بۆ سەر رێگایەکی تەسك و باریك بە نێو هەموو کەلەبەرەکانی بارەگا کە: بەنێو ئەشکەوتی یەکجار گەورە و فراواندا پڕاوپڕ لە کەرەسەی ژینەوەری لە هەموو جۆرێك. لەوێوە بۆ چێشتخانە، بۆ فڕنی نانەوا، کارگەی سەخبێرکردنەوە. نەخۆشخانەیەکی دەقەرەوێڵەیی بەسەرپەرشتی دکتورێکی راستەقینە. پاشان بەندیخانەیەکی بچووك بۆ دیلەکانی جەنگ. لە بارەگا لە هەمان شیودا، مەکینەی کارەبای تێدا بوو کە سەربازگەکەی رووناك دەکردەوە. لە هەل و مەرج و رۆژگاری غەیری ئێستا، شۆڕشگێرانی کورد سەلامەتی خۆیان لە بەرزاییەکان و ترۆپکی چیاکاندا دەبینی. بەڵام ئێستا سەلامەتی لە کاوی قووڵ لە پەنای شیوەکاندا دابین دەبێ.

(سالار) بە فەخر و شانازییەکی دیارەوە ((توپێکی کوردی)) کە لە بۆڕی مەعدەنی دروستکرابوو، پیشاندایین، لەو باوەڕەدام لە بۆڕی راکێشانی ئاو دروست کرابوو، هەر چەندە (سالار) ئەمەی پێنەگوتین. هەروەکو ئەوەشی پێنەگوتین کە مەدای رۆیشتنی تۆپەکە چەندە و چ جۆرە گوللەیەك دەخوا و تاکو ئێستا چەند دانەی لێ دروست کراوە. ئەوە یەکەمین جار و دوایین جار بوو کە دەمبینی کورد بۆ خۆیان تۆپیان بۆ خۆیان دروست کردووە.

لە کاتێکدا بەیانی رۆژی داهاتوو، بەسەر تەنیشتەکانی ئەو گەرووە لێژەدا بە دژوارییەوە رێگای خۆمان دەبڕی، لەوێ چەند ئەسپێك چاوەڕێمان بوون. سالار



پێی گوتم کە دوو بروسکەی لێداوە کە لە هاتنی ئێمە ئاگادارییان دەکاتەوە. یەکێکیان بۆ بارەگای سەرکردایەتی ناوچەکە لە (کویسنجەق) کە فەرمان دەدا ئوتومبیلمان بۆ ئامادە بکەن. بروسکەی دووەم بۆ (بارزانی) خۆی، لە بروسکەکەدا پێمان راگەیاندوە کە هەندێك کەس بۆ سەردان هاتوون و بەرەو لای ئەو دێن و لە نێویاندا ((دۆستێکی کۆن))ی تێدایە. (سالار) گوتی حەزم نەکرد ناوەکەت ئاشکرا بکەم نەوەکو ناوەکە کە وەك بروسکەیەکی کراوە ناردومە عیراقییەکان وەری بگرن و پاشان دەردەسەریت بۆ دروست بکەن.

رێگاکەمان بەدەم لێواری گەرووەکەدا هەر لەنێو شیوەکەدا کە لەوێ (زەرزی) پێ دەگوترا، دەڕۆیشت. پاشان بە لای جێگایەکدا تێپەڕبووین پێی دەگوترا (کورە) کە لە سەدەکاتی ناوەڕاستدا میرانی کورد قەڵایەکیان لە ناوەڕاستی رووبارەکەدا دروست کرد بوو. رێگاکە لە نزیك ئەو دوورگەیەوە زۆر نزم دەبێتەوە تاوای لێدێ چی وای نامێنێ بگاتە رووبارەکە، پاشان جارێکی دیکە بەرەو سەرەوە بە نێو کۆمەڵە شیوێك و بە نێوان کۆمەڵە بەردێکدا بەرز دەبێتەوە. کاتێك بە بناری شاخەکەدا بەسەردەکەوتین، ئەسپەکەم بەشێوەیەکی سەیر خۆی لە وەزعێکی دژواردا بینی. یەکێك لە دەستەکانی لەسەر بەردێك راوەستاو هەر دوو پێ کانیشی کەوتبوونە ناو جۆگایەکەوە کە چوار پێنج پێ لە بەدەنەکەی نزم تر بوو و ئیدی توانای جوڵانەوەی نەما، خۆم بەسەر پشتی ئەسپەکەوە نوساند بوو و بەرەو پێشەوە تەکانم پێدەدا. لەناکاو ئەو قایشەی کە زینەکەی بەستبۆوە و برێك کەل و پەل و باری گرانی راگرتبوو، پچڕاو من و کەل و پەل و زینەکە بەسەر پاشەڵی ئەسپەکەدا بەربووینەوە و کەوتینە سەر بەردەکانی ژێر خۆمان. بەسەر پشتی خۆمدا کەوتمە سەر کۆمەڵە بەردێك و کەوتمە ژێر باروزینەکە وبن سمی ئەسپەکەوە. لەوانەیە ئەو کەمەربەندەی کە بە هۆی ((ترازانی بڕبڕە)) لە پشتم بەستبوو، لەهەر زیانێکی راستەقینە پاراستبمی.

پاش شەوێکی کورت لە ماڵێکی لادێیدا، ئەو ئوتومبیلەی کە (سالار) فەرمانی کرد بوو ئامادەبێ، کەوتە بەرچاومان. بە ناوەڕاستی ((کویسنجەق))دا

تێپەڕین و پاشان بە زنجیرە چیایەکی رووتەندا سەرکەوتین تا گەیشتە دەشتێکی پان و پڕ لە مێرگ. لەوێ ئوتومبیلەکەمان لەنێو روباردا عاسێ بوو. پاش هەوڵدانێکی زۆر بەیارمەتی دە پیاوی کورد کە ئەوانیش هەر لەو جێیە جێبەکەیان چەقی بوو، توانیمان ئوتومبیلەکە دەرباز بکەین، پاشان ئێمەش چووین بۆ رزگارکردنی ئوتومبیلەکەی ئەوان. یەکێك لەو هاوڕێ نوێیانەی سەر رووبارەکە، کە هەموویان کورد بوون و جل و بەرگی نیشتیمانییان لەبەردابوو وێنەیەکی کچە کوردی پارتیزان ((مارگریت جورج))ی کە لەناو جانتای کاغەزەکانیدا لەگەڵ چەندین وێنەی تری پیشەوایانی کورد، هەڵیگرتبوو، پێشکەش کردم.

کاتێك شەو، تاریکایی خۆی دادایە خوارەوە باران بە جۆرێکی بەردەوام دەستی بەبارین کرد و لە نزیك گوندێك پێی دەگوترا (چوار کومە)[1] کە نزیکەی پێنج سەد ماڵێك دەبوو، راوەستاین، تا لە یەکێك لە چایخانەیەکان پشوویەك بدەین و گەرمان بێتەوە. هەروەها بۆ ئەوەی (تراکتور)یکیش پەیدا بکەین بۆ ئەوەی لەو کاتەدا کە بە نێو ئەو زۆنگاوانەدا دەڕۆین کە لەسەر رێگای خۆمان بەرەو شارۆکەی رانیە دێتە رێمان، لەگەڵمان بێ.

---

[1] گوندەکانی کورد یەکجار زۆرن و هەندێکیان ناوەکانیان لە یەکتری دەچن و هەندێکیان هەر زۆر لە یەکەوە نزیکن. لە کوردستان هەر کۆمەڵگایەك ژمارەی ماڵەکانی لە نێوان دە تا پێنج سەد یان زیاتر بێ پێی دەگوترێ گوند. گوند بە خێرایی پێکدێ و بە خێرایی لەبەین دەچێ بەتایبەتی لە کاتی جەنگدا. لەبەر ئەوە بۆ دانەر کارێکی سەخت بووە ناوی ئەو گوندانە کە گرنگ نەبوون بە تەواوی جێگیر بکا و هەروەها ناو گواستنەوەش لە رێگای نوسینەوە ئەو دژواریە زیاتر دەکا لەوەی کە نووسەر مەبەستی بووە. ئێمە هەوڵمان داوە ئەو ناوانەی کە دانەر هەڵەی تێدا کردووە، راستیان بکەینەوە و لە زۆربەی ئەوانەشدا سەرکەوتووین. لەوانەیە لێرەدا ناوی (چوار کومە) ناوی (چوار قەومە) یان شتێکی لەم بابەتە بێ کە چواری تێدا بەکاربراوە. ئێمە زیاتر رامان بۆ ئەوە دەچێ کە ئەم ناوە (چوارقوڕنە) بێ کە گوندێکی بەناوبانگە (ج. ف).



ئێمە دەبوایە بە دەوری ئەو شارۆکەیەدا بسوڕێینەوە چونکە هێشتا سەربازگەی حکوومەتی تێدا مابوو. لەو چایخانەیە وێنەیەکی (فاتمەخان) لەسەر دیوارەکە هەڵواسرابوو.

(فاتمەخان) ئەو ئافرەتە بەناوبانگەی کورد بوو کە لە بیستەکان و سەرەتای سییەکاندا کۆمەڵێك گوند، کە لە هەشت گوندی قەزای رەواندز پێکهاتبوو، بەڕێوەدەبرد. هەروەها وێنەیەکی (شێخ مەحمود: کە لە بیستەکان و سەرەتای سییەکانی ئەم سەدەیەماندا، مەلیکی کوردستان بوو). بنەماڵەکەی شێخ مەحمود لە بنەماڵەی پێشەوا ئاینییەکانن. لەو ناوچەیەدا کورد سوێند بە (شێخ ئەحمەد) کە باپیری (شێخ مەحمود)ە دەخۆن (مەبەستم کاك ئەحمەدی شێخ)ە.

بە سواری تراکتۆرێکی کشتوکاڵی تایە گەورە چووینە ناو زۆنگاوێکەوە. سێ جار نقوم بووین و تراکتورمان بە سەلامەتی راکێشایە دەرەوە بۆ وشکایی، ئێمە، لە (جورج ویللر George Weller) پەیامنێری رۆژنامەی (شیکاکو دەیلی نیوز) بەختەوەرتر بووین کە هەفتەیەك پێش ئێمە هاتبوو، ئەو ئوتومبیلەکەی لەناو زۆنگاوەکەدا چەقی بوو، شەوێکی تەواو مابۆوە، ئەو لەو کاتەدا بەرەو بارەگای گشتی بارزانی دەچوو. لە مەودایێکی دوور لە ئێمە بەلای دەستی چەپمانەوە، بەلای رووناکییەکانی (رانیە)دا تێپەڕین، رووناکییەکان لە پشت درەختەکانەوە کە باران شۆردبوونیەوە، دەدرەشانەوە.

دوای کاتژمێر دەی شەو گەیشتینە ((قەڵادزە)) ئەوێ شارۆکەیەکی بچووکی کوردییە و لە نزیك سنورەکانی ئێرانەوە هەڵکەوتووە. جگە لە چرا نەوتییەکان، رووناکی تێدا نەبوو. ئەو زەیتە تایبەتەی کە بۆ بەکارخستنی وێستگەی کارەبای شارەکە بەکاردەهات، تەواو بووبوو. لە ژێر لێزمە باران و لە تاریکی شەوەزەنگدا، تاتوانیمان ئەو ماڵە بدۆزینەوە کە (سالح یوسفی) لە بەغدا ناونیشانەکەی دابومێ، کەمێك نارەحەتیماندی. ئەو ماڵە ((پردی پەیوەندی)) ئێمە بوو بە بارەگای بارزانی. دواجار بەمەرامی خۆمان گەیشتین و بەنێو کۆڵانێکدا کە ئاو پەنگی تێدا خوارد بۆوە، بەرداو بەرد بازمان دەدا. ماڵێکی

گەرم و گوڕ بەڵام روناکییەکی کزی تێدابوو. واپێ دەچوو لەو کوردانەی کە باران تەڕی کردبوون، جمەی دەهات. لێرەدا دەبێ پەسنی ئەو نهێنیێ پارێزییە، کە هەموو کاروبارەکانی جەنگی کوردی پێ بەڕێوە دەبرا، بدەم. لەناو ئەو کارانەدا بە جۆرێکی تایبەتی، گواستنەوە و جێ گۆڕییەکانی (بارزانی) بوو. نەقوتابییە کوردەکە و نە کوردەکانی خەڵکی ناوچەکەش کە لە (کویسنجەق)ەوە بۆ شارەزایی ڕێگا لەگەڵ ئێمە هاتن ئەو کەسەیان نەدەناسی کە لە قەڵادزێ دیدەنی دەکەین و دەمانباتە لای بارزانی. من تەنیا کەسێك بووم کە لە بەغداوە ئەو نهێنیەم دەزانی و ناوی ئەو کەسەشم دەزانی کە پێویست بوو بە دوایدا بگەڕێین.

ئێمە تازە خەریك بوو لە ماڵی خانە خوێکەمان لە قەڵادزێ جێگەمان دەگرت و جلە قوڕاوی و تەڕەکانمان دادەنا و پرسیاری خواردنمان دەکرد، قاسیدێك گەیشتە لامان ئەو پەیامەی کە قاسیدەکە هێنابووی ئەوەبوو کە بارزانی لە جێگایەکی نزیکە و لەوانەیە سبەی جێگاکەی خۆی بگوازێتەوە، جا ئەگەر بمانەوێ چاومان پێ بکەوێ واباشترە هەر ئێستا بڕۆین.

ئەو دەنگوباسانە هەرسێکمانی پێکەوە نائومێد کرد. ئێمە لە کاتی نیوەڕۆوە بەسکی بەتاڵەوە ڕێگەمان دەکوتا تەنیا راوەستانێکی کورت لاماندا چامان خواردەوە.

هەڵبەتە دەسبەجێ جلەکانمان لەبەرکردەوە دووبارە خۆمان دایەوە بەر ئەو تاریکییە، و بارانەکە بە بەفرەوە دەباری و یەکێك لە هاوڕێکانمان بە دڵنیاییەوە گوتی:

- ڕێگاکە تەنیا دە دەقیقەیە.

بەڵام من ئێستا دەمزانی کە کورد پێوەری کوردانە بەکاردەهینێ، هەر کاتێك گوتی دە دەقیقە ئەوا بەلای خەڵکانی ئاساییەوە بەبێ منەت نیو کاتژمێر دەخایەنێ. بەسەر پردێکدا پەڕینەوە کە بەسەر رووبارێکەوە بوو. لێشاوی بارانی شوبات ئاوەکەی ئەوەندە زیاد کرد بوو کە لەسەری دەڕژا. پاشان بە لێوارێکی زۆر رکدا سەر کەوتین و لەوێوە بە دەشتێکدا ملمان نا، یان بەواتایەکی دیکە بیلێم بە نێو دەریایەك لە قوڕ کە پێڵاوەکانمان تێیدا بزر دەبوو و تا لولاقمان دەهات. لە لاتەنیشتێکی دیکەی ئەو زەوییە قوڕاویە روناکایمان لێ بەدەرکەوت. بارزانی لەوێ بوو.



پاسەوانەکان رایان گرتین و ئاماژەیان بۆ کردین کە بەرەو کۆمەڵە خانوویەکی لادێی بچین. ئەوێ جگە لە پاسەوان و بارەگای بارزانی سەربازگەی پشوودان و خەوتن بوو. بارزانی حەز دەکا بەشەو کار بکا.

چووینە ناو ژورێکی دەرەوەی ماڵەکە، پڕاوپڕ لە خەڵك بوو، ئەوان هەروەکو دابی خۆیان پیلاوەکانیان دانابوو. بە پەلە ویستم چاو لەوان بکەم. هەرچەندە ئەوە هەر بەقسە خۆشە نەك بەکردەوە. چونکە کورد شێوازی تایبەتی خۆیان هەیە لە پێڵاو داناندا کە لە تیلەی چاو خێراترە. بەڵام من دەبوایە لەسەر زەوی دابنیشیم (چونکە لەوێ کورسی نییە) و دەست بکەم بەکردنەوەی قەیتانی ئەو پێڵاوە قوڕاویانەم. هێشتا سەرقاڵی ئەو کارە بووم کە دەرگایەکی دیکە بەرەو ژورێکی رووناکتر کرایەوە، توانیم (مستەفا بارزانی) کە لە ناوەڕاستی ژوورەکە راوەستابوو، بیبینم. ئەویش دەیتوانی بم بینێ، بە پەلە هەوڵمدا و هەستامە سەر پێ و بەرەو رووی پێشکەوتم تاکو سڵاوی لێ بکەم. بەڵام پاش ئەوەی دەرفەت نەمابوو زانیم کە هەردوو دەستم قوڕاویە من خەریك بوو دەستم بخەمە دەستییەوە. لەو ساتەدا یەکێك هاتە نێوانمان و پەشتەماڵێکی دایە دەستم و دەستم سڕییەوە و بە کەمێك شەرمەوە سڵاوەکەم تەواوکرد.

بارزانی بە دووبارە بینینەوەی من خۆشحاڵییەکی راستەقینە دایگرتبوو. پێم وایە بە دەگمەن سەردانێکەرێکی بیانی دووجار دیدەنی لەگەڵدا کردبێ. ئەو وەکو هاوڕێیەکی دێرین کە ماوەیەکی زۆر لە دیداری بێبەش بووە و لێی دوورکەوتبێتەوە رەفتاری لەگەڵدا کردم. وداوای لێکردم لە پەنای خۆیەوە دابنیشم، بە زەردەخەنە و پرسیاری تایبەتی، رووی لوتفی تێکردم و گوتی لەو کاتەوە کە لە یەکتر جیابووینەوە ژیانت و حاڵت چۆن بووە؟

چۆن توانیت جارێکی تر بێیتەوە؟ بەشێوەیەکی تێکرایی ورە بەرزهاتە بەرچاوم و زۆر جیاواز بوو لەو کەسە بەپارێز و سەختگیرە کە لە ئابی ساڵی رابردبوودا دیدەنیم لەگەڵدا کرد بوو. ئێستا واهەست دەکا کە هەروەکو لە

لوتکەی جیهان دایە، بێگومان ئەو لەسەر سەکۆی سەرکەوتنە، بەڵام کاتێك دەستی کرد بە قسەکردن لەسەر حکومەت رواڵەتێکی توندوتیژ و یەکجار سەختگۆیی پێوە دیاربوو. ئەو یەکجار تورە بوو و لێیەوە دەرژا ئەمەش بە هۆی چەند هۆکارێك بوو کە لە پاشاندا بۆم روون بۆوە.

بارزانی هەر وەکو نەریتی خۆی، جلێکی کوردی سپی خۆڵە مێشی بە سەرکراسێکی رەشەوە لەبەر بوو، یاری بە دارجگەرە تەختەییەکەی دەکرد. لێم پرسی:

- کوا (ئەحمەد)؟

مەبەستم (ئەحمەد توفیق) بوو لە کاتی گەشتەکەیساڵی رابردووم بە کوردستاندا، لەگەڵم دابوو، بارزانی بەسەر ئاماژەیەکیدا و فەرمانیدا بە یەکێك لە پیاوەکانی. چەند دەقیقەیەکی کەمی نەبرد (ئەحمەد) لە بەردەمم راوەستابوو و بە زەردەخەنەیەکی درێژەوە، زەردە گرتبووی و لە تەنیشتم دانیشت. دیدارێکی عاتیفی کاریگەر بوو.

پەرداخی چا و جگەرەیان لەبەردەممان دانا من و هەردوو هاورێ فەرەنسیەکانم دوو دڵیمان لەوە نەدەکردەوە کە پەلاماری هەردووکیانمان دەدان و ئێمە ماندوو بووین. بەڵام چالاك بووین. بارزانی لەو جگەرانە کە بە دەستی خۆی دەپێچانەوە بەردەوام بوو. ئێمە لە ژورێکی فراوان کە بە چاکی تێر فەرشکرابوون دانیشتبووین و دیوارەکان بە مافوری ئاسایی داپۆشرابوون، ئێمە چوارمەشقی لەسەر رایەخەکان، بە پاڵ دیوارەکانەوە بە شێوازی کلاسیکی رۆژهەڵاتی دانیشتین. من یەکسەر لە دەستەڕاستی (بارزانی) دانیشتم و (ئەحمەد)یش لە پەنای منەوە بوو، بەڵام دوو فەڕەنسییەکان لە بەرامبەری دانیشتن. هەروەها لە ژووەکە پتر لە دوازدە کەسی دیکە دانیشتبوون و پاڵیان بەدیوارەکانەوە دابوو و بە وریایی گوێیان راگرتبوو.

بارزانی لە بەرامبەر چالاکی پەیتا پەیتای (جاك ساور) جۆرێك خۆش هاتنی لێهات کە تاکە ساتێکیش لە وێنەگرتنی رانەدەوەستا جارێك بەو کامێرایە و جارێکی تر بەوی تریان. جارێك بە رەنگا و رەنگ و جارێك بە رەش و سپی.



بارزانی بە گاڵتەوە یەکێك لە کامیراکانی هەڵگرت و رووی عەدەسەکەی کردە (ساور) و پێی گوت بە قەدەر ئەوەی کە وێنەت گرتووم، منیش وێنەی تۆ دەگرمەوە. ماوەیەکی چاك بەسەر نیوە شەودا تێپەڕی هەرچەند دەمانویست بگەینە کۆتایی و دوایی پێ بهێنین. کەچی بارزانی گوتوبێژی نوێدەکردەوە. بێگومان ئەو بەدانیشتنەکە ئاسودە بوو و خۆشی لێهاتبوو. پێداگریی لەگەڵداکردین کە چەند رۆژێك لە لای بمێنینەوە. بەڵام من بۆم روون کردەوە کە ئەم سەردانەی ئێمە بۆ لای ئەو چیرۆکێکی رۆژنامەوانی زۆرەملێی هەیە و دەبێ دەسبەجێ بڵاوبکرێتەوە. لەبەر ئەوە هەرگیز ناتوانین لێرە بمێنینەوە و باشترین تەگبیریش ئەوەیە کە بە هۆی هیلیکوپتەرەوە بگەڕێینەوە بۆ بەغدا. بارزانی باسی کرد کە سبەی هیلیکۆپتەر دابین دەکا، کاتێك وەختی ئەو کارە هات، دیدەنی سەرکردەی سوپای عیراقیمان لە ناوچەکەدا کرد کە هێشتا لە (قەلادزێ) وەکو ئەسیر وابوو لە لای کورد. ئەو بوو کە فەرمانی دەدا بە سەرکردایەتی فیرقەی کەرکوك تا هیلیکوپتەر رەوان بکرێ. ئەو دەستی کرد بە پرسیاری زۆر لەبارەی چۆنیەتی گەیشتنمان بە قەڵادزێ، بۆیە بڕیارماندا بە ئوتومبیل بگەڕێینەوە.

گەڕاینەوە بۆ قەڵادزێ. پیاوانی بارزانی پێشنیاریان کرد، رێگایەکی کورت بگرینەبەر، ئەمەش مانای وابوو بە نێو رووباردا بڕۆین، یەکێك لە پیاوەکان هەستا بە تاقیکردنەوە و بەخۆی و ئەسپەکەیەوە کە سواری بوو بوو، خۆی فڕێدایە ناو رووبارەکە بۆ ناو رێژەنی ئاوەکە و دەستی کرد بە بڕینی رێژەوی ئاوەکە بەرەو پێشەوە. کردارەکە پتر لە شانی یاریزانێك لە یاریزانانی سیرك دەوەشایەوە و ئێمە رامانگەیاند کە حەزمان لەو کارەنییە و لە جیاتی ئەمکارەش بریتی بوو لەوەی کە لەسەر چوارپەل بخشێنین و خۆمان بە لێواری رووبارەکەدا بنوسێنین تادەگاتە لێوارێکی بەرز کە دەتگوت بە قوڕساخ دراوە، دەبوایە زیاتر خۆمان لە قوڕ وەربدەین تا دەگەینە پردەکە.

بەرەبەیانی رۆژی دواتر باران خۆشی کردەوە و خۆر دەرکەوتەوە. بەر لەوەی بگەڕێمەوە بۆ لای بارزانی چاوێکم بەدەورپشتی قەڵادزێدا گێڕا. ئەوێ

شارۆکەیەکی کوردی بێگەرد بوو، هەموو دانیشتووانەکانی بە بۆنەی جەژنی ((رەمەزان))ەوە هاتبوونە سەر شەقامەکان. جۆلانە و هەموو یارییەکانی دیکەی منداڵان لە گۆڕەپانێکی نزیك شەقامە سەرەکییەکە دامەزرابوون. خەڵك لە جل و بەرگی نیشتیمانیی رەنگا و رەنگ و قاتی رەشی رەسمی تایبەت بە بۆنەکانەوە دەرکەوتبوون و لە شەقامەکە سەرەکییەکەدا کە چایخانەکانیش مێز و کوسییەکانیان هێنابوونە دەوەوە و لەسەر شۆستەکە دایان نابوو، کۆمەڵ بوبوون. ئافرەتان جل و بەرگی جوانی کوردی تایبەت بە جەژن و ئاهەنگیان لەبەردابوو، بەڵام بەداخەوە بینیم هەندێکیان ئەو رەنگە جوانانەیان بە عەبایەکی رەشی دەرەوە هەروەکو عەرەبەکان داپۆشی بوو.

هەندێك لە پیاوانی پۆلیس و سەربازەکانی ئەو سەربازگەیەی کە لە شارۆکەکەدا مابوون، لەگەڵ کوردەکان دانیشتبوون، یاخود قۆڵیان بە قۆڵی یەکتریدا کردبوو و پێدەکەنین، لەو دەمەدا وێنەمانگرتن.

پاش دیدەنییەکی تری بارزانی کە بەشی هەرەزۆری بۆ وێنەگرتن بوو. عەسری ئەو رۆژە لەسەر رێگایەکی دەرەوەی (قەڵادزێ) ماڵئاوایمان لێکرد. بارزانی سواری ئەسپێکی سپی ببوو، بەشێنەییەکی زۆرەوە دەیویست لە رێگای دەشتەوە بۆ رۆژئاوا، لە پێشەوەی نزیك بە بیست سواری تر بگوازێتەوە. بارزانی کەسایەتیەکی بێ هاوتا، خاوەن شکۆ و ویقارێکی مەزنی بێ وێنەیە. لێرەوە لە دووری مەودایەك لێمانەوە ترۆپکی چیاکانی (زاگرۆس) کە لوتکەکانی بە بەفر داپۆشرابوو، بەرچاو دەکەوتن ئەوێ نیشتیمانی یەکەمی کوردە.

بۆ ئەوەی لە رۆیشتن بە سواری ئەسپ یان پیادە دووربکەینەوە، کە ئەم دوو جۆرە شێوەیە لە کاتی هاتنماندا زۆر هیلاکیان کردین. بەدرێژایی ئەو شەوە سواری ئوتومبیل بووین و بە تاکە ریگایەکدا کە هەبوو، رێگامان گرتەبەر. ئەو رێگایە بەرەو هەولێر دەچوو. بەرەبەیانی لە خاڵێکی پشکنینی (حەرەس قەومی) تێپەڕین و ئێمە بەو پەڕی متمانە بەخۆبوون و نیازپاکییەوە ناسنامەی رۆژنامەوانیمان بۆ دەرهێنان. ئێستا پاش ئەوەی شۆفێرەکەمان و قوتابییەکەمان



بەجێ هێشت، خۆمان لە گیانی خۆمان و هەڵسوکەوتی خۆمان بە بەرپرسیارییەکی تەواوەوە بەرپرسین. بەخت ئێمەی دایە دەست (نەقیب)ێکی سوپای عیراقی کە فەرەنسی دەزانی. ئەو لە کاتی خۆیدا لە پاریس بووە. زۆر دڵخۆش بوو کە تووشی هەردوو پەیامنێری (ماچ و فیگارۆ) بووە. ئەو لە دەربازبوون لە بنکەکانی چاودێری پولیس و سوپا لە (هەولێر)، یارمەتی داین و مۆڵەتی دووبارە سەفەرکردنی بۆ کەرکوك و بەغدا پێدا‌ین. بەم شێوەیە وەکو سەردانیکەرانێك کە ملکەچی یاساین! و سورین لەسەر جێبەجێکردنیان گەڕاینەوە بۆ کۆماری عیراق.

گرنگترین شت کە لەو سەردانەدا (بارزانی) پێی راگەیاندین، هەڕەشە بوو. هەڕەشە بە دووبارە بوونەوەی جەنگ ئەگەر بێتوو حکوومەتی عیراقی لەماوەیەکدا کە لە یەکی ئازار تەواو دەبێ، درکاندنێك ئاشکرا نەکا کە دان بە مافەکانی گەلی کورد لە ئۆتۆنۆمیدا دەنێ. مەبەستم لەماوەی چوار رۆژ لەو بەروارەوە.

لە واقیعدا (بارزانی) لە یەکی ئازار، شەڕی دەست پێنەکردەوە. لە شەوی پێش ئەو بەروارە حکوومەت درکاندنێکی راگەیاند کە تێیدا دانی بە (مافەکانی کورد)دا، دانا کەوا دەهاتە پێش چاو بایی ئەوە هەبوو کە هەڕەشەکە جێبەجێ نەکرێ. بەڵام بۆ یەکەمین جار وشەکانی بارزانی ئەوەیان بۆ ئاشکرا کردم کە ئەو پێویستە لەسەری لە بەرامبەر هەندێك هەلومەرجی دیاریکراودا، بیر لە سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە دەوڵەتی عیراق بکاتەوە. بارزانی گوتی:

- پاش شۆڕش لە بەغدا، ماوەیەکی دیاریکراوم بۆ ئاگربەست دانا. پاشان ئەوان کە (تاڵەبانی)یان نارد بۆ قاهیرە و جەزائیر، ماوەی ئاگربەستمان درێژکردەوە. چاوەڕێ دەکەین تاکۆتایی ئەم مانگە مانای تایەکی ئازار. ئەگەر ئۆتۆنۆمی لەو ماوەیەدا رانەگەیەنرا، ئێمە دووبارە جەنگ دەست پێدەکەینەوە و لەوانەشە سەربەخۆیی خۆمان رابگەیەنین.

پرسیارم کرد کە مەبەستی خۆیم لە (ئۆتۆنۆمی Autonomy) بۆ دیاری بکا، گوتم:

بەلای تۆوە چی دەگەیەنیٚ؟

وەلاٚمیدایەوە

- لە هەموو لایەکی جیهاندا سیستەمێك لەو جۆرە هەیە کە پێی دەگوترێ (ئۆتۆنۆمی) ئەوە مانای وایە کە گەل لە سایەیدا بە ئارامی دەژی و ناکەوێتەبەر مەترسی ئەوەی جارێکی تر لە ئاخرین سات و لەناکاو گورزی لیٚ بوەشێنرێ.

پرسیم:

- ئایا ئەوە مانای وایە کورد هێزی چەکداری خۆی هەبیٚ؟

وەلاٚمیدایەوە:

- پێشترییش گوتومە ئێمە دەمانەوێ لە(ئەمان)دا بژین. بیٚ هێزی چەکدار ئەوەمان چۆن بۆ دێتەدی؟

بارزانی لەو رێگایەوە ئاماژەی بە داواکارییەکانی کورد لە دامەزراندنی ((پۆلیسی ناوچەیی)) و پێکهێنانی ((فیرقەی کوردی)) لە چوارچێوەی فیرقەکانی سوپای عیراقیدا، دەکرد. هەروەها گوتی مانای کامڵ و وردی ئۆتۆنۆمی بەرە بەرە لە رێگای دان و سەندنەوە زیاتر روون دەبێتەوە. بەلاٚم....

- ئەوان یەکەمجار پێویستە ئیقرار بە مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کورد بکەن. ئەگەر ئەوەیان راگەیاند ئەوا خێری تێدایە، ئەگەر نەشیان کرد ئەوا حاڵەتەکە وەکو پێشان دەمێنێتەوە. گەلی کورد ئەو شتەی وەکو ((خێر و سەدەقە)) دەست ناکەوێ. ئەگەر ئەوان مافی ئێمە لە ئۆتۆنۆمی رانەگەیەنن ئەوا گەلی کورد تامردن لەو پێناوەدا شەڕ دەکا. لەوانەیە داوای جیابوونەوەش بکەین. ئەگەر ئەوان مافی ئێمە لەئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی یەکێتی عیراقدا ئیقرار نەکەن ئەوا دەجەنگین و لەوانەیە ناچارمان بکەن سەربەخۆیی خۆمان رابگەیەنین!

ئەوە یەکەمین جار بوو کە بارزانی بە ئاشکرا هەرەشەی سەربەخۆ بوونی کوردی لە عیراق دەکرد. پاشان بە دوای ئەمەدا گوتی کە هەر ئەمڕۆش فەرمانی بە پیاوەکانیداوە: ((کە بگەڕێنەوە بۆ بنکەکانیان)) بۆ ئەوەی دووبارە ئامادە بن بۆ شەڕ



ئەگەر هات و ئەمە پێویست بوو ((ئەو کاتە هەر لە نوێ شوباتەوە کە بارزانی ئاگربەستی راگەیاند بوو ژمارەیەکی گەورە لە هێزەکانی کورد لە مۆڵەت بوون)).

(بارزانی)م لە بەرامبەر نوێنەری خۆی (تاڵەبانی) بە تووڕەهاتە بەرچاو. لەبەر ئەوەی (بەپێی وتەی بارزانی) خۆی لەگەڵ پرسگەلێکەوە تێکەڵ کردووە کە پەیوەندی بەوەوە نییە. لێم پرسی ئایا لەسەر ئەو سەفەرەی ئەو بۆ قاهیرە و جەزائیر رازی نیت. بی هیچ پێچ و پەنایەك وەلاٚمی دایەوە:

- نەخێر، ئەو ئاگاداری منی نەکردووە کە دەچێتە قاهیرە. من حەزم نەدەکرد بچێتە قاهیرە و جەزائیر. سەردانی قاهیرە و جەزائیر دادێکی ئیمە نادا.

ئەوەی کە توانیم تێبگەم ئەوە بوو کە ئەو هەر تەنیا لەبەر ئەوە تووڕە نییە کە نوێنەرەکەی رازی بووە بچێتە قاهیرە، بەڵکو بە هۆی ئەوە کە ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە حکوومەتی عیراقی چارەسەرێکی جیدی یانە بۆ ئەو کێشەیە ناکا کە رووبەڕووی دەبێتەوە —مەبەستی لە کێشەی داخوازی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی بوو.

(شوڤیل) بە بارزانی راگەیاند کە (میشل عەفلەق) فەیلەسوف و بیرمەندی بەعسی، لە بەغدا پێی گوتوە کە ئەگەر (یەکێتی گەلانی عەرەبی) هاتەدی، ئەوا دان نان بە ئۆتۆنۆمی کوردی ئاسان تر دەبیٚ. بارزانی بە توندی وەلاٚمیدایەوە کە:

- عەفلەق مافی ئەوەی نییە کە بڕیاری ئەمە بدا، تەنیاحکوومەتی عیراقی خاوەنی ئەو مافەیە و من گویٚ لە راو بۆچوونی (عەفلەق) ناگرم. ئەگەر حکوومەتی عیراق رازی بوو ئەوا باشە و ئەگەر رازی نەبوو من شەڕ دەکەم. نەخێر! کورد دەخلیان بەسەر ئەم مەسەلەیەوە، مەسەلەی یەکگرتنی عەرەبەوە نییە.

وەك دەردەکەوت (بارزانی) نەیدەتوانی یان ئارەزووی نەدەکرد کە ئیقرار بەوە بکا کە مەسەلەی یەکگرتنی عەرەبی کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر کورد دەبیٚ.

باشترین ئومێدی ئەوان بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانییەکی سیاسی یان لانی کەم چاوپۆشی و لێبوردەیی لە جیهانی عەرەبی ئەو کاتە و ئێستاش ((عەبدول ناسر)) بوو کە هێمای یەکێتی عەرەبی بوو. واپێدەچوو کە (تاڵەبانی) بەباشی لەو خاڵە تێدەگا.

پرسیم ئایا پێشبینی ئەوە دەکەی کە جەنگی کوردی بە ئاراستەیەکی وا وەربسوڕێ کە ببێتە جەنگی دژ بە گەلی عەرەبی. ئەو بەگەرم و گوڕییەوە وەڵامیدایەوە:

- من دژی عەرەب نیم. من تەنیا داوای مافی گەلی خۆم دەکەم من داوای زەوی لەوان ناکەم.

بارزانی سور بوو لەسەر ئەوەی کە شۆڕشی کورد فاکتەرێکی بنچینەیی بوو لە رووخاندنی (قاسم)دا و بۆ روون کردنەوەی رای خۆی ئەم چیرۆکەی خوارەوەی گێرایەوە:

- دوو راوچی کەمین لە بزنە کێوییەك دادەنێن یەکێکیان لە سەرەوەی چیاکەوە لەنێو بۆسەکەی خۆیەوە تفەنگێکی لێ دەدا و بەخەستی بریندراری دەکا، راوچی دووەم لە شیوێکی نزیکی لێدانی نێچیرەکەوە دەبێ، بە هەڵەداوان دەگاتە سەری و دەیگرێ و پاشان دەڵێ نێچیرەکە هی منە.

بارزانی بێ متمانەیی خۆی بە فەرمان ڕەوایانی نوێی بەغدا نەشاردەوە و ئاماژەی بەوەش کرد کە هەندێك لە ئوردوگا سەربازییەکانی عیراقی لە باکوور کێشراونەتەوە. هەڵبەتە لەبەر خاتری ئێمە نا بەڵکو لەبەر ئەوەی لە بەغدا لاوازن. هەروەها بارزانی گاڵتەی بەو ئەفسەرانە دەهات کە لە بەغدا لەو جۆرە کاتانەدا روتبە و پلە سەربازییەکانی خۆیانیان بۆ ژەنڕاڵ و مارشاڵ بەرز دەکردەوە و هەروەکو هەندێك لە سەرکردەکانی بەعس دەیانکرد. هەروەها پرسیاریان لێکرد کە ئەمە کارێکی باش نییە کە دوو کورد لە حکوومەتی تازە پێکهاتووی بەغدا دابنرێن. بارزانی راست و رەوان، ئەو هەلەی قۆزتەوە تا دووبارە بگەڕێتەوە سەر ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی، وەڵامیدایەوە:

- نەخێر، ئەوە سودی نییە. ئەگەر ئیقراری ئۆتۆنۆمی بۆ ئێمە نەکەن ئەوا سەربەخۆیی خۆمان رادەگەیەنین و ئەو کاتە حکوومەتی تایبەتی خۆمان رادەگەیەنین و دوو وەزیری عەرەبیش بەشدار دەکەین!!



چاوەکانی لە فێڵ و گزیدا درەوشانەوە واپێدەچوو ئەو بیرۆکەی خۆش لێهاتبوو و خۆشی لێ وەردەگرت! و ئەو رەخنەی لەوە گرت کە نوێنەرایەتی کورد لە حکوومەتدا دەبێ زۆر لەوە فراوانتر بێ. لە تەوەرێکی تری ئاخاوتنەکەدا ئەوەی بەدوور دانا کە پایەی جێگری سەرۆك کۆماری یان وەزیر لە حکوومەتەکانی داهاتووی عیراقیدا قبووڵ بکا. هەروەها سور بوو لەسەر ئەوەی کە شۆڕشەکەی تەنیا بە کوردی عیراقەوە پەیوەستە و کاتێك پێیان گوت راپۆرتەکان واپیشان دەدەن هەردوو حکوومەتی ئێران و تورکیا ئێستا خەریکە بە باشی مامەڵە لەگەڵ کورددا دەکەن کە کەمێك جیاوازی هەیە لەگەڵ مامەڵەی پێشوو. بارزانی گوتی:

- هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ کوردی ئێران و تورکیا نییە. من لێرە لەو وەزعە دام. دەمەوێ وەزعی خۆم لێرە چاك بکەم. من دەخلم بە کەسێکەوە نییە لە دەرەوەی ئەم وڵاتە دەژی. من ئێستا لە عیراق دەژیم و بۆ چارەسەکردنی کێشەکان لەگەڵ عیراق لە رووبەڕوو بوونەوەدام.

پێم گوت: مادام حکوومەتی نوێی بەعسی لە عیراقدا بە توند و کاریگەرانە دژی کۆمۆنیزمە، وا پێدەچێ ئێستا کۆمۆنیستەکان لە هەمان بەرەدا دەجەنگن کە ئەو تێیدا دەجەنگێ، پاشان پرسیم:

- لەو حاڵەتەدا پەیوەندی تۆ بە کۆمۆنیستەکانەوە چییە؟

وەڵامیدایەوە:

- هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ (حیزبی شیوعی)دا نییە. ئەوان تاکاتی هەڵگیرساندنی ئەم شۆڕشە لە پاڵ (قاسم)دا بوون ئێستا لەبەرچی دێنە ریزی منەوە؟ ئەوان دژی من بوون، من پەیوەندیم پێیانەوە نییە.

هەروەها لێم پرسی وەزعیەتی قانونی حیزبی شیوعی عیراقی لە کوردستانێکی خاوەن ئۆتۆنۆمیدا چۆن دەبێ؟

وەڵامیدایەوە:

- ئەمەیان دەبێ حکوومەتی ناوەندی بڕیاری لەسەر بدا.

لێم پرسی ئایا لەم هەلومەرجە ناسکە مێژووییەی گەلی کورد نامەیەکی تایبەتیت بۆ گەلی ئەمریکا هەیە؟

وەڵامی ئەمەی بە ئاماژەپێدانی بۆ ئەو راگەیاندنە دایەوە کە لە چاوپێکەوتنی مانگی ئابی 1962 رایگەیاند بوو:

- پێشتر بانگەوازی گەلی ئەمریکام کردووە، داوای یارمەتیم لێکردووە، چونکە گەلی کورد لەو بارودۆخە ناسکەدا کە پێیدا تێدەپەڕی ئەو پەڕی پێویستی پێیەتی.

هەروەها لێم پرسی:

بە رای تۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان ئێستا دەتوانێ چ رۆڵێك یاری بکا لە یارمەتی دانی کورد. بارزانی دووبارە ئاماژەی بەو بانگەوازەی پێشوو کرد کە لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە گوێی پێنەدرا و ئەو رەشبینی خۆی لەوە دەربڕی جارێکی دیکە بانگەواز بکاتەوە.

ئەگەر مرۆڤ بە درێژایی ژیانی نەتوانێ هیچ ببینێ، ئێستا چۆن چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێ کە ببینێ؟

بەپێداگرییەوە لێم پرسی و گوتم:

باشە ئەگەر ئۆتۆنۆمیت وەرگرت چی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان پێش بینی دەکەی؟

وەڵامەکەی بارزانی داڕشتنێکی گشتی هەبوو:

هەر شتێك کە تۆ دەیبینی و بیری لێ دەکەیەوە ئێمە پێویستمان پێیەتی.

پرسیم:

ئایا گومان بۆ ئەوە دەبەی کە حکوومەتی ئەمریکا دەتوانێ هەموو شتێك بکا بۆ ئەوەی موداخەلە لەو دان و سەندنە بکا کە لە نێوان ئێوە و حکوومەتی عیراقیدا بەڕێوە دەچێ؟

وەڵامیدایەوە:

- گومان لەوەدا نییە. حکوومەتی ئەمریکا ئەگەر ئارەزوو بکا، دەتوانێ ئەو کارە بکا. ((شاوڤیل)) لێی پرسی: ئایا داوای لە رێکخراوی خاچی سوری نێو



دەوڵەتی کردووە کە بێنە کوردستان؟ وەڵامیدایەوە دایەوە کە داوای کردووە بەڵام نەهاتوون...

- تەنیا ئەوەندەمان بیست کە هەندێکیان هاتوون بۆ بەغدا. بەڵام حکوومەت رێگەی پێنەداون کەپەیوەندیمان پێوە بکەن. من شەخسی خۆم قەناعەتم بەوە نییە. ئەوان ئەگەر بەڕاستی بیانەوێ بێنە کوردستان زۆر رێگای تر هەیە کە بێن. من خۆم باوەڕم وایە کە بە ئەنقەست پەنایان بردە بەر ئەو رێگایە.

لە وەڵامی هەندێك پرسیاری من، رەزامەندی لەوە دەربڕی کە مەرامی ئەوەیە خاچی سور دەیتوانی لە رێگای ئێران و تورکیاوە بگاتە کوردستان.

((شاوڤیل)) لێی پرسی:

- ئایا نامەیەکی تایبەتیت هەیە ئاراستەی هەموو جیهانی بکەی؟

وەڵامیدایەوە:

- من بانگەوازی هەموو پیاوێکی شەریف، هەموو مرۆڤێك کە لە وەختی تەنگانەدا یارمەتی مرۆڤێکی تر دەدا، دەکەم کە دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بکا. من پێشتر لەدوا دیدارماندا بە مستەر (شمیدت)م راگەیاندووە کە داوای یارمەتی لە هەموو وڵاتێك بەبێ جیاوازی دەکەم، تەنانەت داوای یارمەتی لە ((لوگسمبورگ)) دەکەم. من داوای یارمەتی لە هەموو مرۆڤێك دەکەم کە باوەڕی بە دادپەروەری هەیە.

# بەشی پازدەیەم

# ڕووداوی گـــەورە

لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی 1963 شاندی کوردی گەیشتە حاڵەتێکی نزیك نائومێدی. ئەو شاندە بە رەزامەندی ژەنراڵ مستەفا بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان ماوەیەکی درێژبوو داخوازییەکانی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد، بە هەموو وردەکارییەك و ماددە گەلێکی شایان بەدان و سەندن، ئامادەکردبوو، بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە بگەنە چارەسەرێکی تەواو بۆ کێشەی کورد لە عێراق. بەڵام حکومەت هەر لە کودەتای شوباتەوە، لە ژێر پەردەی بیانگە و بڕوبیانوی جۆراوجۆر، خۆی لە دان و سەندنێکی ڕاستەقینە و جیدی لەگەڵ کورد، دەدزییەوە. هەروەها حکومەت دەربارەی مافەکانی کورد، جگە لە ڕاگەیاندنێکی گشتی نادیاریکراو وەڵامی داخوازییەکانی کوردی نەدەدایەوە و پێشنیاری سیستەمێکی بەڕێوەبردنی ((لامەرکەزی)) کردبوو کە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ خواستەکانی کورددا نەبوو[1].

---

[1] هەڵوێستی ڕژێمی بەعس لە بەرامبەر دۆزی کورد لە نێوان شوباتی 1963 و حوزەیرانی هەمان ساڵدا، بەپێی ڕوانگەی ئەو سیاسەتوانانەی کە چاودێری هەلومەرجی سیاسیان دەکرد، هەڵوێستێکی نامۆنەبوو. هەروەکو دووبارە بوونەوەی شەڕیش پاش هەڵوەشانەوەی دان و سەندن ناکرێ وەك پێشهاتێکی ناکاو سەیر بکرێ. لەو سەردەمەدا (بەعس) هەر خۆی بە تەنیا فەرمانڕەوا نەبوو. ئەمە یەکەم و دووەمیشیان لەو کاتەدا بەعس لە نێو ململانێیەکی نێوخۆیی ئەو پەڕی توند دەینالاند کە لە نێوان دوو دەستەکەی: (حازم جواد)، و (علی صالح السعدی)دا بوو هەڵبەتە (ئەم ململانێیە لەسەر کاروپرسگەلی بیروباوەڕ یاخود حیزبایەتی نەبوو، بەڵکو تەنیا کێبەرکێیەکی شەخسی ڕووت بوو لەسەر پرسی دەسەڵات – هەروەکو لە ڕاسپاردەکانی کونگرەی هەشتی نەتەوەیی نیسانی 1965 داهاتووە) سێیەمیان کە گرنگ ترینیانە، ئەوەیە کە بەعسی عێراقی هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆرشی کوردستان و دوای ئەویش بیروبۆچوونی تایبەت بە خۆی لە بارەی سروشتی جوڵانەوەکەوە گەڵاڵە کردبوو.

ئەم بیروڕایانە هەر ئاوا بەردەوام بوون و بۆ ئەندامانی حیزبی ڕوون دەکرایەوە و لە بڵاوکراوەکانیاندا بڵاویان دکردەوە و تا ئەو ساتە کە تەنیا سێ مانگ پێش ئەوەی دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرن لە هەشتی شوباتدا هەر بەردەوام بوو. لە بەیان نامەکەیدا کە بەرەی=



=نەتەوەیی لە کۆتایی ئەیلولی 1961دا بە ناونیشانی (بەیان دەربارەی دوا پەرەسەندنەکانی باکوری عێراق)) دەری کردووە دەڵێ:

((لەو کاتەوە کە لە ڕێ لادانێکی کۆنەپەرستانە کە عەبدولکەریم قاسم بە یارمەتی و پشتیوانی حیزبی شیوعی و هێزە شعوییەکان و ئیستعمار و بەکرێ گیراوەکانیان بە مەبەستی دابڕینی عێراق لە جوڵانەوەی پێشکەوتنخوازی عەرەبی بەڕیوەی دەبا... لە باکووری عێراق چەند ڕەوتێکی ڕەگەزپەرستانەی گومان لێکراو کە بەساختە بە ناوی کوردەوە دەدوێ، سەری هەڵداوە کە بەرژەوەندی ئەوان لە پارچە پارچەکردنی عێراق و دابڕدابڕکردنی یەکێتی خەباتی عێراقییە. قاسم پەنای بردۆتە بەر هەڵایساندنی فیتنە لە نێو ریزەکانی کوردەکان لە ڕێگای هاروژاندنی هەست و خولیاگەرێتی عەشایرییانە و چەکدارکردنی هەندێك توێژی ناکۆك بە یەکتری بەچەك و تەقەمەنی لە ئەمبارەکانی سوپاوە. ئەمڕۆش هەر لە یازدەی ئەیلولەوە شەڕ و شۆڕ و لێکدانی چەکدارانە لە نێوان هێزەکانی سوپای عێراق و پیاوانی عەشیرەتە کوردییەکاندا دەستی پێکردووە کە یاخی بوونی چەکدارانەیان ڕاگەیاندووە و دروشمی دابەشکردنی عێراقیان هەڵگرتووە.

بەرەی نەتەوەیی بەرپرسیاریی هەر شتێك کە ڕووبەڕووی سوپا دەبێتەوە دەخاتە ئەستۆی حوکمی (قاسم).. و کەسایەتیە دڵسۆزەکانی کورد (هەڵبەتە بەیانەکە دیاری نەکردوون کێن!) وریا دەکاتەوە کە بەدوای بانگەشەکارانی پارچەپارچەکردنی عێراق و جیابوونەوە خوازان نەکەون و نەکەونە دوای کۆمەڵە سەرکردەیەکی گومان لێکراوەوە).

هەروەها لە ڕۆژنامەی ((الاشتراکی)) کە ئۆرگانی بەعس بوو لە عێراق، لە نێو درکاندنێکیدا کە سەرچاوەیەکی سەرکردایەتی لە بارەی کێشە هەنوکەییەکانی عێراق و نیشتیمانی عەرەبی ڕایگەیاندووە لە (ئەیلولی 1962)دا بە ناونیشانی (لە بارەی جوڵانەوە گومان لێکراوەکەی باکوور) بڵاوی کردۆتەوە دەڵێ: ((ئەو جوڵانەوە چەکدارییەی کە لە باکووری عێراق لە ساڵێك لەوەوبەرەوە دەستی پێکردووە، ئیدی وای لێهاتووە کە مەترسی پێکدەهێنێ، ئەوەش نەتەنیا هەر لە سەر سەربەخۆیی وڵات و پەیوەندی خۆشی نێوان هەردوو گەلی عەرەبی و کوردی، بەڵکو لەسەر بوون و قەوارەی عێراق.. ئەم جوڵانەوەیە... و هەڵوێستی (قاسم)یش لە بەرامبەریدا بۆنی پیلانگێڕی و تەون و بەستی لەگەڵ ئیستعماردا لێهەڵدەستێ. سەرکردایەتی جوڵانەوە چەکدارییەکە بەو ڕابردووە خوێناوییەوە، بەو سیما دەست درێژیکارییەوە، بەو مەرام و نیازە دوژمنکاریەوە کە چەندەها جار ئاشکرا بووە، بەو کینە و بوغزی کوێرانەیەوە (کە هەیەتی) دەیخاتە ناو جێگەی گومان و تۆمەتبارکردنەوە. هەروەها هەڵویستی تورکیا و ئێران کە دوو ئەندامی پەیمانی سەنتۆن، لە بەرامبەر ئەو جوڵانەوەیە و چاودێریکردن و ئاوڕدانەوەیان لەم جوڵانەوەیە و پشتیوانیان بە پێدانی کەرەسە و ئەسپایی پێویست... دۆزی بنچینەیی کاری نیشتیمانی لە عێراقدا ئێستاکە مەسەلەی مافە=

له یەکەمین رۆژی حوزەیراندا، ئەندامانی شاندی کوردی، خۆیان لە ژێر چاودێری وردی پۆلیسدا بینییەوە و تەنانەت وایان هەست دەکرد کە ئەوان لە نێو ماڵەکانی خۆیاندا دەستگیرکراون. لە واقیعدا وایان هەست دەکرد کە حکوومەتی عێراق لە هەر ساتەوەختێکدا، بەگرتنی شاندەکە کۆتایی بە گوتوبێژ دەهێنێ.

شاندەکە نامەیەکی نهێنییان بۆ سەرۆکی خۆیان (جەلال تالەبانی) کە لە بەیروت بوو، ناردبوو، لە نامەکەدا هۆشدارییان دابوویە کە نەگەڕێتەوە، چونکە ئەگەرێکی گەورە هەیە کە لە کاتی دابەزینی لە فڕۆکە، بیگرن. نیوەڕۆی رۆژی یەکشەممە بەرواری دووی حوزەیران پیاوانی (ئەمنی عێراق) بە جل و بەرگی مەدەنییەوە چوونە ناو هوتێل (سەمیرامیس) کە ئەندامانی شاندی کوردی لێدابەزی بوو، دوو ئوتۆمبیلی پۆلیس بە جۆرێکی بەردەوام لەبەردەم هوتێلەکەدا رادەوەستان. نیوەڕۆی دووشەممە، شاندەکە نارەزایی نامەیەکیان ئاراستەی سەرۆکی حکومەت (بەکر) کرد. ئینجا هەندێك لە پیاوانی چاودێری گێڕدرانەوە

=نەتەوەییەکانی گەلی کورد نییە، بەڵکو لەناوبردنی ئەو هەلومەرجە ئیستعارییە و حوکمی دیکتاتۆری و دامەزراندنی حوکمێکی دیموکراسییە هەر لە ترۆپکەوە تادەگاتە خوارەوە. ئەم ئاستە گشتییەی دۆزی نیشتیمانی لە عێراق بنەڕەتێکی گونجاو پێکدەهێنێ تا گەلی کورد بە ئاواتەکانی خۆی بگا... ((هێزە نەتەوەییە دیموکراتەکان کە بە راستی و دڵسۆزییەوە بۆ رووخانی حوکمی دیکتاتۆری خەبات دەکەن، ناتوانن هۆکارێك بۆ پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ئەم جوڵانەوە چەکدارییەی باکووردا بدۆزنەوە، چونکە مادام ئەم جوڵانەوەیە هەروەکو -لاپەڕەکانی مێژوو دەیسەلمێنێ- ئامانج گەلێکی دوژمنکارانەی هەیە و پەیوەندیگەلێکی گومان لێکراوانەی هەیە)) هەروەها رۆژنامە رەسمییەکە جارێکی تر لە تشرینی دووەمی 1962 لەسەرووەختی یان لە سەرەتای دان و سەندنە نهێنییەکانی بەعس لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورددا —دەردەچێ و بەم ناونیشانە بڵاوی دەکاتەوە: ((مەترسییەکانی جوڵانەوەی باکوور و هەڵوێستی قاسم)): ((ئەم جوڵانەوە چەکدارییە سەرەڕای ئەوە کە دژ بە حوکمی قاسمییە، بەڵام بەهۆی پەیوەندییەکانی و شێوازەکانی و ئاراستەکانیەوە... ناکرێ ئەم جوڵانەوەیە بە پاژێك لە جوڵانەوەی نیشتیمانی عێراقی دابنرێ سەرباری ئەو باوەڕەمان کە هەردوو سەری فیتنەکە (عەبدول کەریم قاسم)، و سەرکردایەتی جوڵانەوە چەکدارییەکە، لە (پارتی و دەرەبەگەکان) نوێنەرانی ئاواتەکانی هەردوو گەلی عەرەب و کورد ناکەن و خواستەکانی ئەوان دەرنابڕن)). (ج. ف)



و چاودێرییان لەسەر سووك کردن بەڵام ئەم کارانە لەچاو خۆیان هەموویان کاروبارێکی لاوەکی بوون. لەوانە لە هەموو گرنگ تر، ترسی ئەندامانی شاندەکە لەوەدابوو کە حکوومەت هەڵبستێ بە دەست پێکردنەوەی جەنگ. هەر لە مانگی ئایارەوە حکوومەت دەستی کردبوو بە ناردنی هێزی قایمەکاری و هانا ناردن بۆ سەربازگەکانی خۆی لە گشت ناوچە کوردییەکاندا، جموجۆڵی هێزە سەربازییەکانی حکوومەت بە جۆرێکی (ئیستفزازانە) بەڕێوەدەچوو. لە چەندین شوێندا کۆمەڵێك رووداوی ئەوتۆ روویاندا وەکو بە ئەنقەست تەگبیریان بۆ کرابێ وابوو. لە هەموو ئەوانە دیارتر کە لە ناکاو و لە پڕ هاتنە پێشەوە ئەوە بوو کە هەواڵگریی کوردی کلێشەیەکی ئەو بڵاوکراوەیەی دەستکەوتبوو (لە پاش دەی حوزەیراندا بڵاویشکرایەوە) کە بەڵێن دەدا هەر کەسێك بارزانی لەناو بەرێ سەد هەزار دیناری عێراقی دەدرێتێ.

شاندی کوردی لە بەغدا زانیاری وەرگرتبوو کە لە بەغدا لە رۆژانی یەکەمی حوزەیراندا کۆبوونەوەیەك لە نێوان گەورە ئەفسەرانی هێزی ئاسمانی عێراقی و سوری بۆ لێکۆڵینەوەی هاوکاری نێوانیان لەسەر ئاستی گشتی و هەروەها بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیون بە جۆرێکی تایبەتی، (هەروەکو کورد لە پێشدا گومانیان هەبوو) بەڕێوەچوو. لە حەوتی حوزەیراندا ئەفسەرانی سوری سەردانی هەر دوو بنکەی ئاسمانی (حەبانیە و کەرکوك)یان کرد، ((میشیل عەفلەق)) تیوریوانی بەعس، لە مەهامێکی حیزبیدا هاتە بەغدا، کورد وایان ئەنجامیگریی لێوە دەکرد کە ئەو دەزانێ چ روودەدا و ئامۆژگاری و بیروڕای لێوەرگیراوە.

لە هەردوو رۆژانی چوارشەمە و پێنج شەمە (5، 6ی حوزەیران) سوپای عێراقی دەستی کرد بەنمایش کردنی سەربازیی یەکەکانی (لە کەرکوك و سلێمانی) لە رێگەی رێپێوانی سەربازی بەنێو شەقامەکانی ئەو دوو شارەدا و وێرا بە تانکەکانیەوە کە دەسبەجێ بۆ نێو شاخەکان گوازرانەوە.

ئێوارەی پێنج شەمە، لە نێو سەربازگەی لیوای بیستەوە کە لە نێو شاری سلێمانی دامەزرا بوو، تۆپخانەکەی بە چڕوپڕی کەوتە ئاگر باران کردنی

پێگەکانی شۆڕشگێڕان لە چیای ئەزمڕ لە باشووری[2] ڕۆژهەڵاتی سلێمانی، و ئینجا فەوجێکی پیادەی عێراقی لە هەوڵدانێکی ژێر کەوتوودا هێرشێکی غافڵ گیرانەی بردەسەر پێگەکانی کورد، بەڵام شکستی خوارد.

ئەم ڕووداوانە نیگەرانی شاندەکەی زیاتر کردوو گومانیان لە خیانەت دەکرد و ئەوان داوای چاوپێکەوتنی (ئەحمەد حەسەن بەکر) سەرۆکی وەزیرانیان کرد. داواکەیان وەڵامی هاتەوە و لە کاتێکی درەنگی ڕۆژی پێنج شەممە لە 6ی حوزەیراندا چاویان پێکەوت و ئەوەی پێیان بوو ڕایانگەیاند. سەرۆکی حکوومەت نکوڵی لە هەموو شتێك کرد و ڕایگەیاند کە ئەو بڵاوکراوەیە کە لافی ئەوە لێدەدا خەڵاتی هەر کەسێك بکا کە بارزانی لەناو بەرێ، ئەوە کارێکی ساختەی ڕووتە و شیوعییەکان بەمەرامی کینە بڵاوکردنەوە و چاندنی تۆوی دوبەرەکایەتی لە نێوان کورد و عەرەبدا بڵاویان کردۆتەوە، و سوێندی خوارد و گوتی:

- سوێند بە خواو بە قورئان! خوا کوێرم کاو بەخۆم و ماڵ و منداڵیشەوە بمکوژێ ئەگەر حکوومەت نیازی خراپەی بەرامبەر بە کورد هەبێ.

لەو چاوپێکەوتنەدا، حکوومەت، وێنەیەکشی لە پڕۆژەی (لامەرکەزی) دانێ. (صالح یوسفی) جێگری سەرۆکی شاندەکە وای دەبینی کە ئەو پڕۆژەیەش (هەمان ئەو پڕۆژە کۆنەیە کە پێشتر ڕەتکراوەتەوە)) بەڵام تەنیا چەند دەستکارییەکی تێداکراوە ئەویش تەنیا لە خاڵە زۆر لاوەکیەکاندا کە شایانی باسکردن نییە.

شاندی حکوومەت، کە لای سەرۆکی حکوومەت بوون، پێداگری کرد کە شاندی کوردی ئەو پڕۆژە نوێیەی حکوومەت بخاتە بەرچاوی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەلا مستەفا.

بەڵام (یوسفی) وەڵامیدایەوە کە ئەو کارە پێویست نییە، چونکە شاندەکە پێشتر ئەو دەسەڵاتەی دراوەتێ کە مافی ڕەتکردنەوەی پڕۆژەکەی پێشووی هەبێ، حکومەتیش شتێکی نوێی لەم پڕۆژەیەدا پێشکەش نەکردووە. هەندێك لە

[2] چیای ئەزمڕ دەکەوێتە باکور و ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانییەوە. (ج. ف)



ئەندامانی شاندی حکوومی لەگەڵ شاندی کوردیدا کۆبوونەوەیەکی نهێنییان لە لاوە بەست و لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا پێیان گوتن کە دەبێ ئارام بگرن ((چونکە ئێمە شتێکی لەوە باشترمان پێیە کە بە زوویی پێشکەشی دەکەین) هەروەها ڕێککەوتن کە کۆبوونەوەی داهاتوو لە نێوان شاندی حکوومەت و شاندی کوردی، ڕۆژی شەممە کاتژمێر پێنجی ئێوارە ڕێکەوتی هەشتی حوزەیران، بێ.

ئەندامانی شاندی کوردی، کاتژمێر 9ی ئێوارە، بەحاڵەتێکی گرژو و هەڵچوونەوە گەڕانەوە. (صالح یوسفی) وای دەبینی کە ترووسکاییەك ئومێد هەیە. ئەو هەندێك بەڵگەی دەبینی کە ئاماژەیان بەوە دەکرد هەندێك لە پیاوانی حکوومەت تا ئێستاش لە دووبارە تێهەڵچوونەی شەڕ دوو دڵن. چونکە ئەوان کۆمەڵە پێشنیارێکی نوێیان وەرگرتووە کە دەبێ دەسبەجێ بیخەنە بەردەم سەرۆکەکانی خۆیان.

لە نێو ئەو پێشنیارە نوێیانەدا، شتێکی سەیر و نامۆ هەبوو کە دەبووە هۆی ئەوەی کە جێگای گومان بێت، ئەویش ئەوە بوو کە ئەم پێشنیارە بە ناوی حکوومەتەوە پێشکەش نەکرابوو بەڵکو بە ناوی ((عەلی حیدر سلیمان))ەوە کە باڵوێزی پێشووی عێراق بوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و لە کاتی خۆیدا بەو سیفەتەی کە نوێنەری حکوومەتە بە ڕۆڵێکی گرنگ هەڵدەستا لە گوتوبێژەکانی حکوومەت لە گەڵ کورددا.

هەروەها ئەم پێشنیارانە هەرگیز ئەوە نەبوون کە کورد داوای دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وا دەردەکەوت کە یەکەمین هەوڵی حکوومەتە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی وردەکارانە لەگەڵ داخوازییە دیاریکراوەکانی کورددا. بۆ یەکەم جار حکوومەت وادەردەکەوت وەك بڵێی کۆمەڵە بنەمایەك بۆ دان و سەندن پێشکەش دەکا و لەسەر ئەو بنەمایە (صالح یوسفی) داوای کرد کە ڕێگەی بدەن بە فڕۆکە بچێتە باکوور بۆ ئەوەی لەبارەی ئەو پێشنیارە نوێیە ڕاوێژ لەگەڵ (بارزانی) بکا. ئەو شەوە ((لیوا تاهیر یەحیا)) سەرۆکی ئەرکانی سوپا لەگەڵ (فوئاد عارف) وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کوردی، لە سەردانێکی

دۆستانەدا کە پێشتر تەگبیری بۆ کرابوو، چوونە هوتێل ((سەمیرامیس)) بۆ گوتوبێژ لەگەڵ ئەندامانی شاندی کوردی. لەوێ (تاهیر یەحیا) دڵنیایی دانێ کە سبەی لە فرۆکەخانەی سەربازگەی رەشید، فرۆکە چاوەڕێتان دەکا.

کۆمەڵگای کوردی لە بەغدا ئاهێکی هاتەوە بەر و لە هەمان کاتیشدا نیشانەکانی رەوینەوەی تەمی قەیرانەکە بەدەرکەوت. پێشنیارەکانی حکوومەت پشت راستی دەکردنەوە کە ئەوەی لێی دەترسان هەرگیز بناغەیەکی نەبووە. ئەو رۆژە ئەو کوردانەی خۆیان شاردبۆوە. لە حەشارگاکانی خۆیان هاتنە دەرەوە.

بەرەبەیانی رۆژی یەك شەمە، بەرواری نۆی حوزەیران، ئەندامانی شاندی کوردی لەسەر باڵکۆنی هوتێلەکە کە بەسەر رووباردا دەیڕوانی، دانیشتبوون و جانتاکانیان بۆ سەفەر ئامادەکردبوو، هەردوو وەزیری کوردیش (بابا عەلی) و (فوئاد عارف)یش هاتبوونە لایان، پاشان ((عەقید سعید صلیبی فەرماندەی ئینزباتی عەسکەری)) ئەویش هاتە لایان، ئەندامانی شاندەکە بریتی بوون لە:

مەسعود محەمەد پارێزەر و نایبی پێشوو لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە کویسنجق، حسێن خانەقا نایبی پێشوو لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (کەرکوك) بابەکر مەحمود ئاغا پشدەری و عەگید صدیق لە ئامێدی و هەروەها صالح یوسفی بوون.

کاتژمێر دەی بەیانی ئەفسەرێك هات و ئاگاداری (عەقید صلیبی) کرد کە ئوتومبیلەکان ئامادەن. کوردەکان بەرەو سەربازگەی رەشید کەوتنە رێ. بەڵام لە جیاتی ئەوەی سواری فرۆکە بن و بەرەو باکوور برۆن، خرانە ناو بەندیخانەی سەربازگەکەوە.

لە کاتێکدا ئەندامانی شاندی کوردی لە بەندیخانە بوون (پۆلیسی ئەمن و حەرەس قەومی) لە هەموو گۆشەیەکی بەغدا کەوتنە گرتنی کوردەکان، هەندێك کەس وایان مەزندە دەکرد کە حەوت سەد کەس گیراوە. هەر ئەو رۆژە حکوومەت کەوتە جیاکردنەوەی سەربازە کوردەکان لە نێو یەکەکانی سوپادا، و بەرێکردنیان بەرەو باشوور، هەروەها هەموو فەرمانبەرانی کوردیان لە



فەرمانگەکانی دەوڵەت دەرکرد. هەروەها هەر هەمان رۆژ سەرۆکی حیزبی بەعسی عێراق (علی صالح السعدی)[3] کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی گرێدا و لە راستیدا لە ئاستی راگەیاندنی جەنگ بوو لە دژی کورد.

لەو کۆنگرەیەدا مۆڵەتی بیست و چوار کاتژمێرییدا بە بارزانی و شوێنکەوتوانی کە خۆیان بە دەستەوە بدەن ئەگینا ئاداریان بەسەر پاداریانەو نامێنێ! هەر شەوێك پێش ئەوە (واتە شەوی یەك شەمە) لەو کاتەدا کە حکوومەت پێشنیارە نوێکانی (علی حیدر سلیمان)ی کە گوایا هیوای خێری لێ بەدی دەکرا — دەدایە شاندی کوردی، سوپای عێراق کەوتە گەمارۆدانی شارەکانی (کەرکوك) و (هەولێر) و (سلیمانی) و قەدەغەکردنی هاتوچۆ و گەڕان و سوڕانی لەو سێ شارەدا بۆ ماوەی بیست و چوار کاتژمێر سەپاند، و ئینجا پەلاماردانی رەشبگیرانەی خەڵك دەستی پێکرد و (لە سلێمانی سێ هەزار کەس گیران) و هەڵمەتی راگواستنی بە کۆمەڵ لە (کەرکوك) بەرامبەر دانیشتوانەکانی کە دەگاتە (150.000) هەزار کەس، دەست پێکراو بە بلدۆزەر کەوتنە وێرانکردنی گەڕەکە کوردییەکانی قەراخ شار و تەخت و تێکدانی ماڵەکانیان.

بۆ ئەوەی مرۆڤ بە مەزەندەیەکی تەواوەوە تینوتاوی ئەو گورزە لە ناکاوە هەڵبسەنگێنێ کە حکوومەتی بەعس لە کوردی سرەواند، و تامی راستەقینەی ئەو فێڵ و غەدرە بکا، پێویستە چاوێك بەو روداوانەدا بگێڕێ کە پێش ئەوە روویاندا، پێویستە بگەڕێتەوە بۆ ئەو دان و سەندنە نهێنییانە کە لە نێوان (کورد) و (ئەفسەرانی ئازادیخواز) و (حیزبی بەعس) هەبوو کە لەو سەردەمەدا هەردووکیان بەربەرەکانیی رژێمی (قاسم) یان دەکرد. بگەڕێتەوە بۆ ئەو بەڵێنانە کە (ئەفسەرانی ئازادیخواز) و (حیزبی بەعس) بە کوردیان دابوو، هەروەها بۆ ئەو

---

[3] ئەو پەڕی جێی خۆیەتی کە لێرەدا ئەوە بە بیربهێنینەوە کە (علی صالح السعدی) کە ئەو کاتە وەزیری ناوخۆ و جێگری سەرۆك وەزیران و ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بوو لە حکوومەتی بەعسدا و ئەندامی هەردوو سەرکردایەتی (قەومی و قوتری) بوو، هەر لە دایك و باوکەوە کورد بوو. (ج. ف)

ماوە دورودێژە کە پاش کودەتا لە بەغدا بوون، پێشەوایانی حکوومەتی نوێ لەو ماوەیەدا جار لە دوای جار بەڵێنیان پێدەدان و بە هەموو گەرموگوڕییەکەوە نیازپاکیی خۆیانیان بۆ تەئکید دەکردن و دڵنیایان دەکردن کە ئەوان نەهەر تەنیا باوەڕیان بەمافی کورد لە ئۆتۆنۆمی هەیە بەڵکو باوەڕیان بە مافی بڕیاردانی چارەنووسیش هەیە.

(جەلال تاڵەبانی) چیرۆکی یەکەمین پەیوەندییەکانی کورد و ئەفسەرانی ئازادیخوازی بۆ گێڕامەوە، ئەو پەیوەندییانە لە 8ی شوباتی 1962[4] دەستی پێکرد. لە کاتێکدا (ئیبراهیم ئەحمەد) سکرتێری حیزب بە نهێنی چووە ناوشاری سلێمانی و چووە ماڵی (رائید-کەریم قەرەنی). (کەریم) ئەفسەرێکی کورد بوو لە ناو سوپای عێراقی و کوردەکان متمانەیان پێ دەکرد. ئەو چەند ساڵێك بوو هاوڕێی تایبەتی (تاهیر یەحیا) بوو کە ئەو کاتە بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس بوو لە رژێمی قاسم، پاش کودەتای (شەواف) لە موسڵ لە 1959 لەو پایەی دوور خرایەوە. زۆری پێنەچوو پەیوەندیی بە (ئەفسەرانی ئازادیخواز)ەوە کرد کە نەخشەیان بۆ رووخاندنی (قاسم) دەکێشا. (کەریم) پردی ئەو پەیوەندییەی نێوان ئەوان و شۆڕشگێڕانی کورد بوو. کەریم نامەیەکی لە (تاهیر یەحیا)وە بۆ (ئیبراهیم ئەحمەد) هێنابوو. لە نامەکەدا پێشنیاری هاوکاری و کارکردن بە یەك دەست، دەکا. (ئیبراهیم ئەحمەد) لە نامەیەکدا لە بەرواری 18ی نیساندا وەڵامی دایەوە و تێیدا دەڵێ: کورد ئارەزوویان ئەوە بووە کە بە ئاشتی و برایەتی لەگەڵ عەرەبدا بژین. ئەو ئامادەیە هاوکاری (ئەفسەرانی ئازادیخواز) بکا ئەگەر بێتوو لەسەر دوو پرەنسیپی بنچینەیی رەزامەندییان هەبێ:

[4] بۆ ئەوەی جیاوازییەك لەو باسەدا روو نەدا کە لە بارەی پەیوەندی راستەوخۆی (بەعس) بە سەرکردەکانی شۆڕشی کوردەوە بۆ رووخاندنی رژێمی قاسم گێڕامانەوە — ئەوا لێرەدا پێویستە ئەوە بە بیربهێنینەوە کە ئەو پەیوەندییەی لێرەدا باسکراوە مەبەست ئەو پەیوەندییەیە کە لەگەڵ (ئەفسەرە قەومییەکان) بوو. (تاهیر یەحیا) ئەو کاتە دوور لە حیزبی بەعس کاری دەکرد. پاشان چووە ناو ریزی حیزبی بەعس و بووە ئەندام تێیدا و لە پەیوەندیکردن بە جولانەوەی کوردەوە بەردەوام بوو. (ج. ف).



یەکەمیان: رژێمێکی دیموکراسی حوکمی عیراق بکا، دووەمیان: ئۆتۆنۆمی بدرێ بە کوردستان. بەم شێوەیە نووسبووی:

((گەلی کورد مافێکی لە نکوڵیی کردن نەهاتووی لە جیابوونەوە ))
((و پێکهێنانی دەوڵەتی کوردیدا هەیە، بەڵام کورد ئارەزوو ناکا))
((ئەو مافە بەکاربهێنێ. بۆ دوورکەوتنەوە لە هەر چەشنە خراپ))
((لێك گەیشتنێك لەهەمبەر پرسەکانی داهاتوو، ئەوا دەبێ ))
((لە باری گەوهەرییەوە پێشەکی دەبێ دان بە ئۆتۆنۆمی))
((ناوخۆیی هەرێمی کوردستاندا بنێن و دەبێ))
((ئەم دانپێدانانە لە یەکەمین بەیاننامەدا))
((کە حکومەتی شۆڕش دەری دەکا بۆ رای گشتی رابگەیەنرێ))

لە مانگی ئابدا تاهیر یەحیا وەڵامی نامەکەی دایەوە، لە نامەکەیدا رەزامەندی لەسەر مەرجەکانی کورد دەربڕیبوو. رستەی ((وا مێژوو بڕیاریدا)) کە مانایەکی نهێنی هەیە، لەوێدا هاتبوو. داوای لە کورد کرد بوو کە شەش کەس بۆ بەشداری کردن لە حکوومەتی شۆڕش دیاری بکەن

(تاڵەبانی) دەڵێ: کە ئەو لەگەڵ (ئیبراهیم ئەحمەد و نوری شاوەیس و عەلی عەسکەری) کە هەموویان لە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردی بوون، بۆ تاووتوێ کردنی ئەم بابەتە چوونە لای (بارزانی) کە لەو کاتەدا لە سەرەتای تەموز، گەمارۆی رایاتی دابوو. ئەوەبوو رەزامەندییان لەسەر ئەم ناوانە (بابا عەلی، فوئاد عارف، بەکر کەریم، عومەر مستەفا، جەلال تاڵەبانی، عەلی عەسکەری) دەربڕی. ئەم ناوانەیان بۆ (تاهیر یەحیا) ناردو پێیان گوتبوو کە ئەوان زیاتر (بابا عەلی و فوئاد عارف)[5] بە پەسەند دەزانن.

[5] بەڕێز (بابا عەلی) سەر بە بنەماڵەی بەناوبانگی بەرزنجەیە و ئەوان ساداتی بەرزنجەن و لە شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی قادرین. باوکی (شێخ مەحمودی حەفید) پێشەوایەکی بەناوبانگی نیشتیمانی بوو لە ساڵانی 1922-1924دا خۆی بە مەلیکی کوردستانی سەربەخۆ ناساند کە پاشان داگیرکەری ئینگلیزی حوکمەکەی لەناوبرد. (شێخ بابا عەلی)=

ئەم جۆرە بیروڕا گۆڕینەوەیە جۆرێك لە متمانەی لە نێوان پێشەوایەتی کورد و ئەفسەرانی ئازادیخوازدا دروستکرد و هەندێك هاوکاری تایبەتیش لە نێوانیاندا پێکهات. لەسەر ئەو بنەمایە کورد پشتەوانی لە مانگرتنی قوتابیانی بەغدا کرد کە پێش رووخانی قاسم روویاندا (شیوعییەکان لەم مانگرتنەدا بەشدارییان نەکرد).

(شەوکەت عەقراوی) کە ئەو کاتە ژمارەیەکی زۆر پەیوەندی نهێنی بەڕێوە دەبرد، دەیگوت کە بەردەوام کۆمەڵێك (خۆپارێزی تایبەت) لە نێوان ئەندامانی پارتی و حیزبی (بەعس) کە زۆرایەتی ئەفسەرانی ئازادیخوازییان پێك دەهێنا، مابوونەوە. بەعسییەکان لافی ئەوەیان لێدەدا کە ئەوان بەبێ هاوکاری توانای ئەوەیان هەیە رژێمی (قاسم) بڕۆخێنن، بەڵام ئەوان لە کورد دەترسێن. (عەقراوی) وای دەبینێ کە هەر لە سەرەتاوە متمانەیەکی راستەقینە لە نێوان (بەعس) و (کورد)دا نەبوو. هەوڵدانەکانی پارتی هەر لە سەرەتای شۆڕشی کورد لە ئەیلولی 1961دا، بۆ ئەوەی بە تەنیا و تاك تاك پەیوەندی بە حیزبە عەرەبییەکانەوە (جگە لە شیوعییەکان) بکا، رووبەڕووی چەند ئاستەنگێك دەبۆوە کە بەعس لەسەر رێگای دەدانا. سەرەڕای ئەمەش هێشتا حیزبی (ئیستقلال) کە حیزبێکی نەتەوەیی راستڕەو بوو، و لاباڵی کامل جادرچی لە حیزبی نیشتیمانی دیموکراتی کە پتر ئازادیخواز بوو، بایەخیان بەوە دەدا کە هاوکاری لەگەڵ کورددا بکرێ.

---

=لە زانکۆی کولومبیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان خوێندویەتی، لە سەردەمی پاشایەتیدا کرا بە وەزیر و پاشان لە سەردەمی کۆمارییدا چەند جارێك دانرایەوە بە وەزیر. (فوئاد عارف) یەکێك بوو لە ئەفسەرە نیشتیمانیەکانی سوپای عێراقی کە لەسەر شانۆی سیاسەتدا سەریان هەڵدا. کاتێك کە دامەزرا بە پلەی (نەقیب)، ئەفسەری پەیوەندی بوو لە لایەن حکوومەتەوە لەگەڵ ناوچەی کوردیدا لەسەردەمی شۆڕشی (بارزان) لە سالآنی 1942-1945 لەو کاتەدا (ماجید مستەفا) کە خاڵ و خەزوریشی بوو، وەزیری دەوڵەت بوو بۆ کاروباری کوردی، کاری دەکرد بۆ ئەوەی ناکۆکی لە نێوان شۆڕشگێڕان و حکوومەتی عیراقیدا چارەسەر بکا. لە چواردەی تەموزدا کاتێك حوکم بوو بە کۆماری، ئەو (عەمید) زەعیم بوو. لە سەرەدەمی حوکمی عەبدول کەریم قاسمدا بوو بە وەزیری دەوڵەت و پاش روخانی (قاسم) دەستی لە کارکێشایەوە. لە ساڵی 1966دا بوو بە جێگری سەرۆك وەزیران لە کاتی حوکمی عارفدا. ئێستا وەکو بابا عەلی ئەویش خانەنشینە.



بەڵام حیزبی (بەعس) واپێدەچوو کە پارتی بە لقێك لە لقەکانی (حیزبی شیوعی) بزانێ، یان لە چاکترین هەڵسەنگاندنییدا هاوڕێیەکی کاتییە. هەروەها (پارتیش) لە لایەن خۆیەوە حیزبی بەعسی بە حیزبێکی نیمچە فاشیستی دەزانی کە ناتوانی تێگەیشتنێکی دروست لەسەر کێشەی کورد وەربگرێ.

پێش چەند هەفتەیەك لە شۆڕش، (صالح یوسفی) چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بەرپرسێك لە بەرپرسەکانی حیزبی (بەعس) کردبوو، (علی صالح السعدی) لەو چاوپێکەوتنەدا ئامادە بوو، (بەپێی قسەی عەقراوی) هەردوو حیزب، لەسەر ئەوە کە ((ئیقرار بە ئۆتۆنۆمی بۆ کورد، و خۆ ئامادەکردن بۆ کودەتایەك کە قاسم بروخێنێ)) رێککەوتن. هەر لەو بۆنەیەدا ((السعدی)) ((وەکو عەقراوی دەیگێڕێتەوە)) تاجەگوڵینەیەکی خستە سەر باری رێککەوتنەکە و رایگەیاند: ((حیزبی بەعس تەنیا لە بازنەی ئۆتۆنۆمیدا بیر ناکاتەوە، بەڵکو بیرکردنەوەی حیزب روو لە مافی بڕیاردانی چارەنووس و سەربەخۆیی تەواوە. هەروەها گوتی پیاوانی بەعس ناتوانن نەتەوەخوازێکی باش و بە کەڵك بن ئەگەر لەو ئاستەدا بیرنەکەنەوە هەروەها گوتی: حیزبی بەعس پاش ئەوە یارمەتی کورد دەدا بەرەو هێنانەدی ((کوردستانی گەورە))!! ئەم رووداوە لە چواری شوباتدا بوو. لەو ماوەیەدا بەڕێوەبەرانی کودەتا بە ئومێدی ئەوە بوون لە کۆتایی شوبات و سەرەتای ئازاردا دەست بە کودەتاکەیان بکەن. بڕیاریاندا بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو کە بڕیاڕبوو لە رۆژی شەمە رێکەوتی 9ی شوبات شریتێك بۆ تۆمارکردنی ئەو بەڵێنانە و پەیمانانەی کە بڕیاریان لەسەر دەدرێ، ئامادە بکەن. بەڵام بەهۆی دەستگیر کردنی (السعدی) لە چەند رۆژێکی کەمی پێش کۆبوونەوەکە و ئاشکرابوونی مەرامی حکوومەت لەسەر گواستنەوە و خانەنشین کردنی (58) ئەفسەر، کە ژمارەیەکی گەورە لەوانە پەیوەندییان بە پیلانەکەوە هەبوو، کودەتاچییان بڕیاریاندا بەروارەکە بۆ هەشتی شوبات پێش بخەن. لەبەر ئەوە ئەو کۆبونەوەیەی کە تایبەت بوو بە تۆمارکردنی شریتەکە، ئەنجام نەدرا.

پاش چەند هەفتەیەکی کەم لە کودەتا، لە کاتێکدا لە شوباتی 1963 خەریکی لێکۆڵینەوەی ئەو پەیوەندییانە بووم، ((مەلا مستەفا)) لای من غەمباری خۆی لەوە دەربڕی کە ئەم ڕێککەوتنانە نەنووسرایەوە و ئیمزای لەسەر نەکرا، بەڵام ئەو لەمبارەیەوە گوتی:

- بەعس بەڵێنی بە ئێمەدا کە ئیقرار بە ئۆتۆنۆمی دەکا. بەڵام ئەمە بەڵێنێکی نووسراو نەبوو، نەخرابووە سەر کاغەز تائیمزای لەسەر بکرێ، ئێستا ناتوانم ناوی کەسەکان و کاتەکان و شوێنەکانت بدەمێ. بەڵام هەموو ئەوانەم لە نێو دەفتەری یادنامەی شەخسیی خۆم نوسیووەتەوە.

کودەتا بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 8ی شوباتی (چواردەی ڕەمەزان) ڕوویدا و پێشەکیش کوردیان ئاگادار نەکردبۆوە و ئەوان لە کاتی کودەتادا بە هیچ کارێك هەڵنەستان بەڵام سێ کەسایەتی، هەرکام لە (فوئاد عارف و صالح یوسفی و شەوکەت عەقراوی)[6]، پاش چەند کاتژمێرێکی کەم لە کودەتا، چوونە نێو تەلاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە تەلاری ئیستگەی عێراقی و پیرۆزباییان لێکردن و سەرسامی خۆیان لە کارەکە دەربڕی و هەروەکو غەمباری خۆیان لەوە دەربڕی کە کورد بواری بەشداریکردنی نەبوو. هەروەها ئاگاداری ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیان کرد کە ئەوان پشتەوانی تەواویان لە لایەن گەلی کوردەوە لێدەکرێ ئەگەر بێتو بەڵێنەکانی خۆیان بەرامبەر بە کورد جێبەجێ بکەن. پاش تۆقە و ماچ کردنێکی زۆر کە هەروەکو لەم بەشەی جیهاندا نەریت وایە بەڕێوە بچێت، ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ڕوونیان کردەوە کە ڕووداوەکان تا ئەو ڕادەیە پاڵی پێوەنان پەلە بکەن، کە بواری

---

[6] ئێوارەی چوارشەمە ڕێکەوتی 6ی شوباتی 1963 هەر کام لە برایان (صالح یوسفی و شوکت عقراوی) لە بەغدا هاتنە ماڵەکەم و کاتێکی زۆر نەمانەوە و بەمنیان گوت کە ئەوان دەچنە کۆبوونەوەیەك لەگەڵ پیاوانی بەعس بۆ گوتوبێژ کردن. لە بیرمە کە بەڕێز (یوسفی) ئەو شەوە پێی ڕاگەیاندم کە پێویستە بچمە ناو شۆڕش. ئەمەش مانای کە ئەوان وادەی ئەنجامدانی ئەو کودەتایەیان نەدەزانی. (ج. ف)



ئەوەی نەدانێ کورد ڕاکێشنە ناو بەشداری کردن لە کودەتا. داوایان کرد کە لە ڕادیۆوە قسە بکەن و داوا لە کورد بکەن کە دژی (قاسم) ڕابوەستن. بەڵام دەستەی پیرۆزبایی کردن ئەوەی ڕەت کردەوە و ڕوونی کردەوە کە ئەوە تەنیا لە دەسەڵاتی (بارزانی)یە. لە جیاتی ئەوە بروسکەیەکیان بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) نارد کە ئەمە خوارەوەی تێداهاتبوو:

((شۆڕشی ئێوە لەگەڵ شۆڕشی مەزنی گەلی کورد لە دژی سەرەڕۆیی قاسم، هاو دەست بوو)).. ((قاسم))ی بە پیاوکوژ و بە گەورەترین دوژمنی گەلی کورد ناساندبوو.

لەوەش زیاتر دەڕواو دەڵێ: کورد بەم جوڵانەوەیە کە (قاسم)ی ڕووخاند، سەرسام بوون. ئەوان چاوەڕوانی هەنگاوی کردەنی لەم جوڵانەوەیە دەکەن بۆ چارەسەکردنی کێشەی کورد لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی کە دەتوانێ بۆ هەتاهەتایە بناغەی برایەتی دابڕێژێ. ئەو ڕۆژە و ڕۆژی دوای ئەویش چەندەها جار پەیتا پەیتا لە ڕێگەی ڕادیۆوە ئەم بروسکەیە دەخوێندرایەوە. لە ئاکامی ئەوەدا ئەفسەرانی کورد و خەڵك لە هەموو جێگایەك دەستیان کرد بە هاوکاریکردنی شۆڕشگێڕان. هەر لە هەمان ڕۆژدا (مەلا مستەفا) فەرمانی ئاگربەستی لە هەموو بەرەکانی شەڕدا ڕاگەیاند کە لەو کاتەدا نەخشەی پێویستیان بۆ هێرشێکی گەورە لەسەر تاسەری کوردستاندا ئامادەکردبوو.

(جەلال تاڵەبانی) کە سەرکردەی قوڵی باشوور بوو لە نێوان (کەرکوك) و (سلێمانی)، لە بارەگای خۆی لە چیاکان هاتە خوارەوە و چووە ناو بارەگای سەرکردایەتی سوپای عێراقی لە (قەڵادزێ) تا فەرمانی بارزانی بە ڕاگەیاندنی ئاگربەست ڕابگەیەنێ. لە هەمان کاتدا داوا لە حکوومەت بکا کە (هیلیکوپتەر) بۆ چیاکانی باکوور بنێرێ بۆ ئەوەی نوێنەرانی (مەلا مستەفا) بۆ بەڕێوەبردنی دان و سەندنی ئاشتی، بۆ بەغدا بگوازێتەوە.

بۆ وەڵامدانەوەی داخوازی (بارزانی)، حکوومەت فرۆکەکەیەکی لە بەغداوە ناردە سلێمانی. لەوێ هیلیکۆپتەرێك چاوەڕێیان بوو کە نوێنەرانی بارزانی لە چیاکانەوە. هێنابوو.

لەو سەرنشینانە کە فرۆکەکە لە بەغداوە بۆ سلێمانی هێنـابوونی (لوقمـان)ی کوڕی دووەمی بارزانی بوو کـە لەگـەڵ ژمارەیـەك کـورد لـە ڕۆژی کودەتاکـەدا توانیبوویان دەرگای بەندیخانەی سەربازگەی ڕەشید بشکێنن کە چەند ساڵێك بـوو لەوێ گیرا بوو[7].

دواجار نوێنەرانی بارزانی بە هۆی خراپی کەش و هەواوە ناچاربوون بە ڕێگەی سەر زەویدا سەفەر بکەن. لە هەمان ئەو کاتەدا (یوسفی و عەقراوی) لـە بەغـدا کۆششی خۆیان لەوەدا چڕکردبۆوە کە ئەو گیراوانە ئازاد بکەن کە تا 8ی شـوبات لەوێدا مابوون و بەپێی خەملاندنی ئەوان ژمارەیان (4712) کـەس بـوو. ئـەوان زۆر بەڵێنیان وەرگرت و ئەوەبوو (2700) کەسیسشیان بەردا. بـەڵام حکوومـەت لە هەفتەی داهاتوودا (1500) کەسی دەستگیرکرد. لەوجێییەوە ژمارەی ئەوانـەی کە تاکو قۆناغی دووەمی جەنگ کە لە 10ی حوزەیرانـدا دەسـتی پێکـرد، سـێ هەزار و پێنج سەد کەس لە بەندیخانەکاندا گیرا بوون[8].

(جەلال تاڵەبانی) وەکـو نوێنـەرێکی تایبـەتی (بـارزانی) لـە 19ی شـوباتدا گەیشتە بەغدا، واتە پاش یازدە ڕۆژ لە سەرکەوتنی کودەتاکە. ئەوەتا (تاڵەبانی) بۆ خۆی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

---

[7] چەند مانگێك بوو گیرابوو. ((ج. ف))

[8] گرتنی کوردە پارتییەکان (ئەندامانی پ. د. ك) و لایەنگرانی، پاش سەرکەوتنی کودەتای ڕەمەزان لە پێنج یان شەش ڕۆژ دوای ئەوە دەستی پێکرد. ئەم کارەش بە بیانگەی ئەوەی کە ئەوانە شیوعین. هەروەها چەند ڕۆژێکی تەواو ناوچەی (حی الاكراد) لەبەری (ڕەسافە)ی بەغدا بە تۆپ و ئاگری دەبابە، ئاگرباران کرا. من زۆر بە باشی ئەوەم لە بیرە، چونکە نووسینی یەکەمین یادنامەی ڕەسمی حیزب وەکو پرۆتیستۆکردنی هەڵسوکەوتەکانی حیزبی فەرمانڕەواو ئەو مامەڵە ناوازەی کە ڕووبەڕووی کورد بۆوە، بە من سپێردرا. ئەمەش لە پازدەی شوبات بوو، یەك ڕۆژ بەر لەوەی کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی بەعسەوە بگیرێم. هەموو هەوڵەکانی حیزب بۆ ئازادکردنم بێهودە بوو. ((ج. ف))



((کاتێك)) گەیشتمە بەغدا (تاهیر یەحیا) کە (پلەکەی بۆ لیوا بەرزکرابۆوە و ببووە سەرکردەی گشتی سوپا))[9] لەگەڵ (فوئاد عارف) کە یەکێك بوو لـەو دوو وەزیرەی کە حکوومەت دایمەزراندبوون، هاتنە سەردانم. (یـەحیا) بـە یـەك قسـە پێی گوتم: ((باشە. ڕێك کەوتین. سبەی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد ڕادەگەیـەنین)). ڕۆژی دواتر چوومە کۆشکی کۆماری، سەرۆك وەزیران ((ئەلبـەکر)) پێـشوازی کـردم و هەروەها وەزیری بەرگری (عماش) و (فوئاد عارف)یش، هـەموویان بـە گـەرمی بەخێرهاتنیان کردم.

ئێمە وشەی نوێمان بەکاردەهێنا. گوتیان کورد مافەکانی خۆیـان وەردەگـرن. پاش نیوەڕۆ چووینە بارەگای (ئەنجوومەنی نیشتیمانی سەرکردایەتی شـۆڕش) تـا لەگەڵ (علـی صـالح الـسعدی) و (عمـاش) و (حـازم جـواد) وەزیـری دەوڵـەت، (تکریتی) سەرکردەی هێزی ئاسمانی عێراقی کۆببینەوە. لـەوێ هـەردوو وەزیـری کورد (فوئاد عارف) و (بابا علی)ش ئامادەبوون.

لەوێ بە ڕاشکاوی قسەمان کرد و جار بە دوای جاردا ڕازی بوون لەسەر ئـەوە کە کورد تەواوی مافەکانی خۆی وەربگرێ و (عەماش) بۆ بەڵگەهێنانەوە لەسـەر ئەو جەخت کردنەوانەی خۆی گوتی: ((من شتێك ڕوون دەکەمەوە، کورد، دڕەنگ یان زوو مافەکانی خۆیان هەر وەردەگرن. بەرژەوەند لـەوەدا نییـە کـە ئێمـە لـە دژیان بوەستین. ئێمە ئەگەر جوڵانەوەکەشیان سەرکوت بکەین، لە ماوەی دوو یان سێ ساڵی داهاتوودا دیسانەوە شـۆڕش دەکەنـەوە. هـەرگیز قـارانج لەوەدانییـە دوژمنێك لە لای ڕاستی خۆمانەوە دروست بکەین، لە کاتێکدا ((ئیسرائیل)) لـە لای چەپمانەوەیە. ئینجا لە باری ئابووریشەوە هـەروەکو لـە بـاری سیاسیـشەوە، ئەوە وێرانکارییە. سەرباری ئەمانـەش ئـەمڕۆ دەنگـی کـورد لـە دەرەوەی وڵات بەرزدەبێتەوە. ئەی هەلومەرجی خۆمان چۆن دەبێ ئەگـەر هەوڵبـدەین گـەلێکی سەربەست سەرکوت بکەین؟

---

[9] مەبەستی سەرۆك ئەرکانی سوپایە، لە پاشاندا پلەکەی خۆی کردە (فەریق). (ج. ف)

هەموو ئامادەبووانی کورد بۆ ئەم وتەیە پیرۆزباییان لێکردوو منیش گوتم ((سوپاس بۆ ئەم وتە جوانەت، ئەگەر نیوەی ئەوەش بێتەدی من بەختەوەرم دەبم)). پاشان باسی ئەوەیان کرد کە پێویستە کۆنگرەیەکی لەوە بەرینتر کە ئاستی نوێنەرایەتی بەرفراوانتر بێ، بۆ چارەسەرکردنێکی بابەتێکی ئاوا زۆرگرنگی وەکو مەسەلەی کورد، ببەسترێ، گوتیان کە پێویستە هەموو رەگەزە سیاسییەکان تێیدا بەشداربن، وەکو حیزبی (ئیستقلال) و حیزبەکانی تر. (عماش) رۆژی بیست و دووی شوباتی بۆ کاتی بەستنی ئەو کۆنگرەیە پێشنیار کرد کە نوێنەرانی هەموو رەگەزە سیاسییە عیراقی و کوردییەکان تێیدا ئامادە دەبن. بەڵام ئەوە هەرگیز نەهاتەدی. ئێوارەی ئەو رۆژە بۆ چاوپێکەوتنی (سەرۆك وەزیران) بانگ کرام، پێیان گوتم کە بە بۆنەی بیرەوەری (رۆژی یەکگرتن)ی ساڵی 1958 لە نێوان میسر و سوریا. شاندێك پێکهاتووە کە بۆ پێشکەشکردنی پیرۆزبایی دەچنە قاهیرە و دەیانەوێ منیش لەگەڵیاندا بچم. بەڵام من نارەزایم لەوە دەربڕی و پێم گوتن کە بارزانی منی بۆ بەغدا ناردووە نەك بۆ قاهیرە. هەروەها پێم گوتن کە من لە لایەن بارزانییەوە رێگەم پێنەدراوە بەو سەفەرە هەڵبستم. ئەوان تەئکیدیان دەکرد کە هەردوو وەزیری کورد لە حکوومەت (فوئاد عارف) و (بابا عەلی) لەسەر پێویستی منیش پێداگرییان کردووە. ئیتر کاتێك بۆ راوێژکردن لەگەڵ (بارزانی) لەبەردەست نەبوو. ئەوەبوو چووم و لەو باوەڕەش دام کە بە کارێکی باش هەستاوم)).

دواجار سەفەری (تاڵەبانی) هەر تەنیا لە (قاهیرە) رانەوەستا، بەڵکو بەرەو (جەزائیر)یش درێژەی کێشا. ئەم دوو پەیوەندییەش کە لەم دوو شارەدا ئەنجامیدا، بایەخێکی گەورەیان بۆ کورد هەبوو، لە (قاهیرە) دوو کاتژمێر لەگەڵ (ناصر) و (علی صبری) و (عبداللطیف بغدادی) کۆبۆوە.

ناوەڕۆکی بیرۆکەی (ناصر) وەك دیپلۆماتێکی ئاگادار دەیگێڕێتەوە بەم جۆرەی خوارەوە بوو:



((کەس نکوڵی لە بوونی گەلی کورد ناکا))
((بۆیە ئەو مافی خۆی هەیە و لەو))
((مافانەش، تێکۆشانی لە پێناوی))
((ئۆتۆنۆمییە. من نازانم بۆچی لە))
((وشەی ئۆتۆنۆمی دەترسن (مەبەستی ))
((بەرپرسانی عیراقی بوو کە لەوێ ئامادە))
((بوون) ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی ئەوروپی))
((سیستەمی (لامەرکەزی) یان لەبەرێوە))
((برندا گرتۆتە بەر بێ ئەوەی هیچ مەترسی))
((یەك بۆ سەر یەکێتی ئەو وڵاتە دروست))
((بکا)).

(ناصر) لەوەش زیاتر تێبینی دەکا، کە نەتەوەی عەرەب بەدابین بوونی پشتەوانی کورد، راوەستان و هەڵوێستی ئەوان دژی دوژمنانی عەرەب، پتر بەهێز دەبێ. واپێ دەچێ ئەو ئاماژەی بەهەرکام لە تورکیا و ئێران کرد بێت کە لەو کاتەدا (میسر) پەیوەندی دیپلوماسی لەگەڵدا بڕیبوون. هەروەها دەگێڕێتەوە کە (ناصر) لە دانیشتنی داهاتوودا ئەو بیرۆکەیەی پێشووی پتر گەشەپێدا و گوتی: کورد لە سەردەمێکی دووردا دەتوانن وەکو دەوڵەتێکی بچووك لە ناوەڕاستی وڵاتانی عەرەبی و تورك و ئێرانییەکاندا بن. لەبەر ئەوە مسۆگەرکردنی دۆستایەتی کورد بۆ عەرەب جێگاو بایەخی خۆی هەیە. هەروەها دەڵێن کە ((بن بیلا)) هەروەکو ((ناصر) لە دەربڕینەکانیدا، راشکاوانە بوو کە هەردوو شۆرشی جەزائیر و کوردی بە یەکتری چواند، عیراقییەکانی لەوە هۆشیارکردەوە کە بکەونە هەمان هەڵەوە کە فەرەنسییەکان تێ کەوتن.

لەو کاتەدا لە کۆتایی شوباتی 1963 کە سەردانی (مستەفا بارزانی)م کرد، کە ئەو دەمە بارەگای چیایی ئەو لە باکووری رۆژهەڵاتی (کەرکوك) بوو، غەزەبی لێهەڵدەڕژا و هەروەکو کە (تاڵەبانی) پێشبینی کردبوو، هەمان ئەو هەڵوێستەی

هەبوو، ئەو دەیگوت کە من نوێنەری خۆم بۆ بەغدا ناردووە نەك بۆ ئەوەی گەشت بە پایتەختە عەرەبیەکاندا بکا. ئەو هەر لە بنەڕەتەوە ئەو بیرۆکەی ڕەتکردەوە کە سەفەری (تاڵەبانی) هیچ سودێکی لێ بکەوێتەوە. داوای لە حکوومەتی عیراقی کرد کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە لە یەکی ئازاردا کۆتایی دێ. دان پێدانانی خۆی وەکو پرەنسیپێك بە مافی کورد لە ئۆتۆنۆمیدا رابگەیەنێ، هەروەها راشیگەیاند کە ئەو دووبارە دەست بەشەڕ دەکاتەوە کە ئەگەر حکوومەت بەو کارە هەڵنەستێ، هەروەها گوتی کە لەوانەیە سەربەخۆیی و جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق رابگەیەنێ. بۆ پاڵپشتی کردنی هەڕەشەکەی هەموو پیاوانی خۆی لە پشوودان بانگکردەوە و فەرمانی ئامادەکاری بۆ درێژە پێدانی جەنگ دانێ.

هەر کە چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ (بارزانی) کۆتایی پێهێنا، لە گونجاوترین وەختدا بۆ چاوپێکەوتنی (تاڵەبانی) کە لە جەزائیر گەڕابۆوە، گەڕامەوە بۆ بەغدا، کاتێك تورە بوونی (بارزانی)م بۆ باسکرد بە هەموو مانای وشە رەنگی زەرد هەڵگەڕاو کەوتە ئەو پەڕی پەشۆکاوییەوە. کە لەبارەی هەڕەشەکان و بەڵێنەکانی بارزانیش ئاگادارم کرد نیگەران بوو.

((تاڵەبانی)) گوێی بەو هەوڵانەی حکوومەتی عێراقی نەدا کە دەیویست لە بەغدا بیهێڵێتەوە. (تاڵەبانی) بە پەلە بۆ دیدەنی (بارزانی) و تەگبیردانان بۆ پرسی جێبەجێ کردنی هەڕەشەکان، گەڕایەوە بۆ چیاکان. وا پێدەچوو ئەو قسە توندوڕەقانەی کە پێشەوای کورد دەری بڕی بوون، کاری خۆیان کرد بوو. لە کاتێکی درەنگی شەوی یەکی ئازاردا بە ماوەیەکی کەم پێش تەواوبوونی ماوەی هایدانەکە، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش رایگەیاند کە ((مافەکانی کورد)) دابین دەکا. لە راستیدا ئەم راگەیاندنە داخوازی بارزانی کە لەسەر دان پێدانانی ئۆتۆنۆمی چڕ ببۆوە، نەهێنایەدی. بەڵام تەئکیدی لە برایەتی کوردی-عەرەبی، هەنگاونان بە ئاقارێکی دروست و کەم کردنەوەی تین و تاوی بار گرژی کردەوە و دەقی راگەیاندنەکە دەڵێ: ((.. وەك ئیقرار کردن بە پەیوەندی برایەتی و



دۆستایەتی لە نێوان عەرەب و کورد شۆڕش سوورە لەسەر لابردنی هەموو تۆوێکی خراپ و نیازێکی خراپ کە حوکمی قاسم دروستی کردووە، ئەویش بەزامن کردنی بەخشینی مافەکانی کورد)).

پاش سێ رۆژ واتە لە چواری ئازار بۆ تەئکیدی بەڵێنەکانی حکوومەت، هەردوو وەزیری حکوومەت (محەمەد بابا عەلی) وەزیری کشتوکاڵ، (فوئاد عارف) وەزیری دەوڵەت، (لیوا تاهیر یەحیا) باڵوێزی پێشوو (عەلی حەیدەر سلێمان) کە ئەویش لە بنەڕەتدا کورد بوو، ناردە کوردستان. حکوومەت پێشنیاری کرد کە جێگای کۆبوونەوە کە ((قەڵادزێ)) بێ. بەڵام (بارزانی) کە بە ئەندازەیەك سەختگیر و گیر بوو، وێراش بە هەموو ئەو گومانانەوە کە تاقیکردنەوەکانی رابردووی لە غەدر و خیانەت، بۆی سەلماند بوو، ئەم وەڵامەی بۆ ناردنەوە:

((مەلا مستەفا نایەوێ. بچێتە (قەڵادزێ) و هەروەها نایەوێ وادەی کات و شوێنەکانی خۆی لە بارەی. جێگاگۆڕییە کانی خۆی، بگۆڕێ)).

کۆبوونەوەکە لەسەر پێداگریی (مەلا مستەفا) لە کانی ماران[10] بەڕێوەچوو. وادەردەکەوت لەوێ پتر هەستی بەدڵنیایی دەکرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا (بارزانی) هاتەوە سەر داخوازییە سەرەکییەکانی کورد کە (تاڵەبانی) لە چاوپێکەوتنەکانیدا لە بەغدا خستبوویە روو، وەك قۆناغێکی سەرەتایی و خاڵی دەست پێکردن، بارزانی مکوم بوو لەسەر ئەوە کە لە رووی پرەنسیپەوە دان بە مافی کورد لە ئۆتۆنۆمیدا بنرێ، پاشان وەك قۆناغی دووەم هاتە سەر دان و سەندن لەسەر داخوازییەکان بە گشت وردەکارییەکانیەوە. گرنگترین ئەو خاڵانەی وردەکارییەکانیش بەم شێوەیە بوو:

1- پێکهێنانی دوو ئەنجومەنی کوردی بۆ یاسادانان و جێبەجێکردن. کورد خۆیان جێگرێك بۆ سەرۆك کۆمار هەڵدەبژێرن و بارەگاکەی لەگەڵ سەرۆك کۆماردا دەبێ لە بەغداد.

[10] گوندی کانی ماران: لە دەشتی بیتوێن هەڵکەوتووە و سەر بە ناحیەی (چوارقورنە)یە. (و. ك)

2- پێکهێنانی هێزەکانی ئاسایشی کوردی بەشێوەی (فیرقە)یەکی کوردی کە بارەگاکەی لە کوردستان دەبێ، لە ژێر فەرمانی سەرکردایەتی بەغدادا دەبێ، هەروەها پێکهێنانی جۆرێك لە پۆلیسی کوردی کە لە رووی شەخسیەتی یاسایی هەروەکو پۆلیسی ویلایەتەکان دەبێ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

3- کشاندنەوەی هەموو هێزە غەیرە کوردییەکانی سوپای عیراقی لەسەرتاسەری کوردستاندا، جگە لەوەی کە بە رێکەوتن لەگەڵ هەردوو ئەنجومەنی جێبەجێکردن و یاسادانان، بڕیاری لەسەر دەدرێ. هێزە غەیرە کوردییەکان لە دەرەوەی کوردستان دەبن، تەنیا لە حاڵەتی جەنگ یان مەترسی جەنگ.

4- تەرخان کردنی بەشێکی دادپەروەرانە لە داهاتە حکوومییەکانی (بەتایبەتی داهاتەکانی نەوت) بۆ ئەوەی لە پرۆژەکانی کوردستاندا خەرج بکرێ.

5- دامەزراندنی کورد بۆ وەزیفە حکوومییەکان لە کوردستان، زمانی کوردی وێڕای زمانی عەرەبی، زمانی رەسمی کوردستان دەبێ[11].

---

(11) وەکو دێتەوە بیرم (هایدان – انذار) درا بە شاندەکە کە ئەگەر بێتوو لە ماوەی سێ رۆژدا وەڵامی ئەو داخوازییانە نەدرێتەوە ئەوا شەڕ دەست پێدەکاتەوە، ئەمەش دەقی نووسراوەی ئەو داخوازییانەیە:

1- دانپێدانانی دەسبەجێ بە ئۆتۆنۆمی کوردستان لەگەڵ پێشکەش کردنی وێنەیەك لەو دانپێدانانە و دەستوری نوێی کۆماری عیراقی بە هەیئەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و پەخش کردنی لە رادێوی بەغداد و بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی رەسمی و چاپەمەنییە ناوخۆییەکاندا.

2- سنوری جوگرافی: لە باکوورەوە تورکیا و لە رۆژهەڵاتەوە ئێران و لە رۆژئاوا سوریا و لە باشوورەوە زنجیرەی چیای حەمرین.

3- زمانی کوردی زمانی رەسمییە. هەروەکو خوێندن بە زمانی کوردی دەبێ. بەڵام لەو ناوچانەی کە هاونیشتیمانیانی غەیرە کورد لێی دادەنیشن، خوێندن بە زمانی تایبەتی خۆیانە و لە پاڵ ئەودا زمانی کوردیش دەخوێندرێ.=



لەواقیعدا (بارزانی) جگە لە پرسی بەرگری دەرەوە و کاروباری دەرەوە کە لە ژێر حکوومەتی بەغداد دەمێنیتەوە، کوردیش نوێنەرایەتیان تێیدا دەبێ، بە هەموو شێوەکانییەوە داوای حوکمێکی خۆجێیی بێگەردی دەکرد، هەروەها بارزانی بەجۆرێك کە لە هەر تەمومژێك بە دەربێ، روونی کردەوە کە ئەو بۆ خۆی بەشداری تێدا ناکا.

---

=4- ئۆتۆنۆمی:

أ- حوکمێکی پەرلەمانی دیموکراتی دەبێ و لە جێگرێك بۆ سەرۆك کۆمار و ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان پێکدێ و وەزارەتەکانی دەرەوە و بەرگری و دارایی ئەوا ناوەندی دەبن. لەگەڵ دامەزراندنی وەزیرانی دەوڵەت بۆ ئەو وەزارەتانە بۆ حکوومەتی ئۆتۆنۆمی.

ب- لە وەزارەتە ناوەندییەکانی کۆماری عیراقدا ژمارەیەکی گونجاو بە گوێرەی رێژەی دانیشتوانی کوردستان، ژمارەیەك نوێنەر بە گوێرەی رێژەی دانیشتوانی کوردستان، ژمارەیەك نوێنەر بە گویرەی رێژەی دانشتوانی کوردستان، لە ئەنجوومەنی نیشتیمانی عیراقیدا بەشدار دەبن.

5- سوپا:

ت- رێژەیەکی دیاریکراو سوپا دیاری دەکرێ کە لەگەڵ ریژەی دانیشتوانی کوردستان گونجاو بێ. میلاکی ئەو یەکانە لە ئەفسەران و ئەفسەرانی کەرت و سەربازان لە رۆڵەکانی کوردستان دەبن.

پ- سوپا گشت رشتەکانی تێدادەبێ: هێزی ئاسمانی، پیادە، تانك ورزی پۆش هەواڵ ناردن، ئەندازە، تۆپەکانی دژە فرۆکە.

ج- دامەزراندنی دامەزراوەی سەربازی نوێی هاوچوونی ئەوانەی کە لە کۆماری عیراق هەیە.

6- بودجەی گشتی: لە داهاتەکانی باج و گومرگ و هاوردە و رسومەکان پێکدێت. هەروەها لە رێژەیەکی دادپەروەرانە لە داهاتەکانی نەوت کە لە ((دوو لەسەر سێ)) داهاتی کوردستان کەمتر نەبێ.

7- هێشتنەوەی هێزەکانی پەلە نیشتیمانییەکانی پارتیزانان تا ئەو کاتەی (میلاکاتی) سوپا تەواو دەبێ و هەروەها دانی موچە و خواردن جل و بەرگ پێیان.

8- پێکهێنانی حکوومەتی ئۆتۆنۆمی کە هاوئاهەنگە لەگەڵ ئەم داخوازییانەدا. (ج. ف)

له لایەنی حکوومەتەوە، سەرباری هەموو ئەو وتە گەرم و گوڕانەی کە پێش کودەتا و پاش کودەتاش ئاڵوگۆڕ کران و بێ لەبەرچاوگرتنی راکانی (ناصر) و (بن بیلا)، (خوپارێزی) حیزبی بەعس بە ئاشکرایی دیار بوو. ئەوان رقیان لەوە دەبۆوە کە بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ بارزانیدا بکەن. ئەوان وایان دەزانی کە بارزانی نوێنەرایەتی شتێك دەکا کە هەروەکو لە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری دەچێ. دەمارگرژیی دایگرتبوون، چونکە هەر شوێنکەوتوانی خۆیان (سەرەڕای ناسرییەکانیش) بەسازشکار و هەوەنتەچی بۆ خاکی پیرۆزی نیشتیمانی عەرەب تۆمەتباریان دەکردن باوەکو لە ژێر بانگەشەی ئوتونۆمیش دابێ. نیگەرانی شاندەکە لە هەمبەر ئەو تۆمەتەی دوایی لەوەدا بە دەردەکەوت کە ئەوان سوربوون لەسەر ئەوە کە (تاڵەبانی) بۆ راوێژکردن لەگەڵ (ناصر) و (بن بیلا) کە دووپێشەوای هەرە گەورەی دۆزی نەتەوەیی عەرەبن، لەگەڵ خۆیاندا ببەن. بەعسییەکان سەرەڕای ئەوەی کە ئەو دوو پێشەوایە تێگەیشتن و قبوڵکردنیان بۆ دۆزی کوردی لە خۆیان نیشاندا، بەڵام هێشتا بەعسییەکان دوو دڵ و ڕاڕامابوون.

له یەکێك لە کۆبوونەوەکاندا (عەماش) پەنجەی بۆ ملی بەرزکردبۆوە و هاواری کرد بوو:

- سوێند بە خوای گەورە، ئەگەر داخوازییەکانی ئێوە قبووڵ بکەین (عبدالناصر) ملمان دەشکێنێ. کاتێك (تاڵەبانی) سوور بوو لەسەر ئەوە کە (عبدالناصر) لەسەر پرەنسیپی ئۆتۆنۆمی رازی بووە، هەر رێگاچارەیەکیش کە هەردوولا لەسەری رێك دەکەون، ئەو پەسندی دەکا. (عەماش) و (السعدی) وەڵامیان دایەوە و گوتیان:
- (ناصر) لەگەڵ ئێوەدا بە جۆرێك دەدوێ و لەگەڵ ئێمەشدا بە جۆرێکی تر.

بە عسییەکان بە نیگەرانییەوە لە رێوشوێن و کەرەسەگەلێك دەگەڕان کەوا لە بارزانی بکا نەهێڵێ شەڕ دەست پێبکاتەوە.

ئەوەبوو بە دوای شاندی حکومیدا، (شاندێکی میللی)یان نارد کە پێکهاتبوو لە پیاوماقوڵان و کەسایەتی دیار کە مەرج نەبوو لە حکومەتدا بەرپرسیار و



پلەدار بن. ئەوە بو لە 7ی ئازار شاندەکە بە رێگەی ئاسمانیدا گەیشتە (چوارقورنە) لە نزیك (رانیە). ئەم شاندە هەڵگری سیفەتی رەسمی یان کەسایەتی حکومی نەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی پایەبەرزیی کەسایەتییەکانی شاندەکە، بە گەرمی پێشوازییان لێکرا. شاندەکە پێکهاتبوو لە:

- دکتور (عبدالعزیز الدوری) سەرۆکی زانستگای بەغدا.
- حسین جەمیل وەزیری پێشوو لە هەردوو حکوومەتی (نوری سەعید) و (عبدالکریم)، هەروەها باڵوێزی پێشووی عیراق لە هیندستان.
- شێخ محەمەد رەزا ئەلشەبیبی وەزیری پێشوو لە حکوومەتی (نوری سەعید) و ئەندامی پێشوو لە (ئەنجوومەنی ماقوڵانی عیراق).
- فائق ئەلسامەڕایی پارێزەری ناسراو و باڵوێزی ێشووی عیراق لە قاهیرە.
- زەید ئەحمەد عوسمان پارێزەرێکی کورد بوو، ئەندامی پێشووی (ئەنجومەنی نوێنەران) کە ئەنجوومەنێکی تایبەت بوو لە یەکێتی تەمەن کورتی هاشمی نێوان عیراق و ئەردەن.
- فەیسەڵ ئەلخەیزەران باڵوێزی پێشووی عیراق لە موسکۆ و سکرتێری گشتی پێشووی حیزبی بەعس.

ئەو شاندە چەند دەسکەوتێکی زۆر کەمی لە ئاکامی دان و سەندن بە دەست هێنا. شاندەکە لەوە سەرکەوتوو بوو کە قەناعەت بە (بارزانی) بکا دەست لەو پێداگرییە لە زاراوەی (ئۆتۆنۆمی) هەڵبگرێ. ئەوەبوو لەسەر ئەوە رازی بوو کە مادام کورد ناوەڕۆکی ئۆتۆنۆمییان دەست دەکەوێ ئەوا لەسەر وشەی ((لامەرکەزیی)) لاریی نییە. شاندەکەش لە لایەن خۆیەوە رازی بوو وادارکردنی حکوومەت بە ئەستۆی خۆی بگرێ تا دەسبەجێ رەزامەندی لەسەر زنجیرەیەك داخوازی کورد دەربڕێ کە دەبێتە مایەی ئەوە کە کەش و هەواکە خۆش بکا و بەرەو دانوسەندن ئامادەی بکا و پاش ئەوە لیژنەیەکی هاوبەش لە هەردوولا بۆ ئامادەکردنی هێڵە گشتییەکانی (حکوومەتی لامەرکەزی) پێکدێ. داخوازییە لاوەکیەکانیش ئەمانە بوون:

**یەکەم:** لابردنی گەمارۆی ئابووری.

**دووەم:** هەڵوەشاندنەوەی هەموو فەرمانەکانی کە تایبەت بە زەوتکردن و دەست بە سەرداگرتنی ماڵ و سامانی کورد[12] بوو.

**سێیەم:** کشاندنەوەی سوپا بۆ ناو ئۆردوگاکانی پێشووی خۆی. بە کورت و پوختی تەنیا فیرقەی دووی پیادە لە سوپای عیراقی لە کوردستان دەمێنتەوە چونکە لە بنەڕەتدا بەشێوەیەکی ئاسایی لەوێ دامەزراوە.

**چوارەم:** گواستنەوەی هەندێك لەو فەرمانبەرە کارگێڕییانەی کوردستان کە گەلی کورد بوونی ئەوان بەمایەی هەست بریندارکردنی خۆی دەزانێ.

**پێنجەم:** راگەیاندنی لێبوردنی گشتی لە هەموو ئەو کەسانەی کە بە هۆی بەشدارییان لە شۆڕشی کورد، حوکم دراون و دەستگیر کراون. ئازادکردنی هەموو دیلەکان[13].

---

[12] لەسەردەمی (قاسم) لە لایەن حاکمی گشتی سەربازییەوە زۆر بریار دەرچوون بۆ زەوتکردنی ماڵ و سامانی گوازراوە و نەگوازراوەی کۆمەڵەیەکی گەورە لە شۆڕشگێرانی کورد، ئەمەش بەپێی مەرسومی (الاداره العرفیه)ی کە بڕیارەکانی کارابوون. هەروەها ئەم بڕیارە هەروا بە کارایی مایەوە. لە لایەن حاکمی گشتی سەربازی نوێوە کە پاش کودەتای بەعس دژ بە دەسەڵات، دامەزرا چەندین ناوی تریشی خرایە سەر و بەندی دووەمی ئەو داخوازییانە ئاماژە بەمە دەکا. (ج. ف)

[13] شاندی پەیوەندی میللی لە رۆژانی 7، 8ی ئازار لە چوارقورنە لەگەڵ گەورە بەرپرسانی شۆڕشی کورد و لە سەروشیانەوە (مەلا مستەفا) کۆبوونەوە و هەردوو لا گەیشتنە رێککەوتنێکی سەرەتایی کە پاشان بخرێتە بەردەمی حکوومەت، ئەمەش بەندەکانی رێککەوتنەکەیە:

1- دانپێدانانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەسەر بنەمای ((الّداره الژاتیه)) و ئەم دانپێدانانەش دەخرێتە ناودەستوری کاتی و دەستوری هەمیشەیش کە دانراوە رێگای جێبەجێکردنیشی لە لایەن لیژنەیەکی هاوبەشەوە روون دەکرێتەوە و دەسبەجێ دەست بەکاردەبێ.

2- راگەیاندنی دەست بەجێی لێبوردنی گشتی لە هەموو ئەوانەی کە بەشدارییان لە کارێکدا کردووە کە پەیوەستە بە جوڵانەوەی کوردییەوە و ئازادکردنی دەستبەجێی هەموو ئەوانەی کە ئێستا دەستگیرکراون.=



پاش چەند رۆژێك ئەوە بوو مەرسومێك بۆ لێبوردنی گشتی دەرچوو و لە رۆژنامەی رەسمیشدا بڵاوکرایەوە، بەڵام هەندێك لە پێشەوایانی کورد لەو باوەڕەدان کە بە فەرمانێکی نهێنی کارکردن بەو فەرمانە راگیرا[14]. لە واقیعدا ئاکامی ئەو کارە، هەروەکو لە پێشدا بە ژمارە ئاماژەمان بۆ کرد، جیاوازی هەبوو.

لە هەمانکاتدا کورد لەسەر ئەوە رازی بوون، کە هەموو گیراوەکان و دیلەکانی عەرەب کە لای ئەوان بوون، ئازاد بکەن. ئەوە بوو سێ سەد پیاویان ئازاد کرد و ئابلۆقە و گەمارۆی ئابووریش بەرێژەیەکی کەم هەڵگیرا.

بەڵام ئەو رۆژە نەهاتە دی کە هاتوچۆ لە نێوان ناوچە کوردییەکان و عەرەبییەکاندا بە تەواوی ئازاد بێ و لە کۆسپ و تەگەرە بەدەربێ. هەروەکو خاڵەکانی تریش وەکو مەرەکەبی سەرکاغەز مانەوە.

---

=3- پاککردنەوەی دامودەزگای حکوومەت لە هەموو ئەوانەی کە لە کاری وەزیفەییدا خراپەکارییان ناوەتەوە لە ناوچەی باکووردا.

4- هەڵگرتنی ئەو زەوتکردنەی کە خراوەتە سەر هەموو ئەوانەی کە بەشدارییان کردووە و کاریان بۆ شۆڕشی کورد کردووە و دەست بەکاربوون بۆ دانانەوەی ئەو بڕە پارانە بۆ خاوەنەکانیان کەلێیان زەوتکراوە بەو پەڕی خێرایی.

5- هەڵگرتنی دەسبەجێی گەمارۆی ئابووری لەسەر کوردستان.

6- بۆ بەڵگەی نیازپاکی وابە بەرژەوەند دەزانرێ کە دەست بکرێ بە کشانەوەی یەکە سەربازییەکان لە کوردستان بۆ شوێنەکانی خۆیان بۆ ئەوەی یارمەتی فەراهم کردنی کەش و هەوایەکی پڕ لە متمانەی هاوبەش و دڵنیایی بدا. (ج. ف).

[14] دژوارییی کار لەوەدا بوو کە زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی کە دەستگیر کرابوون یان حوکم درابوون لە ئەندامانی حیزب یان بە هۆی دۆزی کوردەوە، بە تۆمەتێکی جیاواز و دوور لە دۆزی کوردەوە گیرابوون و حوکم درابوون، لەبەر ئەوە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە هەر بۆ خۆی کارێکی ئەستەم بوو جا چ ئەو بڕیارە هەبێ و چ فەرمانێکی نهێنی هەبێ بۆ راگرتنی بڕیارەکە. بڕیارەکە لە 10ی ئازار دەرچوو ئەمەش دەقەکەیەتی:

((هەموو ئەو کەسانەی کە بە کاری جوڵانەوەی چەکداری کوردی لەناوچەی باکووری کۆماری عیراق هەستاون و بەشداربوون تێیداو لە کارەکانیدا هاوبەشییان کردووە هەر لە رۆژی 9ی ئەیلولی 1961وە، لە بەدواداچوون و سزای قانونی دەبەخشرێن لەهەمبەر هەموو ئەو کارانەی کە لە پەیوەست بە جوڵانەوەی ناوبراوەوە ئەنجامیان داوە. (ئەنجوومەنی نیشتیمانی سەرکردایەتی شۆڕش). (ج. ف)

لە 9ی ئازاردا حکوومەت بەیان نامەیەکی تری بڵاوکردەوە و لەوێدا دانی بە ((مافە نەتەوەییەکانی کورد لەسەر بنەمای (لامەرکەزی) بۆ گەلی کورد نابوو. ئەو دەست پێشکەرییە شادییەکی ناچوونیەکی لە نێو گەلی کورددا نایەوە. لە دوایشدا دەرکەوت کە دەست پێشکەرییەکی بێ ناوەڕۆکە، ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە:

(سەرەتای بەیانەکە لە پەڕاوێزی داهاتوودا دایە):

لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم شۆڕشە شۆڕشی
چواردەی رەمەزان) دامەزراندنی دەزگایەکی
هاوچەرخە کە بە باشترین شێوە، بەڕێوەبەرایەتی
و فەرمانڕەوایی بگێڕێ، بەو هۆیەشەوە
کە شێوازی (لامەرکەزی) وەك شێوازێك
لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا لە بواری
پراکتیکدا سودەکانی هاتۆتە دی، لەبەر
ئەوە لەسەر هەمان شێواز و لە سەرچاوەی
پرەنسیپەکانی شۆڕش کە لە یەکەم بەیان نامەی
دا ئیقراری بە برایەتی عەرەبی-کوردی، بە
شێوەیەك کردووە کە زامنی بەرژەوەندە
نەتەوەییەکانیان، خەباتی هاوبەشی
ئەوان دژی ئیستعمار بکا، و رێز
لە مافەکانی کەمینە نەتەوەییەکانی تر
بگرێ و دەرەتانی ئەوەی بداتێ کە لە ژیانی
نیشتیمان پەروەریدا بەشداری بکا، هەروەها
ئەنجوومەنی نیشتیمانی سەرکردایەتی شۆڕش لەسەر
بنەمای لامەرکەزی ئیقرار بە مافە نەتەوە



- ییەکانی گەلی کورد دەکا، ئەم پرەنسیپە
دەچێتە ناو دەستوری کاتی و هەمیشەیی
لە کاتی دارشتنیاندا. هەر
بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکی تایبەتمەند
پێك دێت بۆ دانانی هێڵە گشتییەکانی
لامەرکەزی))
(ئیمزا ئەنجوومەنی نشتیمانی))[15]

لەم قۆناغەدا بوو کە (بارزانی) هەستی کرد کورد پێویستی بە کۆنگرەیەکی نوێنەرانی فراوان هەیە. بەشتێك کە لە خۆی و لە حیزب گەورەتر بێ، بە ئەنجوومەنێکی گشتی کە بە جۆرێکی راستگۆیانە لەسەر ئاستی نەتەوەیی رای گشتی کوردی دەربڕێ و ئەم بیرۆکەیەش تەنیا لە لایەن (مستەفا بارزانی) خۆیەوە بوو، ئەو خاوەن و جێبەجێ کەریشی بوو. خۆی ناوی هەندێك لە

---

[15] بەیانەکە لە 11ی ئازاری 1963 دەرچوو بەڵام بەرواری 9ی ئازاری لەسەر بوو بەم ناونیشانە بوو: ((بەیان نامەی ئەنجوومەنی نیشتیمانی سەرکردایەتی شۆڕش لە هێنانەدی ئامانجەکانی هاوڵاتیانی کورد)) ئەمەش دەقەکەیەتی: ((عەرەب و کورد بە برایەتی ژیاون و پەیوەندی خاك و بیر و باوەڕ و بەرژەوەند بەیەکەوەی بەستون کەش و هەوای ئەم برایەتییەش تەنیا ئیستعمار و بەکرێگیراوەکانیان شلوێ یان کردووە. شۆڕشی 14ی تەمموزیش بۆ ئەوە هات کە گەل رزگار بکا، ئەوەش کە تەئکیدی لەسەر دەکرد برایەتی عەرەب و کورد بوو هەروەکو لە دەستوری کاتیدا هاتووە. بەڵام لە رێ لادان و ئیرهابی دیکتاتۆر (عبدالکریم قاسم) رووبەڕووی کورد بۆوە هەروەکو رووبەڕووی عەرەب بۆوە و فیتنە جێگای برایەتی و گومان جێگای متمانەی گرتەوە و بەڵاو نەهامەتی بەسەر وڵاتدا هێنا. شۆڕشی 14ی رەمەزان بۆ ئەوە بەرپا بوو کە ئەم لە رێ لادانە راستبکاتەوە و تەئکید لە پرەنسیپەکانی ئازادی و دادپەروەری بکاتەوە. هاوکاری نێوان عەرەب و کورد و نەتەوەکانی تر بە بنچینەی یەکێتی عیراق دەزانێ....))

ئیمزا: ئەنجوومەنی
نیشتیمانی سەرکردایەتی شۆڕش
((ج. ف))

نوێنەرەکانی هەڵبژارد و هەڤاڵانی خۆشی بۆ سەرتاسەری هەرێمی کوردی نارد تا خەڵکی تر ئامادە بکەن. (شم عقراوی)[16] بۆ موسڵ، (ئەحمەد حمد امین) بۆ هەولێر، (جەلال تالەبانی) بۆ سلێمانی و (صالح یوسفی) بۆ بەغدا، نارد.

ئەم کارسازی و ئامادەکارییە بۆ کۆنگرە، هەندێك خۆپیشاندانی گەورەی لەناو کوردا بەرپاکرد هەر وەك (تالەبانی) بۆی گێڕامەوە، ئەو گوتی: کە مۆڵەتی لە (سەرکردەی فیرقەی دوو) وەرگرتووە بۆ ئەوەی لە هەموو کەرکوك و سلێمانی بە ئوتومبیلێکی (جیب) بسوڕێتەوە، یەکێك لەو ئوتومبیلانە لە جۆری (ستیشن واگن) بوو بە یاوەری چوارده کەسەوە. ئامادەبوونی ئەو لە کەرکوك بووە هۆی ئەوەی خۆپیشاندانێك ساز بکرێ کە بەپێی قسەی ئەو دە هەزار کەس بەشدارییان تێداکرد، لە سلێمانی بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە لە کاتی گەیشتنیدا ئاپۆڕای ئەو خەڵکەی بۆ پێشوازی ئەو هاتبوون بە سی هەزار کەس مەزەندە کرا، ئەو بە یەك کاتژمێر و نیو توانیبووی بەناو ئاپۆڕای خەڵکەکەدا دوو سەد مەتر ڕێگای خۆی بکاتەوە و دواجار گوتارێکی بۆ خەڵکدا کە تێیدا ستایشی بارزانی و حیزبی کرد.

کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی نیشتیمانی کوردی لە کویسنجەق لە 18ی ئازار تا 22ی ئازاری خایاند. لەو کۆبوونەوەیەدا نزیکەی دوو هەزار کەس ئامادەبوون و نوێنەرایەتی سەرتاسەری کوردستانیان دەکرد. تاڕادەیەك هەموویان جلی نەتەوەیی کوردییان پۆشیبیوو، سەد و شەست و هەشت کەس نوێنەری ڕەسمی بوون. هەموو شەوێك لەناو تەلاری قوتابخانەی دواناوەندیدا کۆدەبوونەوە. شەوانە

[16] هەندێکجار وا پێدەچێ کە (شمیدت) لە هێنانەوەی ناوەکاندا وردەکار نەبوو لەبەر ئەوە پشتمان بە ناسینی خۆمان بەستوە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو ناوانەی کە هەڵەیان تێدابووە (هەروەکو لە پەڕاوێزێکی پێشتردا باسمان کرد). ئەو ناوانەش بێ ئەوەی کە ئاماژە بۆ هەڵەکە یان ڕاستکردنەوەکەی بکەین ڕاستییەکەیمان جێگیرکردووە.

لێرەشدا لەمەڕ ناوی یەکەم باوەڕم وایە (شم) مەبەست (هاشم عقراوی)یە کە ئێستا پارێزگاری دهوکە، ناوی دووەم بە باوەڕی من مەبەستی (ئەندازیار محەمەد امین بەگ)ە کە بەڕێوەبەری گشتییە لە وەزارەتی باکوور. (ج. ف)



لە کاتژمێر 7ی ئێوارە تا دوازدەی شەو کۆبوونەوە بەردەوام بوو. ئەو کوبوونەوانە بۆیە شەوانە ئەنجام دەدران چونکە ترسی ئەوەیان هەبوو هێزی ئاسمانی عیراقی بە ڕۆژی ڕووناك بۆمبابارانیان بکا. لە واقیعدا هەندێك ڕووداوی ناشیرین و دزێو لە کاتی کۆبوونەوەکانی ئەواندا لە هەموو شوێنەکانی تری کوردستاندا ڕوویاندا. لە 21ی ئازاردا یەکەیەکی سوپای عیراقی گوندی (عومەر باخ)ی لە نزیك (شوان) کە ناحیەیەکە سەر بە کەرکوکە، سووتاند. لە هەمانکاتدا، پیاوانی (حەرەس قەومی) هێرشیان بردە سەر شارۆکەی (ئەلقوش) و کورد توانییان لە دوو پێك هەڵپژانی داهاتوودا، بە سەرکەوتوویی خۆیان ڕابگرن و حەوت کەسیان لێ بکوژن و چوارده کەسیان لێ بەدیل بگرن.

کۆنگرە نوێنەرانی زۆربەی هۆزەکانی کوردی تێدا بوو هەروەها نوێنەرانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارەیەك لە ڕۆشنبیران، هەندێك لە نوێنەرانی یەکێتی لاوانی کورد، یەکێتی ئافرەتانی کورد، یەکێتی قوتابیانی کورد، هەروەها هەندێك کەسایەتی بەرزی وەك میر شێخ تەحسین بەگ پێشەوای گەورەی ئێزیدییەکان و هەندێك کەسایەتی تری ئاینی و شەش ئافرەت، هەروەها ژمارەیەکی گەورە لە سەرکردەکانی یەکە سەربازییە شۆڕشگێڕەکانیشی تێدابوو.

(مستەفا بارزانی) ڕایگەیاند کە حەز ناکا سەرۆکی کۆنگرە بێ و (جەلال تالەبانی) بە جێگری خۆی دانا. (تالەبانی) ڕاپۆرتێکی دەربارەی هەڵوێستی سیاسی و سەربازی پێشکەش کرد و مەسەلەی ئۆتۆنۆمی و ئەو بڕیارەی کە پێویستە کۆنگرە لە ناوەڕۆکدا نەك لە شێوەدا، هەروەها بەکردەوە نەك هەر بەوتە، دەری بکا، ڕوون کردەوە.

لە کۆنگرەکەدا لیژنەیەك لە سی و پێنج نوێنەر بۆ ئامادەکردنی پێشنیارەکان پێکهات. ئەم لیژنەیە نوێنەرانی حیزب، عەشیرەتەکان، ڕۆشنبیران، کاسبکارانی خاوەن پیشەی گرتبووە خۆی و بە درێژایی شەو بۆ ئامادەکردنی پێشنیارەکانی دەست بەکار بوو بۆ ئەوەی بتوانرێ لە کۆبوونەوەی شەوی داهاتوو لێکۆڵینەوە و

گوتوبێژی لەسەر بکرێ، لەشەوی سێیەمیشدا کۆنگرە بتوانێ بڕگە بڕگە دەنگی لەسەربدا. شەوی چوارەم کۆنگرە بڕیاری دا کە بارزانی بروسکەیەکی سوپاس نامە بۆ حکوومەت لێبدات کە لە 9ی ئازاردا دانی بە مافە نەتەوەییەکانی کورد داناوە. کۆنگرە چواردە نوێنەری بە سەرکردایەتی (تاڵەبانی) هەڵبژارد کە حەوت لەوانە لەگەڵ (تاڵەبانی) شاندی دان و سەندن بن و حەوت ئەندامەکەی تریش وەکو راوێژکار لە گەڵیاندا بن.

کاریگەری راستەقینەی ئەم کۆنگرەیە لەوەدا بوو کە ژمارەیەکی گەورەی لە کورد لەسەر یەك ریز کۆکردەوە کە چەندین ساڵ بوو لە ماوەی تێکۆشانیان دژی (قاسم) پەیوەندییان لەگەڵ یەکتری بچڕابوو. هەروەها کۆنگرەکە هەستێکی نوێی لە یەکگرتنی نەتەوەیی بە کورد بەخشی. هەر لە هەمانکاتدا (بارزانی) کۆنگرەیەکی تری بەرتەسك تری بەست بۆ ئەوەی بتوانێ بەسەر ئەو جیاوازییانەدا زاڵ بێت کە لە نێوان عەشیرەتەکان و پارتی دیموکراتی کوردستان دایە.

نوێنەرانی حیزب ئەمانەبوون:

(ئیبراهیم ئەحمەد) سکرتیری گشتی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی، (نوری شاوەیس) ئەندامی مەکتەبی سیاسی و دووەم پیاوی ناو حیزب، (جەلال تاڵەبانی)، (عەلی عەبدوڵا) و (صالح یوسفی) کە هەموویان ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوون، (عومەر دەبابە) تاکە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو کە لەوێ ئامادە نەبوو.

بەڵام نوێنەرانی عەشیرەتەکان (عەباس مامەند ئاغا) پێشەوای گەورەی ئاکۆ، (باپیر ئاغا بابەکر ئاغا) لە گەورەکانی پشدەر، (محەمەد زیاد ئاغا) نوێنەری پێشووی کۆیسنجەق، (حسێن بوسکێن) کەسایەتی ئاینی و سەربازی لە بنەماڵەی ساداتی بەرزنجە کە ((شێخ مەحمود لە سلێمانی ئەویش لەو بنەماڵەیە هەڵکەوتووە).

لەم کۆبوونەوە داخراوەدا، سەرەڕای کۆبوونەوەی گشتی، نوێنەرانی حیزب رەخنەیان ئاراستەی (بارزانی) کرد چونکە نکوڵی لە دەوری پێشڕەوی حیزب کردووە. بە مانایەکی دیکە دان پێدانەنانی بە پێویستی بوونی حیزب بۆ سازدانی رۆشنبیران و کاسبکاران و خاوەن پیشەکان و چینەکانی تری کۆمەڵگای مەدەنی.



بیروڕای پیاوانی حیزب بەم جۆرە بوو:

ئەگەر شۆڕشی کورد تەنیا بۆ عەشیرەتەکان قۆرخ بێ ئەوا دەبێتە جێگای گاڵتە جاڕی خەڵکی جیهان و بە جوڵانەوەیەکی دەرەبەگایەتی بەرتەسکی دەزانن.

هەروەها نوێنەرانی عەشیرەتەکانیش وەك پێدەچوو، بەتایبەتی (عەباس مامەند ئاغا)، لەوە دەترسان کە حیزب بە شێوەیەکی ئەوتۆ دەست بکا بە رێکخستنی پیاوانی عەشیرەتەکان کە دەسەڵاتی پێشەوا کلاسیکییەکانی عەشیرەتەکان لەناو بەرێ. ئەوسا، هەندێك لە لاوانی عەشیرەتی (پشدەر) و هەندێك لە عەشیرەتەکانی تر چوو بوونە ناو حیزبەوە.

دواجار نوێنەرانی عەشیرەتەکان بەوە رازی بوون کە بە هەق حیزب گرنگی هەیە، و بۆ هێنانەدی سەرکەوتن پێویستە، هەموویان لەسەر ئەوە رێککەوتن کە لە کاتی سەرهەڵدانی هەر نالێکییەك لە پاشەڕۆژدا، لە نێو خۆیان راوێژ بکەن و پێویستیشە لەسەر حیزب بەشداری لە دابینکردنی پێداویستەکانی هێزەکانی عەشیرەتەکان بکا. هەموان کۆشش بکەن بۆ ئەوەی هەموو ئەو ئاغایانەی کە لە پاڵ حکوومەت دان وەکو (مەحمود زێباری)، شێخی نەقشبەندی، شێخی بریفکانی) بۆ ناودۆزی نیشتیمانی کورد رابکێشن[17].

لە کۆنگرەدا روون بۆوە کە ژمارەیەك لەو عەشیرەتانەی کە لە پێشاندا چووبوونە پاڵ حکوومەت، ئێستا لە ریزی جوڵانەوەی نیشتیمانی دان، لەوانەش: هەرکی، خۆشناو، برادۆستییەکان بوون. هەروەها یەکێك لە کوڕەکانی (شێخ رەشید لولان). کە لە سەرسەختترین دوژمنانی ئەو بوون، هاتنە ریزی (بارزانی)یەوە.

---

[17] ئەوانە بەریزێکی یەك بە دوای یەکدا بریتی بوون لە ((مەحمود ئاغای زێباری) پێشەوای عەشیرەتی زێبار و یەکێك لە سەرۆك جاشەکانی حکوومەت هەر لە سەردەمی (عەبدول کەریم قاسم)ەوە. (شێخ مەسعود نەقشبەندی) شێخی تەریقەت و خەلیفەی (شێخ بهاوالدین نەقشبەندی) لە تەکیەی (بامەڕنی). (شێخ جلال الدین البریفکانی) پێشەوایەکی ئاینییە بارەگای لە گوندی (بریفکان)ە کە گوندێکی نزیکی دهوکە. (ج. ف)

له 30ی ئازار (جەلال تالەبانی) بە سەرۆکایەتی شاندێك کـە لـە چـوارده نوێنـەر پێکهـاتبوو، بـۆ دان و سـەندن لەگـەڵ حکوومـەت[18] گەیـشتنە بەغـدا. بـەڵام فەرمانڕەوایانی نوێی عیراق، دوودڵییـەکی زۆریـان بـۆ دان و سـەندن لەگـەڵ ئەوانـدا پیـشاندا و نوێنـەرانی رەسمـی حکوومـەت لـە کـاتی گەیـشتنی ئـەوان بـۆ بەغـدا، پێشوازییان نەکردن، بەڵکو ئەندامانی هەمان ئەو شانده میللییە کە چەند هەفتەیـەك پێشتر سەردانی کوردستانیان کرد بوو، بۆ پێشوازییان چوون. پـاش چـەند رۆژێـك لـە ئاخاوتن لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیەدا، (جەلال) ئەو پرسیارە رەسمییەی ئاراستەکردن:

- ئایا ئێوە دەتوانن بە زمانی حکوومەتەوە بدوێن؟

ئەندامانی شاندە میللییەکە دەبوو ئیقرار بەوە بکـەن کـە ئـەوان ئـەم جـۆرە دەسەڵاتەیان نییە. لەبـەر ئـەوە (تالـەبانی) بڕیاریـدا دیـدەنی سـەرۆك وەزیـران (البکر) بکا. سەرۆك وەزیران نامەیەکی نـاردبوو کـە تێیـدا لـە بەرامبـەر ئـەو دواکەوتنە دووروودرێژە بۆ دان و سەندنی رەسمی داوای لێبوردن دەکا و بەڵێنیدا کە لە رۆژی 6ی نیسان رێکەوتی شەممە دەست بکا بە تـەرخانکردنی هـەموو کـاتی خۆی بۆ دان و سەندن لەگەڵ شاندی کـوردی. بـەڵام تـەنیا دوو کاتـژمێر بەسـەر نامەی سەرۆکی حکوومەتدا تێپەڕی، کە شاندی کوردی لە رادیۆی بەغداوە گوێ بیستی هەواڵێك بوون کە سەرۆك (البکر) رۆژی شـەممە بـۆ دان و سـەندن لەگـەڵ حکوومەتی میسری سەفەری قاهیرە دەکا. پاش پێـنج رۆژ شـاندی عیراقـی لـە قاهیرەوە گەڕایەوە. دواجار کۆبوونەوەیەك لە ئاستێکی بەرزدا گرێدرا.

لە کوبوونەوەکەدا وەزیری ناوخۆ (الـسعدی)، وەزیـری بـەرگری (العمـاش) و سەرکردەی هێزی ئاسمـانی عیراقـی (التکریتـی) بەشـداربوون. لەسـەر داخـوازی ئامادەبووان ئەندامانی شاندی کوردی یادنامەیـەکی رەسمیـان ئامـادە کـرد کـە

[18] ئەو شاندە (جەلال تالـەبانی)، (مـسعود محەمـەد، پـارێزەر)، (مـصطفی عزیـز)، (صـالح الیوسفی)، (محەمەد سعید خفاف)، (رشید عارف)، (عگیـد صـدیق)، (حبیـب محەمـەد کریم) (شاخەوان نـامق)، (عبدالـصمد الحـاج محەمـەد)، (رۆوف ئەحمـەد) و (عبدالحسین فیلی)، (حسین خانقا)، (هاشم عقراوی) بوون. (ج. ف)



لەوێدا داخوازییەکانی خۆیان تێدا گونجاند بوو. ئـەم داخوازییانـە لـە ناوەڕۆکـدا هـەمان ئـەو داخوازییانـە بـوون کـە پێـشتر چـەند جارێـك و بـەبێ دەسـکاری پێشکەشکرا بوون، لە 24ی نیساندا پێشکەش کرا.

هەروەها بەڵگە نامەیەکی تر هەبوو کە گرنگییەکـەی لەگـەڵ هـەمان یادنامـەدا یەکسان بوو. کە شاندی کوردی پێشکەشی نوێنەرانی عیراقـی کـرد بـوو. لـە کـاتی کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی ((الوحده)) لە قاهیرە کە لە 17ی نیساندا کۆتایی پێهات.

خاڵە سەرەکییەکانی ئەم یادنامەیە بریتیی بوون لە:

1- ئەگەر عیراق، وەکو خۆی بێئەوەی گۆڕان لە قەوارەکەیدا رووبدات، مایەوە، ئەوا داخوازییەکانی کورد لە عـیراق تـەنیا لـە جێبـەجێکردنی ئـەو بـەیان نامەیەدا دەمێنێتەوە کە لە لایەن کۆمـاری عیراقـەوە لـە 9ی ئـازاردا لـە بارەی (لامەرکەزی)یەوە دەرچووە.

2- ئەگەر عیراق بە یەکگرتنی یەکێتییەکی فیدراڵییەوە پەیوەسـت بـوو، ئـەوا پێویستە گەلی کورد لە عیراق ئۆتۆنۆمییەکی بەرفراوانی پێببەخشرێ.

3- ئەگەر عیراق لە نێو یەکێتیەکی تەواودا لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبیدا توایەوە. ئەوا گەلی کورد لە عیراقدا هەرێمێکی سەربەخۆ پێك دەهێنێ[19].

[19] ئەم یادنامەیە بەم ناونیـشانە بـوو: ((یادنامـەی شـاندی کـوردی بـۆ بـەرێزان سـەرۆك و ئەندامانی شاندی عیراقی لە دان و سەندنەکانی قـاهیرە)) دوای دیباجەکـە و دوو بڕگـەی یەکەم و دووەم، یادنامەکە دەچێتە سەر بڕگەی سێیەم، کە لێرەدا دەقی بڕگەکە دەخەینـە روو، ئەمەش بە هۆی ئەو جیاوازییەوە کە لە نێوان دەقەکە و لە نێوان ئەوەی کە (شمیدت) تۆماری کردووە، بە دیمان کردووە:

سێیەم: بۆ جڵەوگیری لەهەر چەشنە ئیشکالێك کە لەوانەیە لـە پاشـەرۆژدا رووبـدا و بـۆ لابردنی هەرچەشنە نالێکییەك لە نێوان بڕیارەکانی کە لە کۆبوونەوەکانی قاهیرە دەردەچێ و لە نێوان مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە عیراق، لێرەدا رای گەلی کورد کە لە سروشتی بـوون و پێگەی خۆی لە عیراق و لە میانی تێکۆشان و تاقیکردنەوەکانی خۆی لـەماوەی مێـژوو لـە چۆنیەتی رێکخستنی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ گەلی عـەرەب لـە هەلومـەرجی جیاجیـادا هەڵقوڵاوە لێرەدا پوختە دەکەین:=

هەرچەندە هەندێك لە چاودێرانی سیاسی عەرەب ئەم داخوازییانەیان بە جۆرێك لێكدایەوە كە لە واقیعدا ئەمە داخوازی جیابوونەوە دەگرێتە خۆی. بەڵام كورد نكۆڵییەكی بێ چەند و چوونیان لەوە كرد كە ئەوان هەر جۆرە نیازێكی جیابوونەوەیان هەبێ و تەئكیدیان لەوە كردەوە كە كورد ئارەزوو دەكا وەك پاژێك لە كۆماری عیراق لە ژیانی خۆی بەردەوام بێ، پاژێك بێ كە لە چوار چێوەی دەوڵەتدا بە ئۆتۆنۆمی شاد ببێ.

سەرۆكی حكوومەت هەروەكو كە پێشتر رەزامەندی دابوو، رازی بوو كە لە كاتژمێر 11ی سەر لە بەیانی رۆژی چوارشەمە رێكەوتی 24ی نیسان دیدەنی شاندی كورد بكا بۆ ئەوەی ئەو یادنامەیە وەربگرێ كە داخوازییەكانی كوردی تێدا گونجێنراوە.

كورد زۆر لە تاسەی ئەوەدا بوون كە چاویان پێ بكەوێ ئەمەش لەبەر چەندین هۆ بوو لەوانە: یەكەم: هەرچەندە ئەوان لە رووی پرەنسیپەوە ئەو راگەیاندنەی حكوومەتیان قبووڵكرد بوو كە ئیقرار بە ((مافە نەتەوەییەكانی گەلی كورد لەسەر بنەمای لامەركەزی دەكا))، بەڵام لە كاتی گوتوبێژ لەگەڵ بەرپرسانی عیراقی هەستیان كرد ئەو پرۆژە لامەركەزییە لە زۆربەی رووەكانیدا لەگەڵ ئەو مافانەدا یەك ناگرنەوە كە ئەوان داوای دەكەن. لە پرۆژەكەدا دەركەوتبوو كە ((لامەركەزییەكی گشتییە)) و بەسەر هەربەشێك لە بەشەكانی عیراقدا جێبەجێ

---

=**یەكەم:** ئەگەر عیراق بەبێ گۆڕانكاری لە قەوارەی خۆی، مایەوە ئەوا داخوازییەكانی گەلی كورد لە عیراق لە جێبەجێكردنی ئەو بەیانەدا خۆی دەنوێنێتەوە كە لە لایەن كۆماری عیراق بۆ مافەنەتەوەییەكانی گەلی كورد لەسەر بنەمان (لامەركەزی) دەرچووە.

**دووەم:** ئەگەر عیراق چووە پاڵ یەكێتیەكی فیدراڵی، پێویستە گەلی كورد لە عیراق حوكمێكی ئۆتۆنۆمی بە تێگەیشتنی ناسراو و بێ تەمومژ وەبەدەر لەبەر تەسك كردنەوەی پێبدرێ.

**سێیەم:** ئەگەر عیراق لە نێو یەكێتیەكی تەواو لەگەڵ دوڵەتانی عەرەبی تردا توایەوە. ئەوا گەلی كورد لە عیراقدا هەرێمێكی دەبێ كە پەیوەستە بەو دەوڵەتە یەكگرتووەوە و بە جۆرێك كە پەیوەندی توندوتۆڵی نێوان هەردوو گەلی برا بەرەو پاشەڕۆژێكی باش بێنێتەدی)). (ج. ف)



دەكرێ و وەك كۆمەڵەیەكی جیاواز لە چوارچێوەی وڵاتدا مامەڵە لەگەڵ كورد ناكا، هیچ قەوارە و خەسڵەتێكی تایبەتی بە كورد نابەخشێ.

دووەم: هەموو ئەو راپۆرتانەی كە لە كوردستانەوە بۆ یان دەهات، نیگەرانی كردبوون، هەموو ئەوانە ئاماژەیان بەوە دەكرد كە حكوومەت دووبارە گەمارۆی ئابووری دەسەپێنێتەوە و رێگاكانی كوردستان دادەخا و حكوومەت هێزەكانی كۆدەكاتەوە و هەڵدەستێ بە خۆپێشاندانی هێزی ئاسمانی و تۆپخانە و ئامێرەكانی دژی كورد.

ئەندامانی شاندی كوردی كاتژمێر 10.45 دەقیقە گەیشتنە ناو فەرمانگەی سەرۆكی حكوومەت، لەوێ ئەفسەری ئێشك ئاگاداری كردن كە سەرۆك خەوتووە. شاندی كوردی بە تووڕەیی و ناڕەزایەتییەوە ((یادنامەی داخوازییەكان)) یان پێشكەش كرد و ئاگاداریان كردن كە ئەوان بەرەو كوردستان دەگەڕێنەوە و بەغدا بەجێدەهێڵن. پاش ئەوە چوون بۆ بینینی (فوئاد عارف) وەزیری دەوڵەت بۆ كاروباری كورد.

(فوئاد عارف) بە تەلیفون پەیوەندی بە (تاهیر یەحیا) وەكرد، بە جۆرێكی بە پەلە لە زەرفی نیو كاتژمێر دەیدەنی (تاهیر یەحیا) سەرۆكی ئەركانی سوپای بۆ رێكخستن. شاندەكە كە غەزەبیان لێ دەباری چوونە نوسینگەی (تاهیر یەحیا) و رایانگەیاند كە هاتوون خواحافیزی بكەن، چونكە ئەوان بەرەو كوردستان دەگەڕێنەوە. (تاڵەبانی) لەوێ گوتی كە ئەو، ئێستاكە قەناعەتی بەوە هەیە كە هەرگیز حكوومەتی عیراقی نایەوێ بەدان و سەندن هەڵبستێ.

((لیوا تاهیر یەحیا)) دڵتەنگی زۆری لەو بارەیەوە دەربڕی و گوتی: ئەگەر بێتوو كورد ئاوا بەو وەزعەوە بگەڕێتەوە، ئەوا مسۆگەر رواڵەتەكە ئاماژە بەوە دەكا كە دان و سەندن كۆتایی هاتووە، كە ئەمەش جێگای داخە و ئاماژە بە ئاكامێكی خراپ دەكا. لەو كاتەدا (تاڵەبانی) بە تووڕەییەوە لێی پرسی:

- ئایا بە راست دان و سەندن لە ئارادایە؟

(تاهیر یەحیا ) بە تەئکیدەوە وەڵامیدایەوە:

- بەڵێ دان و سەندن هەیە و ئێمە بایەخێکی گەورە بە پێشنیارەکانی ئێوە دەدەین.

بەڵام تاڵەبانی سور بوو لەسەر ئەوە کە چەندین هۆکاری لەبەردەستە کە وای لێبکا حکوومەت ئارەزوو ناکا بەشێوەیەکی جیدی ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکا.

لەو کاتەدا ((لیوا یەحیا )) چووە لای مێزەکەی و نوسخەیەکی لە قورئانی پیرۆز هەڵگرت و سوێندی پێخوارد کە حکوومەت هیچ مەرامێکی خراپی لەمەڕ کورد نییە. لەبەر خوا پارایەوە کە ئەگەر درۆ بکا، خوا کوێری بکا! گوتی:

- تکاتان لێدەکەم مەڕۆن، جەژنی رەمەزان لێرە بن پاش جەژن دەست بە گوتوبێژی جیدی دەکەین.

هەروەها گوتی کە لەم ماوەیەدا پێشنیارەکانمان دەنێرین بۆ (جەمال عەبدول ناسر ) و حکوومەتی سوریا بۆ ئەوەی گۆشەنیگای ئەوانیش بزانین.

کورد بە دوودڵییەوە رازی بوون کە تا کۆتایی جەژنی رەمەزان بمێننەوە. دواجاریش لە یەکەم رۆژی ئایاردا (ئەحمەد حسن بکر ) رازی بوو چاوی پێیان بکەوێ. (تاڵەبانی ) بە راشکاوی نیگەرانی خۆی لە دواکەوتنی دان و سەندن دەربڕی و پرسیاری دەربارەی ئامادە کارییەکانی حکوومەت بۆ دەست پێکردنەوەی شەڕ دەربڕی. (سەرۆکی حکوومەت ) قورئانی پیرۆزی بۆ سەر سەری بەرزکردەوە گوتی:

- سوێند بەو قورئانە من نیازی خراپم بەرامبەر بە ئێوە لە دڵدانییە. هەروەها گوتی: داخوازییەکانی کورد نێردراون بۆ هەردوو حکوومەتی (قاهیرە و دیمەشق ) بۆ تێکەڵکردنی راکانی ئەوانیش. (تاڵەبانی ) بە توندی و ناخۆشییەوە گوتی:

- سوێند بەو قورئانە تۆ نیازی خراپت بەرامبەر بە ئێمە نییە، بەڵام هەموو سەرکردەکانی بەعس لە مەسەلەی ئێمەدا نیازیان خراپە.

پاشان داوای لە (البکر ) کرد کە رێگای بدا کە بە فرۆکە بچێتە قاهیرە تا داخوازییەکانی کورد بۆ (ناصر ) شی بکاتەوە. ئەو لە ژێر رۆشنایی درکاندنەکانی سەرۆك وەزیران و (ئەلسەعدی و یەحیا ) بیری دەکردەوە کە پێیان وابوو باشترین



ئامرازە بۆ جولاندنی دان و سەندن لە نێوان کورد و عیراقییەکان. لەوانەیە (ناصر )یش واداربکا کە هەڵوێستێکی روون و یەکلاکەرەوە وەربگرێ. سەرۆك وەزیران گوتی کە ئەو داواکە دەخاتە بەردەمی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش. چەند کاتژمێرێك پاش ئەوە لە رێگای (لیوا تاهیر یەحیا ) وەڵامی ناردەوە کە داخوازییەکە رەزامەندیی لەسەر دراوە و وەزارەتی ناوخۆش بێ گوێدانە پشوودانی رۆژی جەژن (فەرمانگەی پاسپۆرت ) دەکاتەوە بۆ ئەوەی پاسپۆرتی تاڵەبانی نوێ بکەنەوە. رەزامەندی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەسەر ئەو داخوازییە و رێگادان بە یەکێ لە بەهێزترین ئاخێوەران بە زمانی کوردەوە، رێگای چوونە دەرەوە و گەیشتنی بەو شوێنانە کە دەتوانێ بە ئازادی قسەی تێدا بکا، کوردی حەپەساندبوو. ئەوان هەروا مابوونەوە و نەیاندەتوانی شی کردنەوەیەکی بۆ بکەن[20].

---

[20] هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەو پاڵنەرەی کە حکوومەتی عیراق وای کرد کە کێشەی کورد بۆ هێزێکی عەرەبی دەرەکی کە کۆماری عەرەبی یەکگرتووە و خۆی لە (جمال عبدالناصر)دا دەنوێنێ، حەواڵە بکا، هیچ ئاڵۆزییەکی تێدا نییە. قاهیرە ئەو کاتە دان و سەندنی سێ قوڵی نێوان (سوریا، عیراق و میسر)ی بۆ یەکگرتن تێدا بەڕێوەدەچوو. ئەو دان و سەندنانە روو بە چەقین هاتبوون. بەعس لەوەدا سەرکۆنەی ناسری دەکرد. ناسر بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەو پرۆژەیەی بۆ یەکێتی پێشکەشیان کردووە هەر لە بنەڕەتدا پرۆژەیەکی مانۆر و سەرگەرم کردن بووە و بە مەبەستی خۆدزینەوەیەکی سیاسی لە دروشم یان لە رووکارێکی بیروباوەڕ، بۆ ئەوەی لە پرسی سەرنەکەوتنی پرۆژەی یەکگرتن (کە گۆشەیەکە لە سێگۆشەی سەرەکی دروشمی بەعس) سەرکۆنەی لایەنی بەرامبەری پێبکەن.

پێشنیاری حکوومەتی عیراق بۆ شاندی کوردی بۆ ئەوەی پەیوەندی بە (ناسر) بکەن، دوایش رازی بوونی دەسبەجێی لەسەر سەفەری سەرۆکی شاندەکە، پاژێکە لەو مانۆڕە، مانۆڕی خۆدزینەوە لە دروشم یان سەرکۆنە خستنەسەر (ناسر)، تائەو جێیە کە لێرە پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە هەیە: ئەوە بوو کە حیزبی بەعس لە ساڵی 1963دا (وەکو بەعسی ساڵی 1970 نییە) ئەوساکە هەر لە بنەڕەتدا باوەڕی بەوە نەبوو کە گەلی کورد مافەکانی خۆی هەیە و لەو مافانەش ئۆتۆنۆمی و مافی چارەنووسە. یان هەر نەبێ ئارەزووی نەدەکرد کە ئەو مافانە بێنەدی ئەگەر باوەڕیشی پێهەبووبێ ئەوان لەو کاتەدا لە (ناسر) دەترسان، (ناسر) لە راستیدا=

رۆژی دووەم (تاڵەبانی) بە سواری فرۆکە گەیشتە (بەیروت). (شەوکەت عقراوی) چەند رۆژێك پێشتر گەیشتبووە ئەوێ. لەوێوە پێکەوە بە فرۆکە چوونە قاهیرە و لە 25ی ئایاردا دیدەنی (عبدالناصر)یان کرد.

(عبدالناصر) شتێکی ئاشکرای رانەگەیاند، هاوکارەکانیشی هیچیان نەگوت، بەڵام سێ و دوویان لەوەدا نەکرد کە ئەو پەڕی گەرم و گوڕی لەگەڵ نوێنەرایەتی کورددا بنوێنن، ئاستێکی گەورەیان لە هاوسۆزی نیشاندا. ئەوان وایان دەبینی کە داخوازییەکانی کورد مەعقولن و وایان دادەنا کە هەر چەشنە هەوڵێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە لە رێگەی زەبر و هێزەوە، گەوجێتییەکی تەواوە، هەروەها ئەوان لەسەر هیچ جۆرە جیابوونەوەیەك رازی نین و لەو باوەڕەش دانین کە

=حەزی دەکرد، هەر چەشنە (رەزامەندییەکیان) لە بەرامبەر کورددا، لە دژی ئەوان (بەعسییەکان) بەکاربهێنێ بە تایبەتیش لەو کاتەدا، هەر بۆیە بەعسییەکان ئەوەیان زۆر بە لاوە گرنگ بوو کە کوردەکان پەیوەندی راستەوخۆ بە (جمال عبدالناصر)ەوە بکەن و هەر ئاوا دەستەوئەژنۆ بیان هێڵنەوە و چاوەڕێی ئەنجام بکەن جائەگەر رای (ناسر) رەتکردنەوەیەکی گشتی یاخود رەتکردنەوەی پاژێك لە داخوازییەکانی کورد بوو، ئەوا لە بەرپرسیاری مێژوویی و سیاسی و پەلاماردانەکانی راگەیاندن و پروپاگەندەی (ناسر) رزگاریان بووە و رەتکردنەوەی خۆشیان بۆ داخوازییەکانی کورد، پاساو دەدا. (رەزامەندی ناسر)یش بۆ داخوازییەکانی کورد، دەبێتە چەکێك بۆ ئەوان بەربەرەکانی پێ بکەن یاخو ببێتە پرەنسیپێك پروپاگەندەی لەسەر بکەن. لە هەمانکاتیشدا نابێتە هۆی ئەوەی کە رێگر بێ لەوەی سیاسەتی نکۆڵی کردن لە مافەکانی کورد جێبەجێ بکرێ و شەڕ دەست پێبکاتەوە هەر وەکو بەکردەوە لە 10ی حوزەیرانی 1963دا روویدا. لەبەر ئەوە (مەلا مستەفا) لەوەی کە دۆزی کورد ببرێتە (میسر) و پێداگری دەکرد کە چارەسەرەکەی تەنیا لە عیراقدا دەبێ، نیگەران و تووڕە بوو، لەسەر هەق بوو.

ئەو شیکردنەوەیەی کە (مەلا مستەفا) بە قووڵبینی سیاسیی سەرسامهێنەری خۆی هەڵی هێنجا بوو، راست و دروست بوو لە کاتێکدا زۆر لە سیاسەتوانانی ناسراوی کورد لە بابەتی هەردوو هاوڕییان شێخ بابا عەلی و ئوئاد عارف کە زۆر بە هەڵپەبوون بۆی، بە هەڵەداچوون ئەمە سەرەڕای دانەری کتێبەکە کەوا دەردەکەوێ وای دابنێ کە (مەلا مستەفا) ئاسۆی بیری بەرتەسکە و ناتوانێ ئەو مانۆڕە سیاسیانە وەربگرێ. بە هەرحاڵ خەڵکێکی زۆر هەیە لەناو کورددا کە لەمبارەیەوە وەکو (بیرکردنەوەی بارزانی) بیردەکەنەوە، چونکە هەروەکو (شیمدت) دەڵێ، چاوتێبڕین لە بەخشندەیی و دڵاوایی دەسەڵات، هیچی لێنەکەتۆتەوە. (ج. ف)



کوردەکان جیابوونەوە خوازن. ئەمە دووەمین سەردانی (تاڵەبانی) بوو بۆ (ناسر) ئەو پێشتر لە مانگی شوباتدا بەهاوڕێیەتی شاندی عیراقی بۆ قاهیرە سەردانی ناسری کردبوو.

کاریگەری مەعنەوی کۆبوونەوەی (ناسر) لەگەڵ (تاڵەبانی) گەورەبوو، ئەوە یەکەمین جار بوو جیهانی عەرەبی گوێ بۆ دەنگی کورد شل بکا. جاری یەکەم بوو رۆژنامەوانی عەرەبی هاوسۆزیی لەگەڵ کورددا دەردەبڕی. پاش چاوپێکەوتنی (ناسر)، تاڵەبانی نەگەڕایەوە بۆ بەغدا، هەرچەندە هەر لەسەر ئەو باوەڕەبوو کە پشتەوانی (ناسر) کارێك دەکا کە لە باری دەروونییەوە رێکەوتنی (بەعس) لەگەڵ کورد ئاسانتر بێت، جگە لەوەش هەندێك هەواڵی لە بەغداوە بۆ هاتبوو کە گەڕانەوەی بۆ ئەوێ جێگای دڵنیایی نییە. لە جیاتی ئەوە بڕیاریدا کۆنگرەی رۆژنامەوانی لە بەیروت ببەستێ و پاشان لەگەڵ (عەقراوی)دا بچێت بۆ ئەورووپا بۆ ئەوەی هەوڵبدا دیدەنی دۆستان بکا و کار لە ناحەزان بکا.

تاڵەبانی لە تشرینی یەکەمدا بە رێگایەکدا کە پێویستە بەنهێنی بمێنێتەوە گەڕایەوە بۆ کوردستان و لە تشرینی دووەمدا سەرکردایەتی پیاوانی خۆی لە ((چەمی رەزان)) وەرگرت. ئەمەش لە ساتەوەختێکی گونجاودا بوو بۆ ئەوەی پێشوازی لە دوو ئەفسەری عیراقی بکا کە هاتبوون و ئاڵای ئاگربەستیان بەرزکردبۆوە تا پرسیاری ئەوە بکەن کە ئاخۆ کورد ئامادەن دووبارە دان و سەندن بکەن؟

تاڵەبانی بەگاڵتەپێکردنەوە گوتی: کورد شاندی دان و سەندنی لە بەغدایە. (هەمان ئەو شاندەی کە لە کۆتایی مانگی ئایاردا کە خۆی سەرکردایەتی دەکرد)، بۆ دان و سەندن تەنیا ئەوەندە بەسە کە ئەو شاندە لە بەندیخانە ئازاد بکەن. ئەو بێگومان بە جۆرێکی تایبەتی بیری لە (صالح یوسفی) ئەو پیاوە بە رەوشت و ئارامە دەکردەوە کە وەك بەرپرسی گوتوبێژەکان لە بەغدا بەجێیهێشتبوو، پێشەوایانی کورد لەو باوەڕەدابوون کە پاش ئەوەی فڕێیان داوەتە بەندیخانەوە بە جۆرێکی دڕندانە ئەشکەنجەیان داوە.

(تاڵەبانی)[21] لە قۆڵی خۆیەوە پارتی هاندا کە لە گوند و شارۆکە کوردییەکاندا بەڕێوەبەرایەتی شارستانی دابمەزرێنن ئەوەبوو ئەنجوومەنی ناوچەکانیان هەڵبژارد، بە حوکمی بارودۆخی واقیعەکە، کورد یەکەمین هەنگاوی خۆیان بەرەو دەوڵەتێکی ئۆتۆنۆم نا.

گومانی تێدانییە کە (تاڵەبانی) پاش ئەوەی لە ئەوروپا گەڕایەوە دووبارە سەلماندی کە یەکێکە لە باشترین سەرکردە سەربازییەکانی کورد، بەڵام کورد بەمە لە گۆڕەپانی سیاسەت و پروپاگەندەی نێودەوڵەتیدا ئەو لە دەست دەدەن. ئەو لاوێکە لە قانوندا خاوەن پراکتیك و رۆژنامەوانێکی حازر بەدەست، وەك سەرکردەیەك رابردوویەکی شکۆداری لە جەنگی پارتیزانیدا هەیە، هەروەها ئاخێوەرێکی رەسمی تازیاریشە[22].

---

[21] لەبارەی ئەو وردەکارییانەی کە راستەوخۆ کەوتنە پێش مانگی حوزەیران من خۆم بە قەرزاری ریچارد ئەندریگ دەزانم کە لە رادیوی سویسرا کاری دەکرد، چونکە ئەو تا رۆژی 9ی حوزەیران لە بەغدا بوو. ((دانەر))

[22] ساڵی 1964 جیاوازییەکان گەیشتە ئەوپەڕی توندی و ئەوەبوو (ئیبراهیم ئەحمەد) و (جلال) و (عمر مستەفا) لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و علی عەسکەری و حیلمی شریف لە جوڵانەوەکە جیابوونەوە و ئەم لێکترازانە لە نێوان توندوتیژی و زەبروزەنگ و ئارامی و خامۆش بوونەوەدا بوو تا لە کۆتایی ساڵی 1970دا گەڕانەوەی خۆیان بۆ ناو حیزب و شۆڕش و باوەڕهێنان بە سەرکردایەتی (بارزانی) راگەیاند و هەموو رێکخستنەکانی خۆیان هەڵوەشاندەوە و تەسلیمی حیزب و سەرکردایەتی شۆڕشیان کرد. ئێستا ئەوان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا دەژین. (ج. ف)

# بەشی شازدەیەم

# هـەڵسەنـگانـــدن

تێکۆشانی کورد لە عیراق، داستانێکە بۆ خۆی، هەروەها تراژیدیاشە: ئەمە چیرۆکی گەلێکە لە ململانێی ژیان و مردن لە پێناوی مانەوەدا.

لە بەشەکانی پێشوودا، رابردوو و ئێستای گەلی کورد، تێکۆشانی نەوەکانی، سەرکەوتن و تێکشکانەکانیانمان بینی. والێرەدا، لە کۆتاییدا هەوڵ دەدەم کەمێك لە پاشەڕۆژ بڕوانم، ئەویش لە ڕێگای هێنانەکایەی ئەم پرسیارە: بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان چییان دەوێ؟

نەیارانی ئەوان چییان دەوێ، لە لێکدانی ئەم دوو لایەنەدا، لە کێشمەکێشمی نێو دەوڵەتیی بەینی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، چ پەیوەندییەك هەیە؟ ئایا نزیکترین ئەگەرێك بۆ ئەنجامی ئەو جەنگە چییە، ئایا سیاسەتی ئەمریکا دەبێ چۆن بێ؟

بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بە سروشتی حاڵ لە پێناوی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقیدا دەجەنگن. بارزانی و پەیڕەوانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی (کویسنجەق) لە ئازاری 1963دا لەسەر کۆمەڵێك داخوازی رێککەوتن کە لە 24ی نیساندا بە رەسمی پێشکەشی حکوومەتی عیراقی کرا.

لە پێناوی هەڵسەنگاندنی ئەو داخوازییانە بە هەڵسەنگاندنێکی راست، بۆ ئەوەی کە بیرۆکەیەك لەسەر ئەو سیمایە بخرێتە روو کە دەکرێتە بەر دەوڵەتێکی خاوەن ئۆتۆنۆمی تایبەت بە کورد، پێویستە مرۆڤ بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبسەنگێنێ.

بارزانی لە بنەڕەتدا پێشەوایەکی عەشیرەتی بوو. ئەو توانایەکی راستەقینەی لە تێگەیشتن و پەی بردن خستەڕوو، هەروەکو هەندێك بەرتەسکی بێ هاوتاشی نیشانداوە. ئەو لە دەوروپشتی خۆیەوە ئەفسانەی ((پێشەوا))یەکی پڕ لە نهێنی بنیاتناوە. هەر چەندە ئەو رێگەی بەکەس نەداوە وشەی پێشەوا بەکاربهێنێ. ئەو بەرگێکی تەمومژاوی بەسەرخۆیدا هێناوە و هەروەها وای کردووە کە ئەفسانەیەك بە دەوری ئەودا هەڵببەسترێ کە هەمان ئەو شێوەیەیە کە دیگول لە کتێبەکەیدا ((Le Fil I'EPe'e)) باسی دەکا.



لەو کاتەدا کە دەیبینی دیدەنی ژمارەیەکی گەورە لە خەڵك دەکا، لە هەمانکاتدا دەبینی کاتێکی درێژ بە تەنیایی بەسەردەبا. ئەوانەش کە ئەو دیدەنییان لەگەڵدا دەکا بازنەیەکی بەرفراوانی هەمو چینەکان دەگرێتەوە. بەڵام ئەگەر بگوترێ کە هاوڕێی شەخسی خۆی هەیە، ئەوا ئەوانە پێشەوا کلاسیکییەکانن، مەبەستم ئاغاکان و موڵکدارەکان و شێخەکانن. ئەو متمانە بە کەس نابەستێ، نە سکرتێری تایبەتی و نەڕاوێژکار بەڵکو ئەو پەسنی سەربەخۆیی و هێز دەکا.

لە دەمی پیاسەکردن و راوێچکەکردنی رۆژانەی خۆی (ئەگەر هەلومەرجەکە بوار بەو جۆرە پیاسانەی بدا) هەست بە جوانی و بەرزی ئەو پیاوە دەکەی. ئەو وەکو دارستون رێك و راست، گۆچانێکی چەماوەی شوانیی لە داری گێلاس بە دەستی راستییەوەیە و بە هەنگاوی شێنەیی هەنگاوەکانی هەڵدەهێنێ و سەیری لای راست و لای چەپی خۆی ناکا و لە بیرکردنەوەدا نقوم بووە، وا دەردەکەوێ کە گرنگی بەوە نادا کێ بە لایدا تێدەپەڕێ و هەوڵ نادا سڵاویان لێ بکا.

ئەمڕۆکە پایەی بارزانی لای کورد گەورەیە. لەو باوەڕەدام وەك ئەفسانە یان وەك خوڕافە بەرەو ئەو دیوی سنورەکانی عیراق بەرەو کوردەکانی تورکیاو ئێران بڵاودەبێتەوە. ئەگەر ئێستا ئاشتی بەرقەرار ببێ، ئەوا گومانی تێدا نییە سەرۆکایەتی، یان سەرۆکی حکوومەتی کوردستانی عیراق یان لە هەموو کوردستان لەو تێناپەڕێ و ئەمەش پابەندی ئەوەیە کە تاچەند هەلومەرج و بۆنەکان رێگای پێدەدەن.

لە گوتوبێژەکانی لەگەڵ مندا ئاسۆ فراوانی و ئاسۆ تەسکیشی لە لێڕوانین و راکانیدا دەردەخست. هەندێك جار بە هۆی ئەوەی کە وام بەخەیاڵدا دەهات کە کەم تواناییەك لە تێگەیشتنی ئەودا بۆ قسەکانی من یان قسەی کەسانی تر هەیە، تووشی شۆك دەبووم. هەندێك کاتی واهەبوو گومانم پەیدا دەبوو کە ئەو بە ئەنقەست نەزانی و فەفامی دەردەخات بۆ ئەوەی بتوانێ گۆشە نیگای خۆی بسەپێنێ.

بەم جۆرە ئەو وادەردەکەوت کە نەیتوانی لە نرخی ئەو گەشتەی (تاڵەبانی) بۆ قاهیرە و جەزائیر[1] تێبگا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من گومانم بۆ ئەوەیە، ئەو بە رواڵەت ئەو هەڵوێستەی پیشان دەدا، بۆ ئەوەی مکوم بێ لەسەر پێویستی ئەوەی کە حکوومەتی عیراقی بە کاری خۆی هەڵبستێ، هەروەها بۆ ئەوەش کە بیسەلمێنێ کە حکوومەتی عیراقی ناتوانێ بە وشەگەلێکی هەنگویناوی و وتەی بریسکەدار فریوی بدا، بەلاشییەوە گرنگ نییە کە چ کەسێك ئەو قسانە دەکا.

پاشان لەوەشدا وادیارە کە ئەو لە تێگەیشتنی بیروڕاکانم دەربارەی دەسەڵاتەکانی رای گشتی لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکان، کەم توانایە. بەڵام پاشان بۆم دەرکەوت ئەو خۆی حەزی نەدەکرد کە تێبگا و بە رواڵەتی نەزانی خۆی دەردەخست، چونکە من گوتوبێژم لە مەسەلەی دەسەڵاتەکانی رای گشتی و هەروەها لە نەبوون و بەدەست نەبوونی زانیاری لە بارەی کوردەوە وەکو پاساوێك بۆ سیاسەتی بێباکانە و حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەهێنیایەوە. من پێموایە بۆیە حەزی دەکرد کە پێداگری بکا تا بەرپرسیاریی بخاتە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان.

بیرکردنەوەی فراوان و حیکمەتی بارزانی غەریزە بوون. بەڵام ئاسۆ تەسکی ئەو کارێك بوو کە دەوروپشتی عەشایری کە زۆربەی ژیانی خۆی تێدا بەسەربرد

---

(1) بڕوانە ئەو بەدوواداچوونەی کە لەم بابەتەدا لە بەشی رابردوودا نووسیومانە، لە واقیعدا رووداوەکان دروستی تیورییەکەی (مستەفا بارزانی)یان سەلماند. ئەوەبوو هەوڵ و توانای کوردیش هەڵمژرا بۆ ئەوەی کۆمەڵە سیاسەتێکی دیاری کراو، لە نێوەندێکی پڕ لە نالێکی سیاسی و پیلان بازیدا کە لە بەینی دەوڵەتانی عەرەبیدا هەبوو، بەو فێڵە تێپەڕبکرێ، بێ ئەوەی کورد بە خۆشی بزانێ. ئەمەش جاری یەکەم نەبوو کە پێشبینی و هەڵسەنگاندنی سیاسی بارزانی بە راست دەردەچوو، ئەو بەماوەیەکی کورت پێش شەڕی حوزەیرانی 1967 ئامۆژگاری ئەو شاندە سەربازییە عیراقییەی کە بە سەرۆکایەتی سەرۆك ئەرکانی سوپا ((الانصاری)) بوو، کرد کە (عبدالرحمن عارف) بۆ داوای هاوکاری سەربازی لێی، ناردبوونی. ئەوەبوو بارزانی چەند جارێك ئەو ئامۆژگارییەی بۆ ئەفسەرەکان دووبارە کردەوە کە جەنگ لەگەڵ ئیسرائیلییەکان نەکەن لە ژێر باری هەر هەلومەرج و حاڵێکدا بێ. ئەم هوشیارکردنەوەش بە دەیان کەس لە ئامادەبووان گوێیان لێبووە.



بوو، بەسەریدا سەپاند بوو. ئەو زانستەی کە ئەو خوێند بووی، هەرچەندە ئەو بڕێکی گەورەی لە رۆشنبیرییە ئاینییەکان خوێند بوو. بەڵام لە پەروەردەی مەدەنی و زانستی زۆر بەختەوەر نەبوو[2]. واپێدەچوو کە ئەو لە ماوەی ئەو دوازە ساڵەی روسیا —وەکو باسیان کرد، توانیویەتی زانستی مێژوو، جوگرافیا، ئابووری بخوێنی، بە هەموو سەرکەوتنێکیشەوە خۆی لەو کاریگەرییە ئایدیولۆجیایە بپارێزی کە دەوریان دەدا، لە زۆر لەو زانستە بە سودانەش پەناگیر بوو کە دەکرا بە دەستیان بهێنێ. بیگومان ئەو ژمارەیەکی لە روسەکان لە وڵاتی روسیا ناسیوە، ئەو بە رەوانی و پاراوییەوە قسەکردن بە زمانی روسی فێر بوبوو، بەڵام بە پێچەوانەوە بڕێکی زۆر کەمی لە ئەوروپیەکان زانیوە.

هەستی تایبەتی ئەو ئاسۆی بیرکردنەوەی بەرتەسك دەکاتەوە لە هەڵچوونێکی بچووکدا کە (ئریك رولو) لە ماوەی چاوپێکەوتنی لەگەڵیدا لە ئازاری 1963 دەیگێڕێتەوە، دەردەکەوێ کە لەو کاتەدا دەربارەی گیروگرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە گیرۆدەی گەلی کورد بوون، پرسیاری لێدەکا، مەلا مستەفا وەڵامی دەداتەوە:

- دەڵێن رۆشنبیری من ئەوەندە کامڵ نییە کەبتوانم لەو کێشە ئاڵۆزانە تێبگەم لەبەر ئەوە واباشترە پرسیار لە روناکبیران و حەکیمان و سیاسییەکانی نێو ئەشکەوتەکان بکەی کە دەیانناسی (مەبەستی ئیبراهیم ئەحمەد) بوو کە لە واقیعدا لە ئەشکەوتێکدا دەژیا و (رولو) پێش ئەوەی دیدەنی بارزانی بکا، لەو ئەشکەوتەدا چاوی پێکەوتبوو.

---

(2) ئەو کەسەی کە فیقهی ئیسلامی دەخوێنێ و بەکەسێکی مۆڵەت پێدراو یان دەرچوو دادەنرێ پێویستە گرنگییەکی تایبەت بە زۆر لە زانستەکانی ((العقلية و النقلية)) بدا، لە پێشەنگی ئەو دەرسانەی کە وەری دەگرێ (منطق، فلسفة، علم الكلام اللاهوت، مبادیء الحساب و الهندسة، القانون الشريعة) هەروەها زانستگەلێکی بێ ژمارە لە زانستەکانی زمان وەکو: البيان، النحو، الصرف، الشعر، الآدب، التأريخ، الجغرافية، هەروەها لەبارەی فەلەك ناسی، شتێك بزانێ. بەهەرحاڵ زانایانی ئاینی کە دەرچوون هەرگیز ناتوانرێ بگوترێ کە رۆشنبیرییەکی ئاینی رووتی هەیە. (ج. ف)

لە ئەقڵی بارزانیدا نەریتە کلاسیکییەکانی عەشیرەتەکەی، بێگومان پلەی پێشەنگی هەیە. لەو نەریتانە ئەرکی کوڕ بەرامبەر باوك و خێزانەکەیەتی. هەر بۆیە ڕێگای بە (لوقمان)ی کوڕیدا لە مەهامێکدا بچێتە بەغدا چونکە (شێخ ئەحمەد)ی برا گەورەی ئیرادەی لەسەر ئەوە بوو لەبەر ئەوەی (شێخ ئەحمەد) گەورەی بنەماڵەیە، ئەوەبوو لەوێ کەوتە بەردەستی (قاسم) و خرایە بەندیخانەوە.

بارزانی کاتێك کە ئەو ڕووداوەی دەگێرایەوە ڕەخنەی ئاراستەی براکەی نەکرد، گوتی:

- ئەو پیاوێکی بەساڵداچووە، دوازدە ساڵی نێو چوار دیواری بەندیخانە تەئسیریان لێکردووە و ڕووخاندوویانە. ئەو باوکی هەموومانە و ئەو منی پێگەیاندووە.

بارزانی لە گێڕانی ڕۆڵی سەرکردایەتیدا بە توانایە چونکە سەلماندوویەتی پسپۆڕی سەربازییە و سیاسەتوانێکی واقیعییە. لە نێو هەموو کوردا، کەسێکی تر نییە ئەوەندەی بارزانی بتوانێ ئەو هەموو زانیارییە زۆرە لە نێو بیرەوەری خۆیدا هەڵبگرێ، لە هەموو کوردستانیشدا کەس نییە وەکو ئەو بتوانێ بەو ڕادەیە بەدانایی و بەزرنگییەوە چ لە کاروباری سەربازیدا چ لە کاروباری سیاسیدا بەکاری بهێنێ. نەریتی ئەو لە ئاڵ و گۆڕ و گوێزانەوەی بەردەوامی لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر بڕی کەل و پەلە تایبەتییەکانی بارەگاکەی وەك دەزگای بێتەل و کەرەسەی تر، دیاری دەکا. سەرەڕای ئەمەش هەرگیز هەوڵی ئەوە نادا کە لەگەڵ هەموو بەرەکان لە پەیوەندییەکی بەردەوام بێ بەڵکو سەرکردەکانی خۆی تا پلەیەکی گەورە ئازاد دەکا کە خۆیان کار بکەن. ئەگەر بروسکەیەکی بە پەلەی لە بابەت کارێکی ترسناکەوە پێبگا، نایخاتە لاوە بۆ ئەوەی (بەیانی وەڵامی بداتەوە)، بەڵکو لەو کاتەدا بە زمانی عەرەبی و بە نووسینێکی ئاسایی و درێژ وەڵامی دەداتەوە و بە نێردراوێکی تایبەتدا دەینرێتەوە. بارزانی هەر خۆی لە ساڵی 1962 ئەم شێوازی لەشکرسازیی و خستنە مەیدانییەی بۆ پلانێکی ئامادە سازیی بە نەخشەکێشانێکی باش، پەرەپێدا کە هەر لە کۆتایی ئەو ساڵەدا وای لە کورد کرد کە لە هەڵوێستێکی باڵادەستدا بن.



جوڵانەوەی بەردەوام بە سیفەتی ئەوەی کە سیاسییەکی کردەنییە، خزمەت بە بارزانی دەکا، ئەو هەر بە غەریزە، لە بنیات نانی شورەی سیاسی، دەست بە تاڵبوونی بۆ نییە و بێ پسانەوە یەکێتی کورد بە هێز دەکا و ئەو مەزنترین ئەندازیاری تەلارسازیی یەکێتی کوردە. ئەو بۆ یەکەمین جار کوردی عیراقی یەکخست (ئەمەش بە ڕەهایی گەورەترین داستانی شوێنەواری ئەوە) چ بە زۆر و یان بە دڵخواز هێزە عەشیرەتییەکانی بە جۆرێك ڕێکخست کە ئامادەی بکا هاوکاری پیاوانی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن و بەم جۆرە توانای بە هەمووان بەخشی کە بچنە مەیدانی شەڕی حکوومەتی عیراقەوە.

جیاوازی (بارزانی) لەگەڵ (ئیبراهیم ئەحمەد) بە ڕادەیەکی ئەوتۆ گەورە جیاوازی هەیە کە ناتوانرێ هیچ جۆرە بەراوردێك و بەرامبەرییەکیان لە نێواندا بکرێ، لە کاتێکدا دەبینی لە وەختی قسەکردندا پەنا دەباتە بەر بەڵگە هێنانەوە و پشتەوانی کردنی ڕاکانی خۆی بە پەند و چیرۆکی ئەفسانەیی، (ئیبراهیم) بەوردەکاری ڕوشبیرێکەوە گوزارشت لە خۆی دەکا.

ئەگەر بارزانی لە شانۆ نەمێنێ، ئەستەمە بتوانین جوڵانەوەی نیشتیمانی کورد بە یەکپارچەیی و بە هێز و پتەو ببینین، ئەو پیاوێکە هەرگیز ناتوانرێ دەست بەرداری بن لە دەمێکدا دەتوانرێ دەستبەرداری (ئیبراهیم) بن و بە جێگرێکی تر قەرەبوو بکرێتەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ((ئیبراهیم)) شوێنەواری خۆی لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان داناوە و پلە بە پلە سەرکردایەتی کردوە و لە ژێر چنگی حیزبی شیوعی دەریهێناوە. قەتیس بوونی ئەندامێتی حیزب لەسەر شارنشینانی دوور لە کەسانی عەشیرەتی —دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەرتبوون و لێکترازانەی کە تاڕادەیەك کاری خۆی لە بەینی حیزب و کەسانی سەر بە عەشیرەتاندا کردبوو- لەبەر ئەوە ئەو ئەندامێتیە لەسەر شارنشینان ئەوانەی کە تاڕادەیەك مەیلی ((چەپخوازی))یان هەیە، قەتیس بووە. وێڕای ئەوەی کە (کۆمەڵە) لەسەرەتای سەردەمی خۆیدا لە ئێران ژمارەیەکی گەورەی لە سەرۆك عەشیرەتان بۆ خۆی ڕاکێشابوو، کەچی حیزب لە عیراقدا لە زۆرینەیەك لە

خەڵکی خوێندەوار، و دەرچووانی ئامادەییەکان و زانکۆکان و تەکنیکیەکان و پیشەوەران پێکدیێ. ئەم کۆمەڵە ((رۆشبیرانە)) بە جۆرێکی راستەوخۆ چوونە نێو بەرەی نارەزایەتی بەرامبەر دەستەی هەڵبژاردەی دەرەبەگە عەشیرەتییە کلاسیکیەکانەوە.

لە حاڵی ئێستادا پەیکەری عەشایری کۆن لە ژیانێکی درەوشاوە دایە، چونکە دەستەی هەڵبژاردەی هەرە دیاری ئەوان دەتوانێ چاکترین سەرکردایەتی سەربازی دابین بکا. بەڵام لە مەودایەکی درێژدا بە پێشکەوتنی شارستانێتی و راکێشانی رێگا و بان بۆ نێو چیاکان و کردنەوەی قوتابخانان کە هەر دەبێ ببێ، پەیکەری عەشیرەتی و هۆزایەتی روو بە لاوازی و هەڵوەشانە. لە مەودایەکی درێژدا پارتی دیموکراتی کوردستان جێگەی هێزە عەشیرەتییەکان دەگرێتەوە و لە جێگای ئەودا بەرزدەبێتەوە کە لە حاڵەتی ئێستادا پێشەوایەتی بارزانی لەسەری چڕبۆتەوە. حیزب لە قەوارەی خۆیەوە جێگرێك بۆ ئەو بوونیاتە عەشیرەتییە پیرەڵۆك بووە پێشکەش دەکا و هەروەها جیگرەوەی پێکهاتەی ئەو دەوڵەتەشە کە ئەوان ئاواتی پێ دەخوازن و جێگرەوەی دەوڵەتانی غەیرە کوردیشە کە بەسەر ئەواندا سەپێنراوە.

کاریگەریی و گرنگی حیزبی سیاسی بۆ کورد ئەو کاتە دەتوانرێ مەزەندە بکرێ کە مرۆڤ بیرەوەری خۆی بگێڕێتەوە بۆ پاش سەرکەوتنی حکوومەتی تورکی لە لەناوبردنی یەکجارەکی و لە ریشە دەرهێنانی بونیاتی کلاسیکی عەشیرەتی، ئەوا رێکخستنێکی نهێنی بۆ پارتێکی دیموکراتی کوردستانی ئیدی بووە بە تاکە هیوای کوردەکانی تورکیا بۆ ئەوەی پەیکەرێکی رێکخراویان هەبێ.

لە بەرامبەر ئەو نفوزەی شیوعییەکان ئەوانەی کە بە ئاراستەیەکی دوور لە بەرژەوەندی کورد کار دەکەن، پارتی، بۆ تەرخان کردنی هەموو کۆششێکی خۆی بۆ جەنگ لە پێناوی ئۆتۆنۆمی لە جولاَنێکی شێنیەیدا بوو. هێزەکانی حیزب کاتێك دێنە مەیدانی شەڕەوە، چانسێکی کەمتر و سەرکەوتنێکی کەمتریان لە هێزەکانی بارزانی هەیە. هەڵسوڕانی حیزب لە بواری پروپاگەندەی دەرەوە،



کۆکردنەوەی هاوکاری و پیتاك بۆ خێزانە لێقەوماو و دەستکورتەکان، بە گەڕخستنی توانا و چالاکییەکان، کۆکردنەوەی زانیاری، لە واقیعدا هەر جۆرێك لە چالاکییەکانی ناتەواو و ناکامڵ دەرکەوتن کە لە راستیدا ئەمانە نوێشکی کارەکانی حیزبن و لە غەیری حیزب کەسێکی تر تەنیا لە پەراوێزدا، ئەگینا ناتوانێ پێیان هەڵبستێ (وەکو کارکردن لە مەیدانی پروپاگەندەدا) ئەمانە جۆرە چالاکییەك بوون کە بارزانی نەیدەتوانی و پێرا نەدەگەیشت بۆ خۆی پێیان هەڵبستێ.

هەروەها لە لایەنە ئەرێنییەکانی حیزب، مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کە لە ماوەی هەژدە مانگی قوناغی یەکەمی جەنگ لە پێناوی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد، توانی خۆی لە ژێر سێبەری حیزبی شیوعی رزگار بکا و لەو کاتەوە کە ئیدی چنگی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر هەندێك لە پەیڕەوانی ئەو حیزبە خاو بۆتەوە ئیدی دووبارە ئاراستەی سیاسی یەکێتی سۆڤێت و حیزبی شیوعی بۆ پشتەوانیی کردنی کورد بە جۆرێکی ئاشکرا لە دژی بەعس ئارامی کردۆتەوە لە کاتێکدا کە بەریتانیای مەزن یەکێکە لە مەزنترین دەوڵەتانی رۆژئاوا کە بە چەك یارمەتی حکوومەتی بەغدا دەدا.

هەر چۆنێك بێ پارتی دیموکراتی کوردستان بە خۆڕاگرتنێکی زۆرووەوە خۆی راگرتووە و ئێستا بە هەموو توانایەوە بەشداری لە جەنگدا دەکا، بەسەر بەخۆییەکی تەواوەوە لە حیزبی شیوعی سەربەخۆیە. هەروەکو بە قووڵی درك بە پێویستی هاودەستی لەگەڵ بارزان بە درك کردنێکی زیاتر لەخودی ئەو پێشەوا نیشتیمانییە خۆشی، بە سروشتی تەواوکاریانەی ئەو دوو رەگەزە مەزنەی نێو هێزەکانی کورد، دەکا.

لە واقیعدا من واهەست دەکەم کە سەرکردەکانی حیزب بە جۆرێکی (ماسوشی)[3] ملکەچی دەکەن بۆ سەرکۆنەکردنی بەردەوامی بارزانی و بچووککردنەوەیان و نکوڵی کردن لە هەوڵەکانیان. ئەوان زۆرباش دەزانن کە (پارتی) بێ پێشەوایەتی بارزانی کە ناتوانرێ قەرەبو بکرێتەوە، بێ ئەو هێزە سەربازییەی کە عەشیرەتەکەی هەیەتی، ناتوانێ ئاستێکی گەورە لە هێز پیشان بدا.

کێبەرکێی نێوان حیزب و هێزە عەشیرەتیەکان لەوانەیە توندوتیژتر بێت ئەگەر هاتوو شەڕ گەیشتە قۆناغی کۆتایی راستەقینە یاخود ئەو کاتەی کە خەریکە دەگاتێ. لەو کاتەدا مەترسییەکە زۆر توند دەبێ کە هەرکام لە بارزانی لە لای خۆیەوە و حیزب لە لایەی خۆیەوە واگومان دەکەن کە دەتوانن بە تەنیا بێ یارمەتی یەکتری کاربکەن.

ئەو هێزە کوردییانە سەرەتا رووبەڕووی ((قاسم)) پاشان ئەو بەعسییانە کە لە 10ی حوزەیرانەوە تاکودەتای سوپا بەسەریاندا لە 18ی تشرینی دووەم، ببوونەوە. ئایا بەعس ئاواتی چی بوو؟ بەعس پەیمانی لەگەڵ خۆی بەستبوو کە بارزانی وردوخاش بکا و (چیاکان پاك بکاتەوە) بەعس بۆچی ئەو پەیمانەی دابوو. ئەمە کارێکە جێگای سەرسوڕمانە. بۆ وەڵامدانەوەی ئەمە من وای دەبینم دەبێ لە کۆمەڵە فاکتەرێکی جۆربەجۆردا لێڕامان بکەین. بەعس هێزێکی نوێی چالاك بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دوژمنی کورد بوو. دوژمنایەتیەکەشی بە چەندین قۆناغ لە دوژمنایەتی ((نوری سەعید و عەبدولکەریم قاسم)) مەترسیدار تر بوو. بەعس توانیبووی لە هەر کام لە عیراق و لە سوریا بێتە دەسەڵات و سوریش بوو لەسەر مانەوە. بەعس مرخکارییەکی زۆری هەبوو. خاوەن هیوا و ئاواتی بەرین و بڵاو بوو. یەکێك لە سەرچاوەی هێزی بەعس ئەوەبوو کە حزبێکی عەرەبی بوو، شیوعی نەبوو، رێکخستن و دیسپلینی خۆی لە سەر بنچینەی سیستەمی شانە

(3) Masochism (نسبەیە بۆ: ماسوش): زانای دەروونناسی نەمساوی، بریتییە لە، نارێکییەکی ئەقڵی بە هۆی ئەوەی کە خاوەنەکەی هەست بە تام و چێژ و خۆشی دەکا لەو ئازار و زەلیلکردنەی کە بە خۆی دەگەیەنێ. (ج. ف)



دامەزراند بوو، ئەو یەکەمین حیزب بوو کە دەکرێ بگوترێ —بە کەمێك زیادە رۆیی و چاوپۆشی- ئایدیولۆژیایەکی هەبوو کە لە بنەتۆوێکی خۆماڵییەوە هاتبوو. ئەمەش وەکو جێگرەوەیەك بۆ (ناصر) خۆی دەنواند. ئەم تایبەتمەندیانە کردبووی بە هێزێکی نوێی گرنگ.

لە هەمانکاتدا بەعس لایەنی زۆر لاوازیشی تێدابوو، یەکەمیان: ئەندامانی کەم بوو، گەرچی زۆر لە رۆشنبیرانی پێشکەوتووی عەرەب ئارەزوویان دەکرد، بەڵام خاوەن بنکەیەکی جەماوەری ئەوتۆ نەبوو. تەنانەت ئەستەم بوو بتوانێ خۆپشاندانێك لەسەر شەقام رێك بخات.

دووەمیان: بەعس خۆی گۆشەگیر کردبوو، دیکتاتۆریەتێکی حیزبی سەپاندبوو، ئەویش بەوەی کە هەموو پەیوەندییەکی لەگەڵ توخمە سیاسیەکانی تردا پچڕاند بوو و دەسەڵاتی حوکمی تەنیا بۆ خۆی پاوان کردبوو. دەست پێکردنەوەی جەنگ[4] دژی کورد یەکێك بوو لەو رێوشوێنانە بۆ ئامادەکردنی

(4) لە 10ی حوزەیرانی 1963دا حکوومەتی عیراق بەیاننامەیەکی درێژی بەناونیشانی ((بەیاننامەی حکوومەتی عیراق بە دەسپێکی جوڵانەوەی سەربازی)) دەرکرد، کە ئەمانەی خوارەوەی لێوەردەگرین ((شوڕشی 14ی رەمەزان کە لە قوڵایی خەباتی پاڵەوانانەی میللییەوە هەڵقوڵا... بۆ ئەوە هات کە ئەو بارووەزعانە راست بکاتەوە کە بە درێژایی چوار ساڵ و نیو دروست ببوون، بە تایبەتی لە نێوان عەرەب و کوردەکاندا کە چەندین سەدە بە یەکەوە لە ژێر سێبەری خۆشەویستی و هاوکاری و چارەنووسی هاوبەشدا ژیاون... و دەسبەجێ دەست پێشکەری بۆ ئاگربەستکرد... گیراوە سیاسیەکانی ئازادکرد و ئەو کوردانەی کە دەسەڵاتدارێتی ستەمکاری (قاسم) دەری کردبوون، گێڕایەوە بۆ سەر وەزیفەکانی خۆیان... هەروەها شۆڕش هەموو جۆرە رێوشوێنێکی بە پەلەو یەکلاکەرەوەی بۆ لابردنی ئەو گەمارۆ ئابوورییە گرتەبەر کە (قاسم) سەپاندبووی.. هەروەها حکوومەت شاندێکی میللی بەرێ کرد ... ئەمە لە کاتێکدا کە گەلەکەمان زۆر بە باشی دەزانێ کە ئەو هەلومەرجە نائاوێزەی کە هۆکاری شەڕبوو لە نێوان قاسم و کومەڵی بارزانییەکان بە دامەزراندنی حوکمی دیموکراسی میللی لە ئارادا نەماون هەرچەندە کە مستەفا بارزانی و دەستەکەی مافی نوێنەرایەتی هەموو کوردیان نییە و سەرباری ئەوەش کە بارزانییەکان لە ریزی ئەو توێژانە بوون کە بە هەموو توانایانەوە پشتەوانی حوکمی دیکتاتۆری نائاوێزی (قاسم) یان کردووە و هاوکارییان کردوە لە هەستان بە کوشت و کوشتارەکانی موسڵ و

هێزەکانی سوپا بۆ مەرامی حیزبایەتی بەعس... ئەمەش تاڕادەیەك کارێکی ئاسانە، چونکە لە لایەن عەرەبی عیراقەوە خۆشەویست نین. جەنگ لە دژی کورد کۆمەگی (بەعس) دەکا کە لە نزمترین هەستەکانی دەمارگیریی رەگەزپەرستی

کەرکوك و سەرباری هاوئاهەنگیان لەگەڵ شیوعییەکان لە سیاسەتە تاوانکاری و دوژمنکاریەکانیان بۆ ئاوات و هیواکانی گەل لە هێنانەدی دیموکراسی و ئازادی و گەشانەوەی نەتەتەوەیی، و سەرباری بە ئاشکرا دیابوونی ناسنامەی دەرەبەگایەتی خوازییان و پەیوەندییان بە ئیستعمار و کۆنەپەرستی و زایونیزم و دوژمنایەتیان و ئەنجامدانی تاوان دەرهەقی هاونیشتیمانیانی تری کورد.... باوەڕی حکوومەتی شۆڕش بە هاوچارەنووسی عەرەب و کورد لە بەشداری کردنی نوێنەرانی کورد لە شاندە رەسمی و میللییەکاندا) کە لە ولاتانی عەرەبی تاوتوێی یەکێتی عەرەب دەکەن، خۆی دەرخستووە (لێرەدا (بەیانەکە ئەو پەیوەندی و گوتوبێژانە باس دەکا).... کەچی توێژی جوداخواز و دەرەبەگایەتیخواز کە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیستعمار و کۆنەپەرستی و زایونیزمدا ناسراوە و زەمەنێکی درێژ پشتەوانی لە حوکمی دیکتاتۆری کۆنەپەرستی (قاسم) کرد، ئەم هەڵوێستە جوامێرە کاری تێنەکرد... و بەرژەوەندی نیشتیمان و بەرژەوەندی جەماوەری کوردەکانی نەخستە سەرووی بەرژەوەندە خۆپەرستە ناشیرینەکانی خۆی، و تەماعکارییە هەلپەرستییەکانی خۆی فرێ نەدا.... و بەدوای داخوازییەکی جوداخوازییانەی کۆنەپەرستی و ئیستعمارییەوەیە، و بەو پەڕی پەیوەستییەوە بە بەرژەوەندی دەوڵەتانی بێگانەوە پەیوەستە و ئامانجی هەڕەشەکردنە لە سەربەخۆیی عیراق و یەکپارچەیی نیشتیمانی و سەرچاوە شۆڕشگێڕیەکەی.

(بەیانەمەکە لێرەدا بیست و سێ رووداوی پێشلکاری و دەست درێژی نایاسایی کە کوردە شۆڕشگێڕەکان کردوویانە هێناوەتەوە) ئەمەش دڵۆپێکە لە دەریایەك لە رووداوی تاوان و ئاژاوەگێڕی کە جوداخوازان ئەنجامیان داوە، و بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەمانەی پێشەوە و پێداگری ئێمە لەسەر پاراستنی هاونیشتیمانیان و دووبارە گێڕانەوەی ئاسایش و سەقامگیری بۆ هەر چوارگۆشەی نیشتیمان.. بڕیارماندا بە دەستپێکردنی پاککردنەوەی ناوچەکانی باکوور لە پاشماوەی بارزانییان و شوێنکەوتووەکانیان لە بەرواری ئەمڕۆوە. هەروەکو بڕیارماندا کە هەموو ناوچەکانی باکوور ناوچەی جوڵانەوەی سەربازی دەبن... ئەنجوومەنی نیشتیمانی سەرکردایەتی شۆڕش هایدانی ئەو دەستەخاینە کە لە ئیرادەی گەل و یەکێتی نیشتیمانی دەرچووە، دەکا کە لە ماوەی 24 کاتژمێر هەر لە وەختی پەخشکردنی ئەم هایدانەوە چەك فڕێ بدەن و لایەنگری خۆیان لە حوکمی نیشتیمانی دیموکراسی میللی رابگەیەنن ئەگەرنا ئەنجوومەنی نیشتیمانی هەر چەشنە ئاکامێك کە بە هۆی هەڵوێستی خیانەتکاری ئەوانەوە دێتەدی دەخاتە سەرشانی ئەوان... بژی شۆڕشی (14)ی رەمەزانی پیرۆز و مردن بۆ خیانەتکارانی جوداخواز و دوژمن بە گەل. ئەنجوومەنی نیشتیمانی سەرکردایەتی شۆڕش). (ج. ف)



عەرەبەکانی عیراق کەڵك وەربگرێ. هەروەها لەوەشدا یارمەتییان دەدا کە کەڵك لە ئەفسەرانی سوپا وەربگرن، ئەوانەی قەناعەتیان وایە کە ئەوان هەلێکیان بۆ وردوخاش کردنی بارزانی و شکاندنی هەیبەتی بارزانی نەدراوەتێ، (قاسم) بەشێوەیەکی جیدی هەوڵی بۆ ئەوە نەدەدا، بەڵکو ئەو جڵەوی سەرکێشی سوپای کرد بوو ئەوان دەتوانن (لە زەرفی دوو هەفتەدا) ئیشی بارزانی یەکلابکەنەوە. ئەو ئەفسەرانە ئەگەر بهاتبایە، بە هۆی ئەو ریسوابوونانەی کە لە چیاکانی کوردستان توشی هاتن، بەرامبەر بە خۆیان بەویژدان بوونایە، بە لانی کەمەوە — پەنایان نەبردەبەر پیلانگێری لە دژی بەعس لە کودەتایەکی خوێناویی لە شەقامەکانی بەغدادا حوکمی بەعسیان نەدەڕوخاند!

ئەو جۆرە نائومێدی و هیوابڕاوییەی بەعس بەرامبەر هێرش و پەلامار دژی کورد، ئەو وەحشیگەرێتی و زەبروزەنگ و ئارەزووکردنە بەرەو دەمارگیریی رەگەزپەرستی، لەو شێوازەدا شی دەکرێتەوە کە سوپای عیراقی لە بەڕێوەبردنی قۆناغی دووەمی جەنگدا پێی هەڵدەستا دەستە پاچە وەستانی ئەوان لەوەی کە کارێکیان بەرامبەر بە پیاوانی بارزانی لێبوەشێتەوە لە هەندێك حاڵەتدا رووی لە خەڵکی مەدەنی بوو. ئەوان بە بۆمباران کردن گوندەکانی کوردستانیان سوتاند، هەزاران ژن و پیاو منداڵیان ئاوارەکرد.

حیزبی بەعس بەجۆرێك رەفتاری دەکرد هەروەك پەیڕەوی لە هەمان سیاسەتی پەلاماردەرانی تورکیا کە لە ساڵانی 1925-1938 لە بەرامبەر کورد کردی، بکا، ئامانجی تواندنەوەی کۆمەڵگای کوردی بێ بەو بوونەی ئێستایەوە کە هەیەتی.

پەلاماردانی بەعس بە شکست کۆتایی هات هەر وەکو چۆن (قاسم) لەسەر دەستی کورد توشی کۆمەڵێك نسکۆ هات، ئەو نسکۆیانە رێگای بۆ رووخاندنی خۆشکرد، بە هەمان شێوەش شکستی (بەعس) لە هەمانکاردا رێگای بۆ لەناوبردنیان کردەوە.

مەرامەکانی رژێمی عارف کە دوابەدوای حوکمی (بەعس) هات، هێشتا روون نییە. (عەبدول سەلام عارف) لە ساڵی 1964دا بانگەوازی بۆ کورد بەو پێودانگەبوو کە ئەوان مسوڵمانی چاکن و باچەکەکانیان فڕێ بدەن. بەڵام

دەربارەی مافەکانی کورد شتێکی نەگوت. لە هەمان کاتیشدا سوپای شـەکەت و وره بەرداو، خۆی لە بەرپاکردنی هێرش بۆ سەر کورد بە دووردەگرت.

بە چ شێوەیەك دەکرێ ئەم ناکۆکییە پەیوەندی بە ناکۆکی نێوان رۆژهـەڵات و رۆژئاوا وە هەبێ؟ ئێستا ئەوە راستییەکی واقیعییە کە ئێمە درك بـەوە دەکـەین کە ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا بـە پەلـە کاردەکـا (بـەڵام نـەك وەکـو پێویستە) بۆ ئەوەی دووبارە شەڕ لە عیراق لە دژی کورد دەست پێنەکاتـەوە. لـە نامەیەکدا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (دین رسـك Dean Rusk) کـە ئاراسـتەی حکوومـەتی بەغـدای کـردووە داوای لێـدەکا کـە کـار بکـا بـۆ گەیـشتن بـە یەکلاکردنەوە و لە نامەیەکی سەرزارەکیشدا کە ئاراستەی بارزانی کرا، داوای لـە پێشەوای کورد کردووە کە دووبارە شەڕ نەکاتەوە، بەڵکو هەوڵبدا ناکۆکییـەکانی خۆی لەگەڵ بەغدا بـە رێگـای دان و سـەندن یەکلاییکاتـەوە. نامەکـە هەنـدێك کاریگەری لەوەدا هەبوو کە دنەی کوردیدا لـەو بڕوایـەدا بـێ کـە ئـەمریکا لـە پێناوی ئاشتیدا کاری کردووە و ئێستا هیوایەك بۆ یەکلایی کردنەوە هەیە.

ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئارەزووی یەکلایەکردنەوەیەك بوو لەسەر بنـەمای کوردستانێکی خاوەن ئوتونۆم کە لە چوارچێوەی کۆماری عیراقدا بە ئاشتی بژی، چونکە دوبارە دەست پێکردنەوەی شەڕ تەنیا حزمـەتی نەخـشەکانی کۆمـۆنیزم دەکا. چونکە دۆزێکی رەواوتراژیدی دەخاتە بـەردەمی شـیوعییەکان و یـەکێتی سۆڤێتی کەلە کۆتاییدا دەکرێ تا ئەو پەڕی توانا ئیستغلال بکـرێ. ئەمـەش بـە کردەوە روویدا هەرنەبێ لە باری راگەیاندنەوە، بـە هـۆی بـوونی حکوومـەتێکی بەعـسی کـەتا ئەوپـەڕی خـۆی، دژە کۆمـۆنیزم بـوو[5]. ئـەوەبوو پروپاگەنـدەی سۆڤێتی کۆمەڵە گورزێکی گورچك بڕی بە قازانجی کورد، ئاراستەی حکوومـەتی

[5] لەو کاتەدا پەیوەندییە ئەمریکی-عیراقییەکان ئەو پەڕی گەرم و بێگەرد بوو، تەنانەت (علی صالح السعدی) کە لە حیزب دەرکراو دەسەڵاتەکانی لێ سەندرایەوە بەو پەڕی زات کردنەوە لە درکاندنێکی رەسمیدا گوتی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەعسی هێناوە. (ج. ف)



بەعسی لە بەغدا کرد (گومان لەوەدا نییە کە سۆڤێت لـەو هەڵـچوونەی خۆیـان کەم کردەوە، چونکە بۆیان دەرکەوت ئەگەر بەغدا بە مێـشکیدا هـات بکەوێتـە سەروکاری دۆستایەتی شیوعییەکان و بەرقەرارکردنی دۆستایەتی سـۆڤێت، ئـەوا ئەو کاتە پێویست دەبێ لەسەریان کە گریـان و شـیوەنی خۆیـان بـۆ دۆزی کـورد جارێکی تر کەم بکەنەوە یان رای بگـرن هـەر وەکـو کـە لـە رۆژانـی (قاسـم)ی ڕاڕادا[6] ئەنجامیاندا. هەرچۆنێك بێت ئـەوان بەشـداریکردنیان لـە دۆزی کـورددا

[6] لە واقیعدا هەڵوێستی جولانەوەی کۆمۆنیزم لە راست شۆڕشی کورد، خۆی لە خۆیدا هەڵوێستێکی نایاب و خۆشی بەخشە ئەگەر بێتوو لە لایەنە کومیدییەکەیەوە سەیر بکرێ. بەڵام خێرایی هەڵگەڕانەوە و ڕاڕایی بیروڕا لەسەر شۆڕش کە پاشکۆ و دواکەوتەی حوکمی هەلومەرجی کات و شوێن بێ، بۆ حیزبێك کە پێگە و جێگەی خۆی هەبوو و خاوەنی کاریگەری خۆی بوو لە ناوەوە و دەرەوەش، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر پێگەی شیوعییە خۆجییەکان و ئەوانەی دەرەوەش لەسەر ئاستی جیهانی هەبوو، هەروەکو دەرفەتگەلی گەورەی بۆ دوژمنانی شۆڕشی کورد پێکهێنا بۆ لێدان و تێسرەواندنی.

یەکەمین هەڵویست لەوانە، ئەوەبوو کە حیزبی شیوعی عیراقی (لقی کوردستان) وەریگرت. ئەم هەڵوێستە بریتی بوو لە گومان دانان و لە بەیان نامەیەکدا کە بڵاوی کردەوە دەکەوێتە سەرباری گومان خستنە سەر ئاراستەکان و سەرکردایەتی شۆڕش، و بە بورژوازی و هەلپەرست وەسفی دەکا و داوا دەکا کە هەڵوێستی خۆپارێزی و ئاگاداری لێوەربگیرێ چونکە هەوڵدەدا کە حوکمێکی نیشتیمانی (حوکمی عەبدول کەریم قاسم) بڕوخێنێ. حیزب هەستا بە ناردنی چەند هەزار دانەیەك لەو بەیاننامەیە کە لقی کوردستانی حیزب لە تشرینی یەکەمی 1961 لە سلێمانی دەری کردبوو، بۆ ئەوەی لە بەغدا بڵاوی بکەنەوە. ئەوەبوو ئەو کەسەی بەیاننامەکەی پێ بوو لەگەڵ هەموو بەیاننامەکاندا گیراو، بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی عیراق وای خەیاڵ کرد شتێکی وای گرتووە کە پایەی لای (عەبدول کەریم) بەرزدەبێتەوە، ئەوەبوو پاش ئەوەی (گیراوەکە ئەشکەنجەدرا) یەکسەر چوو بۆ لای (قاسم) تادەربارەی بەیاننامەکە ئاگاداری بکا. لەوێ بەڕێوەبەری گشتی تووشی چ جۆرە حەپەسانێکی گەورە هات کە (قاسم) گیراوەکەی زۆر بەرێز و حورمەتەوە ئازادکرد و چەند هەزار دانەی تریشی لەو بەیاننامەیە چاپ کرد و وەکیلەکانی دەزگای (ئەمن)ی راسپارد کە بەسەر خەڵکدا دابەشی بکەن. پاش ئەمە شیوعییەکان بۆ ماوەی چەند مانگێك بێدەنگ مابوونەوە! گۆشەنیگایەکی لەمبابەتە، بێدەنگی شیوعییەکان هەندێکجار لە بەرامبەر رووداوەکانی کوردستان لەم کات و وەختەدا هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێشتا شیوعییەکان پێگەی گرنگیان لە نێو رژێمی=

=(قاسم)دا هەبوو. هەروەها یەکێتی سۆڤێتی لەو کاتەدا هیچ ئارەزوویەکی بەلای ئەوەدا نەبوو دوورەپەرێزی لە نێوان ئەو و لە نێوان هاوپەیمانێکی بە هێز لە جیهانی عەرەبیدا (ئەو کاتە عێراق بێ سێ و دوو بە بەهێزترین هاوپەیمان دادەنرا، بەتایبەتی پاش شکست هێنانی یەکێتی عەرەبی) رووبدات. هەروەها نەتەوە خوازانی عەرەب بێ رەچاوکردنی هەڵوێستیان لە رژێمی فەرمانڕەوای عێراق، نایانەوێ ببینن عەرەبی عێراق لەسەر دەستی کۆمەڵەیەکی غەیرە عەرەبی وەکو کورد تێك بشکێن، لەبەر ئەوە هەر چەشنە یارمەتییەکی ماددی یامەعنەوی کە سۆڤێت پێشکەشی بارزانی بکا، لەوانەیە هەر چەشنە ئومێدێکی داهاتوو بە نزیکبوونەوەی عەرەب لە یەکێتی سۆڤێت یان باوەڕی کۆمۆنیزم وەکو فیکر لە نێو عەرەب و بەدوای ئەوەشدا حیزبە شیوعییەکانی عەرەبی، بە بادادەبرد. جا نەیەکێتی سۆڤێت و نەحیزبە شیوعییەکانیش ئامادە نەبوون ئەو هەڵوێستە بەناوبانگەی خۆیان لەمەڕ دۆزی فەلەستین لە ساڵی 1948 دووبارە بکەنەوە.

هەروەها لە لایەکی ترەوە مەترسیەکی گەورە لەوەدا هەیە کە جوڵانەوەیەکی بەهێزی کورد لە ئێران و تورکیا بۆ یەکێتی سۆڤێتی دەخولقێنێ ئەمەش گرنگترین شتێکە کە دروستکەرانی سیاسەتی سۆڤێتی بەهەندی هەڵدەگرن (بڕوانە وەرگێڕدراوی عەرەبی کێتبەکەی ئێمە: کۆماری کورد 1946 دانانی ویلیەم ئیگلتون —یان هەر بەڵگەنامەیەك و توێژینەوەیەکی هاوچەرخ لەو سەردەمەدا لەبارەی ناکۆکی لەسەر هەردوو ویلایەتی قارس و ئەردەهانی تورکی). لەبەر ئەوە شیوعییەکان سیاسەتی پشتیوانی کردنیان بۆ کورد یەکجار سنوردار بوو. چونکە هەڵبژاردنێکی یەکلاکەرەوە کارێکی یەکجار سەختە و دەبێتە هۆی هاتنە ئارای کۆمەڵە ئەنجامێکی سیاسی ترسناك کە لەسەر ئاوێنەی بەرینی جیهان رەنگ دەداتەوە. هەروەها دیاریکردنەکانی ئەوان بۆ گرنگیی نەتەوایەتی عەرەب و ئەو رۆڵەی کە لە داهاتوودا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەیگێڕێ، دیاریکردنێکی بەرز بوو بەو پێیەی کە ناتوانرێ لەسەر حسابی دۆزی کورد کە دۆزێکی بەرتەسکی ون بووی نێو چیاکانە و ئاکامێکی دیار نییە، قوربانی بەخۆیان بدەن. لەبەر ئەوە دانپێدانانێکی پاژەکی لابڕیان بە دۆزی کورد لە رێگای هەردوو حیزبی شیوعی عێراقی و ئێرانی هەڵبژارد نەك لە رێگای گۆشەنیگای رەسمی روسیا کە لە دەوڵەت و حیزبەوە دەرچووبێ. بەڵام رژێمی (قاسم) بە رووخانێکی توندوتیژ و سەرسام هێنەر هەرەسی هێنا. ئەوەی کە دوای ئەو هات لە وە دوورتر بوو کە دەستی چەپڕەوی رۆژهەڵاتی بتوانێ دەستی پێرا بگا، ئەو شانازی بە چەپڕەوی تایبەتی خۆی و سوسیالیزمی خۆیەوە دەکرد. لە شوباتی 1963 وێستگەیەکی رادیۆی نهێنی شیوعییەکان دەستی کرد بە پەخش کردنی هەواڵەکان لە بارەی شۆڕشەوە کە بۆنی وەرچەرخان و گۆڕانی لێدەهات. هەروەها لەبارەی ئەو خۆ وەخراندن و بێ هەڵوێستیەی کە حیزبی شیوعی لایەنگریی لە شۆڕش نەکردووە، پۆزشی بەوە دێنایەوە کە ئەو لەوە دەترسا کە سومعەی ئەو شۆڕشە مەزنە (کە پێشەوای ئەمین) هەڵیگرساندووە، لاواز بکا و ئەو (واتا حیزبی شیوعی) پاش ئەوەی چاودێری ئەو شێوازە نامرۆڤایەتیانەی کرد کە بەرامبەر کورد بەکاردێ، ناچارە ئەنجامگیری بکا کە=



=حکوومەتی (قاسم) سایسەتگەلێکی کۆنەپەرستانە پەیڕەو دەکا کە هەمان سیاسەتی رژێمە کۆنەکانە)). لە ئازاری 1963 گۆڤاری جیهانی مارکسیستی World Marxist Review یەکەمین رای دوورودرێژی رەسمی خۆی بڵاوکردەوە و لەوێدا حیزبی شیوعی عێراقی داوا لە خەڵکی عێراق و نیشتیمانپەروەرەکانی دەکا کە کۆششی خۆیان بخەنەگەڕ تا قەناعەت بە (قاسم) بکەن کە مافەکانی کورد وەکو هاووڵاتیانی ناو عێراق بدات. لە هەمانکاتدا تکا لە کورد دەکا کە بەدوای تەفرەدان و فریودانی ئیمپریالیزم و قسە شیرینەکانی ئەوان لە بارەی نەتەوەپەرستی بەرتەسکەوە، پەلکێش نەبن و لەگەڵ گشت هاوڵاتیانی عەرەبی عێراق پێکەوە بۆ بنیات نانی کۆمارێکی بناغە بە هێز، هاودەست بن و رێگا بە رۆژئاواییەکان نەدەن کە ئاواتە نیشتیمانییەکانی کورد لە مافە ئینسانی و سیاسییەکانیان، بەکاربهێنێ بۆ لەناوبردنی دەوڵەتی عێراق. دوورکەوتنەوەی (قاسم) لە شیوعییەکان پەرەی ستاند و بەندیخانەکانی (قاسم) پڕبوون لە شیوعییەکان و دەستکرا بە دوورخستنەوەیان لە نێو بازنەی دەسەڵاتی رەسمی بە جۆرێکی زۆروبەردەوام. هەمان گۆڤار جارێکی تر وتاری دووەمی لە تەمموز و ئابی هەمان ساڵدا (1963)دا بڵاوکردەوە و ئاماژەی بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد داو رایگەیاند کە بێ ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دیموکراسی راستەقینە لە عێراقدا لە تواناداا نابێ، کە چی لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوێستەکانی کە حیزبی شیوعی لەبارەی شۆڕشی کورد و چۆنایەتی پێکهاتە و سەرکردایەتیەکەیەوە تۆماری کردبوو، هەروەکو خۆی مایەوە و گۆڕانێکی بەسەردا نەهات. هەروەها هێڵی رەسمی حیزب هەروا بەردەوام بوو لە پشتیوانی کردنی بانگەشەکەی (قاسم) کە گوایا رۆژئاوا لە پشت شۆڕشەوەیە و بەرژەوەندیە نەوتیەکانی رۆژئاوا پاڵ بە کەسانی کۆنەپەرستی ناو گەلی کوردەوە دەنێ تاهەڵبستن و شۆڕش بکەن. (جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین کە کورد یەکەمین تەقاندنەوەی بۆڕی ناردنە نەوتی بۆ لوبنان لە ئابی 1962دا ئەنجامدا). ئینجا شیوعییەکان دەستیاندایە دژایەتی (قاسم) بەوەی کە حوکمەکەیان بە ئیرهابی و داپڵوسێنەر و نادیموکراسی وەسف کرد. دوای ئەوەی لە ئەیلولی 1962دا پرتوکۆڵێك بۆ دامەزراندنی بنکەی رۆکێت لە نێوان عێراق و روسیا بەسترا، بەو هۆیەوە ئاوازی قسەکانی حیزبی شیوعی بە توندی گۆڕاو باسی لە پێویستی راگرتنی شەڕی ناوخۆ دەکرد کە ئەم شەڕە جگە لە بێگانە کەسی تر سودی لێ نابینێ و ئینجا دەستی کرد بە دنەدانی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد تا لە هەڵچوون و گەرم و گوڕی هێورببێتەوە (چونکە رژێم هێشتا لە ناخیدا نیشتیمانپەروەر و دژی بە ئیستعمارە)، بەڵام پاش ئەو کوشت و کوشتار و دەستگیرکردنانەی هاوڵاتیان کە لە دوای شوباتی 1963 روویدا، هەڵوێستەکە بە بارێکی دیکەدا وەرگەڕاو رادیوی (پەکی ئێران) دەستی کرد بە هاندانی کورد بۆ هەڵگرتنی چەك لە پێناوی لەناوبردنی ئەو رژێمە و لە یەکێك لە لیژنە ناسەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، کۆماری میللی مەنگولیا سکاڵانامەیەکی لەسەر کورد لە عێراقدا پێشکەشکرد، بەڵام پاش کودەتای تشرینی دووەم و هاتنی حوکمی عارف بۆ عێراق، سکاڵاکە وەرگیرایەوە. (ج. ف)

تەنیا بە زمان بوو. بەڵام لە هەمانکاتدا ملیونان ڕۆبلیان لە شیوەی یارمەتی ئابووری و سەربازی بۆ بەغدا دەنارد.

لەگەڵ ئەوەشدا کە بەعس ڕژێمێکی چالاکی دژە کۆمۆنیست بوو، بەڵام پەلاماردانی ئەو بۆ سەر کورد، ناڕەزایەتییەکی زۆرتوندی لە واشینگتون پێکهێنا. لەبەر ئەو هۆکارانەی کە باسمان کرد، واشینگتون پەلامارەکانی (بەعس)ی بەکارێکی سەرشێتانە — و بەجەنگێکی ناڕەوا، جەنگێك کە عیراقییەکان ناتوانن تێدا سەرکەوتووبن جەنگێك کە لە هەموو هەلومەرج و حاڵەتەکاندا خزمەتی دوژمنانی ئەمریکا دەکا، لە قەڵەمدا. بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکان وای هەست دەکرد و ئێستاش هەروا هەست دەکا کە ئەو بە هۆی پەیوەستییەکانی بە ئێران و تورکیا (لە ڕێگای پەیماننامەی سەنتۆ) وە دەرەتانی کەمترین جووڵانی لە بەردەستە و بێتوانایی خۆی لە گوتن یان کردنی هەر شتێك کە لەوانەیە هاوکاری کورد بکا، دەبینی. ئەگەر ئاشتی پارێزراو هەردوولا گەیشتنە یەکلاکردنەوەی کێشەکە، ئەوا ویلایەتە یەکگرتووەکان دەتوانێ زۆر یارمەتی ئابووری و تەکنیکی پێشکەش بە کورد بکا تاکو ڕێگایان بۆ بڕەخسێنێ لە گەشەکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی خۆیاندا بەرەو پێشەوە بچن. سەرەڕای ئەوە یەکلایکردنەوەیەکی ئاشتیانە و مەعقولانەی کێشەکە لە عیراقدا دەبێتە هۆی ئەوە کە لە هەلومەرجێکی گونجاودا ریفورمی هەمان مەسەلە لەهەر کام لە تورکیا و ئێراندا بکرێ. بۆ هێنانەدی هەموو ئەمانە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ڕێگایەکی شەرعی و بنیات نەرانە دەتوانێ لە ڕێگای (سەنتۆ)وە وەکو هاوپەیمانی هەر یەك لە ئێران و تورکیا نفوزی خۆی بەکاربهێنێ.

ئەو کاتە مرۆڤ دەتوانێ لە هەلومەرجێکی گونجاودا سێ هەرێمی کوردی بێنێتە بەرچاو کە ئۆتۆنۆمی بەڕێوە دەبەن. لە عیراق لە تورکیا لە ئێران هەر سێکیان لەباری ڕۆشنبیرییەوە بە یەکەوە بەستراون. بەڵام لەباری ئابووری و سیاسییەوە هەرکامیان یەك بە دوای یەکدا بە هاوبەشە عیراقی و تورکی و ئێرانییەکەیانەوە بەستراونەتەوە. لە قۆناغێکی داهاتوو تردا هەر سێ هەرێمەکە



کار بۆ دامەزراندنی پەیوەندی ئابووری تایبەت بە خۆیان دەکەن ئەم ڕێگایەش ڕێگایەکی حەکیمانەی دامەزراو لەسەر ئەقڵ و مەنتیقە کە نموونەی واقیعی ئەمە لە بەلچیکای دوو زمان و سویسرای سێ زمان یان یەکێتی ئابووری (بازاڕی هاوبەش)دا دەبینرێ.

بەڵام بەعس ڕێگایەکی جیاوازی گرتەبەر، ئەو ڕێگای سەرکوتکردنی گرتەبەر کە مەترسییەکی یەکجار گەورە بۆ ڕۆژئاوا دەهێنێتەوە ئاراوە. ئەمە پرسیارێکی گرنگ دروست دەکا:

ئایا کوردی بێبەش لە مافی بڕیاردانی چارەنووس و لە هەلی گەشەکردنی ئازاد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ڕۆژئاوا بەسەریدا زاڵە دەبن بەدەستکردی یەکێتی سۆڤێت؟ یان بە وتەیەکی وردتر، مەترسی لەوەدایە کە نەیارانی بارزانی لە قۆناغێکی دیاریکراودا، هەڵبستن بە گوشار خستنە سەری، گوشارێك لەهەر چەشنە بەزەییەك بەدەربێ تادەبخەنە سەر ئەو بارە کە نائومێدی پاڵی پێوە بنێ سەربەخۆیی کوردستانی عیراق و جیابوونەوە لە کۆماری عیراق رابگەیەنێ. هەر ئێستا کەسانی سەرگەرم لە نێو پارتی و هێزەکانی بارزانی بەرچاو دەکەون کە داوادەکەن دان و سەندنی ئۆتۆنۆمی بپچڕێنرێ و دەسبەجێ سەربەخۆیی رابگەیەنرێ.

ڕۆژگارێك کە کاتی ئەوە دێ ((ئەگەر هات)) ئەوا بەشێوەیەکی حەتمی کاردانەوە لە ئێران و تورکیا دێتە ئارا. هەڵبەت لەو کاتەدا هەڵوێستەکە بۆ موداخەلەیەکی بە کردەوەی سۆڤێتی کامڵ و پێگەیشتوو دەبێ. جا کە ئەو کاتە هات، ئەوا نزیکبوونەوەی نێوان مۆسکۆ و واشینگتۆن کە بە قەدەغەکردنی تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکان لە ساڵی 1963 دەستی پێکرد، کۆتایی دێ. جا ئەو کاتە موسکۆ بۆ تێسرەواندنی گورزێکی گورچگ بڕ بە ڕۆژئاوا ئامادە دەبێ. ئەو کاتە دەست دەکا بە ناردنی چەك و تەقەمەنی و هەموو کەرەسەیەکی جۆربەجۆری بە هاناچوون و فریاکەوتن بۆ کوردی ئێران یان عیراق و تورکیا یان بە واتایەکی تر پشتەوانی لە راپەڕینی کورد لەو سێ دەوڵەتەدا، دەکا بۆ ((تەقاندنەوەی گڕکانەکان))ی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەکو ئێمە دەزانین، ئەو

کاته پێشبینییەکەی کاپتن های (W. H. Hay) کە لە کتێبەکەی ((دوو ساڵ لە کوردستان Two years in Kurdistan))دا دەڵێ:

**((رۆژێك دێ هوشیاری کورد))**

**((وریا دەبێتەوە و ئەو کاتەش کە یەك دەگرن))**

**((دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عیراق وەك))**

**((تۆزوبا لە بەردەمیاندا پەرت بڵاودەبنەوە))**

ئەمە دینامیتی شاراوەی کێشەی کوردە.

لەوانەیە ئەو رۆژە ئێستا نەیەت، هاتنی ئەو رۆژەش وەك پێویستییەك نییە. بیرۆکەی هاوپەیمانییەکی چالاك لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتدا هەر لە خۆیدا لە لایەن سەرکردایەتی ئێستای کوردییەوە بیزەوونە. (بارزانی) خۆشی و هەروەها پارتیش نایەوێ کوردەکانی ئێران و تورکیا تێوە بگلێنن. فراوان بوونێکی لەم جۆرەی جەنگی کورد، خاکی کورد بۆ جۆرە تراژیدیایەکی هاوچوون بە تراژیدیای کوریا دەگۆرن کە روسەکان پشتەوانی لە کورد دەکەن و دەوڵەتانی رۆژئاواش پشتەوانی لە عەرەب و تورك و ئێرانیەکان دەکا لە دژی کورد. لە جۆرە هەلومەرجێکی ئاوادا بەریتانیا دەردەکەوێ تا رۆڵێکی پڕ لە شورەیی قێزەون بگێڕێ کاتێك کە پاش کودەتای بەعسیان یەکێتی سۆڤێتی باروبارگەی چەك بەرێکردنی بۆ عیراق راگرت، یەکسەر بریکارانی بەریتانی هاتنە پێشەوە بۆ ئەوەی لە هێنانی چەکدا[7] جێگای ئەوان بگرنەوە.

بەڵام تورکیا و ئێران، هەردوو هاوپەیمانی رۆژئاوا، لە وڵاتانی دیکە زیاتر بە ئاکامەکانی جەنگی نوێی عیراق کارلێکراو تر دەبن. ئەوان تارادەیەك هەڵوێستێکی بنیات نەرانەیان وەرگرتووە، لەو ماوەیەی پێش هێرشی

(7) بێ هیچ ژاوە و هەرایەك و بێ سڵکردنەوە لە ئازاری ویژدان، حکوومەتی بەریتانیا ((30)) فڕۆکەی لە جۆری (هاوکرهنتەر))ی شەڕکەری – بۆمباهاوێژ لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ئەسپابی شەڕ و تۆپخانەی دا بە حکوومەتی عیراق. (ج. ف)



بەعسییەکان، ئێرانییەکان هەستان بە بەڕێوەبردنی چاکسازییەکی کردەنی لە سیستەمی رۆشنبیری و پەروەردەیی کورد داو تورکەکانیش ئیمتیازێکی مەزنیان (هەڵبەتە لەچاو تورکان مەزن بوو!) دا بە کورد کە رێگەیاندا رۆژنامەیەك بە زمانی کوردی لە ئەستەمبوڵ دەربچێت (ئێستا داخراوە). لە حاڵی ئێستاشدا، بێ رەچاوکردنی گومانەکانی کورد، هیچ بەڵگەیەك نییە کە (سەنتو) نەخشە بۆ ئەوە دابنێ، یان بانگەشەی رێوشوێنی سەرکوتکارانە لە دژی کوردەکانی ئێران و تورکیا بە هاوکاری لەگەڵ عیراقدا بکا.

ئەوەی کە لە هەموو شتێك زیاتر کورد دنەددا، هەڵوێستی سەرۆك عەبدول ناسر و وڵاتی میسرە. هەرچەندە عەبدول ناسر ئامادە نەبوو بە رەسمی پشتەوانی لە دۆزی کورد بکا، بەڵام رەزامەندی رەهای خۆی دژی ئەو جەنگەی کە بەعسی دژی کورد بەرپای کوردوە، دەربڕی، هەروەکو هەمووو سۆز و گەرم و گوڕییەکی لەگەڵ سەرکردەکانی کورد پیشاندا کە سەردانیان کرد، هەر لەمبارەیەوە جێی خۆیەتی کە مرۆڤ ئەو وتە حەکیمانە باس بکا کە میسرییەکی تر ئەویش (عبدالرحمن عزام) ئەمینداری گشتی جامیعەی عەرەبی بوو کە لەو بوارەدا لە گۆڤاری هیلال (ژمارەی تشرینی یەکەمی 1943)[8] گوتویەتی:

((گونجاو نییە ئەوان واهەست بکەن کە یەکێتی))

((عەرەبی لە بەرژەوەندی ئەواندا نییە، ئەوان))

((لەو مسوڵمانانەن کە لە هەموو سەردەمەکاندا))

((رەوت و تەوژمەتیژڕەوەکانیان))

(8) ناونیشانی وتارەکە: ((الوحدة العربية))یە. سەرەتای بڕگەکەی یەکەمی بەم شێوەیە دەست پێکردووە: بەڵام دووەمین ... ((بەڵام دووەمین شت کە دەبێ لە عیراقدا ئاگاداری بین، ئەو بابەتەیە کە تایبەتە بە برا کوردەکانمان، من لێرەدا هەست بە پاڵنانێکی نامۆ دەکەم کە هانم دەدا خۆشەویستی خۆم بەرامبەر کوردەکان ئاشکرا بکەم، خۆشەویستییەك کە لەگەڵ خۆشەویستیم بۆ عەرەب تێکەڵاو بووە و بە رەنگێك کە نازانم خۆشەویستیم بۆ کامیان بەهێزترە. کورد نەتەوەیەکی دڵسۆز و سەر راستن و بە کارێکی شیاو نازانرێ لە لایەن ئەوانەوە چاوەڕێی ئازار و زیانێك بکرێ... (ئینجا دەچێتە سەر دەقی وتارەکە). (ج. ف)

((له ئیسلام دوورخستۆتەوە، هەروەها دەزانن))
((کە ئیسلام شانازیی بە یەکێتی عەرەبەوە دەکا))
((چونکە باشترین پەیڕەوان و خەڵکی ئەو ئاینە))
((دەگرێتە خۆی. هیواکان، یان پاشە ڕۆژی عیراق لە))
((فراوان بوون لەسەر حسابی کورد دانەمەزراوە))
((بەڵکو نەتەوەی عەرەب ڕێگا بە کورد دەدا کە لە))
((نێوان یەکگرتن لەگەڵیدا، یان سەربەخۆ))
((بوون لە  کاروباری خۆیاندا، سەرپشکیان))
((دەکا، هەر کاتێك بیانەوێ بێ هیچ زیان و))
((کەم و کەسرییەك. لە عیراقدا ناکرێ مەسەلەی کورد دروست بکرێ))
(( کوردەکان لە دەوڵەتی عەرەبیدا لە پێش سەلاحەدین و پاش ئەویشدا))
((بە درێژایی هەموو سەردەمەکان سەرکردە و))
((فەرماندە بوون و لە بانگەشەکارانی خواپەرستی))
((بوون و لایەنگری عەرەبی بوون، بائەوانیش))
((وریای فیتنەی بێگانە بن و هەروەها با))
((عیراقییەکانیش وریای دڵڕەقی و))
((کێشمەکردن بن لەگەڵیاندا و دڵیان نەڕەنجێنن))
((ئەم کارە بۆ کورد بە ساناییە هەر کاتێك بیانەوێ))
((ئەگەر عیراق بە هێز بوو ئەوا دەبێتە ناوکێك))
((بۆ دەوڵەتی ئەم نەتەوە ڕۆژهەڵاتییە.))

بە هەقیقەت ئەوە جێگای داخە، کە پەیوەندییەکانی عەرەب و کورد تا ئەو ڕادەیە سیمای غەزەبی سەرشێتانە بەخۆیەوە بگرێ، کە جەنگی کوردی و عیراقی بە جەنگێکی ڕەگەز پەرستانەی لێ بێت! لە رابردوودا، لە فراوان ترین پانتاییدا کورد و عەرەب لە خۆشی و ناخۆشیدا بە ئاشتی بەیەکەوە ژیاون. لە رابردوودا لە بەربەرەکانی دەسەڵاتی ناوەندیی تورکاندا، یەکگرتوو بوون و لە زۆر هەرێمدا



کۆمەڵگای عەرەبی و کوردی لە نێو بۆتەیەکدا یەکیان گرتووە، زۆر کۆمەڵە تاراوگەی کورد لە بابەتی کۆمەڵگای کوردی لە دیمەشق لە ژیانێکی بەرهەم هێنی پڕ لە بەخششدا شان بە شانی یەکتر لەگەڵ کۆمەڵگای عەرەبیدا پشتاو پشت بە یەکەوە ژیاون. ئێستاش بنەماڵەی بە ناوبانگی ئالی ئەیوب کە لە ڕەچەڵەکی سەلاحەدینە ڕۆڵێکی دیار و بەرچاو لە کاروباری گشتی عەرەبدا دەگێڕن. بۆ وێنە بنەماڵەی (البرازی)[9] لە سوریا چەند جارێك (سەرۆك وەزیران) یان لێهەڵکەوتووە و ئێستاش شانازی بە کەلەپور و ڕەچەڵەکی کوردانەی خۆیانەوە دەکەن. لە واقیعدا لە هەندێك لە پاژەکانی جیهانی عەرەبیدا گیانی خۆبەزل زانی و خۆ بە بەرزتر زانانی نەتەوەیی بەرامبەر بە ڕەچەڵەکی کورد هەیە. لەو باوەڕەدام کە ئەو بەرەنجامانەی کە لەم ململانێیەدا چاوەڕێ دەکرێن، دەگونجێ لەم چوار ناونیشانەدا ریز بکرێن:

1- لەوانەیە کێشەکە لە ڕێگای دان و سەندنەوە یەکلایی بکرێتەوە جا چ ڕاستەوخۆ یان لە ڕێی ناوبژیوانییەوە.
2- بە سەرکەوتنی حکوومەت.
3- بە سەرکەوتنی بارزانی.
4- درێژە کێشانی ململانێ بۆ هەتاهەتایە وەك جەنگێکی داچۆڕاندن و خوێن لێڕژان.

کۆمەڵێك هەوڵ و تەقەللا لە لایەن هەردوو حکوومەتی بەعس و ڕژێمی حوکمی سەربازی کە پاش کودەتای تشرینی دووەم هات، بۆ هێنانەدی باری سەرنج و قەناعەتێك کە ئەوان هێشتا ئارەزوو دەکەن لە ڕێگای دان و سەندنەوە

(9) لە سەرۆك وەزیرەکانی پێشووی سوریا هاوڕێم مامۆستا (حسنی البرازی ساڵی 1942) کە ئێستا لە بەیروت دەژی. هەروەها خوالێخۆشبوو (محسن البرازی – 1949) کە لە ئاکامی کودەتایەك کە لیوا حەناوی کردی، بە فەرمانی حەناوی تیرۆرکرا. پاشان کوشتنی (لیوا سامی حەناوی) لە بەیروت بە دەستی حەرشۆ ئاغای برازی کە ئامۆزای مامۆستا محسن برازی بوو نموونەیەکە لە تۆڵە ستاندنەوەی کوردی و بەهێزیی ڕایەڵەی خوێن و تۆڵە لە نێو هۆزایەتیدا کە ژیانی مەدەنی نەیتوانیوە لە ڕیشەوە دەریبهێنێ. ئەم کارە لە کۆتایی شەستەکاندا ڕوویدا. (ج. ف)

کێشەکە یەکلایی بکەنەوە، بەڕێوەچوو. ئەم هەوڵ و تەقەلایانە، بە زۆری سروشتێکی ئەو تۆ بەسەریاندا زاڵ بوو کە راکێشانی هەندێك لە کەسانی عەشایری بۆ لای حکوومەت و دروست کردنی لێکترازانێك لەناو ریزەکانی کورد، دروست بکا نەك وەك کۆششێکی جیدیانە بۆ گەیشتن بە رێکەوتنێك. پاش ئەوە کە بەعس هەستا بە هەڵخەڵەتاندنی دان و سەندنکارانی کورد لە بەغدا لە حوزەیرانی 1963، لە واقیعدا ئیتر لە توانایدا نەما کێشەکە چارەسەر بکا، و ئەو حوکمەی دوای ئەویش هات لەو دڵسۆزتر و راستگۆتر نەبوو. بەڵام کۆمەڵێکی نوێ لە ((ئەفسەرانی ئازادیخواز)) وەکو ئەوانەی لە نیسانی 1962دا پەیوەندییان بە کوردەوە کرد. لەوانەیە ئەوان ئێستا لە هەوڵی نەخشەی کودەتایەکی نوێ بن و رەنگە ئێستاکە ئەوان بن کە دان و سەندن لەگەڵ کورددا بەڕێوەدەبەن!

سەرکەوتنی حکوومەت لە گۆڕەپانی شەڕدا واپێدەچێ ئەگەرێکی دوورەدەست بێ. پارتیزانانی کورد خۆیان ناخەنە بەر پەلاماری هێرشێکی گەورەوە کە تێدا هێزی سەرەکی ئەوان لە بەین بچێ. یا ئەگەر هات و گوشاری جەنگی داچۆڕاندن و خوێن لێپژان تائەو رادەیە گوشاری خستە سەریان کە ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی هاودەستی نێوانیان یا پاشەکشەی عەشیرەتەکان یان لێك جیا بوونەوەی ئاشکرای نێوان حیزب و هێزەکانی عەشیرەتەکان هەروەکو لە پێشاندا باسم کرد لەوانەیە کورد لە نائومێدیدا ناچار بن سەربەخۆیی جیابوونەوەی خۆیان لە عیراق رابگەیەنن و بانگەوازی هاوکاری و پشتەوانی بۆ براکانی خۆیان لەهەر کام لە تورکیا و ئێران بکەن. پاشان کوردستانی گەورە رابگەیەنن و لە هەمانکاتیشدا هاوکاری ماددی لە یەکێتی سۆڤێتی داوا بکەن و وەربگرن.

لە لایەکی دیکەشەوە، سەرکەوتنێکی یەکلایکەرەوەی بارزانی لە گۆڕەپانی شەڕدا دیسانەوە بە ئەگەرێکی دوور دێتە بەرچاو. سوپای پارتیزانان کە چەکەکانیان تەنیا تفەنگ و هاوەن بێ ناتوانێ سوپایەکی هاوچەرخ کە بەتێر و پڕی چەکدار کرابێ تێك بشکێنێ. بەڵام کورد لەوە دڵنیان کە دەتوانن لە ژمارەیەکی گەورەی شەڕی لاوەکی و تاکتیکیدا سەربکەون. هەندێکجار دەتوانن فەوجێکی تەواو دابڕن



و تێکی بشکێنن. ئەمە کارێکی زۆر گاریگەری لەسەر سوپای عیراق و بەغدا دەبێ. من لەو باوەڕدام کە هیچ حکوومەتێك لە بەغدا ناتوانی لە هیچ جۆرە سەقامگیرییەك بە هرمەند بێ تا لەگەڵ کورددا نەگاتە رێککەوتن.

ئەمەش دەمانباتە سەر ئەگەری چوارەم لە ئاکامەکانی سەرەوە —کە ئەویش درێژەکێشانی ململانێیەکەیە بۆ ماوەیەکی نادیاریکراو- من بۆ خۆم لەو باوەڕەدام کە بۆ ماوەیەکی درێژ دەبێ بەڵام نەك بۆ ماوەیەکی بێ کۆتایی، دواجار بارزانی بەهۆی خۆڕاگرتنی بۆ ماوەیەکی درێژتر لە خۆڕاگرتنی سوپا یان هەر حکوومەتێك لەو حکوومەتانەی دەتوانن لە گوشارکردنی خۆیاندا بەردەوام بن، سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ. ئەمە سەرباری بەشداریکردنی لە پرۆسەی روخاندنی رژێمێکی فەرمانڕەوای تر لە بەغدا، بێگومان ئەمجارەیان بۆ هاوکاری کردنیان لەگەڵ ((ئەفسەرانی ئازادیخواز))دا مەرجی خۆیان بە نووسینەوەی بەڵێنەکان بەشێوەی نوسراوی پەیماننامە، دەسەپێنن.

هەر چەندە من هیوام بە سەرکەوتی کوردە لە دوایین جاردا، ئەمەش بە پێودانگی ئەو هێڵ و نەخشانەی کە لە حاڵی ئێستادا حیزب کێشاویەتی، بەڵام هەندێك گۆڕانکاری ئەو تۆ هەیە کە ناتوانرێ پێشبینی بکرێن و رەنگە لێکدانەوە و بۆچوونەکانی من تێك و پێك بدا. بۆ نموونە مردنی (بارزانی) و هاتنی جێنشینێك لە پاش ئەو کە حیکمەت و دوور بینی لەو کەمتر بێ، کەمتر مەیلی بەلای رۆژئاوا دابێ، ئەوامەینەتییەکی لێدەکەوێتەوە کە پێشتر مەوداکانیم دیاری کردووە. یەکێك لە نزیکەکانی بارزانی ئاگاداری کردم کە لەماوەی هاوینی ساڵی 1962 هەردو حیزبی شیوعی عیراق و ئێرانی هەرکامیان لە لایەن خۆیەوە، بە سێ هەوڵدانی نهێنی بە پەلە هەستان (واتە شەش هەوڵدان) لە رێگەی ئەم پێشنیارانەی خوارەوە:

بارزانی هەڵبستێ بە فراوانکردنی مەدای شۆڕشی کورد بۆ ئەوەی ئێرانیش بگرێتەوە، ئەو کاتە حکوومەتی سۆڤێتی لە رێگای سنورەکانەوە هەموو جۆرە چەك و کەرەسە و پارەیەك کە شۆڕشگێران بتوانن بەکاری بهێنن، بخاتە ناو

سنورەکانی کوردستانی ئێرانەوە. بارزانی ئەو پێشنیارانەی ڕەتکردەوە —لەوانەیە وای تێبینی کرد بێ کە بە هەق و ڕاستی- بە مانۆڕێکی کۆمۆنیستی دانابێ کە ئامانجی ئەوەبێ ساردییەك بخاتە بەینی ئەو و ڕۆژئاواوە. بارزانی دەیویست هەروەکو ئێستاش دەیەوێ ململانێکە لە چوارچێوەی وڵاتی عیراقدا بهێڵێتەوە. ئەو دەزانی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەکو کە ئەمڕۆ دەیکا، هەڵدەستێ بە هاوکاری هەر دوو حکوومەتی تورکیا و ئێران دژی هەر ڕاپەڕینێکی کورد لە وڵاتەکانیاندا و ئەویش نایەوێ شەڕ لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بکا. بەمانایەکی دیکە، من لەو باوەڕەدام ئەو بە (پەیوەندییەکی تایبەت) لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان خۆشحاڵ دەبێ، واپێدەچێ لە قوڵایی (لاشعور)ی ئەودا بیرۆکەیەك بۆ بوونی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە ((پارێزەری کورد)) و هەروەها کوردیش ببن بە هاوپەیمانی دڵسۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکان، هەبێ.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەوێتە مەترسییەوە ئەگەر ڕێوشوێنی یەدەگ بۆ خۆی ڕەچاو نەکا لە بەرامبەر ئەو ئەگەرە لە بەینبەرانەی کە کورد ببنە ئامێر بە دەستی یەکێتی سۆڤێتەوە. شەش ملیون یان نۆ ملیون یا ڕەنگە دوازدە ملیون لەسەختگیرترین جەنگاوەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە سێ وڵات (یان چوار وڵات ئەگەر سوریاش بخەینە ناویەوە)دا دەژین کە لە نێو دڵی تاکە پارچەی بێهاوتای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە هاوپەیمانی ڕۆژئاوایە، دەژین کەوابوو ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستە چ سیاسەتێك پەیڕەو بکا؟

ئەم سیاسەتە دەبێ شێوەی بەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکان وەربگرێ من لەو باوەڕەدام کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرژەوەندی لەوەدایە هاوکاری کورد بکا.

بنەمای ئەخلاقیانەی سیاسەتی ئەمریکا —وبەرژەوەندی ئەمریکاش لەوەدایە کە سیاسەتەکانی بنەمایەکی ئەخلاقی هەبێ- لەوەدایە کە لە پاڵ مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان ڕابوەستێ. کورد مافی ئەدەبی خۆیان لە بڕیاردانی چارەنووس بەدەستهێناوە. ئەوان ئەو مافەیان بە کۆششی سەربازی و داستانی



مێژوویی و کولتوری ئێستایان بە دەست هێناوە، داخوازییەکانی کورد، وەکو هەموو داخوازییە نەتەوەییەکانی جیهان دادپەروەرانەیە و ڕاستەو شایان بە پشتیوانی کردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانە.

کورد ڕۆژێك لە ڕۆژان، بەشێوەیەك لە شێوەکان مافەکانی خۆیان هەر بە دەست دەهێنن. بەرژەوەندیش لەوەدایە کە بە هاوکاری ویلایەتە یەکگرتووەکان بەدەستی بهێنن.

سیاسەتێکی پۆزەتیڤ و جێگیر بۆ پشتەوانی لە مافەکانی کورد لە باری قانونی و شەرعییەوە کە بەسەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە پشت ئەستوربێ، لەماوەیەکی درێژدا پایەی ئەدەبی و بە دوای ئەویشدا پایەی سیاسی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا بەهێز دەکا.

لە هەمانکاتدا لوتکەی سەربازیی گەلی کورد، پێویستە لە لایەن سیاسەتی ئێمەوە، جۆرێك لەستایش کردن و نرخاندنی جا بەشێوەی ئەرێنی یاخود نەرێنی بێ، پێ بدرێ. لەباری ئەرێنییەوە، ئەوانە بەردەوام هێزێکی پارتیزانی ئامادە و پڕچەکن و ناوەندی ئەوان کەوتۆتە تەنیشت نزیکترین سەرە ڕێگای ئەگەری غەزوکردنێکی سۆڤێتی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام لە رووی نەرێنییەوە، ئەوانە گەلێکن کە ڕەنگە بە چوونە پاڵ سۆڤێت لە دژی ئێمە خەرۆ بکرێن، هەر چەندە لەوانەیە ئەوە روونەدات.

مەسەلەکە بە جۆرێکی تر وەربگرە، کورد یەکێکن لە گرنگترین گەلە چالاکەکانی جیهان، گەلێکن دۆستایەتیان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕۆژئاوا لەوانەیە بەکەڵك بێ. ئەوان لە لایەکی ترەوە گەلێکن کە ئەگەر بکەونە نێو دەستی یەکێتی سۆڤێتەوە لەوانەیە بەڵایەکی گەورەمان بۆ بێنن. بۆیە بەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەوەدایە کە کێشەی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عیراقیدا چارەسەر بکرێ، نەك سەرەنجام لە چوارچێوەی کوردستانی گەورەدا. ئەو کاتەی کورد واهەست دەکەن کە ئەوان ناچارکراون کە کوردستانی گەورە ڕابگەیەنن ئەوا هاوپەیمانی خۆشیان لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتدا رادەگەیەنن.

لەبەر ئەوە پێویستە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان هەرچی کە لە توانایدایە بیکا بۆ ئەوەی کێشەکە لە نێو عیراقدا یەکلایی بکرێتەوە، ئەمەش بەهەر ڕێوشوێنێك کە پێویست بێ —بە دیپلوماسی بێ یان ناردنی کەرەسە و ئەسپاپی سەربازی بێ- پێویستە لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکان کە گرنگی بەوەبدا کە کورد مافەکانی خۆیان بەدەست بهێنن.

کاری یارمەتیدانی کورد دەبێ بەوردەکاری و هۆشیارییەوە بەڕێوەببرێ. روسەکان و کۆمۆنیستەکانی چین، لە زۆر هەلۆێستدا ئاواکاریان کرد — لە لاوس، لە ڤێتنام، لە یۆنان. ویلایەتە یەکگرتووەکانیش دەتوانێ ئەم کارە ئەنجام بدا.

ئامانجی ئەمریکی پێویستە هەمموارکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێ بەو شێوەیەی کە ئێمە دەمانەوێ، پێش ئەوەی کە سۆڤێت بکەونە سەرباری ئاڵوگۆڕکردنی بەو شێوەی کە ئەوان دەیانەوێ. پێویستە لە سەرمان کە هانی پێکهێنانی ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی کورد لە نێو دەوڵەتەکانی عیراق و تورکیا و ئێراندا بدەین.

پێویستە سیاسەتی ئێمە بە شێوەی پلە بە پلە نەك بەشێوەی بڕاندنەوە، پیادە بکرێ. هەروەها پێویستە لە سەرمان وا لە ئێرانییەکان و تورکەکان بکەین کە ئێمە هەرئاوا هاوپەیمانی ئەوان دەمێنینەوە و کار بۆ پاراستنی ئەوان دەکەین. لە هەمانکاتدا پێویستە لەسەرمان کە هەلۆێستێك وەربگرین کە شەرعیەت و رەوایی بە ویلایەتە یەکگرتووەکان (ئەو وڵاتەی کە بۆ یارمەتی ئەوان کاری کردووە و مەزنترین بەرپرسیاری بۆ بەرگریی لەوان بە ئەستۆی خۆیەوە گرت) دەدا کە مافی ئەوەی هەیە بەشداری لە چارەسەکردنی کێشەیەکدا بکا کە لە چوارچێوەی هێڵی بەرگری کردن لە بەرژەوەندەکانی خۆی، بەپرسێکی یەکجار زیندوی دەزانێ.

هەندێك کاتی واهەیە هەلۆێستەیەکی بە هێز لە پێناوی داکۆکی لە دۆزێکی دادپەروەرانە ((لە گۆشە نیگایەکی مەودا درێژدا)) زۆر گرنگترە لە پێکەوە گونجانێکی سیاسی مەودا کورت، ئێمە ژێرباری ئەوە نین هەلومەرجێکی



هەنوکەیی نادادپەروەرانە یان نا بەرامبەر لە شوێنی خۆیدا رابگرین، بەتایبەتیش کاتێك کە دەبینین لە بەرژەوەندی ئێمەدا نییە. جاری واهەیە کارێکی جوان و چاکپەسەندە کە رۆشنایی بخرێتە سەر هەوڵدان بۆ راستکردنەوەی کاروبارێکی چەپەڵی قیزەوەن کە هاوپەیمانانی[10] ئێمە هێناویانەتە ئاراوە، پیادەکردنی سیاسەتێك کە لەو سیاسەتەی ئەوان کەمتر سەر راستی و دروستی تێدابێ، سیاسەتێکە لە شانی دەوڵەتێکی مەزن ناوەشێتەوە.

جارێکیان ئەفسەرێکی عیراقی بەگاڵتەجاڕییەوە بە منی گوت:

- کورد هەرگیز سەربەخۆیی خۆیان وەرناگرن.
- وەڵامیمدایەوە، کە مەرج نییە هەر ئەوە پێویست بێ کە (سەربەخۆیی) یان بدەنێ، بەڵام پێویستە دەرەتانی ئەوە هەبێ کە جۆرێك چارەسەری مەعقول بۆ گیروگرفتی مافە نەتەوایەتییەکان هەبێ وەکو ئەو چارەسەرانەی کە لە لای هەندێك لە نەتەوەکانی ئەوروپا بەڕێوەبراوە. ئەمەش بەهەق زوڵم و گەوجێتییە کە عیراقییەکان لە پروسەی (بە عەرەب کردن)ی کورد بەردەوام بن و تورکەکان هەوڵی (بە تورك کردن) یان بدەن و ئیرانییەکان هەوڵی بە (ئیرانی کردنیان) بدەن.
- وەڵامی دامەوە: ((کە وابێ لە ماوەی سەدساڵی داهاتوودا!))

ئەرکی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەوەیە ئەو ماوەیە کورت بکاتەوە. کورتکردنەوەی ئەو سەد ساڵە بۆ چەند ساڵێکی کەم، بەکارهێنانی هێزی مەزنی خۆی بۆ ئەوەی بەزەیی و لە کارزانی و ژێری جێگای سەر شێتی بگرێتەوە.

(10) نازانین شمیدت مەبەستی کام رژێمی هاوپەیمانە. ئەم کتێبە هاودەمی ژیانی سێ رژێم بووە لە عیراقدا کە بریتین لە: قاسمی، بەعسی و عارفی. کامیان لەوانە هاوپەیمانی ئەمریکا بوون؟ یان لەوانەیە مەبەستی ئەو بەریتانیا و فەرەنسا بێ. (ج. ف)

# کۆتایی

## دەرفەتێکی تر

لەو کاتەوە کە ئەم کتێبە کەوتۆتە ژێرچاپەوە، کێشەی کورد و عەرەب لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا ئاراستەیەکی نوێی بەخۆوە گرتووە. ئاگربەست راگەیەنراوە و هەرکام لە ژەنراڵ (مستەفا بارزانی) و سەرۆك (عەبدولسەلام عارف) لە 10ی شوباتی 1964 فەرمانی ئاگربەستیان دەرکردووە، کورد و عەرەب دەرفەتێکی تریان بۆ بنیات نانی ئاشتی پێدراوە. ئێستاکە هەلێکی تریان بۆ هاتۆتە پێشەوە تا ژیری بەکاربهێنرێ لە جیاتی ئەوە کە فەرامۆشی بکەن و هەورەها بۆ ئەوەی مەترسیگەلێکی مەزن لە خۆیان دووربخەوە و هەروەها بۆ ئەوەی جیهان لە ئاکامی تێوەگلان لە کێشە و ناکۆکییەکی بەردەوام کە شیانی فراوان بوونی هەیە، دووربخەنەوە.

من بەوە بەختەوەرم کە توانیم لە کاتی سەردانەکەم لە شوباتی 1964 هەندێك لە راستیەکان تۆمار بکەم. لەو بۆنەیەدا بە میهرەبانییەوە پێشوازیم لێکراو رێگام پێدرا کە بەرەبەیانی 25ی شوبات لە بەغدا دیدەنی سەرۆك (عارف) بکەم و هەروەها بانگهێشت کرام تا هاوڕێیەتی وەزیری ((ئیرشاد)) لە گەشێکدا بۆ باکوور بکەم کە چاوپێکەوتنی هەردوو پارێزگای سلێمانی و کەرکوك و حاکمی باکوور[1] و سەکردەی (فیرقە)ی دووی گرتە خۆی، و لە دوایشیدا بەجۆرێکی چاوەڕوان نەکراو کە بووە هۆی مایەی ئەو پەڕی حەپەسانم بە رێگەی هیلیکوپتەرێکی سەر بە هێزی ئاسمانی عیراقی چووم بۆ چاوپێکەوتی (مەلا مستەفا بارزانی) لە رانیە.

ئەوە سێیەمین سەردانی من بوو بۆ لای بارزانی. ئەو سەردانەم لەگەڵ دوو سەردانەکەی تر ئەو پەڕی جیاوازی هەیە کە لەو کاتە بە جۆرێکی نهێنی لە

(1) لەوانەیە مەبەستی سەرکردەی هێزی (مەیدان) بێ. (ج. ف)



هاوینی 1962 چوومە ناو باکووری عیراقەوە. جاری دووەمیش بە فێڵ کردن لە دەسەڵاتدارانی بەعسی ساڵی 1963. ئەمجارەیان ویرا بەرێز و خۆشحاڵی وەزارەتی ئیرشاد و بەهاوڕێیەتی نۆ پەیامنێر کە نوێنەری: (یونایتد پرس ئەنتێرناشنال، رویتەر، فرانس ئەژانس پرس، وەکالەتی تاس، رادیۆی مۆسکۆ، میدل ایست نیوز ئەجنسی، ئاژانسی هەواڵەکانی چینی کۆمۆنستی (شینخوا) و ئاژانسی هەواڵەکانی ئەڵمانیای رۆژهەڵات) بوون:

United press International, Reuters, Agency France Press, TASS, Radio Moscow, Middle East News Agency, The Chins Communist News Agency, The East German News Agency.

ئەم سەردانە لە بواری خۆیدا بێهاوتا و لە نەریتی باو بەدەر بوو، ئەویش لەوەدا کە دەسەڵاتدارێتی عیراقی هەڵبستێ بە دابین کردنی ئامرازی گواستنەوە بۆ ئەو کۆمەڵەیە لە ((هێڵەکانی پانی))[2] لە رۆژنامەی جیهانی لە بنکەی سەربازیی (کەرکوك)ەوە بۆ چیاکانی کوردستان بۆ دیدەنی (بارزانی). وادیارە کودەتایەك بە جۆرێکی توند لە رێورەسمی ناو هەڵوێستی حکوومەتی عیراقی لە بەرامبەر پێشەوای کورد روویداوە. ئەم ئاماژەیەی حکوومەت بۆ خۆی دانپێدانانە بە (مەلا مستەفا) و بە رۆڵی ئەو وەکو پێشەوایەك کە نوێنەری گەلی کوردە. هەروەها وەك بەڵگەیەك لە گەڕانەوەی بۆ وەزعی قانونی؟

چ شتێك فاکتەری ئەم گۆڕانە بوو؟ لەو باوەڕەدام ئەم کارە شایانی — لە شێوەی وەڵامدانەوەکەیدا- هەندێك لێڕامانە بۆ ئەو رووداوانەی کە لە 18ی تشرینی دووەمی 1963 دەستی پێکرد کاتێك کە ژمارەیەك ئەفسەر بەسەرۆکایەتی (عەبدولسەلام عارف) هەستان بە رووخاندنی حوکمی بەعس.

ئەم کودەتایە ئەوە نەبوو کە من بە هیوای بووم و وێنام دەکرد. بە پێچەوانەی ئەودان و سەندنە نهێنییانە کە لە نێوان کورد و ئەفسەرانی ئازادیخواز پێش

(2) مانای پێچەوانەی ((هێڵەکانی درێژی)) مەبەستی ئەو تێکەڵاو و رەنگاڵەییە لە ئاژانسەکانی رۆژنامەوانی کە شتێك پێکییانەوە کۆناکاتەوە و پێکەوە ناساز دێتە بەرچاو. (ج. ف)

کودەتای (بەعس) لە دژی (قاسم) لەماوەی نۆ مانگدا لە شوباتی 1963 بەڕێوەچوو. ئەم جارەیان پەیوەندییەکی پێشینە لە نێوان کورد و جێبەجێ کەرانی شۆڕش لە دژی بەعس لە ئارادا نەبوو.

بەڵام دەکرێ بگوترێ کەشکستی ئەو پەلامارانەی کە (بەعس) لە هاوینی ساڵی 1963دا دژی کورد سەرکردایەتی کرد، بونیاتی بەعسی لە بنچینەڕا راتەکاند و تین وتاوی لیکترازانی نێوخۆیی ئەوانی پتر تەشەنە پێکرد، کە بووە هۆی کودەتای دووەم.

لە رژێمی نوێدا کە سەرۆك (عارف) تێیدا بوو بە هێزێکی راستەقینە، نەك وەکو پێشوو کە تەنیا رووکارێك بوو و هیچ دەسەڵاتێکی لە نێو حکوومەتدا نەبوو. ئەو پەی بەشتێك برد کە (بەعسیەکان) هەرگیز فێری نەبوون ئەویش بریتی بوو لە: حکوومەتی عیراق توانای نییە لەیەك کاتدا دوژمنایەتی شیوعیەکان و عەبدول ناسر و کورد بکا. رژێمی راستڕەوی میانەڕەوی (عارف) لە بەربەرەکانی شیوعییەکان بەردەوام بوو، بەڵام لەگەڵ ناسر هاوئاهەنگ بوو، پاش ماوەیەکیش لە ئاگربەست لەگەڵ کورد بێ ئەوەی کە رێکەوتنێکی لەسەر بکرێ — چەند هەنگاوێکی بۆ رێککەوتنەکە گرتەبەر.

هەنگاوەکانی حوکمی عارفی لەم ئاراستەیەدا هەموویان لە ئیلهامی سەرۆك عەبدول ناسرەوە پێك هاتن کە لە میانی کۆبوونەوەی هاوینەی سەرۆکەکانی عەرەبەوە هات کە لە 17ی کانوونی دووەمدا کۆتایی هات و سەرۆك (عارف) کە بۆ خۆی هەر لە زەمەنێکی درێژەوە بە جەمال عەبدول ناسرەوە سەرسام بوو، کە لە لایەکەوە بێگومان کەوتبووە ژێر کارتێکردنی ناڕەزایەتی (جەمال) لەسەر پەلاماردانی سەربازییانەی (بەعس) دژی کورد، لە لایەکی ترەوە بە جەغت کردنەوەی خودی (عەبدول ناسر) بەڵێنیدا کە مادام ئەو کارە مانای (جیابوونەوە) ناگەیەنێ هەندێك لە (مافە نەتەوەییەکان)ی کورد بدا.

لە سەرەتای زستاندا (شەوکەت عەقراوی) کە لە پایەی نێردراوی دەرەوە، بوو بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، چەندین چاوپێکەوتی لەگەڵ (جەمال عەبدول ناسر)دا بۆ



رەخسابوو، توانی بە نهێنی لە (قاهیرە) وە دەربچێ. ئەو نامەیەکی بۆ مەلا مستەفا بارزانی پێ بوو. لە نامەکەدا ئامادەیی ناوبژیوانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان کورد و حکوومەتی عیراقی خستبووە روو. (مەلا مستەفا) رەزامەند بوو لەسەر ئەو کارە. بەڵام حکوومەتی عیراقی پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ (بارزانی) ئەنجامدا، پێش ئەوەی کە (عەقراوی) بتوانێ بە نێو رێگا شاخاوییەکاندا کە بەفر داپۆشی بوو، رێگەی گەڕانەوە بۆ (قاهیرە) ببڕێ ئەو وەڵامی نامەکەی دەبردەوە.

یەکەمین هەنگاو وەکو دەردەکەوێ (لیوا نایف حەمودی) پارێزگاری کەرکوك هەڵیگرت. ئەو شانازی بەوەوە دەکا کە نامەی شەخسی بۆ ئەو ئەفسەرانە ناردووە کە لە پێشاندا لە سوپای عیراقیدا بوون و ئێستا لە پاڵ ریزەکانی بارزانیدا بوون. ئەو پێشنیاری کرد بوو کە کاتی ئەوە هاتووە کە ئاگربەست بکرێ. هەروەها (شێخ ئەحمەد) برا گەورەی (مەلا مستەفا) کە بە درێژایی ماوەی کێشەکە هەڵوێستی بێلایەنی هەبوو، لە کانونی یەکەم یا کانونی دووەم سەفەری بەغدای کرد، چاوی بە سەرۆك (عارف) کەوت و پاش ئەوە بە ماوەیەکی کورت (مەلا مستەفا) نامەیەکی لە (بابا عەلی) وەزیری پێشووی کشتوکاڵ پێگەیشت. (بابا عەلی) کوڕی شێخ مەحمودی سلیمانییە کە کاتی خۆی بە مەلیکی کوردستان ناودەبرا، ئەو زۆر جار رۆڵی ناوبژیوانی لە نێوان حکوومەت و کوردە جەنگاوەرەکاندا، دیوە.

بەدوای نامەکەی (بابا عەلی)دا لە بەرواری 31ی کانونی دووەم، لە رانیە کۆبوونەیەوەك لە نێوان مەلا مستەفا و ژمارەیەك لە پێشەوایانی کورد و (عەمید عەبدول رەزاق سەید مەحمود) بە هاوڕێیەتی (شێخ ئەحمەد)ی برا گەورەی مەلا مستەفا بەڕێوە چوو. لە ئەنجامی چوار کۆبوونەوە لە نێوان (مەلا مستەفا) و پارێزگاردا، رێك کەوتنێك بۆ ئاگر بەست رەزامەندی لەسەر درا و لە شەوی 10ی شوبات دا[3] خوێندرایەوە.

---

[3] ئەمەش بەیاننامەی 10ی شوباتی 1964:
بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان =

=لەسەر بنەمای پێداویستییەکانی بەرژەوەندی گشتی و بۆ وەڵامدانەوەی برا کوردەکانمان وەکو لە بانگەوازی (مەلا مستەفا بارزانی) داهاتووەو و بەپێی ئارەزووی ئێمە لە گێڕانەوەی ژیانی سروشتی بۆ بەشی باکوور لە نیشتیمانی خۆشەویستمان و دانانی سنورێك بۆ هەوڵەکانی ئیستعمار و شوێنکەوتوانی. بەپێی ئەوەی کە بەرژەوەندی باڵای نیشتیمان دەیخاتە سەر شانمان بڕیارمان بەمەی خوارەوەدا:

1- ئیقرارکردن بە مافە نەتەوەییەکانی برا کوردەکانمان لە چوارچێوەی گەلی عیراق لە یەکێتییەکی نیشتیمانی برایانەدا وجێگیرکردنی ئەمە لە دەستوری کاتیدا.

2- ئازادکردنی گیراوەکان و دەستبەسەرکراوەکان و حوکم دراوەکان لەوانەی کە بە هۆی روداوەکانی باکورەوەیەوە ودەرکردنی لێبوردنی گشتی و هەڵگرتنی دەسبەسەرداگرتن لە ماڵ و سامانی راگوێزراوی ئەو کەسانەی کە پێشتر ماڵ و سامانیان دەستی بەسەرداگیراوە.

3- گێڕانەوەی فەرمانگە خوجێیەکان بۆ ناوچەی باکوور.

4- گێڕانەوەی فەرمانبەران و خزمەتگوزاران.

5- هەڵگرتنی کۆت و پێوەندەکان بۆ خستنە بازاڕی هەموو جۆرە کەل و پەلێکی پێداویستی بە هەموو شێوەکانیەوە.

6- دەست بەکاربوونی دەستبەجێ بە دووبارە نۆژەنکردنەوەی ناوچەی باکوور و پێکهێنانی لیژنەی جۆربەجۆر بۆ لەناوبردنی ئەو ئاستەنگانەی کە دێتە پێشەوە لەمەڕ کاروباری رۆتین و قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوان.

7- قەرەبووکردنەوەی ئەو خاوەن زەوییانەی کە زەوییەکانیان بە هۆی ئاوی هەردوو بەنداوی (دوکان و دەرەبەندیخان) ژێر ئاو کەوتوون، بەقەرەبووکردنەوەیەکی دادپەروەرانە.

8- رێوشوێنی پێویست بۆ زامن کردنی دووبارە گێڕانەوەی ئاسایش و سەقامگیری بۆ ناوچەی باکوور، وەردەگیرێت.

9- پێویستە لەسەر هەموو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کە مەرسوم و فەرمان و رێنوێنی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی بەیانەکە دەربکەن. (ئیمزا: عبدالسلام عارف سەرۆك کۆمار).

هەروەها مەلا مستەفا ئەم بەیانەی بڵاوکردەوە:

لە وەڵام بۆ جێبەجێکردنی ئارەزووی سەرۆك کۆمار... و پاراستنی یەکێتی ریزەکانی نیشتیمانی و رێگەگرتن لە رژانی خوێنی بێ تاوانان و کۆتایی هێنان بەشەڕی برا کوژی، سەلماندنی نیازپاکی بەرامبەر دەسەڵاتی فەرمانڕەوا. بڕیارماندا دەستپێشکەری بۆ ئاگربەست بکەین و داوا لە برایانم دەکەم کە بگەڕێنەوە شوێنی دانیشتنی خۆیان و بچنە سەر کاروباری ئازاد و سەرفرازی خۆیان، بەمەش دەرەتان بۆ دەسەڵاتی نیشتیمانی دەڕەخسێت بۆ ئەوەی=



مـــادە ســـەرەکییەکانی راگەیانـــدنی رێکەوتنامـــەی ئاگربەســـت، ســـەرەڕای رێککەوتنامەی راگرتنی شەڕ بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

1-حکوومەتی عیراق مافە نەتەوەییەکانی کورد لە چوارچێوەی یـەکێتی نیـشتیمانی عیراق کە دابەشبوونی بۆ نییە، دەسەلمێنێ و لە نێو دەستوردا ئـەم دەقـە تۆمـار دەکا کە ئێستا لە حاڵی ئامادەکردندایە.

2-حکوومەت بەڵێن دەدا کـە گـیراوە سیاسـیەکان ئـازاد بکـا، ئابلوقـەی ئـابووری داسەپاو لەسەر ناوچە کوردییەکانی باکوور هەڵـدەگرێ. هـەروەها بەڵێنـدەدا کـە ناوچە زیان لێکەوتووەکانی باکوور نۆژەن بکاتەوە.

3-کورد رازین بە گەڕانەوەی فەرمانبەرە (ئیدارییەکان) بۆ ناوچـەکانی بـاکوور و هاوکاری کردنی حکوومەت لەسـەر پـەخش کردنـی ((ئاسـایش و یاسـا لـە ناوچەی ناوبراودا)).

کاتێك، دوای پازدە رۆژ لە جێبەجێکردنی رێکەوتنی ئاگر بەست، دیدەنی سەرۆك (عارف)م لە بەغدا کرد، لە بەرامبەر ئەو رێککەوتنە کە لەگەڵ کورد کردوویـەتی زۆر ئاسودە و خۆشحاڵ هاتە بەرچاوم. ئەو کە لەسەر کورسییەکەی لە نوسینگەی گەورەی سەرۆکایەتی دانیشتبوو، ئاوڕێکی بۆ پشت خۆی دایەوە و زەردەخەنەیـەکی پـانی بـۆ کردوو پاشان گوتی:

=دەستپێشکەری بەو هەنگاوانە بکەن کە زامنی دووبارە گێڕانەوەی ژیانی سروشتی و ئاسایش و سەقامگیرین لە ناوچەکەدا و دەرەتان ئامادە ببێ کە ئیقرار بە مافە نەتەوەییەکانی هاونیشتیمانانی کورد لە چوارچێوەی گەلی عیراق و لە نێو یەکێتیەکی نیشتیمانیدا و دارژتنی برایەتی نێوان عەرەب و کورد لەسەر پتەوترین بناغە کە لە هەڵوەشان بیپارێزێ و لە پیلانگێڕانی ئیستعمارییەکان و دوژمنان و تەماعکاران بیپارێزی و باهەمووان بزانن کە سەروەریی قانوون و دابین کردنی ئاسایش و نیزام لە ناوچەکەدا زامنی چارەسەکردنی هەموو گیروگرفتێکە هەر چەندە ئاڵۆزیش بێت. خواوەند هەنگاوی دڵسۆزان پایەدار بکا و کۆششەکانیان سەرکەوتوو بکا بۆ یەکێتی گەل و نیشتیمان و خۆشەویستی و بوژانەوە و واللە وراء القصد.

(بارزانی مستەفا)

(ج. ف)

- له راستیدا (رێك كەوتن)ێك لەگەڵ کورددا لە ئارادا نییە، بەڵكو ((گەڕانەوەیەکە بۆ ژیانی ئاسایی)) لە پەیوەندییەکی نێوان برایان دا.

پاش لێرامان درکم کرد کە راگرتنی شەڕ لە 10ی شوبات، لە واقیعدا لەشێوەی (رێککەوتن)ێك رانەگەیەنرا. بەڵكو وەکو راگەیەنراوێکی جیاواز کە هەر کام لە (بارزانی) و (سەرۆك عارف) لە لای خۆیانەوە، رایانگەیاند. سەرەڕای ئەوەش، هەموو مەرجەکان لە راگەیەنراوی سەرۆکدا هاتبوون، بەڵام فەرمانی راگەیاندنی راگرتنی شەڕ تەنیا لە راگەیەنراوەکەی بارزانیدا هاتبوو.

پرسیارم لە سەرۆك کرد ئایا ئێستا دان و سەندن بۆ دیاری کردنی مافە نەتەوەییەکان دەکرێ کە بەپێی ئەو راگەیەنراوە دەچێتە ناو دەستوری کاتییەوە؟

ئەو بەزارێکی لێبڕاوانەوە گوتی:

- نەخێر نەدان و سەندن هەیە، و نە گوت وبێژهەیە.

گوتم:

- ئایا دەکرێ لەو حاڵەدا (سەرۆك) لوتف بکا پێناسەی مافە نەتەوەییەکانی کورد بکا؟

ئەو بەشێوەیەك وەڵامیدامەوە وەکو ئەوەی پرسیارێکی گشتیم لەبارەی مافە نەتەوایەتییەکان لێکردبێ نەك دەبارەی مافە نەتەوەییەکانی کورد، یاخود وەکو ئەوەی کە مافە نەتەوایەتییەکان تەنیا مافی تەئکید کردن لە رەچەڵەکی نەتەوەیی بگرێتە خۆی و بەس، ئەو گوتی هەموو عیراقییەك ئازادە لە تەئکیدکردنەوەی بنەمای نەتەوەیی خۆی و....

- نەتەوایەتی ئێمەی عەرەب باوەڕی بە باڵادەستی نەتەوەیەك بەسەر نەتەوەیەکی تردا نییە. ئێمە هیچ گەلێك ناچار ناکەین نەتەوایەتی عەرەب قبوڵ بکا هەر چەندە کە هەمووشیان پاژێکن لە کۆمەڵگای عیراقی.

سەرسامییەکی مەزن دایگرتم. ئایا دەکرێ پاش بیست و نۆ مانگ لە جەنگێکی بەردەوام و وێرا بە ئازارەکانی کارەساتەکانی ئەو جەنگە -بارزانی- لەسەر رێککەوتنێکی لەم تەرزە رازی بێ؟ ئەی دەربارەی مافە تایبەتییەکانی کورد کە لەو یادنامەیەی کە (جەلال تالەبانی) لە 24ی نیسانی 1963 پێشکەشی حکوومەتی



(بەعس)ی کرد چی؟ ئەی لە بارەی هەردوو ئەنجوومەنی یاسادانان و جێبەجێکردن بۆ کورد، چی؟ دەربارەی داخوازی کورد لە پشکێکی رەوا لە داهاتەکانی حکوومەت، هێزی ئاسایشی کوردی، فیرقەی سەربازی کوردی، داخوازی کورد لە دیاریکردنی هەموو فەرمانبەرانی رەسمی کوردستان چی؟ ئەی دەربارەی خوێندنی زانستەکان بە زمانی کوردی لە کوردستان و کردنی زمانی کوردی بە زمانی رەسمی چی؟

وادەردەکەوێ (سەرۆك عارف) بە رۆڵی (باوکی مەزنی سپی)[□] هەڵدەستێ. ئەو بە دڵاوایی و بەخشندەییەوە، بە بڕی دیاریکراو دادپەروەری دابەش دەکا. هەرچەندە گومان لە ئارەزووی ئەودا نەبوو کە دەیەوێ کۆتایی بەشەڕ بێ، بەڵام واپێدەچوو، ئەو نەیدەتوانی، تەحەمولی بیرۆکەی مامەڵەکردنێکی یەکسان لەگەڵ کورددا بکا. هەروەکو لە هەردوو وشەی ((رێککەوتن)) و ((دان و سەندن))دا دەردەکەوتن.

بەڵام هەڵوێستی راستەقینە لە تێکشکانی سوپای عیراقی لەوەی کە بتوانن چۆك بە هێزەکانی بارزانی دابدەن، لە گواستنەوە و هێنان و بردنی بێ هەژماری سەربازی، و ئەو بەرخودان و خۆڕاگرییەی کەرتی مەدەنی گەلی کورد لە خۆی نیشاندا، سەرچاوەی دەگرت، هەموو ئەوانە پێویستییان بە ((دان و سەندن)) و ((رێکەوتن)) هەبوو.

هەشت مانگ پێشتر (عارف) لە کاتی گەشتێکی بەناو پێگە سەربازییەکانی باکوور، هەوڵی دەدا هیمەتی سەربازانی عیراقی بۆ ((پاکردنەوەی ناوچەکە لە خاینان و تاوانباران)) بخرۆشێنێ. لە وتارێکیدا لە یانەی ئەفسەران لە (کەرکوك) داوای کرد ((پاککردنەوەیەکی سەر تاسەری لە خاینان)) ئەنجام بدرێ و یاخی بووان دەبێ ((وەك تۆزوبا پەرتوبڵاوبکرێن)).

قەدەر وای هێنایە پێشەوە پاش رۆژێك لە دیمانەکەم لەگەڵ (سەرۆك عارف)، وەزارەتی ئیرشاد گەشتێك بۆ پەیامنێرانی بیانی بۆ (باکوور) رێکبخاو هەلێکیش بۆ چاوپێکەوتنی (بارزانی) بڕەخسێنێ.

---

[4] هیندییە سورەکان، ئەم نازناوە بۆ سەرۆك کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان بە کاردەبەن بەو پێودانگەی کە ئەمە ناوێکە، چونکە لای ئەوان ناوەکان بە پلەی یەکەم وەکو سیفەت دەگوترێن. (ج. ف)

دوای رۆژ و نیویێك لە دیمانەم لەگەڵ گەورە بەرپرسیانی ((باکور)) سەرسامی من پتر زیادی کرد. ئەو خەڵکانەش هەورەکو (سەرۆك عارف) بێ ڕاڕایی دەیانویست کۆتایی بە شەڕ بێ، پارێزگاری سلێمانی (عەمید عەبدول رەزاق سەید مەحمود)) بەرامبەر بە بارزانی سەرسامی لێدەڕژا و ئەو ئاوا وەسفی بارزانی دەکرد کە ((پیاوێکە دەکرێ متمانەی پێ بکرێ)) و ((لە هەمووان باشتر)) و ((بەو پەڕی حیکمەتەوە کاردەکا)). ئەو، قبوڵکردنێکی گشتی بە پێشەوایەتی بارزانی، و ئەو شێوازەی کە سەرکردەکانی تر فەرمانەکانی قبوڵ دەکەن، و ئەو ڕێزگرتنە کە لە کاتی چاوپێکەوتنیدا دەینوێنن، تێبینی کردبوو. ئەو، شانازی بەدەوری تایبەتی خۆیەوە دەکرد کە وەکو دانوسەندنکارێکی سەرەکی لەگەڵ (بارزانی) گێڕاویەتی، شانازی بەوەوە دەکرد کە پاش ئەوەی راگەیاندنەکانی 10ی شوباتی مۆرکردووە ((قەڵەمە پارکەرە 51))ەکەکەی خۆی پێشکەشی سەرکردەی کورد کردووە.

هەروەها (لیوا نایف حەمودی) پارێزگاری کەرکوك ئەویش شانازی بەو نامانەوە دەکرد کە نووسیویەتی، کەوا دەردەکەوت رۆڵی هەبووە لە یەکەم هەنگاوی راگرتنی شەڕدا. هەروەها (لیوا ئیبراهیم فەیسەڵ ئەل ئەنساری) سەرکردەی فیرقەی دوو، ئەو داواکارییەی کە بۆ نمانیش کردنی رووداوە سەربازییەکانی ساڵی رابردوو کرا، رەتکردەوە و گوتی: ((گرنگ ئەوەیە کە رابردومان لە بیربچێتەوە)).

بەڵام ئارەزووی ئەمانە بۆ کۆتایی پێهێنانی شەڕ —هەروەکو هەمان ئەو حاڵەتە بوو کە لای سەرۆك عارف هەبوو، ملکەچی ئەو ئارەزووە بوو کە تاك لایەنە لە لای خۆیانەوە یاری بە مەسەلەکە بکەن، (لیوا نایف حەمودی) بەوە واقی ورماندین کە کورد ئامادەیی خۆیان پشانداوە چەکەکانی خۆیان تەسلیمی سوپای عیراقی بکەن و تائێستا پەنجا لە سەدی ئەوانە بەکردەوە چەکەکانی خۆیان تەسلیم کردوە، گوتی:

- ئەم تفەنگانە بە تفەنگی راو دەگۆڕدرێنەوە تاکو لە راوی ئاژەڵی کێویدا بەکاربێن!

کاتێك کە ئاگاداریانکرد باسێك لە تەسلیم کردنەوەی چەك لە نێو مەرجە بڵاوکراوە و پەخشکراوەکانی راگرتنی شەڕدا نەهاتووە. گوتی ئەمەیان بەپێی ((ڕێککەوتنێکی جەنتلمان)) بەڕێوە دەچێ. هەروەها سەرکردەی فیرقەی دوو



تەئکیدی کرد کە بارزانی پلە بە پلە ڕێکخستنە جەنگاوەرییەکانی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە.

هەروەها گوتی:

- ئەگەر بیرۆکەیەك لای ئێوە هەبێ لەمەڕ دوو هێزی بەرامبەر لە باکوور، ئەوە دروست نییە. بارزانی هێزەکانی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە، لێرە بەدواوە بارزانی ئیتر جوڵانەوەیەکی نابێ. سوپای عیراقی بەسەر هەموو عیراقدا زاڵە.

ناکۆکی لە نێوان ئەم دوو راگەیەنراوە کە من لە 4، 25ی نیساندا لە (تاڵەبانی) و (مەلا مستەفا بارزانی) گوێم لێبوو، شتێکی لە کتێبی ((ئەلیس لە وڵاتی سەیر و سەمەردا)) هێنایە بەرچاوم.

(جەلال تاڵەبانی) کە ئێمە رۆژێکی تەواومان لەگەڵدا بردەسەر، پشتیوانی لە گومانەکانی من کرد، ئێمە لەوێ لەو کاتەدا چاوەڕێی گەرانەوەی بارزانی بووین کە ئەو رۆژە چوبووە ((راوە بەراز)). ((جەلال تاڵەبانی)) گوتی: زۆر شت هەیە کە لەگەڵ حکوومەتدا قسە و باسی لێدەکرێ لە ڕێککەوتنی راگرتنی شەڕ کە لە 10ی شوبات دەرچووە، زۆر زیاترە. کورد ئێستاش هەر چەکدارن و یەك پارچە چەکیشیان تەسلیم نەکردۆتەوە.

(تاڵەبانی) گوتی: سەرەڕای ئەو مەرجانەی کە بڵاوکرانەوە، دوازدە مادەی تری هەیە کە بڵاونەکراونەتەوە، ئەمانە مادەی نهێنین کە (گرنگترین بابەتی ناو ڕێککەوتنەکەن) کە ئیمزا نەکراوە، (موتەسەریفی کەرکوك) کاتێك باسی (ڕێککەوتنی جەنتلمان)ی کرد رەنگە مەبەستی ئەوە بووبێ.

نە (مەلا مستەفا) و نە (تاڵەبانی) شتێکی وردیان لە بارەی ڕێککەوتنی ناراگەیەنراو باس نەکرد. بەڵام من لەو باوەڕەدام کە مادە سەرەکییەکانی وەکو خوارەوەیە:

1- سەرەڕای مەرجە تۆمارکراوەکان -لە حاڵەتی جێبەجێکردنیدا دەسبەجێ سوپای عیراقی لە ناوچەی کوردی دەکشێتەوە. تاڵەبانی پێی گوتم کە ئەو پێشبینی ئەوە دەکا ئەمە لە مانگی ئازاردا جێبەجێ ببێ.

2- هەموو ئەویە کە سەربازییانەی سوپای عیراقی کە بارەگای رەسمی و جێگیریان لە باکوور نییە (وەکو فیرقەی دوو) لە ناوچەکانی کوردی لە باکور دەکێشرێنەوە.

3- مافە نەتەوەییەکانی کورد، لە رووی ئابووری و سیاسییەوە دیاریدەکرێن (بەڵام بە وردی روونی نەکردۆتەوە کە چۆن و بە چ شێوەیەك دەبێ).

4- کاتێك کە حکوومەت هەڵدەستێ بە جێبەجێکردنی ئەم مەرجانە سەرەڕای ئەوانەش کە لە رێککەوتنی راگرتنی شەڕدا هاتوون (وەکو ئازادکردنی گیراوە سیاسییەکان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە، یان دەستکردن بە پرۆژەی ئاوەدان کردنەوە) ئەوا ئەو کاتە کورد هەڵدەستن بە مەزنترین قوربانیدان:

ئەوان هەڵدەستن بە هەڵوەشاندنەوەی رێکخراوە چەکدارییەکانی خۆیان و ئەو کوردانەی کە لە سوپای عیراقییەوە هەڵاتوون، بە خۆیان و چەکەکانیانەوە دەگەڕێنەوە، ئەوانی تریش دەگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵ و زێدی خۆیان.

نالێکی سەرەکی لە نێوان حکوومەت و کورد لە شیکردنەوەی ئەم خاڵانەدا ئەوەبوو کە: کاربەدەستانی بەرزی حکوومەت قسە و باسیان لەسەر ئەو قوربانیدایە کۆتاییە مەرجدارەی کورد، مەبەستم (چەکدانانی هێزە چەکدارەکانی ئەوانە) وەکو هەقیقەتێکی واقیعی، لێرەوە بەرەو چارەسەرکردنی هەموو ئاڵۆزاوییەکانی رێککەوتنەکە، بەو پێودانگەی کە خۆبەدەستەوە دانێکی کوردییە، دەکرد.

نکوڵیکردنی کاربەدەستانی عیراقی لە بوونی رێککەوتنێکی نهێنی لەگەڵ کورد، ئەو شەوە کە لە گەشتەکەمان لە باکوورەوە گەڕاینەوە بۆ پایتەخت لە راگەیاندنێکدا کە لە رادیوی بەغداوە خوێندرایەوە، پاساوی تەکنیکی خۆی هەبوو کە ئەویش ئەوە بوو ئەو رێککەوتنە ئیمزا نەکرابوو (ئەمە بە لانی هەرە زۆرەوە هەڵسەنگاندنی سەرۆك عارف بوو چونکە رێککەوتنی بنەڕەتی بۆ راگرتنی شەڕ لەسەر شێوەی دوو راگەیاندنی لە یەکتر جیا دەرچوو، نەك بەشێوەی یەك رێککەوتن، لە وەڕا ئەو کە لەبەردەمی من نکوڵی لە بوونی هەر (رێککەوتنێك) دەکرد لەسەر هەق بوو. لەبەر ئەوە ناشکرێ دان و سەندن بۆ هەموارکردنی لە ئارادا بێت.



لێرەدا بێگومانکردن دەتوانی رواڵەتی تاوانبارانەی مەیل و ئارەزووی عەرەبی بۆ هەڵگێڕانەوەی راستییەکان نە تەنیا بە گوتە بەڵکو بە خۆزگە خواستنیشەوە!! بدۆزیتەوە.

هەورەها لە نێو کوردیشدا جیاوازیی گرنگ لە نێوان (مەلا مستەفا) و (تاڵەبانی) لە بارەی راگرتنی شەڕ و ئەگەری یەکلاییکردنەوەیەکی بەرینتر لەو کارەدا هەبوو.

هەستم کرد کە رەنگە بارزانی باوەڕی وابێ کە ئەمە ساتێکی مێژووییە بۆ یەکلاییکردنەوەیەکی راستەقینە، مرۆڤ بۆی هەیە گوتوبێژ لەوەدا بکا کە هەڵوێستەکە لە هەموو ئاراستەیەکەوە لەبارە، کورد لەباری سەربازییەوە لە پێگەیەکی بە هێزدان و سەرکردایەتی کورد سەرباری ئەوەش بەتەواوی دروست و بەهێز راوەستاوە، بە پێچەوانەی هەموو توخمە سیاسییەکانی تری عیراق کە بە هۆی زنجیرەیەك پاکسازی و زەبروزەنگەوە شەکەت و لە پەل و پۆی خستووە:

یەکەمیان ئەوەبوو کە شۆڕشی قاسم پاشایەتی خوازانی لەناوبرد و پاشان (ناسرییەکان)ی لە بەین برد، ئینجا بەعسی بە کودەتایەك قاسمییەکانی لەناو برد، پاشماوەی ناسرییەکان و شیوعییەکانیشی براندەوە. دواجار (عارفیش) بەعسییەکانی پاکسازی کرد.

هەروەها هەستم کرد کە لەوانەیە لە پشت قسەکانی (مەلا مستەفا) باوەڕێکی پتەو هەبێ کە مەرجەکانی راگرتنی شەڕ بەرهەمێکی نابێ و هێزە چەکدارەکانی کوردیش هەرگیز چەك دانانێن، ئەو ناتوانێ متمانە بە سەرۆك (عارف) یان ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی تر بکا و ئەوەندەی پێناچێ کە دووبارە پەنا دەباتەوە بەر شەڕ و ئامانجی راستەقینەشی لە هەموو ئەو پرۆسەیەدا تەنیا ئەوەیە کە ماوەیەك پشوو بە گەلەکەی بدا بۆ ئەوەی کە کەرەسەی سەربازی و شارستانی بەدەست بهێنێ و کەم و کوڕییە تایبەتییەکانی کە هەیانە، پڕبکاتەوە.

هەروەها لەوانەشە (مەلا مستەفا) دڵنیا نەبوو بێ. لای من تێبینییەك دروست ببوو کەوا دەهاتە بەرچاو بارزانی وەك ئازاری نیگەرانییەکی قووڵ بچێژێ، لە

هەمانکاتدا ماندوو و خەمبار بێ. بە پێچەوانەی پێشوو کە لە پاش راگرتنی شەڕ لەگەڵ بەعسییەکان لە شوباتی 1963 هەڵوێستێکی دوژمنانە و هەستی باڵادەستی لێ بەدەردەکەوت. بێگومان ئێستا ئەو دەیپرسی —لە دەمێکدا کە لە بیرەوەری ئەو مێژووە درێژە لە غەدر کە کورد بە دەستی دراوسێکانییەوە چەشتوویانە- ئایا ئەو کارێکی شایستە بە خۆی ئەنجام دەدا یان ئەوەتا بەهۆی مانۆڕێکی زرنگانەوە راکێشراوەتە نێو تۆڕی تەڵەکەوە؟

خوێندنەوەی ئەو شتە کە لەسەری (بارزانی) دایە کارێکی ئاسان نییە، من ناتوانم بەشێوەیەکی تەئکید کراو پێشبینی ئەوە بکەم کە چی لە مێشکی ئەودایە، راوشکاوترین شت کە گوتی ئەمە بوو:

- ئێمە هەلێك بۆ حکوومەت دەڕەخسێنین تا بزانین بۆ مافە نەتەوەییەکان چی بۆ کورد دەکا. ئەگەر بە بەڵێنەکانی خۆی وەفادار نەبوو ئەوا دووبارە ناچار دەبین شەڕ بکەینەوە. ئێمە هێشتا نەگەیشتووینە کۆتایی دان و سەندن. کاتێك ئەوە هاتە پێشەوە شەڕ و خێر پێك دەگرم و دووبارە بڕیار دەدەین چۆن کاردەکەین.

هەروەها زۆر گومانی تری خۆی دەربارەی ئەو شێوەی کە دان و سەندنکارانی حکوومەت مامەڵەی پێدەکەن، ئاشکراکرد.

جارێکیان پێشنیاری کرد کە لیژنەیەکی نێو دەوڵەتی لە باڵوێزانی سۆڤێت و ویلایەتە یەکگرتووەکان و میسر پێك بێت و وەکو چاودێر و شایەت لەو رێککەوتنەدا بەشداربن کە لەگەڵ حکوومەتدا دەگاتە ئەنجام. هەروەها ئەو بانگهێشتەشی رەتکردەوە کە سەفەر بۆ بەغدا بکا. لە جیاتی ئەوە داوای کرد کە حاکمی گشتی سەربازی (فەریق رشید مصلح) و سەرۆك وەزیران (فەریق تاهیر یەحیا) بۆ گوتوبێژی زیاتر بێنە رانیە. ئەوە بوو (مصلح) لە ناوەڕاستی ئازاردا گەیشتە رانیە، بەڵام (تاهیر یەحیا) نەچوو.

لە (بارزانی)م پرسی ئایا هێشتا سوری لە سەر داخوازییەکانت کە لە یادنامەکەی 24ی نیسانی 1963 داهاتووە. ئاماژەم بە هەردوو ئەنجوومەنی یاسادانان و جێبەجێ کردن، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و فیرقەی کوردی کرد؟ ئەو مادە بە دوای مادەدا وەڵامیدایەوە کە ئەو ئێستا ئەو شتانەی داوانەکردووە.



لێم پرسی:

- کەوابێ دەتوانم بڵێم، کە تۆ داواکردنی ئەم شتانەت دواخستوە؟

گوتی:

- بەڵێ، دەتوانی ئەوە بڵێی.

(تاڵەبانی) بە هێڵکی راست لەگەڵ ئەوەدا نالێك بوو، بە راشکاوی گوتی کە ئەو ناڕەزایەتی لەگەڵ راگرتنی شەڕدا کردووە و متمانەش بە (عارف) و هیچ پێشەوایەکی بەرپرسی تر لە حوکمی ئێستا ناکاو پێشبینی دووبارە هەڵگیرسانەوەی شەڕ دەکا، هەر چەندە ئەو بۆ خۆی ملکەچی دەسەڵاتی (بارزانی)یە بەڵام هەرگیز لەو باوەڕەدا نییە کە لە ساتی ئێستادا راگرتنی شەڕ لە بەرژەوەندی کورد دابێ. ئەو لەو باوەڕەدایە کە کورد لە هەڵوێستێکی بەهێز دایە و لەباری جەنگاوەر و ئەو زەوییانەشەوە کە لەبەر دەستیان دایە لە دوژمن بەهێزترن وەك لە شوباتی 1963. هەر بەتەنیا ئەوەش نا، بەڵکو ئێستا لە حاڵەتێك دان کە دەتوانن بە بەرنامەی ئازاتر و گەورەتر بەرەو پێشەوە بچن. هەروەها بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە پارتی دیموکراتی کوردستان ئێستا ساز و ئامادەیە بۆ کارکردن لەناو شارەکاندا هەروەها لە قسەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەو چواردە فەوجە کرد لەوانەیە ژمارەیان بگاتە نۆ هەزار جەنگاوەر —کە خۆی لە رێکخستنیدا هاوکاری کردوون تا لە شێوەی یەکەی نیزامیدا رێکبخرێن. هەروەها گوتی ئەو یەکانە رۆژانە بۆ ماوەی چوار کاتژمێر مەشقێکی سەربازیی توندوتیژی بەردەوام دەکەن. هەروەها گوتی ئەو پیاوانە چەك دانانێن و ئەگەر فەرمانی ئەوەشیان پێ بکرێ لە نێو ئەو چیایانەدا خۆیان دەشارنەوە.

ئێستا (مەلا مستەفا بارزانی) تەمەنی شەست ساڵە. ئەو ئارەزووی بە لای راستڕەوی و میانەڕەویدایە. ئەو لە بنچینەوە پێشەوایەکی عەشیرەتییە و پیاوێکە زۆر حەز لە سیاسەتی حزبایەتی ناکا، سەرکردایەتی پڕ لە نهێنی ئەو، لە کات و ساتی ئەستەمدا و لەناو ئەشکەوتی چیادا پتر دەدرەوشێتەوە وەك لە هۆڵی کۆنگرەکان لە کاتی ئاشتیدا. (تاڵەبانی) لە تەمەنی سی ساڵیدایە. ئارەزووی ئەو بەلای چەپڕەویدایە. ئەو پیاوی حیزبی سیاسییە. ئازایەتی ئەو لە مەیدانی شەڕ و دان و

سەندن و هەروەها لە بواری پروپاگەندە و راگەیاندنیشدا دەرکەوتووە. ئەو، ئەمڕۆ پاش بارزانی دووەمین کەسایەتیە و هەندێك کەس بە جێنشینی ئەوی دەزانن.ئەنجامگیری من لە بارەی هەڵوێست لە بەهاری ساڵی 1964 دا بەم جۆرەیە:

دەتوانم چەندین پاسا و بۆ لێکدانێکی تر لە داهاتوودا و خراپ لێك حاڵی بوونێکی تر لە داهاتوودا لە نێوان کورد و حکوومەت لەبارەی چۆنیەتی جێبەجێکردنی مەرجەکانی ئاگربەست و درێژەدان بە دان و سەندن و رێککەوتن بدۆزمەوە، هەروەکو لە مادە ئیمزا نەکراوەکان یان رانەگەیەنراوەکانی (رێککەوتنی جەنتلمان) کە لە پاڵ رێککەوتنی راگرتنی شەڕەوە هاتووە. هەروەها زۆر هۆکاریش بۆ لێکدانێکی داهاتوو لە نێوان (مەلا مەستەفا) و (تاڵەبانی) و شوێنکەوتوانی، دەبینم.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بە هەقیقەت شتی گرنگ لە کوردستان لە بەهاری ساڵی 1964 بوونی هەلێك و هیوایەکە بە ئاشتی[5].

[5] لە چواری نیسانی 1964 دەستوری کاتی عیراق بڵاوکرایەوە و مادەی یەکەمی ئەوەبوو (گەلی عیراقی پاژێکە لە نەتەوەی عەرەب کە ئامانجی یەکێتی سەرتاسەری عەرەبە و حکوومەت پابەند دەبێ بە کارکردن لە پێناوی هێنانەدی ئەمەدا....)). مادەی 19 ((عیراقییەکان لەبەردەم یاسادا وەکویەکن، لە مافەکان و ئەرکە گشتییەکاندا یەکسانن... هەموو هاونیشتیمانیان لە پاراستنی قەوارەی ئەم نیشتیمانەدا بە عەرەب و کوردەوە هاوکاری دەکەن و ئەم دەستورە مافە نەتەوەییەکانیان لە چوار چێوەی یەکێتی عیراقیدا ئیقرار دەکا)). ئەمە زۆر لەوە کەمتر بوو کە لە دەستوری کاتی 27ی تەمموزی 1958 هاتبوو بوو، هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دەستور رێککەوتنی یەکێتی لە 26ی ئایاری 1964 راگەیەنرا، سەرەڕای ئەوە کونگرەی پارێزەرانی عەرەب کە لە بەرواری 10ی یەکەمی 1964 لە بەغدا بەسترا هەستا بە راگەیاندنی ئەمەی کە ((عەرەبستان و ئەسکەندەرونە و کلیکیا وەك خاك و گەل پاژێکن لە نیشتیمانی عەرەب و لێی جیا نابنەوە)) ئەمە ((هەروەکو نەتەوەخوازانی هوشیاری عەرەب دەیانگوت) کاریگەرییەکی جیدی لەسەر شۆڕشی کورد دانا بەرەو دیالۆگێکی نوێ کە ترسان لە نیاز و مەرامی خراپ و لێکدانەوەی نادروست هاندەری ئەو دیالۆگەبوون و لە تشرینی یەکەمی 1964 شاندێك گەیشتە بەغدا یادنامەیەکیان لە لایەن (مەلا مستەفا) بەناونیشانی ((مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد)) پێ بوو کە بەرواری 11ی تشرینی یەکەمی لەسەر بوو، کۆمەڵە نامەیەك لە بەینی (مەلا مستەفا) و





بەرپرساندا ئاڵوگۆڕکران بێ ئەوەی ئەنجامێکی لێبکەوێتەوە. پاشان کاروبار تا ئەو رادەیە پەرەیان= =ستاند کە حکوومەت کۆمەڵە پاساو و پاکانەیەك بۆ رێ و شوێنە سەرکوتکارییەکانی خۆی لە کتێبێکدا بێنێتەوە کە ناوی ناکتێبی شین یان (حکوومەتی نیشتیمانی و کێشەی باکوور) کە تێدا توانج لە یادنامەکەی بارزانی دەدا و دەڵێ: ((ئێمە پێشتر گوتمان کە ئەم پیاو شێت بووە و ئەقڵی خۆی لەدەست داوە. بەڵام لە واقیعدا ئەو لە تەواوی ئەقڵ و بیرکردنەوەی خۆی دایە و ئەم کارەی کە کردوویەتی تەنیا ئەوەیە کە بەکرێگراوە و دار دەستێکە کە ئاغاکانی لەو دیو سنورەوە بۆی دادەنێن. ئەو پێشەکیش نرخی ئەمەی لەماڵ و سامانی بەرباد و پێشەوایەتییەکی بێ ناوەڕۆکدا، وەرگرتووە چونکە داوای کردووە کە ناوچەی کوردستان لەسەر بنەمای سنوری جوگرافی کوردستانی عیراق دیاری بکرێ... ئەو ئەبورغالێکی نوێ و خاین و بێ باوەڕە... (لا 77)

شەڕ لە 3ی کانونی دووەمی 1966 دەستی پێکردەوە و وەزیری بەرگری (لیوا روکن عەبدول عەزیز عەقیلی) رایگەیاند ((ئەمڕۆ رۆژئاوا و رۆژهەڵات یارمەتی چەتەکان دەدەن بۆ ئەوەی ئیسرائیلێکی نوێ لە باکووری نیشتیمان دروست بکەن، هەروەکو کە لە ساڵی 1948دا هاوکاری یەکتریان کرد بۆ دروستکردنی ئیسرائیل)) و لە 7ی ئایاری 1966 پاش کارەساتی شەڕی (هەندرێن) رای شارستانی بەسەر رای سەربازیدا سەرکەوت و (عەبدول رەحمان بەزاز) سەرۆکی حکوومەت دەستی کرد بە ئەنجامدانی دان و سەندن لەگەڵ ((نیشتیمانپەروەری دڵسۆز مەلا مستەفا!) ئەودان و سەندنە کە بەرێککەوتنی حوزەیرانی 1966 و ئاگربەستی پتر لە دوو ساڵ کۆتایی هات تا جارێکی تر لە ئەیلولی 1968 شەڕ دەستی پێکردەوە تا دەگاتە رێککەوتنی 11ی ئازاری 1970. بەم شێوەیە دەبینین هەر جار کە شەڕ دەستی پێدەکردەوە هەر هەمان ئاواز و ئاهەنگیان بۆ هۆکارەکان لێدەدا و جیاوازییەکی تێدانەبوو. (ج. ف)

## قۆناغە مێژووییە گرنگەکانی ژیانی گەلی کورد

★ 2350 پ.ز: بۆ یەکەمین جار ناوی مەملەکەتی ((گوتیوم)) هاتووە. لوگال ئەنی-موندو پاشای شاری ((ئاگاب))ی سۆمەری لە تابلۆیەکی یادگاریدا کە لە ناخی شورەیەکدا دۆزراوەتەوە، ئاماژەی بۆ کردووە

★ 2264 پ.ز: یەکەمین غەزوی مەملەکەتی ((بابل)) کە ((گوتیوم)) پێی هاستاوە

★ 1600 پ.ز: ((کاشییەکان)) بابل داگیر دەکەن.

★ سەدەی سێزدەمی پ.ز: ئاشورییەکان بەسەر ((گوتی)) و ((کاشییەکان)) و (بابلییەکان)دا زاڵ دەبن.

★ 612 پ.ز: پاشا ((کەیخوسرەو))ی میدی پاشای مەملەکەتی ((گوتیوم)) لەگەڵ ((بابلییەکان))دا هاوپەیمانی دەبەستێ و ئیمپراتۆریەتی ئاشوری لە بەین دەبا.

★ 550 پ.ز: کورشی فارسی عەرشی ((ئیستیاگیس)) پاشای ((گوتیوم)) لە نێو دەبا و ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی کە پایتەختەکەی ((پروسوپولیس)) دەبێ، بوو بەجێگرەوەی میدییەکان.

★ 538 پ.ز: لەشکری سوارەی پاشا ((گوتی)) (ئوگوبار) یارمەتی (کورش) دەدات بۆ داگیرکردنی شاری بابل.

★ 486-465 پ.ز: ئەحشوپرش (زرکسیس) حوکمی

ئیمپراتۆریەتی دوانەی میدییەکان و
فارسەکان دەکا.

★ 331 پ.ز: (ئەسکەندەری مەکدونی) لە (ئەربیلا)
بەسەر (داریوش)ی سێیەمدا زاڵ دەبێ و
بەوە ئیمپراتۆریەتی ئەخمینییەکان لە نێودەبا.

★ سەدەی سێیەمی دوای زایین: کۆمەڵگای مەسیحییە
ڕێکخراوەکان لە کوردستان روو لە گەشەکردن دەکەن.

★ 640 ز: خەلیفە مسوڵمانەکان دەست دەکەن بە غەزوە عەرەبییەکانی خۆیان بۆ
سەر ئیمپراتۆریەتی فارسی لەگەڵ ئەویشدا بە کوردستانیشەوە.

★ سەدەی سێزەدەم: دەست پێکردنی یەکەمین غەزوی سەلجوقییەکان.

★ 1138-1193 ز: ژیانی سەلاحەدینی ئەیوبی.

★ 1210 — 1500 ز: پەلامار و شاڵاوەکانی تەتەر و مەغۆل.

★ 1514 ز: سوڵتان سەلیمی یەکەم (یاووز) شا (( ئیسماعیلی سەفەوی لەشەڕی
((چاڵدیران))دا تێکدەشکێنێ.
کوردەکان یارمەتی سوڵتان دەدەن. سوڵتان
دانی بە ئۆتۆنۆمی میرنشینە کوردەکاندا نابوو.

★ 1596 ز: میر ((شەرەفەدین)) کتێبێك لە بارەی میرنشینە کوردەکانەوە
دەنوسێ.

★ 1588-1638 ز: جەنگەکانی تورکی — فارسی.

★ 1650- 1706: ژیانی (ئەحمەدی خانی) نوسەری
(مەم و زین) کە داستانێکی شیعری کلاسیکی
کوردییە.

★ 1834-1839 ز: هەوڵدانەکانی حکومەتی عوسمانی بۆ

★ 1842-1847 ز: سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی، وەرگرتنی
باج و بەسەربازگرتنی خەڵکی لە هەرێمە



کوردییەکاندا کە خاوەنی نیمچە سەربە-
خۆیی بوون. شۆڕشەکانی کورد.

★ 1848 ز: میر ((بەدرخان))ی بتلیسی تەسلیم بە
فەریق عوسمان پاشا دەبێ.

★ 1881-1885 ز: شۆڕشی ((شێخ عوبیدوڵا))ی
شەمزینان.

★ 1908 ز: شۆڕشی تورکیای لاو. یەکەمین یانەی کوردی
و یەکەمین قوتابخانەی نەتەوەیی کورد لە ئەستەمبوڵ

★ 1914-1918 ز: سنوربەزاندنی سەر زەوییەنەکانی ئەرمەنی و
کوردی و کاولکردنیان. قەسابخانەکانی ئەرمەن
ڕاگواستنی بە کۆمەڵی کورد.

★ 1918-1922 ز: شێخ مەحمود بەرزنجی (حەفید) لە
سەردەمی ئینتدابی بەریتانیدا دەبێتە خاوەنی
حوکمێکی نیمچە سەربەخۆ لە سلێمانی.

★ 1920 ز: پەیماننامەی ((سیڤەر)) دان بە مافەکانی
گەلی کورد دەنێ بەسەربەخۆیی یان بە ئۆتۆنۆمی
بەڵام تورك ئیمزای ناکەن و وەکو مەرەکەبی سەر
کاغەز دەمێنێتەوە.

★ 1923 ز: پەیماننامەی ((لوزان)) کە لەگەڵ تورکدا
مۆر دەکرێ کێشەی کورد پشتگوێ دەخا. بەڵام
مافەکانی کەمینەی نەتەوایەتی دەستەبەر دەکا، و
پرسی دوا ڕۆژی موسڵ بۆ ((کۆمەڵی گەلان))
بەجێ دەهێڵێ.

★ 1925 ز: شێخ سەعیدی پیران سەرکردایەتی
شۆڕشێکی کوردی دەکا.

★ 1927 ز: (27ی تشرینی یەکەم) (خۆیبوون)
سەربەخۆیی کوردستان رادەگەیەنێ.

★ 1925-1938 ز: شۆڕشگەلێکی یەك بە دوای یەك لە
رۆژهەلاتی تورکیا. کورد لە ئاستێکی
بەکۆمەڵ و بەرفراواندا دەکوژرێن و رادەگوێزرێن.

★ 1931 ز: مەلا مستەفا بارزانی یەکەمین شۆڕشی خۆی
دەست پێدەکا.

★ 1943-1945 ز: شۆڕشی بارزانی لە عیراق.

★ 1946 ز: کۆماری کوردستان لە مهابادی ئیران،
بارزانی یەکێکە لە دیارترین سەرکردە سەربازییەکانی کۆمار.

★ 1947 ز: پەنا بردنی مستەفا بارزانی بۆ یەکێتی سۆڤێت.

★ 1958 ز: گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە یەکێتی سۆڤێتەوە
بۆ عیراق.

★ 1961 ز: (11ی ئەیلول) دەست پێکردنەوی جەنگی کورد
لە پێناوی ئۆتۆنۆمیدا.

★ 1963 ز: (8ی شوبات) رووخانی حوکمی (قاسم) لە عیراق
(بارزانی) پاڵپشتی رژێمی بەعس دەکا.

★ 1963 ز: (10ی حوزەیران) حوکمی بەعسی لە عیراق
هێرش دەباتە سەر کورد.

★ 1963 ز: (18 تشرینی دووەم) سوپا رژێمی بەعس
لە حوکم لادەدات.

**جرجيس فتح الله**

**بەیروت** 1972/10/16





ژەنەراڵ مستەفا بارزانی. قەلادزێ بەجێدەهێڵن و بەرەو بارەگایەکی نوێ دەچن



ژەنراڵ بارزانی بۆ پەیامنێر ( شمیدت ) دەدوێ





ئافرەتێکی ئاوارەی کورد خەریکی چنینی
ریستێکە کە لە خوری مەڕ و بزن تێکەڵە



منداڵانی کورد لە جل و بەرگی جێژندا،
بازاری قەڵادزێ



ئافرەتێکی ئاوارە لەشێوی گەڵی گەنم بە بەیا دەکا



عەباس مامەند ئاغا، یەکێک لە گەورە سەرکردەکانی بارزانی، ئەو دووربینێکی بەدەستەوەیە و لەبەردەم سەربازەکانی لەهۆزی (ئاکۆ) وەستاوە کە گەورەترین هۆزە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان





هێزەکانی بارزانی لە بێتواتە. چەکەکان لەلای چەپەوە هەڵگیراون. ماکینەی جل دروون بۆ جل و بەرگی سەربازی لە لای ڕاستەوە دەبینرێ. لای پێشەوەبریندارەکان دیارن و هەروەها تیمارگایەکی بچووکیش لەنێو کەلێنی بەردەکاندا هەیە.



لە هەندێ ناوچەدا شوێنی نیشتەجێبوونی کوردەکان تەنها بریتی بوو لە ئەشکەوتەکان، کە شۆڕشگێڕان بارەگاکانیان تیادا دانا بوو



خۆیان نانیان بۆخۆیان دروست دەکرد



لە کاتێکدا خێزانە ئاوارەکان گوندە بۆردومانکراوەکانیان جێدەهێڵن پەنا بۆ حەشارگە شاخاوییەکان دەبەن





شۆڕشگێڕێک لەسەر لێواری زێی ئاو لە کالیارێک دا دەخواتەوە.



منداڵێکی کورد یاری بە بێچووە بزنێک دەکات



بزن دۆشین لە چیا سەرکەشەکان، پڕتاکاوی کوردستانی عیراق



پەیامنێر (( شمیدت )) بە ناوچەیەکی بۆردومانکراودا پێدەپەڕێ





گوندی (سەرکەپکان) کە فڕۆکەکان بۆردوومانیان کردووە، لەوێ هێندێک منداڵی کورد دیاری خۆیان لە کامێرا پەنا دەدەن



دیلەکانی عیراق کە لە لایەن هێزەکانی بارزانییەوە بە دیل گیراون





شمیدت لەگەڵ (ئەحمەد توفیق)ی ڕێبەریدا لە ڕووبارێکی بچووک دەپەڕێتەوە.



دانەر و وەرگێڕەکەی (ئایۆ جومرد) لەگەڵ یەکێک لە سەرۆکەکانی سۆران قسە دەکەن.



دانەر و ئێسترەکەی بەبەردەوامی ڕێک نەدەکەوتن و ناوی ئێسترەکەی نابوو کیسەڵە بچکۆل.



مارگریت جورج، ئەو کچە کلدانییە کاسۆلیکییەی کە ڕۆژگارێك سەرکردایەتی پەلێك لە شۆڕشگێڕانی کوردی دەگرد. دانەر ئەم وێنەیەی لە سەربازێکی کورد دەست کەوتووە کە لە گیرفانیدا هەڵیگرتبوو.





لە چەپەوە: ئەحمەد تۆفیق، عیسا سوار



ئەحمەد تۆفیق لە سلێمانی وتار دەخوێنێتەوە





ئەحمەد تۆفیق